# رامان

١٩٠

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ ئاداری ٢٠١٣

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی / دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی رامان

## ● دەق


- دەقی سپی/ هاشم سەڕاج/ 3
- لێوڕێژ/ کەریم دەشتی/ 7
- دوو شیعر/ محەمەد کوردۆ/ 10
- کەن دەینداری مە، ئەم دەینداریێ گری نە/ وەلات دلکەن/ 11
- پاڕانەوەیەکی کوردی/ لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی/ 12
- کایە/ سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە/ 17
- بەرپێوار/ مقداد شاسواری/ 21
- بیرچوونەوەی چێژ/ جووتیار ئەحمەد/ 26
- گونەهکار/ ئەنوەر کاراهان/ 30
- سەید خان/ لە تورکییەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل/ 33


## ● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێکی هونەریی فراوان لەگەڵ هونەرمەند (نامیق عەلی قادر)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 45


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- بنیادی گێڕانەوە لەنێوان دەق و خوێنەردا/ عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا/ 65
- ئەدەبیاتی ئەمریکایی هاوچەرخ/ لە ئینگلیزییەوە: ئارام شێخ وەسانی/ 74


## ● هزر و فەلسەفە


- سورین ئابای کیرکیگارد، داهێنەری فەلسەفەی ئیگزیستێنتالیزم/ د. حەمید عەزیز/ 89
- ئۆگەست کۆنت «داهێنەر»ی سۆسیۆلۆژیا/ لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد/ 98


## ● مێژوو


- چەند وێستگەیەکی درەوشاوەی کورد لە مێژووی میسردا/ لە عەرەبییەوە: حەمەسالح فەرهادی/ 105


## ● زمانزانی


- بەریەککەوتنی زمانەکان، یان بەریەککەوتنی زمانەوانی؟/ پ.ی. سەلام ناوخۆش/ 114


## ● وتار


- زمانی شیرین و تەنزی تاڵ لە «پیاوێکی ڕیش خەنەیی»دا/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 120
- ئەدەبی بەراوردکاری (قەیران و قوتابخانەکانی)/ هیوا شارباژێری/ 123
- دەقئاوێزانی خودی لە شیعری مەحوی-دا/ هەژار فەقێ سلێمان/ 127
- بشێ قانعیش شاعیری دەربار بووبێ؟/ خەسرەو میهرزاد/ 131


## ● بیرەوەری


- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 137


## ● یاداشت


- بازەکەی جەنگیزخان/ لە ئینگلیزییەوە: د. فەیسەڵ عارەب بڵباس/ 143


## ● هونەر


- باسێک لەبارەی وێنە و نووسراوەی منداڵان/ سەید یاسین قورەیشی/ 145


## ● خوێندنەوەی کتێب


- لە ئاسۆی زامستانەوە/ ئەمین گەردیگلانی/ 148
- کازیوە بەسەر باڵی شنۆوە/ سەلاح نیساری/ 152


## ● نامە


- نامەی شێخ بابا عەلی بێدار بۆ مەلا ئەحمەدی دەککەیی/ کاروان عوسمان خەیات/ 155


## ● نرخاندن


- هەڵسەنگاندنێکی ڕاستگۆیانەی گۆڤاری ڕامان/ عەبدولکەریم شێخانی/ 159


## ● سووکە لەنگەر


- لاپەڕەی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامە/ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی/ 160

شیعری زیپ

# دەقی سپی

## هاشم سەڕاج



١
ڕەنگ
دەلالەتێکی
جێگیری نییە
تەنانەت
برۆنزی پێست
و
چاوە زەردەکانیشت

٢
درەختی شینی
بەر ماڵتان
هەڵووژەی سپی
دەدا
سێوی سووریش

٣
زەینم
بەجۆرێ
سپی دەچێتەوە
وێنەی خۆتی
تیا ببینە
٤
تا دێ دڵم
لاوازدەبێ
زەینم زەردباوە

٥
مرۆڤ
بۆ ئەوە خوڵقاوە
شووتی بخوا
و
شووت
لە کاڵەک بدا

٦
پیاڵەیەک چای
دەستی دایک
لە هەزار پێکی
مەیخانەکان
بەتامترە

٧
لە مەچکۆ پیاڵەیەک چا
دەخۆمەوە
لەبەر پێشانگای ئاسیا
پەرداخێ ئاو
لە بازاڕی زەڕنگەران
سڵاو لە دۆستێکم دەکەم
تازە جەڵتە لێی داوە
لەبەردەم
کوتاڵفرۆشی براکەمدا
دەوەستم
و
بیر لە سیمای
ئەو دوکاندارانە
دەکەمەوە
کە
نەماون

٨
ژیان
کراسی جوانیمان
لەبەر دەکا
کراسی بێ گیرفانی
مەرگیش

٩
برێ جار
ئەڤین
باوەشمان پیادەکا
زۆرجاریش
خەفەت

١٠
سەبرت لێگرتبام
لە گۆلاوی شیعرم
هەڵدەکێشای

١١
شیعر
حتووکەی زەین
دەدا
جوانی
حتووکەی دڵ
١٢
بوون
هیچ بنەمایەکی نییە
بۆیە مرۆڤ
لە بازنەیەکی بێماناد‌ا
دەخوولێتەوە
و
لەپڕێکا
دیارنامێنێ

١٣
جوانی
تێکستێکی سپییە
هەرگیز
ڕاڤە ناکرێ

١٤
بەهای جوانی
شێتییە
بەهای شیعریش

١٥
مرۆڤ
چەشنی درەخت
بەخاکدا
ڕۆدەچێ

١٦
لاییک
سپیترین
پێوەری
ڕق و ئەڤینە

١٧
ڕوانینی دواکەوتوو
لە دنیابینیدا
نیشتەجێیە

١٨
نووسین
هەڵەشەیی نییە
تێفکرینە
لە
واتا سپییەکانی
بوون

١٩
شیعر
گۆرانی وتنە
لە سۆزانیخانەکان
تێڕامانە
لە گۆڕستانەکان

٢٠
لە دەروونندا
ڕق و ئەڤینم
ئاشت کردەوە

لە شیعردا
هزر و وێنە

٢١
تەمەن
لە خووسکەوتنێک
زیاتر نییە
جوانیش

٢٢
ژیان
پیاسەیەکی سپییە
مەرگ
پیاسەیەکی ڕەش

٢٣
مرۆڤ
ئێستاش نازانێ
بۆچی دێ و بۆچی دەڕوا

٢٤
هەموو
دەسەڵاتەکان
ڕەشن
جوانیی لێ بترازێ
سپییە

٢٥
نەک هەر
شێوەتم
خۆش دەوێ
مەمکەوانە و پەنجەوانە
و
لیڤاکسە
کەسکەکەشت

٢٦
دەرگاکانی
ژیان
ئاوەڵایە
پەنجەرەکانی
مەرگ
داخراو

٢٧
مەرگ
میزەڵانێکی زەردی
تەقیوە
ژیان
گڵۆپێکی ڤیستێڵی
ئاڵ

٢٨
موزەخانە
ڤێزەونترین گۆڕستانی
کۆمەڵگایە

٢٩
مرۆڤ
پێویستە لەنێو بچێت
چونکە
بە دەست و زمان و کۆمی
ڕۆحی سروشت
پیس دەکا

٣٠
جوانی
دەقێکی سپییە
لەنێوان
دەسەڵاتی ڕاڤە
و
تێگەیشتندا
هەڵپەسێردراوە

٣١
جوانی هەموو جیهان
لەبازنەی کەمەری باریکتدا
دەدرەوشێتەوە

٣٢
ڕوخسارت
پڕە لە ڕیتم و ئاهەنگ
پاژنەی خڕیشت

٣٣
جیهان
لەبەر ڕۆشنایی جوانیتدا
سپی دەچێتەوە

٣٤
مۆبایل لەگیرفاندا
بکوژێتەوە
دەبێتە
بۆکس خەنجەر

٣٥
مرۆڤ
لەپێوەندیدایە
لەگەڵ هیچ
و
شتگەلەکان

٣٦
پێویستە
گوشاری
بچووکترین دەسەڵات
تێکبشکێنین

٣٧
وەرە
لە ئازادییەکدا
سەمابکەین
کە بارستاییەکە
لە هیچی سپی

٣٨
حەزدەکەم
بادەی دەمت
بنۆشم
شەربەتی نێوان
بەهێکانیشت

٣٩
مەرمەڕی گازەرای پشتت
لەوحی شیعرێکی
بێ ئیتیکە

٤٠
ئەوەی دەم و لووتی
لەتاقگەی قژتا
نوقم بێ
خۆی لەفیردەوسێکی ئیرۆتیکیدا
دەدۆزێتەوە

٤١
کۆشت پڕ لە
مێتو مورووە
مەمکەوانەت
لە دەرزیلە

٤٢
با
عەتری پۆشاکت
هەڵمژم
بەر لەوەی
مەرگ
باوەشمان پیا بکا
٤٣
فیشەکی ڕەنگاوڕەنگ
بە نوستالیژیا
وەنێ
تۆپی دەلالیش

٤٤
جوانی
لە ئێستادا
ئامادەیە
لە خەیاڵیش

٤٥
بەجەستەی بنێست
سەرسامم
بەچاوە زەردەکانیشت

٤٥
ئەڤین
ئاگرێکی شینە
ڕق
زەمهەریرێکی زەرد

٤٦
سێکس
بێدەنگترین شۆڕشی
جەستەیە
هزر
بەژاوەژاوترین

٤٧
بەهار
لە ماڵی پاییزدا
نیشتەجێیە
زستان لە ماڵی هاوین

٤٨
زەینی ئازادی شیعر
ناسنامەی زمان
تێکدەشکێنێ
شوناسی
مەرگیش

٤٩
ڕەنگە
جوانی
لە ڕێگەی عیشقەوە
بپەرستێ

٥٠
هێزی جوانی
بێدەنگی ناوەوەم
دەپارێزێ
کەمە
زەینییەکانیشم

# لێوڕێژ

کەریم دەشتی

١
ئەگەر ڕۆژێ هەموو دەنگەکانی فەزا کۆکرێنەوە
هەموو درۆکانی مێژوو ئاشکرا دەبێ

٢
بەهار باوەڕی بە مۆدێل نییە
هەموو ساڵێ بە جلەکەی جارانی دێتەوە

٣
دنیا چەند سارد بێ
شەوبۆ بۆنی خۆشتر دەبێ

٤
لافاو گوناهی نییە
کارەساتی هەور دەگێڕێتەوە

٥
شیعری گەورە خەونی بچووک دەگێڕێتەوە
شیعری بچووک خەونی گەورە دەنووسێتەوە

٦
ئاو جیاوازە لە لافاو

٧
جوانی لە ناو دەریا ون دەبێ
لە بیاباندا ون دەبێ
جوانی تەنها لە ناو دڵدا بە دیار دەکەوێ

٨
بە ناو کتێبەکاندا بگەڕێ
ئەگەر دەتەوێ ژیان
بە میلیشیای وەڕەسی نەتکوژێ

٩
هەموو ئەوانەی بانگ و هاواریانە



پێویستیان بە ئەوانی ترە

١٠

بەرز بوونەوە ئاسانە
بەڵام دەبێ شارەزای خوێندنەوەی نزماییەکان بیت

١١

لە مناڵ فێر بە
ژیانی خۆش چەند سادەیە

١٢

هەرگیز لە مردن ناگەڕێمەوە
تا ئێستای خۆم
بۆ نەمریی دوا ڕۆژ بگێڕمەوە

١٣

بۆ ئەوە دەنووسم لە ماهییەتی تۆ بگەم
تۆش بۆ ئەوە دەمخوێنیتەوە
لە ماهییەتی من بگەی

١٤

هەموومان لە ناو یەک تونێلاین
بەڵام تونێل لە ناو هەمووماندایە

١٥

بزانە با چەند گەورەیە
بەڵام قەت ناڵێ شاعیرم

١٦

زوو زوو غەمگین دەبین
بەڵام درەنگ دڵخۆش

١٧

مانگ نەمینێ ناتوانم شیعر بنووسم
شیعر شوێنی حەقیقەتی تیا نابێتەوە

١٨

دوێنێ ئازادیم بە خاک سپارد و
جاویدانیم بە ساتێکی کورت گۆڕییەوە

١٩

هەموو کتێبەکانم داگیرساند
چەند دێڕێک بە قەڵەمی شەونم

سەربردەی گیایان دەنووسییەوە

٢٠

گۆزەی دڵم کەوتە بەر تیری فیراق
شەوبۆی ئەوینم
شەوی پڕ نووری خوا کردووە

٢١

کە تۆ با بیت
ئایینی من تەنها لە بەر با وەستانە
کە تۆ گیا بیت
قەدەری من شەڕی لەشکری پاییزە

٢٢

کە تۆ هەمیشە بەفر بیت
دەبێ بۆ ئەبەد کتێبی توانەوە بخوێنمەوە

٢٣

خۆر هەڵدێ تۆ ئاوا دەبیت
تۆ ئاوا دەبیت خۆر هەڵدێ
من دیلی ئەو ئەبەدییەم

٢٤

ئۆف ئۆف شەو چەند درێژە
ئارام چەند کورت

٢٥

پێکەوە بۆ فەنا ڕادەکەین
من بۆ تۆ ،تۆش بۆ من

٢٦

لە ڕژانی ئاو سادەتر دەنووسم
لە منداڵ سادەتر قسە دەکەم

٢٧

تۆ لە هەموو شوێنێ ئامادەی
لە هەموو شوێنێکیش ونی

٢٨

هەموو دەنگەکان تۆی
ئەی تاقانە دەنگی من
هەموو ڕەنگەکان تۆی
ئەی تاقانە ڕەنگی من

٢٩

مـن ناوی تۆم بە قـەڵـەمی با نووسـیوە
هـەواڵی تۆم لـە تەتەری خوا پرسـیوە

٣٠

سـپێدان هـەتاوت بۆ ڕادەخـەم
شـەوانەیش تریفـەی مـانگ

٣١

هـەموو شـتـەكان بۆنی تۆم بۆ دێنن
بەڵام ئاخ تخووبی ڕۆح دەبەزێنن
دوور دوور تا خوێنم

٣٢

دەرگایەكی زۆرم شـكاند
كۆتێكی زۆرم پچڕاند
كتێبێكی زۆرم خوێندەوە
شـارانێكی زۆرم بینی
چیاكانم بڕی
دەریاكانم تەی كرد
بەڵام هـەرگیز نەمتوانی خۆم
لـە ئەوینت ڕزگار بكەم

٣٣

مـن بۆ لای هـەمـوو شـتـەكان دەچم
هـەر بە تەنها یەكـ شـت هـەیە
كە ناتوانم بۆ لای بچم
ئەو دێ بۆ لام
مێژووی مـن دەسـڕێتەوە

٣٤

تەوقـەم لـە گەڵ كێڵگەیەكـ كرد
كتێبی بارانی دامێ

٣٥

ئێمە هـەمیشـە لەتەكـ یەكین
بەڵام دوور دوور زۆر دوور لـە یەكـ

٣٦

دەرئەنجام مۆبایلـەكەم دەبێتە گەورەترین گۆڕسـتان
چونكە هـەموو ئەوانەی خۆشـم دەوێن
ناویان هـەیە و هـەمووی لەوێن

# دوو شیعر

محەمەد کوردۆ
(سلێمانی)



(١)

تۆ جگەرە و شەرابم بە..!

مـن دەمـەوێ
تۆ هـەمـوو شـتـێکی مـن بی..
وەرە گـیانـە
تۆ یاری شـۆخ و شـیرین و
نایابم بە..
تۆ هـەناسـە و
تین و تاسـە و
بـەختەوەری و عـەزابم بە..
تۆ دڵـخۆشـی و
دڵـشـکان و
خاک و ئاو و سـەرابم بە..
تۆ گۆرانی و
لاواندنەوە و
تار و عوود و ڕوبابم بە..
مـن دەبمـەوە
بە قوتابی پۆلی یەکی سـەرەتایی
تۆ هـەم دارا و
هـەم دوو دار و
هـەم مێوژی زۆرابم بە..
ئا.. بە ڕاسـت با بیرم نەچێ
خۆت دەزانی
مـن نە جگەرە دەکێشـم
نە شـەرابیش دەخۆمـەوە
دەڵێن عـومرت بە با دەچێ
نەک ڕاسـت بکەن
تۆ جگەرە و شـەرابم بە..!

(٢)

مـن هـەر کوردۆکەی جارانم
پڕ بە گەرووم بانگت دەکەم
هۆ شـای جوانان، لاکەرەوە
کێڵگەی وشـکی دڵ ببینە و
وەک لێزمەی بارانی بەهار
بەسـەر سـەرما داکەرەوە..!
ئێسـتا ماڵی چۆڵی خۆم و
ماڵی ساردی خەونەکانم
یەک لە یەکدی تەنیاترن
هـەردووکیان ئاواکەرەوە..!
ژیان بێ سـەما مردنە،
ماوەیەکە
سـەما لە دڵما نەماوە
وەرە ببەوە بە زۆربا و
دڵم پڕ سـەما کەرەوە..!
گیانی گیانم
مـن هـەر کوردۆکەی جارانم
باوەشێکم پیا کەرەوە..!
ئینجا بڕۆ
تەورێک بێنە
بێ ڕەحمانە بیوەشێنە
بەڵام گیانە
لە جیاتی جیابوونەوەی خۆت
بە تەورەکەت
خەم لە دڵم جیاکەرەوە..!!

# کەن دەینداریێ مە، ئەم دەینداریێ گری نە

**وەلات دلکەن**
**(سەمسوور)**

" باڤێ من، هەردەم بارێن مە یێن ب گری
ب هێڤیا بارێن کەنانینێ دبرن وەلاتێ وی ئالی،
لێ سیا ڤەگەڕێ یا نەقەبا گوندێ مە،
دکەت شوونا بارێن کەنی یێن نەهاتنێ "

د ناڤکا شەڤێن قاچاغچییان دە،
هەسپێن وان یێن کومێت د بن بارێن گری دە،
لنگێن خوە یێن چاهل، دکرن چیقەچیق ل تاحتێن دلێ
مە

د سنۆرێ سەرخەتێ و بنخەتێ دە، پاسپۆرتێن خوە
چاڤێن بەلەک کو ل سەر بەدەنا شەڤێ هێسر خێز
دکرن
و ناڤنیشان چیایێن بێکەنن

د بن لاتێن تارییێ دە وان ئەڤینێن نەژیایی
د هەمبێزا هێڤیێن ڤەگەڕێ دە دکرن خەوێ

پشتا تازی، دلێن وەستیایی و خەوا غومامی درێژ پال
ددان
د ناڤ گومانێن کەمینان دە

دلێن خوە ئار بوون و چیرۆک دکەلاندن
ل سەر بزۆتێن ئەڤینێن کو دەڤ ژ پێسیرێن گری
بەرنەددان
و قەراچێن نەناس دەیندار دهشتن ژ چەمێن چاڤان رە

کەن غەریب دما د هەر داویا دووکەلا جغارەیێ دە
و ژ دەستپێکا شداندنا ڕێکوتانەکە دن رە...



**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆشعرا (کەن دەینداریێ مە، ئەم دەینداریێ گری نە) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەم ل سالا (٢٠٠٦) ل ستەنبۆلێ و ژ ئالیێ دەزگەها (بەلکی) ڤە هاتبوو وەشاندن. هەژی گۆتنێ یە کو وەلات دلکەن ل سالا (١٩٧٠) ل گوندێ دۆلێ سەر ب باژارێ سەمسوورێ ڤە ژدایکبوویە و بەردەوام بەرهەمێن خوە د کۆڤار و ڕۆژنامەیان دە بەلاڤ دکەت.**

**(ڕامان)**

# پاڕانەوەیەکی کوردی

**پاچڤە و پێشەکی: جەلال زەنگابادی**

ئەی یەزدان!
یەزدانۆ!
وا بۆ لای تۆ هاتووین
ئێمە قوربانییەکانی تۆین
کفنە سپییەکانمان خەڵتانی خوێنن
وا ئێمە
هاتووینە
هەلا هەلا و هەپرووین هەپروون
دە بەزەییت بە کوردی ڕۆڵەکانی خۆتا بێتەوە
ئەی خوای خوناڤ و پەپوولەکان
بەزەییت پێمانا بێتەوە
ئەی خوای ئەم کانیلەیانە و
درەختە تەنهایانە
ئەی خوای ئەم مەلە دڵنیایانە و
سەگلاوی چیایی و
ئەم مامزانە و
ئەو کیسەڵانە لەو ئەشکەوتانە
ئەم دەشتە لانەوازانە
ئەو قەڵاتە – ئاسمانە
ئەی یەزدان
بەزەییت بەم کۆسارانە بێت
بە زارۆکەکانمان
کە لە نێو شیوەکانی کۆسارانا
گاگۆڵکێ دەکەن
بە کۆڤانەکانمان
گاڤا شبتی گاکەڤر مۆڕدەبنەوە
گاڤا شبتی حەسارۆست خۆیان ڤیرسیچمەی دەکەن
بەزەییت پێیانا بێتەوە
نامانەوێ کەساس بن
ئەی یەزدان
بەزەییت بە خەونەکانمانا بێت
ئەوەتانێ
بەناوی تۆ دەکوژرێین
بەناوی تۆ سەردەبڕێین
بەناوی تۆ غەدر لێ دەکرێین



بەناوی تۆ
بەناوی تۆ
پیرۆزیی هەر بۆ تۆیە
بەناوی تۆ
بەسەر ئاودا تا تخووبی دۆزەخ ڕێ دەکەین!
بەناوی تۆ
بۆ نیشتمانی گیان دەڕۆین
بۆ سەرزەمینی خۆمان دەچین
کە لە ئاسمانە!

**ئەڵمانیا**
**شوباتی ٢٠٠٤**
**جەژنی غەمگینی قوربان**

---

*** إبتهال كُردي**

## لۆرینی میر

ئەز میری خەون و
سەرسامیم
لەژێر پێڵووەکانما
تەڤ مۆمەیلی ئاو سووتان
ئازارەکانم لە پەڕاوەیلی (با) دا دەنووسم
لۆرێنێک بۆ جەستەی بنێس و
ئێسکە توورتەکانم دەنووسم.

ئەز میری خەونم
بە ئاو لۆرێنێن ئاو دەنووسم
سەرسامیش ترۆ دەکەم...!

**بەغدا ١٩٧٥**

---

*** مرثيّة الأمير**

## لۆرینی عاشق

ئاخۆ
من عاشقم
یان میر
ئاخۆ
باڵی پەپوولە بالیفمە
یان زەوی دەمسووڕێنێتەوە؟
هەر سەدەیەک دەگوزەرێ
بە چاونووقانێ
دەشتانیش لە لەپمەوە دەفڕن
وای لە ترسم لە نەفسم
کە پەنای بۆ دەبەم!

**بەغدا ١٩٧٥**

---

*** مرثيّة العاشق**

## لۆرینی نهێنییەکان

کە هەڤڕا
لە ژوورێکی داخراوا گیرساینەوە
نهێنییەکانی خستە سەر سینگم و
منەی ئاگری دەکرد لە کەڤرا...!
*
ئاخۆ گۆڕستان
گۆڕهەڵکەنی شەکەتی بەیاد دێنێتەوە؟!
ئەمانە پێنگاڤەکانمن زەمین دەیانسڕێتەوە
ئا دەی ئاگرەکەم بدۆزەوە
*
ئایا نهێنییەکان
لە دیلییا بۆ (با) ڕەها بکەم
تا وازی بکا؟
ببمە گۆڕی ئاگرەکەم
بە گۆڕێکی جوان
پاشان
حیکایەتەکە بگێڕینەوە:
لە سپێدەیەکی تەڕا
گۆڕێک ژ مەرمەڕ لەنێوی گولیلکان
ئافرەتێکی ئەڤیندار لەکنی دانیشت و
پاسارییەکان هەموو
بە سەریا دەیاخجریوان
*
پەلە مەکە
لاشەکەم دەبینم
کرم دەیخوا
ئافرەتەکەشم هۆزانەکانم دەسووتێنێ!
*
نابمە گۆڕی ئاگرەکەم
وەلێ نهێنییەکانم ڕەها دەکەم

**بەغدا ١٩٧٦**

---

*** مرثية الأسرار**

## لۆرینی چامەکان

بە چامەکان لە شەڕی ئەم وڵاتە خۆم دەپارێزم

ئاری پەنادەبەمە چایخانە خراپەکان ،
باغچەکان کاتی نیوەڕوان ،
شەقامە پڕ لە ئافرەتان و بریقوباقی مەغازەکان
(جگە لەم شووشەیە هیچم نییە).
بۆ کۆلانەکان ، بۆ سینەماکان پەنادەبەم
بۆ هەڤپەیڤینی ژنان
دەربارەی هێلکە و گۆشت و عیشقی ڕیسواکەر
پەنادەبەم
بۆ هەڤپەیڤین دەربارەی هۆزان و
دەسبەسەراگرتنەکانی دوێنێ
پەنادەبەم، پەنادەبەم ، پەنادەبەم و
بۆ مالّی خۆم پەنادەبەم و بە خامۆشی دادەسەکرێم

**بغداد ١٩٧٧**

---

* مرثية القصائد

**لەهی**

ئایا دەتوانێ دەس بخشێنێتە هەورانا؟
ئایا پەنجە بنێسەکانی دەتوانن بەژەیلی ئاسمان ڕۆشن بکەنەوە؟
ئەی دەریا سەوزەکانی ناخە قوولەکانی!
ئەی هەتاوان!
ئەی ئەشکەوتەکانی تاریکیی تەڕ!
ئەی جەنگەلّی زارۆکێتیی سێبەردار!
ئەوەتانێ بەرانبەری شەو ڕاوەستاوە
سینگی والاکردووە
بۆ ئەو ئەستێرانەی ئاسمان تەنگی پێیان هەلّچنیوە!
کێ دەتوانێ ناوتان بنێ
ئەی ئەو شتانەی بە ناونان قایل نابن؟!
ئاسمانێن بە شوورەبێن کۆتایی
دەریاگەلێک لە گوێلە چکۆلەکەین
ئەی هاوڕێی ڕاکشاوم لە نزیکی پەنجەرەی شەو
پێکەنە
ئەوەتا بەفر لە باخچەی بەرانبەرمان دەبارێ!
تۆش
ئەی ئەو ئافرەتەی کە بۆ خودی خۆت دەگەڕێ
مەترسێ
چکو ئەم شەوگارە لە سەربازێن شاستانی منە .

ئەی زارۆکێتیی کۆست کەوتووم
ئەڕا دێیتەوە هویرم
گاڤا ئەم چامەیە دەسرووودم؟!
سا

ئەی بارانی شێتیی بەخوڕ ببارێ!
چکو ئەم زەمینە بەرینەیە پڕی بەندیخانە ، گرتووخانەی
نهێنی ، بوتلّی کۆم ، ناخوونهەلّکێش ،
نوێلّانی ئەشکەنجە ، بۆمبی نیۆترینی ، پۆلە کەشتی و
مانگی سیخوڕییە...!
دە ببارێ بارانۆ!
لە بێشەلانانێکی دوورەوە گرمەی دەهۆلانی زەنگیان دێ
تۆش ئەی کچی نالّە..گیانۆ!
چ گریانێکی نەوی دیوارەیلی شەوگاری ڕاژەنی؟!
ئەی نالّەی سەختی لە کەمانێکی غەمگین دەرچوو
ئەی حەنین
ئەم زارۆکە پیرە بۆ کام خەون دەگەڕێ؟!
ئا لەورە گۆڕستانێکی زارۆکان
لە قەدپالّی چیایەکی کوردستانە
لەورە سەربازێک لە ڕەبییەدا باوێشک دەدا!
لەورە پێشمەرگەیەک بە شەو و گابەردێکی زەق خۆی دەپۆشێ
تۆش ئەی گۆشەگیری نێو لۆچەیلی دێڕەکان
گوشاری پەنجەکانت لەسەر ناوقەدی گوڵ سووک بکەوە!

لەم چامەیە خوڕەی خوێن دێ
ئاه کلێسەکانی جیهان
زەنگە شکۆدارەکانت لێدە و
قوداسی تەرماویت بژنێ
ئەنگۆش ئەی هەژاران
عەرشەیل ڕاژەنن
چکو مرۆڤێکی برسی لەم ساتۆکەیە گیان دەدا!

ئەی ئەو باهۆزەی
کە درەخت هەلّدەکێشی و فەریکە دەکوژی
ئەی ئەو شەپۆلانە
کە قاییغەکان بە چلێسی قووت دەدەن
ئەی ئەو گڕکانانە
کە بە سووکێتییەکی کینەدار شارەیل دەنێژن
ئەی ئەو ڕووناکییە دوورانە
کە گەرمی دەبەخشنە ڕێبوار
ئەی ئەو بیابانە چۆلانە
کە پێش ترسناکیی خوە سەمادەکەن
ئەی ئەو ڕۆژانە
کە چێژیان لەدەسداوە
ئەی ئەو شەوگارە
کە قووڵاییە نێژراوەکانی کشانەوە
ئەی ئەو دەریایانە

که نەخشەکان زیندانیان کردووە
ئەی ئەو گەنجینە نێژراوانە
کە نهێنییەکانیان هەتک کراون
ئەی ئەو ئاگرەی
کە ناو زڕاو بووە
ئەی ئەو ئاوەی
کە سازگاریی فەرامۆش بووە
ئەی ئەو سێبەرەی کە ئاوڕی لێنادەینەوە
هۆ هەموو شتە فەرامۆش کراوەکان
گەرچی تەنیا و ترساوم
سڵاوتان لێدەکەم و
میناک لۆرینتان بۆم
ئەم ورێنەیەم دەنووسمەوە!

**دانیسک – ئۆکرانیا**
**١٩٨١/١/١٦**

---

* **فیض**

**گەشمردە**

لەورە بووم...
کە گوڵ دەپلۆژاو درەختەیل غەمگین بوون..
لەورە بووم ..
گاڤا بە خامۆشییەکی سارد
لە ڕێڕەوێکی تاریکی درێژ درایەبەر..
گاڤا جگە لە خشپەی هەنگاوە قورسەکان
چیترم نەدەبیست
لەورە بووم
گاڤا بە کۆڤانێکی سارد
تەقوتۆقی کلیلەکانم لە دوورەوە دەبیست..
لەوێ بووم گاڤا تەنیا..تەنیا ئەز
تەقەی گولە کوشندەکەم بیست!

**١٩٨٢/١٢/٢٢ مۆسکۆ**

---

* **الشهید**

**ئەستێرەی جەستە**

جەستەیەک
بە ئەستێران گرانبارە...
جەنگەڵێکی وەنەوزی لەزەتدارە
مووچڕکەیەکی پچڕاوە

ئاخۆ
دەمە برووسکەی درەوشاوە

تۆش...
بە بەزینی هەوران؟

**بەغدا ١٩٧٧**

---

* **نجمة الجسد**

**درەختی ترس**

ئاژاوە و
کۆڤانێن ڕێچکە چۆڵەکانمان هەڵگرتووە
خامۆشیمان بە خامۆشی نەوازشت دەکەین
ئەی سەرزەمینی وڵاتەکەم و
شێنەیی درەخت
ئەوەتانێ
مەل لە ئاسمانی یادگەدا دەگری
ئاخۆ کێ بێ
کە هەندێ خۆشیمان
بداتێ؟
ئاخۆ کێ بێ
کە چەند ساڵێکی نیامان
پێ ببەخشێ؟

**بەغدا ١٩٧٦**

---

* **شجرة الخوف**

**ناپاکیی**

ڕۆژێکیان
بێشەڵان بە (با) ی وت :
– (وەرە ناوم بە هێمنی بنوو
بە گەڵای وەریوم بەزەییت بێت!)
کەچی (با) ناپاکیی کرد
پاشان
گەمەی (با) و بێشەڵان
بووە گومان.
ئەی ڕیشە
لەم شێتییە دانامرکێیتەوە؟!

**بەغدا ١٩٧٧**

---

* **خیانة**

**پەراوێزێک**

ئەی دەریاڕەوی کۆڤان
ئا ئەمەیە
ئاڵاو شاسواران

هەندێکیان کەوتن و
هەندێکیان
خامۆشییان لەباوش کرد
کەس نەما
جگە لە هەژاران و
خوێنی تەڕ و زیندانڤان!!

**بەغدا ١٩٧٣**

——

* **هامش**

**بۆ وی**

هەمرە
مینا کۆڤانی هەژاران دێی ،
هەمرە
مینا کۆڤانی هەژاران دەڕۆی
چونکە هەژاران
نیشتمانێکن
بێ ئاسمان
هەمرە
دەبیتە ئاسمان!

**بەغدا ١٩٧٥**

——

* **لها**

**زیندانەیل**

زیندانی ژمارە(١)
لە هەیوانەکەن...
جیڕەی دەرگایەکی کۆنی زیندانێک دێ...
خشەی هەنگاوانێک دوور دەکەونەوە
دەنگی تەقە دێ...
لەکن دوامین دیوار
لاشەیەک دەکەفێ
عیراق دەکوژن!
زیندانی ژمارە (٢)
لاشەیەک
خوێنەکەی زەمینی داپۆشیوە
ڕووبارێکی ڕۆناهی لە کەلێنێکەوە
بەرەو زەمینێکی دوور ڕەوانرۆیە...
ئەی زێدی زیندانان
ئەی جەنگەڵی مۆتەکەکان
ئەی دواهەناسەی گیان
ئەی.......ئەی عیراق
زیندانی ژمارە (٣)
پیاوێکی چاوبەسراو
پیاوێک بە کورسییەکەوە بەسراو
کورسییەک لە هۆڵێکا فڕێدراو
هۆڵێک لە ئەوپەڕی ساختمانێک
ساختمانێک لە زەمینێکی چۆڵی ترسناک
کە دڕندەیەک
لەورە تەراتێن دەکا
دەرگای شەو واز دەکا
دوو پۆلیس دێنەدەرێ
بەرەو ساختمانەکە
لە زەمینە ترسناکەکە
دەڕۆن
دەچنە نێو هۆڵەکەوە ،
بەرەو کورسییەکە
ئەو کورسییەی
پیاوە بەسراوەکەی لە کۆش گرتووە
جا چ خەونەیلێک
ئەندێشەی ئەو چاوبەسراوەی پژگاڵ کردووە؟!
زیندانی ژمارە (١٠٠٠٠٠٠)
پیاوێ لە باخچەیەکە
پیاوێک
باخچەکە گەمارۆی داوە
دەستی گەمارۆی گوڵێکی داوە
دڕکێک گەمارۆی دەستی داوە
بە گۆشت گەمارۆی دڕکی داوە
لەناکاوا
چاوەیلی هاویشت بەرەو مەودا
کەواتە ئاسمان گەمارۆی داوە!
پیاوێک لە باخچەیەکا
نهۆ لەنێو گوڵێکا
منەی ڕێگای خۆی دەکا...

**بەیرووت ١٩٧٩**

——

* **زنزانات**

*** (مەینەتی زەرادەشت و چامەگەلێکی تر/ ٥٧ چامەی هەڵبژێردراوە) پاچڤە و پێشەکی : جەلال زەنگابادی)**



# کایە

سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە
(بۆکان)

ژنەکە لەبەر پەنجەرە وەستاوە؛ دەبینێ لە دەرەوە با سەرشێتانە هەڵیکردووە و گەڵا وەریوەکان و کاغەزە کۆنەکان تێکەوە دەپێچێ.

چەند تاڵ لە قژی کەوتووەتە سەر هەنیەی و ئاڵۆزاون. لە دەوری قامکێکی دەئاڵێنێ و دەینێرێتەوە ژێر قژگیرەکەی.

لەوسەر حەوشە گەورەکەوە با دەست دەداتە بن باڵی کاغەز و گەڵا و پووش و لە زەوی بەرزیان دەکاتەوە. باوەخولێیان پێدەکا؛ دەیانبا بۆ ئەوسەری حەوشە، ڕاست بە دیوارەکەدا هەڵیاندەگەڕێنێ. دواتر لەبن دیوارە ڕەق و سیمانییەکە گێژیان دەدا و لە ئاکامدا بێ هۆ، تاڵ و سەرسوڕهێنەر، بەجێیاندەهێڵێ و فەرامۆشیان دەکا.

هەموو ئەوانە بەچاو دەبینێ و لەبیریدا جێگایان بۆ دەکاتەوە. چاوە ڕەشەکانی دەلیلی ئەم خول و گەڕیانەی دەرەوەن. نمێکی خەست ڕەشاییە توندەکەی کەمێک زوڵاڵتر کردەوە. وەسەر خۆی ناهێنێ. بە لەز دەیانگوێزێتەوە بۆ ئاسمان. لەگەڵ ئەوەدا بەم کارە، لاپەڕەیەکی سپی لەبن ڕەشاییدا باوەش دەکاتەوە. ئەویش وردە وردە تێکەڵی تەڕایی بوو. ئەم تەنیا ساتە هەموو بیرەکانیتر لە مێشکی دەسڕێتەوە. وەک گۆزەیەکی لێدێ سەراونخوون کرابێت. نزگەرە دەیگرێ. گۆنای سوور هەڵدەگەڕێ. ئارام و لەسەرەخۆ پەنجەرە پێوە دەدا. زۆر لەسەرەخۆتر ئاوڕ دەداتەوە. تیشکی چاوەکانی بە تیژی کەشەکە دەبڕێ. شتێکی سەیر لەناو دڵی ڕمبە دەکا... چاوەکانی دادەخرێن. بە ئاخ و حەسرەتێکی زۆرەوە، وەک ئەوەی کارەساتێکی گەورە قەومابێ؛ بە ئاستەم لەژێر لێوەوە دەڵێ: هەورەکان ئیتر پەمەیی نین.

گەردەلوولێک لە بەفر و پەمە لەدەوری دەست دەکا بە خولانەوە و بە باڵایدا هەڵدەگەڕێ و دەموچاوی دەئاخنێ. حەز دەکا کەسێک جوابی بداتەوە، بەڵام..

ئیستێک دەگرێ، کەچی تەنیا بێدەنگی بۆش و هولۆڵی ماڵەکەیە، دەوروبەری ئەوی بێ ڕەحمانە، کیپ ئاخنیوە. دەگەڕێتەوە جێگا قامکەکانی لەسەر شووشەی پەنجەرەکە تەماشا دەکا. دیسان تاڵێکی قژی هەڵوەدا بووە. دەخولێتەوە و جار جار خۆیەک دەکێشێ بەسەر مژۆڵەکاندا.

تاریکی خەریکە لە دەرەوە قەترانی دەبێ، ئیتر بە باشی ڕەشایی چاوەکانی نابیندرێ، ئەمە کەشوهەوای دڵگیری ماڵەکە سەد هێندەی تر دڵگیر دەکا. دڵی دەگیرێ. دەبینێ، تەم دیسان جێی قامکەکانی سەر شووشەکە هەڵماوی دەکا. ترسێک لەپڕ دڵی دەگوشێ. "حەتمەن ئیستا هەورەکان، تەمێکی خەست و ڕەش دایپۆشیون."

ڕەگێکی بن چاوی ڕاستی دەپەڕێ. دەپەشۆکێ و بە دەنگی بەرز دەڵێ: نەکا ماڵەکەم پڕ بێ لە تەم.

دەست دەبا بۆ لای چاوی. هەست دەکا چاوی داگرتووە، گەرچی دەزانێ کەس لە ماڵێ نییە، شەرم دەیگرێ. قژە زۆر و پڕەکەی بە یەکجاری لە داوی قژگیرەکە ڕەها دەبێ و بە تەواوی دەموچاوی دادەپۆشێ. ئەوە دەروونی نەختێک ئەهوەن دەکاتەوە. زۆری پێ ناچێ، لەپڕ، سەرما دەخزێتە بن پێستییەوە. دوایی هەموو ڕەگەکانی داگیردەکا. تەمێکی سوور هێرش دەکاتە سەر گۆناکانی. کۆترێک لە جێگایەکی نادیارەوە لە شەقەی باڵ دەدا و سێبەری باڵەکانی دەکەوێتە سەر فەرشەکە. نیگا دەباتە پێشتر و دەیداتە دەست با و ڕەشایی دەرەوە. دیمەنی تێکەڵ بە تاریکی دەرەوە، ئەوەندەی تر شپرزەی دەکا. بە پەلە خۆی دەکێشێتە دواوە. لەسەر کورسییەکی کۆن ڕۆ دەنیشێ. سەری لەنێو دەستەکانی دەشارێتەوە. بەردەوام ئاخ هەڵدەکێشێ. هەرجار قووڵتر لە جاریتر... "ئاخ سەر لقی دارەکان...."

قسەکەی ناتەواو دەمێنێتەوە. دەست دەکا بە گریانێکی بەکوڵ. سێبەری سەری کەوتۆتە نێو بازنەیەکی تەماوییەوە. تاڵ تاڵ قژەکانی دەوەرێن و بازنەی دەوری سەری دەکەوێتە خولانەوە. قژەکان دەچنە نێو بازنەکەوە. بازنە دەور هەڵدەگرێ. جار بەجار زیاتر دەخولێتەوە. گەڵاکان و کاغەزە کۆنەکان بەشێکن لە جیهانی ناو بازنە سەیروسەمەرەکە.

لەپڕ هەموو شتێک ئەهوەن دەبێتەوە. بێدەنگییەکی ترسێنەر باڵ بەسەر هەموو شتێکدا دەکێشێ. وردە وردە شتێکی نادیار دەڕەوێتەوە و کەشوهەوای دەوروبەر شەپۆل دەدا. گوێمان لە سەمفۆنیایەکی بە سۆز دەبێ. تاڵە قژەکان لە بازنەکە دێنەدەر و بە لەنجە و لار، ئارام و لەسەرەخۆ لەسەر شتومەکی ماڵەکە دەنیشنەوە. بای تووڕە لە دەرێ بەردەوامە. بە هەموو هێزوقەوەتی پەنجەرەکە پێکدا دەدا. ژنەک پرچەکەی نێو چاوانی لادا. شووشەی پەنجەرە خرمە دەکا و دیمەنەکەی لەنێو چاوی ژنە دووپات و چەند پات دەبێتەوە. تاڵەکان بەسەر سێبەری کۆترەکەدا تێپەڕ دەبن. لەسەندەڵییەکەش هەروەها... نزیک پەنجەرە ڕادەوەستن... دەرەوە هەڵیاندەلووشێ.

ئێوارە ڕژاوەتە کۆڵانەکەوە... پیاوەکە هەر لە سەرەتای کۆڵانەکەوە، بێ ئەوەی بۆ خۆی بیەوێ، دڵی کەوتە لێدان؛ لەپێ دەستەکانی عارەقەی کرد. هەڵمێکی خەست سەرتاسەری کۆڵانی داپۆشیبوو. هەستی کرد هاڵاوی گەرما لە هەموو درزەکانی لەشیەوە دێتەدەرێ. ئەم شتانە بۆ ئەو ئاسایی بوون. ساڵەها بوو ئاوای بەسەردەهات، کەچی دیسان دەپەشۆکا و یاو ئاوقای دەبوو. هەر کە دەگەیشتە ئاستی ئەم دەرگا ئاسنینەی کە ژەنگی زەمانێکی دوورودرێژ دایپۆشیبوو، حاڵی ئاوا دەگۆڕا. ئەم کۆڵانە بە لەعنەت بووە هەموو کاتوساتی ژیانی پڕکردبوو لە دژوازی. بەری دەستی بەپەلە لە کراسەکەی دەخشێنێ کە وشکی کاتەوە، بەڵام دیسانەوە هەڵدەقوڵێ و وەک هەوەڵی لێ دێتەوە. کلیلەکە لەناو دەستە خووساوەکانی دەخزێ و ناتوانێ بە قامکەکانی بیگرێ. بەهەر جۆرێکە لە کونەکەی ڕۆدەکات و بە تەکانێک دەیسووڕێنێ. کاتێک دەرگا کراوە، هەوەڵ شتێک کە بینی، دیمەنی خولە خولی گەڵاکان و کاغەزەکان بوو کە گەردەلوول هەڵی دەسووڕاندن و لەبەردەمیدا دادەگیرسان. دیسان خولی دەدان و بە دەموچاوی ئەودا پەرشوبڵاوی دەکردنەوە. کاتێکی درێژخایەن گێژ دەبێ. وەک ئەوەی جادوو کرابێ، لەجێی خۆیدا ڕەق دەبێ. دوو مەرمەڕی ڕەش لەنێو گلێنەی چاوەکانیدا بە توندی دەخولێنەوە. سەری بەرز دەکاتەوە

و سەیری بەرزترین پەنجەرەی ماڵەکە دەکات. بێ ویستی ئەو، گەڵاکان و کاغەزەکان بە دەم تۆفانەوە وەحەوا کەوتن و تا ئاستی پەنجەرەکە بەرز بوونەوە. پەنجەرە شووشەی تێدا نییە. بیر دەکاتەوە، "چی قەوماوە؟"

شتگەلی نێو تۆفان دەستیان ناوەتە دەستی یەک و لەبەردەم پەنجەرەی بێ ئامان، سەرشێتانە سەما دەکەن. دەزانێ، تا ئەو نەچێتە ژوورێ، ئەوانیش هەروان و بەر پەنجەرە بەرنادەن. نازانێ کەی ئەم گەردەلوولە هەمیشەییەی ناو ماڵەکە تەواو دەبێ. "بۆ لەو شارەدا، هەر ئەو کۆڵانە و لەناو ئەم کۆڵانەشدا، ئەم ماڵە تووشی تۆفان هاتوون؟"

خۆی جوابێکی بۆ دۆزیبووەوە "هیچی لەگەڵ ناکرێ، چارەنووسە!"

دەبێ هەرچی زووتر بچێتە ژوورێ. بە هەموو شتێک کۆتایی بێنێ. نابێ بهێڵێ لەوە زیاتر کاتوساتی ژیانیان ژەهراوی بێ. داخی ناچێ تەنانەت ڕوحی کایەکانیش تێکەڵاوی ژەهر بوون. وره وەبەر خۆی دێنێ و پێ دەنێتە سەر ڕێگای باریک و چیمەنتۆ کراوی ناوەڕاستی چیمەنەکە کە یەکڕاست دەگاتە بەر درگای ماڵەکە. بۆ دواجار ئاوڕ دەداتەوە. گیانی دادەهێزرێ، خۆر، ڕوح لەبەرێکی لاوازە چەند تاڵەتیشکی بێوازە و بەس! کاتێ دەچێتە ژوورێ ئاتەکی باڵتەکەی وەحەوا دەکەوێ. هەزاران گەڵای زەرد ڕەشایی پاڵتۆکەیان پنۆک پنۆک کردووە. هەوای ڕێڕەوەکە بۆ خاوی لێدێ. دەکەوێتە کۆخین. لە پلیکانەکان وەسەردەکەوێ، هەرچی زیاتر دەچێتە سەرێ زۆرتر دەپەشۆکێ. هەست دەکا ڕووداوێکی ناخۆش قەوماوە، بەڵام چش، هەرچی بێ ئەو لە ناخی دڵەوە پێی خۆشە ئەم کایە شوومە دوایی پێ بێ، گەرچی لێی ڕوون نییە بۆ دەبێ ئەم هەموو هاتوچۆیە تەنیا کایە بێ و...

"خۆزگە ڕاستەقینەکان نەدەگۆڕان... "

بە داخەوە، دوای ئەم هەموو ساڵە، هێشتا بڕوای پێ نەهێنابوو، ئەوەش هۆی شکستی هێنانە، بەڵام بەتەواوی وجوود هەستی دەکرد لەگەڵ ئەوەیدا شووم و نەگریسە، کەچی بۆتە هۆی ڕەزامەندی هەردووکیان.

"خەڵکی کەش کەیفی خۆیانە."

بیری کردەوە "پلیکانەکان لە چاو ماڵەکە چاکتر ماون. هێشتا زۆری ماوە برزێن." دیمەنی پلیکانێکی سپی لە بەردی مەڕمەڕ لەنێو کەلاوەیەکی داتەپیو بزەی هێنایە سەرلێو، "لە تابلۆیەکی.."

هەرچی کرد نێوی نیگارکێشەکەی وەبیر نەهاتەوە. پاڵتۆکەی داکەند، وەک هەموو جارێک بە سەر نەردەکاندا شۆڕی کردەوە. ئاتەکی پاڵتۆکە کون کون ببوو. زۆری لەلا سەیر بوو، کە هیچ خەفەتێکی بۆ نەخوارد. تەنیا ئەوە نەبێ فیتوویەکی لێدا و بە پێکەنین تەواوی کرد. هەموو ئەو ئاکار و ڕەوشتە وای لێ دەکرد هەست بکا کایەکەی بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبات.

"ئای لەم ئێوارە خەماوییە!"

هەستی کرد ئەم وتەیەی بۆ هەوەڵ جارە کوتووە. پڕ بە دڵ و... لێوەکانی وێک هێناوە و پرماندی: زۆر بە کەیفم.

دەورێک خولاوە و ڕوانییە دەوروبەری خۆی. لەگۆشەیەک چاوی بە لیباس گیرێکی ئەنتیکە کەوت. بە پەلە چاوی گواستەوە بۆ سەر پاڵتۆکەی سەر نەردەکان.

"ئم... جێگای خۆی زۆر باشە... "

دیسان وەبیر دیمەنی پلیکانی ناو کەلاوە کەوتەوە، کە لیباس گیرێکی ئەنتیکە ئەوەندەی دی ڕازاندوویەتەوە.

بەسەری قامک تەقەیەکی لە درگا کرد: ئیزن دەدەن؟

بە پاڵێک درگای کردەوە. تاریکییەکی نیوەگیان بە پێشوازییەوە هات. کارەسات قووڵتر لەوەیە تەنیا ناوی کایەی لێ بنێی. هەر خۆی بێ شەرمانە جوابی داوە: کەرەم کەن، لەمێژە چاوەڕوانین.

هەرچەندە کایەش بێ، بە تەواوی وردت دەکا. ڕوومەتی لە چەناگەوە تا سەرێ سوور بووەوە. نێو دیوەکە پڕ بوو لە مۆسیقایەکی ئاشنا. بیری کردەوە دەبێ پێوەندییەکی بە تابلۆکەوە هەبێ: بەڵێ، مۆسیقایەکی ئەنتیکەیە...

ئیتر لەبیری نەمابوو ئەوە بەشێکە لە کایەکە، یان ئەو خۆی پێوەی زیاد کردووە.

– بۆ جیاوازییەکی هەیە؟!

دڵنیا نەبوو کامەیان باشتریان کایە کردووە، گەرچی ئەوەشی دەزانی، زۆر گرینگ نییە، کاتێ هەموو بینەران ئەو کایەیان پێش ئەوان – باشتر، یان خراپتر – بەڕێوە بردووە، ئەگەر وایە بۆچی لەخۆی تاڵ بکا. ئەو دەبێ

هەوڵبدا بە باشترین شێوە تەواوی بکات. زۆرجار پێی پێکەنیبوون، تەنانەت گاڵتەشیان پێ کردبوو، بەڵام ئەو خۆی شلوێ نەکردبوو. خۆشی لە چەلەحانێ نەدەهات، کەچی کوتبووی: تەواو کردنی کایە لە خودی کایە گرینگترە.

کوتبوویان: زۆرینەی خەڵک، یان ناتوانن تەواوی کەن، یان هێندە ئاسایی و قۆڕ تەواوی دەکەن پیاو قێزی هەڵدەستێ.

کوتبووی: ئەوان بەم کارە گوو دەکەنە ژیان!

کوتبوویان: کارەساتی سەرەکی هەموو کایەیەک ئەمەیە...

لە نێوەڕاستی ژوورەکە ڕادەوەستێ، دەستەکانی بە تەواوی دەکاتەوە. باڵ لێدەدا. ئێوارە ڕژاوەتە سەر فەرشەکە، هەرچی دەکات ناتوانێ بچێتە بەر پەنجەرە. دەزانێ لەوێ چی چاوەڕوانی دەکات. خۆشی لە سەمای بێ مانای تروتەوێڵەی پاییز نایە. عارەقەیەکی زۆر نێوچاوانی داپۆشیوە. بە دڵ دەیەوێ هەڵێ و دوورکەوێتەوە، بەڵام دەزانێ دەبێ کۆتایی پێ بێنێ. بۆ هەمیشە تەواوی بکا. بۆ لای پەنجەرە ڕادەکا و سەرشێتانە پێوەی دەدات. لەبەر خۆیەوە دەڵێ: هەورەکان ئیتر...

چاوەڕوانە کەسێک جوابی بداتەوە، بەڵام کێ؟ دوای کەمێک ڕاوەستان خۆی لێ گێل دەکا.

"چش... هەر کەس دەبێ بۆ خۆی تەواوی کا..."

دەیەوێ وەبیر خۆی بێنێتەوە، کەی پەنجەرە شکاوە و وردە شووشەکانی چی لێ کردووە؟!

"دەبێ ئاگام لێ بێ دەستم نەبڕن."

بای تووڕە، لە دەرەوە بەردەوامە. سەماش بەردەوام. خەمێک دایدەگرێ. تەزووی سەرمایەک بە گیانیدا دێ و ڕەگێکی بن چاوی ڕاستی لەپڕدا دەتەزێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەروونی گەرموگوڕە. شەقەی باڵێک، زۆر نزیک، لە بن گوێی، دەبیستێ و لە خەیاڵیدا کۆترێک، کۆترێکی ئەنتیکە لەسەر پلیکانەکان دەنیشێتەوە. بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوە هەڵبزرکاوەکانی. دەستێک بە قژە بژەکەیدا دێنێ و ئاخێکی قووڵ و خەماوی هەڵدەکێشێ.

سەر لقی دارەکان دەدرەوشێتەوە... هەست دەکا ناتوانێ بگری.



# بەرپێوار

**مقداد شاسواری**

ئەو ڕۆژەی بە یەکجاری لەبەر چاوان بزر بووم، سپێدەیەکی فێنکی نێوان بەهار و هاوین بوو. لە دەسپێکی ڕۆژێکی خۆش دەچوو. ئەگەر بڕیارەکە، لە دەست خۆم بوایە، بێ شک، ئەو ڕۆژە خۆشەم هەڵنەدەبژارد بۆ بزر بوونم. نازانم ئەو ڕۆژە چەند شەممە بوو، ناشزانم چەندی چ مانگێکی چ ساڵێک بوو. ماوەیەک بوو دەزوولە دەمارەکانی ئەو بەشەی مێشکم، کە تایبەتە بە لێکهەڵاوێرکردنی ژمارەکان، لە کار کەوتبوون، بۆیە چی ژمارە هەیە، هەمووی لەناو سندووقی سەرمدا سەراوبن و تێکەڵ دەبوون. هەر تەنیا ئەوەندەم لە بیرە، وەک هەموو بەیانییەکانی تر، لەناو پێخەف هاتمە دەرێ و چوومە بەر دەم ئاوێنەی ئەو مێزتوالێتەی لە قوژبنی لای ڕاستەی ژووری خەوتنەکە، دانرابوو. کتوپڕ بۆ ساتێک حەپەسام. دەتگوت دەستێک لە نێو فەزای شوێن و کاتدا بە خێراییەکی زۆر فڕێی داومەتە دەرێ. دەتگوت ئێستا لە هیچ شوێن و لەناو هیچ زەمەنێکدا نەبووم.

– سەیرە.....

ناو سەرم پڕبوو لە هەوایەکی قورس. لەوە دەچوو هەوای ترس بێ. ترسێکی زۆر خەست و بێ کۆتایی. هەندێک لە بەردەم ئاوێنەکە، لاچوومە ئەولاتر، دیسان گەڕامەوە بەردەم ئاوێنەکە.

– ئەی کوام.... کوا من...

من لە بەرانبەر ئاوێنەکەدا وەستابووم، کەچی ناو ئاوێنەکە، بەتاڵ بوو. منی تێدا نەبووم. هەندێ چاوەکانم هەڵگلۆفت. ترسام لەوەی نەوەکا کتوپڕ کوێر بووبێتم، بەڵام نا. ئەی ئەوە نییە ئاوێنەکە دەبینم، بەڵام خۆم لەناویدا نابینم. دەبێ ئاوێنەکە کوێر بووبێ و کەس لە ناویدا ڕەنگ نەداتەوە. نا، ئەی ئەوە نییە شتەکانی ژووری، ئەوانەی

دەکـــەونە بەرانبـــەری، لە ناویدا ڕەنگیـــان داوەتەوە. قولپێکی گریان هات و لە ناوەڕاستی قورگمدا قەتیس ما. دەستێکم بەسەر جامی ئاوێنەکەدا کێشاو دڵنیا بووم لەوەی کە من لە بەرانبەر ئاوێنەکەدا وەستاوم.

میـتـرا هەمـیـشـە دەیگوت لە عـەمـرمـدا پیـاوم نەدیوە هێندەی تۆ هۆگری ئاوێنە بێ.. ئەح"!

دەبێ ئاوێنەکە لێم بێزار بووبێ و بڕیاری دابێ، یان وا خـۆی ڕێکخـســتـبێ، منی لەناودا دەرنەچم؟ ئەمـە بیـرکردنەوەیەکی ئەوپەڕی گاڵتـەجاڕییە. ئاوێنە، پارچە جامێکی شووشەییە لەناو چوارچێوەیەکی داردا. بڕیار و خۆڕێکخستنی لە کوێ بوو.

لەم دواییـــانەدا، لەوەتەی وەکــو کــاڵایەکی مــۆدێل بەسەرچوو، فڕێ درابوومە ماڵ، هەموو کەسەکان و هەموو شتەکانیش لەگەڵمدا کە چ و ناسازگار ببوون. ئەوە نەبێ هەر ئاوێنەکە بێ، میترا، لە هەموویان خراپتر. بەردەوام پەلپی بە ئاخاوتن و ڕەفتار و وردترین جووڵە و بزاوتم دەگرت و هەرچییـەکی بمگوتبا و بمکردبا، ئەو "ئەح"ێکی بۆ هەبوو.

جاری وابوو برسێتی، ڕاکێشی ژووری چێشت لێنانی دەکردم تا هیچ نەبێ بۆنێک بە خواردنەکەوە بکەم، کەچی مـیـتــرا بۆڵەی لێ دەردەچوو "ئەرێ کـابرا دەلاچۆ لەبەر دەست و پێمان با چێشتەکە لێنێین.. ئەح"!

یان بمگوتبـا "پەری، کـچـەکـەم.. چایەکم بۆ ناهێنی بابە". هەمدیس میترا دەنگی هەڵدەبڕی " ئەرێ ئێستا کــەی وەخــتی چایە کــابرا.. پەری دەرسی هەیە و کەسیشمـان دەسـتمـان بەتاڵ نییـە. تێر چا خواردنەوە نابی.. ئەح"!

یان لە هەر ژوورێک دانیشتبام، دەتگوت بە ئانقەست وا دەکـەن، دەهاتن ڕێک ئەو ژوورەیان گـەسک دەدا و میترا پرتەی لێ بەرز دەبۆوە "ئەرێ دە هەستە نەختێ بچۆ حەوشە، با ناو مـاڵەکە گەسک دەین پیاوەکە.. تۆز و دووکەڵی جگەرە خنکاندمانی.. ئەح!.

کـەچی من جگەرەیشم نەدەکێشا. بەڵام ئەو هەر وای دەگوت.

ئەگەریش بێ دەنگ و بێ جووڵە، پشتم بدابایە دیوار و مـتـەقم لەخۆم ببڕیبایە، هەمدیسـان دەنگی مـیـترا بە نارەزایی بەرز دەبۆوە "ئەرێ کابرا بۆ وا دەمـانترسێنی.. ئاوها بێ دەنگ دانیشتوویتە دەڵێی مردوویت.. دە هیچ نەبێ دەنگێ... جووڵەیێ... ئحمێ... ئەح !

ئیـدی منیش لە "ئەح"ـەکـانی مـیـتـرا ڕاهاتبـووم. ئەم پاییـزەی دابێ، بە پێی ئەو ڕێکەوتە پیـرۆزەی لەسـەر تابلۆی یاداشتە نەمرەکانی نێو دڵمدا تۆمارم کردبوو و پێوەندی بەو بەشەی مێشکمەوە نەبوو کە تایبەتە بە لێکهەڵاوێرکردنی ژمارەکـان، تەمەنی هاوژیانیی من و مـیـتـرا فـوو لە بیست و پێنجەمین مۆم دەکات. ئەگەر خوردی بکەمەوە دەکاتە نۆ هەزار و سەد و بیست و پێنج ڕۆژ.. ئەگـــەر هەر ڕۆژە و بیــست و پێنج "ئەح"ی بە ڕوومدا دابێ دەکاتە... ناو سەرم ئاوسا. بە هەردوو ناو لەپی دەستەکانم، توند کونی گوێچکەکانم دەگرم. دەڵێی لەوە دەترسێم ناو سەرم بتەقێتەوە و مێشکم لە کونی گوێچکەکانمەوە دەرچێ.

* * *

بەڕێوەبەری فـەرمانگەکـەم، بێ ئەوەی هیچ هۆکـارێکی هەبێ، لە بوونم لە فەرمانگەکەیدا قەڵس بوو. بەردەوام دەیـگـوت " تـا تـۆ لـەبـەر چـاوانم بـزر نـەبـیـت مـن ناحەسێـمەوە". دەمگوت بۆ... مەگەر من خراپەیەکەم لەگـەڵ تۆدا کـردووە؟.. دەیگوت "نا، بەڵام نازانم بۆ.. هەر کە تۆ دەبینم هەست دەکەم هێندەی قالۆنچەیەکم لێ دێت".

کوڕەکانم دەیانگوت " باوکانی ئەم سەردەمە سێبەریان قـورسـە، هەر کە دەکـەونە مـاڵ، بۆ سـەلماندنی هەیمەنەی ماوە بە سەرچوویان، بەردەوام پرتەوبۆڵەیان دێ، سەر بە هەمـوو کونوقوژبنەکـانی ژیانی منداڵەکـانیـاندا دەکـەن، چاویان وەکو کـامێرای سیخوڕی هەمـیشـە لە سووڕان و چاودێریدایە. ئەو بـاوکـانەش تا بزر نەبن منداڵەکـانیـان ناحەسێنەوە...

پووچ ببووم. ئیدی کەس، هیچ حسێبێکی بۆ نەدەکردم. لەوە دەچوو، لە هەمـوو شـوێنێک زیادی بم. سـەرم لێ دەرنەدەچوو، بۆ وا کــتـوپڕ هەمــوان لێم بێـزار بوون. مـیــتـرایش لە هەمـوویان زیاتر. بەردەوام دەیگوت "کـوا مـــاوەیەک لەبەر چاومـــان بزر بوویتــــایە. تووشی هەناســـەتەنگیت کـــردووین. دە برۆ بە بێ دەنگی لە سووچێک دانیشە و ئەوەندە بۆڵەت نەیە بە سەرمانەوە. ئەح"!..

منیش، ئەوە نەبوو، چۆن پەنجە بە دوگمەیەکەوە دەنێی، ئاوها لە پڕێکدا ون بوومـــایە. نا، پرۆسـەی ونبـوونم مـــاوەیەکی کـــێـشــا. ئێـــوارەیەکـــیـان لە چایخـــانەی "بەربادەکان" دانیشتبووم، یەکێ لە هاوڕێکانم، قەدەرێک

تێم ڕاما و بە سەرسامییەکەوە گوتی "ئەرێ تۆ لەبەر چاوم کاڵ بوویتەتەوە کاڵ... دەبێ چاوەکانی من ڕەشکە و پێشکە نەکەن"!

منیش ناو لەپی دەستێکم بە دەم و چاومدا هێنا و بە کەمێک بێزارییەوە گوتم: "بڵێم چی وەڵڵا، دە بڵێ سیس بوویتە، ڕەنگ و ڕوخسارت هەڵبزڕکاوە، لاواز بوویتە، پێستت چرچولۆچ بووە.. چوزانم.. بەڵام کاڵ بوویتەتەوە چییە"! ئەمە یەکەم کێچ بوو کەوتە کەولم. لە ماڵەوە، ئێوارەکەی هەمان ڕۆژ تا درەنگانێکی شەو، حەیامێک دوور لە چاوی میترا، لەبەردەم ئاوێنەکەدا وەستام و بە وردی لە خۆم ڕامام، هەندێ نقورچەم لە دەم و چاوم گرت، چەند شەپازللەیەکم سەرەواندە لا ڕوومەتەکانم، پێستی کولمەکانم هەندێک زیادی ڕاکێشا، دیقەتی ناو چاوەکانی خۆم دا، هیچم بەدی نەکرد. ڕۆژی پاشتر، هاوڕێیەکی دیکەم، هەمان قسەی هاوڕێکەی دوێنێمی دووبارە کردەوە.. وای لێهات، ژێر پێستم پڕ بوو لە مێروولە. کەولم بووە هێلانەی کێچ. توومەزە، ئەمە سەرەتای بەرپێواری و بزر بوونم بوو. کەس شتی وای نەبینیبوو، کەس هەر شتی وای نەبیستبوو. چۆن مرۆڤێک هێدی هێدی کاڵ دەبێتەوە؟ ئەمە ناچێتە ناو هیچ زانست و لۆژیکێکەوە. سەیر لەوەدابوو، لە ماڵەوە، هەر لە میتراوە بگرە تا کوڕەکانم و کچەکانم، حاڵەتەکەیان زۆر بە ئاسایی وەرگرت. لەگەڵ ئەوەیشدا دڵنیابوون تا ئەمڕۆ، شتی لەم بابەتەیان بەرگوێ و بەرچاو نەکەوتبوو.

" ئاساییە.. هەر مرۆڤێک هی زەمەن و سەردەمێکە. ئێوە، ماوەتان بەسەرچووە"

– جا بۆ هەر من ماوەم بەسەرچووە؟ ئەی ئەو هەموو...

– هی وەک تۆ دەگمەنن.. توانایی خۆ گرێدان و خۆ بەستنەوەتان بە قۆناغی دوای خۆتانەوە نییە.. بە قسەی بازرگانە سیاسەتکارەکانی ئەمڕۆ "تێکەڵ" بە وەزعەکە نابن. بە واتایەکی تر "لێی نازانن" " یان نازانن" "بیخۆن"... هەر تۆیش نیت.. بەڵام تۆ، هەر ئاگات لە خۆتە... زۆری وەک تۆ هەن..

– ئەی ئەوانەی لە کاروانەکەی قۆناغی ڕابردوودا پێکەوە بووین.. هاوتەمەنەکانم... هاووەچەکەم.. هاوسەنگە...

– ئەوەتا، تۆ هێشتا لەناو دنیا بە سەرچووەکەی چەمکە سواوەکانی سەردەمی کۆن نوقمی، ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی " خۆیان"ی ئەوسایان ناشت. لەوێ ناشتیان کە تۆ هێشتا تێیدا چەقیوی.. بوون بە "ئەوانێکی تر"... خۆیان وەک تۆ لە ناو چوارچێوەکانی وێنە ڕەش و سپییەکاندا زیندانیی نەکرد.. ئەوان خۆیان لەناو قوڕی خەستی ئەو ئەقڵەی لە مێشکی تۆدایە عاسێ نەکرد.. ئەوان بە سیمای نوێ و ورگی نوێ و گیرفانی نوێ و پۆشاکی نوێ و خۆراکی نوێ....

– دەی بیبڕنەوە.. ئێوە وەچەیەکی بێ کەڵکن. دەتانەوێ لەسەر داروپەردووی ئێمە خۆتان بنیاد بنێن و دانیش بەو بناغەیەدا نانێن کە ئێمە بنیادمان نا!

– بناغەی چی... ئێوە هەر لە بنەڕەتدا بناغە نەبوون... دیوارێک بوون هەر نزەبایەک هەڵیکردبایە دەڕووخان و جارێکی دیکە بە هەمان لەرزۆکی قیت دەبوونەوە..

ئەوانە، بەشێکی کەم بوون لەو مشتومڕە هەمیشەییەی نێوان من و کوڕەکانم. میترا و کچەکانیشم تەنیا لەوە دەترسان نەوەکا سنووری مشتومڕە دیموکراسییەکەی نێوانمان ببەزێندرێ.

* * *

دوای ئەوەی کاڵبوونەوەم تخووبی گومانی تێپەڕاندو بووە ڕاستییەکی نکوڵی لێنەکراو، چوومە لای پزیشک. نازانم پسپۆڕییەکەی لەکام جۆرەکانی نەخۆشیدا بوو. بەڵام دەمزانی و دڵنیا بووم هیچ پسپۆڕییەتێک بۆ کاڵبوونەوە و بەرپێواری و ونبوونی مرۆڤەکان نییە.

هەموو ئەو جوولە بێ سوودانەی، پزیشکەکان بۆ پشکنینی هەموو جۆرە نەخۆشەکان، ئەنجامی دەدەن، ئەم پزیشکەیش لەسەر مندا ئەنجامی دا. سەرێکی بادا. چەند جارێک پێنووسەکەی خستە سەر کاغەز و دەستی هەڵگرت بێ ئەوەی هیچ بنووسێ. ماوەیەک بە بێ دەنگییەکی ترسێنەر تێم ڕاما. دواجار ناردمی تا وێنەیەکی تیشکیی بگرم. بەڵام کاتێ وێنەکەم گرت و هێنامەوە، پزیشکەکە، تا سنووری شێتبوون حەپەسا. وێنەکە، نایلۆنێکی ڕەش و ڕەش بوو. هیچی لێ دەرنەچووبوو. کتێبێکی قەبەی لابوو. سەیری هەموو لاپەڕەکانی کرد. هەموو جۆرە نەخۆشییەکانی خوێندەوە. دواجار دیسان هەر سەری بادا: "سەیرە... نەخۆشیی وا، لە ئادەمەوە تا ئێستا نەبووە. لە سەردەمی فیرعەونەکانیشدا هەر نەبووە. لە هیچ سەردەمێکدا

نەبووە مرۆڤێک کاڵ ببێتەوە"..

* * *

ئەوەبوو لە دەسپێکی ڕۆژێکی خۆش و لە سپێدەیەکی فێنکی نێوان بەهار و هاویندا، لەناو پێخەف هاتمە دەرێ، وەکو خووی هەمیشەییم چوومە بەر ئاوێنەکە. بەڵام ئاوێنەکە، بە بەتاڵی مایەوە. منی تێدا دەرنەکەوتم. ترسێک سەرتاپامی داگرت. زانیم بۆ هەمیشە بزر بوومە. سەیرێکی ڕۆژژمێرەکەی دیار ئاوێنەکەم کرد. هەموو ژمارە و نووسینەکانی سەری، سڕدرابوونەوە. نەمزانی چەند شەممەیە، نەشمزانی چەندی مانگی چ ساڵێکە. وەکو "با" بەنێو ژوورەکاندا هاشەم دەهات. هەموو ئاوێنەکانی ژوورەکان و گەرماو و تەنانەت سەیری ناو جامی دەرگا و پەنجەرەکانیشم کرد بەڵکو ئاسەوارێکی کاڵبووەوەش بێ، لە خۆم ببینم. هیچم لە خۆم بەدی نەکرد. چیدی نەمدەزانی ڕۆژگار چۆن دێت و چۆن دەڕوات. میترا دەیگوت: لەو ڕۆژەی تۆ بزر بوویتە نازانین چی بکەین. ئەح!...

کچە هەرە چکۆلەکەم دەیگوت: دایە.. کوا بابە؟

میتراش دەیگوت: باوکت بزر بووە کچم. چووە بەدوای خۆیدا بگەڕێ.

میترا، منی نەدەبینی، بەڵام هەستی دەکرد لە کوێم. دەیبینی ڕووی لەو شوێنە دەکرد، کە منی لێ وەستابووم، دەیگوت: تۆ بزر بوویتە، کەچی ئێمە لەتۆ وێڵاترین. ئەح!

دەیوست بڵێ سەرگەردانترین. ئەوان وەک جاران دەژیان. تەنیا ئەوە نەبێ، لە دوای بزربوونی من لە کاتی ژەمەکانی خواردندا، قاپێک و کەوچکێک کەمتر لەسەر سفرە دادەنێن. میترایش ئیدی نازانێ، کە لە دەستی منداڵەکانی توورە و پەست دەبێ، کاسە و گۆزەکە لە سەری کێدا بشکێنێ، توورەبوونی خۆی بەسەر کێدا بەتاڵ بکاتەوە. کچە هەرە چکۆلەکەم هەر بە دەوری میترادا دەخولایەوە و دەیگوت: لەوەتەی باوکم بزر بووە پارەی ڕۆژانەکەم کەمتر بووەتەوە.

میتراش دەیگوت: باشتر، کە بزر بوو. مێشکمانی کون کردبوو هێندەی بۆڵە و هاوارمان بەسەردا بکات... ئەح.. !

کەچی لەناوەڕاستی قوڕگی بەرەو خوار، بە نێو ئەو کەناڵەی کە دەچێتە ناو دڵی ئادەمیزاد، دەنگی خۆی بە جۆرێکی تر دەبیست: "خۆزگە هەر لەناومان بوایە... قیروسیا لە بۆڵە و هاتو هاوارەکانیشی.. دڵم بۆی تەنگ بووە.. ئەیەڕۆ باشە مرۆڤ چۆن کاڵ دەبێتەوە.. ئەو پیاوە چی لێ بەسەرهات؟ هەموو جۆرێ مردنمان بیستبوو، ئەم جۆرەیان نەبێ..ئەح"..

بەڕێوەبەری پێشووی فەرمانگەکەم لەوەتەی زانیبووی بزر بوومە، لە خۆشییاندا، کەللە قەند لەنێو دڵیدا دەتوێتەوە. بەڵام لای هاوکارەکانی پێشووم دەم و چاوی تێکدەنێ و دەڵێ: پەکوو لەو پیاوە نازدارە.. لەو خەباتگێرە ماندووە.. لەو دەستپاک و ڕاستگۆیە.. لەو دڵسۆزە.. لەو پەپوولەیە.. ئاخر چۆن مرۆڤی وا کاڵ دەبێتەوە.. پەکوو لەو زەمانە سەیر و بێ وەفایە..

وەکو ڕوحێکی سەرگەردان، کەوتمە گەڕان بە دوای خۆمدا. بەس نەبوو کەس نەیدەبینیم، کەس گوێشی لێم نەدەبوو. وەکو شێت بەردەوام بە شەقامەکاندا دەسووڕامەوە. لە پۆلیسی سەر چوارڕیانێکم پرسی ئاخۆ منی نەدیوە. دەرفەتی نەبوو ئاوڕێکم لێ بداتەوە. یان هەر منی نەبینی و گوێشی لێم نەبوو چیم گوت. کە وابێ ئاوڕی چیم لێ بداتەوە. لە هەر چوار لایدا ئۆتۆمبێلی زۆر ڕاوەستابوون. تا چاو هەتەری دەکرد ئۆتۆمبێل ڕاوەستابوو. هەرچی فیکەی لێدەدا سوودی نەبوو. هیچ ئۆتۆمبێلێک لە شوێنی خۆی نەدەجووڵا. دەبێ لە پڕێکدا هەموو شۆفێرەکان و سەرنشینەکانیش بزر بووبێتن؟ پۆلیسەکە زۆر توورە دیار بوو. ئەوەندە بە توورەیی فیکەی لێدەدا، لە کونی فیکەکەی و هەردوو لالێوی تفێکی کەفاوی جۆگەلەی بەستبوو. بێ ئەوەی فیکەکە، لە دەمی دەربێنێ گوتی: جا من لێرە چی بکەم! وەڵلا هیچ! کە هەموو شۆفێرەکان بزر بووبێتن یاسای هاتوچۆ بە کەڵکی چی دێت؟ وەڵلا هیچ!

سەرسام بووم. چۆن دەبێ پۆلیسێک فیکە لە دەمی بێ و ئەو هەموو قسەیەش بکات! کەوتە ناو مێشکم " دەبێ من مردبم"؟ چوومە نێو گۆڕستانە گەورەکەی قەراغی شار، بەسەر گۆڕەکان و لاشەی خەوتووی مردووەکاندا بازبازانێم بوو. دەتگوت ئیزراییل سەری ناوەتە دوام و منیش لێی هەڵدێم. لە ترسا ئارەقەی شین و مۆرم لێ دەچۆڕا، بەڵام تنۆکێکیش نەدەکەوتە سەر زەوی.

لەسەر ئەو گۆڕانەی تازەتر بوون ڕادەوەستام. چوومە بەشی ئەوانەی لە پێناوێکدا مردبوون. گڵکۆ شکۆمەندەکانیانم بەسەر کردەوە، کێلی گۆڕەکانیانم لاپەڕە لاپەڕە هەڵدەدایەوە، هەموو ناوەکانی سەر

کـــــێڵەکـــــانم خـــــوێندەوە. زۆربەیانم دەناسی. هاوسەنگەربووین. چەندێکیانم دەزانی لە کام شەڕ و لە چ ڕێکەوتێکدا گیانیان بەخشیبوو. ناوم بەسەر هیچ کێلێکەوە نەبوو. کەوابێ نەمردووم. ئەی کە نەمردووم بۆ لەناو زیندوواندا نیم. ئایا دەکرێ ئادەمیزادێک نە زیندوو بێت و نە مردوو. گەڕامەوە ماڵەوە.

میترا، هەردوو ئەژنۆی لە ئامێز گرتبوو. فرمێسکی دەباراند و بەدەم هەنسکدانەوە ڕووی لە منداڵەکانی کردبوو، دەیگوت " دەبێ ئەم کابرایە چی بەسەر هاتبێ؟ دەبێ سەری خۆی، لەدەست پرتە و بۆڵەکانی من و لە دەست قسە زلەکانی ئێوە، بەرەو کوێ هەڵگرتبێ؟ ئاخۆ ئێستا لەنێو تونێل و پێچ و کۆڵانەکانی کام مێژوودا وێڵانە؟ دەبێ ئێستا لەنێو لاپەڕەکانی کتێبی کام ڕابردوو بەدوای خۆیدا بگەڕێ؟ دەبێ خۆی دۆزیبێتەوە و بگەڕێتەوە ناومان؟ چاومان بە دەرگاوە وشک هەڵگەڕا کەچی هەر نەهاتەوە. ئەی ئێوە بۆ هەڵناستن بچن بە دوایدا بگەڕێن. ئێوە وەچەیەکی بێ ئەمەکن. بێ شک بن بە نەبوونی ئەو، هەموو ڕێگاکانتان لێ تێک دەچێ و دەکەونە لاڕێ.. دەبوایە ڕێگە لە کاڵبوونەوەی بگرن. لە جیاتی قسەی زل و دڵ ئێشاندنی، دەبوایە چارەیەکتان بۆی بدیتبایەوە. نەدەبوایە لێ بگەڕێن باوکتان کاڵ ببێتەوە. گوناهە. ئەوەتا ون بووە. لەو ڕۆژەوە هەموومان دەڵێی سەر بە جەستەمانەوە نییە. نە دەزانین بیر بکەینەوە... نە دەزانین ورتەیەکمان لێوە بێ. نە شتێک دەبینین... نە دەنگێک دەبیستین. نە ئەقڵمان بە هیچدا دەشکێ... بۆ ناچن لەو شوێنانە بەدوایدا بگەڕێن کە لەوانەیە بۆ ئەوێ چووبێ"....

کوڕە گەورەکەم گوتی " چووم... گڵکۆی هەموو گیانبەخشەکانم بەسەر کردەوە. ناوی ئەو بەسەر هیچ کێلێکەوە نەبوو.

کوڕە ناوەنجییەکەم گوتی " منیش چوومە بینینی ئەو پێشانگایەی بۆ ڕۆڵە قارەمانەکانی وڵات ڕێک خرابوو. هەزاران وێنە هەڵواسرابوو، کەچی زۆرێک لە چوارچێوەکان هیچ وێنەیەکیان تێدا نەبوو. تەنیا لەسەریان نووسرابوو (.....)ی ون.... گوتم ڕەنگە باوکیشم یەکێک بێ لەوانە....

کوڕە گچکەترەکەم گوتی" منیش چوومە هەموو ئەو سەنگەرانەی باوکم ناوونیشانەکانی دابوو پێمان و لە نێویاندا شەڕی بەناوبانگ کرابوو، کەچی هەموو ئەو شوێن و سەنگەرانە کرابوون بە تەلار و ڤێلاو دەوریان تەلبەند کرابوو. پاسەوانەکان لێ نەگەڕان بچمە نێو تەلبەندەکانەوە بزانم باوکم لەوێیە یان نا. پاڵێکیشیان پێوەنام....

کچەکەم گوتی " کێ دەڵێ باوکم بزر بووە... کێ ناڵێ ئێمە بزر نەبووینە و ئێستا ئەو بەدوای ئێمەدا دەگەڕێ.

میترا بە سەرسوڕمانێکەوە گوتی " ئەیەڕۆ.. تۆ بڵێی؟!

* * *

لە حەژمەتی کارەساتەکەدا، لە ماڵ دەرچووم و وەکو شێت کەوتمە ناو شەقام و کۆڵانەکانی شار. بێ ئەوەی هیچ کەس و هیچ دیوار و هیچ ئاستەنگێک ببێتە کۆسپ و لەمپەر لەبەر ڕێگامدا، بەنێو جەنجاڵی شاردا هەڵدەهاتم.. نەمدەزانی لە چی و بەرەو کوێ هەڵدێم. هەر دەگریام و هاوارم دەکرد کەس نەیدەبینیم و کەسیش هاوارەکانی نەدەبیست. وەکو سێبەرێکی کاڵ و سەرگەردان، دەتگوت لە هەتاو هەڵدێم تا بە یەکجاری نەسڕێمەوە. کاتێک شەکەت و ماندوو، لە هەورازاییەکی قەراغی شار گلۆر بوومەوە ناو خەرەندێکی تاریک و بۆگەن. لەوێ خەوم لێ کەوت. سەروەختێ لەتاو سەرما و بۆگەنی، بە ئازارێکی توندی ناو سەرم واگا هاتمەوە.

هەموو ناو خەرەندەکە پڕ بوو لەو کاغەز و لافیتانەی دروشمێکی زۆریان بەسەرەوە بوو. خۆم لەنێویاندا لوول دا و ویستم خەوم لێ بکەوێتەوە، بەڵام سوودی نەبوو.

کەوتمەوە سەر ڕێگای گەڕانەوە بەرەو ناو شار. ڕێگەم کەوتە ناو پارکی مێژوو.. هاوسەنگیی خۆم لە دەست دابوو. لەترسی ئەو پۆلیسانەی چاوەچاویان بوو، مەستێکی درەنگانی شەو، یان تەنانەت سێبەرێکی کاڵبووەوەی وەک من بکەوێتە داویان و ئەرکی شەویان پێ بە کۆتا بهێنن، لە بەردەم پێیە کۆنکریتییەکانی کۆتەڵە زەبەلاحەکەی "......." ی ون، کە ڕوخساری کوتومت لەمن دەچوو، داڕمام و کەوتمە خەوێکی هێندە قووڵ، بڕوام وایە تا ڕۆژی هەستانەوەی یەکجارەکی، حەزم بە واگا هاتنەوە نەبێ.



# بیرچوونەوەی چێژ

**جووتیار ئەحمەد**
**(سلێمانی)**

دکتۆر بەسەری پەنجەکانی تەپڵی بە مێزەکەی بەردەمی لێ دەدا، بێ ئەوەی سەیرم بکات، پرسیاری لێ دەکردم، بەڵام بەشێوەیەک وەک بڵێی ئەویش نەخۆش بێت.

وتی لەکاتێکدا کە دەتەوێت ئیشێک بکەیت، یان بچیت بۆ شوێنێک خەیاڵ ناتبات بۆ شوێنێکی دیکە، یان بۆ ئیشێکی دیکە؟ وتم زۆر تەواوە دکتۆر گیان، من هەر پێم دەکرێت خەیاڵم بگەڕێنمەوە بەرەو واقیع، چ خەیاڵێکیش هەمووی ئاڵۆز، وەک ئەم ژیانە.

دکتۆر لەژێرەوە چاوێکی ترووکاند و وتی دەزانی منیش هەمان نەخۆشیم هەیە. ئیدی دکتۆر قسەی نەکرد، ئەوەندەی خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی بەردەستی بوو، ئەوەندە قسەی لەگەڵ من نەدەکرد. کتێبێک بوو باسی ژیان و ئیشەکانی دەستۆیڤسکی دەکرد، چەند کتێبێکی دیکەیش لەسەر ڕەفەکانی پشت سەریەوە بوون، وەک فرۆید، کافکاو پۆڵ ئەستەر. دیار بوو بەو نووسەرانە زۆر سەرسام بوو، دکتۆر کەوتەوە قسەو وتی دەزانی ژیانی ئێمە زۆر لەم کتێبانە دەچێ؟ وتم دکتۆر تۆ باشتری لێ دەزانی، بەڵام من هاتووم بۆ چارەسەر. دکتۆر وتی باشە هاوکاریم بکە با هەردووکمان ڕزگارمان بێ. وتم یانی تۆش نەخۆشیت؟ ئەی بۆ نەچین بۆ لای دکتۆرێکی دیکە؟ وتی نا بابە ئیشەکە ئەوەندەی دیکە قۆڕ مەکە، با هەر خۆم و خۆت بین، زۆر بین ئیشەکەمان ئاڵۆز دەبێت، ئەوسا هەر یەکە و وڕێنەی خۆی دەکات، دەبێتە هۆسە!

وتم بۆ؟ وتی کوڕە تۆ نازانیت ئەوانی دیکەیش وەک من و تۆن، هەمووی شەرمن و خۆبەزلزانن، لەبەر ئەوە قسە ناکەن! دەی دەست بکە بە گێڕانەوە. کتێبەکەی خستە لاوە.

ماوەیەک بوو هەستم پێ کردبوو، کە خەریکە هەموو شتێک لە ژیانمدا پێچەوانە دەبێتەوە، مێشکم ئاڵۆز دەبێ و

بەشێوەیەکی سەیر شتەکانم لێ دەگۆڕێ، نەمانی چێژ بەتەواوەتی هەستی پێ دەکرا، هەموو شتێک یەک تامی هەبوو، بەو مانایە نا کە هەمووشتێک تامی یەک شت بدەن، بەڵکو بەو مانایەی کە هەموو تامەکان لە لەبیرچوونەوەی چێژدا کۆببوونەتەوە، واتە هیچ شتێک تام نادات، وشەیەک نەماوە بەناوی چێژەوە.

ئەوە ماوەی چەند مانگێکە دایکم لە کاتی چوونە دەرەوەدا عەباکەی بیردەچێت، لەوەش سەیرتر ئێستا لە چێشتەکانی خۆی نارازییە. زۆرجار بە باوکم دەڵێ تۆ نازانی شت بکڕیت. باوکیشم دەڵێ ژنەکە تۆ لە عەرەبانەکەی کابرا شت ناکڕی؟ دایکم چاوی دادەخات و دەڵێ خۆ ڕاست دەکەی، باشە بۆ زەینم وا کوێربووە.

دکتۆر دیسانەوە دەستی دایەوە کتێبەکەو وتی با بە باسکردنی بۆچوونی سێ کەس قسەکانی خۆتان زیاتر بۆ ڕوون بکەمەوە، پاشان بچینە سەر گێڕانەوەی بارودۆخی ژیانی ماڵی خۆمان، گەڕەک و شاریش بەدوایدا. دکتۆر کەسێکی گەنج بوو، ئەوها سی و پێنج ساڵێک، بەدڵنیاییەوە ژنیشی نەهێنابوو.

لە ڕۆمانی "ژووری دەرگا داخراو"دا نووسەری ئەمەریکی پۆڵ ئەستەر باس لە زەمەنی نەمان و بیرچوونەوەی چێژ دەکات، کە چۆن ئیدی ئینسان بەهۆی ماندووبوون و هەمیشە جووڵانی جەستەو مێشکییەوە بەرەو نامۆبوون و لەبیرکردنی خودی خۆی دەڕوات. لای پۆڵ ئەستەر ئینسان ئەوەندە تەنیایە کە لە دایک و باوک، خوشک و براش دابڕاوە، بەهۆی ڕاکردن بەرەو ئەو چێژەی کە هەرگیز ناتوانێ بیگاتێ، یان بەتەواوەتی تامی بکات، هەست نەکردن بە ئازار و نەهامەتییەکانی یەکدی بە تەواوەتی هەستی پێ دەکرێ.

ئەگەر بمانەوێت پتر لە وتەکەی پۆڵ ئەستەر تێ بگەین باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی کافکا، ئەمەش کاتێک باس لە دابڕانی پێوەندی نێوان ڕوح و جەستە دەکات، لای کافکا جەستە بەهۆی سەرکەشی نەفسەوە فەرامۆش کراوە و بە فەلاکەت براوە، ڕوحیش بیرچووەتەوە، ڕوح تەواو پەراوێز خراوە، بەهۆی سستمی بیرۆکراتییەتەوە ئینسان بەتەواوەتی ئیشی خۆی بیرچۆتەوە، لە تاو بیرکردنەوەی بێ ئاکامەوە، ئازاری بیرچووەتەوە. جەستە لەژێر باری قورسدا چەمیوە، پاڵەوانەکانی کافکا هەمیشە بەلۆژە لۆژ دەڕۆن، خۆیان لێ دەگۆڕێ. کافکا دەڵێ خوێندکار هەمیشە بەدیار هەڵدانەوەی پەڕەی کتێبەکانیەوە بێدارە، دەرگاوان هەمیشە بێدەنگە.

باوەڕ ناکەم لە باسی دابڕانی ڕوح و جەستەدا پێش کافکا کەس ئەوەندەی دەستۆیڤسکی بە وردی درکی بەو پێشهاتە ئاڵۆزە کردبێ، کە لە داهاتوودا ڕوودەدات، دەستۆیڤسکی زۆر دژی مارکسییەت بووە، ئەمەش بەو مانایەی کە بەهۆی دژایەتی کردنی سەرمایەدارییەوە تەنیا باس لە ماددە دەکات و ڕوحی فەرامۆش کردووە، دەستۆیڤسکی دەڵێ نەهامەتی ئەوەیە کە ئینسان لە ڕوحی دابڕێت و وای لێ بکەیت بەردەوام بیر لەم ژیانی واقیعە بکاتەوە، ئاخر ئینسان خاوەنی خەون و خەیاڵە. کێ لە ئێمە دەتوانێ بۆ چەند چرکەیەک لەناخدا بیر لە خۆی بکاتەوەو بەزەیی بەخۆیدا نەیەتەوە کە چەند شەکەتە، هیچ شتێکیش بەدەست نەهاتووە.

هەر کاتێک کە دایک و باوکم دەهاتنە خەیاڵدانمەوە تووشی هێڵنجدان دەبووم، چونکە لە خەیاڵمدا ئەوان لە دەمیانەوە پیسایی دەهات نەک لە کۆمیانەوە، هەر بۆیە دەستم بەسەرمەوە دەگرت، یان سەرم ڕادەوەشاند تا لەو خەیاڵە دوورکەومەوە، پاشان دەستم بە دەممەوە دەگرت، یان دەستم دەبرد بۆ کۆمی خۆم. لە هەموو جۆرە کونێک دەترسام لەبەر ئەوەی نەکا شتی پیس و دەعەجانی لێ بێتە دەرەوە. زۆر لە W.C دادەنیشتم، دەترسام لە کونی سیفۆنەکەوە مارێکی سەیر بێتە دەرەوەو خۆی بکات بە کۆممدا، لەبەر ئەوە هەمیشە چاوم لە کونی سیفۆنەکە بوو. هەوڵم دەدا هەرچی کون هەیە لە جەستەمدا بیئاخنم، دەم، لووت و گوێچکەشم.

ببوومە گاڵتەچی دایک و باوکم، هێواش هێواش پێچەوانە بوونەوەکان لە ژیانمدا بەرەو قێز لێ بوونەوە دەچوون، لە کاتی هێڵنجداندا هەمیشە دەستم بە دەممەوە دەگرت نەبا شوێنی پیسایی پێچەوانە بووبێتەوە، بەڵام پێچەوانە بوونەوەکان بە جۆرێکی دیکەیە، واتە لە تێگەیشتن و بیری ئێمەدایە بۆ ژیان.

بەیانیان کاتێک بەڕێ دەکەوم بۆ سەر ئیش، دوای دەرگا داخستن، دوو جاری دیکە دەگەڕێمەوە سەیری دەکەم تا دڵنیا ببمەوە، کیلۆنەکە دەگرم و دەیسووڕێنم، باشە داخراوە ئیدی دڵنیام، تۆ بڵێیت داخرابێ! دیسانەوە دەگەڕێمەوە، ئای من دایە مێشکم مەشغوڵە. لەو سەری کۆڵانەکەوە لە جەستەی خۆم دەڕوانم، تۆ بڵێیت پانتۆڵم لەپێ کردبێ و بە دەرپێ کورتێکی سێگۆشەوە نەهاتبێتمە دەرەوە، باوەڕم بە چاوی خۆم نەماوە.

بەیانییەکیان لە نزیک کەلاوەکەوە کە هەر سەد هەنگاوێک لە ماڵەوە دوورکەوتبوومەوە، دوودڵییەکی سەیر مێشکی دەکڕاندم. هەستم کرد بەڕووتی هاتوومەتە

دەرەوە، تەنانەت دەرپێ کورتە سێگۆشەییەکەشم لە پێدا نییە! دەست بەجێ خۆم هەڵدایە کەلاوەکەوەو چوار مشقی دانیشتم تا عەورەتی خۆم بشارمەوە، بەو بەیانییە هەر کەسێک بەویادا دەهات، بێ ئەوەی سەرنجم بدات تێدەپەڕی، تا دایکم هات کە دەچوو بۆ نانەوا، بەپەلە بانگم کرد، وتی هەتیو ئەوە چی دەکەی؟ وتم ڕووت نیم؟ ساتێک لێم ڕاماو بە پێکەنینەوە وتی بە قورئان دڵنیا نیم دەزانی منیش تووشی دوودڵی و گۆڕانی هەموو شتێک بوومەتەوە، ئەی من ڕووت نیم؟ وتم دەترسم بڵێم ڕووت نیت، بەڵام ڕووتیش بیت. دایکیشم وتی منیش بەهەمان شێوە هەتیو منیشت تووشی دوودڵی کرد.

لەو کەلاوەیەدا دوودڵییەکی سەیر هەردووکمانی بەستبووەوە کە جووڵەمان بۆ نەدەکرا، تا حاجی دراوسێمان هات، وتی بیکەن بەڕای خوا ڕووتی چی و شتی چی، کوڕە خۆ تۆ دکتۆری ئەی هاوار، با زوو بڕۆین تا منیش تووشی ئەو دوودڵییە نەبووم. ئیدی نەجاتمان بوو، حاجی هەر دەڕۆیشت و سەیری جەستەی خۆی دەکرد تا خۆی دا بە عەموودێکدا، من و دایکم دەستمان گرت و بردمانە ماڵەوە، هەرچەندە حاجی دەیوت بابە گیان دەستم بەردەن خۆ گیانم نایەشێت تەنیا مێشکم مەشغووڵ بوو، بۆیە خۆم دا بەدیوارەکەدا، ئەرێ عەموود بوو، یان دیوار؟

هەر هەمان ڕۆژ پاش نیوەڕۆکەی باوکم چووە دەرەوە، کە لەوەتەی بیری کردووەتەوە لە دەرەوەی ماڵ جامانەکەی بەسەرەوە بووە. چووە ناو بازاڕو پێنج شەش عەلاگە شتیشی هێنابووەوە، واتە هەموو بازاڕی بەیەکدا دابوو بەبێ جامانە، هەرچەندە پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە وتی ئەرێ جامانەم بەسەرەوەیە ها؟ دایکم بەپێکەنینەوە وتی سەری خۆتە نازانی بەسەرتەوەیە، یان نا، پاشان هەردووکمان سەیرمان کردو وتمان بەڵێ بەسەرتەوەیە. لە گەڕانەوەدا پێی زانیبوو، کاتێک کە گەڕایەوە وتی باشە وامن لەبیرم چوو، خۆ ئێوە سەیریشتان کردم و وتتان بەدڵنیاییەوە بەسەرتەوەیە، بیرم نایە لەکەیەوە جامانە دەبەستم، کەچی ئەمڕۆ بیرم چوو. من و دایکم قسەمان بۆ نەدەکرا، باوکم بە داماوییەکەوە وتی باشە ئەمە چ نەخۆشییەکە هەموو شتەکانت لێ بگۆڕێ، وام لێ هاتووە، یان ئیش دەکەم، یان بیر لەئیش دەکەمەوە، دەڵێی هەرچی بیرکردنەوەو ئاژاوەی سەدان ساڵە لە مێشکی مندا کەڵەکە بووە و فریای لێکدانەوەیان ناکەوم.

با واز لە باوکم بێنین، بگەڕێینەوە بۆ لای خۆم، ڕۆژی دوایی بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێ لە نزیک گەراجی پاسەکان زانیم کە بە دەرپێ کورتە سێگۆشەییەکەوە هاتوومەتە دەرەوە، کاتێک بەخۆم زانی دەتوت لە دارستاندا دەسووڕێمەوە و لە هەزارەی هەشتەمی پێش زاییندام، ڕێک وەک ڕۆبسن کرۆزۆ، تۆ ئەو دەناسی؟ وتم دکتۆر وابزانم فیلمەکەیم بینیوە. وتی وابزانی، چۆن شتی وا دەبێ بۆ خاتری خوا، تۆ خوێندەوار نیت. دکتۆر قیژاندی، وتم دکتۆر قسەی خۆت لەبیر نەچێت دەی دوای ئەوە.

ئیدی بەپەلە تەکسییەکم ڕاگرت و سەرکەوتم بۆ ماڵەوە، لە مووبەقەکە دەستم کرد بە بیرکردنەوە، لە ناخدا دەگریام، تەریق دەبوومەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا شتێک بە مێشکمدا هات، باشە بۆ خەڵک زۆر سەیریان نەدەکردم؟ شوفێری تەکسییەکە بۆ قسەی نەکرد؟ ئەی دایک و باوکم بۆ بەلایانەوە گرنگ نییە، هەر باسیشی ناکەن، زانیم کە ئەم نەخۆشییە خەریکە شار دەتەنێتەوە. ئیدی سپی دەبێتە ڕەش، سووریش بە زەرد، پۆشتەیی دەبێتە ڕووتی و بەپێچەوانەشەوە، لەم شارەدا دنیایەکی سەیر دەست پێ دەکات کە چیدی یەک و یەک ناکاتە دوو، مردن دەبێتە ژیان و ژیانیش بە مردن.

ئەوانەی سەرەوەو چەندین دوودڵی و شتی تریش سەرەتایەک بوون بۆ داپۆشینی شار بەو نەخۆشییە، ڕۆژێکیان دایکم بۆ بەکرەی ڕەش ناردمی بۆ بازاڕەکەی خوار گەڕەکی خۆمانەوە، بەڵام من هی سپیم هێنا، یان ناردمی بۆ کوولەکە کەچی خەیارم هێنا، لە هەمان کاتدا دایکم هیچ پەرچەکردارێکی نیشان نەدەداو شتەکانی لەدەست وەردەگرتم.

ئیدی ئەم بیرچوونەوە و گۆڕانی ڕەنگ و ناوانە بووەتە شتێکی بەردەوام لە ژیانماندا، دایکم کە دەمنێرێ بۆ باینجان، دەڵێ بامێ بێنە، یان کە دەڵێ شتێکی ڕەنگ سوورم بۆ بهێنە دەڵێ زەرد. هەست دەکەم وەک نەخۆشییەک کە توانایی گوێزانەوەی هەبێت دەوروبەرەکەشم دەگرێتەوە، کە سەرەتا وام دەزانی هەر ماڵی ئێمە تووشی ئەو دەردە بووین.

وتم ئەوە دکتۆر تۆ چی دەڵێی، بۆ ئەم شارە زۆری وایە؟ وتی کوڕە سوێندم پێ مەخۆ کە تۆ ئەخیر کەسی باشە ئەوە تۆ لەکوێ بووی ئەی نەخوێندەوار، ئاخر ئەگەر ڕۆبنسون کرۆزۆت بناسیایە، زۆر لەمێژبوو هاتبووی. وتم توخوا دکتۆر کاتی ئەو سووکایەتییە نییە. وتی بابە تۆ زۆر تاوانباری. وتم تەنیا لەبەر ئەوەی ڕۆبنسون کرۆزۆ

ناناسم، وتی ئەی ئەوە کەمە. وتی نەخوێندەوار ئاخر ئەگەر ئەوت بناسیایە خۆشت دەناسی، بەدوای شتی دیکەیشدا دەگەڕێی، لە شتە نادیارەکان نزیک دەبیتەوە. وتم باشە ئەم ڕۆبنسون کرۆزۆیە ئەوەندە زانایە، دکتۆر وتی بەسە با ئەوەندەی تر وەڕس نەبم.

مانگێک پێش ئێستا دوای ئەوەی دایکم لەماڵی پوورم گەڕایەوە، لەجیاتی ئەوەی خۆی بکات بەماڵی خۆماندا کە دەرگاکەمان کرابووەوە، لێکدا لێکدا لە دەرگای ماڵی دراوسێکەمانی دەدا، واتە ماڵی حاجی. بانگم کرد، بەڵام گوێی لێ نەبوو، دەست بەجێ بانگی باوکم کرد، وتمان لەوانەیە هەواڵێکی پێ بێ بۆیان. دەرگای دراوسێکەمان کرایەوەو دایکم چووە ژوورەوە. ئەم ڕووداوە هەڵە تێگەیشتنێکی لێ کەوتەوە، بووە هۆی ئەوەی کە باوکم بەو ئەخیری پیرییەوە دڵ لە دایکم پیس بکات، بەڵام حاجی کە چەندین ساڵ بوو دراوسێمان بوو، سوێندی بۆ باوکم خوارد کە دوای ئەوەی دایکم چووەتە حەوشەی ئەوانەوە لە هەیوانەکە دانیشتووەو بە حاجی وتووە ئا پیاوەکە چایەکم بۆ تێ بکە، چونکە لەو کاتەدا حاجی و حاجی ژن چای چێشتەنگاویان دەخواردەوە، دوای ئەوەی ژنە بەسۆزەکەی حاجی چایەکە دەداتە دەست دایکم، ئەو کات دایکم ئەو ژنە دەبینێ و دەڵێ چییە پیاوەکە ئەوە ژنت هێناوەتە ماڵەوە؟ ژنەکەی حاجی دەداتە قاقای پێکەنین و بە خەمبارییەوە دەڵێت کچێ ئەوە تۆ چی دەڵێیت ئێرە ماڵی ئێمەیە، ئەودیو ماڵی خۆتانە. دایکم تازە قومێکی لە چایەکە دابوو لە قوڕگیدا هێشتییەوە، خەریک بوو بچێتە بۆڕی هەناسەیەوە، وتبووی ببوورن ببوورن بە قورئان وام زانی ماڵی خۆمانە، بەڵام خۆ چایەکەشتان سوێرە ئێوە لەبری شەکر خوێ بەکار دەهێنن؟ حاجی و ژنەکەی سەرو قومێکیان لە چایەکەیان دابوو پێکەنینیان بیرچووبووەوە.

ئیدی دایکم بە پەلەو بە تەریقییەوە ڕایکردەوە بۆ ماڵی خۆمان. باوکم بە تووڕەییەکەوە کە کەمێک بەزەیی تێکەڵاوە لە دایکمی دەڕوانی، دایکیشم دەیوت وەڵاهی خۆشم تێناگەم بۆ ماڵی خۆمانم لێ تێکچوو، چایەکەی ماڵی حاجی سوێر نەبوو، بەڵام شیرینیش نەبوو، بۆیە وتم سوێرە، ئیدی لە دەمی حاجی و حاجی ژنیشدا تامەکەی بووە سوێر، خەریکە شتە دووبارەبووەکان بیر دەچنەوە.

حاجی و ژنەکەی ئەو ڕووداوەیان زۆر بەلاوە ئاسایی بوو، مەبەستم دایکمە کە خۆی کردبوو بە ماڵی ئەواندا، چونکە چێشتەنگاوێک حاجی دراوسێمان لەگەڵ ژنەکەیدا ئەوەندەیان چا خواردبووەوە تا بە پەلە هەرچی گەڕەک بوو ڕژا بەسەریاندا، هەر چایان خواردبووەوە و نەیانزانی بوو تامی چی دەدا، حاجی پێنج شەش جار چای بە حاجی ژن لێنابووەوە، وتبووی نەوەک هەڵەکە لە کولانەکەیدابێ، تا وایان لێهاتبوو هەردووکیان بەسەر قۆرییەکەوە ڕاوەستابوون بۆ ئەوەی بزانن چۆن دەکوڵێت، یان زوو ئاگرەکە خامۆش بکەن، بەڵام هەر نەیانتوانیبوو چێژ لە چایەکە وەربگرن، نەیانزانیبوو تامی چی دەدات، حاجی وتبووی ژنەکە ئەوەندە مێشکمان جەنجاڵە، ناتوانین تامی ئەم چایە بکەین، هەست دەکەم هەرچی بیرکردنەوەی باوانمە هی پێش سەدان ساڵ، ئێستا لە کەللەسەری مندا کەڵەکە بووە. ئیدی ئەوەندەیان چا خواردبووەوە لە تاو ئازاری گەدەیان کەوتبوونە هاوار هاوار.

هەندێک دەڵێن ئەمە نەخۆشی بیرچوونەوەیە کە لە ڕێگەی هەناسەو تەنانەت ڕوانینیشەوە دەگوێزرێتەوە، هەندێک شارەزای دیکەیش دەڵێن ئەمە بێزاربوونی مرۆڤە لەو ژیانەی کە هەزارەها ساڵە بەردەوامە بەبێ گۆڕان، واتە بێ توانایی بوونی ئینسانە لە ژیان، ئەم نەخۆشییە بەردەوام لەگەڵ ئینساندا بووە، بەڵام ئێمە لەم سەردەمەدا بەتەواوەتی درکمان کردووە، تۆ هیچ کات لە ژیان بێزار نەبوویت؟ هەندێکیش دەڵێن نەخێر ئەم نەخۆشییە سەرەتا لە منداڵ و گەنجەکانەوە سەری هەڵداوە و ئێستا بووەتە ڕووداوێکی جیهانی، ئیدی خەونی ئینسانیش بەشێوەیەکی دیکە، ئیدی خەڵک بەشێوازێکی دی دەژین. نیگاکان شتانی دیکە دەدۆزنەوە جیاواز لە جاران.

ماوەیەک بێ دەنگی ژوورەکەی داگرتبوو، هەر چاوەڕێی قسەی دکتۆر بووم، بەڵام بینیم داڵغەی ڕۆیشتووە و لە کەسێکی بەندکراو دەچێت. سەری خستبووە سەر مێزەکە، پاشان چاوی نووقاند، وتم دکتۆر یانی نەخۆشییەکە گشتییە، وتی ها، ئافەرین. وتم ئێستا چارەسەری من چییە؟ وتی بەیانی وەرەوە بۆ ئێرە، بەڵکو تۆش چیرۆکەکانی خۆت بگێڕیتەوە، تا بتوانین سەرەداوێک بۆ هەردووکمان بدۆزینەوە. نەمتوانی هیچ بڵێم، سەرم گێژی دەخوارد، باشە خۆ دکتۆریش نەخۆشە، نەخۆشییەکی سەیریش زۆر چەنەبازە، ئەم نەخۆشانە چۆن خەڵکی شار چارەسەر دەکەن؟ ئیدی بەلۆژە لۆژ هاتمە دەرەوە، هەر وابیر دەکەمەوە تا چەند ڕووداوێکی ئەم دواییانەی خۆم هەڵبژێرم و بەیانی بیگێڕمەوە، ئاخۆ بەیانی دەتوانین بەهەردووکمان چارەسەرێک بدۆزینەوە؟.



# گونەهکار

**ئەنوەر کاراهان**
**(ستۆکهۆلم)**

تەمەنێ من چەند بوو، ئەز نزانم، لێ ریهو سمبێلێن من هینا نوهـ ددان دەر. دێیا من نەما سەرێ من دشوشت، ژ بەر کۆ ئێدی بەرزکا من ژی رەش بووبوو. ئەز نە خۆرت و نە ژی زارۆک بووم، خۆرتک بووم. گاهـ ل کوچەیێ د ناڤ زارۆکان دە ب لیستنا شاقوولێ ڤە مژوول دبووم و گاهـ ژی ل سەر رێیا مزگەفتێ ب چندک و لۆتک بووم دا بگێژم سەر لمێژا عەسر و موغوربەیێ. گاهـ ب دەستمێژ بووم و گاهـ ژی شەیتانپێکەنیایی بووم. هینا زرنەپخێن و ئارێ د ناڤ لنگێن قیزێن مەحەلەیێ دە کۆ پێسیرێن وان بەلبوویی بوون ژ بۆنا من د ناڤبەرا لیستۆک و ماریفەتەکە مێرانیا ژ زرتۆلەتیێ وێدەتر بوو. نە کەر و داهشکێن ل بەیاران و نە ژی قەرەچیێن کۆ د رۆنکاهیا رۆژێ دە ل پارسێ دگەڕیان کۆ پێسیرێن وان هەتا ب نێڤی د بەسکورێن وان دە دەرکەتی بوون و نە ژی دێلکلکرن و جۆمەردیا جیرانا مە ژ بۆنا من ئیفادەیا تشتەکی بوو. ب تەنێ، پەیداربوونا هۆڤیتیا بزاڤەکە نەدیار ل ناڤ راهنێن من رادبوو کۆ خوە ل بەدەنا من ئا ناشی رادپێچا و وێ گاڤێ ئارەکی ئێزنگێن مازی د هناڤێن من دە ڤێدکەت کۆ ل قونجکێن خالی، د هەر هێنکاهیەکە ئێڤارێن هاڤینێن مە دە دبوو دەستپێکا تەقینا ڤۆلکانەکێ.

ئەز هینا نوو ژ ناڤ بێجەمەیێ سەرخەتان، ژ قوتکێ زەر- توورنجی و سۆلا لاستیکی فلیتی بووم و ل کنجێن قوماشێن ئوتیکری های بووبووم کۆ ژ دەستێن وێ نازکا باژاری د پێشەنگەها بەدەنا من دە خوە ل لاشێ من "زامۆتەی" رادپێچا.

ئەو ژنەکە باژاری بوو کۆ نە ل گۆرا تو عورف و عادەتێن مە بوو. نە زمانێ وێ و نە ژی رابوون و روونشتن و تەڤگەرێن وێ وەک یێن مە بوون. هەر گۆتنەکە وێ ب کەن و پاشگۆتنیێ، ب قەرف و متوقولکان دهات ئیفادەکرن و

تەکرمە و فسگەنیتی لێ دباریان. تو نەدما کۆ ئاهلێن مە وێ شـەمـۆکی رابکن، وێ ب چۆل و چەپەلان بخن و دووڤک و تەنەکەیان ب دوو وێ ڤە بزەلقینن. نە تو کەس ل خوارنچێکرنا وێ یا بەدەو های دبوو و نە ژی کـەسی گوه ددا ڤاهوەچێکرنا وێ یا ژ ماریفەتا شاهبانوویان کۆ کەف د سەر ڤراخێ فەرفووریێن فنجانان رە دحەرکی، نە کەس ل ئارێ د بەدەنا وێ یا جوان دە های دبوو کۆ د بن وێ کالەمێری دە دتەمسی و نە ژی ل حس و داخوازێن وێ یێن مەلوولی، ب تەنێ ل چێکرنا وێ یا نەخشێن سۆر و شیهن های دبوون. نە کەس ل خوەندنا وێ یا کتێبێن ئەدەبی های دبوو و نە ژی ل خوەندنا رۆژنامەیان، ل کۆڤارێن ماگازین و سپۆرێ، ل تەماشەکرنا فلیمێن سینەمایێ - ژ خوە ژ بۆنا چووینا سینەمایێ، ئەو د ناڤ جیرانان دە بووبوو مینا تیترمۆکان - و نە ژی د رۆژێن گەرما هاڤینێ دە، تەڤا دەرپیکێ کنک و پیسیردانکان کەتنا ئاڤا د برکێ دە...

ئەو مینا مەیموونەکە کۆ ژ قەفەسا خوە رەڤیای، هرچەکە هۆڤی و کارخەزالەکە کۆڤی دهات خویا کرن. ژ بەر کۆ ئەو "باژاری" بوو.

ژ بەر ترسا مێرێ وێ بوو کۆ کەسی ب ئەشکەرەیی ڤال و باحسا وێ نەدکر، لێ ل پشت وێ، هەزار پاشگۆتنی دهاتن کرن.

ئەز مینا دەستمالا ل سەر دەستان بووم، گاڤا کۆ وێ ئەز دشاندم کرینا تایێ نەخشان، دەرزی و تخکان. ئەم کرێدارێن وان بوون. ئەو ژن و مێرێن کوردوونده بوون. ناڤێ وێ نە مەسەلە یە. ب کنای، ئەو مێکەوەک بوو کۆ ژ خوەدیێ خوە هاتبوو کرین.

ئەز ل بەر دەستێ وێ مینا چپسکی بووم. دێ و باڤێ من ئەز ژ بۆنا سوخرەیێن وان شیرەت کربووم و ژ خوە من ژی نە ب تەنێ ژ بەر تەمیا وان، لێ ژ بەر بەخشیشێن کۆ یەختیارێ مێرێ وێ ددان من، هەر تم ب داخواز و هرس بووم کۆ وەکە گوهێ ل سەر گازیێ بووم. ژ بلی یەک قورشێن کۆ وێ ددان من، مێرێ وێ ژی د بەر رە بێریکێن من گەرم دکرن کۆ ئەز یەکا ژنکێ نەکم دودو.

ئەڤ ئەمرێ ئیلاهی یە، چ یە، مرۆڤ نزانە، لێ رۆژەکێ کۆ مێرێ وێ د سەر لمێژێ دە بوو، ژ نشکا ڤە ل سەر هێلا خوە یا چەپێ کەت و نەما روهـ پێ ڤە ڤەگەریا، وی عەمر دا حازران...

"خانمێ" خوە ل سەر وی پەرتاند. نە پۆر ب خوە ڤە هشت و نە بسک و گولی، نە خوارن - ب رۆژان - ب دەڤێ وێ بوو و نە ژی ڤەخوارن، نە خوە شووشت و نە ژی ڤەشوشت، نە دەستمێژ و نە ژی تارەت گرت، نە کەت کنجان و نە ب جنووبەت بوو. وێ ل سەر مرنا مێرێ خوە رەش گرێدا و چاڤێن وێ تو تشتەکی دنێ نەدیت. وێ بەرێ خوە ژ جیران و جڤاتێ گوهەرت و سەرێ خوە ژ سەر شووژدەیێ رانەکر، تزبیا نۆدوونەهلبی ژ دەستان نەکەت.

وێ ئێدی نە تەڤ چێکرن و نە ژی نەخش، نە پۆرێ خوە حنە کر و نە ژی لێڤێن خوە سۆر کرن...

ئەز ژی ئێدی د بەر وێ رە دبهوریم و ژ بۆنا وێ مینا خەریب و رێویەکی نەناس بووم. من ژی نە ئەو د سەرشوشتنێن خوە دە دانی بەر چاڤێن خوە کۆ ئەز ل خوە خوەش بینم و نە ژی دەرباسبوونێن وێ یێن د دەستێ سبەهێ دە بالا من دکشاندن کۆ ئەز ل کولیمەک و پاشلێن وێ بنێرم و ب خەیالێن خوە رە شەری بکم. ئەز نە ل وان شەڤێن کۆ مێرێ وێ نەلمالێ بوو دفکریم و نە ژی ل وان کێلیکێن هانێ دفکریم کۆ وێ ب دەستێن خوە ئەز شووت ئی تاهزی دکرم، ژ سەرێ تلیێن من یێن لنگان ب بەدەنا من ئا تاهزی ڤە - مینا تیرمارەکێ- رادپەلکی و ب زمانێ خوە چیپ و پاڤێن من دالاستن کۆ د ئورتەیا هەردو هێتێن من دە ل کەلەمەکی دالقی و دبوو هەوار و گازیا وێ دا ئەز ژ مەرهەمەتا خوە ڤارقلم و هێدیکا دەڤێ وێ ژ جەمەدا ئاگرێ د ناڤبەرا دو شەقەلۆران دەربخم کۆ تو نەدما ئەو د دەڤێ وێ دە بحەلیایا. لێڤێن وێ د ناڤبەرا قەشا و ئاگری دە درجفین کۆ مینا ل بەندە لێخستنا سیلەیاکە تۆبەیێ بە، نەدخوەست ژ عیبادەتا خوە یا وێ گاڤێ ڤەقەتە. بێیی کۆ چاڤێن خوە ڤەکە، ب دەڤ و لەپان لاشێ من ئێ د ناڤبەرا زارۆکتی و خۆرتانیێ دە دپەلاند کۆ پرچکێ نوه لێ دابوو دەر، د دەڤێ وێ دە دبوو مینا شەکرێ پەمبۆی. وێ دو رووکەعەت- فەرز و سێ سونەتێن ئیلاهی ل سەر سینگا من تەمام دکرن کۆ ئەو ژ بۆنا وێ دبوو سوژدەیەکە ژ لڤایا عەیارێ ملایکەت و حۆریان.

وێ سێ مەهو هوڤدهە رۆژان ب وێ سەدەڤاتێ ل بەر خوە دا و د داویا داویێ دە نەما خوە گرت. دبە کۆ ئەڤ نە سووجێ وێ بە، سووجێ من ب خوە بە کۆ من ئەو روویێ خوە یێ کۆ ژ رەنگێ چاروخێ یە ئاڤێت سەر

وێ...

وێ خوە ل حمامۆکێ دشوشت کۆ من ل دەرێ وێ خستبوو. ئەز موخدارەکی وەها ل بەر دەریی سەکنیبووم کۆ هەتانی وێ ئاڤەک ب سەر خوە داکربوو و تەڤا کراسێ بنی هاتبوو دەری ل من ڤەکربوو. گاڤا کۆ دەری ڤەبووبوو، ژ تینا لاشێ وێ و ژ بیهنا پارفومێ، ژخوەبەر داخوازا ڤەخوارنا ئاگرەکی خوە ل لاشێ من پێچا بوو و هەما بێیی ئەو ببێژە کۆ دەرباسی هوندر ببە، من خوە ل دەڤێ دەریی قەوماندبوو و من خوە ل سەر کورسیا بەر دەریی بەرا خوارێ دابوو. شلبوونا پۆرێ وێ و پەنبەبوونا لاشێ وێ زلامتیا من - یان ژی خۆرتکیا من- د هێلینا خوە دە هلنەهاتبوو، دەڤ و درانێن من ل هەڤ کەتبوون گاڤا کۆ من ژێ پرسی بوو بێ تو کار و ئیشەکی وێ ب من هەیە دا ئەز ب جیه بینم، یان نا؟ و وێ ژی دەرحال ئەو تشتێ کۆ د ناڤ لنگێن من دە بەلبوویی فەرق کربوو، تێ دەرخستبوو کۆ تو کارێ من ب وێ تونە یە، ب تەنێ ئەو داخوازەکە کۆ نەما د جان و جەسەدێ ناشیتیا من دە هلتێ و هەما بێیی کۆ ئەم تشتەکی ببێژن، لنگ و دەست، زک و بەرزک و لێڤ و لاپوور بەر ب هەڤ ڤە بەزکی بوون. دەستەک ژ هەرچار دەستان چووبوو سەر بشکۆکا لامپەیێ و ژ بیست تلیان تلیەکێ شەڤ رەش کربوو. بەدەنێن مە خوە ل هەڤ پێچا بوو و زێدایییێن لاشێ من د کۆرت و نەوالێن جانێ وێ یێ سپی- بۆز و نەرم دە، چکیا بوون. ئەز ل سەر دەڤا سینگا وێ بووبووم مینا زیهایەکی، د هەر هلاتن و داهاتنەکێ دە تەشکێن من ل سەر بەدەنا وێ دبوون قارمیچە و هەزیران. شرینا خوێدانێ ب بەدەنێن تازی ڤە دحەرکی کۆ قرش و قال بەر ب وێ لەهیێ دکەتن، ل قەرەخا نەوالەکێ دگەومی و ب پێلەکە مەزن رە دتەقیا. نە کەڤر و کوچکان و نە ژی تو دار و دەڤی و بەنان خوە ل بەر وی چەمێ شیر و شەربەتێ دگرت.

ئەم هەردو ژی مودەتەکێ وەها بێدەنگ ل تەنشتا هەڤدو ب ئاوایەکی رامەداندی دمان. نە دەنگ ژ من دهات و نە ژی ژ وێ. ب تەنێ دەنگێ دلۆپێن ل پەی فرتۆنەیەکە ل دوو بابیسۆکان دنوقوتی.

لۆشبووینا لامپەییێن کوچەیێ د پشت پەردەیان رە دیار دکر کۆ ئێدی ئاڤ ل ئاگرێ بەدەنێن گونەهکاران بوونە و خوێدانەکە مەزەلۆقی ب زۆرێ وان ژ هەڤدو دقەتینە. کەسەر و بیهنڤەدانێن وێ، هێنکاهیا سورا بیهنا وێ و گوپەگوپا سەر دلێ وێ جارەکە دنێ ئەز هار دکرم کۆ تشتەک ژ بەدەنا من ئا خۆرتکیێ مینا حووتەکی رادبوو سەر خوە. تلیا من ئا ئەشهەدێ دکەت دەڤێ وێ و چۆنگا من د ناڤ لنگێن وێ دە، ل جیهێ کۆ شلووپلبوویی مەخەل دهات. ئای و ئویێن وێ، خرۆش و پرۆشێن من و وێ، د دیوارێن ئودەیێ دە عولان ددان و ل مە ڤەدگەریان. هەتا کۆ ئەو دەنگ دگیهاشتن مە، دەنگێن نوو دەست پێ دکرن و ڤێ جارێ دەنگێ نۆتاییێن وان تێلان، مەلۆدی و پەردە دگوهەرتن. نە دەنگێ کەمان و قانوونێ و نە ژی یێ رباب و بلوورێ، نە یێ چەلۆ و بزقێ و نە ژی یێ عود و جومبوشێ بالا مە بەلاڤ دکر، ئەو دبوون تەمپۆیەکە ژ ئاهەنگا رەقسا ئەجونەیان، دبوو ئیلاهیەکە ژ عیبادەتا مە یا وێ بیستکێ، هەتا کۆ گرمینیا دەنگێ گۆپالێ دەڤا داهۆلڤانەکی چەڤنەخەلی دەردکەت، وێ گاڤێ ئێدی نە ئەو یەکە ژنەبیه بوو و نە ژی ئەز خۆرتکەکی ناشی بووم، مە هەردویان ژی خوە مینا "گونەهکارێن" مەلوول حس دکر.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە د کۆڤارا (چرووسک) هەژمار ١ دە بەلاڤبوویە. هەروەسا ل مالپەرێ (نەفەل) دوبارە د گۆشەیا کورتە چیرۆکان دە جهێ خوە گرتیە. ژبەر ئاستێ تەکنیکیێ وێ و ژ بێخەمەت ناشنابوونا خوەندەڤانێن باشوورێ کوردستانێ، مە ب فەر دیت کو ژ ڕێنڤیسا لاتینی بڤەگوهێزین ژبۆ ئەوێ ڕێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.**

**«ڕامان»**



# سەید خان

**یلماز گونای**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

چیاکان بەفر داپپۆشیون، سەیدخان، بە سواری ئەسپ بە ڕێگاوەیە.. بیر لە وتەکانی «کەژێ» دەکاتەوە.. قسەکانی ئەوی بیر دەکەوێتەوە... «سەیدەکەم، من لقێکی باریکم وشک نەبمەوە چاوەڕێت دەکەم، لەناو گۆڕیشدا هەر چاوەڕێت دەکەم، بەسەر گۆڕەکەمەوە گولیلکەش سەوز بێ چاوەڕێت دەکەم، بستێ گیا لەسەر گۆڕەکەم بڕوێ چاوەڕێت دەکەم...»

لەو ڕۆژانە پڕ مەینەتی و ئازارەیدا، ڕۆژانی بێ ئومێدی، ئەو ڕۆژە سەختانەش، هەمیشە «کەژێ»ی لەبیر دەرنەدەچوو.. پێکەنینە گەرموگوڕەکەی، ڕوانینە سڵەکەی، لە خەیاڵدا هەڵگرتبوو..

ئەو هەندێ جار وەک سێبەرێکی فێنکی دارێک داڵدەی دەدا، هەندێ جاریش چرایەک بوو ڕێگای بۆ ڕۆشن دەکردەوە.. بە سەبر و تەحەمول.. خۆڕاگرە.. گەرموگوڕە..

«تۆ سەیدخان، هەڵۆیەکی و منیش چۆلەکەیەکی بچووکم بمخەرە ژێر باڵت و بمبە..»

ئەو ئاوای دەگوت.

ناوی، سەیدخانە، لەناو خەمەکانەوە، لەناو خوێنەوە دێت.. دەشتاییەکە و گۆلە ئاوەکانی پاش بارانی ئەو دەشتاییەی دەبڕی، هەر هەنگاوێکی دەنا لە دوێنی ڕزگاری دەبوو، دەکەوتە ئەمڕۆوە..

سەید خان و کەژێ کەوتبوونە سەر زاران، چیرۆکی ئەڤینیان کە دەگێڕدرایەوە، قژەی لە دڵان هەڵدەساند، کچانی ئەو دەشتاییانەی بەگریان دەهێنا..

سەیدخان، کەس نەیدەوێرا تەماشای چاوی بکات، چاوی ترسی لە دڵان دەخست.. کاتێ سەرباز بوو، لەگەڵ «مورشید»ی برای «کەژێ»دا هاوڕێ بوون.. یەکتریان زۆر خۆش دەویست..

پیاوی ئازا، ناحەز و دوژمنی زۆرە.. سەید خانیش دوژمن و ناحەزی زۆر بوو، بەڵام گوێیی پێ نەدەدان..

سەیدخان، کە «کەژێ»ی بینیبوو، سەید عاشقی کەژێ ببوو. «کەژێ»یش ئەوی خۆش ویستبوو.. ئاگری عەشق تا دەهات بلێسەی دەسەند.. سەیدخان ئۆقرەی لێ بڕا، بە مورشیدی هاوڕێی گوتبوو:

«برا.. من بە چاوی خراپ تەماشای خوشکی هاوڕێ ناکەم.. بەڵام، کەوتوومەتە حاڵێکەوە ئۆقرەم نەماوە.

ئاگرێ لە دڵمدا هەڵایساوە».. وای گوتبوو، بەشەرمێکەوە پێی گوتبوو: «بە فەرمانی خوداو وتەی پەیامبەر، ئەگەر ڕازی دەبیت کەژێ...».. مورشید تێگەیشت، بەڵام دەیزانی سەیدخان دوژمندارە، وتبووی:

«برا... خوشکەکەم، هێشتا منداڵە، تەنیا خوشکی برایەکە.. من تۆم خۆش دەوێت، بەڵام خوشکی خۆم بە کابرایەک نادەم هەمیشە دوژمنی بە دواوە بێت..»، وتبووی نایدەم و دڵیشی کرماوی ببوو، کە زانی خوشکەکەی دڵی بە سەیدخانەوەیە.. وتبووی: «من خوشکەکەی خۆمت دەدەمێ، بەڵام تۆ دوژمنت گەلێکە، سبەی دەتکوژن و خوشکەکەم بە بێوەژنی دەمێنێتەوە، تۆ جارێ خۆت لە دوژمنەکانت ڕزگار بکە، ئەوجا وەرە، قسەم داوە خوشکەکەم هی تۆیە...» مورشید، وای بە سەید گوتبوو، لەدوای ئەم حەکایەتەوە، سەیدخان «کەژێ»ی دیتبوو، وتبووی: «کەژێ، لە مورشیدی برات خوازبێنیم کردووە، بەڵام ڕازی نەبوو..».

کەژێ وتبووی: «سەید تۆ هەڵۆیەکی بۆ خۆت، من چۆلەکەیەکی بچووکم، بمخەرە ژێر باڵت و بمبە..» کەژێ وای گوتبوو...

«باڵم شکاوە کەژێ، خوشکی هاوڕێکەم ڕەدوو ناکەم، مورشید لە بێوەژنی تۆ دەترسێت، لە زۆر بوونی دوژمنانم سڵ دەکات.. چاوەڕێم بکە.. من دەڕۆم» سەیدخان، ئاوای بە کەژێ ڕاگەیاند..

«بۆ کوێ دەڕۆی؟! سەیدەکەم، باڵندەی دڕندە تەمەن کورتە، دەتکوژن، منیش تەنیا دەمێنمەوە» «نابێت، کەژێ نابێت.. مورشید ڕاست دەڵێ، بلبل بەسەر لقێکەوە دەنیشێتەوە گوڵی پێوە بێت، دەزانی دەبێ بڕۆم، دەزانی دوژمنم زۆرە، ئەگەر نەمردم و مامەوە دەگەڕێمەوە کەژێ، ئەگەر کەوتمە حەپسخانەکان چاوەڕێم دەکەیت؟ دوور کەوتمەوە چاو لە ڕێگام دەبڕی؟..»

«من لقێکی باریک و لاوازم سەید، وشک نەبمەوە چاوەڕێت دەکەم، بەسەر گۆڕەکەشمەوە گولیلکە بڕوێ هەر چاوەڕێت دەکەم، بستێ گیا لەسەر گۆڕەکەم بڕوێ چاوەڕێت دەکەم...»

سەید، دەگەڕێ و بیر لەم وتانە دەکاتەوە..

«باشە کەژێ» وای گوتبوو و فیشەکێکی لە دەمانچەکەی دەرهێنابوو:

«ئەم فیشەکە با لای تۆ بێ، خۆت بە ئەمانەت لای خۆت دادەنێم و دەڕۆم...».

دەمەو شەبەقێک لەماڵ دەردەچێ و دەڕوات.. ئەو ڕۆیینەی ساڵانێکی خایاند.. دواجار دەبیستن: لە زینداندایە.. ڕۆژێکی دیکە هەواڵ دێ سەیدخانیان کوشتووە..

تەنیا گۆڕەکەی «سادق دەدە» لەناو گۆڕستانەکەدا بۆیەی سپی کراوە، لەوناوەدا بنجە قامیشی زەردهەڵگەڕاو بەنازێکەوە بەسەر گۆڕەکەدا لەگەڵ داری گوڵ و توو، دارخورما، هەنجیر بەنازەوە لارە لاریانە.. بەهارە، ئاسمانێکی شینی ساماڵ جریوەی مەلان دێ.. لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵ و سورنا دێ..

مجێوری گۆڕەکە- مام هیدایەت- لە دوور ڕا سوارێک دەبینێ، ڕووی لە گۆڕستانەکەیە، بۆی ساغ نابێتەوە ئەسپ سوارەکە کێیە.. سەری لەوەش سوڕدەمێنی چەکدارە.. تفەنگ و ئەسپ سوارێک.. دەبێ کێ بێت ئەم ئەسپ سوارە؟ «تۆ بڵێی خۆی بێ؟!»

تا نزیکتر دەبێتەوە، مام هیدایەت ئەوەی زەینی بۆ چوو بوو، مسۆگەرتر دەبێت..

هەر لە دوورەوە، ئەسپ سوارەکە دەڵێ.. «سەیدم.. سەیدخان» یەکتر لە باوەش دەگرن.. ئا.. ئەمە سەیدە.. خۆیەتی، هێشتا «سەید وتیان مردوویت، کوشتووتیان»..

سەید، بە دیاری تەسبیحێکی بۆ مامە هیدایەت هێناوە.. گوێی لە دەنگی دەهۆڵە.. گوێ هەڵدەخات، دەپرسێ:

«شاییە؟».

مام هیدایەت، سەری دادەخات، حەز ناکات تەماشای بکات، هەوڵ دەدات وەڵام نەداتەوە، لە وەڵامدانەوە خۆی دەدزێتەوە..

سەید دەپرسێ: «لە یەنیجە» زەماوەندە، زەماوەندی کێیە؟!»

«زەماوەندی حەیدەر بەگە..». قسەکەی تەواو ناکات و

ڕاستییەکەی ناڵێت.. سەری دادەنەوێنی، دیارە نایەوێ تەماشای سەید بکات..

هەڵسوکەوتی مام هیدایەت گومان دەخاتە دڵی سەیدەوە.. «زەماوەندی حەیدەر بەگ!!؟».. بیری دەڕوا و بیر دەکاتەوە.. «دەبێ کێی هێنابێ؟»..

گوێی لە ناوێک دەبێ، وەک ڕم دڵی دەسمێ.. نایەوێ بڕوا بکات.. «کەژێ؟» خۆی بەخۆی وا دەڵێ.. دڵی دەکەوێتە لێدان..

مام هیدایەت پەی بەوە دەبات چی لە دڵ و مێشکی سەید دایە.. بە ئەسپایی دەڵێ:

«.. زۆر چاوەڕێی تۆیان کرد، بەڵام، کاتێ وتیان سەید خانیان کوشتووە.. سەیدخان مردووە، کەژێ خۆی هاویشتە ناو بیرەوە، بە هەزار حاڵ دەریان هێنا، سێ ساڵی ڕەبەق وەک مەڕی گێژ بەو ناوەدا دەسووڕایەوە.. دواجار، بەمکوڕی باوکی ڕەحمەتی بە حەیدەر بەگیان دا.. تۆ لەم بارەدا هیچت بۆ ناکرێ و لەدەست نایەت، تاکە ڕێگا ئەوەیە.. چۆن هاتووی، ئاوا بێ دەنگ بگەڕێیتەوە...»

ڕۆیشتن.. هەروا سووک و ئاسان بەبێ دەنگیش. سەید پیاوێکە خۆی بەدەست قەدەرەوە بدات و خۆشەویستەکەی بەجێ بهێڵێ و بڕوات؟ لەو پیاوانە نییە، بەڵام «مورشید» قسە و بەڵێنی لە دەم دەرچووە...

سەید دەڵێ: «سەد جاری بەڵێن دابێ، مورشید یەکەم جار بەڵێنی بە من داوە..»

لەپێشدا حەیدەر بەگ و دواتریش مورشید هەواڵی گەڕانەوەی «سەیدخان»یان پێگەیشت.. هەردووک ڕەنگیان هەڵبزرکاو زەرد هەڵگەڕان، لەم لاشەوە سەید حەوت ساڵە چاوەڕێی کەژێ دەکات و خەم و ئازار و دەربەدەری لەپێناو ئەودا چەشتووە.. ئەم گەڕانەوەیەی سەید دەبێ چی لەگەڵ خۆیدا بێنێ؟

مورشید سەیدخانی لای گۆڕستانەکە بینی، لە ئەسپەکەی دانەبەزی، باوەشی بە هاوڕێ خۆشەویستەکەیدا نەکرد، لەژێر تەماشای گوناهباریی خۆیدا توایەوە..

«بەخێر بێیتەوە سەیدخان.. دەزانم لەمن تووڕەی!»

بێدەنگییەکەی سەیدخان، مورشیدی زیاتر شەرمەزار کرد.. «مام هیدایەت حاڵی ئێمەی بینی و پێ دەزانێ.. ئێمە تۆمان بە مردوو زانی.. قسەیەکمان کردووە، ناتوانین پاشگەز ببینەوە، خوشک هەبوون کارێکی سانا نییە، من «کەژێ»م بە حەیدەر بەگ داوە.. ئەمڕۆ زەماوەندیانە لە یەنیجە».

«ئەی ئەو بەڵێنەی بەمنت داوە، لەبیرتە مورشید؟».

«چاکم لەبیرە..»

«مادام وایە، «کەژێ»ی خوشکت هی منە و وا گەڕاومەتەوە».

«گەڕاویتەوە، بەڵام درەنگ هاتووی، کەژێ بەتۆ نادرێ».

«هەڵی دەگرم».

« تا من ماوم ناتوانی. «کەژێ»یش ڕازی نابێ لەگەڵتا هەڵبێ.. حەز دەکەی خۆتیش قسەی لەگەڵدا بکە».

«دەیکەم».

«ئەم شەوت بەدەستەوە ماوە، سبەی دەگوازرێتەوە»

سەیدخان، بیر دەکاتەوە چی بکات!

گوێ لە کەژێ دەگرێ، لەدوای بڕیاری ئەو، بڕیارێک دەدا..

مورشید دەڵێ: «کەژێ»ی خوشکم ئەم برایەی تۆ کێشەکەی گەورەیە.»

کێشەکە چییە؟ کەژێ تێناگات.

«چی کێشەیەکی هەیە.. خێرە؟»

«خێر نییە».

کەژێ، دەشڵەژێ، قسەکەی مورشید ئاڵۆزی دەکات! دەبێ چی بکات، چی دەکات؟! دەکەوێتە ناو بیرکردنەوەیەکی لێڵ و ئاڵۆز- لە پڕ ڕۆشناییەک دێتە دڵییەوە، سەیدی بیر دەکەوێتەوە.. لەو ساتەدا، مورشید دەڵێ:

«سەیدخان گەڕاوەتەوە».

خەریک بوو ببووڕێتەوە، کەژێ بەرگەی هەواڵەکە ناگرێ:

گەڕاوەتەوە.. لەکوێیە؟!».

«لای مام هیدایەتە».

کەژێ، کوتوپڕ ناتوانێ هیچ بڵێ و هیچ بڕیارێک بدات، دێتەوە سەرخۆی، دەیەوێ ڕا بکات و لەو ناوە دوور بکەوێتەوە.. چاوەڕێ کردنی پێ گران و قورس دێت... ئەم هەموو ساڵە دابڕانە، بەڵام لەو دەمەدا هیچ ناڵێ و هیچ دەرنابڕێ.

«کەژێ، خوشکم تۆ کچێکی دەست و پێ بەستراوی.. بە حەیدەر بەگ دراوی.

کەژێ، هیچ نییە و هی کەس نییە کە سەید نەمردبێ، دەزگیرانی ئەوە، هاتووە کەژێ بخاتە ژێر باڵی و ببیات، کەژێ لەگەڵ ئەودا بۆ ئەوپەڕی دنیا دەڕوات، بۆ شوێنێ کەس دەستی پێ نەگات.

مورشید دەڵێ: «درەنگ بوو کەژێ» بەبێ تاقەتییەوە وا دەڵێ.. چونکی وا دەهۆڵ و سورنا لە یەنیجە بۆ کەژێ لێدەدرێ، لە بەڵێن گەڕانەوەش کارێکی نەکردەنییە.

«کارێکی باشمان نەکرد، دەزانم، بەڵام نەمزانی کار بەمە دەگات. ئەگینا من وام دەویست؟ سەیدم چەند خۆش دەویست.»

«تۆ کەژێی خوشکت خۆش ناوێت؟ ناتەوێ سەر بەرز بێت؟ تۆ لە جەژنەکاندا مەڕت سەر نەدەبڕی، بەزەییت پێیاندا دەهاتەوە، ئەی کە خوشکەکەت دەکەیتە قوربانی، دڵت ژان ناکات؟»

مورشید هیچی بەدەستەوە نەمابوو، لە بەرانبەر سەرسەختی کەژێدا نەیدەزانی چی بکات!

کەژێ دەڵێ: «برا» دەپاڕێتەوە و دەگری «دەست مەخەرە ڕێم با بڕۆم.. ڕێگام لێ مەگرە...».

مورشید، بیر دەکاتەوە، بڕیارێکی یەک لاکەرەوە نادات: «بڕۆ... خوشکم بڕۆ، ڕێگات لێ ناگرم، هیچ چارەیەکی ترم نییە.. ئەم هەموو ساڵە نامووسی خێزانەکە بەدەستی تۆوەوە بوو کەژێ.. ئەوەی بەباشی دەزانی بیکە. ئەم شەو سەیدخان دێت و لەگەڵتدا قسان دەکات.»

شتە بچووکەکانی ساڵانی لەمەوبەری بیر دەکەوێتەوە، کاتێ میوەیان دەچنی، لەپاییز کاتێ گەڵاکان زەرد هەڵدەگەڕان. گۆرانییەکانی عەشقی بیرکەوتەوە.. ڕوومەتی شەرمنی تژی خۆشەویستی.. بزە بزی چاوی سەید، کە تەماشای پڕ لە خۆشەویستی تێدا بەدی دەکرد.. ئەو کاتانەی بیر دەکەوێتەوە کە بە ئاگری دابڕان و دوورییەکەی دەسووتا، ئەو دەمەو شەبەقەی بیر دەکەوێتەوە کە ژیانی ژێر و ژوور کرد. دواتریش نەخۆش کەوتنی سەر جێگای، لەخواردن و خەوتن کەوتنی و بیستنی هەواڵی مردنی، بێ ئومێدی دەمەو ئێوارانی، خەوزڕانی شەوانی درێژ و بێ کۆتاییەکان، نائومێدی و پەنا بۆ مردن بردنی و خۆ فڕێدانە ناو بیرێکی قووڵەوە، ساردی ئاوی بیرەکەی بیرکەوتەوە.

لقێکی باریکی وشک هەڵاتوو و گوڵێکی سیسەوە بوو، کەژێ دەتوانێ چی بکات، چی لە دەست دێت؟ کەژێ لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا چی پێ دەکرێ؟ کەژێ چی هەڵوێستێک هەڵبژێرێ؟ تا ناخی ئاسوودە بکات، یان «نامووسی خێزانەکەی» لەبەرچاو بگرێت؟

ئەم شەو لە پێشی سەیدخاندا چۆن خۆی بگرێت و ڕاوەستێ؟ ساڵانێکە بە تاسەیەوە برژاوە.

لەدەرگا هاتە ژوورەوە، کەژێ ڕاوەستا.

بڕوای بە «قەولێک» هەبوو، ساڵانێکی دوورودرێژی بە پەژارەوە گوزەراند، بەڵام نەڕووخا، پشتی بە خۆشەویستییەکەی قایم بوو، دەگەڕێتیشەوە پێی شاد نابێ، کەژێی هەرگیز لەبیر نەکرد، ئەمە سەیدخان نییە لە بەرانبەری ڕاوەستاوە؟ بڕوانە چۆن بە چاوی پڕ گریانەوە بۆ کەژێ دەڕوانێ.

کەژێ، گەورە بووە، باڵای ڕانیوە! کەڵەگەت بووە. ساڵانێ تۆڵەکە و کەنگری کۆ دەکردەوە، دەم بە پێکەنین، خوێن شیرین، کەژێ وەک مەلێکی زامدار داڵدە بە لقەدارێک بدات لێوی دەلەرزێ، چاوی هەڵنایە، هێشتا ئەو فیشەکەی بە دیاری پێدابوو لەملیدایە.

مورشید، لەولاوە وەک گوناهێکی گەورەی کردبێ داوەشابوو، بێ چارەییەکەی خۆی بۆ ناشاردرێتەوە. ئەم بێ دەنگییە خنکێنەرە کێ دەیشەزمێنێ؟

«من هاتووم کەژێ بتبەم» سەیدخان بێ دەنگییەکەی شڵەقاند: لەسەری دەڕوا، بەڵام بیستوومە حەیدەر بەگ.. ڕاستە؟!»

وەڵامدانەوە چەند گرانە، ڕاست و ڕەوان وەڵام دەداتەوە، یان بە دەمی مورشیدەوە دەدوێ؟ دەیەوێ بڵێ، ناڵێ دواجار، بەدەم لەرزینەوە بە دەنگێک وەک لە دوورەوە بێت:

«ڕاستییەکەمان پێ وتووی»..

«بەڵێنەکەمان ئاوا بوو کەژێ؟ بستێک گیا لەسەر گۆڕەکەمان شین بێ، هەر چاوەڕێ دەکەین».

کەژێ، متەق ناکات، تەماشای پێشی خۆی دەکات، سەید دەزانێ کەژێ دەگری، سەید ئاگر لە هەناوی بەردەبێت.

«بە پشتی چەماوە و چاوی پڕ ئەسرینەوە وەستاوی کەژێ.. تۆ بەمە ڕازی بووی کەژێ؟»

دیار بوو ئازاد نەبوو، بە ویستی خۆی قسەی نەدەکرد، دیاربوو بە عەقڵ و ویستی خۆی و بەدڵی خۆی نەبوو کەژێ.. سەید تەماشای مورشید دەکات، تەماشاکانیان یەک دەگرن، تێدەگات کەژێ چەند لەژێر گوشاردایە.

«ڕاستییەکەیم پێ ناڵێی کەژێ، من ئازاری دنیام لەپێناو تۆدا چەشت، بەچیا سەخت و بەفر گرتووەکاندا هەڵگەڕام بۆ تۆ بوو، قسەی ساردم بە بۆنەی تۆوە پێ وترا، تۆ ڕاستیم پێ ناڵێی؟»

«چی بڵێم سەیدخان، چی بڵێم. دەمم هەیە و زبانم نییە.. من خوشکی تاقە برایەکم، شەرەفی خێزانەکەمم، برۆ یەکێکی دیکە بۆ خۆت بدۆزەرەوە. خوا ڕێگات ئاسان بکات. برۆ ئێمە وەختمان نەما.. لقەکەمان وشک هەلات چی بلێم؟»

ئەم ڕاوەستانە، ئەم تەماشاکردنە، ئەم گریانە و ئەم دەنگە ساڵانێک لەمەوبەر، جۆرێکی تر بوو: «من لقێکی باریکم سەیدەکەم وشک نەبمەوە، چاوەڕێ دەکەم» کەژێ ئەوجا وای دەگوت، ساڵانێ لەمەوبەر، ئەی ئێستا؟

«کەژێ ئەم قسانە، قسەی تۆن کەژێ؟!»

«هی منن»

«لە دڵیشەوە هەر وا دەڵێی؟»

«هەمان شتە..!».

قسەکردنی و ئەم بارە چەند لەیەک دوورن، ئەم قسانە لە گریانەوە نزیکن، ئەم ڕوومەتە، ئەم چاوانە لە بەرانبەر ئەم بارەدا چی دەکەن؟

«کەژێ.. من گەلێ ئازارم بینی، بەڵام لە هەموویان سەختتر ئەمەیان بوو»

ئیتر مانەوە لەوێدا بێ سوود بوو، سەیدخان دەبوایە بڕوات.

«کەژێ وا دەڕۆم، خودا بەختەوەرت بکات»

هیچ شتێ نەمابوو سەید بیڵێ، دەڕوات.

مورشید و کەژێ، کپ و بێ دەنگ ڕاوەستاون، کەژێ شتێک لە ناخیدا سەری هەڵدا، دەتوانین ناوی یاخی بوونی لێ بنێین، بەرە بەرە نەشونمای دەکرد، بچووکترین شت دەیتەقاندەوە و ئەو شتە لە دایک دەبوو.

لە تاریکایی شەودا، دەنگی ناڵی ئەسپ دێ.. دەژنەوێ، گوێ هەڵدەخا. چاوەڕێی ئەمەی دەکرد، ئێستا دەبێ ئەو کارە ئەنجام بدات، تەنیا شتیش ئەوەیە خۆی بە سەید بگەیەنێت.

بە هەموو تواناییەوە بانگ دەکات «سەید سەید» بانگی خۆشەویستەکەی دەکرد. دەیەوێ خۆی بخاتە ژێر باڵییەوە، مورشید دەیگرێ و لێی دەپاڕێتەوە:

«کەژێ.. خوشکەکەم، کارێکت کرد تا سەر ببیبە».

خۆی لە بن دیوارێک گرمۆڵە دەکات، سەری بە دیوارەکەدا دەدات و دەگری، بە کوڵ دەگری.. سەید ڕۆیشتبوو.. کێ دەزانێ چۆن ڕۆیی و چ ئازارێک دەچێژێ ئێستا.

کەژێ دەگری، بۆ یەکەم و دوا خۆشەویستەکەی دەگری، بۆ ئەو خۆشەویستییەی کە هەرگیز لەبیری ناچێتەوە.

سەید خان، ناگری، بیر دەکاتەوە... دنیا بووە بە دنیایەکی تر، کەس لەسەر وەعد و قەولی خۆی نەماوە پشتی پێ ببەستی... ساڵانێکی زۆری لەگەڵ ڕەوشت نزماندا، لەگەڵ ئەوانەی هەرچی مرۆڤایەتی بوو تێیاندا نەبوو بەسەربرد.. بەچی بڕوا بکات.

هەرچی کرد بە با چوو... لە شەبەقێکدا دڵێکی زامدار بە باڵی شکاوەوە دابڕا.. ڕێگایەکی پڕ مەترسی کەوتەبەر ئەگەری هەموو شتێکی تێدا بوو.. هەموو ئەمانە «بە دوو قسە بڕوای هێنا.. لە دوژمنەکانت خۆت قورتارکەو وەرە، قسەم یەکەو بە دوو نابێت، خوشکەکەم هی تۆیە سەید...» مورشید وای گوت، «کەژێ»یش دەیگوت: «وشک نەبمەوە، چاوەڕێ دەکەم»، ئێستا دەڵێ: «وەختی ئێمە بەسەرچوو، لقوپۆپمان وشک بووەوە»

ئەوەی لە شەبەقدا دەستی بەگریان کرد، کەژێی خۆشەویستی دوێنێ و بەڵێن شکێنی ئەمڕۆیە.. باشە ئێستا چی بکەم، چۆن ئەم کارە نامەردییە تێک بدەم؟ کەژێ بڕفێنم؟»

باسی دڵی خۆی بۆ مام هیدایەت کرد، نیازی دڵی خۆی بۆ دەڵێ.. دەسبەرداری ئومێد مەبە و سەر شۆڕ مەکە، زرمەی دەهۆڵیش دێ لە یەنیجەوە...

«مام هیدایەت، دەبێ برۆم... دەبێ سەری خۆم هەڵبگرم و برۆم».

«بۆ کوێ دەڕۆی؟!»

کەس شک نابات، بۆ لای کێ بڕوا سەید؟ دایک و باوک، برا، برادەر، دۆست.. هیچ کەسێ شک نابات سەید، تەنیا شتێ پشتی پێ قایمە، توانایی و هێزی کەژێ بوو ئەویش نەما... سەید چۆن خەم و ئازاری خۆی دەربڕێ.

دەردی خـــۆی چۆن و لای کێ بەیان بکات، بۆ کێ دەردی خۆی هەڵڕێژێ؟

لە ئاست ئەم دەهۆڵ کـوتان و زمـاوەندە چۆن سـەبووری خۆی بدات؟

تەماشای باخچەکەی گۆڕستـانەکە دەکات.. دەڕوانێتە دار کاژەکان، گوڵەکان، لقی و پۆپە ڕووتەکان، ڕادەمێنێ و تەماشایان دەکات.

دیقـەتی لقی دار هەنجـیـرەکـان دەدات. بیـر لە کـەژێ دەکـاتەوە، کـە لە دڵی خـۆیدا پەروەردەی کـرد.. کـەژێی هەرگیز لەبیرناچێ.. ئەو شتە بچووکانەی نێوانیان.

کزەیەکی ئەو بەیانییە، بۆنی بەهاری دەدا.. گولیلکەی شین و زەرد، گــوڵاڵە ســووره، مــێــشــەنگ، ئاو ڕۆشنکەرەوەکان. قورینگان.. هەمـوو شتێ، هەمـوو شتێ «کەژێ»یان وەبیر دەخستەوە.

دەنگی دەهۆڵ دێ، هەر دەیکوتێ.. ئەم دەهۆڵ کـوتانە بۆ هەندێ نائومێدی دەبەخشێ و بۆ هەندێکیش خۆشی و لای کەسانێکیش ماتەمینی و مردن و بیری مردن زیندوو دەکاتەوە.

«مردن..!»

چەند تەنیـایە سـەید خـان، لە ئێسـتـادا شـتێک نییـە دەستی پێوە بگرێ.

کـەژێ، لەناو جلی بووکـێنیـدایە.. ئەسپ سوار و ئاڵا بەدەست لە دوورەوە دەبینێ، تەقــەی خــۆشی دەکــەن، دەهۆڵـە سـوڕنایە، گـۆرانیـبـێـژ دەنگی تێکردووە.. بێ چارەییـەکەی دەیخاتە باری هەڵچوون و تووڕەیی، ڕق و کینە لە دڵێدا دەڕوێنێ. وەک هەستی پێکردووە، کەژێ بەم کارە ڕازی نییە.

تەنیا خوشکی برایەکە، نامووسی خێزانەکەیەتی و مل بۆ قسەی مورشیدی برای دەخەوێنێ، قوربانییە کەژێ.. خۆ مورشیدیش ڕازی نەبوو، بەڵام بەڵێنی داوە، لە دەمی دەرچووە، برایەوە.. لە قسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە. ئەو تفەی ڕۆکردووە بۆی هەڵناگیرێتەوە.

ئەی سەید چی وای کرد مل بخەوێنێ؟

خۆیشی نازانێ، هەندێ جار لە دەرەوەی ویستی خۆی پیاو شتی بەسەردا دەسەپێ.

وا کەژێ دەبەن، سواری ئەسپێکی دەکەن و دەیبەن. بە جلی بووکـێنی سـپـیـیـەوە و خـەم و ئازاری ڕەشـەوە، بۆ حەیدەر بەگی دەبەن، دڵی سـەیدیش لەناو زوڵومـاتدایە، دڵی زامدارە سەید.

چۆن ئەم ئازارە بەتاڵ کاو بیرەوێنێتەوە و ئەم بارە گرانە فڕێ بدات.

شمشـاڵێ لە تەڵە قامیشی دروست دەکات، بە شمشاڵ دەردی خۆی بەسەر دێکەدا دەڕژێنێ، بێ وشە، بێ ئەوەی ڕستـەیەک بڵێ، بێ جووڵە، بە جادوویەکی لێهـاتووانەوە شمشـاڵێ دروست دەکات، لە تەڵە قامـیشـێکی باریک، ئێوارە دادێ، زەردەی ئێوارە، ئاوەکان زەرد هەڵدەگەڕێنێ، سـوور دەڕوانێ، ئاسـمـان دەبێتـە گـەڵای گوڵێکی وشک هەڵاتوو ڕەش دادەگـیـرسێ و بەرانبـەر بە تاریکاییـەکـەو قـەحـــپـــەیی و ئازار و هـاواری خــۆی ڕۆشنایی دەژەنێ سەیدخان..

خـەم باڵێکی بەدەسـەڵاتە شـەوی ئەو دەشـتـاییـە دادەپۆشێ.

حەیدەر بەگ، ئەو کاتەی داوای کەژێ دەکات ساڵێک بەسەر هەواڵی مردنی سەیدخاندا تێپەڕیبوو. ماوەیەکیش بە نیشانکراوی مابوونەوە.. لەو ماوەیەدا تەنیا سێ جار توانی کەژێ ببینێ.. هەر سێ جارەکەش باش تەماشای ڕوومەتی نەکردبوو، هەر جارێکیش کە دەیدی، گوێی لە ناڵە و ئازاری دڵی کـەژێ دەبوو، دەشـیـزانی ئەوی بەدڵ ناوێت. لە هەڵسوکەوتیدا بە ئاشکرا دیاربوو.. بەڵام لەو بڕوایەدا بوو، زەمەن هەمـوو شـتێک لەبیـر دەسڕێتـەوە، هەرچی چۆنێ بێ، سـەیدی لەبیـر دەردەچێت، ئەوجـا خۆشەویستی کەژێی دەست دەکەوێت، بۆ ئەمەش، هەموو لێبوردن و فـیداکـارییەکی دەکرد حەیدەر بەگ.. هەندێ جـاریش دڵی پێی دەسـوتا و بەزەیی پێـدا دەهاتەوە، جاری واش دەبوو ڕقی دنیای لێ دەبووەوە.. هەندێ جار دەیویست خۆی بخاتە جێگای ئەوەوە، پرسیـاری سـەید خانی دەکرد لە گـوندییـان، تایبەتمەندییـەکانی چی بوون، بێ بێزاربوون گـوێی لێ دەگـرتن. هەمـوویان دەیانگوت: «مـەرد بوو».. پیـاوێکی ڕاست و سـاغ بوو، پشـتی پێ دەبەسترا، جوامێر بوو، خۆ بەخت بوو، برادەرێکی گیانی بەگیـانی بوو... هەر لە گـەنجییـەوە دەیانناسی، دەست و تفـــەنگی بێ هاوتایە، لە دووری ئەوەندە هەنگاوەوە جگەرەت بۆ دەپێکێ. چاوی لە خراپە نەدەپۆشی، بەڵێنی بدایە تاکـو مـردن پەشـیـمـان نەدەبووەوە، بڕوای بە شـتێ بوایە خۆی لەپێناویدا بە قوربان دەکرد..

حەیدەر بەگ، هەمیشە بیری لە کەژێ دەکردەوە، بەڵام

کەژێ سەید خانی لەبیر نەدەکرد.. حەیدەر، بیری لە هەردووکیان دەکردەوە، بەڵام نەفرەتی لە سەید دەکرد.
لە دووەم ڕۆژی زەماوەندەکەدا، سەیدخان گەڕایەوە، کەس چاوەڕێی گەڕانەوەی نەدەکرد. لە کاتێکی ناسکدا پەیدا بووەوە، ئەوکاتەی لەسەر سفرەی نانخواردنی زەماوەندەکە بوون.
«ئەم بەیانییە سەیدخانیان بینیوە»، هەواڵێکی لەو جۆرەیان بە نهێنی بە گوێدا چرپاند.. پەشۆکا، شڵەژا.. چ بکات؟
ئەم هەواڵە بەر لە ئامادەکردنی زەماوەندەکە بوایە شتێکی دیکە دەبوو، هەوڵێکی چارەکردنیان دەدا، لەوانەش بوو دەکشایەوە بۆ سەیدخان ڕێگای چۆڵ دەکرد. ئێستا لە وێستگەیەکی بێ گەڕانەوەدایە، وا زەماوەندە. دۆست و دوژمن ئاگادارە، پاشگەزبوونەوە و دەست هەڵگرتن لە کەژێ نەبووە و ناکرێ..
دەهۆڵ زرمەی دێ، ڕەشبەڵەکە، تەقەی خۆشی بە ئاسماندا دەکرێت. خواردنەوە دەخورێتەوە. ڕێگایەک نادۆزرێتەوە بۆ دەرچوون لەم کێشەیە، کاتێ تەراشی زاوا دەکرا تەقە بەسەر سەریەوە دەکرا، شووشەی عەتر دەپرژێنرا، هەر هەمان پرسیاری لەخۆی دەکرد:
«چی ڕوو دەدات.. ئەم کارە بە کوێ دەگات؟!» لە شەوی پەردەدا، بەبێ ئاگایی برا زاوا بووە گڵۆڵەیەک لەبێ دەسەڵاتی..
کەژێ، کە لە پەردەدا بوو، بیری لەچی دەکردەوە؟ بەچی ڕوویەکەوە، بەچی زاتێکەوە پێشوازی لێ دەکات؟
«چیای حەسەن دۆڵاو دۆڵە
شێر بێشەی تێدا دەکات
بۆ ئازایەک، یارێک بەسە
نابێ هەرگیز، دووی خۆشبوێ»
برا زاوا ئەو گۆرانییەی بە ئاوازەوە دەگوت.
کە گۆرانی تەواو دەبوو، تەقە دەستی پێدەکرد، دەهۆڵ و زوڕنا لێ دەدرا.
دەنگە دەنگ و هاوار دەست پێدەکات، حەیدەر لە دەرگا نزیک دەبێتەوە.. دەیویست تا دەتوانێ دوور بکەوێتەوە. ڕا بکات و هەڵبێ.. بۆ شوێنێکی دوور بڕوات و کەس پێی نەزانێ.
یەکێک هاوار دەکات «با بڕۆین با بڕۆین»
«بۆ کوێ؟»
«هەریەکە و بۆ باوەشی خۆشەویستی خۆی»
زەڵە زەڵ و هەراوهۆریا.. ڕێژنەی تەقە.. مشت بەرز دەکرێتەوە.. بۆ بەر دەرگای ژووری بووک، دەڕوات.. ئارەقەی کردووە.. دڵی کوتە کوتێتی.
باشە، ئێستا چی دەکات و لە کوێ خۆی دەشارێتەوە؟
بە پەیژەکاندا بەکاوەخۆ سەردەکەوێت، وا لەبەر دەرگای ژووری بووکە دایە.. ژنەکان ڕاوەستاون، بەشەرمەوە پێدەکەنن، بە تەماشای پڕ مانایانەوە بۆ حەیدەر دەڕوانن.. دەکشێنەوە، لەوێ نامێنن...
هەوڵ دەدات، هەناسەی ڕێک بخات، بێ دەنگ تەماشا دەکات. بە ئەسپایی لە شیپانەی دەرگاکەوە دەچێتە ژوورەوە.
ئیتر ئەوە «کەژێ»یە.. سەری دانەواندووە، هەناسە بە زەحمەت دەدا.. وەک پەیکەرێک ڕاوەستاوە...!
حەیدەر، هەزار و یەک خەیاڵ بە مێشکیدا تێدەپەڕێ و تەماشای دەکات. کپ و بێ دەنگە کەژێ.. مته‌ق ناکات..
بە ئەسپایی لێی نزیک دەبێتەوە، بە ئەسپایی کێشەکەی سەر ڕوومەتی هەڵدەداتەوە.
دوچاوی پڕ لە ئاو، غەم لە ڕوو کەڵەکە بوو.. ئا لەمە دەترسا.. بووک دەبێت چاوی فرمێسک بڕێژێ؟ دڵی پڕ برین بێ، کەژێ؟ حەیدەر وا دەڵێ، بە ئەسپایی بە دەنگێکی نەرم و لە ژێرەوە:
«چاوی پڕ گریان و زامداری دڵم بە تۆ چی حەیدەر بەگ؟» کەژێ بە دەنگێکی غەماوی وای گوت.
«فەرمانی خوداو وتەی پەیامبەر من بە بووکیی بۆ تۆ هاتووم».
حەیدەر دەڵێ: «بە فەرمانی خوداو وتەی پەیامبەر و قسەی مورشید، کەژێ..، ئەی تۆ ڕازی نەبووی؟»
بێ دەنگی کەژێ بۆ ماوەیەک، نیازی کەژێ دەردەخات.
لە دواییدا دەڵێ: «ڕازی نەبووم..»
خۆزی نەدەهات، نەهاتبایە، بەڵام کەژێ خوشکی پیاوێکی مەردە، نامووسی خێزانەکەیە.. دڵی پڕ لە غەمە، بەڵام وا لێرەدایە.. قوربانییە.
حەیدەر بەگ بیر دەکاتەوە: «وازت لێ بێنم کەژێ دەچیتە لای سەید خان؟»
«ناڕۆم.. من برام هەیە. قسەی شەرەفی داوە. سەری

ئەو نەوی ناکەم»

گەلێ ڕێگا چارە بە مێشکیدا تێدەپەڕێ حەیدەر بەگ.. دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، لەسەر بڕیارێک ڕادەوەستێ.

«کارێکی هەڵەم کردووە» حەیدەر بەگ وا دەڵێ «هەڵەیەکی گەورەش ئەم هەڵەیەم تا سەر ناکەم کەژێ. من بە بووکێنی بۆ سەیدخانت دەبەم».

ڕۆژێکی نوێ، بە خەم و کەسەر و پەژارەیەکی هەڵچووەوە، بە ئارەزوویەکی نوێوە باوەش بۆ ڕووناکی دەکاتەوە. لە پشتی چیا مۆرەکانەوە خۆر هەڵدێ، بۆنوبەرامەی گولیلکە، نەرگس، سمڵ پەخشە بەو ناوەدا، بایەکی فێنک بە ئاستەم هەڵی کردووە، مژدەی بەهاری پێیە.»

سەیدخان، ماندووی شەوێکی درێژی پڕ ئازارە، بێزار و بێ ورەیە. کفنەکەی، سابوونێک، شتومەکەکانی، بە تانیەک کۆیان دەکاتەوە و لە تەنگەی ئەسپەکەی توندی دەکات.

مام هیدایەت، وەک ئەو بەرپرسیاری هەموو ڕووداوە ناخۆشەکان بووبێ، عاجز و مەلوول و بێ تاقەت سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بۆتەوە، دڵی ناهێنێ تەماشای ڕوومەی سەیدخان بکات..

«دەڕۆی».

«وا بەیانییە مامە.. کەژێ ڕۆیی، ئیتر ئومێدێکم نەما، کەژێ هی کێ بوو و بووە نسیبی کێ؟..»

«مەڕۆ.. وەخت و زەمەن هەموو شتێک لەبیر دەباتەوە».

دەستی مام هیدایەت ماچ دەکات..

«یەزدان ئاگادارت بێ، بەسەلامەتی، ڕێگات ئاسان و کراوە بێ».

«کام ڕێگا؟ چۆن ئاسان دەبێ؟» وا دەڵێ و پێکەنینێکی غەمگینی بۆ دەکات سەید.

لە وێستگە غەماوییەکانی وا یەکێک بەجێ دێڵێ، جڵەوی ئەسپەکەی بەدەستەوەیە و هەنگاو دەنێ.. مام هیدایەت، بەبێ دەنگی پاشی دەکەوێت.. لەودیو گۆڕەکانەوە داروبارە.. دارەکان، قامیشەکان لەناو تەنیایی و غەم و بێ دەنگیدا دەمێننەوە.

سەید خان، ماوەیەک دەڕوا و ڕادەوەستێ. وا کاتی لە یەک دابڕانە بۆ «یەنیجە» و گۆڕستانەکە دەڕوانێ. بە چاوی خەیاڵ کەژێ دەبینێ، هەوری گریان و خۆ لاواندنەوە بەرە بەرە دەڕژێتە دڵییەوە، چاویشی دەکەوێتە پرووشەکردن.

مام هیدایەت، لە خۆشەویستی و عەشق و لێکدابڕان تێ دەگات، هەست بە بارێکی گران و بێ دەسەڵاتییەکی لە توانست بەدەر دەکات، خەریکە بخنکێ هەناسەی بۆ نادرێ «چی بەردێک بەرگەی ئەم ئازارە دەگرێ.» سەید وای گوت.

«هەیە»

«نییە مامە، پیاوێک دڵی کون کون ببێ دەژی؟ ناژی بە دوعا مامە»

«ئۆغرت خێر بێ و بە سەلامەتی»

وا بەسەر ئەسپەکەیەوەیە، ئەوێ بەجێ دێڵێ، بەرە بەرە دوور دەکەوێتەوە، بە چاوی پڕ گریان و دڵی زامدارە.. هەڵخەڵەتێنرا... دەڕوات.

مام هیدایەت چاوی پڕ لە ئاو دەبێ، وەک جەنگاوەرێکی دۆڕاو سەری نەوی و شانی شۆڕ... مام هیدایەت لەو کاتەوەی سەیدی ناسیوە، چی لەنێوانیاندا ڕوویدا بوو یەکە یەکە سەرلەنوێ بیری دەکەوێتەوە ئەو ڕۆژەی بیرکەوتەوە، کە سەید بە تیری کەژێ پێکرا. سەری دانەواندووە بەرەو گۆڕستانەکە دەگەڕێتەوە.

بەم هەموو دەردەوە، بە زامی بێ چارەوە چۆن بەرگە دەگرێ. هەر بە تەنیاش. سەرەڕای ئەوەش دەبێتە نموونەی وەفاداری بۆ کەژێ، بەڵام ئەوەی سەیدی ڕاگرتبوو، توانایی وەبەردەخست خۆشەویستییەکەی کەژێ بوو، هەر ئەوبوو چیا بەفر گرتووەکانی پێ پەی دەکرد.

ڕادەوەستێ.. ئەوە چ بووە؟! چی لە گۆستانەکەدا ڕوودەدات؟! ئەسپ سوار، پیاوەکان چەکدارن، چ بووە؟! بۆ وا خەڵکەکە شپرزە بووە؟! بۆی ساغ نابێتەوە مەسەلە چییە.

ئاوڕ بەلای سەیدا دەداتەوە.. سەید دوور کەوتۆتەوە، وەک خاڵێکی ڕەش دیارە.

ڕادەکات و بانگی سەید دەکات.

«سەید سەید» «با» دەنگەکەی داغان دەکات...

«سەید...»

سەید نازانم چۆن ئاوڕ دەداتەوە، مام هیدایەت بە شپرزەیی دەبینێ وا ڕادەکات، جڵەوی بادایەوە.

حەیدەربەگ و پیاوەکانی حەیدەربەگ، لەناو

گۆڕستانەکەدا وەستاون. سوارن، چەکدارن، توورە و گرژن، ڕوومەت سارد.

سەبەتەیەکیش لە قامیش دروست کراوە، گوڵە خەزێمێکیان لەناو سەبەتەکە قیت داناوە، خۆرەکە لێی دەدا دەبریسکێتەوە.

سەیدخان، تا نزیکتر دەبێتەوە ڕووە توورەکان ڕەشتر دادەگیرسێن و بەیەکا دێن، کۆمەڵە دەبەستن و بڵاودەبنەوە. سەید هەناسەبڕکێیەتی..

مام هیدایەت، هێشتا نەگەیشتووەتە گۆڕستانەکە، وەک باران گرتبێتی بە شپرزەیی ڕادەکات.

سەید و حەیدەر لە بەرانبەر یەکتر ڕادەوەستن، بۆ ماوەیەک هیچ ناڵێن و هەروا ڕادەوەستن. یەکەم جار، حەیدەر دێتە گفت.

«منیش چاوەڕێی تۆم دەکرد»

لە بارودۆخەکە تێدەگات

سەید دەڵێ: «ئەفەندی چاوەڕوانی تۆ خێر نییە».

«من ئەفەندی نیم، بەگم و کوڕی بەگم».

«من نە بەگم و نە کوڕی بەگم، سەیدخانم»

«ئەو بووکەی بەپێی خۆی هاتە ماڵەکەم بەژن نەکراوە»

سەیدخان، تێدەگات دەیەوێ چ بڵێ، کەژێ نەچۆتە پەردەوە، بەژنی حەیدەربەگ نەبووە. بیر دەکاتەوە، گوێ بە بەگایەتییەکەی نادا.

«مرۆڤ بەکار و کردەوەی دەناسرێت».

پێی ناخۆش دەبێ.. توورە دەبێ، بەدەنگی بەرز دەڵێ:

«من بەگم..»

«گەر بەڕاستی بەگ بوایت و کوڕی بەگ بوای، کچێک دڵی بەلای یەکێکی دیکەوە بێ نەتدەویست و خۆت دوور دەگرت»

«وا خۆم دوور دەگرم و دەکشێمەوە»، لەسەری دەڕوا و دەڵێ: «بەڵام بە مەرجێ، بزانین کێ ئازا و جوامێرە، کێ خاوەنی دەست و تفەنگە؟ کێ نیشان شکێنە، کێ نیشانی شکان، کەژێ هی ئەو بێ».

حەیدەر بەردەوام دەبێ: «کێ ئازاتر بوو کەژێ بۆ ئەو دەبێت».

سەید گومانی لەلا پەیدا دەبێت، بەڵام ئاشکرای ناکات. بەخۆی دەڵێ: «دەبێ کەژێ لە کوێ بێ؟»

حەیدەر دەڵێ: «لە شوێنێکی ئەمیندایە».

بەسەر لقێکی باریکی دار توویەکەوە چۆلەکەکان زریوەیان دێ. لە نووکی لقێکی ڕووتی دارەکەدا چۆلەکەیەک بە تەنیایە، حەیدەربەگ، بە پەنجە ئاماژە بە چۆلەکە تەنیاکە دەکات.

«سەیدخان چۆلەکەیەک بەسەر ئەو لقەوەیە، دەیبینی»

«دەیبینم»

«دەتوانی نێوچاوانی ئەو چۆلەکەیە بپێکی؟»

«ئەو چۆلەکەیە بچووکە، منیش سەید خانم» وا دەڵێ و قسەکانی کەژێ لە مێشکیدا زیندوو دەبێتەوە «تۆ هەڵۆی سەیدخان، منیش چۆلەکەیەکی بچووکم...».. ئەوەی لەسەر ئەو لقە ڕووتەیە ئەو چۆلەکەیە کەژێیە؟

حەیدەر ئێژێ: «تۆ گیانی گەلێ کەست لەناوبردووە، بەزەییت بە چۆلەکەیەکی بچووکدا دێتەوە؟!».

«یەکێک قەستی ڕوح و گیانی من بێ، پیاوێک چاوی لەنانی من بێ، بە چاوی پیسەوە بۆ نامووسم بڕوانێ، منیش گیانی ئەوم بەلاوە هیچ نییە.. ئەوە دەڵێی چۆلەکەیەکی بچووکە و بەدوای لقێکدا دەگەڕێ لەسەری ئۆقرە بگرێ».

حەیدەر، لە پڕ چەکەکەی لە شانی دادەگرێ و نیشانی لێ دەگرێ و دەست دەکاتەوە، چۆلەکە ئازادەکەی بەر لە کەمێک پەڕەکانی بەو ناوەدا بڵاو دەبنەوە و خوێناوی دەکەوێتە سەر خۆڵەکە.

«سەیدخان، ئەئاوا، لە چاوی چۆلەکە دەدەم، لە کونی دەرزییەوە گوللە تێدەپەڕێنم.. بە ناچاری ئەم کێبڕکێیە دەکەین».

کێبڕکێ بۆ کەژێ...

سەیدخان دەڵێ: «چیت دەوێت؟»

حەیدەر، سەبەتە لە قامیش دروستکراوەکەی نیشان دەدا:

«ئەو سەبەتەیە دەبینی سەیدخان؟»

سەید تەماشا دەکات.

«دەیبینم..»

«بەسەر سەبەتەکەوە گوڵەخەزێمێک ڕاگیراوە، ئەوەش دەبینی؟».

«دەیبینم..».

«دەبێ لە پەڵە زەردەکەی بدەیت.. لێت دا کەژێ هی تۆیە! لێت نەدا کەژێ، کەژێی منە».

سەید لەمە تێناگات، کەمێ بەر لە ئێستا چۆلەکەیەک بەر گوللە درا، ئێستاش گوڵەمێخەکێک.

لە ئەسپەکەی دادەبەزێ، لەسەرەخۆ هەنگاو دەنێ، چاوی لە گوڵەخەزێمەکە دەبڕێ، گوڵەخەزێمەکە بەسەبەتەکەوە بەند کراوە، کەمێکی کە بەر گوللە دەدرێ، دڵە زەردەکەی پارچە پارچە دەبێت... شڵەژا.. شڵەژانی دەبێتە ڕق و ئاشکرای ناکات... وەک جادووی لێ کرابێ وایە. فیشەکێک دەخاتە سەر کار.. قۆنداغی تفەنگ لە شان گیر دەکات، نیشان دەگرێ.. خۆشی نازانێ بۆ لەم کاتەدا ئاڵۆز و دوودڵە، تفەنگەکە شۆڕ دەکاتەوە. ئارەقی دەرداوە سەیدخان.

حەیدربەگ دەڵێ: «چییە سەیدخان؟ چاوت نایبینێ؟» چیت بە خەیاڵدا هات وا دەستت لێ نەکردەوە؟ گومان لە چی دەکەیت؟..»

سەید، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و سەرلەنوێ نیشان دەگرێ، نازانێ گوڵەخەزێمەکە ڕێک ناوچەوانی کەژێ دەگرێتەوە. نازانێ کەژێ زیندەبەچاڵ کراوە تەنیا سەری بەدەرەوەیە و سەبەتەکە ڕووی شاردۆتەوە... نازانێ دەمیان بەستۆتەوە ناتوانی هاوارێ بکات کەژێ.. ئەمە گەمە قەچانەیە نازانێ سەید.. کە لوولەی تفەنگ دەکاتە گوڵە خەزێم هەست بەبێ چارەیی کەژێ ناکات.. نازانێ.. نازانێ...

بە ئەسپایی پەلە پیتکەی ڕادەکێشێ، گوڵە خەزێم دەپێکرێ.

حەیدەربەگ، بەرچاوی تەماوی دەبێ، هەوڵ دەدات ئاشکرای نەکات، بەڵام دەزانێ ئیتر کەژێ تەواو.. نە بۆ سەید دەبێ نە بۆ خۆی.

«کەژێ، هی تۆبە سەید خان.. ئیتر پێویست ناکات من نیشان بگرم».

سەری دادەنەوێنێ، لە ڕادەبەدەر لەسەرخۆ، بەڵام ئاڵۆز. سواری ئەسپەکەی دەبێ و دەکەوێتە ڕێ.

سەیدخان دەڵێ: «کوا کەژێ.. لە کوێیە؟».

گۆڕستانەکەی پێ نیشان دەدەن، دەڵێن: «لەوێدایە..!»

ئەسپ سوارەکان لەگەڵ حەیدەربەگدا دەکشێنەوە. مام هیدایەت، خوێنی ژێر سەبەتەکە دەبینێ، ڕادەکات، دەشڵەژێ.. سەبەتەکە هەڵدەگرێ، کەژێ دەبینێ ملی لار بۆتەوە.. گیانی تێدا نەماوە.

«سەید.. سەید» هاوار دەکات مام هیدایەت.

«کەژێ...!»

سەید دێ و لەسەر چۆک دادەنیشێ.

«کەژێ!!»..

هەڵدەستێ و تەقە لە سوارەکان دەکات.. پیاوێکیان وەک میوەیەک لە دار بەربێتەوە، لەسەر ئەسپەکەی دەکەوێت.

سەیدخان، ئاگای لە خۆی نامێنێ.

ئەو شەوە بەدیار لاشەکەوە دادەنیشێ، بێ دەنگ و مات، چاویشی فرمێسکی تێدا نامێنێ، سیس و زەرد هەڵگەڕاو، چاوی لە ڕوومەتی کەژێ نەدەگواستەوە.. ئەو هەموو وەختە، ئەوەندەی ئێستا بەیەکەوە نەبوون.

لەو ڕۆژەوە کەژێی ناسی تا ئەو دەمە هەمووی بیرکەوتەوە. ترێی دەچنی، شازدە ساڵان بوو، لەگەڵ کچانی هاوڕێیدا گۆرانی دەچڕی، بەشەرمەوە پێدەکەنی، بەڵام پێکەنینێکی گەرم و خۆش، تەماشاکانی، ئەو کچێکی شەرمن بوو، وەک مامز سڵی دەکرد، سەید یەکەم کەسێکە کەژێی خۆش دەویست، دڵیان بەیەکدا و عاشقی یەکتر بوون.

وا ئێستا جلی بووکێنی سپی بەخوێن سوور بووە، تەوێڵی بە گوللەی سەید کون بووە.. جەستەی سارد و سڕ.

خۆر هەڵهات.. گۆڕی کەژێ هەڵکەنرا، بە ئەسپایی خستیانە ناو گۆڕەکەیەوە، هەر بە جلی بووکێنییەوە ناشتیان، بە گوڵیلکە و نەرگس و گوڵەخەزێم دایان پۆشی... تەختە دارێکیان لەجیاتی کێل لەسەر گۆڕەکەی چەقاند کێشی بووکێنییەکەیان پێدا هەڵکرد.. کەژێ ئێستا بووکی خاکە.

سەید، تەواو بێ هێزە، چی بکات، نەیدەزانی چۆن هەڵسوکەوت بکات، گوڵە خەزێمەکانی دەخستە سەر گۆڕی خۆشەویستەکەیەوە کە کوشتەی دەستی خۆی بوو. گوڵە خەزێمەکانی لە خۆڵەتەرەکەی گۆڕەکە دەچەقاند. مورشید، کەی هاتبوو، نازانێ..ئەوەی لە مێشک و بەرچاوی سەید لانەدەچوو حەیدەربەگ بوو، چۆلەکەیەکی بچووکی لە لق بەر بووەوە.

چۆن هەستاو چۆن دەستی بە هەنگاونان کرد نازانێ.

«ڕاوەستە» مورشید وادەڵێ: «ڕاوەستە ئەگینا دەتکوژم».

دەنگی تەقەیەک دێ، وا ئێستا جەستەی گەرمییەکی تێدایە... شانی گران بووە، ئەو خێراتر هەنگاو دەنێ..

تۆڵەیەک هەیە دەبێ بیکاتەوە.
لە دڵی خۆیەوە دەڵێ: «کەژێ ببوورە کەژێ».
دەڕوا بۆ خوێنێ دەڕوات چاوەڕێی دەکات، بەرەو ئاگرێک، بەرەو مردن دەڕوا، ئەوانیش چاوەڕێیانە، لەسەر بانەکانەوە، لەبن دیواران، لەنێوان دارەکاندا چاوەڕێی دەکەن.. لەسەر منارەکان خۆینیان بۆ لە بۆسە ناوە. پەنجەکان لەسەر پەلە پیتکەن چاوەڕێ دەکەن، فیشەک چۆتە سەرکار چاوەڕێی دەکەن، تا سەیدی تژی لە ئەوین و خۆشەویستی پارچە پارچە بکەن.
سەید بشمرێ، دڵی پڕ لە ئەڤینی پارچە پارچە بکرێ.. لەو ناوانەدا ناوی لەگەڵ «کەژێ»دا لەم زار دەکەیتە ئەو زار و لەم دڵ بۆ ئەو دڵ.. شنەی بەیانیان.. ژێی سازەکان ناوی ئەو جووتە دڵدارە لێ دەدەن.. سەید و کەژێ...
حەیدەر دەزانێ چەند شکست خواردووە، لەناو بەیت و گۆرانییەکاندا بە قێزەونی ناوی دەبەن، ئەو دڕکە ژاراوییە بوو کەوتە نێوانی ئەو دوو دڵدارەوە، ئەو دەبێتە پەند، ئەو پیسایییەکە چۆتە نێوان گوڵی سپی و گوڵی سوورەوە.
کوڕە گەنجەکانی ئەو دەشتاییانە، بۆ خۆشەویستی سەید و کەژێ دەسووتێن و فرمێسک دەڕێژن.. نەفرەت لە حەیدەربەگەکان دەکەن.. ئەو دڵ ڕەشە، بە بیستنی ناوەکەشی گەنجەکان تووڕە دەبن.. بێ دەنگییەکە دەنگی تەقە دەیشەمزێنێ. «سەیدخان لێرەیە.. ئەمە سەیدخانە».
لە هەمووولایەکەوە، لەو شوێنانەی پیاوەکانی حەیدەربەگ خۆیان لە بۆسە نابوو، بە شڵەژانەوە، بەرەو دەنگی تەقەکان دێن، ئەو پیاوەی یەکەم کەس بوو سەید ببینێ شڵەژاو پەشۆکابوو، دەیگوت:
«پێکام... پێکام».
بە ترسەوە ئەو کابرایە لە بۆسەدا بوو.. کە سەیدخان دەردەکەوێت هەناسەی بۆ نادرێت، چاوەڕێ دەکات لێی نزیک بێتەوە.
سەید نزیک دەبێتەوە. ئەم ترسەکەی زیاد دەکات، زات ناکات دەستی لێ بکاتەوە، دەستی دەلەرزێ، کە بەرەو لای دێت، ناتوانێ دەستی لێ بکاتەوە، تا تێدەپەڕێ، لە پشتەوە تەقەی لێ دەکات. سەید بەریشی بەلاوە ناکات، هەروەک هیچ ڕووی نەدابێ، ڕێ دەکات.
ئەوانەی گوێیان بۆ ئەو کابرایە ڕادابوو، شڵەژابوون، بڕوایان نەدەکرد..
«شانی.. شانیم پێکا، گوللەکە بەر شانی کەوت. هەر خۆیشی تێک نەدا و ڕۆیی».
«کوڕە، گەمژە یەکێک گوللەی بەر بکەوێت، دەتوانێ ڕێ بکات؟» کەس بڕوا ناکات، بەڵام هەموویان هەستیان دەکرد، ترس وەکو کراسێکی تەنک لەبەریاندایە.
هاوارێک هەڵوەستەیەکیان پێ دەکات، «سەیدخان لێرەیە. ئەمە سەیدخانە»، دەشڵەژێن.. دەنگەکە لەیەک دوولاوە دەهات، هەروەک ئەوەی پیاوێک لە یەک کاتدا لە چەند شوێنێکدا ئامادە بێت.
سەیدخان لەکوێیە؟!
سەیدخان، بەناو بارانی گوللەدا تێدەپەڕێ، قوڕ و خوێن ئاستەنگ نەبوون لەبەردەم ئەودا، بڕوا و مکوڕ بوونی بە قەڵغانی پۆڵا پۆشرابوون. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا لەژیان و مانەوە دوور دەکەوتەوە.. بۆنی گوڵ و نێرگسەکان تواناییان وەبەر دەهێنایەوە و زیندووی دەکردنەوە، بەرگری تێدا پەیدا دەبوو، کەژێی سەرلەنوێ زیندوو دەکردەوە. بەشەرمەوە، بەترسەوە کەژێ بزەی دێ، بۆنی نێرگس دێت.. لوولەی تفەنگەکان مردن دێنن. بۆنی خوێن دێ، سەیدخان دەزانێ بۆ کوێ دەڕوا. جەستەی کون کونی، زامی گەرمی، کەژێی بۆنی گوڵەخەزێم لێهاتوو، بەدەست و پەنجەی نەرمی بۆنی خوێن دەکات.. ئەوەی بێتە پێشی جەستەی کون کون دەکات.. کاتی میوەچینینی پاییزان، ڕەزەکان سوڕ هەڵگەڕاون.. دۆشاو لە قازانان دەکوڵێنن، کچە سرکەکان ڕوومەتیان ئارەقە دەکات، بەیەکدا دێن. کێ گوڵی بووکێنی دەچنێ. گەرم، لوولەی تفەنگەکان دووکەڵی گەرم دەردەدەن، خوێن و باroوت بۆنی گوڵ دەدەن، شانی خۆی لێ بووەتە بار، دەکەوێت، لە پاڵ تەلبەندێکدا.. هەڵدەسێتەوە.
بۆنی خوێن دێ، کۆترەکان بۆنی گوڵەگەنم و باroوت دەکەن. ئەو پیاوەی تەقەی لێکرد، دەیناسێ، کراسە ئاوریشمەکەی کەژێ بۆنی گولیلکە کێوی لێ دێ، کەژێ بزەی دێ. سەید سەرەگێژەیەتی، زەوی دەلەرزێتەوە، خۆڵەکە لەژێر پێیدا دەلەرزێ.. لەرزی لێ دێ.. ڕادەکات هەڵدێ دەستی خوێناوییە.
سەید وا لەسەر گۆڕەکاندایە، چووەتە ناو چاڵێکەوە، شڵەژاوە. شپرزەیە. چۆلەکە بچووکەکە خەڵتانی خوێنە، دەکەوێتە سەر ئەرزەکە. گوڵەخەزێم، دەنگی تەقە دێ،

پیـاوە بۆنی گـوڵ لێـهـاتووەکـە بەدەم ئازارەوە دەتلێتـەوە، چۆلەکە بچووکـەکە بەردەبێتـەوە، بۆنی گـوڵ و نێـرگس و خوێن دێ. تەنیا دڕکی وشک و ڕەق دەمێنێتەوە.

هەست بە گرانی لەشی دەکات، خوێنی ناوەستێ، بۆنی بەهار دێ، کـەژێ بەدەسـتی نەرمی، باوەشی لێ دەدا، وا خەریکە شەبەق دەدا، کـەمێکی تر دەڕوا، بەرلەوەی ڕۆژ هەڵبێ ڕێگایەکی دوور لەبەر دەگرێ، ئەسـپـەکـەی بە دیاربیەوەیە، چاوەڕێی دەکات، کەژێ غـەمگین غـەمگین تەماشای دەکات.

سـەید دەڵێ: «کـەژێ، لە مـورشـیـدی برات خـوازبێنیم کردی ڕازی نەبوو».

«تۆ هەڵـۆیەکی سـەیدخـان، من چۆلەکـەیەکی بچـووک، بمخەرە ژێر باڵت و ببە».

«من باڵم شکاوە، خـوشکی هاوڕێ ڕەدوو ناکـەم، خـورشـیـد لەوە دەترسێ من بکوژن و تۆ بە بێـوەژنی بمێنیـتـەوە، لەوە سڵ دەکـات کـەوا من دوژمنم زۆرە.. ئەگەر چاوەڕێم بکەی دەڕۆم».

«بۆ کوێ دەڕۆی، باڵندەی دڕندە تەمـەنی کورتە سـەید، دەتکوژن، ماڵم ویران مەکە».

«ناکرێ... مـورشـیـد ڕاست دەکات، بلبل بەسـەر لقی گـوڵەوە دەنیـشـێـتـەوە، دەبێ بڕۆم، دەزانی دوژمنانم گەلێکن، ئەگەر نەمردم، کەژێ دەگەڕێمەوە، ئەگەر کەوتمە حەپسخانەکان چاوەڕێم دەکەی؟ دوورکەوتمەوە چاوت لە ڕێگام دەبێت؟».

«من لقـێکی باریکم سـەید خـان، وشک هەڵنەیەم چاوەڕێت دەکـەم، لەسـەر گـۆڕەکـەشم گـولیلکە سـەوز بێ چاوڕێت دەکەم. بستێ گیا بەسەر گۆڕەکەمەوە بڕوێ هەر چاوەڕێت دەکەم..»

«من دەڕۆم کـەژێ.. ئەم فـیـشـەکـە با لای تۆ بێ.. ئەمانەتی خۆت بەدەستی خۆتەوە دەدەم».

وا خەریکە شەبەق دەدا.. سەید بۆ دووورکەوتنەوەی ئەو شـەبەقـەی نێـرگـسی ڕێگاکـەی کـۆ دەکـاتەوە!! سـەری خسـتۆتە نێـوان هەردوو لەپی، ئازارەکەی لەوەدا نییـە، مام هیدایەت، کە سەید خەڵتانی خوێن دەبینێ، سەید دەخـاتە سـەر دانیـشتن، نێـرگس و گـوڵی بەدەسـتـەوەیە! نێرگسـەکـان خوێناوین، سەیدی ڕێبواری ئەو شەبەقـە، دەڕواتە لای گـۆڕەکـەی کـەژێوە.. دوا هەوڵدانێـتی، ئەو سـەیدەی چیـا سـەخت و بەفـر گـرتووەکـانی دەبڕی، دەشـتـاییـەکـانی تەی دەکـرد، شـەڕی خـوێناوی دیبـوو، وا ئێستا لە چاڵێکی بچووکدا قـەتیس ماوە توانایی نییـە دەرچێ. دەکـەوێ، ناگـاتە لای گـۆڕەکـەی کـەژێ، بەچنگ دەیەوێ ئاوی نێرگسـەکانی سەر گـۆڕەکە بدات، گـوێلی بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.. قـورینگان بەو شەبەقە بە ئاسمانی شینی ئەوێدا تێدەپەڕن، بۆ شەبەقێکی نوێی پڕ لە ئەوین دەڕۆن..

نێـرگـسـەکـان و گـوڵە گـەنمەکـان بۆ ڕووبارە گـەورەکـان دەڕۆن، ڕووبارەکان بۆ زەریاکان سەری خۆیان هەڵدەگرن.. قورینگانیش.. ئاسمانی ئەم شەبەقە چەند شینە.

**سەرچاوە:**

**Seyyit Han, Yilmaz Guney, Istanbul, 2008.**



## نامیق عەلی قادر:
## من قەت لە ئیشەکانی خۆم ڕازی نیم.. هەمووشمان لە پەراوێزی هونەری جیهانیداین.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ – ٢)**

نامیق عەلی قادر یەکێکە لە هونەرمەندە بزێو و چالاک و ناسراوەکانی شاری هەولێر، هەر لە ساڵانی حەفتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە کە ناسیومە بەبێ پچڕان خەریکی کارکردنە و لە کارکردن نەکەوتووە. وەک کەسێکی پەرۆشی هونەر بە گشتی و خەمخۆری هونەرەکەی خۆی بە تایبەتی، بەردەوام لە بەخشش و کارکردندا بووە، بۆیە دوای ئەو هەموو ساڵانەی کارکردن بووەتە خاوەنی ئەزموونێکی هەمەچەشن و دەوڵەمەند، چونکە بە تەنیا لەسەر شێواز و ستایلێکی کارکردن نەگیرساوەتەوە.

بە حوکمی ئەوەی زۆر لە پێشانگا و کارە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندەم بینیوە، سەرنجم داوە زۆرتر هونەرەکەی لە تەوەری مێژوودا دەخولێتەوە و لە هەوڵی بەرجەستەکردنی ڕووداو و مەرگەسات و تراژیدیاکاندایە، لەمەشدا توانیویەتی بە کەرەستەی جۆراوجۆر گوزارشت لە ئێشوئازاری میللەتەکەی بکات و تراژیدیاکانی ئەنفال و هەڵەبجە لەناو تابلۆیەکانیدا ڕەنگ بدەنەوە، لەبەر ئەوەی هونەری شێوەکاری زمانێکی جیهانیی هەیە و بەهۆی ڕەنگدانەوەی ئەو کارەسات و مەرگەساتانە لەناو هونەرەکەیدا توانیویەتی ئەو ڕووداوە تراژیدیانە بە بێگانە بگەیەنێت، تا ئەوانیش قەبارەی ئەو کارەساتانە هەست پێبکەن.

ئەو هونەرمەندە توانیویەتی بەشێکی کارەکانی بە کەرەستەی لە کارکەوتوو و فەرامۆشکراو و پشتگوێ خراو بێنێتە دەنگ و جارێکی دی گیانیان بە بەرەوە بکات، یان سەرلەنوێ زیندوویان بکاتەوە و بەشێوەیەکی هونەریانە تیمەی مردن و تراژیدیاکان لە پەنای ئەو کەرەستە لەبیرکراو و بەکارهاتووانەوە ببووژێنێتەوە.

نامیق عەلی قادر بە ویژدانەوە لە ڕابردووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان دەڕوانێ و باسی هاوڕێ هونەرمەندەکانی خۆی دەکات و هەڵیان دەسەنگێنێ و لە خانەی ڕاستەقینە و تەواوەتی خۆیان دادەنێ. لەگەڵ هەموو ئەو کارانەی کردوویەتی لەو مێژووەدا هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات: ئایا توانیویەتی چی بخاتە سەر کەلەپووری هونەریی جیهانی؟

ماوەیەکی زۆر بوو دەمانویست نامیق عەلی قادر لە گفتوگۆیەکدا بەسەر بکەینەوە، بەڵام ڕێک نەدەکەوت، تا لەم دواییانەدا ئەو هەلە دروست بوو و توانیمان بە تێروتەسەلی لەسەر ئەو ئەزموونە ڕابوەستین، ئەم گفتوگۆیەمان کە دەیخوێننەوە بەروبوومی ئەو چوار دانیشتنە بوو.

**ڕامان:** پێت وایە ئەزموونی تایبەتی و کەسیی تۆ لە هونەرمەندانی دی جیایە؟

**نامیق عەلی قادر:** تۆ پێشتر باسی خوێندنەوەت کرد، ئەزموونی من لە ڕۆمان و لە شیعر و خوێندنەوەوە نەهاتووە، بەڵکو زیاتر پێوەندی بە ڕووداوەکان و بە تراژیدیا و مردنەوە هەیە.

**ڕامان:** کە هونەرمەند عەبدوڵلا ڕەسووڵ-یشمان هێنا و گفتوگۆمان لەگەڵ کرد، بەویش دەڵێم ڕاشکاوانە بیروڕای خۆی لەبارەی تۆوە بدات.

**نامیق عەلی قادر:** من زۆر حەز ناکەم بیروڕا لە بارەی هاوڕێکانمەوە بدەم، ئەوان ڕێزیان هەیە و هەموویان هاوڕێمن، ئەو ڕێزەش لەوەوە هاتووە کە ئەوان بەردەوام بوونە و لە ماوەی ئەو چل ساڵەی ڕابردوودا کاریان کردووە، ئەوە جێگەی ڕێزە و زۆر لەلام گرنگە تۆ چل ساڵ بە بەردەوامیی ڕەسم بکەیت، ئینجا هەریەکەیان بە شێواز و دیدگا و بیرکردنەوەی خۆی، بەڵام هەریەکەیان چۆن کار دەکات و مامەڵە لەگەڵ هەست و بیرو بیرکردنەوەی خۆی دەکات، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. وەک ڕێز، ڕێزم بۆ هەموویان هەیە.

**ڕامان:** هونەرمەندانی کورد کە کاری ڕیالیزمی-یان کردووە، زۆربەی هەرە زۆریان ئیشەکانیان ڕووکەشە، یان ڕاگوزار بەلای ئەو ستایلەدا تێپەڕیون، تۆ وەک هونەرمەندێک کە بەدواداچوونت بۆ ئەو هونەرە هەیە، کام لەو هونەرمەندانە بە هەڵکەوتوو دەزانیت کە قووڵ و هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ هونەری ڕیالیزم کردبێ؟

**نامیق عەلی قادر:** بڕیاردان لەسەر هەڵکەوتوویی کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە پێوەر و پێوانەی ڕەخنەیی هەیە، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوانەی ئیشی تەجریدیش دەکەن، کارەکانیان هەر واقیعییە و لە واقیعەوە هاتووە، ئەوە کورتبڕییە لە دەربڕین، یان گواستنەوەی (أثر)ە وەکو کارەکانی شاکر حەسەن ئالسعید.

**ڕامان:** پێم باشە موناقەشەی ئەوە بکەین و لە یەکتر تێبگەین.

**نامیق عەلی قادر:** دەزانم، بەڵام لەوانەیە زۆر حەز نەکەم من بڕیار لەسەر هیچ برادەرێک بدەم و بڵێم ئەو هونەرمەندە باشە، یان خراپە، ئەگەر ئەوەش بڵێم هەست دەکەم جارێ زووە، چونکە لێرەدا زەمەن گرنگە بۆ مانەوەی کاری باش و هونەرمەندی باش.

**ڕامان:** ئێمە ڕۆژنامەنووسین و دەمانەوێ قسەی لەسەر



ئازاد عەبدولواحید - نامیق عەلی قادر

بکەین.

**نامیق عەلی قادر:** قەیناکە تۆ ڕۆژنامەنووسی، یان لەوانەیە جەنابت شارەزاییەکی زۆریشت لە هونەر هەبێ و قسە بکەیت، بەڵام لەوانەیە بۆ من قورس بێ هونەرمەندەکان هەڵبسەنگێنم کە کێ باشە و کێ خراپە، من بیرکردنەوەم وایە و بە پێویستی نازانم ئەو هەڵسەنگاندنانە بکەم.

**ڕامان:** ئەوە ئیشی ڕۆژنامەنووسە بە گیرتان بێنێ بۆ ئەوەی قسە بکەن، بەتایبەتی لە کاتی نەبوونی نووسینی ڕەخنەیی سەبارەت بە هونەرەکەتان، تا جار بەجار قسە لەسەر یەکتر بکەن و جموجووڵێک بکەوێتە ناو هونەری شێوەکاری کوردییەوە.

**نامیق عەلی قادر:** جموجووڵ قەیناکە، بەڵام مومکینە بیروڕای من زۆر گرنگیش نەبێ تا بڵێم فلان هونەرمەند ئاوایە و فیساریان ئاوابوو، چونکە ئەویش لەگەڵ من ئەوە چل ساڵە ئیش دەکات و بە قەد من ئیشی کردووە، یان پێش من و لەگەڵ من ئیشی کردووە، ئەگەر بێتە سەر ئەو حیسابانە خۆی بە من ناگۆڕێتەوە، ئەویش ئیشی خۆی و مێژووی خۆی هەیە، ئیتر چۆن ئێستا بڵێم ئەوەیان باشە و ئەوەیان خراپە، نازانم مەبەستت لە ڕیالیستەکان کێن؟

**ڕامان:** هونەرمەندی سەر بە ڕێبازی ڕیالیزم زۆرن کە بەو شێوازە کاریان کردووە و کار دەکەن.

**نامیق عەلی قادر:** هەموو هونەرمەندەکان ئیشیان کردووە، بەڵام لەوانەیە لە هەموو هونەرمەندەکانی دیکە زیاتر ئیشی (هادی زیائەددینی)م پێ جوانتر بێ، بە تایبەتی پەیکەرەکانی.

**ڕامان:** کاری ئەو هونەرمەندە لە کارە جوانەکانی هونەری پەیکەرسازی و شێوەکاری کوردین، من بۆ خۆم بەدواداچوونم بۆ کارەکانی هەیە، لە سنە لە ماڵەکەی خۆیدا نیگارخانەکەیم دیوە، بەڵام هونەرمەندمان هەیە خۆی بە هونەرمەندێکی ڕیالیزم دەناسێنێ و ئیشەکانی زۆر ڕووکەش و لاوازە.

**نامیق عەلی قادر:** باشە.. ئەوە وەڵامی پرسیارەکەی خۆت دایەوە، ئەو هەڵسەنگاندنەش ڕاوبۆچوونی خۆتە.

**ڕامان:** ڕەهەندی قووڵ لە کارەکانیاندا نییە.

**نامیق عەلی قادر:** ئێوە دەتوانن وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس قسەی وا بکەن، بەڵام ئێمە کە باسی هونەری کوردی دەکەین جیاین، من ئێستا باسێکی دیکەم لەلا دروست بووە، ئەگەر بمبووری.

**ڕامان:** بەڵێ فەرموو بە ڕاشکاوی بیروڕای خۆت بڵێ..

**نامیق عەلی قادر:** ئەگەر بوێرین بڵێین ئێمە هەموومان لە پەراوێزی هونەری جیهانیدا دەژین، هەروەک پێشتر باسم کرد.

**ڕامان:** بۆ نا؟ منیش لەگەڵتدا هاوڕام کە هونەری شێوەکاری کوردی ناتوانێ لەناو هونەری شێوەکاری جیهانیدا ئامادەبوونی بەهێزی خۆی هەبێت، چونکە کەلوپەلەکە هی خۆیانە و بە خۆیانی دەفرۆشینەوە.

**نامیق عەلی قادر:** ئێستا ئێمەی هونەرمەندە کوردەکان وەها دەژین، کۆمەڵێک هونەرمەندی باشمان هەیە، کۆمەڵێک وەستای هونەری باشمان هەیە، بەڵام هیچمان کاریگەرییەکمان لەسەر مێژووی هونەری جیهانیدا دروست نەکردووە. کۆمەڵێک هونەرمەندی گەورە هەن کە کاریگەرییان لەسەر مێژووی هونەری جیهانیدا هەبووە و توانیویانە لێ زیادکردنێکیان بۆ سەر هونەری جیهانیی هەبێت، ئەمە لەناو مێژوودا جێگیر بووە و تەواو، ئەوە بڕیارە، بەڵام ئایا ئێمە شتی وامان کردووە؟ ئەگەر نەمان کردووە ئەی بۆ دەڵێین فلان هونەرمەندی کورد جیهانییە، چۆن جیهانییە؟ خۆ ئەوە بە قسە نابێ، تۆ دەبێ ئیزافەت لەسەر هونەری جیهانیدا هەبێ و بەشێوەیەکی هونەری و زانستی ئەوە جێگیر بووبێ.

**ڕامان:** بیروڕایەکی هونەرمەند عەباسی کەمەندی هەیە کە دواجار بینیم من پرسیارم لێ کرد چەند لەژێر کاریگەریی میلۆدی و ئاوازی فارسەکانە، ئەو گوتی بە پێچەوانەوە من زۆر کاریگەریم لەسەر هونەری فارسەکان هەیە.. لە هونەری شێوەکاریدا تۆ کەسێک شک دەبەیت کاریگەری بەسەر کەسانی دیکە هەبووبێ؟

**نامیق عەلی قادر:** با بە واقیعی قسە بکەین، ئێمە نیمانە، بەڵام بۆ ئەو ڕایەی هونەرمەند عەباس کەمەندی، دەبێ ئەوە دیراسە بکرێ و بە پێوەرەکانی مۆسیقا و گۆرانی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

**ڕامان:** هەندێ جار دەڵێن دارا حەمە سەعیدمان هەیە کە توانیویەتی لە هونەری میداڵ و ڕیلیڤ-دا، لەسەر ئاستی ئیتاڵیا بچێتە ناو چەند پێشبڕکێییەک و خەڵاتی باشیان داوەتێ.

**نامیق عەلی قادر:** زۆر زانیاریم لەسەر خەڵاتەکان نییە، بەڵام زانیاریم لەسەر ئەوە هەیە کە دارا حەمە سەعید هونەرمەند و ئەکادیمییەکی باشە، شارەزاییەکی زۆری لە سەبی بڕۆنزدا هەیە، واتە هونەرمەندێکی خاوەن توانستە. دارا حەمە سەعید پەیکەرتاشێکی زۆر باشە، کە گەڕایەوە کوردستان، بەداخەوە زەمینەیان بۆ نەڕەخساند، هەروەها توانایییەکی دارایی باش نەخرایە بەردەستی، بۆ نموونە کارگەی سەبی بڕۆنزی نەبوو، دارا حەمە سەعید کەسێکی داهێنەرە، بەڵام سوود لەو تواناییەی وەرنەگیراوە، چونکە کەمتەرخەمی لەخۆیدا نابینم، لەبەر ئەوەی ئیشی کردووە و پێشانگای کردووەتەوە و مامۆستایەتی کردووە، بۆ نموونە هونەرمەندە شێوەکارەکان کەرەستەکانیان خام و ڕەنگە و ئیشی خۆیانی پێ دەکەن، بەڵام پەیکەرسازی جیاوازە و ئیش کردنی زەحمەتترە، ئەو هونەرە پێویستی بە کۆمەڵێک شاگرد و مادده هەیە، لەوانە پێویستی بە فڕن و ئیمکانیەتی ماددی باش هەیە، لە کوردستان ئەو هەموو پەیکەرە بە چیمەنتۆ و بەگێچ و بە کەرەستەی خراپ دەکەن، ئەوە کارەساتە، بریا هەلومەرجێکی باشیان بۆ بڕەخساندایە، چونکە دەیتوانی، کۆمەڵێک هونەرمەندی باش پێ بگەیەنێ، ئەوانەش فێری سەبی بڕۆنز دەبوون، ئەوە زۆر گرنگ بوو. دارا حەمە سەعید لە ئیتاڵیا بووە، ئیتاڵیا سەرچاوەی سەبی بڕۆنزە، ئەویش دەرچووی ئەوێندەرێیە و ئاستێکی هونەریی باشی هەیە، خوێندنەکەی لەسەرووی ماستەرە و ئامادە بووە بۆ دکتۆرا، بەداخەوە بە هیچ شێوەیەک سوودی لێی وەرنەگیرا. دێتەوە بیرم لە کۆتایی

**یەکێک لە بایەخەکانی هونەر ئەوەیە کە لە کایەی ئینسانیدا کار بکات**

هەشتاکاندا بوو، لە ئیتاڵیا گەڕایەوە و پێشانگایەکی لە بەغدا لە هۆڵی موزەخانەی نیشتمانی کردەوە، دەنگ و سەدایەکی باشی دایەوە، لە هونەرمەندە هەرە باشەکانە، مومکینە لە هونەرمەندە عەرەبەکان باشتر نەبێ، بەڵام هونەرمەندێکە و ئیمکانیەتی زۆر باشی هەیە.

**ڕامان:** ڕاستە.. من بەرێکەوت ناوی ئەو هونەرمەندەم بەدەمدا هات، بۆ نموونە نیاز بەیاتی هەیە، کە خەڵکی خانەقینە، ئەوەش یەکێکە لە هونەرمەندە گەورەکانی کورد و لە ئاستی دنیادا زۆر جێی سەرنجە، حاڵی حازر پێشانگایەکی لە خانەقین کردووەتەوە، ئەو بێجگە لەوەی هونەرمەندێکی گەورەیە، دیزاینێرێکی گەورەیشە کە دیزاینی زۆربەی کەلوپەلەکانی بەکاریان دەهێنێ خۆی کردوویەتی. داهێنانی لە بوارێکی دیکەشدا کردووە، بۆ نموونە ئەو کاغەزانەی وێنەی لەسەر دەکات خۆی دروستیانی کردووە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەوانەیە لەلای تۆش ناوی دیکە هەبن ئەوە بسەلمێنن، ئێمەش خەریکە لە بواری هونەری شێوەکاریدا خەڵکانێکمان پێدەگەن کە جێ دەستیان دیارە.

**نامیق عەلی قادر:** دەزانی کاریگەرییەکە چییە؟ بۆ نموونە دارا حەمە سەعید وەستایە لە بواری ئیشەکەی خۆیدا، ئەو زانیاری باشی لەسەبی برۆنز وەرگرتووە، وەک جەواد سەلیم تا ڕادەیەک سوودی لە مێژووی عیراقی وەرگرتووە.

**ڕامان:** ئەی هونەرمەند فوئاد عەلی؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەویش بە شێوازی خۆی و لە بواری سەبی برۆنز، بە پەیکەرەکانی هونەرمەندێکی خاوەن توانایییە، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوە نییە فلان و فلان باشن، یان خراپن، من لە سەرەتاشەوە گوتم کۆمەڵێک هونەرمەندی باشمان هەیە، بەڵام کاریگەرییان لەسەر مێژووی هونەر نەبووە، خۆ کە باسی هونەر دەکەین، تەنیا باسی هونەری کوردی ناکەین، باسی مێژووی هونەری جیهانیی دەکەین. ئێستا هەموومان شانازی بە کۆمەڵێک هونەرمەندی ئەورووپییەوە دەکەین، ئەوانە باشن و کاریگەرییان هەبووە، ئێمە ئەوانە بە کولتووری خۆمان دەزانین، بەڵام ئایا کەس لەناو کورد هەیە ئەو کاریگەرییەی لەسەر ئەورووپا هەبووبێ؟ ئایا هونەرمەندێکی کوردت هەیە لێرەو لەوێ تابلۆی لە موزەخانەیەکدا هەڵواسرابێ؟ ئەسڵەن هی هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتیش نییە، ئەوەندەی من بێتە خەیاڵم و بزانم تەنیا مەروان قەساب باشی سووریایی هەیە کە



کۆمەڵێک تابلۆی لە موزەخانەکانی ئەڵمانیادا هەیە، کە ئەویش لەژێر کاریگەریی تەعبیرییەکان، بە تایبەت تەعبیری ئەڵمانی بووە.

**ڕامان:** نازانم چەندە ئەوە ڕاستە هەندێک هونەرمەندی کوردیش تابلۆیان لە موزەخانەکاندا هەیە، من لە دەمی هونەرمەند عەزیز سەلیم-م بیستووە کە تابلۆی لەپاریس هەڵواسراوە، هەندێک هونەرمەندی دیکەی کوردیش هەن دەڵێن تابلۆیان هەیە.

**نامیق عەلی قادر:** من ئاواتی ئەوە دەخوازم، ئەو سەروەرییە بۆ کورد گرنگە هونەرمەندەکانی تابلۆیەکانیان بکەوێتە ناو موزەخانەکانی جیهانەوە. لە سەفەرێکدا بە ڕێکەوت چووینە موزەخانەیەک لە تبلیسی پایتەختی جیۆرجیا خەریک بوون موزەخانەکەیان نۆژەن دەکردەوە، بەڵام بەشێکی موزەخانەکە دەستی لێ نەدەدرا، کە ئەوەش لە پایتەختدا موزەخانەی نیشتمانییان بوو، چووینە موزەخانەکەوە و لەوێ شتێکی سەیرم دی، هونەرمەندێک لە هەزار و هەشت سەد و قسور لە ئەرمینیا گەڕاوە و کۆمەڵێک تابلۆی پۆرترێتی کوردەکانی کردووە، ئەوەم پێ جوان بوو کاتێ بینیم لەوێ کارەکان هەڵواسرابوون، کۆمەڵێک کولتووری ئێزیدییەکان هەبوو،

بەشی تایبەتیان ئەو تابلۆیانە تەرخان کردبوو، بەڵام لام ئاشکرا نەبوو هونەرمەندەکە کورد بوو، یان نا، چونکە ئەگەر کورد بوایە تا ئێستا دەمانزانی، بۆیە ئەوە نابێتە هونەری کوردی.

**ڕامان:** تۆ کە یەکێکی لەو هونەرمەندانەی تراژیدیاکانی کورد لەناو کارە هونەرییەکانتاندا ڕەنگی داوەتەوە، هونەرمەندی شێوەکاری کورد تا چ ڕادەیەک توانیویەتی ئەو تراژیدیایانەی وەکو ئەنفال و کیمیاباران و ئەو کۆمەڵکوژیانەی بەسەر کورددا هاتوون لەناو کارەکانیان ڕەنگ پێ بدەنەوە و لەڕێی ئەو کارە هونەریانەوە توانیویانە سەرنجی بێگانە بەلای کارەساتەکانی خۆماندا ڕابکێشن؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە پێوەندی بە واقیعی خۆمانەوە هەیە، هەروەها پێوەندی بە مان و نەمانمانەوە هەیە، ئەوەشم لا گرنگە و دەبێ هونەرمەند هەمیشە لەو بوارانەدا ئیش بکات، یەکێک لە بایەخەکانی هونەریش ئەوەیە کە لە کایەی ئینسانییدا کار بکات، ئەو کارەساتانەش هەمووی دژی ئینسانیەتە و دژ بە ئێمە و بە میللەتەکەمان کراون. سەرەتای ئیش کردنیشم هەروەک پشتریش باسم کرد، تیمەی مردن بەلامەوە زۆر گرنگ بووە، مردن بە هەموو شێوەکانییەوە، بە تایبەت تراژیدیاکان کە هەموویان لە زەمەنی ئێمەدا ڕوویان داوە. ئێمە کە چاومان کردەوە لەو واقیعەدا دەژیاین، چۆن ئەوە کاریگەری لەسەر هونەرەکەمان نابێ؟ من بەش بەحاڵی خۆم لەو بوارەدا ئیشم کردووە و لەوانەیە تا سەر هەر لەو بوارەدا ئیش بکەم، ئینجا بە هەر شێوازێک بێت.

**ڕامان:** لە دوا پێشانگاتدا تەوەرە سەرەکییەکەی هەر بیرۆکەی مردن و جینۆساید بەسەریدا زاڵ بوو.

**نامیق عەلی قادر:** بەڵێ زیاتر تایبەت بوو بە مەسەلەی ئەنفال و جینۆساید، ئەنفال کارەساتێکی زۆر زۆر گەورەیە، بە قەناعەتی من هونەرمەندی کورد هەرچی بۆ بکات، هەر کەمە، ئەوەندە کارەساتەکە گەورەیە، بەش بەحاڵی خۆم ئەوە سەرەتای ئیش کردنێکی گەورەمە و لەو بوارەدا پرۆژەشم هەیە کە لە داهاتوودا زیاتر خەریکی دەبم، تا بەشێوەیەکی فراوانتر و گەورەتر و قووڵتر پرۆژەکەم بەجێ بگەیەنم. لە ڕاستیدا ئەو تراژیدیایە لە بەرهەمی هەندێ لە هاوڕێ هونەرمەندەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە، دوا پێشانگای قەرەنی جەمیل-یش تارادەیەک لەسەر ئەو تەوەرەیە بوو.

**ڕامان:** ئینجا پێت وایە ئەو کارە هونەرییانە تارادەیەک سەرنجی خەڵکی بێگانەی بەلای خۆیدا ڕاکێشابێت؟

**نامیق عەلی قادر:** وەک بابەت ئا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ ئەو پێشانگایەمان لە پاریس کردەوە کە هەشت هونەرمەند بووین، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەنیستیتۆی کورد پێکەوە سازیان دا و چووین ئەو پێشانگایەمان بەناوی هونەر لە ئەنفالدا کردەوە، کە فەرەنساییەکان خۆیان ئەو ناوەیان لێ نا، ئەو هونەرمەندانەی کە لە کاتی ئەنفال ئیشیان کردبوو، من و ئیسماعیل خەیات و ئاراس و چەند برادەرێکی دیکە بووین، بۆ ئەوکات زۆر کاریگەری هەبوو.

**ڕامان:** بینەری فەرەنسایی چۆن بەرەوپیری کارەکانتان هاتن؟

**نامیق عەلی قادر:** بینەر هەبوون دەهاتن.

**ڕامان:** ڕۆژنامەکانی ئەوێ لەسەریان نووسی؟

**نامیق عەلی قادر:** لە چەند ڕۆژنامەیەک بڵاوکرایەوە، بەڵام لە پێشەکی دەلیلەکە لویک وتارێکی دووردرێژی لە بارەی پێشانگاکە و ئەنفال نووسیبوو، کەتەلۆکەکەی چاپیان کردبوو، تابلۆی هەموومانی لەسەربوو، ئەو تابلۆیانەی لەو پێشانگایەدا نیشان درابوون، زیاتر لە سەد تابلۆ دەبوون، ڕەخنەگر (لویک) لە وتارەکەیدا باسی ئەوە دەکات ئەنفال چییە، ئەو هونەرمەندانەی کە لە زەمەنی ئەنفالدا ئیشیان کردووە، هەموو تابلۆیەکان پێوەندی بەو بابەتەوە هەبوو.

**ڕامان:** باسی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی گەلی کوردمان کرد کە چۆن لەکارە هونەرییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام ئێمە میللەتێکین کێشەیەکمان هەیە، کە هەمیشە داهێنان و هونەری گەورە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کێشە نەتەوایەتییەمان گەورەتر و بەرجەستەتر خۆی بنوێنێ، تۆ وەک هونەرمەندێکی شێوەکار، پێت وایە چەند ئەو هونەرە توانیویەتی کێشەی نەتەوایەتیمان بەرجەستە بکات تا بەزەبری داهێنان سەرنجی گەلانی دی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ؟

**نامیق عەلی قادر:** باوەڕ ناکەم شتێکی وا کرابێ، بەڵام هەوڵدان هەبووە لەپێناوی ئەو بابەتەی باسی دەکەیت، هەرچەندە لەو باوەڕە دانیم شتێکی زۆر دیار بێ.

**ڕامان:** باشە ئێوە هەوڵتان نەداوە لەڕێی ئەو هونەرەوە کە زمانێکی جیهانیی هەیە، کێشەی میللەتەکەمان بە گەلانی دنیا بناسێنن؟

**نامیق عەلی قادر:** ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەوە بە چ دەبێ، دووبارە دەگەڕێینەوە سەر نەبوونی دامودەزگا کولتوورییە تایبەتەکان، تۆ کۆمەڵێک هونەرمەندت هەیە و کاری باش دەکەن، دەبێ دامودەزگایەک هەبێ بتوانێ ئەوانە کۆ بکاتەوە و کارەکانیان بیگەیەنێتە دەرەوە، وەک چۆن جوولەکەکان لەسەر هۆلۆکۆست کاردەکەن و تا ئێستا بەردەوام ئیشی بۆ دەکەن و کۆمەڵێک دامودەزگای پسپۆڕ و تایبەتیان دروست کردووە، بۆ ئەوەی هۆلۆکۆست بە دنیا بناسێنن. لە سەفەرێکی ئەڵمانیامدا، لەسەر شۆستە و شەقامەکانی بەرلین قورسی پازدە سانتیمەتری چوارگۆشە- چوارگۆشەییم دەدیت مسی زەردی پێ دەڵێن، چوومە هۆتێلێک چوار پێنج دانەی دیم دیت لەبەر دەرگاکە بوو، لەسەر شۆستەکە شەش حەفت دانەی دیکەم دیت، هەروەها لە جێگای دیکە دەمدیت، پرسیم ئەوە چییە؟ گوتیان ئەوە کاتی خۆی جوولەکەکان لێرەدا کوژراون، بۆ نموونە زەمانی هیتلەر سێ کەسیان لێ کوژراوە، لێرە ناوی ئەو سێ جوولەکەیە نووسراوە، ئەوانە بەو ڕادەیە ئیش بۆ خۆیان دەکەن، ئەوە بێجگە لەوەی لە ئەڵمانیا مۆنۆمێنتێکی زۆر گەورەی هۆلۆکۆست هەیە، کە هەمووی لەسەر شێوەی گۆڕە، هەروەها لە شێوەی سابوونیشە، کە نیشانەی ئەوەیە چۆن دەیانکوشتن و سابوونیان لێ دروست دەکردن، ئێمەش دەبێ وابکەین، دەبێ کۆمەڵێک هونەرمەندی خۆمان بە ئیش بخەین، تا ئیشت بۆ بکەن، ئێمە هونەرمەندی باشمان هەیە کە ئەفکار و زانیاری باشیان هەیە، هەروەها پێشنیاری باشیشیان بە بەرپرسەکان گوتووە بۆ ئەو مەبەستە جێبەجێیان بکەن.

**ڕامان:** دیارە ئەو بینینەی تۆ سوودی خۆی هەبووە، وەزیری ئەنفال و شەهیدان و ئەنفالکراوەکان چەند قسەکانی لێ وەرگرتن؟

**نامیق عەلی قادر:** پێی باش بوو، ئێستا لەسەر ئەنفال پرۆژەیەکمان هەیە و دەمانەوێ لە بەریتانیا بیکەین، سەردانمان کرد پێی بڵێین ئێمە دەمانەوێ شتێکی وابکەین، پێشنیارەکەی پەسند کردین، مەسەلەی ناساندنی کارەساتەکانی خۆمان بە ئەورووپا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو کارەساتانە دووبارە نەبنەوە، لە بواری ڕۆشنبیریدا دەکرێت و ئێمە لێرەدا زیاتر باسی هونەری وێنەکێشان دەکەین، بۆیە دەبێ دامودەزگایەکان هەبن و ئیش بۆ ئەوە بکەن. من تا ئێوارە لە مەرسەمەکەم و لە گەلەری میدیا ئیش بکەم و تۆ لێرە دیالۆگم لەگەڵ بکەیت، ئەوە لە بازنەیەکی گچکە دەرناچێ، بەڵام ئەگەر ئەو ئیشانەی خۆمان بەدەرخەین، من قەناعەتم هەیە و لەوەش بەرپرسم کە دەیڵێم، کۆمەڵێک بەهرە و توانایی و هونەرمەندی باشمان هەیە کە دەتوانن ئەو کار و پرۆژانە جێبەجێ بکەن، بەڵام دامودەزگاکان و بیرکردنەوەکان و ئیدارەی لای ئێمە لاوازن و لە ئاستی ئەو پرۆژانەدا نین. ئێمە ناتوانین هەر بە قسە بڵێین ئەنفال کراوین، بەڵکو دەبێ لە کایەی سیاسی و هونەری و کۆمەڵێک بواری دیکەشدا ئیشی بۆ بکەین.

**ڕامان:** ئەگەر بمانەوێ دەقێکی کوردی بەچاوی ڕەخنەوە بیخوێنینەوە، دەبێ ئەو ڕۆمانە، ئەو شیعرە، ئەو کورتە چیرۆکە، بەدوا دەستاوێژەکانی ڕەخنەی دنیای ئەمڕۆ بەراورد بکەین کە سەبارەت بەو داهێنانانە پێی گەییوە و بەو جۆرە تەماشای ئەو دەقانە بکەین، تا بزانین ئەو بنەمایانەی داهێنانیان تێدایە، یان تێدا نییە، هەمان شت دەبێ لە بواری هونەری شێوەکاریشدا بکرێ کە زمانەکەی زمانێکی جیهانییە و لەو هونەرەشدا کە تەماشای تابلۆیەک دەکرێ، بێجگە لەوەی دەبێ ڕۆشنبیرییەکی باشی چاومان هەبێ، دەبێ بەدوا ڕۆشنبیریی ڕەخنەیی و تیوری کە ئەو هونەرەی پێگەییوە لە ئیستێتیکای بینین و خوێندنەوە بەراوردی بکەین. دەمەوێ پرسیار لە تۆ بکەم وەک کەسێک کە هەم ئیشی هونەریی دەکەیت و هەم بەدواداچوونی هونەریشت هەیە و دەچیتە پێشانگای هەموو هاوڕێیەکانت، ئایا هونەری شێوەکاری لەمڕۆدا چەند توانیویەتی پێ بەپێی ئەو نوێبوونەوە و هەنگاوە گورج و خێرایانە بەڕێوە بڕوات؟

> **ئەگەر بمانەوێت ئەکادیمیا و پەیمانگاکانمان باش بکەین، دەبێ سوود لە شارەزایی دەرەوە وەربگرین.**

**نامیق عەلی قادر:** ئێمە لە پەراوێزی هونەری جیهانیدا دەژین، ئەگەر بوێرم ئەو قسەیە دووبارە بکەمەوە و هونەرمەندەکانمان لێم زویر نەبن. تۆ کە دەڵێی فلان کەس هونەرمەندێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەیە کۆمەڵێک بنەمای هەیە، بەڵام تۆ لێرەدا مەبەستت هونەری جیهانییە.

**ڕامان:** دەکرێ بپرسین ئەو هونەرمەندانە چەند توانیویانە سوود لەو هەموو تەکنیکە جوان و ئەزموونە جوانانە وەربگرن؟

**نامیق عەلی قادر:** ئێستا ئەوە هەیە، هونەرمەندمان هەیە سوودی لە تەکنیکی هونەرمەندەکانی جیهان

وەرگرتووە، بەڵام لێ زیادکردنمان لەسەر هونەری جیهانی نییە. ئەوە بیکاسۆ هونەرمەندێکی جیهانییە، یان هونەرمەندەکانی دیکە، هەریەکەیان لێ زیادکردنێکی لەسەر مێژووی هونەر هەیە، تۆ شتێکت هەیە پێی دەگوترێ مێژووی هونەری جیهانی، دەبێ بکەویتە ناو ئەو قاڵبەوە، ئینجا دەبیتە هونەرمەندێکی جیهانی. ئێستا تۆ باسی دارا حەمە سەعیدت کرد، ئەو هونەرمەندە پەیکەرتاشێکی زۆر زۆر باشە، هادی زیائەددینی وەستایەکی زۆر زۆر باشە، ئەمانە هونەرمەندی باشن، بەڵام بۆ ناو سنووری کوردستان باشن، کە دەچینە دەرەوەی ئەو سنوورە و دێینە ئەوروپاوە، ئەوە مەوزووعێکی دیکەیە.

**ڕامان:** دەتەوێ بڵێی هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە بازنەیەکی بۆشدا دەسووڕێتەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** نا بۆش نییە، کۆمەڵێک وەستای باشت هەیە، بەڵام ئەو وەستایەی لە هەولێر منارەی چۆلی دروست کردووە، لە هەموو وەستایەکان باشتر بووە.

**ڕامان:** باشە هونەرمەندەکانمان چ بکەن بۆ ئەوەی بتوانن وەرچەرخانێک دروست بکەن؟

**نامیق عەلی قادر:** دەبێ هونەرمەندەکان زیاتر هەوڵ بدەن، حکوومەتیش زیاتر سوود لە ئیمکانیەتی ئەوان وەربگرێ، توێژینەوە و زانیاری باش بێنێتە کوردستان و گەلەری و موزەخانەی باش بکاتەوە، هەوڵ بدات هونەری دەرەوە بێنێتە ئێرە، پێوەندی لەنێوان ئێرە و دەرەوە دروست بکات. بەو شتانە وەرچەرخان و پێشکەوتن دروست دەبێ. یەکێک لەو لایەنانەی باست کرد دەڵێن خەڵک چێژ لە هونەر وەرناگرێ، من بەشێکم بۆ هونەرمەندەکان گەڕاندەوە، بەشێکیش دەگەڕێنمەوە سەر حکوومەت و دامودەزگا هونەرییەکان، تۆ وەرە موزەخانەیەک بکەرەوە و دوو هەزار تابلۆی لەناو هەڵواسە، ئەوسا مانگی جارێک دەستی منداڵەکانی خۆت دەگریت و دەچیت تەماشای ئەو موزەخانەیە دەکەیت، لەوانەیە کابرایەکیش لە باداواوە بێت، ئیدی وردە وردە خەڵک دێن. کە لەدەرەوە دەچیتە موزەخانەیەک کە شوێنێکی جیهانی و گەورەیە، دەبینی هەزار کەس ڕاوەستاوە و ڕیزی بۆ بیتاقەکەی بەستووە، ڕۆژانە ئەوە دووبارە دەبێتەوە و لە هەموو دنیاوە بۆی دەچن. بچیتە هەر موزەخانەیەک، بۆ نموونە موزەخانەی نیشتیمانی ئەڵمانی، موزەخانەی ڤانکۆک لە هۆڵەندا...تاد ئەو دیمەنە دەبینی. ئێمە نەمانتوانیوە سوود لە هەندێ شتی خۆشمان وەربگرین، نەک هەر لەلایەنی هونەرەکەمان، بگرە شتی کولتووری خۆشمان، تا ئێستا موزەخانەیەکمان بۆ کەلوپەلە کوردەوارییەکانی خۆمان نییە.

**ڕامان:** تا ئەوساتە ئێمە موزەخانەی جلوبەرگمان نییە.

**نامیق عەلی قادر:** نیمانە.. ئێمە مافووری هەرکی، مافووری دزەیایەتی و مافووری ناوچەکانی کوردەواری، دەبوو موزەخانەیەکمان بە تایبەتی بۆ مافوور هەبوایە، خۆ دەتوانین دوو هەزار مافوور و بەڕەو جاجم کۆ بکەینەوە. سینی و کەوچکی کوردەواری و خەنجەر و قاپوقاچاخمان هەبوو هەمووی نەحت بوون، کە وێنەی شێر و ئاژەڵیان لەسەر بوو.

**ڕامان:** بەهۆی هێرشی تەکنۆلۆژیاوە ئەو کەلوپەلانە نامێنن و بەرەو کەمبوونەوەیەکی بەرچاو دەڕۆن. وردە وردە خەریکە شوێنەوارەکانی باوباپیرانمان لەناو دەچن.

**نامیق عەلی قادر:** ئێمە هیچمان نییە، موزەخانەیەکمان نییە هەر ئەوانە کۆبکاتەوە.

**ڕامان:** تۆ بەشێکی ئەو پرسیارەی منت وەڵام دایەوە، ئەگەر شتێکت لەبیر ماوە، یان بزانین بەرچاوترین کەموکوڕی ناو بزاڤی هونەری شێوەکاری، بێجگە لەوانەی باسمان کردن چیتر دەبینی؟

**نامیق عەلی قادر:** بەڕاستی ئەوە هەوڵێکی زۆری دەوێ، بەخۆی کەموکوڕییەکە یەک بابەتە، پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین و لەگەڵ دامودەزگا بەرپرسەکان دانیشتن بکەین، هەر لە سەرۆکی حکوومەتەوە تا وەزیری ڕۆشنبیری کۆببینەوە و دابنیشین و چارەسەر بۆ ئەو بارودۆخە بدۆزینەوە. جارێک کابرایەکی بریتانی بە ڕەچەڵەک لبنانی هاتبوو، ئەنجوومەنی وەزیران وەک شارەزا هێنابوویان، لە شیراتۆن پێکەوە من و بورهان سابیر لەگەڵی دانیشتین و بە منی گوت تۆ وەزیفەت چییە؟ گوتم من ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێرم. دەزانی چی بە من گوت؟ گوتی بە پارێزگار بڵێ ئەگەر دەیەوێ شارەکەی جوان بکات با بایەخ بە هونەری شێوەکاری بدات، بۆیە هەموو شتێک پێوەندی بە هونەرەوە هەیە، جوان کردنی شەقام و باڵەخانەکان، جووڵانەوەی هاتن و ڕۆیشتن هونەرە، لە زۆربەی وڵاتان ئەندازەی تەلارسازی لە کۆلێژی هونەرە، بۆ نموونە لە سوریا ئەندازەی تەلارسازی بەشێکە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان.

**رامان:** ئەی نەبوونی پەیکەر لەناو ئەو هەموو گۆڕەپان و باخچە و پارکانە، کەموکورییەکی گەورە نییە، بە تایبەتی لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا؟

**نامیق عەلی قادر:** لە کۆبوونەوەیەکدا بە کاک تاهیر عەبدوڵڵام گوت ئەگەر بتانەوێ شار جوان بکەن دەبێ واز لەو چیمەنتۆیە بێنن و شانەیەکی سەبی بڕۆنز بهێنن، یان کۆمەڵێک کادیر بنێرنە دەرێ و لەوێ پێڕا بگەن، ئەگەر بمانەوێ بایەخ بە کەسایەتییەکی خۆمان بدەین، دەبێ بە کەرەستەی باش پەیکەری بۆ بکرێ، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ پەیکەری شێخ مەحموود بکەین، نابێ بە چیمەنتۆ بکرێ، بگرە دەبێ بە بڕۆنز بکرێ، یان دەبێ بە ستیل بکرێ، واتە بە باشترین ماددەی هونەری بکرێ، چونکە بەو کارە گرنگی و بایەخ بەو کەسایەتییە دەدرێ، ئینجا ئەوە هەر کەسایەتییەک بێ، بمانەوێ پەیکەرێک بکەین، ئەگەر بە گەچ، یان بە چیمەنتۆ بکرێ، ئەوە پاش دوو ساڵ تێکدەچێ و بایەخی هونەریی نابێ و نییە، بۆیە دەبێ بە بڕۆنز بکرێ، داخەکەم تا ئێستا ئێمە لەوە تێنەگەیشتووین، یان پەیکەری عزەددین فەیزی کە لە بواری پەروەردەدا گرنگە و خزمەتی کردووە، هاتوون لەسەری فولکەیەک دایانناوە و خەڵک لەبەر ئۆتۆمبێل هاژۆتن نایبینن، لە کاتێکدا دەبێ لە باخچەیەکدا دانرێ کە خەڵک دەرفەتی هەبێ بە جوانی بیبینێ، ئێمە نازانین پەیکەریش دابنێین، لەبەر ئەوەی ئەو ناوە پردە و بە پەلە دەپەڕێتەوە، ئەوە چۆن پێڕا دەگا تەماشای بکات؟ یان پەیکەری خەیروڵڵا عەبدولکەریم لە شوێنێکی حەساس بەرانبەر چێشخانە و ئۆتۆمبێل دانراوە، ئەوە گوناهە.

**رامان:** زۆر کەس هەن باسی ئەوە دەکەن هونەری شێوەکاری کوردی مۆرکی کوردەواری پێوەبێ، ئەوە زۆر قسە و باسی لەسەر کراوە، لە کاتێکدا هونەری شێوەکاری لە بنەڕەتەوە هونەرێکی ڕۆژئاواییە و هاتووەتە ناومانەوە، بۆیە کە دەیانەوێ مێژوویەک بۆ ئەو هونەرە دەستنیشان بکەن و قووڵاییەکی مێژوویی بدەنێ، دەگەڕێنەوە سەر کۆمەڵێک زەخرەفە و نەخشونیگاری سەر بەڕەو جاحم و سندووقی بۆراق و...تاد تۆ لەو بارەیەوە چ دەڵێی؟

**نامیق عەلی قادر:** دەبێ ئەوە بە شێوەیەکی هاوچەرخانە بەکاربێنین، هونەریانە و بە ڕوانینی جیهانی بەکاری بێنین، هونەری کوردی بەوە نابێتە کوردی بێین و بە تەنیا بەڕەی کوردی و هێما و زەخرەفە بکەین، یان بە بوونی چیاکانی کوردستان هونەری کوردی داهێنان بۆ



خۆی تۆمار ناکات، تۆ وەرە سەیری هونەری ئەورووپی بکە، ئایا بیکاسۆ بە کولتووری ئیسپانی گەورە بووە؟ رامبرانت تەنیا ئیشی پۆرترێتی کردووە و بووەتە هونەرمەندێکی جیهانی، بەڵام خەڵکی کوێیە؟ هۆڵەندییە، بۆیە بووەتە هونەری هۆڵەندی، ڤانکۆخ چی کردووە؟ هەموو کارەکانی واقیعی- تەعبیریی بووە و هیچ پێوەندی بە زەخرەفەو بە کولتووری هولەندییەوە نییە. هونەری کوردی بەوە نییە بەڕەو مافوور و چیاو جەمەدانی تێدا بێت، تۆ هونەرمەندێکی باشت هەبێ، با هەر بە تەجریدی ئیشەکانی بکات، بەڵام جیهانیی بێت، لێ زیادکردن لەسەر هونەری جیهانی بێ، ئەوە دەبێتە هونەری کوردی، بتوانیت زەخرەفەش بەشێوەی جیهانی بەکار بێنی هەر باشە، ماتیس سەرەتا هاتووە بە زەخرەفەی ڕۆژهەڵاتی هەندێک کاری کردووە، بەڵام ماتیس بۆ وڵاتەکەی خۆی کاری کردووە، بۆ ئێمە نییە، وەک گوتم هونەرمەند لە ئەرمینیا وێنەی جلوبەرگی کوردەکانی کردووە، بەڵام ئەوە نابێتە هونەر و داهێنانی کوردی، دەبێتە داهێنانی هونەرمەندەکە.

**رامان:** ئەی ئەو تابلۆیانەی بۆ شەرەفنامە دروست کراون، کە شەرەفخانی بدلیسی نووسیویەتی و ساغکراوەتەوە تابلۆیەکانیش خۆی کێشاویەتی، دەکرێ ئەو میناتۆرانە بەسەرەتایەک بۆ هونەری کوردی دابنێین؟

**نامیق عەلی قادر:** من قەناعەتم وانییە، چونکە زانیاریم لە بارەی ئەوەوە نییە، من هیچ زانیاریم لەسەر ئەوە نییە هونەرمەندێکی کورد ئەوەی کردبێت، خۆزگە دەخوازم بە شێوەیەکی زانستی ساغ بکرێتەوە.

**رامان:** من پێم وایە ئەو تابلۆیانە کاریگەریی میناتۆری فارسەکانی بەسەرەوەیە.

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان هەموو ئەو شتانەیە کە فارسەکان کردوویانە، هەمان شێواز و ستایلە، لەوانەیە

کۆمەڵێک هونەرمەند هەبووبن کە بەو شێوازە ئیشیان کردبێت، یەکێک لەوانە کورد بووبێت و ئەوەی کردبێت، دوور مەبینە. من ناتوانم لەسەر ئەوە بڕیار بدەم، چونکە هەست دەکەم لەگەڵ ئەو شەپۆلە چینییە هیچ جیاوازییەکی نییە کە کاتی خۆی هاتووە و فارسەکان سوودیان لێ وەرگرتووە.

**ڕامان:** وەک هونەرمەندێکی کورد لە باشووری کوردستان، هەموو شارەکان گەڕاویت و هونەری خۆت پیشان داوە و پێشانگات کردووەتەوە، بەڕای تۆ لە کامە شاری کوردستاندا گەرموگوڕتر بە پیر هونەری شێوەکارییەوە دێن، یان مەبەستیانە لەو بوارەدا ئیش بکەن و هونەرەکە پێش بخەن؟

**نامیق عەلی قادر:** لە هەموو شارەکانی کوردستاندا گەرموگوڕی لە ئیش کردن هەیە.

**ڕامان:** حەتمەن شارێکیان گەرموگوڕییەکەی زیاترە، یان کەمترە.

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە نازانم، لە هەولێر کۆمەڵێک هونەرمەندی باش هەن، لە سلێمانیش کۆمەڵێک هونەرمەندی باش هەن، هەروەها لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش هونەرمەندی باش هەن.

**ڕامان:** ئەدی هاتنی خەڵک و بە پیرەوە هاتنی پێشانگایەکان لەو شارانەدا چۆن دەبینی؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەگەر بەگشتی باسی بکەم و بچمە دەرەوەی کوردستان، ئەوە کاتی خۆی لە بەغدا، لە هەموو شارەکانی عیراق زیاتر بینەر دەهاتن و لە هەموویان زیاتر لە بارەی هونەرەوە دەنووسرا، پتر بەهرەی هونەرمەندەکان دەدۆزرانەوە و ناوبانگیان پەیدا دەکرد، ئەوە زیاتر لە بەغدا بوو، لەبەرئەوەی لەوێ ڕەخنە هەبوو، کۆمەڵێک ڕەخنەگری باش هەبوون، بەڵام تا ئێستا لە کوردستاندا نییە، زیاتر پێوەندییەکانی خۆتە، کە پێوەندیت لەگەڵ خەڵک باشە زۆرتر دێنە پێشانگایەکەت، زۆرکەس بانگهێشت دەکەیت و دێن، برادەری هونەرمەندم هەیە لە ئەورووپا هاتووەتەوە، کە لە هونەرمەندە هەرە باشەکانی کوردیشە، لە سلێمانی پێشانگای کردەوە، لە ڕۆژی کردنەوەی پێشانگایەکەی بە هەمووی دە کەس نەهاتبوون، ئەوە ناخۆشە. لەوانەیە هونەرمەندێکی باشی سلێمانی لە هەولێر پێشانگا بکاتەوە و خەڵک کەم بۆی بچن. من لە سلێمانی پێشانگام کردووەتەوە و خەڵکێکی یەکجار زۆر هاتوون، پێشانگاشم کردووەتەوە بە هەمووی پازدە بیست کەس نەهاتووە، ئەوە بۆ جۆری هۆڵەکە و کارگێڕەکانی دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** هەروەها کەسایەتی هونەرمەندەکەش دەوری خۆی هەیە.

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان ئەوە هەر هەیە. کاتی خۆی فرانس بیکون لە بەریتانیا پێشانگای دەکردەوە دەیانگوت لەبەر زۆری هاتنی بینەران ڕێگاوبان دەگیرا. هونەرمەندی بەناوبانگیش هەیە پێشانگا دەکاتەوە ڕەنگە وانەبێت. کەسێتی هونەرمەندەکە گرنگە، ڕابردووی، پێوەندی تاکەکەسی، لە هەموو دنیاش هەروایە، بەڵام بەگشتی وێنەکێشان وەک شانۆ و ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی نییە، سەدان کەس بۆیان بچێت، مەسەلەی وێنەکێشان جیاوازە.

**ڕامان:** واتە کەسانێکی زۆر تایبەت سەردانی پێشانگا دەکەن کە زۆرتر کەسانی دەستەبژێر و هەڵبژاردەن.

**نامیق عەلی قادر:** هەڵبژاردەن ئیتر... نازانم چۆن تەعبیری بکەم؟ (پێدەکەنێ)

**ڕامان:** ئەو هونەرمەندانەی پێشتر باسمان کردن وەک زۆربەی توێژەکانی دیکە ڕوویان کردە هەندەران، چونکە غەمێکی هونەرییان هەبوو، نەیاندەتوانی لەو غەمە داببڕێن، لەوێ بەردەوام بوون، هەندێکیشیان کەوتنە ناو گێروگرفتەکانی ژیانی خۆیان، ڕەنگە ئەوانە سارد بووبنەوە، یان نەیانتوانیبێ بەو گەرموگوڕییەی جارانیان بەردەوام بن، ئەوانەی لەسەر کارەکانیان بەردەوام بوون، کە تۆ کەسانێکی زۆریان لێ دەناسی کە لەوڵاتانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا و وڵاتانی دیکە دەژین، هەست دەکەیت ئەوانە لەگەڵ هونەرمەندانی ئێرە هیچ لێک چوون، یان جیاوازییەکیان هەبێ؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوەی هونەرمەندێکی باش بووە، ئێستاش هەر باشە، ئینجا لێرە بێ، یان چووبێتە ئەوێ. هەر هونەرمەندە و شێواز و جیهانبینی خۆی هەیە، بەڵام نزیک بوونەوەیەک هەیە، نزیک بوونەوەکە چییە؟ هەیە زۆر جددییە لە ئیش کردن و هەوڵی نوێ دەدات و هەمیشە هەست دەکات هونەر بەرپرسیارەتییە و بە بەرپرسیارەتییەوە ئیش دەکات و دەیەوێ کاری باش بکات، ئەگەر پێشانگایەکی کردەوە، دەیەوێ دواتر پێشانگایەکی باشتر بکاتەوە. ئەو حاڵەتە لەلای هەندێ هونەرمەندی ئەورووپا هەیە، لێرەش لەلای هەندێک هونەرمەند هەیە.

**ڕامان:** ئەی هەندەران هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر شێوازی ئیش کردنیاندا نەهێناوە؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەو گۆڕانکارییە ڕووی داوە، بەڵام حاڵەتە و هەر ئەوەندە دەتوانرێ ئیش بکرێ، لەوە زیاتر ناتوانن ئیش بکەن، مەسەلەکە لای من داهێنانە جیهانییەکەیە کە وەک وتم یەکێک هونەرمەندێکی زۆر باشە و هەوڵی جددی هەیە، بەڵام ئەگەر لە بیناڵەیەکی جیهانیدا کەسێکت نەبێ بەشداری بکات و لە هۆڵێکی زۆر باش و ناسراو هونەرەکەی خۆی نیشان بدات، بۆچی باشە؟ تاک تاکیان هەیە، ئەو ساڵە ئازاد لە بیناڵەی فلۆرەنسا بەشداری کردبوو.

**ڕامان:** مەبەستت ئازاد ئەحمەدی هونەرمەندە؟

**نامیق عەلی قادر:** بەڵێ من چووم و بینیم.

**ڕامان:** باوەڕ ناکەم هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد توانیبێتی بەفرۆشی تابلۆکانی بژی؟

**نامیق عەلی قادر:** لە سەرەتاوە باسمان کرد ئاستی هۆشیاری ئەو خەڵکە نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیە یەکێکی دەوڵەمەند و پارەدار تابلۆ بکڕێ و لە ماڵەکەی، یان کۆمپانیا و ئوتێل و مارکێتەکەی هەڵیواسێ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە تابلۆ کڕین لەلای ئێمە نەبووەتە نەریتێک، زۆربەی ئەو هونەرمەندانەش کە ئیش دەکەن هەموویان لە وەختی خۆیان و لەسەر حیسابی ماندووبوون و عەزابی خۆیان کار دەکەن، جار هەیە کە دەچن پێشانگا دەکەنەوە وەک حەمباڵیان لێدێ، دەبی خۆیان تابلۆ بەشانی خۆیاندا بدەن و هەڵیواسن و بەخۆیان بیهێنن و بیبەن و هەر بەخۆیان تەلەفۆن بۆ ئاشنا و ناسیاوەکانی خۆیان بکەن، هەموو شتەکان هەر خۆیانن..

**ڕامان:** کەوابێ لەبارەی ئەوەی کە تا ئێستا هونەرمەندی کورد نەیتوانیوە سوود لە فرۆشی تابلۆیەکانی وەربگرێ چی دەڵێن؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە واقیعە و دروست بووە، کە پەیوەندی بە کۆمەڵێک شتەوەیە، لەوانە ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک، کە چەند چێژ لە هونەر وەردەگرن. لە ڕاستیدا هونەر نەبووەتە کولتوور، ئیتر ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتن لە هونەر، کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، بۆیە خەڵک ناتوانێ تابلۆ بکڕێ، مەبەستم لە چێژ وەرگرتن ئەوەیە کەسێک بڵێ ئەوە هونەرمەندی ئێمەیە، چەند ساڵە ئیش دەکات و هەموو ژیانی خۆی لە پێناو هونەرەکەی سەرف کردووە، ئەوەمان نییە.. لە ئەورووپا ئەگەر نەچنە پێشانگایەکەش، بەڵام هونەرمەند ڕێزی خۆی هەیە، لە وڵاتەکەی ئێمەدا ئەوەش نییە.. بەڕاستی من لە هەندێ شوێن هەر حەز ناکەم بڵێم هونەرمەندم.



**ڕامان:** تەنیا لەلای خۆمان حەز ناکەیت بڵێیت هونەرمەندم، یان لە دەرەوەی کوردستانیشدا؟

**نامیق عەلی قادر:** نا لە دەرەوە نا، لێرەکانە لە هەندێ دانیشتندا، هەرچەندە من شانازی بەوەوە دەکەم کە هونەرمەندم، هونەر بووەتە بەشێکی هەرە گەورەی ژیانم، ئەوە قەناعەتی خۆمە، دەشزانم چی دەکەم و لەپێناوی چی وێنە دەکێشم، بەڵام هەندێک دانیشتن و مەجلیس هەیە باسی هونەر بکەیت، ئەوان شەرم دەکەن وەڵام بدەنەوە و لە بارەیەوە قسە بکەن، چونکە ئاستی دانیشتنەکە ئەوە نییە باسی هونەر بکرێت. ئەوە واقیعێکە، خەڵک ئەمڕۆکە هەمووی بەدوای پارەدا دەگەڕێن، یان بە شێوەیەکی دی بڵێین بە دوای ژیاندا دەگەڕێن، هەموو هەڵسەنگاندنەکان لە ڕوانگەی پارەوەیە، لە ڕوانگەی ڕۆشنبیریی و ئینتیماوە نییە بۆ وڵات، هەموو شتێک بە چاویلکەی پارەوە دەبینن. ساڵی نەوەد و سێ لە پاریس بووم هونەرمەند هیمەت کاکەیی میوانێکی هات، خۆی و ژنەکەی بوون، وتی ئەوانە دێن تابلۆم لێ دەکڕن، میوانەکە هات لەگەڵمان دانیشت وتی کارگەی پێڵاو دروست کردنم هەیە، وتی لە ماڵەکەمدا شەش مانگ جارێک تابلۆیەکان دەگۆڕم، کۆگایەکی گەورەشم هەیە، ئەو شەش مانگە هەڵیان دەواسم، دوایی دێم تابلۆی دیکە لە جێگەیان دادەنێم، خەڵک لە ئەورووپا وابیر دەکاتەوە، هەیبەتی ماڵەکەی لەوەدا دەبینێ کە تابلۆیەکی بەنرخ و هونەرمەندێکی باش لە ماڵەکەی خۆی هەڵواسێ. من لە کوردستاندا یەک کەسم دیوە ئەویش ناوی (مەحموود ئەحمەد عوسمان)ـە ئەوە کەسێکی هەولێرییە، تەمەنی هەشتا ساڵە، دێت تابلۆ دەکڕێت،

چەند تابلۆیەکی لە من کڕی، دانەیەکی لە هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) کڕی، ئەوە لە بەغدا بوو، ئێستا هاتووەتەوە شاری هەولێر، زیاتر لە (٥٠) تابلۆی هونەرمەندە هەرە باشەکانی بەغدای لەلا هەیە.

**ڕامان:** ئەو پیاوە چ کارەیە؟

**نامیق عەلی قادر:** پسپۆڕی بواری دارایی و ئابوورییە، پێش ماوەیەک بۆ بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی کاندید کرابوو.

**ڕامان:** وابزانم ئەو پیاوە خزمایەتی لەگەڵ دکتۆر مارف خەزنەداریش هەیە.

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە نازانم، بەڵام بابی یەکەم متەسەڕیفی هەولێر بووە، خزمی ماڵی مەلا فەندییە، بەڵام کەسێکە زۆر ڕێزی هونەر دەگرێت، بەو تەمەنەوە هات تابلۆی لە ئێمە کڕی، ئەوە چەند باشە کۆمەڵێک کەسی وامان هەبێ. لە ئەوروپا بە هەزارانی وایان هەیە و شانازی بەوەوە دەکەن کە هونەرمەندێکی باشیان هەیە و تابلۆی هونەرمەندەکەیان لە ماڵی خۆیان هەڵواسیوە. من زۆر منەتم بەو شتانە نییە، بەڵام ئەوە واقیعێکە لە دنیای هونەر باسی دەکەم.

**ڕامان:** وەک هونەرمەندێکی شێوەکار لە زۆر بواردا ئیشت کردووە، ئیشی مۆتیف، دیزاین و...تاد ئەی بۆچی بۆ منداڵان ئیشت نەکردووە؟

**نامیق عەلی قادر:** من لەو بوارەدا ئیشم نەکردووە.

**ڕامان:** با باسێکی ئەو پێشانگایەت بکەین کە بۆ ئیشی پەیکەرسازی کردتەوە، کە ئەوەش بۆ خۆی ئەزموونێک بوو.

**نامیق عەلی قادر:** چەند ساڵێک پێش ئێستا خەریکی شتی سمبۆلی بووم، ئەوە پێوەندی بە شتی کولتوورییەوە هەبوو، ئەوانە هەمان فۆرمن، بەڵام بە ئاسن، چەکوچ، پلایس، داس کە پاش ماوەیەک فڕێ دەدرێن، من هاتم ئەوانەم کۆکردەوە و بەشێوەی پەیکەر کارم لەسەریان کرد، ئەمە هەمان ئەو بیرۆکانەی خۆمیان تێدا بوو. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بابەتی تراژیدیا، ئەوانە هەر پێوەندی بەوەوە هەیە، هەموو ئەو کەلوپەلانە شتی کوردەواری بوون کە پێشتر بەکارهاتبوون، ئەوانە هەموویان پێوەندییان بەو پێشانگایەوە هەبوو کە پێش ماوەیەک کردمەوە.

**ڕامان:** بەڵام هەست دەکرێ کارەکان دنیابینی تۆشیان تێدایە؟

**نامیق عەلی قادر:** پێوەندی بە جیهانی منەوە هەیە، ماوەی ئابڵووقە ئابوورییەکە بوو، خەڵک دەهات ماڵی خۆی دەفرۆشت، نەبوونی و قاتوقڕی بوو، ئەو ماوەیە کۆمەڵێک کاری سادەی لەو جۆرەم کرد، ئاوێنە و چوارچێوە و ئەو شتانە بوون، ئەوەش پێوەندی بەو بابەتانەوە هەبوو و کاتی خۆی کردمنە پێشانگایەک.

**ڕامان:** ئێوە وەک نووسەرێک نین کە نەتوانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسێک کە زمانی کوردی نازانێ، بەرهەمەکانتان بۆی بخوێننەوە و یەکسەر تێی بگات، مۆسیقییەکان و شێوەکارەکان لەو ڕووەوە بەختەوەرن، لەبەر ئەوەی هونەرەکەیان زمانێکی جیهانیی هەیە، بۆیە ڕاستەوخۆ بینەر و گوێگر دەتوانن ببیانبینن و گوێیان لێ بگرن و چێژیان لێ وەربگرن و ڕاستەوخۆ بڕیار لەسەر ئاستەکەیان بدەن، تۆ لەو ڕووەوە چ دەڵێی؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە واقیعێکە پێوەندی بە ئێمەوە نییە، ڕەسم کردن فۆرم و ڕەنگەو خۆی جیهانییە، ئەو فۆرم و ڕەنگە لە هەموو دنیا جێگیرە، دەمێنێتەوە سەر چۆنیەتی ئیش کردن و دەسەڵاتی هونەرمەندەکە، وەک چۆن ئێمە هونەرمەندێکی ئەوروپایی بە زمانی هونەرەکەی دەناسین.

**ڕامان:** پێم وانییە ئەوە کارێکی خراپ بێت، بە پێچەوانەوە ئەوە ڕێگا کورت کردنەوەیەکە و زووتر دەتانگەیەنێتە لای بینەرێکی ئەوروپایی.

**نامیق عەلی قادر:** ڕاستە.. خۆزگە ئەوەندە وەرگێڕی باشمان هەبوایە هەتا گەرماو گەرم شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەکانی نووسەرەکانی ئێمەیان بۆ سەر زمانەکانی بێگانە وەرگێڕابا.

**ڕامان:** یەکێک لەو دیاردانەی کە چ لەو دوا پێشانگایەتدا و چ لە ئیشەکانی دیکەشتدا بەدی دەکرێ، بەکارهێنانی هونەری کۆلاجە، چۆن سوودت لەو هونەری کۆلاجە وەرگرتووە و بە چەند قۆناغ گەیشتیتە ئەو ڕادەیە بتوانیت ئەو ئیشانەتی پێ جێبەجێ بکەیت؟

**نامیق عەلی قادر:** من ئەزموونی لەوە پێشترم هەیە، بە تایبەتی ئەو ماوەیەی دوایی پێشانگایەکی فۆتۆگرافم کردەوە، بیرۆکەکەی لەوەوە هات، لەو ماوەیەدا بوو کە قەڵاتیان چۆڵ کرد، ئاگاداربووم کە قەڵات چۆڵ دەکەن، پێش چۆڵ کردنی قەڵات وێنەیەکی زۆری خەڵکەکەی ناو قەڵات و خانووەکان و ماڵەکانم گرت، دوای ئەوەش کە قەڵات چۆڵ بوو، دووبارە وێنەم گرتەوە، ئەوەبوو کردمە پێشانگایەک. پاش ئەوە کۆمەڵێک بیرۆکەی دیکەم بۆ هات کە پێوەندی بەو بابەتەی خۆمەوە هەبوو،

فۆتۆگرافەکان هی خۆم بوون، دووبارە سوودم لێ وەرگرتنەوە، ئەوە جۆرە سوود لێ وەرگرتنێکە و لە هونەردا شتێکی ئاساییە کە دواتر دێیت ڕەنگ دادەنێیت و دەتوانی لە پێناوی گەیاندنی بیرۆکەکەت پارچەیەک، کەرەستەیەک دابنێیت. تۆ ئازادی لەوەی ڕەنگ دادەنێیت، ئەگەر سەرنجت دابێ کۆمەڵێک خەناوکە (ملوانکە) و کەرەستەی دیکەم خستبووە ناو تابلۆیەکانمەوە.

**ڕامان:** لاپەڕەی سووتاو، جامەدانی و شتی تریش خرابوونە ناو تابلۆکانتەوە.

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان لەپێناوی خزمەتی ئیشەکە و گەیاندنی بیرۆکە و داڕشتنی بیرۆکەکەیە، شتێک کە پێت جوانە و دەزانیت دەبێتە هۆی بەهێزکردنی تابلۆکەت، دەیکەیت، ئەوە شتێکی سروشتییە و لە هونەری جیهانیدا لەوانەیە پێش پەنجا ساڵ کرابێ، شتێک نییە بڵێم داهێنانێکی زۆر گەورەم لەو بوارەدا کردووە، بەڵام ئەوە لەخزمەتی ئیشەکەمانە، چونکە وەک قوتابخانەیەک جێگیر بووە و واقیعێکە. کۆلاج کۆمەڵێک کەرەستە دەخەیتە سەر ئیشەکەی خۆت و وەستایانە و بەشێوەیەکی کۆنکرێتی پێکەوەیان دەبەستیتەوە.

**ڕامان:** ئێستا لە کوردستان کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکاری هەیە، پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە کۆمەڵێک شار و شارۆچکەی کوردستاندا هەن، ئایا ئەم دەزگا هونەرییانە دەتوانن هونەرمەند بۆ ئایندە دروست بکەن؟ یان تەنیا ئیشیان ئەوەیە بەهرەدارەکان لە بواری هونەری شێوەکاری بدۆزنەوە و دەست بدەنە بن باڵیان و بیانناسێنن؟

**نامیق عەلی قادر:** بوونی ئەو دەزگایانە شتێکی زۆر باشە، حەز دەکەم ئەکادیمیا لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەبێ، بەڵام چۆن ئەو پەیمانگاو ئەکادیمیایانە بە سستمێکی ڕێکوپێک بەڕێوە دەبرێن؟ دەبێ بەرنامەی باشمان هەبێ، مامۆستای باش هەبێ، مامۆستای باش چۆن دروست دەکرێ؟ مەسەلەکە هەر ئەوە نییە مامۆستاکە دەرچووی ئەکادیمیا، یان پەیمانگایەک بێ، دەبێ ئەوانە دروست بکەین و بیاننێرینە دەرەوە تا سوود لە پرۆگرامی خوێندنی دەرەوە وەربگرن، ئەگەر بمانەوێ پەیمانگا و ئەکادیمیاکانمان باش بن، دەبێ زانیاری باش بگەیەنینە قوتابیان، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ کادیر پێ بگەیەنرێ، کادیریش بەو ئیمکانیەتەی ئێرە دروست نابێ، بە پرۆگرامی خوێندنی ئێرە کادیری هونەری دروست نابێ، دەبێ کادیر بنێرینە دەرەوە، ئەو ماوەیەی دوایی وابزانم ئەو هەلە هەبووە. کاتی خۆی کە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا کرایەوە، کۆمەڵێک مامۆستای بێگانەیان هێنا، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ مامۆستای دەرەوە لە هی ئێرە باشترە، ئەگەر بمانەوێ پەیمانگاکانمان باش بکەین دەبێ سوود لە شارەزایی دەرەوە وەربگرین، ئەوەندە ساڵە پەیمانگا و ئەکادیمیا هەیە تا ئێستا هونەرمەندی باش دروست نەبووە، گوناهەکە لە سیستمەکەیە، وەک چۆن ئەمڕۆ لە بواری پزیشکی و ئەندازیاری و قانوون خەڵک دەنێرینە دەرێ، پێویستە لە بواری هونەریش خەڵک بنێرینە دەرێ.

**ڕامان:** ئەوە زۆر ڕاستە هونەری شێوەکاری درەنگ بەو شێوە ڕۆژئاواییەی هەبووە و سەری هەڵداوە بە ئێمە گەییوە، ئێمە ئەگەر لایەنە خۆڕسکییەکەی لێ دەرباوێژین، کە هەندێک فۆرم و وێنە و نەخشونیگارمان هەبووە، ئەگینا مێژوویەکی دووردرێژمان لەو بوارەدا نییە. ئەوەی زانراوە زیاتر ئەوە بووە کە لە سییەکان و چلەکاندا هەندێک هەوڵدان هەبووە.

**نامیق عەلی قادر:** لە ساڵانی چلەکانیشدا هێندە نییە.



**ڕامان:** لەچاو هونەرەکانی دی و ئەو ماوەیەی دەستی پێکردووە، ئەوەش بە شایەتی ئەوانەی کە بایەخیان بە ڕەخنە و مێژووی ئەو هونەرە داوە، بۆیە ئەم هونەرە ئەمڕۆکە بایی خۆی پێشکەوتووە و توانیویەتی پێش بکەوێ و پێ بەپێی سەردەمەکەش بڕوا، پێمان باشە لەو بارەیەوە بیروڕای خۆتمان پێ بڵێیت.

**نامیق عەلی قادر:** ئێمە وەستای باشمان هەیە، تۆ لەناو قسەکانت باسی بەرهەمی خۆڕسکی کوردەواریت کرد، بەڵام بمانەوێ بڵێین لە ماوەی شەست ساڵدا شتێک بەناوی هونەری کوردییەوە دروست بووە، ئەمە وانییە. ئێمە کۆمەڵێک تابلۆمان هەیە، بۆ نموونە دانیال قەساب-مان هەیە کە وابزانم تابلۆیەکەی ساڵی (١٩٤٢) دروست کردووە، هونەرمەند عەزیز سەلیم لەو ساڵانەدا هەیبووە، کۆمەڵێکی دیکەش هەبووە، حەسەن فەلاح و ئەوانە وابزانم هەر لەو ساڵانەدا بوون، بەڵام شتێک هەیە زۆرجار کە سەیری مافووری کوردەواریم کردووە برێک بە قووڵی تەماشام کردووە و زۆر بە وردی لێی ڕاماوم، تەماشا دەکەم هەندێک فۆرمی تێدایە، ئەو فۆرمانە بە ئاسانی لای بێوەژنێکی کورد، یان قەیرە کچێک کە هەمیشە ئەوانە مافووریان دەکرد، دەپرسم ئەوە لە کوێ بۆیان هاتووە؟ تەنانەت لە کوێوە پێوەندی ڕەنگەکانیان بۆ هاتووە، بڵێین سوودیان لە سروشتی کوردستان وەرگرتووە، ئەوە قەیناکە چاوە و دەبینێ و هەستە دروستی دەکات، بەڵام هەندێک فۆرمی تێدا دەبینم پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە، ئەو فۆرمانە هێندە غەریبن ئەگەر باکگراوەندێکیان نەبێ دروست نابن، بەڵام ئەو باکگراوەندە چی لێهاتووە نازانم؟ لە خۆیەوە نییە ئەوە کرابێ. هەندێک فۆرمی زەقووره هەیە لە کوێوە هاتووە؟ یان لە هەندێک شوێن هەست دەکەم چەند مەسقەتێک هەیە، مەسقەتی پێشەوە و ئاسۆیی و لاتەنیشت هەیە، ئەوانە چۆن دروست بوونە؟

**ڕامان:** مەبەستت لەو مەسقەتە چییە؟

**نامیق عەلی قادر:** باڵاخانەیەک کە سەیری دەکەی لە سێ لاوە دەبینرێ، لە پێشەوە و ئاسۆیی و لاتەنیشتی هەیە.

**ڕامان:** مەبەستت لەوە مەنزورەکانە؟

**نامیق عەلی قادر:** لەپێشەوە کە باڵاخانە دەبینم، چۆن وێنەی دەکەم، لە تەنیشتەوە چۆن دیاردەبێ، لەسەرەوە ئەگەر تەماشای بکەم چۆن دەبێت؟ کۆمەڵێک فۆرم هەیە دەبینم ئەو سێ مەسقەتەیان هەیە. باشە ئەو ژنە کوردە هیچ بنەمایەکی ئەکادیمی نەبووە و تەنیا بەچاو ئەوەی گوێزاوەتەوە، ئەمە لەکوێوە هاتووە؟ کۆمەڵێک فۆرمی تەجریدی هەن، هەست دەکەم باڵندە و مامز هەبووە، یان حەیوانێکە چۆن ئەو فۆرمە تەجریدییە لە لای دروست بووە؟ یان کوتینی سەر لەشولار، ئەوەش پێوەندی بەوەوە هەیە و هەر لەوێوە گوێزراوەتەوە. من قەناعەتم وایە فۆرمی دووپشک و مار هەیە، شەڕە لەنێوان دووپشک و مار، ئەوانەی لە کوێوە بۆ هاتووە؟ من سەد لە سەد قەناعەتم ئەوەیە پێشتر شتێک هەبووە، لە دیوار بووە، لە بینا بووە، نازانم، بەڵام شتێک هەبووە، کە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە، هەم لە بواری ڕەنگ، هەم لە بواری ئەو فۆرمانەشدا.

**ڕامان:** بەڕای تۆ کە پێشانگای دوو قۆڵی و سێ قۆڵی و هاوبەشت کردووەتەوە، لەو ئەزموونەی خۆتەوە دەمانەوێ بزانین سوودی ئەو پێشانگا هاوبەشانە چییە؟

**نامیق عەلی قادر:** گومان لەوەدا نییە کە ئیشی هاوبەش لە ئیشی تاکەکەسیی باشترە.

**ڕامان:** تۆ کاری هاوبەشت لە کاری تاکەکەسیی پێ خۆشترە؟

**نامیق عەلی قادر:** بۆ هەندێ کار و پێشانگا باشترە.

**ڕامان:** باشە سوودەکانی چییە؟

**نامیق عەلی قادر:** لەیەک پێشانگادا خەڵک کۆمەڵێک ئەزموون و شێواز دەبینێت.

**ڕامان:** دەبێتە جۆرێک لە بەراوردکاری نێوان شێواز و ئەزموونی ئەو هونەرمەندانە.

**نامیق عەلی قادر:** بەڵێ بەراوردکاری دروست دەبێ، یان هەست دەکەیت بەرپرسیارەتی زیاتر دەکەوێتە سەر شانت تا جددیتر ئیش بکەیت، بەڵام بەگشتی ئیشی هاوبەش باشترە لەو ئیشانەی بە تەنیا خۆت دەیانکەیت، بۆ ئەو هۆیانەی پێشتر باسمان کردن.

**ڕامان:** هونەرمەندانی عەرەبی عیراق دەهاتن لە شاری سلێمانی تەماشای نمایشەکانی شانۆی کوردییان دەکرد و بە شانازییەوە دەیانگوت یەکێک لە لایەنە باشەکانی شانۆی کوردی ئەوەیە کە شانۆیەکی بازرگانی نییە، من پێم وایە هونەری ئێمە بەگشتی دوورە لە بازرگانی، بەڵام دیارە هەندێک بارودۆخ هاتووەتە پێش کە لە دەسەڵاتی هونەرمەندەکە بەدەر بووە، یان لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوەوە بووە، هەندێکیان لە بواری هونەری شێوەکاریدا کارەکانیان بەرەو بازرگانی ڕۆیشتووە، ئەوەش لەبەر پەلە پەل کردن بووە تا زۆرترین بەرهەمی هەبێ بیخاتە بازاڕی

فرۆشتنەوە، لێرەدا نامەوێ ناوی کەس بهێنم، بەڵام تۆش ئەوە دەزانی، لەم بارەیەوە بیروڕاتان چییە؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەمە شتێکی خراپە، کەسێک بگاتە ئاستێک بۆ فرۆشتن ئیش بکات، ئەوە زۆر بۆ هونەرەکەش مەترسیدارە، ئەزموونی جیهانیش لەم ڕووەوە هەیە. ئیشەکانی سلفادۆر دالی-یش بەو دواییە وای لێهاتبوو، هەروەها خوان میرۆش وا بووە، لەبەر ئەوەی خوان میرۆیە هەرچی بکات بە ئیمزای خوان میرۆ دەڕوات، بەڵام بازرگانی بووە و بۆ فرۆشتن بووە. لە پاریس پیشانگایەکی دالی-م بینی، بەم دواییەش لە پاریس دیتم، بەڕاستی ناتوانیت چێژ لە ئیشەکانی وەربگریت. هونەرمەند هەبووە کە گەیشتووەتە ئاستێک وتوویەتی من فلان کەسم و مێژوو و ناوبانگم هەیە، هەرچی بکەم ئەوە منم، بەڵام ئەمە وانییە. لای خۆشمان ئەوە هەیە، هونەرمەند هەبووە پێی وابووە هونەرمەندێکی باشە، ئیتر ئیشەکانی بۆ فرۆشتن دروست کردووە، ئەوەم پێ خراپە و غەدریشە هونەرمەند هەبێ وەها بیربکاتەوە.

**ڕامان:** دوای کارکردنی ساڵانێکی زۆری تۆ لە بواری هونەری شێوەکاریدا، چەند لە کارەکانی خۆت ڕازیت؟

**نامیق عەلی قادر:** من قەت لە ئیشی خۆم ڕازی نابم، چونکە کە ڕازی بم کۆتاییم پێ دێت، بۆیە هەمیشە ئەو گرفتەم هەیە و قەت ناگەمە قەناعەتێک کە هەست بکەم ئەو ئیشەم تەواو بووە، باسەکەی ئێمەش باسێکی ئیستێتیکییە، بۆیە جوانی هونەر قەت کۆتایی نایەت، لەبەر ئەوە ڕازی بوونیش نابێ.

**ڕامان:** ئەمە بیروڕایەکی جوانە بۆ ئەوەی هونەرمەند بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە.

**نامیق عەلی قادر:** تۆ هەرچی بکەیت لە بواری جوانیدا کۆتایی نایەت و ناگەیتە قەناعەت، بۆیە بەش بەحاڵی خۆم قەت لە ئیشی خۆم ڕازی نابم.

**ڕامان:** تۆ یەکێکی لەو هونەرمەندانەی کەم و زۆر بینەرت هەبووە و کارەکانی تۆیان بەسەر کردووەتەوە و نووسینیان لە بارەیانەوە نووسیوە، هەیانە قووڵ نووسیویەتی و هەیانە سەرپێی و ڕووکەش، خۆت چەند لەو نووسینانە ڕازیت؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوەی شێرکۆ بێکەس وەک پێشتر گوتم دێڕە شیعرەکان زۆر لەلام گرنگن.

**ڕامان:** ئەی ئەوەی پێشەکییەکەی نووسیوە؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوەش بیروڕای خۆیەتی کە بەشێوەیەکی زۆر چڕوپڕ نووسیەتی، سەمیر عەلی کە ڕەخنەگرێکی عەرەبە و ئێستا نەماوە، کاتی خۆی باشی لە بارەی هونەرەکەمەوە نووسیبوو، فارووق یووسف و ئەسعەد عەرابی لە دەفتەری تێبینییەکاندا هەندێ بیروڕای باشیان نووسیوە، هەروەها دکتۆرێکی دەروونی لە دەفتەری تێبینییەکاندا جوانی نووسیبوو.

**ڕامان:** ئەو دکتۆرە ناوی چی بوو؟

**نامیق عەلی قادر:** نایەتەوە بیرم، تەنیا نووسیبووی (طبيب نفساني)، ئەو پێشانگایەم کە ساڵی ١٩٨٩ لە بەغدا لە هۆڵی (ڕواق) کردەوە، دوای ئەنفالەکان بوو. زۆر لەسەر ئیشەکانم نووسرا و زۆربەیان فرۆشران، هەر ئەوکاتە بوو کابرایەکی فەرەنسی کۆمەڵێک ئیشی لێم کڕی، پاشان لەگەڵ دە هونەرمەندی دیکە لە فەرەنسا بەشداری پێ کردم، ئەوە سەرەتایەکی باش بوو.

**ڕامان:** پێویستە لە داهاتوودا ئەو سەرنج و بیروڕایانە بکرێنە کوردی بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد ئاگاداری ئەو بەسەرکردنەوانە بن و سوودیان لێ وەربگیرێ.

**نامیق عەلی قادر:** وەک گوتم ئەوە ئیشی دەزگایەکە ئەو بەرهەمانە کۆ بکاتەوە، وێنەکێشەکان هەر ئەوەندەی پێمان دەکرێ دەیکەین. مەبەستم ئەوەیە هەر پێمان دەکرێ ڕەسم بکەین و خەریکی بیر و بیرکردنەوەی خۆمان بین.

**ڕامان:** لەدوای ڕاپەڕین فەزایەکی دیکە بۆ هونەرمەندان و نووسەران دروست بوو، ئێوە وەک هونەرمەندێکی شێوەکار تا چ ڕادەیەک سوودتان لەو ئازادییە وەرگرت و چەند خزمەتی بە ئێوە گەیاندووە، چونکە من وای دەبینم لە نێوان سینەماکار، شانۆکار، نووسەرێک هەریەکەیان بە شێوازێک سوودی لەو ئازادییە وەرگرتووە، بەڵام ئێوە وەک هونەرمەندی شێوەکار ئەو ئازادییە چەند ڕەنگدانەوەی لەسەر کار و بەرهەمەکانتان هەبووە؟

**نامیق عەلی قادر:** کاری داهێنەرانە و هونەرمەندی خاوەن ئەزموون لە هەموو کاتێکدا دەتوانێ بە ئازادی ئیش بکات، تۆ لەناو ژوورەکەی خۆشت دەتوانیت ئازادانە خەریکی ئیش کردن بیت. لەوانەیە تەنیا لە کاتی پیشاندانی تابلۆیەکانت ئازادیت لێ قەدەغە بکرێت. هونەرمەند ئەگەر ئەو ئازادییە نەداتە خۆی، مەحاڵە بتوانێ داهێنان بکات، ئینجا ئەو ئازادییە لە دەرەوە بێ، یان لەژێر چاودێری سیستمێکی دیکتاتۆری، یان دیموکراسی بێ، ئەوسا دەتوانێ ئیشی خۆی هەر بکات، ئەوە ئەزموونێکی جیهانیی لەسەر هەیە، هەندێ

جار لە ئەنجامی قسەکردن، یان پیشاندانی ئیشێک، یان بەهۆی بارودۆخی سیاسی خۆت لەوانەیە ئەو ئازادییەت لێ بسەندرێتەوە، بەڵام ئەو کاتەی هونەرمەند ئیش دەکات، دەبێ بەوپەڕی ئازادییەوە ئیشی خۆی بکات.

**ڕامان:** کەواتە ئازادی هەستێکی ناوخۆییە کە لە هەر مرۆڤێکدا بوونی هەیە، ئینجا ئەو کاتانە هەلومەرجی سیاسی لە دژی ئازادی، یان لەگەڵ ئازادی بێ.

**نامیق عەلی قادر:** بە دڵنیاییەوە تۆ ئازاد نەبیت چۆن دەتوانی ئیش بکەیت؟ ئەوپەڕی ئازادی نەدەیتە خۆت و هەست نەکەیت تۆ ئازادی، قەت ناتوانی ئیش بکەیت، بەڵام بێ گومان مرۆڤ لە ڕۆژگاری ئازادیدا بژیت و هەموو پێداویستییەکانی لەبەردەستدا بێ لەوانەیە زیاتر بتوانێ ئیشەکانی خۆی بکات، گومانیش لەوەدا نییە، ئەگەر لە هەمان کاتدا ئەو پاڵپشتە مەعنەوییەت هەبێ، ئەوە باشترە.

**ڕامان:** وەک بینەرێک کە ئیشەکانتم بینیوە، لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانتدا سوودت لە کەرەستەکانی کەلەپوور وەرگرتووە، بە چ شێوازێک مامەڵەت لەگەڵ ئەو کەلەپوورەدا کردووە؟

**نامیق عەلی قادر:** ئێمە زۆر شتمان نەدیوە، ئەگەر لە ئەوروپا بین، ئەوە دەبینی هەموو شەقامەکانت هونەرە، بەسەدان مۆزەخانە هەیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا ئەو شتانە نییە، یانی ئەوەی کە زیاتر لە ئیحساسی ئێمە و لە دید و ڕامانەکانی ئێمەوە نزیک بووە، بۆ نموونە سندووقێکی بوراق بووە، یان جاجم و بەڕەی کوردەواری بووە، کۆمەڵێک وردەکاری تێدایە، یانی جێی ئەوەیە ئینسان لێیان ڕابمێنێ، ئەو هێما و وردەکارییانەی لەناو بەڕەو جاجمدا هەیە جێی ئەوەیە ئینسان لێی بکۆڵێتەوە، ئیتر هەر ئەوە بووە و من هیچی دیم نەدیوە، بۆ نموونە دیوارەکانیماڵەکانمان، دیواری خاکی و خۆڵ و گەچ بووە، لە شەقامەکانیش خۆت واقیعی کوردستان دەزانیت چۆنە، هیچمان نەدیوە، ئەوەی بینیومانە کە ڕەنگ و هێما و نەخشونیگاری تێدا بوویێت هەر ئەو شتانە بووە، لەوانەیە ئەوەی بووەتە باکگراوەندێک و ئیشم لەسەر کردووە، یان بووەتە کەرەستەیەک و سوودم لێ وەرگرتووە بۆ کاری خۆم هەر ئەوە بووە.

**ڕامان:** وەک وتمان تا ئێستا کڕینی تابلۆ لە هونەرمەندە شێوەکارەکان نەبووە بە نەریت، تۆ وەک شێوەکارێک کە لەو بوارەدا ئەزموونێکت لەگەڵ فرۆشتنی تابلۆ هەیە، ئایا تا ئێستا چ پێوەرێک لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، یان لەلایەن خەڵکانی دیکەوە پەیڕەوی لێ کرابێ؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەو پێوەرە نییە، پێوەرەکە دەگەڕێتەوە سەر ئاستی هۆشیاری خەڵکەکە و تێگەیشتنیان لە هونەر، یان ئەو هونەری ڕەسم کردنەی پێی جوان بێت. ئەگەر خەڵکی ئاسایی، یان بازرگان و دەوڵەمەند بێت، ئەو واقیعە جارێ لە کوردستان دروست نەبووە، دروست بوونی بازاڕی هونەریش بەشێکی گرینگە لە پێشخستنی هونەر، قەناعەتێکی ڕەهاشم بەوە هەیە ئەگەر بەردەوام کڕین و فرۆشتنی تابلۆ هەبێ، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بەهاو پێوەر دروست بکات. ئەو پێوەرانەی ئێستا لە ئەوروپا دەبینرێن کە تابلۆ بەسەد ملیۆن و دوو سەد ملیۆن دەفرۆشرێ، ئەمە باکگراوەندێکی دووردرێژی هەیە، بۆچی تابلۆیەک دەگاتە ئەو نرخە و هۆیەکەی چییە؟ ئەو کەسەی دەیکڕێ بۆ چییەتی؟ ئایا بۆ مەبەستێکی بازرگانییە، یان تابلۆیەکەی پێ جوانە تا لە ماڵەکەی خۆی هەڵیواسێ، یان نرخ و بەهایەکی مێژوویی هەیە؟ ئەوانە هەمووی پرسیارن. پێوەری ئەو کڕین و فرۆشتنە جیایە لەگەڵ پرسیارەکەی ترت کە هونەرمەند تەنیا بۆ فرۆشتنی تابلۆیەکەی کار بکات، چونکە کارکردن لە پێناوی داهێنان جیایە لەوەی لەپێناوی فرۆشتنی تابلۆ کاری کردبێ.

**ڕامان:** هەموو ئەو هۆیانە دێتە سەر جۆری کەسەکە خۆی.

**نامیق عەلی قادر:** وەک ئەوە نییە بڵێی لەو کارگەیە جۆرە ئۆتۆمبێلێکم دروست کرد، بەیانی مۆدێلێکی دیکە دروست دەکەم، ئەوە کۆمەڵێک پێوەر و وردەکاری خۆی هەیە، بۆیە ئەوە لە هونەر مومکین نییە.

**ڕامان:** خۆت دەزانی لە وڵاتی ئێمەدا تا ئێستا چێژی هونەری لەو ئاستەدا نییە بەدڵمان بێ، بۆیە ڕەنگە لای کەسێک کە پارەدارە، پتر حەزی لە تابلۆیەکی سروشتی بێ، ئەوەندە چێژ لە تابلۆیەکی هونەریی هاوچەرخ وەرناگرێ و تەفاعولی لەگەڵ ناکات، چونکە ناتوانێ بە کەرەستەیەکی نوێ و دنیابینییەکی نوێوە تەماشای هونەری هونەرمەندێکی وەک ئێوە بکات، ڕەنگە لەگەڵ ئەو جۆرە تابلۆیانەدا زۆر پێوەندی نەبێ.

**نامیق عەلی قادر:** چێژەکە پێوەندی بە هۆشیاری و بە مێژووی ڕۆشنبیریی کەسەکەوە هەیە، تۆ چەند ئاگاداری هونەر بیت و بزانی هونەر کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە، ئەوەندە بەهاکەی بەرز دەبێتەوە، کە زانیمان هونەر

گرنگه، بەهای تابلۆش بەرز دەبێتەوە.

**ڕامان:** باسی ئەوەمان کرد کە تۆ بە شێواز و تێڕوانینی خۆت سوودت لە ئەفسانە و کەلەپوور و کەرەستەی کوردی وەرگرتووە، ئایا هەوڵت داوە وەک هونەرمەندێک، زادەی خەیاڵ و هەڵقوڵاوی تێڕوانینی خۆت، ئەفسانەی خۆتت هەبێ، یان کە بە دنیابینییەکی فەنتازیانەوە تەماشای ژیان دەکەیت، خۆت ببیتە خاوەن ئەفسانە و دنیایەکی تایبەت بەخۆت؟

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە گرینگە، بێ گومان پێویستی بە کات و هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر هەیە، ئینسان ئەگەر بتوانێ ئەوە بکات، ئەوە زۆر گرنگە.

**ڕامان:** تۆ تا چ ڕادەیەک توانیوتە ئەوە بکەیت؟

**نامیق عەلی قادر:** تۆ ئیش دەکەیت و هەوڵی خۆت دەدەیت تا کاری باش بکەیت و بەرهەمی باش و داهێنەرانەت هەبێ، ئەگەر بتوانیت بە هونەرەکەت ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەت هەبێ، ئەوە لەوانەیە بتوانیت بەشێوەیەکی باش پێناسەی هونەرەکەت بکەیت.

**ڕامان:** تا ئێستا توانیوتە ئەو ئەفسانەیەی خۆت دروست بکەیت؟

**نامیق عەلی قادر:** ناتوانم ئەو بڕیارە بدەم، هەموو کات باسی ئەوەم کردووە کە لەوانەیە لە ئیشەکانی خۆم ڕازی نەبم. ئەگەر ڕازی بم مانای وایە کۆتایی بە ئیشی خۆم دێنم، ئەوەش لەوەوە دێ کە تۆ بتوانی ببیت بە ئەفسانە، مومکینە ئەوە ئاسان نەبێ.

**ڕامان:** وتمان بینەر بەشێوەی جۆراوجۆر و بەپێی ئاست و هۆشیاری خۆی بەرانبەر بە کاری هونەری بە پیر هونەرەوە دێ، پاش ساڵانێکی زۆر لە کارکردن ئەمڕۆ چەند لە بینەری کورد ڕازیت؟ پێت وایە ئێستا بینەرێکی وا دروست بوو بێت کە بتوانێ چێژ لە هونەری شێوەکاری وەربگرێت؟

**نامیق عەلی قادر:** هەر بۆ من وا نییە، مەسەلەی ڕازیبوون و نەبوون لە هونەر ئەو مامەڵەیە زۆر گرنگ نییە، قەت مومکین نییە هونەرمەند بۆ ڕازی بوون کاربکات، تۆ نەگەیتە قەناعەت لە کارەکانی خۆت ڕازی بیت، ناتوانیت بەسەر بینەراندا بیسەپێنی تا لە کارەکانت ڕازی بن.

**ڕامان:** بە شێوەیەکی گشتی چۆنە؟

**نامیق عەلی قادر:** بە شێوەیەکی گشتی هەست دەکەم زۆر سستی لە تەماشا کردنی تابلۆ هەیە، بینەر بێت و وردبێتەوە و لە تابلۆ ڕامێنێ، ئەوە هەر زۆر کەمە، لە هەموو دنیاشدا هەروایە، تەنانەت لە موزەخانەکانیشدا هەروایە.

**ڕامان:** هۆیەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** خەڵکی ئێمە پێویستی بە هۆشیاری هونەریی هەیە، چونکە هونەر بەشتێکی گرنگی ژیان تێناگات، بگرە بەشتێکی زۆر لاوەکی تێدەگات، یان هەندێک هەر بەحەرامی تێدەگات، هونەر لەلایان زۆر لە پەراوێزی ژیاندایە ئیتر ئەوەیە.

**ڕامان:** ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە کارێک بکەین هونەر لەو وەستان و چەقینە ڕزگار بکەین، داهێنەری کورد چ لە بواری شێوەکاری، یان بواری نووسینی دەقێکی ئەدەبی بێ، گلەیی ئەوەی لێ دەکرێ کە نەیتوانیوە بەپێی پێویست بینەر و خوێنەر بەرەو ئاستی ئەو داهێنانە بیبات.

**نامیق عەلی قادر:** پەنجا ساڵە کە لە وڵاتی ئێمە باسی هونەر دەکرێت، بەشێکی بەهۆی ئەوەیە کە ئەو ڕابردووە دوورودرێژەمان نییە، کە چوار سەد، پێنج سەد، شەش سەد ساڵ پێش ئێستا هونەر لە وڵاتی ئێمەدا هەبووبێت، ئەمەش لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکان بێت، بینەری ئێمە تازە خەریکە هونەر دەبینێ، تۆش بە نارێکی هونەرت بۆ هاتووە، هۆڵی چاکت نییە و نەتتوانیوە ئەو چێژە لەلایان دروست بکەیت، ڕەنگە ئەوەش بەشێک بێت لەوەی نەتوانراوە، لەبەر ئەوەی نە هونەرمەندەکان توانیویانە، نە دەوڵەت، چونکە ئێمە ڕابردوومان نییە، ئێمە ناتوانین بە سی چل ساڵیش ئەوە دروست بکەین.

**ڕامان:** وەک دیاردەیەک شتێکی دیکەش لەو پێشانگایانەی دەکرێنەوە بەدی دەکەم، کە لە کۆنەوە تا ئێستا دەتوانم بڵێم لە جیاتی ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕوا، ساڵ بە ساڵیش بەرەو خراپیی دەڕوا، بێجگە لەوەی کەمتر بینەری لەو ئاستە دەبینین کە چێژ لە کاری هونەری و داهێنەرانە وەربگرێت و ئەو تایبەتمەندییانە تێبگات کە لەلای هەر هونەرمەندێک هەیە، ئێستا دەبینی بینەری ئەو پێشانگایانەش زۆر کەمن، یان ڕۆژی یەکەمی لێ دەرکە کە دۆست و برادەر و ناسیاو و خزم و کەسوکاری هونەرمەندەکە لە ڕۆژی کردنەوەی پێشانگاکە لەوێ ئاماد دەبن، هەندێک جاریش ڕێکەوتووە فەرمانبەران دێن بۆ بەرچاوی کامێرا تا هەندێک قەرەباڵغ نیشان بدرێ، بەڵام ڕۆژانی دواتر دۆخەکە زۆر جێگەی بەزەییە.

**نامیق عەلی قادر:** ئەگەر زۆر بە سادەیی و بە سەرە قەڵەم وەڵام بدەمەوە، واقیعەکە ئەوەیە من و

هاوڕێیەکانم، تەنیا پێمان دەکرێت ڕەسم بکەین و پێشانگا بکەینەوە، ئیتر ئەو واقیعە چۆن دروست دەکرێت تا خەڵک بێن و چێژی لێ وەربگرن و موناقەشە بکەن و تابلۆ بکڕن و کێ بەر کێ (مونافەسە) لەسەر نرخی تابلۆ دروست بێ، نازانم پێوەندی بە کێوە هەیە؟ پێشانگا ئاوها دێتە بەرچاوم، چۆن یەکێک دەمرێ و لە ماوەی سەعاتێکدا دەچین دەیشارینەوە و هەر کەسەی بەلایەکدا دەڕوات، پێشانگاش وای لێهاتووە، تەنیا لە کاتی کردنەوەیدا خەڵکی لێیە، ئیتر کۆمەڵێک دێن، برادەرت بن، خزمت بن، یان ئەوانە بن کە شوێن پێی کارەکانت کەوتوون، یان هەر لەڕێوە هاتوون کاتێ دەبینن قەڵەباڵغییەک هەیە و پێشانگایە کراوەتەوە هاتوونەتە ژوورێ، ئەوە هەمووی لەماوەی سەعاتێکە، هۆیەکەی چییە؟ لەوانەیە بەش بەحاڵی خۆم نەتوانم بە ئاسانی وەڵامەکەی بدەمەوە.

**ڕامان:** تۆ لە ئێمە باشتر دۆخەکە دەبینی، چونکە زیاتر کێشەی ئێوەیە لە جیاتی ئەوەی ساڵ بە ساڵ بینەری تابلۆیەکان و ئاستی تێگەیشتنی بینەران و چێژ وەرگرتنیان زیاد بکات، دەبینی ساڵ بە ساڵ پاشەکشە دەکات و بەرەو خراپتر دەچێ.

**نامیق عەلی قادر:** شتێکی دیکەش هەیە، کردنەوەی پێشانگا هەمیشە کەسانی دەستەبژێر بۆی دێن، بەڵام تۆ بڵێی گرنگی هونەر دروست بێ؟ لە وڵاتەکەمان چۆن بایەخ بە هونەر دەدرێت، ئەوە گرینگە.

**ڕامان:** ئێستا دەستەبژێری ناو دەستە بژێرەکانیش بۆ پێشانگا نایەن، هەیە چیرۆکنووسە، یان ڕۆمان دەنووسێ، کە پێی دەڵێین وەرە با بچینە پێشانگا، پێت دەڵێ پێویست ناکات بێمە پێشانگایەکی شێوەکارییەوە.

**نامیق عەلی قادر:** لە ژیانی کوردەواریمان، لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان، زۆر لایەنی دیکەش هەیە وەک هونەرەکەمان پشتگوێ خراوە، ئێشوئازاری خەڵک و مەینەتی ژیانی ڕۆژانەیان کە بەخۆت باش دەزانی، ئێستا ئەگەر بێین قسەیان لەسەر بکەین زۆرن، کە پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانە و بە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەوە، مەسەلەکە تەنیا هونەر نییە لە وڵاتی ئێمەدا وای بەسەر هاتبێ. زۆر شتی پیرۆز کە پێوەندی بە ڕوحی وڵاتەکەتەوە هەیە خەریکە هەمووی تەڵخی دەکەوێتە سەر.

**ڕامان:** کەواتە هەر تەنیا هونەر نییە، بگرە شل و شێواوی زۆر لایەنی دیکەی ژیانمانی گرتووەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی هەموو ڕووەکانی ژیانمانی تەنیوە.

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان وایە، هەندێک هەلومەرجی سیاسیش هەیە، لەوانەیە کاریگەریی لەسەر ئەو شتانە هەبێ.

**ڕامان:** ئەوەی لێرە زۆرتر بەلامانەوە مەبەستە کەموکوڕی ناو ژیانی هونەریمانە، زۆرتریش مەبەستمان نەبوونی ڕۆشنبیری چاوە (الثقافة البصرية) کە ئەو ڕۆشنبیرییە لەو ئاستەدا نییە، ئەمە چ بۆ ئێمەومانان کە چاودێری دۆخەکە دەکەین، چ بۆ ئێوەش وەک هونەرمەند کە خەریکی هونەرن ئەو ڕۆشنبیرییە بەدی ناکەین، ڕەنگە ئەوەش جۆرێک لە نائومێدی لێ بکەوێتەوە.

**نامیق عەلی قادر:** چاو ئەوەندە گرینگ نییە کە شتەکان دەبینێ، ئەوەی هەیە چاو دەیجووڵێنێ، چاو وادەکات ڕەنگەکان لێک جیا بکرێتەوە و بڵێ ئەوە سوورە، ئەوە شینە، بە قەناعەتی من چاو ئەو دەورەی نییە، چاو هەیە ڕەنگی پێ لێک جیا ناکرێتەوە، هەیە کە پێی دەڵێین خاکی، ئەو ڕەنگی شینت بۆ دێنێت، ئەوە پێوەندی بە لایەنێکی دیکەوە هەیە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو شتەی حوکم بە چاو دەکات تا جوان، یان ناشیرین ببینێت، یان پێت بڵێ باشە، یان خراپە، پێم وایە شتێکی دیکە لە پشت چاوەوە هەیە کە ئەو ئیحاو ئیعاز دەداتە چاو، بۆیە حوکمەکە لە چاوەوە نییە.

**ڕامان:** تۆ پێت وایە عەقڵ زۆرتر دەورەکە دەبینێت؟

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان باکگراوەندە ڕۆشنبیرییەکەیە، باکگراوەندە ڕۆشنبیرییەکە وات لێ دەکات بەچاوی ئەوروپاییەک ئیشی هونەر هەڵسەنگێنی، بۆ کابرایەک دوو هەزار دۆلاری هەیە، هەزار و پێنج سەد دۆلار بە تابلۆیەک دەدات؟ مەسەلەکە ئەوەیە تابلۆیەکەی لەلا گرنگە، پارەکەی لەلا گرنگ نییە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا لەوانەیە پێنج ملیۆن دۆلارم هەبێ، کەچی دڵم نەیەت تابلۆیەک بە پێنج سەد دۆلار بکڕم. لەو ماوەیەدا بەرپرسێک چەند تابلۆیەکی لێم کڕی، ئەو نرخانەی کە لە پێشانگایەکە نووسیبووم، هەر ئەو نرخانەم بۆ نارد، کەچی پێی سەیر بوو، گوتی من تا ئێستا نرخی وام لە کوردستان نەدیوە، لە کاتێکدا نرخانەکان زۆر کەمیش بوون و لەگەڵ عەقڵی ئەو وڵاتە دامنابوون، ئەوە بە نیسبەت من و هاوڕێکانیشم ئەو ماوەیە کە پێشانگایان کردووەتەوە هەر هەمان حاڵەتیان بۆ دروست بووە، بۆیە ئەو باکگراوەندە شارستانییە گرنگە کە جووڵە بە چاو دەکات.

**ڕامان:** دۆزینەوەی بازاڕ بۆ هونەر، ئیشی هونەرمەند

نییە، بۆ ئەو مەبەستە دەبێ دەزگایەک هەبێ و هاوکاری هونەرمەند بکات بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ هونەرەکەی بدۆزێتەوە، تا هونەرمەندەکە بتوانێ باشتر درێژە بە کاری هونەریی خۆی بدا و بەرەو پێشتر بڕوات.

**نامیق عەلی قادر:** لێرەدا ئێمە تەنیا لۆمەی کوردستان ناکەین، بەغداش کە لە ئێمە نزیک بووە و کاتی خۆی ناوەندێکی باشیش بوو، دەتوانم بڵێم لە هەموو پایتەختەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەب زیاتر داهێنانی هونەر لە بەغدا دەکرا، لەوێش نەیانتوانی ئەو بازاڕە دروست بکەن، کۆمەڵێک گەلەری کرایەوە و هەوڵی باش درا، ئافرەتێک هەبوو سەمیرەی ناو بوو گەلەری بەغدای هەبوو، هەوڵی دا تابلۆ بکڕێ و بفرۆشێ.

**ڕامان:** ناوی باوکی چ بوو؟

**نامیق عەلی قادر:** وابزانم سەمیرە عەبدولوەهاب بوو، ئافرەتێک بوو زۆر بایەخی بە هونەر دەدا، کاتی خۆی لە ئوتێلی شیراتۆن و لە شەقامی حەیفاش گەلەری کردەوە، دوایی هۆڵی ئۆرفەلی هەبوو، ئەوانیش هەوڵیان دا، هەروەها لە هۆڵی ئینانا کۆمەڵێک هەوڵی وا هەبوون، لە بەغدا هەر نەیانتوانی ئەوە دروست بکەن، تەنانەت عەرەبەکان لە ئەورووپاش ئەوە دەکەن و هەر سەرکەوتوو نابن.

**ڕامان:** ئەمە ئەگەر دەزگایەکی هونەری بیکات پێت وانییە لە کەسێک و دوان باشتر بێ؟

**نامیق عەلی قادر:** لەوانەیە دەزگایەک بیکات باشتر بێ کە کۆمەڵێک ئامرازی ڕاگەیاندنی هەبێ و تابلۆی باش بکڕێت، بەڵام ئەو چاوەی هەبێ کە هونەری باشی پێ هەڵسەنگێنێ، پێم خراپ نییە وەک دەزگا بکرێت. ئێمە چەند ساڵە لە کوردستاندا وەزارەتی ڕۆشنبیریمان هەیە، باشە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە غەیری شێوەکاری و شانۆ و مۆسیقا و ئەدەب و هونەر ئیشی چییە؟ دەبێ زیاتر و بەشێوەیەکی ڕێکتر وەڵامی ئەو پرسیارە بخاتە ئەستۆی خۆیەوە.

**ڕامان:** بۆیە ئەو ناوەی لێ نراوە، چونکە کاری ڕۆشنبیری ئەوەیە و دەبێ بیکات.

**نامیق عەلی قادر:** ئەو وەزارەتە تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو دەزگایەی جەنابت باسی دەکەیت ئەو بیگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڕێوەبەرایەتییەکی بکردبایەوە بۆ کڕین و فرۆشتن و کۆکردنەوەی تابلۆی هونەرمەندان، بۆچی ناتوانێ ئەوە بکات؟ ناتوانێ ساڵانە بەشێک لە بودجەی خۆی بۆ کڕینی تابلۆ تەرخان بکات؟ تۆ بڕۆ لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری چاوپێکەوتن بکە و ئەو پرسیارەی لێ بکە، باشە ئەوان بۆ ئەوە ناکەن؟

**ڕامان:** وەک کەسێک کە هونەر بەرهەم دەهێنیت و یەکەم ڕەخنەگری خۆتی، ئەو ڕەخنەیەی تائێستا لەسەرت نووسراوە، چەند لێی ڕازیت؟

**نامیق عەلی قادر:** ڕەخنەگر لە وڵاتی ئێمەدا کەمن، کۆمەڵێک ڕەخنەگری بابەتیت نییە، کە نەبێ کێ بنووسێ؟ تۆ برادەرێکت هەبووە، زۆر ئیشی تۆی دیوە و برێک شارەزای ئیشی تۆیە، بۆ نموونە زۆربەی ئەدیبەکان دێن لەسەر هونەرەکەمان دەنووسن.

**ڕامان:** ئەو نووسینانەت پێ باش بووە؟

**نامیق عەلی قادر:** بیروڕای خۆیانە و نووسیویانە، ئینجا پێم باش بووبێ، یان باش نەبووبێ.

**ڕامان:** ئاخر زۆر لە هونەرمەندانی شێوەکار، ئەو نووسین و تێبینییانەی ئەدیبێک، شاعیرێک دەیاننووسێ پێیان وایە بە زمان و ڕستەی ئەدەبی باسی هونەر کراوە، بۆیە زۆربەیان بەدڵیان نییە و پێیان وایە ئەوە ناچێتە خانەی ڕەخنەی هونەرییەوە.

**نامیق عەلی قادر:** ئەوە پێوەندی بە ڕەخنەگرەکەوە هەیە، پێشانگا دەکەمەوە، خەڵک هاتووە پێشانگاکەی زۆر پێ ناشیرین بووە. من ئەوەندەی پێم ناخۆشە یەکێک لە خراپیم بڵێ، ئەوەندەش پێم ناخۆشە یەکێک ستایشم بکات. با ئینسان بە قەدەر قەبارەی خۆی قسەی لەسەر بکرێت، ئەوە بۆ لایەنی شەخسیش هەروایە نەک تەنیا بۆ هونەر، ئەگەر ڕەخنە هەبێ و بە قەد هونەرەکەت قسە بکات، ئەوە کارێکی زۆر باشە.

**ڕامان:** بەڵام مەبەستمە بیروڕای تۆ بزانم ئەگەر ڕەخنەگری پسپۆڕ و تایبەتمەندمان نەبێ بابەتی ڕەخنەیی سەبارەت بە کاری هونەری هونەرمەندێکی شێوەکار بنووسێ، لەو نەبوونییەوە ئەدیبێک کە بەدواداچوونی بۆ هونەری شێوەکاری کردووە و شتێکی لێ دەزانێ ئەگەر بێت و باری سەرنجی خۆی بنووسێ، ئەو هونەرمەندە بە ڕەهایی بیروڕای ئەدیبەکان ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە نازانن باسی هونەر بکەن، چونکە ئەدیبانە و بە ڕۆشنبیرییەکی ئەدەبییەوە باسی ئەو هونەرە دەکەن.

**نامیق عەلی قادر:** زۆر ئاساییە بێ ئیشەکە بە دنیابینییەکی ئەدەبی باس بکات، ئەوە بۆ خراپە؟

**ڕامان:** کە ئەوەش جۆرە خوێندنەوەیەکە.

**نامیق عەلی قادر:** من ئێستا بێم لەسەر شیعری یەکێک لە هاوڕێیەکانم قسە بکەم، یان لە بیرکردنەوەی

ئەوان تێبگەم و بیکەمە کارێکی هونەری بۆ خۆم بۆ خراپە؟ شێرکۆ بێکەس کە لەسەر ئیشەکانی من چەند دێڕە شیعرێکی نووسیوە، لای من لە بیروڕای زۆر لە ڕەخنەگرەکان گرنگتر بووە. کاتی خۆی کۆمەڵێک ڕەخنەگری عەرەب لە بەغدا لە بارەی یەکێک لە پێشانگایەکانم نووسیویانە، لەوانەیە بیرکردنەوەکەیان باش بووبێت و ئەوەم پێ خۆش بووبێ، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، تۆ مێژووی خۆت هەیە، سی چل ساڵە ئیش دەکەیت، لەوانەیە قورس بێت بەردەوام ئەو پێوەرە ڕەخنەییانە شوێن پێت هەڵبگرن، لەبەر ئەوەی دەزگایەک، بەڕێوەبەرایەتییەک نەبووە، دائیرەیەکی تایبەت بە ڕەخنەت نییە، پێویست وایە شتێکی وا هەبێت، یەکێک هەوڵی داوە، ڕەخنە بنووسێ دوو سێ ساڵ نووسیویەتی، دوایی وازی لێی هێناوە، ئێمە قەرزداری ئەدیبەکانین کە لەسەر ئیشی ئێمەیان نووسیوە. ئەوە شێرکۆ بێکەس، دڵشاد عەبدوڵلا، کەریم دەشتی، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، هاشم سەراج، عەباس عەبدوڵلا یووسف و ئەوانە باش بوون، هەیانە هەستم کردووە باش لە هونەرەکەمان نزیک بووەتەوە و بە دنیابینییەکی ڕەخنەیی هەوڵی داوە بنووسێ، هەروەک فەرمووت بە دنیابینییەکی ئەدەبی بووە، بەڵام تۆ وەک ئەوروپاییەک ڕەخنەگرت هەبێ ئەوەت نییە.

**ڕامان:** بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەو شارەزاییەی خۆتان، وەک کەسێک بتوانیت خۆت هەڵبسەنگێنی، هیچ ڕێکەوتووە پێش ئەوەی پێشانگایەک بکەیتەوە، کارەکانی خۆت تەماشا کردبێ و بەو دنیابینی و ڕۆشنبیرییە ڕەخنەییەی هەتانە هەندێک تابلۆ لەناویان دەربهێنیت و بڵێیت ئەوانە بە عەمەلی ئەو پێشانگایە نایەن، یان لە ئاستی ئیشەکانی دیکەمدا نییە؟

**نامیق عەلی قادر:** لەوانەیە لەبەر قەبارەی هۆڵەکە، ئەوە ڕووی دابێت.

**ڕامان:** ئەی هەستت کردبێ ئیشی لاوازی تێدایە و لە ئاستی هونەریی ئەوانی دیکەدا نەبووبێ؟

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان شتی وا هەیە، جاری وایە مومکینە ئەو ئیشەت پێ جوان نەبێ و لای بدەیت، ئەوە هەیە، هەر ئیشەی هی قۆناغی خۆیەتی، بیرکردنەوە و ئاستی ڕۆشنبیری و مومارەسەو شارەزاییت..تاد کاریگەری خۆیان هەیە، بەرهەمێک کە دە ساڵ لەوەپێش کردوومە قەت ئێستا بە دڵم نییە، بەرهەمەکان وەک یەک هەڵناسەنگێنرێن.

**ڕامان:** مەبەستمان ئیشی یەک قۆناغە، تۆ لە قۆناغێکدا سی تابلۆت کردووە و دەتەوێ بیست و حەوت تابلۆی لێ پیشان بدەی، سێ لەو تابلۆیانەت بەدڵ نەبێ.

**نامیق عەلی قادر:** شتی وابووە.. ئەوە زۆر پێوەندی بەخۆمەوە هەبووە، بڵێم هەموو ئیشەکانم زۆر باش بوونە، شتی وا نییە. جار هەیە ئیش دەکەیت پاش ئەوە ئیشەکەی خۆت دەدڕێنی.

**ڕامان:** لە نووسینیشدا هەندێ نووسین هەن کە نووسیوتن، بەڵام دوایی دەبینی ئەوە نییە دەیاندڕێنی.

**نامیق عەلی قادر:** خەڵک هەیە چاوپێکەوتن دەکات، پێی دەڵێن تۆ لە ژیانتدا لەناو ئیشەکانت شتێک هەیە لێی پەشیمان بیت؟ دەڵێ نا لە هیچ پەشیمان نیم. من وانیم، من لە زۆر شتی ژیانی خۆم پەشیمانم، کارم هەیە پێش سی ساڵ کردوومە، چۆن ئێستا ئیشی وا دەکەم، تابلۆیەک پێش سی ساڵ کردبم، چۆن ئەمڕۆ لێی ڕازیم؟

**ڕامان:** ئەگەر مێژووی هونەریی خۆت بۆمان بکەیتە چەند قۆناغێک، بۆ چەند قۆناغ دابەشی دەکەیت و تایبەتمەندی هەر قۆناغێک لەو قۆناغە هونەریانە بە چ دەناسرێتەوە؟

**نامیق عەلی قادر:** من کە بەردەوام ئیشم کردووە، لەوانەیە نەتوانم ئێستا ئەو قۆناغانە دەستنیشان بکەم، قۆناغ هەیە حەزم کردووە ئیشی ئەکادیمی بکەم، قۆناغ هەیە ئیشی تەعبیریم کردووە، یان ئیشی ڕەمزیم کردووە.

**ڕامان:** دەتەوێ بڵێیت هەموو قۆناغەکانی کارکردنت بەناویەکدا چووە؟

**نامیق عەلی قادر:** وایە.. من حەزم کردووە هەمیشە ئیشی تەعبیری بکەم، بەڵام ماوە هەبووە حەزم کردووە ئیشی دیراسی بکەم و لە بنەماکانی هونەر تێبگەم، ئەوە قۆناغێک بووە، دوای ئەوە ئەو دۆخە سیاسییانەی کوردستان هەبووە، لە هەموو کوردستان چۆن بووە لە ئەوروپاش هەر وابووە، هونەرمەند هەیە لەوانەیە حەزی کردبێ بە ڕەنگ کاری ڕەمزی بکات، یان بە فۆرم بیکات، کۆمەڵێک ئیشی ناو تابلۆ بە ڕەمزی بکات.

**ڕامان:** بێجگە لە هونەری شێوەکاری کە بە تەواوی لەسەری گیرساویتەوە، هیچ ڕێکەوتووە لە قۆناغێکی ژیانتدا بەهونەرێکی دیکەوە سەرقاڵ بووبیت؟

**نامیق عەلی قادر:** نەخێر هیچ شتێکی دی نەبووە، ژیانەکەش هەر بەشی ئەوەی کردووە ڕەسم بکەین.

**ڕامان:** من چەند شێوازێکم لە ئیشەکانی تۆ دیوە، بۆ نموونە تۆ مۆتیڤت کردووە، ئیشی گرافیک کردووە، بۆ

کاری مۆتیڤ چی دەڵێن؟

**نامیق عەلی قادر:** لە بواری مۆتیڤ وەک شتێکی رۆژانە کارم کردووە. ئێستاش هەر ئەوە دەکەم، ئەمەش وەک ئەوە نییە کار بۆ رۆمانێک، یان شیعرێک، یان بۆ چیرۆکێک بکەیت، من بۆ کاری رۆژانەی خۆم خەریکی مۆتیڤم.

**رامان:** بە رای تۆ دەکرێ هەر کەسێک هونەرمەندبێ و کاری مۆتیڤ بکات؟

**نامیق عەلی قادر:** بۆ ناتوانێ بیکات، ئاسایییە و کێشەیەک نییە، بەڵام بڵێی وەک رەسامێک دەتوانێ پەیکەرسازی بکات، ئەوە شتێکی دیکەیە.

**رامان:** ئاخر مۆتیڤیش وەک خۆت دەزانیت تایبەتمەندی خۆی هەیە.

**نامیق عەلی قادر:** تۆ کە مۆتیڤ بۆ شیعرێک دەکەیت، دەبێ هەوڵ بدەیت باش لە شیعرەکە تێبگەیت و شاعیرەکە بناسیت، لای ئێمە مۆتیڤ بەو شێوەیە رۆیشتووە، دەنا ئەگەر بەو شێوەیە نەبێ، تۆ لای خۆت رۆژانە هێڵکاری خۆت دەکەیت، من ماوەیەک خەریکی ئەوە بووم و لە جیاتی یاداشت نووسین هەر خەریکی ئەو هێڵکارییانە بووم، یان رۆژانە هەست کردن و بیرکردنەوەم لە مۆتیڤەکاندا بوو. ژاپۆنییەکان دەڵێن ئەگەر رۆژانە دووجار وێنە بگریت، پێویست ناکات تۆ یاداشتی خۆت بنووسیتەوە.

**رامان:** لە هونەری شێوەکاریدا هەوڵی نوێخوازانە هەیە، تۆ وەک شێوەکارێک پێت وایە ئەو نوێخوازییەی لە هونەری شێوەکاری کوردی دەستی پێکردووە بە ئاراستەیەکی راستودروستدا دەڕوا؟ روانینی تۆ بۆ ئەو نوێخوازییە چییە؟

**نامیق عەلی قادر:** بەگشتی، یان تەنیا هی کورد؟

**رامان:** مەبەستمان ئەو نوێخوازییەی کە لە هونەری شێوەکاری کوردیدا هەیە.

**نامیق عەلی قادر:** من هاورێکانم دەبینم کە لەو بوارەدا ئیش دەکەن، هەموو کارەکانیان هەوڵدانی نوێن.

**رامان:** پێت وایە ئەو نوێخوازییە رێڕەو و ئاراستەیەکی راستی وەرگرتبێ؟

**نامیق عەلی قادر:** باش بێ، یان خراپ ئەوە دەگەڕێتەوە سەر بوونی ئەو دنیابینییە رەخنەییە، بەڵام ئایا من دەتوانم ئەوە هەڵسەنگێنم؟

**رامان:** وەک هونەرمەندێک دەبێ بیروڕای خۆت لە بارەیەوە هەبێ.

**نامیق عەلی قادر:** بێ گومان لەو ئاستەدا نییە کە تۆ لێی رازی بیت، دەبێ تۆ کارێکت کردبێ و لەو نوێخوازییەی ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری جیهانیدا هەیە جێگەی ببێتەوە، یان دەبێ ئەوەت تێپەڕاند بێ، ئەوکاتە دەبێ پێم باش بێت، بەڵام ئایا ئەوەمان کردووە؟ خۆ ناکرێ هەر لە چوارچێوەی کوردستاندا خۆمان ببینین، چونکە ئەگەر بێین وابیر بکەینەوە، ئەوە لە چوارچێوەی کوردستاندا هەموومان باشین، بەڵام تۆ ئەگەر بە گشتی لەسەر هونەر قسە بکەیت، ئایا باشین؟

**رامان:** من ئەو بیروڕا راشکاوانەیەم لە تۆ دەوێ.

**نامیق عەلی قادر:** زۆرجار ئەوەم گوتووە. هاورێ هونەرمەندەکانم چۆن بیر دەکەنەوە و قسە دەکەن، ئەوە باسێکی دیکەیە، بەڵام من دەتوانم لەگەڵ ئەوان بێم موناقەشەی ئەوە بکەم. هەر کەس بەدنیابینی خۆی ئیش دەکات، بەڵام ئایا توانیویانە ئەو حاڵەتە دروست بکەن؟ رەنگە هەوڵی زۆر باش و کۆمەڵێک هونەرمەندی باشمان هەبێ و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئیش بکەن، بەڵام هەر لە پەراوێزی هونەری جیهانیداین.

**رامان:** هەندێک لە هونەرمەندەکان دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە هەندێک لە کارەکانیان کە پێشانی هونەرمەندانی ئەوروپایی دەدەن پێشوازییان لێ دەکرێ، ئایا ئەو پێشوازی کردنە بە موجامەلە تێناگەی؟

**نامیق عەلی قادر:** ئاواتم ئەوەیە شتی وا هەبێ، بێگانەیەک دێ و قسەیەک لەسەر تابلۆکەت دەکات، بەڵام ئایا ئەو کەسە پێوەری ئەوروپایی پێیە؟ کەسێکی بێگانە، گەریدەیەکە، دێ ئیشی من، یان یەک لە هاورێکانم دەبینێ، پێی جوانە و حەز دەکات تابلۆکە بکرێت، زۆریش بەرانبەری رادەوەستێ، ئایا ئەوە بینینی پێشکەوتنەکانی هونەری جیهانییە؟ ئایا بەدنیابینییەکی رەخنەیی جیهانیی تەماشای هونەر دەکات؟ بەو دیدگایە تەماشا دەکات کە ئەمە تەجاوزی هەموو پێشکەوتنەکانی هونەری ئەوروپایی بووە؟

# بنیادی گێڕانەوە
# لەنێوان دەق و خوێنەردا

عەبدولموتەلیب عەبدوللا

**پێشەکی**

قسەکردن لە (بنیادی گێڕانەوە) وەک لە ناوونیشانەکە هاتووە، قسەکردنە لە کۆی ئەو ڕۆشنبیرییە ئاڵوگۆڕئامێزەی دەکەوێتە نێوان دەق و خوێنەرەوە. دەمەوێت بڵێم خودی گێڕانەوە لە سەر بنەمای (ئاگایی بوون) و (خەیاڵ) خۆی هەڵدەنێت، بەڵام ئەو هەڵنانە لە ڕێگەی چەمکی (لەنێوان) کە چەمکێکە خوێنەر دەخاتە سەر بیرکردنەوە و وەستان، یان هەڵبژاردن و جیاوازی... جارێک دەردەکەوێت و جارێکی دیکە ون دەبێت! من هەوڵ دەدەم قسەکانی خۆم لەو خاڵەوە درێژ بکەمەوە.

بە دیوەکەی دیکەش هەوڵ دەدەم میکانیزمی گێڕانەوە لەسەر دوو بنەما دابمەزرێنم، یەکەم: ئەزموون وەک جیهانێک کە هەر نووسەرێک بەپێی ئاگایی بوون لە نێو خۆیدا هەڵیگرتووە. دووەم: خوێنەر، وەک بەرهەمهێنەرەوە.

پرسیاری سەرەکی ئەو نووسینەش ئەوەیە: چۆن ئەو جیهانە (World) لە ڕێگەی خەیاڵەوە تەرجەمەی سەر جیهانی نووسین (Word)یان نیشتەجێی (Word)یان لەو ماڵەدا ڕووناکی دەخرێتە سەر؟!

دووەم: چۆن ئەوی دیکەی خوێنەر جیهانی دووەم دووبارە لە یەکەمدا بەرهەم دەهێنێتەوە. بێ گومان لە بنەمای میکانیزمی یەکەم، خەیاڵ (بەپێی ئاگایی نووسەر) وەک لێپرسراو کار دەکات، بەڵام لە دووەمدا خەیاڵ (بەپێی ئاگایی خوێنەر) وەک ناوەندیار دەردەکەوێت و دەگۆڕێت.

.........

بەگشتی گێڕانەوە (السرد-Narration) گرنگی بە خستنەڕووی ڕووداوەکان دەدات و کار لە سەر بەرەوپێشچوونی (زەمەنی ڕووداو) و (زەمەنی گێڕانەوە) و (زەمەنی خوێندنەوە) دەکات، بە دیوەکەی دیکەدا گێڕانەوە زەمەنێک ڕۆدەنێت، (ئێستای دەق) ئەو زەمەنەیە، کە هێشتا نەهاتووە و ڕووی نەداوە.

زمان لە نێوان خوێنەر و گێڕەرەوەدا (کەناڵ)(١) یێکە و باشترین شێوازی تەعبیرکردنیش شێوازی سروشتییە،(٢) کە پڕە لە زیندەگی، مەبەست لە شێوازی سروشتی گێڕانەوەی ئەو گێڕەرەوەیە، کە بێ ماندووبوون، خۆشی لە گەمەی گێڕانەوەکان وەردەگرێت و بەنێویدا دەخزێت.

لەلایەکی دیکەوە دەشێت بڵێین چەمکی گێڕانەوە وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی، گواستنەوەی ڕووداوە، لە وێنەی واقیعییەوە بۆ وێنەی زمانی، بەڵام چەمکی گێڕەرەوە(٣) (السارد) لە بواری زانستی گێڕانەوەدا



تۆدۆرۆف

(NARRATOLOGIE) بۆ سـالأنی (١٩٦٩) و بە تایبەتی بە (تزیڤیـتـان تۆدۆرۆف ١٩٣٩-)ـەوە بەندە،(٤) ئەو بایەخـدانەش ریشـەکـەی بۆ فۆرمالیستەکانی رووس (شکلۆڤسکی، ڤلادیمێر برۆب، تۆماشیڤسکی، ئەخناباوم و رۆمان یاکۆبسن..)(٥) دەگەڕێتەوە.

ئەگەرچی تێگەیشتن لە (گێڕەرەوە) لەنێو گێڕانەوەدا ئالۆز دەکەوێتەوە، بەڵام دەشێت بڵێین (گێڕەرەوە) کەسایەتییەکی خەیاڵکراوە و زۆربەی جار دانەر شوێنی دەگرێتەوە، یان ناوەندیارێکە لە نێوان دنیای نووسەر و دنیای خوێنەردا.(٦) (وولفگانگ ئایزەر Wolfgang Iser 1926-2007)(٧) پێی وایە گـێـڕەرەوە کارەکتەرێکە لەلایەن دانەرەوە داهێنراوە، بەڵام زۆرجار لەگەڵ (نووسەری ناوەکی) تێکەڵ بە یەک دەبن! (واین بۆس Booth C Wayne)(٨) جیاوازییەکە بەو شێوەیە دەبینێت و دەڵێت: دەشێ (نووسەری ناوەکی) نکوڵیکردن هەڵبژێرێت، بەڵام ناکرێت هەتا هەتایە بە شاراوەیی بمێنێتەوە.(٩) لەلایەکی دیکەوە هەموو گێڕەرەوەیەک (بۆگێڕەوەی ناوەکی-Narrator)(١٠) خۆی هەیە، وەک چۆن لە بەرانبەر دانەر خوێنەر هەیە.

گێڕەرەوە و بۆگێڕەوە دوو جەمسەری گێڕانەوە پێکدەهێنن، گێڕەرەوە کرداری گێڕانەوە دەکات و گێڕانەوەکە ئاراستەی بۆگێڕەوەی لکاو بەگێڕانەوەوە دەکات، بۆگێڕەوەش وەک گێڕەرەوە ڕەگەزێکی کرداری گێڕانەوەیە، چونکە کرداری گێڕانەوە لە ناو دەقەکاندا پشت بەو دوو جەمسەرە دەبەستێت، جەمسەری ئاراستەکەر و جەمسەری وەرگر(١١). لە گوتاری گێڕانەوەدا بۆگێڕەوە لە ڕێگەی رووی قسە تێ کردنی گێڕەرەوە دەناسرێتەوە، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، زۆرجار گێڕەرەوە قسە لەگەڵ بۆگێڕەوەدا دەکات، پرسیاری لێ دەکات و داوای پەلە نەکردن و کۆتایی پێ نەهێنانی خوێندنەوەی لێ دەکات، ئەو رووتێکردنەش بە ئەرکی تێگەیاندن ناو دەبرێت، بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەو برگانەی گرنگی بە بۆگێڕەوە دەدەن، ئەرکێکی پێوەندیکردن جێبەجێ دەکەن. کەواتە بۆگێڕەوە لە ناو گوتاری گێڕانەوەیدا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئەو برگە گێڕاوەیانەی جێناوی کەسی دووەمی تاک، یان کۆی قسە بۆکەریان هەڵگرتووە، دەناسرێتەوە، هەروەها لە ڕێگەی ئەو برگانەی دیکەوە کە ناڕاستەوخۆیانە بۆگێڕەوە دەدوێن. ئەوەی (گێڕەرەوە و بۆگێڕەوە/ دانەر و خوێنەر) لێک نزیک دەکاتەوە پێوەندی دیالکتیکیانەیە.

(رۆلان بارت ١٩١٥-١٩٨٠) لە پێناسەیەکی گشتیدا دەڵێت: گێڕانەوە وەک خودی ژیان وایە، لە رووی مێژوو و رۆشنبیرییەوە دنیایەکی گەشەکردوو دەنوێنێ، بەڵام گێڕەرەوە لای بارت بوونەوەرێکە لە کاغەز.(١٢) زۆر لە رەخنەگران پێیان وایە ئەو پێناسەیەی بارت، گێڕانەوە وەک تەعبیرکردنێکی مرۆیی دەرناخات، بەڵکو وەک حەقیقەتێکی بابەتی دەیخاتە بەرانبەر حەقیقەتی مرۆییەوە. من لەو توێژینەوەیەدا هێڵ بە ژێر رستەیەکدا دەهێنم ئەویش ئەوەیە: چۆن ئەزموونی مرۆیی تەرجەمەی کۆمەڵێک بنیادی مانایی دەکەین، کە شێوەیەکی تایبەتی رۆشنبیریی پەیوەست بە مەکان و زەمان بنوێنێت؟

لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەو پرسیارە لە دیدی فەیلەسووفی فەرەنسی (پۆل ریکۆر)(١٣) درێژ بکەمەوە، چونکە گێڕانەوە لای ئەو بە یەکێک لەو پارادیمانە دادەنرێت، کە (فیکری ریکۆری) لەسەر بنیاد نراوە. ریکۆر دوو ئاسۆ لە گێڕانەوە دیاری دەکات: ئاسۆی ئەزموون، ئەو ئاسۆیەیە، کە بەرەو ڕابردوو دەبێتەوە و دارشتنێکی

وێنەییانەی دیاری کراوە، بە مانایەکی دیکە زەمەنی ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکان لە دووتوێی زەمەنێک ڕێک دەخات، کەپێی دەگوترێت: زەمەنی کردەیی (فعلی)، یان زەمەنی گێڕانەوە، بەڵام نەک بەو مانایەی کە (دەقی گێڕانەوە) ڕاستەوخۆ واقیعی کردەییانە (فعلی) بگوێزێتەوە، بەڵکو بەپێی ئاگایی و پێویستی گێڕانەوە ئەو گواستنەوەیە ئەنجام دەدات.(١٤) ئەوی دیکەیان ئاسۆی چاوەڕوانییە، ئاسۆی داهاتوو، یان زەمەنی خوێندنەوە، کە زەمەنی گێڕانەوە بە (خوێنەر/وەرگر) دەگەیەنێت و لەوێشەوە ئەرکی تەئویل کردنی پێ دەسپێرێت.

لە ڕێگەی ئاوێتەبوونی ئاڵوگۆڕئامێزانەی ئاسۆی ئەزموون و ئاسۆی چاوەڕوانی، خودی ژیان دەبێتە زنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتووی گێڕانەوە، گێڕانەوەش دەبێتە واقیعێکی ژیانکراو، بۆیە ناشێت گێڕانەوە وەک بنەمایەک لە بنەماکانی تیوری مەعریفە لە قەڵەم نەدەین. لێرەوەیە ڕیکۆر دەڵێت "چیرۆک دەگێڕدرێتەوە، ژیان ناکرێت، بەڵام ژیان، ژیان دەکرێت، ناگێڕدرێتەوە".

**گێڕانەوە لەنێوان پرۆسیسەکردن و ئەزموون کردندا**

چیرۆک دەگێڕدرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی خەیاڵی دەژی. واتە لەلایەک خەیاڵ لە میانی ژیاندا بە پلەی کەمال دەگات، لەلایەکی دیکەوە ئێمە لە ڕێگەی گێڕانەوە لە ژیان حاڵی دەبین. یەکەمیان (واتە خەیاڵ) پشت بە خوێندنەوەی جیاواز دەبەستێت، دووەم (واتە گێڕانەوە) لەسەر ئەزموونی جیاواز وەستاوە!! دەمەوێت بڵێم لە نێوان (کردەی گێڕانەوە) و (سروشتی زەمەنی ئەزموون کردنی مرۆیی) وەک گوتمان شێوەیەکی ڕۆشنبیریی ئاڵوگۆڕئامێز هەیە، (فیکری ڕیکۆر لەسەر ئەو شێوە ڕۆشنبیرییە ئاڵوگۆڕئامێزە دامەزراوە).

کەواتە کاتێک ڕیکۆر زەمەن واتە (زەمەنی مرۆیی) لە شێوەیەکی گێڕانەوەئامێزدا فۆرمەلە دەکات، ئەوە گێڕانەوە بە هەموو ماناکانییەوە مەرجی (وجوودی زەمەنی) دەنوێنێت، مەرجی وجوودی زەمەنی بە مانا هایدگەرییەکەی پێوەندی بە تێگەیشتنی هەنووکەیی بوونەوە هەیە، بەو مانایەش بوونی مرۆی هەنووکەیی بە تێگەیشتن بۆ خودی بوون جیادەکرێتەوە، واتە خودی تێگەیشتن ڕاستەوخۆ پێوەندی بە زەمەنی مرۆڤەوە دەکات، بەپێی ئەو تەعبیرە مرۆڤ حاڵەتێکە لە کەشف کردن،(١٥) بەڵام من هەوڵ دەدەم ئەو کەشف کردنە لە ڕووی ئیبداعییەوە لە بەرهەمهێنانەوەی دنیابینیدا بیر بخەمەوە، بەو مانایەش هەرچەندە تێگەیشتنمان بۆ بوون قووڵتر بێت، ئەوەندە دنیابینیمان بەرفرەوانتر دەبێت.

کەواتە ئێمە لە ناوەوەی خۆمانەوە جیهانێکمان ((world)) هەڵگرتووە، وەک چۆن لە جیهانێکدا (word) نیشتەجێین کە زمانە.(١٦) گێڕانەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە نێوان ئەو دوو جیهانەدا جۆرێک لە ئاوێتە بوون دروست بکات! هەر لەوێشەوە (خودی مرۆڤایەتی) پێگەیەکی سێنترالیانە لە کردەی گێڕانەوەدا وازی دەکات، چونکە وەک ڕیکۆر دەڵێت:- ژیانی مرۆڤ چیرۆکێکە لە حاڵەتی لە دایک بووندا،(١٧) بەو مانایەش ڕەتکردنەوەی خود (بە مانای تێگەیشتنی هەنووکەیی بوون) ڕەتکردنەوەی خودی گێڕانەوەشە (بە مانای دەرکەوتنی لە نێو زمان)ی لێدەکەوێتەوە.

لێرەوە پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە دەکەوێتە دووتوێی ئەو ماوە شاراوەیەی، یان ئەو خەیاڵەی، کە لە نێوان خود و جیهانی دەرەوەدا هەیە، کاتێک چاوێک ڕووداوێک دەبینێت، یان ئاشنای دەبێت، دەبێتە گێڕەرەوەی ئەو ڕووداوە بۆ ئەوەی چاوە بێ ئاگاکانی دیکەی لێ بەئاگا بهێنێتەوە، ئەوەش واتە ئاشنابوونی خود لەگەڵ جیهانی شتەکان و دیاردەکان لە ڕێگەی پرۆسەی خەڵقکردنی مانا و دەلالەتەکانی ئەو دیاردانە و بردنیان بۆ بواری ئاگایی فەردی، پاشان ئاگایی دەستەجەمعییەوە. لە ڕێگەی ئەو چالاکییەشەوە جۆرێک لە خودگەرایی پراکتیزە دەبێت، خودگەراییەک کە تێیدا خودی گێڕەرەوە لە میانی زەمەنی گێڕانەوەدا بوونی هەنووکەیی خۆی بە مانا هایدیگەرییەکەی لە ڕێگەی زمان واڵا دەکاتەوە.(١٨)

کەواتە گێڕانەوە چەسپاندنی وجوودە لە بەرانبەر جیهانی شتەکان و هەر لە میانی دەنگ و زەمەنیشەوە جەخت لە ناسنامەکەی خۆی دەکاتەوە. بە مانایەکی دیکە خود لە ڕێگەی گێڕانەوەوە هەوڵ دەدات دژی فەنابوون بێتەوە، ئەو هەوڵە لە لایەک بە ڕەسەن کردنی ناسنامەی لێ دەکەوێتەوە، لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی ناسنامەی گێڕەرەوە لە گێڕانەوەدا شی دەبێتەوەو لەنێو گێڕانەوەدا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە نەگونجانێک لە نێوان ناسنامە و گێڕانەوەدا دروست دەبێت، واتە ئامادەگی یەکێکیان نکوڵیکردن و ڕووخانی ئەوی دیکە لەخۆ دەگرێت. ئەو ئاوێتەبوون و دابڕانە لای ڕیکۆر لەسەر



هایدگەر

ئاوێتەبوون و دابڕانی (مێژوو) و (خەیاڵ) دامەزراوە، لە بنەڕەتیشدا بۆ فیکرەی "قەرداری ڕابردوو" و "چەمکی هەنووکەیی" دەگەڕێتەوە.(١٩)

کەواتە چەمکی خود لە نێوان بوونی هەنووکەیی و بوونی خەیاڵی، بوونی کردەیی و بوونی گێڕانەوە، پرۆسیسەکردن و ئەزموون کردندا.. چەمکێکی دەق ئاوێزانییە. وەک چۆن چەمکی ئەوی دیکەی خوێنەریش لەبەر ئەوەی ناشێت لە هاوەڵەکەی جیا بێتەوە و لە دەرەوەی ئەو وێنا بکرێت، بۆیە چەمکێکی هاوپەیوەستە، یان ئاوێزانە بە چەمکی خودەوە، بەڵام تێگەیشتن لە شی بوونەوە، یان بڵاوبوونەوەی ناسنامەی خود لەوێوە دێت، کاتێک خود لە بەرانبەر گێڕانەوەکانی (لە پرۆسەی نووسین) هیچ ماوەیەک ناهێڵێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە تەماهی دەکات و گێڕانەوەکانی خۆی بە تاوان دانانێت، بەڵکو وەک ڕیکۆر دەڵێت پێوەندییەکی سۆزاوی لەگەڵ گێڕانەوەکانی خۆی هەیە، کە هەندێک جار ئەو پێوەندییە دەگاتە ئەوەی، کە خود لە بەرانبەر گوتاری خود دەپووکێتەوە، یان ون دەبێت، یان ڕازییە بەوەی بۆ بوونێکی دیکە بگۆڕێت، کە ئەویش بوونی گوتارە، لەو پێوەندییەدا ئەوی دیکە (خوێنەر) نوێنەرایەتی نادیار دەکات، وەک ئەوەی گوتاری خود بۆ گوتاری ئەوی دی بگۆڕێت. بەو مانایە پێوەندی نێوان خود و ئەوی دیکە (وەک زمان) تەعبیر لە دوالیزمییەتی دیار و نادیار دەکات.(٢٠)

## پێوەندی نێوان گێڕانەوەو ژیان

لە هەموو گێڕانەوەیەکدا دوو جۆر لە "زەمەن" دەبینرێت: زەمەنێک، کە لە زنجیرەیەک ڕووداوی بە دوایەکدا هاتوو و پچڕاو و کراوەی بێ کۆتایی بەرجەستە دەبێت، ئەو زەمەنە هەمیشە پرسیاری ئەوەمان لا دروست دەکات، کە دواتر چی ڕوودەدات؟ هەڵبەتە مرۆڤ بە هەڵگری ڕووداوەکانی ئەو زەمەنە (زەمەنێک کە تەواو پێگەییو و کۆتاییدارە) دێتە ژماردن. ئەو ئاماژەکردنە ڕاستەوخۆ بە گێڕەرەوەی یەکەم، خوڵقێنەری یەکەم- خودا- پەیوەستمان دەکات، چونکە دواجار بە بڕوای ڕیکۆر ئەوە گێڕەرەوەی یەکەمە لە نێو ڕێگە جۆراوجۆرەکانەوە، ڕێگەی دروست نیشانی مرۆڤ دەدات، بۆیە "گێڕانەوە/چیرۆک" بۆ گەیشتن بەو پلەیەی "کەمال" لە هەوڵی بەردەوامدایە و هەمیشە خۆی بە قەرزاری ئەو چیرۆکە (یان ڕابردووە) دەزانێت و بە شێوەیەکی دیار هەوڵی وێنەگرتنی ئەو ئازارە دەدات.(٢١)

ئەو وێناکردنەش بە بێ خەیاڵی داهێنەرانە کورت دێنێت، هەر بەو مانایەش گێڕانەوە لای ڕیکۆر بیرکردنەوەیە لە زەمەن و خەیاڵ لە یەک کاتدا، ئەگەرچی وەک دەزانین لە پشت کاری خەیاڵ وەک گوتمان قەرداربوونی ڕابردوو، یان بە مانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین مۆدێلە یەک لە دوای یەکەکانی داهێنانی مرۆڤایەتی ئامادەگی هەیە، بۆ نموونە مۆدێلی مەکیسم گۆرگی، سیرڤانتس، کافکا، مارکیز...تاد

کەواتە دەقی گێڕانەوە دەکەوێتە نێوان (مرۆڤ و جیهان)، (مرۆڤ و مرۆڤ)، (مرۆڤ و خودی خۆی).

یەکەم پێوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان بە سەرچاوە دادەنرێت. دووەم پێوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ بە کۆمینیکەیشن. سێیەم پێوەندی نێوان مرۆڤ و خودی خۆی بە تێگەیشتنی خودەوە بەندە. تەواوی کاری ئەدەبیش لەو سێ ڕەگەزەوە بنیاد دەنرێت، بەڵام نە سەرچاوەگەرێتی بە مانا وەسفییەکەی و نە کۆمینیکەیشن بە مانا سوودگەراییەکەی و نە

لێوردبوونەوەی خود بە مانا نێرگزییەکەیەوە.

چونکە دواجار ئەوە کردەی خوێندنەوەیە کە کاری ئەدەبی تەواو دەکات، خوێندنەوەش بۆخۆی لە بنەڕەتدا ڕێگایەکە لە ژیان کردن، ژیان کردنێک لە جیهانی خەیاڵدا، وەک چۆن خەیاڵیش ئەو کاتە تەواو دەبێت کە دێتە نێو ژیانەوە، ژیانیش لە گێڕانەوەدا نەبێت فەهم ناکرێت. (٢٢)

## کانت و خەیاڵی ئیبداعی

"چیرۆک دەگێڕدرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی خەیاڵی دەژی"

وەک دەزانین تێزەکەی ڕیکۆر لە دەقدا تەواو نابێت، بەڵکو لە خوێنەردا سیما جیاوازەکانی خۆی هەڵدەگرێتەوە (هەر کەسە و گێڕانەوەی خۆی هەیە) ئەویش بەو مەرجەی کە دووبارە داڕشتنەوەی دەق، یان تەئویل کردنی دەق شیاو بکەوێتەوەو خەیاڵیش ڕۆڵی ناوەندیاری تێدا بگێڕێت. بە مانایەکی دیکە ئەوەی کە گێڕانەوەی ڕیکۆری لەسەر بنیاد نراوە خەیاڵی "کانت"ی و تێگەیشتنی زەمەنی "هایدگەر"ییە. ئەگەر خەیاڵی کانتی "خەیاڵی ئیبداعی"(٢٣) بێت، ئەوە زەمەنی هایدگەری بە "زەمەنی بوونی مرۆڤایەتی" لە قەڵەم دەدرێت.

کانت خەیاڵ وەک پانتاییەک بەرجەستە دەکات، کە خود چالاکی فیکری خۆی تێدا هەڵبسەنگێنێت. ئەگەر قسەکردنەکانمان لە بارەی پێوەندی نێوان گێڕانەوە و ژیان وەک لەو توێژینەوەدا هاتووە، تەرجەمەی سەر خەیاڵی ئیبداعی بکەین(٢٤)، دەبینین ڕیکۆر پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە لەسەر دوو خاڵی گرنگی تیوری خەیاڵی کانتی بنیاد ناوە: لە خاڵی یەکەمدا کانت دەڵێت: خەیاڵ لێپرساوە لە تێگەیشتن و پێشینە ناوەندیارەکان، ئەوەش بە بەردی بناغەی مەعریفەی کانتی دێتە ژماردن. ئەو خاڵە لای ڕیکۆر لە ئاسۆی ئەزموون (زەمەنی کردەیی/ زەمەنی ئیبداعی) خۆی دەنوێنێت.

وەک چۆن خاڵی دووەم لای کانت خەیاڵ هۆکارێکی ناوەندیارە لەنێوان جیهانی (ئازادی و سروشتدا) ئەو دوو جیهانەی کە بەرانبەر یەکدی وەستاون. ڕیکۆر ئەو خاڵە لە ئاسۆی چاوەڕوانی دەق و زەمەنی خوێندنەوەکان درێژ دەکاتەوە.

بەڵام خەیاڵ لای کانت دوو وەزیفەی هەیە: وەزیفەی خەیاڵی پاشکۆخواز کە خۆی لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە، یان وێنەگرتنی شتە نادیارەکاندا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەو گرفتە سێنترالییەی کە شیکردنەوەی باڵایی لەخۆ دەگرێت، ئەوەش لەو پرسیارەوە دێت، کە چۆن دەشێت تێگەیشتنێک بە دەست بهێنین، بێ ئەوەی ئەزموونی بکەین، چۆن ئەو گوتانە بە سەر ئەزمووندا جێبەجێ دەبێت؟

لێرەدا وەزیفەی خەیاڵ لای کانت ئەوەیە، کە لە لایەک گوتەکان بنیاد بنێت و لە لایەکی دیکەوە ڕوخساریان بۆ دابڕێژێت، ئەوەش یەکەم لەگەڵ دووەم جووت دەکات، یان بە شیاوی جووتبوونیان دادەنێت، هەروەها ئەو ناوەندیارەی نێوان خەیاڵ و حەساسیەت ئەو ڕۆڵەیە کە کانت بە هێلکاری نەخشە بۆکێشراو ناوی دەبات، هێلکاری نەخشە بۆکێشراو خۆی لەخۆیدا بەرهەمی خەیاڵە، لێرەدا زاراوەی خەیاڵی ئیبداعی، یان خەیاڵی بەرهەم هاتوو دێتە ناوەوە. هەر لەوێشەوە کانت پێناسەی هێلکاری نەخشە بۆکێشراو بەم جۆرە دەکات: کردەیەکی خەیاڵییە خۆی لە هێلکارییەکدا نمایش دەکات، کە پێی دەڵێن (وێنەی تێگەیشتن) ئەو نەخشەیە کردەیەکی خەیاڵییە بۆ خەڵق کردنی شێوە زەمەنییەکانی گوتە جیاوازەکان، هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەش ڕیکۆر دەڵێت: کانت یەکەم بیریارە کە لە ڕێگەی ڕێبازە نەخشەسازییەکەیەوە پێوەندی لەنێوان شێوەکانی زەمەن و خەیاڵدا دادەمەزرێنێت(٢٥).

خەیاڵ لە جیهانی کانتدا وەسیلەی لێوردبوونەوەی نێوان ئازادی و سروشتە دەتوانێت لە جیاوازی ڕەگەزەکانەوە تەنیایی دروست بکات، تەنیاییەک کە لە (ڕەخنەی سێیەمدا) بە حوکمی تەئەموولی ناوی دەبات، بەڵام لای ڕیکۆر ئەوە گوتاری گێڕانەوەیە، کە شێوە زەمەنییەکانی مرۆڤ دروست دەکات، واتە وەک چۆن وێنە نوێنەرایەتی بینینە بۆ واقیع، بینینێک کە فەزا دەستی لە دروستکردنیدا هەیە، بە هەمان شێوە گێڕانەوەش نوێنەرایەتی زارەکییانەی واقیعە کە زەمەن وێنەی دەکێشێت، یان بنیادی دەنێت. ڕیکۆر لەسەر هەمان بیرکردنەوەی کانتی پێی وایە ئەوە خەیاڵە دەق دروست دەکات و دەقیش ڕێسای تایبەت بەخۆی دەسازێنێت، بەو مانایە داهێنان دەکەوێتە ژێر ئاست و پێوانەکانی خەیاڵەوە.

بە کورتی تیوری گێڕانەوەی ڕیکۆر لەنێوان فیکرەی



پۆل ریکۆر

(وێنەی نەخشە بۆکێشراو) و (ڕەمزییەت) هاوپەیوەستبوونێک دادەمەزرێنێت، یەکەمیان ئاماژە بە زەمەنی دیاریکراو دەکات، بەڵام دووەمیان نوێنەرایەتی فیکرە ئیستێتیکییەکان دەکات. یەکەمیان ئاسۆی ئەزموون بنیاد دەنێت، دووەمیان ئاسۆی چاوەڕوانی دەنەخشێنێت.

## هایدگەر و زەمەنی بوونی مرۆیی

لای هایدگەر بوونی مرۆیی بە بوونی هەنووکەییەوە بەندە، بوونی مرۆی هەنووکەیی بە تێگەیشتن بۆ خودی بوون جیادەکرێتەوە، ئەگەر تاکێک سەربەستانەو ئازادانە بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بوونی خۆی بدات و هەڵیانبژێرێت، بوونێکی ڕەسەنی دەبێت، بەڵام لە بوونی ناڕەسەندا تاکەکان تەسلیمی دەسەڵاتێکی دەرەکی دەبن و ڕێگە بە دەسەڵاتە دەرەکییەکان دەدەن، کە بڕیار لەسەر پرۆژەکانیان بدەن و ئاراستەیان دیاری بکەن.

لێرەدا پێوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە لەسەر مەعریفە وەستاوە، لەسەر ئەو بنەمایە، مرۆڤ لە بوونی (خۆ)یەکی ئاگامەندەوە بۆ بوون دەڕوانێت. بە دیوەکەی دیکەشدا مەعریفە پێوەندی نێوان ئاگامەندی و جیهان دادەمەزرێنێت. کەواتە ئاگامەندی بوونێکی جیهانی هەیە و ناتوانین بیر لە بوونی ئاگامەندانە بەبێ جیهان بکەینەوە، چونکە جیهان پێشمەرجە بۆ بوونی ئاگامەند. هەر لەبەر هەندێ دەکرێت بڵێین بوون بەشێوەیەکی گشتی لەژێر بارودۆخی بوون لەگەڵ-کەسانی دیکەدا سەرهەڵدەدات، بەڵام بوونی ناڕەسەن دوورکەوتنەوە لەخۆ و نامۆبوون بەخۆ دەگەیەنێت، هەر لەو خاڵەوە دەتوانین بۆ زێتر جەختکردن لە بوونی ڕەسەن ئاماژە بە یەکێک لە پێشمەرجەکانی دیکەی بوون بدەین، ئەویش نیگەرانی، یان دوودڵییە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەبیرهێنانەوەیە دەمەوێت بڵێم ئەوە نیگەرانییە پرسیاری بەردەوام و ئاگایی بەردەوامی "خۆ" ڕووبەڕووی دابونەریت و جێگیربووەکان دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ هەبێت، دەبێت نیگەران بێت. ئەگەر مرۆڤ وەک ئەوەی کە خۆیەتی، لە ژیاندا نیگەران نەبێت، بەو جۆرە دەژیت کە کەسانی دیکە دەیانەوێت..

یەکێک لەو گرفتانەی کە هایدگەر لە بەشی دووەمی کتێبە بەناوبانگەکەی "الوجود و الزمان" قسەی لێدەکات گرفتی زەمەنە، بەشێک لە قسەکردنەکانیشی لە جیاکردنەوەی بوونی ڕەسەن و بوونی ڕۆژانە بەرجەستە دەبێت. لای هایدگەر زەمەن ئەو ناوەندیارە درێژکراوە بێ سنوورە نییە، کە لە ڕێگەی کاتژمێرەکانەوە، یان لە ڕێگەی جووڵەکانی زەوییەوە پێوانەی بۆ دەکرێت، بەڵکو زەمەن بە تەمەنی مرۆییەوە بەندە، هەر بەو مانایەش زەمەنی مرۆیی دەخاتە بەراییەوە، چونکە یەکەم زەمەنی خودەو درێژکراوەی ژیانی منە، بەو مانایەش زەمەن بنەمای بوونی مرۆڤ دەگەیەنێت. دووەم: هەنووکەیی لە زەمەنی وجوودی داهاتوودایە، هەروەها هەنووکە، یان (وجوودی خودگەرایی) واتە تێگەیشتن، تێگەیشتنیش هەبوونێکی وجوودیانەی توانایی هەبوونی هەنووکە دەگەیەنێت، بە مانایەکی دیکە لە هەنووکەیی هایدگەریدا زەمەن لە ڕابردووەوە بەرەو ئێستاو داهاتوو ناجووڵێت، بەڵکو لە داهاتووەوە بەرەو ڕابردوو و ئێستا دەجووڵێت. سێیەم زەمەن لای هایدگەر کۆتاییدارە، واتە زەمەنی من دواجار کۆتایی دێت، کەواتە زەمەنی داهاتوو دەبێت زەمەنێکی کۆتاییئامێز بێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مرۆڤ وەک زەمەن بوونێکە بەرەو مەرگ، بەرەو کۆتایی دەچێت(٢٦).

**ڕیکۆر و گێڕانەوەگەرێتی**

لای ڕیکۆر (چیرۆک/گێڕانەوە) تەعبیر لە بوونی مرۆیی دەکات، وەک چۆن تەئویلیش مانای دەقەکان لەخۆ دەگرێت، بەڵام زەمەن ئەو پرسیارە "ئۆگستین" ئامێزە لای ڕیکۆر دەشێت لە ڕێگای گێڕانەوەوە چارەسەرێکی شیعرییانەی بۆ بکرێت، ئەویش بە مەعقولییەت بوونی زەمەنەوە بەندە، هەر لەوێشەوە خەیاڵ ناکەوێتە دەرەوەی واقیع، بەڵکو زیاد لە پێویست واقیعی دەکەوێتەوە، بە مانایەکی دیکە خەیاڵ توانایی گوتنی واقیعی هەیە.

ئەگەر ئەرکی تەئویل ڕاڤەکردنی جیهان بێت لە ڕووی دەقدا، جیهانی دەقیش سەرچاوەکەی خەیاڵ بێت بەو سیفەتەی کە توانایی دووبارە وەسفکردنی هەیە، ئەوە تەئویل کردنی دەق بەو مانایە نییە، کە شاراوەکان کەشف بکات، بەڵکو بەو وەسفەیە کە تەفسیری وجوود دەکات، لە جیهانێک کە دەق دەیخاتە ڕوو. دەقی ئەدەبیش وەک کردەیەکی مرۆیی، بێجگە لە بوون لە زەمەندا شتێکی دیکە نییە. هەر لەوێشەوە جیهانی دەق ڕێگەیەکە بۆ بوون لە جیهاندا. کەواتە (چیرۆک/گێڕانەوە) نە واقیعییە و نە وەهمییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ کەشف کردنی ئەنتۆلۆژیانەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ بوون و گەردوون، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ڕیکۆر قسە لە ئەنتۆلۆژیای خەیاڵ دەکات(٢٧).

ئەگەر لای هایدگەر زەمەن زەمەنی کەسی بێت، ئەوە لای ڕیکۆر فەردی نییەو گشتییە، ئەویش بە دوو مانا: یەکەم زەمەنی جەماوەری، واتە زەمەنی کارلێکردنی نێوان کەسایەتی و بارودۆخە جۆراوجۆرەکان. دووەم: زەمەنی جەماوەری، زەمەنی نێوان (گێڕانەوە/چیرۆک) و گوێگرەکان. دواجار خەیاڵ و زەمەن و شیانی ئەو سێ پێکهاتەیەن، کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بیر لە وجوودی مرۆیی دەکرێتەوە، وەک چۆن لە ڕێگەی تەئویلەوە بیر لە دەق دەکرێتەوە.

ئەوەی کە گێڕانەوەی ڕیکۆر لە زەمەنی فەردی هایدگەر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە، کە گێڕانەوە لەوێوە خۆی دەبینێتەوە کە جەماوەر، یان گوێگرەکانی بەرەو خەیاڵ دەبات، یان بە مانایەکی ئایینی بەرەو ڕاستییان دەکاتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێت دووبارە گێڕانەوە وەک وەسفێک بۆ گێڕانەوە گەورەکان سەیر بکرێت، بەڵام لای ڕیکۆر دووبارە گێڕانەوە گواستنەوەیە لە جەرەیانی زەمەنەوە بۆ ئەسڵی مێژوو، واتە ئەوە کردەی دووبارەکردنەوەیە، کە مێژوو دروست دەکات.

ئەو ڕەخنە سەرەکییانەی کە "دیڤید کار" بەرانبەر ڕیکۆری دەکاتەوە ئەوەیە کە (گێڕانەوە/چیرۆک) خەسڵەتی ڕووداوە ڕاستییەکان ناگوێزێتەوە، ئەگەر بشیانگوێزێتەوە، بڕوایان پێناکرێت. لە لایەکی دیکەوە "دیڤید کار" دەڵێت: چیرۆک ناژی، بەڵکو دەگێڕدرێتەوە، ژیان سەرەتا و ناوەند و کۆتایی نییە وەک ڕیکۆر دەڵێت، بەڵکو ئەو سیفەتە تەواو چیرۆک ئامێزە و لە هونەرەوە بۆ ژیان گوێزراوەتەوە(٢٨).

هەڵبەتە ڕیکۆر دژی ئەوەی کە پێی دەڵێن ڕووتکردنەوەی (چیرۆک/گێڕانەوە) لە زەمەن دەوەستێت و پێی وایە سەرەتا و ناوەندو کۆتایی بنەمای بنیادی گێڕانەوەیە، وەک چۆن زۆر بە سادەیی زەمەنیش بە هەمان شێوە دەکەوێتەوە.

بەڵام "دیڤید کار" لە بارەی گێڕانەوە و جیهانی واقیع دوو ڕەخنە ئاراستەی ڕیکۆر دەکات و دەڵێت: گێڕانەوە بە تەواوی لە جیهانی واقیع نامۆیە، نە دوور و نە نزیک هاوشێوەی واقیع نییە، بێ گومان ئەو ڕەخنەیە دیدە پێوانە سازەکەی ڕیکۆر کە لەسەر دیدی واقیع بۆ چیرۆک وەستاوە هەڵدەوەشێنێتەوە. دووەم "دیڤید کار" دەڵێت ژیان لە پێچەکانیدا سیستمی گێڕانەوەی هەڵگرتووە، ئەوەش لە ڕۆشنبیریی ئەدەبی بە دیاریکراوی چیرۆک هاتووەتە بەرهەم، بەڵام ڕیکۆر بۆ ئەو دوو ڕەخنەیە یەک وەڵامی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژیان لە بنیادی گێڕانەوەدا نامۆ نییە، پێویستیشی بەوە نییە، ئەو بنیادە لە چیرۆک بخوازێت، چونکە بنیادی خۆیەتی و قابیلی ڕەتکردنەوەش نییە، بەڵکو ژیان بۆخۆی جۆرە گێڕانەوەیەکی کورتکراوەیە، یان بنیادێکە دەکەوێتە پێش گێڕانەوە(٢٩).

لە لایەکی دیکەوە قسەکردن لە بارەی دووبارە گێڕانەوە هەر تەنیا دووبارە بەرهەمهێنانەوە ناگەیەنێت، بەڵکو ڕیکۆر بە بەرهەمهێنان و داهێنانی دادەنێت، کە ڕەنگە لە ژیان وەرگیرابێت، بەڵام لە ڕێگەی گرێچنەوە گۆڕانکاری بە سەردا دێت، بەو مانایەش بنیادی گێڕانەوە کردەی (لەخۆگرتن) و (کۆکردنەوە) و (بەناوەندکردن) بەرجەستە دەکات. بە ناوەندکردنی واقیع و ڕووداوی فەردی، وەک چۆن لەخۆگرتنیش ڕەگەزە لێک دوورەکان دەگرێتەوە، یان لەخۆگرتنی ئاستی جۆراوجۆر لە زەمەن(٣٠).

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- زمان لای (فردینارد دی سوسێر ١٨٥٧-١٩١٣) سستمێکە، یان تۆڕێکە لە ئاماژە، یاسایەک دەستی بەسەرداگرتووە. بەڵام ئاخاوتن (کلام) رووداني زمانەوانی راستەوخۆیە، واتە گوتنی کەسەکانە. (ستیڤن مالارمێ ١٨٤٢-١٨٩٨ Stephane Mallarme) دەڵێت: زمان قسان دەکات نەک نووسەر، نووسین گەیشتنە بەو پنتەی کە زمان دێتەگۆ نەک من. (مارتن هایدگەر ١٨٨٩-١٩٧٦) زمان بەهایەکی وجوودی مەزنی هەیە، بەرزترین وجوود کەشف دەکات. زمان ماڵی بوونە، مرۆڤ دێتە نێو ئەو ماڵە و نیشتەجێ دەبێت، تاکو خۆی رووناک بکاتەوە، بۆیە مرۆڤ بەر لەوەی بیر بکاتەوە، پێویستە بڕیاری ئەوە بدات کە لە زماندا نقوم بووە.

٢- (جاک لاکان ١٩٠١-١٩٨١) دەڵێت شێواز خەسڵەتی خودی کەسایەتی نییە، بەڵکو نەسەقێکی کۆمەڵایەتییە، کۆی ئەو نەسەقە کۆمەڵایەتییەش بەپێی تێگەیشتنی زمان، یان لە فەشەلی تێگەیشتن دروست دەبێت، چونکە هەمیشە نووسەر پێش ئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە، دەکەوێتە نێو بوونی زمانەوە.

٣- لە زمانی کوردیدا وشەی (وەگێڕ)یش بە کار دەهێنرێت.

٤- تۆدۆرۆف پێی وایە هەموو ئەوەی نووسەرێ دەیکات خوێندنەوەی زمانە، واتە ئەدەب قسەکردنە لەسەر خودی زمان. هەمان مەبەست لای بارت دەبینرێت کاتێک دەڵێت: ئەدەب نوێنەرایەتی دەسەڵاتی زمان دەکات. لە کتێبی (رەخنە و حەقیقەت)دا دەڵێت: ئەدەب پرسیارێکە لە بارەی زمانەوە.

٥- تۆماشیڤسکی جیاکاری لە نێوان دوو جۆر لە گێڕانەوە کردووە: گێڕانەوەی بابەتی، کە (نووسەر) پەی بە هەموو شتەکان دەبات و رێگە بە خوێنەر دەدات بە ئازادی گێڕانەوەکەی راڤە بکاتەوە، نموونەی ئەو شێوازە لە رۆمانە واقیعییەکاندا دەبینرێت، بەڵام گێڕانەوەی خودی، گێڕانەوەیەکە لە چاوی (گێڕەرەوە) دەبینرێت و نموونەی ئەو شێوازەش لە رۆمانە رۆمانسییەکان بەرچاو دەکەوێت.

٦- کایت فریدمان: «السارد والرواية»، ترجمة عبدالرحيم العلام: العالم الثقافي، السنه ١٩، العدد ٨٥١، نونبر ١٩٨٧.

٧- وۆلفگانگ ئایزەر لە ٢٢ی یۆلیۆ ساڵی ١٩٢٦ لە ولایەتی سەکسۆنیای ئەڵمانیا لەدایکبووە و لەساڵی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە. ئەدەبی ئینگلیزی و ئەڵمانی خوێندووە و فەلسەفەی لە زانکۆی لایبێزگ تەواو کردووە. تێزەکەی لەسەر رۆماننووس هینری فیلدینگ لە سەدەی هەژدەوە.

٨- واین بۆس رەخنەگرێکی ئەدەبییە، خاوەن کتێبی (رەوانبێژی گێڕانەوە)یە کە لە ساڵی ١٩٦١ چاپ و بڵاو کراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٩٤ لە لایەن (ئەحمەد خەلیل عەرادات و عەلی ئەحمەد ئەلغامدی) بەناوونیشانی (رەوانبێژی چیرۆکی هونەری) تەرجەمەی زمانی عەرەبی کراوە و لە بڵاوکردنەوەکانی زانکۆی مەلیک سعوودە لە شاری ریاز چاپ کراوە. واین بۆس لە ٢٢ی فێبرایەری ١٩٢١ لە ولایەتی یۆتای ئەمریکا لە دایک بووە، لە تەمەنی (٨٥) ساڵی کۆچی دوایی کردووە. لە بارەی گێڕانەوەوە دەڵێت: هەموو گێڕانەوەیەک شێوەیەکە لە شێوەکانی گوتار.

٩- واين بوث: «وجهة النظر من المنظور السردي»، ترجمة ناجي مصطفى: نظرية السرد من وجهة النظر إلى التبئير، منشورات الحوار الأكاديمي والجامعي، ط١، ١٩٨٩، ص١٦.

١٠- جیرالد پرێنس، یەکەم توێژەر بوو بە شێوەیەکی میتودی لەو چەمکەی کۆڵییەوە، چونکە پێش ئەو کەس بە شێوەیەکی زانستی و میتودی ئاوڕی لەو چەمکە نەدابووەوە، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی بیستەوە و لەگەڵ دەرچوونی کتێبی (فەرهەنگی گێڕانەوەکان - قاموس السرديات) لەلایەن (جیرالد)ەوە ئەو چەمکە پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەخۆوە بینی و بۆگێڕەوە بووە کۆڵەکەیەک لە کۆڵەکەکانی شیکردنەوەی گێڕانەوەکان. جیراڵد پرێنس لە پێناسەی رەگەزی (بۆگێڕەوەی ناوەکی) دەڵێت: بۆگێڕەوە ئەو کەسەیە کە رووداوەکانی ناو دەقی بۆ دەگێڕدرێتەوە. بەلایەنی کەمەوە یەک بۆگێڕەوە لە ناو گێڕانەوەکاندا هەیە، هاوتەریبە لەگەڵ گێڕەوەدا لە هەمان ئاستی گێڕانەوەدا. دەشکرێت چەند بۆ گێڕەرەوەیەک هەبن و بدوێنرێن لە لایەن هەمان گێڕەوە، یان لەلایەن گێڕەرەوەی دیکەوە.. بڕوانە: تیۆرەکانی وەرگرتن، د. یادگار لەتیف شارەزووری، لە بڵاوکراوەکانی شانزەهەمین ڤیستڤاڵی گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٥٧، ل١٥٨.

١١- هـ.س.پ. ل١٥٧.

١٢- رولان بارت: «التحليل البنيوي للسرد»، ترجمة حسن بحراوي، بشير القمري، عبدالحميد عقار، افاق، عدد : ٩-٨، ١٩٨٨، ص ٢١.

١٣- پۆل ریکۆر لە ٢٧ی شوباتی ساڵی ١٩١٣ لە شاری "فالنس"ی فەرەنسی لەدایک بووە، لە دوای شەش مانگ دایکی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام باوکی کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە ساڵی ١٩١٥ لە بەرەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی کوژراوە، بۆیە ئەرکی بەخێوکردنی خۆی و خوشکەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مامییەوە. خوێندنی دواناوەندی لە "رێن" تەواو کردووە، پاشان چووەتە زانکۆ و بروانامەی ماجستێری لە فەلسەفە بەدەست هێناوە، ئینجا چووە بۆ زانکۆی "سۆربۆن" لە پاریس و لەوێ

نیشتـەجێ بووە. بۆ زێتـر شـارەزایی بڕوانە: بـول ریکـور، فلسـفـة الإرادة، الانسـان الخطاء، ترجـمـة: عـدنان نجـيب الدين، دار البيضاء- المغرب، ط۱، ۲۰۰۳، مقدمة.

١٤- ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر) بەشێوەیەکی گشتی باسی (پلۆت)، یان بنیادی چنین دەکات، ئەو بنیادە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە (میـتـۆس-muthos) خـواوەندی ئەفسـانە و گێڕانەوەوە هەیە، لەوێوە باسی هەر یەک لە چیـرۆک (fable) واتە چیـرۆکی خەیاڵکراو و پلۆت واتە چنینی چیـرۆکێک کـە بە شـارەزایی بنیـاد نراوە، ئەوەش بە ڕەگـەزی دووەمی مـیـتـۆس دادەنێت، ئەوەی ئەرسـتـۆ بە پلۆت ناوی دەبات، بنیـادێکی جێگیـری نییـە، بەڵکو کردە و جێبەجێ کردنە، ئەو جێبەجێ کـردنەش لای خـوێنەر نەبێ تەواو نابێت.. هەڵبـەتە ئەو ڕوونکردنەوەیەم بۆ ئەوە دا کە بڵێم (پۆل ڕیکۆر) بنەمای تێزەکەی لە بارەی گێڕانەوە لەسەر پلۆت بە مانا ئەرستۆییەکەی بنیاد ناوە و هەر لەسـەر ئەو بنەمـایەش دەڵێت: ئەگـەر ژیان لە تەئویل کـردن خـاڵی بێت، بێجگە لە دیاردەیەکی بیـۆلۆژی شتێکی دیکەی لێ نامێنێتەوە.

١٥- مـارتن هايدغر، اصل العمل الفني، ترجمة: د. ابو العيد دودو، منشورات الجمل، ط۱.

١٦- زاراوەی جـیـهـان (world) و وشـە (word) لە نووسینەکانی ڕیکۆر بایەخێکی گەورەی هەیە، کاتێک کـە دەڵێ کـاری هونەری جـیـهـان دەخـاتە ڕوو، ئەوە لە وێناکـردنی ڕۆمانسیانەی پەیوەست بە گەیاندن (یان خودی و نا بابەتی) دوور دەکەوێتەوە، کاتێک دەڵێت کاری هونەری، یان گێڕانەوە جیهان بە مـانای (word) دەخـاتە ڕوو، ئەوە بە مـانا کـۆسـمـۆلۆژییـەکـەی بایەخ بە جیهان نادات، بەڵکو بە مانا ئەنتۆلۆژییەکەی بایەخی پێ دەدات. دەتوانم بڵێم مەبەست لە جیهانی یەکەم بە تێگەیشتنی هەنووکـەیی مـرۆڤ بۆ بوون جـیـا دەکـرێتـەوە، واتە ئەگـەر مـرۆڤ حاڵەتێک بێت لە تێگەیشتنی هەنووکەیی، ئەوە جیـهـانی دووەم بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتەیە، یان کەشف کردنی بوونە لە نێو ماڵی خۆیدا. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە:- گـۆڤـاری (نزوى) ژمـارە (١٥)

www.nizwa.com/volume15/p155- ل١٥٥ 160.html حوار مع بول ريكور/ الشعـر والإمكان - ترجـمـة: سامح فكري (باحث ومترجم من مصر).

١٧- الوجـود و الزمـان و السـرد، فلسـفـة بول ريـكور، ترجـمـة وتقديم: سعيد الغانمي، بيروت، ط۱، ۱۹۹۹، ل٥١.

١٨- نصر حـامد ابو زيد- اشكاليـة القراءة وآليات التـأويل، ل٣٣.

١٩- ئەگـەر فیـکرەی "ئێمـە قەرداری ڕابردووین" بکەوێتـە بەر ڕەخنەی "لیـوتار" بەوەی کـە خەڵک سـۆزی بۆ گێـڕانەوە گـەورەکان نەمـاوە، ئەوە فـیـکرەی هەنووکـەیی کـە لای هایدگـەر لەسـەر (تێگەیشـتنی خـود) دامـەزراوە لای ڕیکۆر بەرەو دەسـتـەجـەمـعی دەبردرێت!!

٢٠- ريكور، الذات عـينهـا كـاخـر، ترجـمـة و تقـديم وتعليق د.جورج زيناتي، مركز دراسات، الوحدة العربية، الحمراء-بيروت، ط١ ٢٠٠٥ ص٢٤٩.

٢١- ئەو وێنە گرتنە دەکەوێتە سەر سێ بنەمای جیاواز: یەکەم: ئاوێتەکردنی ڕووداوە لە یەک دوورەکان و حیکایەتە جیاوازەکان، ئەو گرێ چنە چیرۆکی یەکڕەنگی لێدەکەوێتەوە. دووەم: لە ڕێگەی بە یەکـەم دانانی ڕووداوێک و هاوگـونجـاندنی نێـوان بە یەک دژەکـانی لە پێناو بەرجـەسـتـەکـردنی ڕووداوی بە یەکـەم دانراو. سێـیـەم: دەشـێت لە ڕێگەی کێـبـرکێی نێـوان ڕووداوە بە یەکدا هاتووەکانەوە فۆرمەلەکردنێکی وێنەیی بسازێنین، بەڵام تێگەیشتن لە چەمکی ئازار زۆر ئەرسـتـۆیانە دەکـەوێتـەوە، دەمـەوێت بڵـێم مـرۆڤ لەوێوە هەڵگری ئەو ئازارەیە کـە پێی وایە هەمـیـشـە بە قـەرزاری دەمـێنێتـەوە، ئەو چەمکە مـیـتـافـیـزیکیـیـە لای ڕیکۆر تەرجەمەی سەر تیوری گێڕانەوە دەبێت.

٢٢- الوجود و الزمان و السرد، فلسفة بول ريكور، ترجمة و تقديم: سعيد الغانمي، بيروت، ط۱، ۱۹۹۹، ل٥٢.

٢٣- خەیاڵکردنیش لە کردەوە (fingere) هەڵهێنجراوە، کە مـانای دروسـتکردن دەگـەیەنێت. بۆ زێتـر شـارەزایی بڕوانە:- بول ريكور، من النص الى الفعل، ابحاث التـأويل، ترجـمـة: محـمـد برادة-حـسـان بورقـيـة، عين للدراسـات والبـحـوث الانسـانيـة والاجتماعية، ط١ ٢٠٠٣ ص١٢.

٢٤- وەک چۆن کانت خـەیاڵی بە دامـەزرێنەری کردەی بنیـادنان (structural) داناوە.

٢٥- هـ.س.پ. ل٦٢، ٦٣، ٦٤.

٢٦- هـ.س.پ. ل٣٧، ٣٨.

٢٧- الوجود و الزمان و السرد، هـ.س.پ. ل٨٣، ٨٤، ٨٥.

٢٨- هـ.س.پ. ل٢١٤.

٢٩- هـ.س.پ. ل٢٢٥.

٣٠- بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: زمان/گێڕانەوە، کۆدی دافنشی، لێکۆڵینەوە، کـتێبی گـیـرفان ژمـارە ٤١، وەزارەتی ڕۆشنبـیـری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکـردنەوەی هەولێر، چاپخـانەی ڕۆشنبیری، ٢٠١٠. هەولێر، ل٢٥

**تێبینی:** ئەو بابەتەکە لە دیداری ڕۆمـانی کـوردی، یەکـێـتـیی نووسـەرانی کـورد لە ٢٢-٢٤- ١١-٢٠١٢ شـاری دهۆک، لە ئێوارەی ڕۆژی سێیەم پێشکەش کرا.

# ئەدەبی ئەمریکایی هاوچەرخ

**کاسرین ڤانسپانکیرین**
**لە ئینگلیزییەوە: ئارام شێخ وەسانی**

**دەرکەوتنی ڕیالیزم**

شەڕی مەدەنیی ئەمریکا لە ساڵانی نێوان ١٨٦١تا ١٨٦٥ لەنێوان بەرەی پیشەسازی باکوور و بەرەی کشتوکاڵی باشوور، لەسەر زەوی بەراو بوو. پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە، کۆمەڵێک هەبوون بەناوی ئایدیالیستەکان، کە داکۆکییان لە مافی مرۆڤ و هەڵوەشاندنەوەی سستمی کۆیلایەتی دەکرد. ئەم داکۆکیکردنە هەڵقوڵاوی بیری ئایدیالی بوو، لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکەش زیاتر برەوی سەند و بەردەوام بوو. ئەم بابەتە هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتن و دروستبوونی دنیای سەرمایەداری و بازرگانی، لەو کاتەدا ملیۆنێر و بازرگانی ئازاد دروست بوون، هەروەها بەبلاوبوونەوەی تیورەکەی داروین، کە وەک شۆڕشێکی بایۆلۆژی لەقەڵەم درا، بۆ بابەتی(ژیان و مانەوەی شیاو)، خەڵکێکی زۆر بەشێوەی یاسایی هەوڵی نامۆرالییان دەدا بۆ بوونە خاوەن سەرمایەی زۆر. جەنگ کۆتایی هاتبوو، بازرگانی لە گەشەیەکی بەردەوامدا بوو و سستمێکی نوێی پێوەندی نێوان وڵاتان پەیڕەو دەکرا. لە دەستپێکی ساڵی ١٨٦٩دا بەهۆی دەرکەوتنی تەلەگرافەوە، سنوورەکان تێکەڵبوون، هەرچەندە ئەم پرۆسەی تێکەڵبوونە لە ساڵی ١٨٦١دا دەستی پێ کردبوو، بەڵام بەو شێوەیە فراوان و خرایە نەبوو ئەم تێکەڵبوونە جیهانییە، سوودەکەی ئاڵوگۆڕ و پێوەندی پیشەسازی و بازرگانی بوو. لێشاوی هاتنی ئاوارەکان بۆ سەر خاکی ئەمریکاییەکان، بووە هۆی ئەوەی هێزێکی کاری گەورە و کاریگەر لە وڵات دروست بێت. ئەو کات ڕێژەی ئاوارەکان گەیشتە سەرووی ٢٣ ملیۆن کەس، کە بەزۆری خەڵکی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، ئایرلەندا و ئەڵمانیا بوون. هاتنی ئەم ئاوارانەش لەساڵانی ١٨٦٠تا ١٩١٠ هەر لە زیادبووندا بوو، بەتایبەت کۆچی خەڵکانی ناوەڕاست و باشووری ئەورووپا. لە ساڵانی نزیک ١٨٦٠ زۆرینەی خەڵکی ئەمریکای لە کێڵگە و گوندەکان دەژیان، بەڵام لە ساڵی ١٩١٩بینرا، کە نیوەی دانیشتوانی ئەمریکا هاتوونەتە شارەکانەوە. لەو کاتەدا کۆی خەڵکەکە لە دوازدە شاردا نیشتەجێ دەبوون.

پاش کۆچی خەڵکی لە گوندەوە بۆ شار، کێشەکانی شارستانییەت و پیشەسازی دەرکەوتن. هەژاری و قەرەباڵغی شارەکان، خراپیی کەرتی تەندروستی، زەحمەتیی کارکردن، پێدانی مووچەی کەم بە کۆیلەکان، دواتر شەڕ و پێکدادنی نێوان کۆیلەکان و دروستبوونی گەمارۆی بازرگانی، ئەوانە گرفتەکان بوون. بەو هۆیەوە خەڵکی ئەمریکا لەوە تێ گەیشت، کە دەبێت

ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم قەیرانانە بدۆزرێتەوە، ئەم بیرۆکەیەش بووە هۆشیارییەکی نەتەوەیی. لەو کاتەدا جووتیارەکان کەوتنە ململانێیەکی سەخت لەدژی دنیای ماددیگەرایی ڕۆژهەڵات. لەماوەی ساڵانی ١٨٦٠تا ١٩١٤ ئەمریکا لە وڵاتێکی بچووکی داگیرکراوەوە بووە وڵاتێکی گەورەی مۆدێرن و نەوەیەکی پیشەساز، هەروەها لە ساڵی ١٨٦٠دا ئەمریکا کەوتبووە ژێر قەرزێکی زۆرەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩١٤دا بووە یەکێک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان، تەنانەت لە یەکەمین جەنگی جیهانی ئەمریکا وەک یەکێک لە وڵاتە بەهێزەکانی جیهان ئەژمار کرا. گەشەسەندنی ڕەوتی پیشەسازی و گۆشەگیریی تاک، ئەو دوو بابەتەن، کە دوو گەورە ڕۆماننووسی ئەمریکای کاریان لەسەر کردووە. ئەو دوو نووسەرە (مارک توین و هینری جیمس) ن. مارک توین کاری لەسەر دۆخی خەڵکی باشوور و دڵی ڕۆژئاوا دەکرد، کە بریتی بوو لە ناوچە گوندنشینەکانی ئەمریکا، بەو هۆیەشەوە ئیلهامی ئەفسانەی کارەکانی لەوانەوە وەردەگرت، بەڵام هنری جیمس کاری لەسەر ئەوروپا دەکرد، بۆ تێگەیشتن و نرخاندنی دنیای سروشت، دوور لە هەر بیرۆکەیەکی ناوچەگەرییانە.

**مارک توین....**

سامۆیل کلیمنس، کە بەنازناوی مارک توین لە ئەدەبدا ناوی دەرکرد. مارک لە ساڵی ١٨٣٥ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩١٠ کۆچی دوای کردووە. تەمەنی منداڵی لە سنووری ڕووباری مسیسپی لە شارۆچکەی هانیباڵ بەسەر بردووە.

ئێرنیست هەمینگوای لەبارەی مارک توینەوە گوتوویەتی: (هەموو ئەدەبی ئەمریکای، لە کتێبە گەورە و بەنرخەکەی مارک توینەوە هەڵدەقوڵێ)، مەبەستی ڕۆمانی (سەرکێشییەکانی هاکلبێری فەن)ە.

سەرەتای سەدەی نۆزدە، نووسینی نووسەرە ئەمریکاییەکان، وەسفکردنی گوڵزار و سۆز و هەستی سەرسامی بوو، ئەوان هێشتا جەختیان لەوە دەکردەوە، کە دەکرێ بەوپەڕی جوانییەوە لەبارەی سروشتەوە بنووسن.

توین لە نووسینەکانیدا پشتی بە چالاکییەکانی ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ و زمانی باوی ئەمریکاییەکان دەبەست، هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە سوپاس و ڕێزی



مارک توین

نیشتیمانی بەدەست هێنا. توین یەکێکە لە گەورەترینی ئەو نووسەرانەی کە ئیشی لەسەر دۆخی ناوخۆی وڵات کردووە، بە بێ جیاوازی زمان و باوەڕە ئایینییەکان. بۆ مارک توین و نووسەرانی دیکەی سەدەی نۆزدە، ڕێبازی ڕیالیزمی تەنیا تەکنیکێکی ئەدەبی نەبوو، بەڵکو ڕێگایەکیش بوو بۆ قسەکردن لە بارەی حەقیقەت و تەقینەوەی بەڕووی بێ کەڵکیی دابونەریت، هەروەها لەو ڕێگەیەوە بە قووڵی قسەیان لەبارەی ئازادی و شاراوەیی دیاردە کۆمەڵایەتییە دزێوەکان دەکرد.

بە ناوبانگترین نموونە لە (سەرکێشییەکانی هاکلبێری فەن)، کارەکتەری (هاک فەن)ە. ئەو کوڕێکی هەژارە، بۆ یارمەتیدانی هاوڕێکەی (نیگرۆ) دوای دەنگی ویژدانی دەکەوێت، بۆ ئەوەی لە بەندایەتی هەڵبێت و ئازاد بێت، تەنانەت هاک، بیردەکاتەوە ئەگەر بەهۆی ئەو کارەوە وەک شەیتانی لێ بێت و بچێتە دۆزەخ، ئەوە ئەو کارە هەر ئەنجام دەدات.

لە ساڵی ١٨٨٤دا ئەو شاکارەی توین بڵاوبووەوە، ڕووداوەکان لە نزیک ڕووباری مسیسپی ڕوودەدەن. هاک کوڕی پیاوێکی بێ کار و سەرخۆش و بێ سوودە، ڕۆژێک بە بێ هۆشییەوە هەڕەشەی کوشتن لە هاک دەکات، بۆیە هاک ماڵەوە جێ دەهێڵێت. دواتر ماڵێکی دیکەی خانەدان بەخێوکردنی هاک لەئەستۆ دەگرن. پاش ئەوە، هاک لە ژیانی خۆی دەترسێت و ئەو ماڵەش جێ

دەهێڵێت و پێوەندی بەگرووپێکی ناپەسەندەوە دەکات بەناوی (کۆیلەی جیم)، ئەو گرووپە لەلایەن ئافرەتێکەوە بە ناوی واتسۆن سەرپەرشتی دەکرا، پاشان خاتوو واتسۆن دەیەوێت ئەندامانی گرووپەکە بفرۆشێت، بەو هۆیەشەوە هاک و کوڕێکی دیکە بەناوی جیم، دەنێرێتە سەر رووباری مسیسپی، بۆ فرۆشتن. پاش ماوەیەک هەردووکیان فێری مەلەوانی دەبن. دواتر بیریان کردەوە هەڵبێن. ئەوە بوو بە کەشتییەک ڕۆیشتن، بەڵام لە نیوەی ڕێگە کەشتییەکە تێک شکا و نقوم بوو. لەو کاتەدا هەریەک لە جیم و هاک لە یەکتر جیابوونەوە. دوای ماوەیەک یەکدییان دۆزییەوە و چەندین کاری سەرکێشانەیان ئەنجام دا، پاشان خاتوو واتسۆن هەردووکیانی دەستگیر کردەوە. دواتر خاتوو واتسۆن جیمی ئازاد کرد و هاکیشی بەماڵێکی خانەدان و دەوڵەمەند دا، وەلێ زۆری نەبرد، هاک بڕیاری دا بۆ زەوییەکی دوور لە ناوچەی هیندییەکان ڕابکات.

لە کۆتایی دەقەکەدا، نووسەر بەشێوەیەکی ئەفسانەی پاکی و کۆنیی ئەمریکاییەکان دەخاتە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا دنیابینییەکی تازە نیشانی خوێنەر دەدات و باسی دروستبوونی کاولکاری تازە و دەرکەوتنی گەندەڵی ئەخلاقی لە ژیانی شارستانیەتدا دەکات. لەم کارەشدا توین بە ئاراستەی نووسینەکانی جیمس فینمۆر کوپەر و نووسینە ئایینییەکانی واڵت ویتمان کاری کردووە، بێجگە لەم نموونانەش، هەر یەکە لە ولیەم فۆکنەر بە بەرهەمی (ورچەکە) و جاک کیرۆکاس بە بەرهەمی (لەسەر ڕێگەکە) لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەدەبی ڕۆیشتن.

هینری جیمس لە ساڵی ١٨٤٣لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩١٦کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لەوانەی لە بارەی هونەرەوە نووسیویەتی، بە تایبەت نووسینی هونەری ئەدەبی، (دروستکردنی ژیان، دروستکردنی بەرژەوەندییەکی گرینگ، دروستکردنی گرینگی). ڕۆمانەکانی جیمس هۆشیارییەکی بڵندیان دەنواند، هەروەها داوای هۆشیارییەکی بەرزی بۆ تاکەکان دەکرد. لەو سەردەمدا جیمس ناوبانگی دەرکرد بە هۆی ئەوەی کاری لەسەر بابەتە نێودەوڵەتییەکان دەکرد. هەموو جۆرە پێوەندییەکی نێوان ئەمریکاییە ڕەسەنەکان و ئەوروپییەکانی شی دەکردەوە. لەم قۆناغەدا جیمس کە ژیاننامەی (لیۆن ئیدل)ی نووسی، وەک قۆناغی جیمسی یەکەم، یان قۆناغی جیمسی (نێودەوڵەتی) ناسرا.

نموونەی ڕۆمانەکانی ئەو کاتی جیمس، ڕۆمانی (ئەمریکایی) لە ساڵی ١٨٧٧، (دەیسی میلەر) لە ساڵی ١٨٧٩، هەروەها شاکاری گەورەی جیمس بە ناوی (وێنەی خانمەکە) لە ساڵی ١٨٨١ بڵاوبووەوە. لە ڕۆمانی (ئەمریکایی)دا باس لە گەشتی ڕێبوارێک دەکات بۆ ئەوروپا، بە ناوی کریستۆڤەر نیومان. کریستۆڤەر ئەمریکاییەکی ڕەسەن و نەخوێندەوار بوو، بەڵام وەکو پیشەسازکار و ملیۆنێر خۆی دەرخست، هەروەها خۆی بە زیرەک و ئایدیاڵ نیشان دەدا. لە ئەوروپا بە دوای هاوسەرگیرییەوەیە، بەو هۆیەشەوە خێزانەکەی حاشایان لێ کرد، بە هۆی فەرامۆشکردنی پاشخانی ئەرستۆکراتی خێزانەکەیان، بەم کارەشی دژی دابونەریت و ویستی خۆی وەستایەوە. ئەو دژ وەستانەوەیەش بوو، لە بەهای ئەخلاقیدا سەرکەوتنی پێ بەخشی.

قوناغی دووەمی دەرکەوتنی جیمس، قۆناغێکی ئەزموونییە. جیمس چەند بابەتێکی تازەی لە ڕۆمانەکانیدا وروژاند. بۆ نموونە، بابەتی فیمینیزم و چاکسازی کۆمەڵایەتی، لە هەریەک لە ڕۆمانی (دانیشتوانی بۆستن) لە ساڵی ١٨٨٦، هەروەها لە ڕۆمانی (شاژنە کاسماسیما) لە ساڵی ١٨٨٥، کە لەوەی دووەمیاندا باسی لە سەرکێشییەکی سیاسیی دەکرد.

قۆناغی سێیەمی جیمس، گەڕانەوەیە بۆ بابەتە نێودەوڵەتییەکان. لەم قۆناغەدا جیمس هۆشیارانەتر و قووڵبوونەوەی دەروونی زیاتری بۆ کێشەی بابەتە نێودەوڵەتییەکان خستە ڕوو. بەرهەمەکانی جیمس لەم قۆناغەدا ئاڵۆز و داستان ئامێزن، وەک بەرهەمی (باڵەکانی کۆتر) لە ساڵی ١٩٠٢، هەروەها بەرهەمی (باڵوێزەکان) لە ساڵی ١٩٠٣دا نووسی. ئەو دوو بەرهەمە بە باشترینی بەرهەمەکانی جیمس دادەنرێن، پاشان لە ساڵی ١٩٠٤دا ڕۆمانی (دەفری زێڕین)ی بڵاوکردەوە. لەم قۆناغەدا جیمس لە لووتکەدا بوو. ئەگەر بیرۆکەی سەرەکی لە بەرهەمەکانی مارک توین گاڵتە و ناجدییەت بێت لە نێوان نیشاندان و ڕاستیدا، ئەوە بەرهەمەکانی جیمس بەردەوام ئیش کردن بووە لەسەر خودئاگایی تاک، ئەمەش جیاوازی نێوان توین و جیمسە. بەشێوەیەکی گشتی بەردەوام لە بەرهەمەکانی جیمس

هەستێکی تاکانە دێتە بوون، ئەو هەستە پڕە لە حیکمەت و خۆشەویستی و قوربانیدان بۆ تاک.

## مۆدێرنیزم و ئەزمووونگەری

زۆرینەی مێژوونووسان ماوەی نێوان یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانی، وەک کۆست و ئەزموونێکی گرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەقەڵەم دەدەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەشداری ئەمریکا لەو دوو جەنگە ماوەیەکی کورتی خایاندووە، کە ساڵی١٩١٧-١٩١٨ بووە، هەروەها لەو جەنگانەدا ئەمریکا، بە بەراورد بە هاوپەیمان و دوژمنەکانی کەمترین قوربانی و زیانی لێ کەوت، بەڵام زیانی گەورە ئەوە بوو، کە سەربازەکان لە جەنگ دەگەڕانەوە، هەرگیز هەستیان بەو پاکیزەییەی مرۆی پێش جەنگ نەدەکرد. هەرگیز بۆ دۆخی بێ گوناهی پێش شەڕ نەدەگەڕانەوە، تەنانەت ژیانی ئەو سەربازە ئەمریکاییانەی کە نیشتەجێی گوندەکانیش بوون، وەک خۆی نەما و گوندیان جێ هێشت و هاتنە شارەکان و ڕوویان لە ژیانی مۆدێرن دەکرد.

لەدوای جەنگدا (گەشەی گەورە) لەبواری بازرگانی و ئابووریدا بینرا. ئەو گەشە ئابوورییە هێندە فراوان بوو خەونیشی تێپەڕاند. ئەمریکاییەکان بە شەپۆل خۆیان بۆ خوێندن ناونووس کرد. لە ساڵی ١٩٢٠ خوێندنی ئەمریکاییەکان لە زانکۆکاندا دوو بەرانبەر زیادی کرد، لە هەمان کاتیشدا چینی ناوەندیش کەوتە گەشەوە، هەروەها ئەمریکاییەکان بەهۆی دروستبوونی بەرزترین داهاتی نیشتیمانی لە جیهاندا، سوود و چێژیان وەرگرت.

ئەو سەردەم کە بە (گەشەی بیست) ناسرا، ئەمریکاییەکان بە دوای خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و ژیانی مۆدێرندا وێڵ بوون. زۆرینەی خەڵک لە هەفتەی ڕۆژێک بۆ سینەما و پێشەنگەکان دەچوون. پاش ئەوەی لە سەدەی هەژدەدا دەستووری ئەمریکای هەموار کرا، خواردنەوە هۆشبەرەکان بەپێی یاسا ڕێکخران، بەڵام لە ساڵی ١٩١٩ بەشێوەیەکی نایاسایی خواردنەوە هۆشبەرەکان تەشەنەیان سەند و یانەکانی شەوانە زۆر زیادبوون. هاوکات چەند جۆرە میوزیکێک سەریان هەڵدا وەک جاز و کۆکتێل، هەروەها مۆدێلی جلوبەرگی تازە و سەمای جۆراوجۆر پەیدا بوو. دەرکەوتنی ئۆتۆمبێل و ڕادیۆ ئەوەندەی دیکە دۆخەکەی خرۆشاند. ئافرەتان



هنری جیمس

سوودیان لەم دەرفەتە وەرگرت و هەستیان بە ئازادی خۆیان دەکرد، قژیان بە شێوەی سەرنجڕاکێش کورت دەکرد و جلوبەرگی کورت و نیوە ڕووتیان دەپۆشی. ئافرەتان شانازییان بەو هەموارە دەستووریانەوە دەکرد، کە بوونە هۆی زیادبوونی ئازادیی و مافەکانیان. لەو کاتەدا ئافرەتان بە ڕوونی و بە ئاشکرا قسەی ناخیان دەکرد و گرنگی ڕۆڵی خۆیان لەکۆمەڵگەدا نیشان دەدا.

وێڕای هەموو ئەو بەرەوپێش چوونانە، کەچی هێشتا گەنجانی ڕۆژئاوا ناڕازیی و بێ ئومێد و تووڕە بوون، هۆکارەکەش بۆ بابەتی جەنگ و سەرهەڵدانی شۆڕشی فیکری دەگەڕایەوە، کە ئەو کات سەرەتاکانی دەرکەوتبوون، هەروەها بەشی زۆری بەرپرسیاریەتییەکانیش لە ئەستۆی نەوەی کۆن بوون. نووسەرانی ئەمریکای بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی باسیان لە دۆخی ئابووری وڵات و مەرجەکانی بە کارهێنانی دۆلار و قۆناغی دوای جەنگ دەکرد. نموونەی ئەو نووسەرانەش، ئێرنست هەمینگوای- ف. سکۆت. فیتزگیرالد-گیرترود شتاین و ئیزرا پاوەند. ئەم نووسەرانە بە پەناهەندەیی ژیانیان بەسەر دەبرد و وڵاتیان جێ هێشتبوو. سەختی ژیانی پەناهەندەیی، کەمدەرامەتی و ڕووداوەکانی جەنگ، ئەوانیان بێ هیوا کردبوو. ئەمە وێڕای بەریەک کەوتن لەگەڵ دەرکەوتە نوێیەکانی ئەوروپا لە بواری فیکردا، بەتایبەت بابەتی

بیرۆکە دەروونییەکانی فرۆید و ڕێبازی مارکسیزم. لەم قۆناغەدا ژمارەیەک ڕۆمان نووسران، وەک: (دووبارە ڕۆژ هەڵدێتەوە/١٩٢٦) هەمینگوای، (ئەم لایەی بەهەشت/١٩٢٠) فیتزگیرالد، هەروەها چەند ڕۆمانێکی دیکە نووسران، کە بەتایبەت باسیان لە زیادەڕۆیی ئەمریکاییەکان لە گەشبینی و بێ هیوایی خۆیان دەکرد، وەک ڕۆمانی (نەوەیەکی لە دەست چوو)ی گێرترود شتاین، هەروەها تی. ئێس ئیلیەتی شاعیر بە چامەیەک بەناوی (وێرانە خاک) لە ساڵی ١٩٢٢، نیگەرانییەکانی خۆی خستە ڕوو. لەو چامەیەدا ئیلیەت، شارستانیەت و پێشکەوتنی ئەوروپای چواندبوو بە بیابانێکی تاریک و نادیار کە بەدوای باراندا وێڵ بێت، کە مەبەستی (نوێبوونەوەی ڕوح) بوو.

**مۆدێرنیزم**

شەپۆلی گەورەی کولتووری مۆدێرنیزم، سەرەتا لە ئەوروپاوە سەری هەڵدا، پاشان بە جیهاندا بڵاوبووەوە. لەسەرەتاکانی سەدەی بیست، ئەو شەپۆلە گەیشتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. نیشاندان و ڕەنگدانەوەی هەستی تازەگەری و ژیانی مۆدێرن لەناو ئەدەبدا، ڕاچڵەکین بوو بەرانبەر ڕابردوو. مەکینەی مۆدێرنە هەنگاوەکانی دۆخەکەی گۆڕی، ئەمەش بە ڕوونی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەرکەوت. زۆرینەی هونەرمەند و نووسەران، بە هەمەچەشنی پلەی سەرکەوتنی خۆیان دەبینی لە داهێنانی فۆرمی تازەی هونەری و کولتووری، تەنانەت هەوڵ دەدرا، کە دەنگ و سەدای جوانیناسی بەشێوەیەکی داهێنەرانە شتەکان بپۆشێت. خەڵک ئەو سەردەمەی ناونابوو (سەردەمی ئامێرەکان).

تی ئێس ئیلیەت (تۆماس ستیرنز ئیلیەت)، لە ساڵی ١٨٨٨لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٥کۆچی دوایی کردووە. ئیلیەت بە بەراورد بە نووسەرانی دیکەی هاوزەمانی خۆی، باشترین دەرفەتی خوێندنی بۆ مەیسەر بوو. ئیلیەت لە زانکۆکانی هارڤارد، ئۆکسفۆرد و سۆربۆن خوێندنی تەواو کرد. بەگشتی لە قۆناغی زانکۆییدا، زمانی کۆنی هیندییەکان (سەنسکریتی) و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی خوێند، کاریگەری ئەم دوو بابەتەش بەتەواوی بەسەر نووسین و هۆزانەکانییەوە دیارە. ئیلیەت بەهەمان شێوەی (ئەزرا پاوەند)ی هاوڕێی، لە تەمەنێکی زووەوە بۆ ئینگلتەرا چوو، هەر زووش دەرکەوت و بوو بە یەکێک لە ناوە دیارەکانی ئەدەب لە جیهاندا. ئیلیەت یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە لەسەردەمی خۆیدا ڕێزێکی زۆری لێ گیراوە و توخمی مۆدێرنە و دژەباوی بەردەوام لە هۆزانەکانیدا دەبینران. شیعرەکانی ئیلیەت کاریگەری بنەڕەتییان بۆ سەر دۆخی ئەدەب هەبووە. ئیلیەت قەسیدەی (گۆرانی خۆشەویستی جەی ئەلفرێد پروفرۆک)ی لە ساڵی ١٩١٥ بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەدا پروفرۆک بەبێ هیچ کاریگەرییەک بیر لە خۆی و ژیانی دەکاتەوە. پێوانی ژیانی خۆی بە کەوچکی قاوە بەراورد دەکات. مانا و دیمەنی کەوچکی قاوەش، ئاماژەیەکە بۆ ژیانێکی بێهوودە، ژیانێک کە تەنیا کات بەفیرۆدانە.

لە سەرەتای قەسیدە بەناوبانگەکەی ئیلیەتدا، خوێنەر بۆ ناو کۆڵانی تەنگی شارستانیەت بانگهێشت دەکرێت، کە مەبەستی ژیانی مۆدێرنەیە، ئەو ژیانەی کە هیچ وەڵامێکی بۆ پرسیارەکان پێ نییە.

**ئینجا لێگەڕێ با بڕۆین من تۆ**
**ئەو کاتەی ئێوارە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ**
**وەک نەخۆشێکی بێ هۆشی سەرمێز...**

هەمان وێنە و مانا لە چامەی (وێرانەخاک)دا بوونی هەیە، کە لە ساڵی ١٩٢٢ بڵاوبووەوە. ئەو چامەیە هەمان سەدای (دۆزەخ)ی دانتی هەبوو، کاریگەریشە بەو بەرهەمە، بۆ هاندان و خرۆشانی جەماوەری بەریتانی لەکاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا.

**لە ژێر تەمێکی قاوەیی کازیوەی زستان**
**حەشاماتێ بەسەر پردی لەندەندا ڕۆیشتن، حەشاماتێکی زۆر**
**بیرم لای ئەوە نەبوو، کە مردن ئەو ڕێژە زۆرەی خەڵکی لەناو بردووە.**

ڕۆبەرت لی فۆرست، لە ساڵی ١٨٧٤ لە کالیفۆرنیا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە. تا تەمەنی بووە بە دەساڵ لە کێڵگەیەکی باکووری ڕۆژهەڵات ژیاوە، پاشان بە هەمان شێوەی ئیلیەت و پاوەند ڕووی لە ئینگلتەرا کرد. جووڵانەوەی نوێی شیعر، کەمەندکێشی ناو دنیای ئەدەبی کرد. سەرەتا دەستی کرد بە نووسین لە بارەی دانیشتوانی کێڵگەکان، کە زۆرینەی ئەو دانیشتوانە لەباکووری ڕۆژئاوا بوون. لە بەرهەمەکانیدا هەستی نۆستالیژیانە دەبینرا. بابەتەکانیش جیهانی بوون، وەک: لێکردنەوەی سێو،

دیواری بەرد و پەرژینی ڕێگەکانی وڵات. زۆرینەی قسەکانی بەشێوەیەکی کرداری دەبینران، هەندێ لە بەرهەمەکانی لە سادەیی گومڕاکەربوون، بەڵام زۆرینەی شیعرەکانی پێشنیاری مانایەکی قووڵیان بۆ خوێنەر دەکرد. بۆ نموونە: کاتێ ئێواران بە هێمنی بەفر دەبارێت، هێمای نزیکبوونەوەی مەرگە، هەروەها شاعیر لە قەسیدەی (وەستان لە نزیک دارستان لە ئێوارەیەکی بەفراویدا) دەڵێت:

**ئەو دارستانانە هی کێن، هەست دەکەم دەزانم**
**ماڵەکەی لە گوندە، ئەوەش دەزانم**
**نابی بزانێ کە لێرە وەستاوم،**
**بۆ بینینی دیمەنی دارستانی لە بەفر داماڵراو.**

بەشێوەیەکی گشتی وێڕای هەموو ئەگەرەکان و بە چاوپۆشین لە هەموو کەماسییەکان لە بارەی فۆرم و گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە، بارودۆخی پەخشان لە ئەمریکا لە ماوەی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، حەقیقەت ئامێزتر بوو لە پەخشانی ئەوروپی. لە ساڵانی نێوان ١٩٢٠ بۆ ١٩٣٠ دەنگی تازە و گرنگ دەرکەوتن. ئەو دەنگانە هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی ڕێبازی ڕیالستییەوە، بیرۆکەکان بخەنەڕوو. نموونەی ئەو نووسەرانە: ف. سکۆت .فیتزگیراڵد و یۆجین ئۆنیل، ئەوان لەبارەی دووبارە بوونەوەی وێنە تراژیدییەکان دەیاننووسی، بەتایبەت تراژیدیای چاوەڕوانی ئەوانەیان دەنەخشاند، کە لەناو خەونی لاوازدا دەژین.

فرانسیس سکۆت فیتزگیراڵد، ژیاننامەی ئەو نووسەرە وەک ئەفسانە و خەیاڵ وایە. لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانی فیتزگیراڵد ناوی لە لیستی بەشداربووانی جەنگدایە لە سوپای ئەمریکا. لەو کاتەدا نووسەر دەکەوێتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی جوان و خانەدان بەناوی (زڵدا سایر)، کە لە نزیک ناوچەی ئەلەباما لە مۆنتگۆمری دەژیا، ئەو شوێنەش نزیک شوێنی بارەگای سەربازی سوپا بوو. پاش تەواوبوونی ماوەی سەربازی و کۆتایی هاتنی جەنگ، نووسەر دەست دەکات بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی دولبەرەکەی و سازدانی زەماوەندی هاوسەرگیری، پاش دۆزینەوەی دولبەرەکەی، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا هاوسەرگیریان کرد . ئەو کچە بووە هۆی ئیلهامی زۆرینەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی فیتزگیراڵد.

نووسەر یەکەم ڕۆمانی خۆی لە ساڵی ١٩٢٠ بەناوی (ئەم لایەی بەهەشت) بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆمانە فرۆشێکی باشی هەبوو. وێڕای ئەوەی ناوبانگی باشی بۆخۆی مەیسەر کرد، بەڵام نەیتوانی ئابوریانە بیر بکاتەوە و هەموو سامانەکەی سەرف کرد. دوای دروستبوونی گوشاری ئابووری لە سەریان، ڕوویان لە فەڕەنسا کرد. دوای حەوت ساڵ مانەوە لە فەڕەنسا، جارێکی دیکە بۆ ئەمریکا گەڕانەوە. دوای ئەوە زیڵدا دووچاری نەخۆشی بێ هۆشی ئەقڵی هات، فیتزگیراڵدیش بەردەوام سەرخۆش بوو، هەتا لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

گرنگی و بە هێزی پێگەی فیتزگێراڵد لە ئەدەبی ئەمریکایدا، پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی(گاتسبای مەزن)لە سالی ١٩٢٤ گەیشتە لووتکە. لەو ڕۆمانەدا نووسەر زیرەکانە چیرۆکێکی نەخشاندووە، کە باس لە گرنگی پێکهاتەی ئابووری و خەونی خۆ دروستکردنی تاکی ئەمریکی دەکات. پاڵەوانی چیرۆکەکە (جەی گاتسبای) بەهای تێچووی وێرانکاری لە کەسایەتی بنیادەم و پرۆسەی خۆشەویستی دەخاتە ڕوو. فیتزگیراڵد وەک درەوشاوەترین نووسەری ئەمریکی دەرکەوت لە ساڵی ١٩٢٠، کە باسی لە نائومێدییەکانی ژیان دەکرد.

کە من ئەو نووسەرانەی وەک ئێرنیست هەمینگوای ژیانیان تژی لە شکۆداری بێت. هەمینگوای لە ساڵی ١٨٩٩ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە. ئەو بەهەمان شێوەی ڕۆمانەکانی، پیاوێکی سەرکێش بوو، هاوشێوەی نووسەران فیتزگێراڵد و درایسر و چەندین نووسەری گەورەی دیکەی سەدەی بیست بوو. هەمینگوای لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەمریکا دەرکەوت. لەکاتی یەکەمین جەنگی جیهانی چوو بۆ فەڕەنسا، لەوێ وەک شۆفیری ئەمبوڵانس کاری دەکرد و بریندارانی جەنگی دەگواستەوە. جارێک خۆیشی لە هێرشێکدا بریندار بوو، بەو هۆیەشەوە شەش مانگ لە نەخۆشخانە مایەوە. پاش کۆتایی هاتنی جەنگ، وەک پەیامنێری گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگ لە پاریس، کاری دەکرد. لەو کاتەدا دۆستایەتی و هاوڕێییەتی لەگەڵ نووسەرانی ئەمریکی لەپاریس بەست، وەک: شروود ئەندەرسۆن، ئیزرا پاوەند، فیتزگێراڵد و گیرترود شتاین. گیرترود یەکێک بوو لەو نووسەرانەی بە ستایلی نووسینەکانی هەمینگوای کاریگەر بوو.

پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (دووبارە خۆر هەڵدێتەوە)

لە سـاڵی ١٩٢٦، هەمـــینگوای ناوبانگی دەرکــرد. هاوکات هەمینگوای لە کاری ڕۆژنامەگەری بەردەوام بوو. ئەوکات هەواڵەکانی شەڕی مەدەنی ئیسپانیای دەگواستەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٠ ماوەیەکیش هەواڵەکانی شەڕی چینی دەگواستەوە. هەمینگوای بە فڕۆکەیەکی بچووکی تایبەتی خۆی، بۆ ڕاوکردن گەشتێک دەکات، لەو گەشتەدا فڕۆکەکەی دەکەوێتە خوارەوە و تێک دەشکێت. هەمـــینگوای بە برینداری لەم ڕووداوە ڕزگـاری دەبێت، ئەگـەرچی دوای چاکـبـوونەوەی هەر بەردەوام خەریکی ڕاوکردن بوو، بەتایبەت ڕاوەماسی و یاریکردن لەگەڵ شەپۆلەکانی دەریا. ئەم ئەزمـوونەی نووسـەر کاریگەری زۆری بۆ ئیلهامی نووسینەکانی هەبوو. هەمینگوای لە ساڵی ١٩٥٣ ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی بڵاوکــردەوە. ئەو بەرهەمـــەی نووســـەر، ڕۆمانێکی کورتە و بە زمانێکی شیعری چڕ نووسراوە. چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە پیاوێکی هەژاری ماسیگر دەکات، کە دوای ماندووبوونێکی زۆر ماسییەکی گەورە ڕاو دەکات، بەڵام تا دەگەڕێتەوە کەناری دەریا، قرشەکان هەموو گۆشتی ماسییە ڕاوکراوەکە دەخۆن. لەو کارەدا ماسیگرەکە تەنیا ئێسکەکانی بۆ دەمێنێتەوە. هەمـــینگوای بەهۆی ئەو بەرهەمـــەوە لە ســاڵی ١٩٥٣ خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا. کێشە و ئاریشەکانی ژیان و خێزانداری لای هەمینگوای، بووە هۆی لە دەستچوونی بیـروباوەڕ و توانایی نووسین و داهێنان، ئەو ئازارانەش بوونە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٦١ خۆیی بکوژێت. هەمـینگوای یەکێکە لە ڕۆماننووسە بەناوبانگەکانی مێـژووی ئەدەبی ئەمریکی، کە ئیشی لەسەر خەمی هاوبەش کـــردووە، هەم بابەتی سیاســەت و هەم مرۆڤایەتی، بەو هۆیەشەوە بەرهەمەکانی هەمینگوای فۆرمێکی جیهانییان وەرگرت.

بەهەمان شێوەی فیتزگێراڵد، هەمینگواش بووە نوێنەر و قسەکەری نەوەی سەردەمی خۆی، هەروەها بەهەمان شێوەی فیتزگێراڵد قەدەرێکی شوومی هەبوو. لەبارەی جەنگ و مەرگەوە هەمینگوای (نەوەی لە دەست چوو)ی نووسی، بەشێوەیەکی گاڵتەجارییانە باس لە شەڕ دەکات. کارەکتەرەکانی هەمینگوای، لەناو خەیاڵدا نە دەژیان، بەڵکو لە ململانێدا بوون وەک: گای شەڕکەر، وەرزشوان و سەربازەکان، ئەگەر بیر لە پێگەی کارەکتەرەکانی هەمینگوای بکەینەوە، ئەوە نیگەران دەبین کە بەشێک لەو کارەکتەرانە لەناو ئازار و ناسۆریدا دەژین، لەبەرانبەر بەنرخی وشەکانی ئەو نووسەرە چەندی بنووسین هەر کەمە. لە ڕۆمانی (ماڵئاوایی لە چەک)کە لە ساڵی ١٩٢٩دا بڵاوبووەوە، پاڵەوانی چیرۆکەکە ئافرەتێکە و لەکاتی منداڵبووندا گیان دەسپێرێت، لە دووا وشەدا دەڵێت: (من لە مردن ناترسم، ئەوە تەنیا فرتوفێڵێکی پیسە). هەمینگوای جارێک نووسیەنەکانی خۆی بە شاخی سەهۆڵین بەراورد دەکات و دەڵێت: هەر شاخێکی سەهۆڵ لە هەشت بەش یەک بەشی دیارە.

ولیەم هاریسۆن فۆکنەر، لە ساڵی ١٨٩٧ لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٢ کۆچی دوایی کــردووە. لە خێزانێکی بەئەسڵ باشووری لەدایک بووە. لە ئۆکسفۆرد و مسیسیپی گەورە بووەو زۆرینەی ژیانی لەو دوو شوێنە بەسەر بردووە. فۆکنەر مێژووی ئەو زەوییەی کە لەسەری دەژیا نوێ کردەوە و خستییە بەردەم پێشبڕکێیەکی هەمەچەشنەوە. نووسەرێکی بەهرەمەند بوو لە گێڕانەوە و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان. ئەو بە گۆشەنیگا و دەنگێکی جیاوازەوە دەرکەوت. ئەو دەنگە دەرکراوەکانی کۆمەڵگەی بەسەر دەکردەوە، وەک دەنگی دەربەدەرەکان، منداڵان و نەخوێندەواران. دوای ئەو شێوە ژیانەی دەوڵەمەندەکان هەیان بوو، سەردەمی ڕێنیسانس هاتە کایەوە. فۆکنەر لەو بارەوە بناغەیەکی گرنگی دانا. باشترین ڕۆمانەکانی فۆکنەر ئەو دوو ڕۆمانە بوون: (ژاوە ژاو و توندوتیژی) لە ساڵی ١٩٢٩، هەروەها (کاتێک لە سەرەمەرگم) لە ساڵی ١٩٣٠ نووسراون، ئەم دوو ڕۆمانە، دوو نموونەی مۆدێرنی ئەزموونگەرین، بە گۆشەنیگاو دەنگی جیاوازەوە باس لە قووڵایی خەم و ئازاری خێزانە باشوورییەکان دەکات، کاتێک یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکانیان دەمرێت، هەروەها لە ڕۆمانی (ڕووناکی لە ئۆگەستدا) کە لە ساڵی ١٩٣٢ بڵاوبووەوە، نووسەر قسە لەبارەی گرێی دەروونی و توندوتیژی پێوەندییەکانی نێوان ئافرەتە سپی پێستەکان و پیاوە ڕەش پێستەکان دەکات. فۆکنەر لە ساڵی ١٩٣٦ ڕۆمانی (ئەبسالوم)ی بڵاوکردەوە، ڕەنگە ئەم بەرهەمە باشترین و قووڵترین بەرهەم بێت لەباسی خەم و ئازاردا.

### درامای ئەمریکی لە سەدەی بیستدا

شانۆی ئەمریکی لەو سەردەمەدا جۆرێک بوو لە لاساییکردنەوەی ئەدەبی ئەمریکی و ئەورووپی، بەڵام لە

سەدەی بیستدا زنجیرەیەک هەوڵی شانۆیی جوان و داهێنەرانە هاتنە ئاراوە.

یۆجین ئۆنیل: ئەو نووسەرە لەساڵی ١٨٨٨ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٣ کۆچی دوایی کردووە. ئۆنیل یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی شانۆی ئەمریکی. ژمارەیەکی زۆر شانۆگەری نووسی، کە لەو بەرهەمانەدا هەوڵی دەدا بەیەک گەیاندنێکی مەزن لەنێوان سۆزێکی قووڵ و دنیابینییەکی تازەدا دروست بێت. کارە سەرەتاییەکانی ئۆنیل، ئیشکردن بوو لە بارەی سیستمی چینایەتی و هەژاری، بەڵام لە بەرهەمەکانی دواتردا هاتە سەر باسی پانتایی کەسایەتی مرۆڤ و جەختی لە بۆچوونەکانی فرۆید دەکردەوە، بەتایبەت پاش بینینی مەرگی دایک و باوک و براکەی. یەکێک لە شانۆکانی ئۆنیل بەناوی (ویستی ژێر دارەکان) کە لە ساڵی ١٩٢٤ بڵاوبووەوە، ئەڤینێکی شاراوەی گڕگرتووی لەناو خێزاندا دروست کردبوو. یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی کە بە دانپێدانانی خۆی شاکارێکی گەورەیە بەناوی(هاتنی پیاوە بەفرینەکە) لە ساڵی ١٩٤٦ بڵاوبووەوە. ئەم بەرهەمەش کارێکی ڕەها بوو سەبارەت بە چەمکی مردن، هەروەها لە شانوی (گەشتە درێژەکەی ڕۆژ بەشەودا) کە لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاوبووەوە، باس لە ژیاننامەی خۆی و خێزانەکەی دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی گۆشەگیری دەروونی و ماددی، شانۆکە لە ماوەی یەک شەودا ڕوودەدات.

## بەرهەمداربوونی تاک (دەرکەوتنی تاک)

لە ساڵی ١٩٣٠ ئەمریکا کەوتە ژێر گوشارێکی ئابورییەوە، بەو هۆیەشەوە ئابووری وڵات داتەپینێکی گەورەی بە خۆوە بینی، بەڵام لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی، جارێکی دیکە بازاڕ و ئابووری ئەمریکا بووژایەوە و لەو سەردەمەدا ئەمریکایش بووە یەکێک لە زلهێزەکانی جیهان. لەو قۆناغەدا تاکی ئەمریکایی چێژی لە گەشەسەندنە سروشتییەکانی کۆمەڵگە و ئازادی تاکەکەسی وەردەگرت. خوێندنی باڵا گەشەی کرد و بڵاوبوونەوەی تەلەڤزیۆن هۆکارێک بوو، کە خەڵکی هەمەئاست لە بەدەستهێنانی زانیاری و هۆشیاربوونەوە و کارامەبوون، سوودمەند بن. لە هەمان کاتدا، کۆمەڵێک خەڵک وەک چینی بەکارهێنەر دەرکەوتن. ئەو کۆمەڵە خەڵکە بە ئاسانی دەشیا سوود لە بەرهەمەکانی تازەگەری وەرگرن، ئەمەش زیاتر سەرنجکێش بوو بۆ چینی ناوەڕاست، چونکە لەو قۆناغەدا خێزانگەلی چینی ناوەند، زێدەتر هەستیان بە سەربەخۆیی کرد. لەو کاتەدا تیورەکانی فرۆید، لە بارەی دەروون، بنەچە و سروشتی مرۆڤ و عەقڵی تاک، جەختی زۆریان لێ دەکرایەوە.

یەکێکی دیکە لە گۆڕانە خێزانییەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی، ڕێکخستنی پرۆسەی لە دایکبوونی منداڵ بوو، هەروەها لە بواری پزیشکیدا دەرمانی پێشکەوتوو دەرکەوت. ئەو گۆڕانکارییانە ئافرەتی لە ژیانێکی چەقبەستووەوە خستە ناو چەند ڕێسا و هاوکێشەی سادەی بایۆلۆژییەوە، کە مانای ئازادبوونی ئافرەتی دەگەیاند. بۆ یەکەم جار خەڵکی تا ڕادەیەکی زۆر، لە ژیان ڕازیبوون و کەسایەتی مرۆڤیان بە شایستە دەزانی. لەگەڵ پەیدابوونی مافی مەدەنی تاک، چەندان گرووپی تاکگەرا دەرکەوتن و چەند جووڵانەوەیەکی مەدەنی دژە شەڕ پەیدابوون. ئەم گۆڕانانە لە ساڵی ١٩٦٠ دەرکەوتن، هۆکاریش ئەوە بوو، کە دەسەڵاتی پێشووتر هەموو دەنگەکانی کپ کرد بوو. نووسەران بە پاڵپشتی ئەزموونی تاک و گرنگی ئەو ئەزموونە بۆ دەرخستنی پێوەندییەکان، هەموو ئەو گۆڕانانەیان لە ناوەوەی خۆیاندا دووپات دەکردەوە. هۆمۆسێکچووەڵەکان (هاوڕەگەزبازەکان)، فیمینیستەکان و گرووپە بچووکەکانی دیکە، دەنگ و چیرۆکی خۆیان بە بەیان دەرکرد، تەنانەت بانگەشەشیان بۆ دەکرد. جوولەکەکان و ڕەشپێستەکان، جەماوەرێکی فراوان ببووە پشتگیر و لایەنگیریان. نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا کەوتنە باسکردنی ئەو ناکۆکی و ناتەباییانەی بەرانبەر خەونی ئەمریکییەکان، ڕێگر بوون. ئەو نووسەرانەی پاشخانی پرۆتستانیان هەبوو، وەک: جۆن چیڤەر و جۆن ئەپدایک. ئەو دوو نووسەرە هاتن قسەیان لە بارەی کولتووری ژیانی دوای جەنگ کرد. ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە هێشتا هەندێک لە نووسەرانی هاوچەرخ و مۆدێرن لەدەوری نەریتەکۆنەکان گیرسابوونەوە. بۆ نموونە ئیشکردن لەسەر ڕیالیزم، هەروەها هەندێک لە نووسەران لە دەوری کلاسیک کۆبووبوونەوە وەک ئەزموونگەراکان، هەندێک لە نووسەرانیش لە دەوری بیروڕایەکی فەلسەفی گیریان خواردبوو، بەتایبەت بیرۆکەی بوونگەرایی و سۆشیالیزم. بە هۆی پاشخانی ئایینی و ئەخلاقی تاکەکانەوە، گرووپەکان بە ئاسانی دروست دەکران، بەڵام بەگشتی

هەموو نووسەرانی هاوچەرخ و مۆدێرن هەوڵیان دەدا بانگەشەیەکی گونجاو و شیاو بۆ ناسنامەی تاک بکەن.

سیلڤیا پلاس، ئەو خانمە نووسەرە لە ساڵی ١٩٣٢ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە. زۆرینەی ژیانی سیلڤیا لە دەرەوەی ئەمریکا بوو. ژیانی ئەو ئافرەتە چەندین تایبەتمەندی سەرنجڕاکێشی هەبوو. لە سەرەتادا بۆ خوێندن ڕووی لە کۆلێژی سمس کرد و توانی پلەی یەکەم وەربگرێت، بەو هۆیەشەوە توانی کورسییەکی خوێندن لە ڕێگەی بەرنامەی فولبرایتەوە دەستەبەر بکات و ڕوو لە وڵاتی ئینگلتەرا بکات. لە زانکۆی کامبریج درێژەی بە خوێندن دا. لە ئینگلتەرا سیلڤیا چاوی بە شاعیر (تێد هیوز)کەوت، پاشان زەماوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجام دا. ئەو دوو نووسەرە بوونە خاوەنی دوو منداڵ و لە ئینگلتەرایش مانەوە.

سیلڤیا لە ساڵی ١٩٦٣ ڕۆمانی (زەنگی تەلەفۆنەکە)ی بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆمانەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، چونکە باسی لە چەند کێشەیەکی دەروونی دەکرد، بەمەش خوێنەرەکانی وروووژاند. بەشێک لەو کێشە دەروونییانەی کە سیلڤیا باسی کردبوون، بە گشتی کێشەی تاک بوون، بەڵام بەشی زۆری ڕۆمانەکە قسەکردن و بەرچاو ڕوونکردنەوە بوو لەبارەی ژیانی ژنان لە ساڵی ١٩٥٠ لەم دەقەدا نووسەر جەختی لەوە کردەوە، کە ئافرەت دەبێت لەماڵەوە بێت و نابێت شوێن پێی پیشەکەی هەڵگرێت، هەروەها وا باشە ئافرەت لە ماڵەوە بێت و خزمەتی ماڵ و مێردی بکات. سیلڤیا وەک ئافرەتێکی پیشەگەر و تایبەتمەند، هەستی بە هەموو ئەو گرفت و ناکۆکییانەی ئافرەتان لەناو کۆمەڵگە کردبوو. پاش ئەوەی سیلڤیا لەگەڵ مێردەکەی لەیەکتر جیابوونەوە، ئاوها پرۆسەی ژیانی سیلڤیا هەرەسی هێنا. سیلڤیا ئەرکی بەخێوکردنی دوو منداڵەکەی کەوتە ئەستۆ، پاش ئەو ڕووداوەش هەر لە ئینگلترا مایەوە. نەخۆشی، دوورەپەرێزی لە کۆمەڵگە و نائومێدی کاریگەری گەورەیان بۆ سەر بیرکردنەوە و ژیانی سلڤیا هەبوو. بەو هۆیەوە لەو قۆناغەدا زنجیرەیەکی زۆر لە شیعری نووسی، ئەمەش پێش ئەوە بوو کە لە چێشتخانەی ماڵەکەی بە گاز خۆی بخنکێنێت. دوای مردنی سیلڤیا، لە ساڵی ١٩٦٥ شیعرەکانی کۆکرانەوە و لە دیوانێکدا بەناوی (ئەرێڵ) چاپکران و شاعیر ڕۆبەرت لویل پێشەکی دیوانەکەی نووسیوە. دوو ساڵ دوای مردنی سیلڤیا، ڕۆبەرت باسی لە شیعرەکانی ئەو خانمە نووسەرە کرد، کە لە شیعرەکانی سیلڤیادا بەرەوپێش چوونی خێرا و گەورە دەبینرێت.

لە بەرهەمەکانی سەرەتاییدا سیلڤیا جەختی لەبابەتی نەریتی و دەروونی دەکردەوە، بەڵام لەو بەرهەمانەی کە لە کۆتایی ژیانی نووسیونی، باس لە جیابوونەوەی ئافرەت لە حاڵەتە ڕوحییەکان و ئازار و مەینەتی ئافرەت دەکات. لە ساڵی ١٩٦٦ بەرهەمی (داواکارەکە)ی سیلڤیا بڵاوکرایەوە. لەو بەرهەمەشدا شاعیر باس لە بەتاڵی پێگەی ئافرەت دەکات، کە چۆن لە لایەن کۆمەڵگەوە جێناوی (ئیت)ی بۆ بەکار دەهێنرێت. (لە زمانی ئینگلیزی جێناوی (ئیت) بۆ بێ ئەقڵ و بێ گیان بەکاردێت).

سیلڤیا لە شیعرێکدا دەڵێت:

**لە هەر شوێنێ سەیر بکەیت، بووکەڵەی زیندوو دەبینی**
**دەشێت دروومان بکات و خواردن سازکات**
**دەشێت بئاخڤێت، بئاخڤێت، بئاخڤێت...**

لە ساڵی ١٩٥٠ بەشێوەیەکی کتوپڕ، (گرووپی شاعیرانی بیت) دەرکەوتن. وشەی بیت، بە شێوەیەکی هەمەچەشن لەناو میوزیکدا بەکار دەهێنرێت، بەتایبەت لە میوزیکی جاز. زاراوەی (بیت ئەپ) بەمانای ماندوو و ئازار دێت، کە ئەوەش هەر لە چوارچێوەی میوزیکی جازدایە. ئەو گرووپە شاعیرە (بیتەکان)، ئیلهامی بەرهەمەکانیان لە میوزیکی جاز و سەرنجڕاکێشی ژیان و ئایینی ڕۆژهەڵاتییەکان وەردەگرت. هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لە ڕۆمانێکی جاک کیرواک باسکراون بەناوی (لەسەر ڕێگە)، کە لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکرایەوە.

لە ساڵی ١٩٤٧ ڕەوتی نووسینی ڕۆمان گۆڕانی تێ کەوت، گەشتی نێوان وڵاتان بە وشکانیدا زیادی کرد. ڕۆمان هەبووە لەماوەی سێ هەفتەدا نووسراوە. لەوپەڕی سەرقاڵی خەڵک ڕۆمان دەنووسرا، شێوازێکی سەرپێیی بوو. جاک کیرواک ناوی لەو جۆرە نووسینە نابوو (پەخشانی میللی خۆرسک)، تایبەتمەندی ئەو نووسینانە ئەوە بوو، کە کارەکتەرەکان ناخیان شاراوە بوو، هەوڵ دەدرا بە هەموو جۆرێک لە خەیاڵی گەنجدا دابونەریت و دەسەڵات ڕەت بکرێتەوە. هەر ئەو خرۆشانەش بوو، کە لە ساڵی ١٩٦٠ ڕاپەڕینێکی گشتی دژە کولتووری دروست کرد.

زۆرینەی ئەندامانی گرووپی شاعیرانی بیت لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکاوە بۆ سانفرانسیسکۆ کۆچیان کرد. ئالن جینزبێرگ، کە قسەکەر و سەرۆکی گرووپەکە بوو، ئالن لە ساڵی ١٩٢٦ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کردووە. دایک و باوکی شاعیر لە سەر ڕێبازی کۆمۆنیزمی بوون. ئالن بۆ خوێندن ڕووی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا کرد. لە زانکۆدا بووە هاوڕێی هەریەک لە جاک کیرواک و ولیەم بروز، کە ڕۆمانی ئەو دوو نووسەرە پڕ لە توندوتیژی و ترس بوو. بەتایبەت قسەکردن لەبارەی ماددە بێ هۆشکەرەکانی وەک هێرۆیین، بۆنموونە ڕۆمانی (نیوەڕۆی ڕووت) کە لە ساڵی ١٩٥٩ بلاوکرایەوە. ئەم سێ نووسەرە (ئالن و جاک و ولیەم) کرۆک و جەوهەری جووڵانەوەی گرووپی بیت بوون. ئەوە لە ڕۆماندا، بەڵام لە شیعری بیت زیاتر بە شێوەی زارەکی بوو. زیاتر شێوازی دووبارە بوونەوەی وشە بوو، لەو ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر گوێگر و خوێنەر دروست دەبوو. خوێندنەوەی شیعر زیادی کردبوو، خەڵک لە یانە نهێنییەکان دادەنیشتن و گوێیان لە شیعر خویندنەوە دەگرت. وەک ئەوەی بینرا لە ساڵانی ١٩٩٠ میوزیکی ڕاپ بووە شتێکی باوی ناو کۆمەڵگە. شیعری بیت زۆرترین دژایەتی فۆرمی شیعری و بابەتی دەسەڵاتداری لە ئەدەبی ئەمریکیدا دەکرد، هەروەها لە ژێرەوە و بە نهێنی کۆمەڵە وشەیەک بەکار دەهات، کە باسی لە درۆی خۆشەویستی نیشتیمان دەکرد. دوای ئەوە پەیامی شیعری بووە گریانێکی بە ئازار، بەتایبەت کە بینرا چۆن ئەمریکییە بێ تاوانەکان گیان لەدەست دەدەن. بەگشتی شیعر هات باسی لە تراژیدیای لە دەستدانی مرۆڤ و سەرمایەی مرۆڤایەتی کرد. شیعرەکانی ئالن جینزبێرگ شۆڕشێک بوون دژی شیعری تەقلیدی، هەروەک ئالن لە شیعری (لوورەی گورگ)دا دەڵێت:

**باشترینی مرۆڤە ژیرەکانم بینی، کە تێک شکابوون**
**بەهۆی شێتی، برسیەتی و هیستریای ڕووتی،**
**لە بەرەبەیاندا لەناو شەقامێکی ڕەشپێستەکان ڕایان دەکێشان و**
**دەگەڕان تووڕەیی خۆیان دادەنا...**
**سەری فریشتەکان دەسووتێت، بۆ پێوەندییەکی ئاسمانیی کۆن،**
**بەهۆی گەشترین ئەستێرەی بزۆز، لەناو هەموو**
**ئامێرەکانی شەودا.**

تێنسی ولیەم، لە ساڵی ١٩١١ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کردووە. لە بنەڕەتدا خەڵکی مسیسپییە، یەکێکە لە تاکگەرا سەرسەختەکانی ئەدەبی ئەمریکی لە نیوەی سەدەی بیستدا. نووسەر لە کارەکانیدا هەوڵی دەدا سۆزی خێزان کەم بکاتەوە و (هەڵوەشاندنەوەی خێزان) نەهێڵێت. وەک زۆرینەی شاعیرە باشوورییەکان، دەستێکی باڵای لە لاساییکردنەوەدا هەبوو، هاوشێوەی نووسەرانی دیکە، تێنسی ولیەم باسی لە هەستەنامۆکان و داهێنانەکانی فرۆید لەبارەی سۆزی مرۆڤەوە دەکرد. یەکەم نووسەری ئەمریکییە، کە بە ئاشکرا هاوڕەگەزبازی خۆی ڕاگەیاندبێت. تێنسی ڕایگەیاند، کە ئازار و تەنیایی خۆی لە کارەکتەرەکانیدا بەرجەستە کردووە. زۆرینەی کارەکتەرکانیشی، تەنیا و گۆشەگیر و لە کۆمەڵگە دابڕاون. تێنسی زیاتر لە ٢٠ شانۆگەری نووسی، کە زۆرینەیان لە شێوەی ژیاننامە بوون. تێنسی ولیەم ناوبانگی گەیشتە لووتکە، کاتێک بەرهەمی (گلاس مەنیجەری) لە ساڵی ١٩٤٤، بەرهەمی (کەندڕی ویستی ناونان) لە ساڵی ١٩٤٩ بلاوکردەوە.

یودورا ویڵتی، وێڕای ئەوەی کە خێزانەکەی بەبنەچە باکوورین، بەڵام یودورا لە مسیسپی لە ساڵی ١٩٠٩ لە دایک بووە و لە ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە. یودورا لە ژێر کاریگەری هەریەک لە ڕۆماننووسان ڕۆبەرت پین و کاسرین ئەنا پۆرتەر دەستی بەنووسین کرد، ئەمەش تەنیا کاریگەری نەبوو، بەڵکو پێوەندیشی لەگەڵ ئەو نووسەرانەدا هەبوو، هەر ئەوەش بوو، کە لە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکدا ڕۆبەرت پین پێشەکییەکی بۆ نووسی. ئەو کۆمەڵە چیرۆکە بەناوی (پەردەی سەوز) لە ساڵی ١٩٤١دا بلاوبووەوە، ئەگەرچی لە نووسینەکانیدا یودورا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ نووسینەکانی ڕۆبەرت پین نەبوو، بەڵام تایبەتمەندییەکی خۆی بەسەر دەقەکانیدا سەپاندبوو. ئەو شێوازەی کە یودورا بەکاری دەهێنا، شێوازی کۆمیدی و گاڵتەجاڕی بوو. ئەو شێوازە لەناو نووسەرانی باشوور باو بوو. بەهەمان شێوەی هاوڕێکەی لە باشوور، نووسەر فلانەری ئۆکۆرنۆ، کارەکتەرەکانی سەمەرە و نائاساییی بوون. وێڕای ئەوەی یودورا توندوتیژی لە کارەکتەرەکانیدا دەبینرا، بەڵام وەک بنەڕەتێک لە بابەتە جێگر و مرۆییەکان ڕادەما.

بەرهەمەکانی یودورا (تۆڕی فراوان) ١٩٤٣، (سێوە زێڕینەکە) ١٩٤٩، (زەماوەندی بووکی ئینیسفالین) ١٩٥٥، (دەریاچەی مانگ) ١٩٨٠، هەروەها هەردوو ڕۆمانی (زەماوەندی بووکی دێلتا) لە ساڵی ١٩٤٦، ڕۆمانی (کچە گەشبینەکە) لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاوبوونەوە.

ڕاڵف ئەلیسۆن، نووسەر لە ساڵی ١٩١٤ لە ئۆکلاهۆم لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کردووە. لە باشووری ئەمەریکا لە پەیمانگەی توسکێگ خوێندوویەتی. یەکێکە لە بەهێزترین ئەو نووسەرانەی کاریان لەسەر هونەری نامە نووسین کردووە. نووسەر لە ساڵی ١٩٥٢ ڕۆمانی (پیاوی نادیار)ی بڵاوکردەوە. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باس لە پیاوێکی ڕەشپێست دەکات، کە لە ژێرزەمینێکی ڕووناک و ڕازاوەیە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو کەسە سوودی لە کارەبایەکی دزراوی کۆمپانیایەک وەرگرتووە. ئەم ڕۆمانە باس لە گێڕانەوە سەربوسەمەرەکانی ژیانی نووسەر خۆیەتی، بەتایبەت ئەزموونی تاڵی ژیان، کاتێک دەرفەتی خوێندن لە دەرەوە بەدەست دەهێنێت، لەلایەن سپیپێستەکانەوە شەرمەزار دەکرێت. کاتێکیش دەچێتە کۆلێژ، وەک پاڵپشتێکی ئەمریکییە ڕەشپێستەکان دەردەکەوێت. ئەوکات ڕاڵف هەستی بەو هەموو خراپەیە دەرکرد، کە دژ بە ڕەشپێستەکان ئەنجام دەدرا. لەو کاتەدا تەنانەت ئایینیش هیچ دڵنەواییەکی مرۆڤانەی بۆ ئەو دۆخە پێی نەبوو. قەشە و واعیزەکانیش خۆیان بێ دەنگ کردبوو، هەستیان بەو تاوانانە نەدەکرد. ڕۆمانەکە ئاماژەیەکە بۆ تێکشکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هاونیشتیمانییان. خەیاڵی جیاکردنەوەی ڕەش و سپی، جیاکردنەوەی دابونەریت، لە ڕۆمانەکەدا دەبینرا. بەم کارەی ڕالف هێزێک گەڕایەوە بۆ باسکردنی جیاوازی ڕەگەزی. پیاوی نادیار، لەبەر ئەوە خۆی ون کردووە، چونکە هەمووان بەشێوەیەکی کوێرانە دژایەتی دەکەن، بەبێ ئەوەی هەست بکەن ئەوە کێیە.

سوڵ بیللۆ، لە ساڵی ١٩١٥ لە کەنەدا لەدایک بووە و لە شیکاگۆ گەورە بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە. لە ڕەچەڵەکدا بۆ جوولەکەکانی ڕووسیا دەگەڕێتەوە. لە خوێندنی زانکۆدا هەریەک لە زانستەکانی مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی خوێند، کاریگەری ئەو دوو زانستەش بەڕوونی بەسەر بەرهەمەکانییەوە دیارە. سوڵ جارێک بە ڕاشکاوی ئەوە دەخاتە ڕوو، کە قەرزارباری ڕۆماننووسی ئەمریکی (تیۆدەر درایزەر)ە، بەهۆی ئەوەی کە سوودی زۆری لە ئەزموونی ئەو نووسەرە وەرگرتووە، هەروەها توانیویەتی لە ڕێگەی بەرهەمەکانی ئەو ڕۆماننووسەوە بەرهەمەکانی خۆی فراوان بکات. گەورەترین شانازی لە ژیانی سوڵ ئەوە بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٦ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێ بەخشرا.

ڕۆمانەکانی سوڵ سەرەتا مەیلێکی بونگەراییانەیان هەبوو، بەتایبەت لە بەرهەمی (پیاوی هەڵواسراو)دا، کە لە ساڵی ١٩٤٤ بڵاوبووەوە. بەرهەمەکە باس لە پیاوێک دەکات چاوەڕوانی ئەوەیە بۆ ڕیزی سوپا بانگ بکرێت، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٧ ڕۆمانی (قوربانی) بڵاودەکاتەوە، کە باس لە پێوەندی نێوان جوولەکەکان و کریستیانەکان دەکات. لە ساڵی ١٩٥٠دا تێڕوانینەکانی نووسەر بە ئاراستەی نووسینی کۆمیدیدا گۆڕان. لە ڕۆمانی (سەرکێشییەکانی ئەوگی مارچ)، زنجیرەیەک سەرکێشی خستە ڕوو، کە لەلایەن یەکەمین کەسی گێڕەرەوە دەخرانە ڕوو، ئەم کارەی سوڵ کاریگەری ستایلی (سەرکێشییەکانی هاک فەن)ی مارک توینی بەسەرەوە دیارە. لە ساڵی ١٩٥٣ ڕۆمانی (هێندەرسۆنی پاشای باران)ی بڵاوکردەوە. نووسەر بەشێوەیەکی چالاک و زیرەکانە کۆمەڵە ڕۆمانێکی دیکەی کۆمیدی نووسی، لەبارەی ملیۆنێرەکانی سەدەی ناوەڕاست و پەرۆشی بۆ هەژارەکانی ئەفریقیا.

بەرهەمەکانی دیکەی سوڵ، (هێرزۆگ) لە ساڵی ١٩٦٤، ئەم ڕۆمانە باس لە پرۆفیسۆرێکی ئینگلیز دەکات کە دووچاری نەخۆشی (فێ) بووە، هەروەها پسپۆڕە لە ڕۆمانسییەتی تاک. ڕۆمانی (هەسارەکەی بەڕێز ساملەر) لە ساڵی ١٩٧٠، ڕۆمانی (دیاری هامبوڵد) لە ساڵی١٩٧٥ بڵاوکرانەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ بەرهەمی (عەمیدی دیسمبەر) کە بریتی بوو لە ژیاننامە، هەروەها ڕۆمانی (ڕۆژگێران) کە لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاوکرایەوە، یەکێک بوو لە بەرهەمە هەرە جوانەکانی سوڵ. ئەو بەرهەمە باسی پیاوێکی بازرگان دەکات، کە لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نابێت. تۆمی ویلهلم، کەسێکە بەهۆی کەمتەرخەمی لە کارەکانیدا هەستەکانی لەناو دەچن و دواتر لە بەرانبەر ئافرەتدا دووچاری بێ هەستی دەبێت. هەر بەهۆی ئەو نەخۆشیەشەوە هەموو کەلوپەل و سەرمایەکەی لەدەست دەدات. کارەکتەری تۆمی نموونەی

خراپی و بەدبەختی فۆلکلۆری جوولەکەیە، بەدبەختییەک کە هەردەم بەردەوام دەبێت.

جۆن چیڤەر، نووسەر لە ساڵی ١٩١٢ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوایی کردووە.هەندێک جار وەک ڕۆمانووسی ڕەوشت ناوی دەهێنرێت. کەسایەتییەکەی بە ڕێکپۆشی ناسراوە، کورتە چیرۆکنووسی وروووژێنەر، هەروەها ئەو کاریگەری لەسەر بازرگانانی نیویۆرک و خێزانەکانیان و هاوڕێکانیان هەبوو. جۆن بە خەم و ناسۆرێکی گاڵتەجاڕانەوە بەرهەمەکانی دەنووسێت، کە تینوویەتی بۆ خوێندنەوەیان تەواو نابێت، ویستێک لە عیشق و میتافیزیکییایەکی دڵنیا، لە سێبەری دەرکەوتنی جۆن چیڤەردا لە بۆسەدایە. جۆن چیرۆکەکانی چیخەفی کۆ کردەوە لە ژێر ناوی(ڕێگای ژیانی هەندێک لە خەڵکی)، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٤٣ بڵاوکرایەوە.

نووسەر بەرهەمەکانی (ماڵبڕی شادی هیڵ) لە ساڵی ١٩٥٨، (هەندێک کەس، شوێن و شت، کە دەرناکەون لە ڕۆمانی داهاتوومدا) لە ساڵی ١٩٦١، (جەنەراڵ و گۆڵفی بێوەژن) لە ساڵی ١٩٦٤، بەرهەمی (جیهانی سێوەکان)ی لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکردەوە. تایبەتمەندی ئەو کارەکتەرانەی کە لەو بەرهەمانەدا دەبینرێن، بێ باک و گاڵتەجاڕ و بێ ئابڕوون، لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرانەشەوە ئاماژەی بە کێشە و گرفتەکان کردووە. جۆن چیڤەر ژمارەیەکی دیکەش ڕۆمانی بڵاوکردەوە وەک: ڕۆمانی (ئابڕووچوونی واپشۆت) کە لە ساڵی ١٩٦٤ و ڕۆمانی (پارکی فیشەک) لە ساڵی ١٩٦٩، ڕۆمانی (ڕاوکەری باز) لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکرانەوە. ڕۆمانی ڕاوکەری باز زیاتر نووسینەوەی ژیاننامە بوو.

جۆن ئەپدایک، ئەم نووسەرەیش بەهەمان شێوەی جۆن چیڤەر ئیشی لەسەر ڕەوشتە مرۆییەکان دەکرد. نووسەر هەوڵی دەدا ئیش لەبارەی بیرۆکە ناوخۆییەکان بکات. کاردانەوەکانی نووسەر ڕەشبین و خەمین بوون، شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریاکانی ئەمریکا لە سنووری مەساچوستس و پەنسیلڤانیا بوو.

باشترین بەرهەمەکانی جۆن ئەپدایک ئەو پێنج بەرهەمە بوو کە لەبارەی کەروێشکەوە نووسی بووی، لەو ڕۆمانانەدا نووسەر چیرۆکی ژیانی پیاوێک بەناوی هاری دەگێڕێتەوە، بەڵام لە شێوەی کەروێشکە. ئەنگستروٚم (پێوانەیەکە، بۆ پێوانی شەپۆل، یەک ئەنگستروٚم یەکسانە بە سەدملیۆن سانتیمەتر) مێژووی چوار دەیەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمریکا دەپێوێت.

بەرهەمی (ڕاکردنی کەروێشک) لە ساڵی ١٩٦٠، بریتییە لە ئاوێنەی ڕووداو و دۆخی ساڵی ١٩٥٠ ئەمریکا. لەم بەرهەمەدا ئەنگستروٚم ئەوە دەردەخات، کە کاریگەری لەبارەی دۆخی گەنجان کەم بووە. لە ساڵی ١٩٧١ (نوێبوونەوەی کەروێشک) ئەم بەرهەمەش لە ساڵی ١٩٦٠ ڕووناکی خستە سەر دژەباوی، ئەنگستروٚم لەم قۆناغەشدا بەبێ ئامانج و مەبەست مایەوە. بەرهەمی (لە کەروێشک دەوڵەمەندە) لە ساڵی ١٩٨١ بڵاوکرایەوە، لەم بەرهەمەدا هاری کارەکتەری سەرەکی بازرگانێکی سەرکەوتوو بوو، ئەوەش ئاوێنەی ڕووداوگەلێک بوو کە لە ساڵی ١٩٧٠ ڕوویان دابوو، بەتایبەت قۆناغی لاوازی ڤێتنام. ڕۆمانی کۆتایی ئەپدایک (کەروێشک لە پشوودا) لە ساڵی ١٩٩٠ بڵاوکرایەوە. لەم بەرهەمەدا نووسەر هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئانگستروٚم لەگەڵ ژیان دەدات. ئەم کارەش ڕەنگدانەوەی باکگراوندی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠ جۆن ئەپدایک لە ئەمڕۆدا زێدەتر لە هەر نووسەرێکی دیکە خاوەنی ستایلێکی تایبەت بەخۆیەتی، هەروەها ئەوەی لە کورتە چیرۆکەکانیشی دەبینرێت، نموونەی پێگەیشتنی توانایی داهێنان و پڕشنگداری ئەو نووسەرەیە.

نۆرمان میلەر، لە ساڵی ١٩٢٣ لە دایک بووە، لەنێوانی ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ میلەر وەک ڕۆماننووس دەرکەوت. نووسەر لە ڕۆمانی (دەنگی گوندەکە) بەتەواوی دژی بەرپرسانی نیویۆرک وەستایەوە. میلەر بە شێوەیەکی تایبەت خۆی بۆ ئاخافتن لەبارەی سیاسەت تەرخان کرد. تێڕوانینە سیاسییەکانی نووسەر و ئاوەزمەندیی بۆ ڕامان لە دۆخی سیاسی، وای کرد لە شێواز و ئەزموون و چالاکیدا، وەک کەسایەتییەکی سەرسامکەر دەربکەوێت. میلەر لەسەر هەمان ڕێگەی ئیشکردنی هەمینگوای بوو. لە بەرهەمەکانیدا سوودی زۆری لە ڕووداوە سیاسییەکان وەردەگرت. بۆ نموونە، ڕووداوی تیرۆرکردنی سەرۆک جۆن کەنەدی، شەڕی ڤێتنام، ئازادی ڕەشپێستەکان و جووڵانەوەی ئافرەتان. میلەر کەسێکی بوونگەرا بوو، شانازی بە پیاوەتییەوە دەکرد. هەر بەهۆی ئەو ڕەفتارانەوە کەیت میلێت لە کتێبەکەی خۆیدا (سیاسەتی سێکسی)، میلەر وەک

پیاوێکی دەمارگیر ئەژمار دەکات. میلەر کەسێکی بزۆز و چالاک بووە، لە ماوەی ژیانیدا شەش جار زەماوەندی هاوسەرگیری ساز داوە. ماوەیەک لە شارەوانی نیویۆرک کاری کردووە، هەروەها لە بواری رۆژنامەنووسیشدا ئەزموونی هەبووە. لە ساڵی ١٩٦٨ لێکۆڵینەوەیەکی رۆژنامەوانی نووسی بەناوی (میامی و گەمارۆکانی سەر شیکاگۆ)، هەروەها شیکەرەوە و شرۆڤەکاری دۆخی کۆمەڵایەتی و کۆنفرانسی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بووە.

میلەر لە بارەی یاسای لە سێدارەدانی بکوژان خوێندی، ئەگەرچی ویست و ئارەزووی لەگەڵ ئەو خوێندنەدا یەکانگیر نەبوو، وێڕای ئەوەش لە ساڵی ١٩٧٩ بەرهەمێکی بەناوی (جەللادەکانی گۆرانی) بڵاوکردەوە، کە کاریگەری ئەو خوێندنەی بەسەرەوە دیاربوو. دواتر نووسەر ئاراستەی ئیشکردنی گۆڕی و گەڕایەوە سەر ئەو بابەتانەی لەبارەی ئۆمێد و ئارەزووەکانی ژیان بەهەڵە شرۆڤەی کردبوون، وەک رۆمانی (ئێوارە کۆنەکان)، کە لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاو بووەوە. رووداوەکانی ئەم رۆمانە قسەکردنە لەبارەی شوێنەوارەکانی میسر. لە ساڵی ١٩٩١ نووسەر رۆمانی(تارمایی هارلۆت)ی بڵاوکردەوە، ئەم بەرهەمەش جەخت لەسەر کارەکانی سەنتەری ئاژانسی سیخوڕی ئەمریکی دەکاتەوە.

تۆنی مۆریسۆن، نووسەرێکی ئەمریکی بەڕەگەز ئەفریقاییە، لە خێزانێکی ئایینی رۆژهەڵاتییە و لە (ئوهیۆ) لە ساڵی ١٩٣١ لە دایک بووە. بە ئاراستەیەکی ڕوحانی ئایینی گەورە بووە. لە واشنتۆن لە زانکۆی هارڤارد خوێندوویەتی، وەک بەرپرسی سەرەکی خانەی بڵاوکردنەوەی واشنتۆن کاری کردووە، هەروەها وەک مامۆستا و پرۆفیسۆرێکی دیار لە چەندین زانستگەی جیاواز وانەی وتووەتەوە. تۆنی ئافرەتێک بوو، کە بە لێهاتوویییەکی زۆرەوە چیرۆکی دەنووسی، ئەوەش پێوەندی بەو هەموو ستایشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە هەبوو، کە بەرانبەری دەردەبڕدرا. لە رۆمانەکانیدا سەرسەختانە قسەی لە بارەی ناسنامەی خەڵکانی ڕەشپێستی گەردوون دەکرد و بەرگری لێ دەکردن. کارە سەرەکییەکانی، (شینترین چاو) لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاو بووەوە. ئەم رۆمانە چیرۆکی کچەلاوێکی ڕەشپێست بەناوی (پیکۆلا) دەگێڕێتەوە، ئەو کچە لە داخی کارە ئابرووبەرەکانی باوکی شێت دەبێت. پیکۆلا بڕوای وایە بەهۆی جادووەوە ڕەنگی چاوەکانی لە ڕەشەوە گۆڕاوە بۆ شین، بۆ ئەوەی بکەوێتە داوی خۆشەویستی. نووسەر لە بارەی ئەو کارەکتەرەوە دەڵێت: پیکۆلا ناسنامەیەکی بۆ هەستەکانی دروست کرد، بەو شێوەیەی کە نووسەر مەبەستی بوو، (من، پیکۆلا و کلاودیا و هەمووتانم). لە ساڵی ١٩٧٣ نووسەر (سوولا)ی بڵاوکردەوە. لەم رۆمانەشدا نووسەر بە درێژی باسی پێوەندی هاوڕێیانەی نێوان دوو ئافرەت دەکات. مۆریسۆن لەم کارەدا، وێنەی ئافرەتە ئەمریکاییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکانی بە بێ هاوتا وێنا کردووە. تایبەتمەندی کارەکتەرەکانی تۆ ڕوحی بوونگەراییان تۆختەرە وەک لەوەی خەیاڵئامێز و تایبەتمەند بن.

نووسەر لە ساڵی ١٩٧٧ بەرهەمی (گۆرانی سولەیمان)ی بڵاوکردەوە و ژمارەیەک خەڵاتیشی بەدەست هێنا. لەم بەرهەمەدا نووسەر باس لەگەڕان بەدوای پیاوێکی ڕەشپێست بەناوی میلکمان دید دەکات، ئەو پیاوە لە پێوەندییەکی ئاڵۆزدایە لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ خانمەنووسەر تۆنی، رۆمانی (دولبەر)ی بڵاوکردەوە. ئەم رۆمانەش باس لە ئافرەتێک دەکات، کە بەشێوەیەکی درندانە هەندێک لە منداڵەکانی خۆی دەکوژێت و وەک کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات. لەم کارەدا نووسەر هەوڵی داوە لەسەر شێوازی ریالیزمی جادووی ئیش بکات. دولبەر وەک منداڵێکی ئافرەتەکە، دەگەڕێتەوە ناو ژیان، کە پێشتر بڕیار بووە بخنکێنرێت. لە ساڵی ١٩٩٢ نووسەر رۆمانی (جاز)ی بڵاوکردەوە، ئەمەش باس لە چیرۆکێکی خۆشەویستی و بکوژێک دەکات. تۆنی مۆریسۆن لە ساڵی ١٩٩٣دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێ بەخشرا.

## ئەدەبی هاوچەرخ

کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، تاک توانایی جووڵەی جوگرافی، کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی، بەکارهێنانی ئینتەرنێت، کۆچکردن و جیهانگیری زیاد بوو، هەروەها هەموو ئەو هۆکارانەش جەختیان لە دەنگی خود دەکردەوە، بە تایبەت لە بەشی کولتووری دەقەکاندا. بەشێک لە نووسەران قۆناغی بێ دەنگییان تێپەڕاند و بوونە دەنگی کاریگەر و بەرچاوی مەیدانەکە، هەروەها ڕوونکردنەوەی دەڤەر و شوێن زیاتر

لە نەتەوە لە ناو دەقەکاندا تۆخ دەکرا.
یەکێک لە شاعیرە سەرنجڕاکێش و هاوچەرخەکان، (لویز گلوک)ـە، ئەو خانمە نووسەرە لە ساڵی ١٩٤٣ لە نیۆیۆرک لە دایک بووە. ئەو لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ وەک باشترین خانمە شاعیری ئەمریکی هەڵبژێردرا. گلوک پاش ئەوەی خوشکە گەورەکەی دەمرێت، هەست بە تاوانباریی دەکات، هەر لەناو ئەو هەستەشدا گەورە دەبێت. گلوک لە زانکۆی کۆڵۆمبیا و کۆلێژی لۆرانس وانەی شیعری خوێندووە، بەتایبەت شیعرەکانی لیۆن ئادەم و ستانلی کۆنیتز. زۆرینەی شیعرەکانی گلوک باس لە تراژیدیای لە دەستدان دەکەن، لە هەر یەک لە کتێبەکانی هەوڵ هەیە، بۆ نیشاندانی تەکنیکی تازە، هەروەها ماندووبوونی زۆر بۆ پوختی و چڕی بەرهەمەکان دەبینرێت.
لە نووسینەکانی گلوکدا یادەوەری دەبینرێت، وەک بەرهەمی(گوڵە سەوسەنی کێوی)، کە لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکرایەوە. شاعیر لەم بەرهەمەدا جۆرە جیاوازەکانی گوڵ، بەشێوەی مەنەلۆژێکی میتافیزیکی کورت دەخاتە ڕوو. لە مانشێتی کتێبەکەوە خوێنەر لەو پەیامە تێ دەگات، کە نووسەر گەرەکیەتی باس لە نوێبوونەوە بکات. دەکرێت ئەم تایبەتمەندییەش وەک دروشمێک بۆ هەموو بەرهەمەکانی گشتگیر بکرێت. گوڵەسەوسەن، جۆرە گوڵێکی شینی جوانە، کە بەهۆی کەوتنە سەرزەوی گۆیکەوە لە وەرزی زستاندا دەڕوێت.
ئەو گوڵە لە بەرهەمەکەی گلوکدا دەڵێت: زۆر بە خراپی تاساوم، وەک هۆشیارێک، لە زەوییەکی تاریک بمنێژن، هەروەها دەڵێت:

**لە چەقی ژیانی منەوە هاتووی،**
**فوارەیەکی مەزن و سێبەرێکی شینی قووڵی**
**لەسەر ئاسمانی شینی دەریا.**

بیلی کۆڵینز، لە ساڵی ١٩٤١ لە دایک بووە، یەکێکە لە هۆزانڤانە نوێخواز و پێشەنگەکان. زمانی شیعری بیلی هەمان زمانی ڕۆژانەی خەڵکە، ئامانجیش لە شیعرەکانیدا خستنەڕووی زۆرترین وردەکاری ژیانە. وردەکاری ڕووداوە دووبارەکانی ژیان، نان خواردن، کاری ڕۆژانە، نووسین لەگەڵ ژێدەرە کولتوورییەکان.
تایبەتمەندی گاڵتەجاڕی و ڕەسەنایەتی لە نووسیندا، خوێنەری فراوانی بۆ دروست کرد، ئەگەرچی بەشێک لە خەڵک ڕەخنەی ئەوەیان ئاراستەی بیلی دەکرد، کە لە نووسینەکانیدا تەواو کراوە و سادەیە، هەروەها هیچ چاوەڕوانی و نهێنییەک لە بەرهەمەکانیدا نابینرێت.
بیلی لە هەندێک بەرهەمدا کاری لەسەر ڕێبازی سوریالی کردووە، سوریالیەتی بەرهەمەکان بە شێوەی خەیاڵێکی خێرا دەچێتە پێشەوە، پاشان بە پلیکانەی سۆزدارییدا دێتە خوارەوە. سۆزدارییەک، کە بۆ نووسەر لە پشوودان دەچێت. لە کورتە چامەی (مردووەکە) و هۆزانی (دەریاوانی تەنیا بەدەوری ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە)، لە بەرهەمە هەڵبژێردراوە تازەکانی ساڵی ٢٠٠١ی شاعیرن. بیلی بەردەوام لە شیعردا هەستێک بە خوێنەر دەبەخشێت، کە وەک باڵندەیەک بە ڕێز و پلە و پایەوە بفرێت و بنیشێتەوە، یان وەک باڵندەیەک کە بۆ پشوودان نیشتبێتەوە.
هەروەک دەڵێت:

**مردووەکان هەرگاف، سەیری خوارەوەی ئێمە دەکەن و دەڵێن،**
**کاتێ پێڵاوەکانمان لەپێ دادەنا، یان ساندویچمان دروست دەکرد،**
**لە خوارەوە سەیری ئەوانمان دەکرد، بە هۆی شووشەی بنەوەی بەلەمی ئاسمان،**
**وەک ئەوە بوو، کە ئەوان بەهێمنی بۆ چوونە قیامەت سەوڵ لێ بدەن.**

ئانی پرۆلکس، یەکێکە لە خانمە نووسەرەکانی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووە، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە خاوەنی شێوازێکی تایبەتە لە نووسینی چیرۆک، لە بەرهەمەکانیدا باس لە ململانێی باکوورییەکان دەکات. بۆ نموونە ڕۆمانی (دڵی گۆرانییەکان)، کە لە ساڵی ١٩٨٨ بڵاو بووەوە.
باشترین کاری ئەو نووسەرە ڕۆمانی(هەواڵەکانی بارهەڵگری دەریایی)یە کە لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوبووتەوە. ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە زیاتر لە کەنەدا ڕوودەدەن.
بۆ ماوەی ساڵێک ئانی لە ڕۆژئاوادا ژیانی بەسەر برد، ئەو ماوەیەش کە لە ڕۆژئاوا بوو ئیلهامی نووسینی کورتە چیرۆکێکی بەناوی (چیای پشتشکاو) پێ بەخشی، ئەو بەرهەمەش لە ساڵی ٢٠٠٦ کرا بە فیلم.
ڕیچارد فۆرد، لە ساڵی١٩٤٤ لە مسیسپی لە دایک بووە، لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی فۆکنەر دەستی بە نووسین کردووە. لە ساڵی ١٩٨٦ ڕۆمانێکی بە ناوی(نووسەرە وەرزشییەکە) بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆمانە

ناوبانگێکی باشی بە نووسەر بەخشی. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە نیوجێرسی ڕوودەدەن، پاشان لە ساڵی ١٩٩٥ ڕۆمانی (ڕۆژی سەربەخۆیی) بڵاوکردەوە. ئەم بەرهەمە نامەیەکە لەبارەی فرانک باسکۆمب، کە لە ژیانیدا هەموو شتێک لە دەست دەدات(کوڕ، خەونی نووسینی چیرۆک، هاوسەرگیری، خۆشەویست و هاوڕێیان و پیشەوکار) باسکۆمب ڕۆڵی کارەکتەرێکی هەستیار و ڕۆشنبیر دەبینی، ئەو لە بارەی هەڵبژاردنەکانی ژیانەوە دەڵێت: ئێمە بۆ پەردەلادان لەسەر ئازاری پەشیمانییەکی تۆقێنەر دروست بووین. نووسەر ئازارێک دەخاتە ڕوو، کە بێکاری خۆیەتی، لەناو بازارێکی نەناسراو، پێشکەوتنی ژیاریی ماڵ و خانوو، ئەو لەناو ئەو ئازارەدا تا هەتایە لە هاتن و چووندایە. ئەم بۆچوونانەی فۆرد، بەڵگەی ڕوونن لەسەر تێڕوانینەکانی بەرانبەر نەهامەتییەکانی نەتەوە.

ئیمی تان، لە ساڵی ١٩٥٢ لە دایک بووە یەکێکە لەو نووسەرە ئەمریکایی ئاسیاییانەی کە لە کالیفۆرنیا دەژێت. خەڵکانی باشووری کالیفۆرنیا خاوەنی چەندین نەریت و ئەزموونی تایبەتمەندن، بەهۆی ئەو خەڵکە ئەمریکاییە بە ڕەگەز ئاسیاییەیە، کە لەو ناوچەیە دەژین. گرنگترین بابەتی ئەو نووسەرانە، قسەکردنە لەبارەی خێزان، ڕۆڵی جێندەر، ململانێی نێوان نەوەکان و گەڕان بەدوای ناسنامەدا. ئیمی تان یەکێکە لەو نووسەرانە، ئیمی لە ساڵی ١٩٩٣ ڕۆمانێکی بەناوی (خۆشییەکانی یانەی بەخت) بڵاوکردەوە کە ڕێژەیەکی یەکجار زۆری لێ فرۆشرا و دواتریش کرا بە فیلم. چیرۆکی ڕۆمانەکە فرە جەمسەرە، حیکایەتی چوار جووت دایک و کچ دەگێڕێتەوە و قەدەریان دەخاتە ڕوو. بەرهەمەکانی ئیمی پردێکن لە نێوان مێژووی ئەمریکا و چین، بەتایبەت لە بەرهەمی (سەد هەستی نهێنی)، کە لە ساڵی ١٩٩٥ بڵاوکرایەوە، ئەوە باشتر دیارە، هەروەها بەرهەمی (کچەکەی بۆنیستەر)، کە لە ساڵی ٢٠٠١ بڵاوکرایەوە، نووسەر باس لە ئاگایی و وریایی کچێک بەرانبەر دایکی دەکات.

شێرمان ئەلیکسی، یەکێکە لە نووسەرە ئەمریکاییەکان، کە بەڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە بۆ هیندییە سوورەکان، لە هۆزی سپۆکانی/ کوردالین بووە. ئەو نووسەرە لە ساڵی ١٩٦٦ لە دایک بووە. ئەلێکس ناوبانگێکی نیشتیمانی پەیدا کرد. ئەو لە بەرهەمەکانیدا بە شێوازێکی گاڵتەجاڕانە و دوور لە سۆز، باس لە نەگونجان و نەشیاوی کولتوور و نەریتی هیندییە سوورەکان دەکات. ئەلێکس لە ساڵی ١٩٩٥ بەرهەمی (میوزیکی بلو لە دەڤەری هیندییە سوورەکان)، دواتر لە ساڵی ١٩٩٣دا بەرهەمی(کۆڵەمستەی خەیاڵی گۆشەگیری تاک و تۆنتۆی هیندی لە ئاسمان)ی بڵاوکردەوە. لە بەرهەمی دووەمیاندا نووسەر ئیلهامی لە گومانەکانی ژیان وەرگرتووە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٨ نووسەر (هێماکانی دووکەڵی) بڵاوکردەوە. دوای ئەم بەرهەمانە، ئەلیکس دەستی بە نووسینی چیرۆکی سینەمایی کرد، دواترین چیرۆکی نووسەر لە ساڵی ٢٠٠٠ بە ناوی (بە هێزترین هیندییەکانی جیهان) بڵاوکردەوە.

## لەبارەی نووسەرەوە

کاسرین ڤانسپانکیرین، مامۆستایە و لە زانکۆی تامپا وانە دەڵێتەوە. بە شێوەیەکی فراوان لە دەرەوەی ئەمریکا، وانەی ئەدەبی ئەمریکی دەڵێتەوە. بەرپرسی پێشووی پەیمانگەی هاوینەی ئەدەبی ئەمریکی بۆ توێژەرە نێونەتەوەییەکان بووە، کە لەلایەن فولبرایتەوە سەرپەرشتی دەکرا.

بەرهەمەکانی نووسەر بریتین لە شیعر و لێکۆڵینەوە. کاثرینی خانمە نووسەر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی کالیفۆرنیا و دکتۆراشی لە زانکۆی هارڤارد بەدەست هێناوە

**سەرچاوە:**

**ناوی نامیلکە –**

**US Literature-In-Brief**

**http://www.america.gov/publications/books/usa-literature-in-brief.html**

# سورین ئابای کیرکیگارد
# داهێنەری فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزم

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەر لە مێژووی پەرەسەندن و گەشەکردنی فەلسەفەدا هەندێک دیاردە لە قۆناغی دیاریکراودا سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابێ و سروشت و تایبەتمەندی سەردەمەکەیان دەستنیشان کردبێ و بووبن بە مایەی ئەوەی بایەخی تایبەتییان پێ بدرێ، ئەوە لە هەمان مێژوودا فەیلەسووف و قۆناغی ئەوتۆ هەن کە کەمتر سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕانەکێشاوە، بگرە شایستەی ئەوە بوون نازناوی ڕابەری فەلسەفەی سەردەمی خۆیانیان پێ ببرێ.

سەدەی نۆزدە بەگشتی و فەیلەسووف و نووسەر و بیرمەندی دانیمارک، سورین ئابای کیرکیگارد (١٨١٣- ١٨٥٥ز) دەکرێ بخرێتە نێو ئەو خانە تایبەتییەوە. سەدەی نۆزدە ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفەوە هەبووە، ڕاستە تێیدا فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان شکستی هێناوە، بەڵام ئەو زەمینە لە بارەش بووە کە بەپێزترین ڕێبازی فەلسەفە کەرەسەی پەیدابوون، گەشەکردنیان لێیەوە بۆ دەستەبەر بووە.

کیرکیگارد ئەگەرچی لەبەرهەمەکانیدا وەک ڕکەبەرێکی سەرسەختی هیگڵ و لایەنگیر و دۆستی شیلینگ دێتە بەرچاو، بەردەوام هێرشی بردۆتە سەر کڵێسەی مەسیحی سەردەمی خۆی، لە جۆری ژیان و ڕەوشی سەدەی نۆزدە نارازی بووە، بەڵام خۆی کۆرپەیەکە لەو کەشوهەوایەدا کە گازندەی کردووە و گۆش کراوە و پێگەیشتووە. ڕۆڵەی کەشوهەوایەکە لە ژینگەیەکی دیار و دەستنیشان کراودا کە فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەهای هیگڵ و ئایینی کڵێسەی مەسیحی تۆتالیتێری سەرتاپاگیر، ئینجا ڕێبازی ڕۆمانتیکی دەستبەکار بوون، چالاک بووە، بە هەموو توانابیەکییەوە بەرەنگاری جیهاندیدە فەلسەفەییە



**کیرکیگارد**

ڕەهاکـەی هیـگڵ بۆتەوە، هەر جـارەی بەشـێـوازێـک گازندەی لە کڵێسە و ئایینی مەسیحی کردووە، ئەو دوو هەڵوێستەی بۆتە مایەی ئەوەی ڕێبازی ئەندێشە ئامێز و ئەفسووناوی ڕۆمانتیکی باوەشی بە ئارامی بۆ بکاتەوە. ئەوی ڕاسـتی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکـاتەوە ئەو جیهانە تایبەتیبە بووە کە تانوپۆیەکەی ئەندێشە و هەست و سۆز و خود و ناخی خۆی بووە کـە هەمـیـشـە تونـد لە ئامێزی گرتوون و دەستبەرداریان نەبووە. ئەو کەسەرەیەی لە چەمکی بوونی خۆیدا لە بوونی تایبەتیـدا دۆزیوەتەوە و کۆشاوە بیکات بە نهێنییـەکی گرێ کوێرە ئاسا و لە چوارچێـوەی بیـرۆکـەیەکـدا دایڕێژێ کـە سـەرگـەرمی کـردنەوەی بێت، بۆیە لەلایەکـەوە ئەوپەڕی ڕکـەبەر و دوژمنی هەمـوو جـۆرە نەزم و سیـسـتـم و جیـهـاندیدێکی سـەرتاپاگـیـری فـەلسـەفـەیی بووە، لەلایەکی دیکەوە ویسـتـوویەتی: وەک هزرمـەندێکی ئاکاری ئایینی (بەو واتایەی ئەو لە ئایین گـەیشـتـووە) پەی بە خـودی خـۆی بەرێ، ئینجا دەست بکات بە باسکردن و شـیـکردنەوەی بوونی خودی ڕاسـتەقینەی خۆی کە بە جیـهـانی مرۆڤی ناوبردووە. کیرکیگارد لەو کۆششەیدا، ئەگەرچی پەنای بردبێـتـە بەر «گـاڵـتـە پێ کـردن» و وای دانابێ کـە جـۆرە سـوکراتیـیـەکی مەسـیـحـیـیـانە جێـبەجێ دەکات، خـۆی لەبەردەم دوو مـیـتـۆدەدا دیوەتەوە، ئەگـەرچی لافی بڕیاردانی ئەوەی لێدابێ کە یەکێکیانی هەڵبژاردووە، لەنێوان هەردووکیاندا سەرگەردان بووە:

**یەکەم:** ڕێبازێکی میتافیزیکی بۆ گەیشتنە ڕاستی بوون.

**دووەم:** ڕێبـازی خـودی بۆچوونە ژێرباری توێژینەوەی بوونی مـن، بوونی تـاک، لـە بەرانبـەر نـامـن و ئەوی دیکەدا.

٢- ئەو دوو ڕێبازە هەڵوێستی کیرکیگارد لە بارەی فـەلسـەفـەی هیگڵـەوە، ئەو ڕەخنەیەی لێی گـرتووە، دەردەخات: هیگڵ لە هزر (بیرەوە) دەستی پێ کردووە و تەلارێکی زەبەللاحی جـیـهـاندیدە ڕەهایەکـەی لێی پێکهێناوە، بەڵام کیرکیگارد لە بوونی خودی خۆیەوە هەنگاوی ناوە و لەو جێگایە کۆتایی هاتووە کە هیگڵ دەستی پێ کردووە. لە بەرانبەر بۆچوونی فەلسەفەی هیگڵ: ڕەها، تێکڕای Ganze بگری و شـرۆڤـەی بکەی، کـیـرکـیـگارد مـرۆڤی تاک، بوونە دیار و دەستنیشان کراوەکەی لە بەرانبەردا داناوە(١). هیگڵ لە هەمەکی و گشتییەوە دەستی پێ کردووە و هەنگاوی هەڵگرتووە، کیرکیگارد لە تاک و تایبەتی و بوونی کۆنکرێت و دیار و دەستنیشـان کـراوەوە دەسـتی پێ کردووە.

بەو پێـیـە لێـرەدا مـیـتـودە و ڕێبـازی یەکـەم کـە مـیـتـافـیـزیکییـە بەلاوە نراوە، پشت بەدووەم بەستراوە. میتافیزیک لەو ڕوانگەیەوە ئەو ڕێبازەی فەلسەفە کردنە هیچ بایەخ بە بوونی مرۆڤی تاک نادات، لە جیهاندیدە فراوانە سەرتاپاگیرەکەیدا جێگایەکی ئەوتۆی نادرێتێ و بەرناکـەوێ، بەپێچـەوانەوە بابەتی ڕەها و بێ کـۆتایی و بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر کەرەسەی سەرنجدان و ڕامان و توێژینەوەکانیـەتی. ئایا دەکرێ ئەو بۆچوونە بەوە دابنرێ کە پشت دەکاتە هەموو کۆشش و چالاکییەک کە ببێتە مایەی ڕشتنی ڕەنگی سیستمی سەرتاپاگیر و نەزمی فەلسەفەیی؟ ئەو پێداگرتنە لەسەر بوونی تاک Dasein ئەنجامێکە لە پێشەکییەکی گریمانەکراو کەوتۆتەوە؟ یان ئامرازێکە دەگیرێتە بەر و بەکاردەهێنرێ بۆ گەیشتنە ئامانجی دیاری کراو؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هەمەجۆرە فرەڕەهەندییانە وا پێـویست دەکـات لایەک لەچەند بابەتێک بکرێتـەوە و

چەندین کەرەسەی جۆر بەجۆر پەنای ببرێتە بەر.

هەروەک سەرچاوەکان باسیان کردووە و پشت ئەستوور بەو بەرهەمانەی نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوە، فەلسەفەی ئەو هزرمەندە لە سێ سەرچاوەوە هەڵقوڵاوە:

**یەکەم:** ئەو پەروەردە تایبەتییەی هەر لە منداڵییەوە ڕەنگی جۆری بیرکردنەوە و ژیانی ڕشتووە.

**دووەم:** ئایینی مەسیحی.

**سێیەم:** کولتوور و فەلسەفەی سەردەمی خۆی بە تایبەتی هیگڵ و ڕێبازی ڕۆمانتیکی.

٣- بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان سنوورێکی دابڕین لەنێوان ژیان و کرداری کیرکیگارددا نەبووە. فەلسەفەکەی ژیانی تایبەتی خۆی بووە و ژیانیشی بە خۆشی و ناخۆشییەوە، بەسەرکەوتن و تێشکان و ژێرکەوتنەوە بابەتی فەلسەفەکەی بووە، ئەو فەلسەفەیەی تانوپۆیەکەی بێ ئومێدی، نیگەرانی، بێهوودە چاوەڕێ کردن، ئەندێشە و فەنتازی هەست کردن بە گوناهباری و جۆرە دیالێکتیکێک بووە! بۆیە بە پێویستی دەزانین سەرنجی چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بدەین، هەر نەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێک و کردنەوەی گرێ کوێرەکانی گلۆڵەی چنین و ڕستنی ئەو ماڵەی بەدرێژایی تەمەنی خەریکی دروست کردنی بووە، کەچی نەخێری لێ دیوە و نە تێیدا حەساوەتەوە! بەهیوای ئەوەی بتوانین بزانین ئەو شۆڕەسوارە وێڵ و سەرگەردانە چی لێ قەوماوە و بۆچی بەو مەرەیە چووە؟ ئینجا لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا ئەو چەمکانە کە ئەو بەکاری هێناون و بوون بە کەرەستەی سەرەکی فەلسەفەکەی ڕوون بکەینەوە.

سورین کیرکیگارد (Soren A abye Kierke-gaard) لە ڕۆژی پێنجی مانگی مایسی ساڵی ١٨١٣ز لە شاری کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک لە دایک بووە، حەوتەمین زارۆ و پاشەبەرە بووە، بۆیە بەشێوازێکی تایبەتی لەلایەن باوکییەوە پەروەردە کراوە.

میخائیل پیتەرسنی باوکی لەسەردەمی لاوێتیدا دەست کورت و هەژار و نەدار بووە، شوانی مەڕ و بەرخۆلە بووە، ڕۆژێکیان ئەوپەڕی برسی دەبێ و لەسەرمان هەڵدەلەرزێ، دەچێتە سەرگردێک و ڕوو لە ئاسمان دەکات و کوفر و ناشوکری دەکات! ئەو هەڵوێستەی دەبێ بەگرێ لە دڵیداو وای دادەنێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خوا غەزەبی لێ دەگرێ و پێی دەنوێنێ!

پاش ماوەیەک خزمێکی دەوڵەمەندی لە پایتەخت ماڵ و پارەیەکی زۆروزەبەندەی بە میرات بۆ بەجێ دەهێڵێ، لەلایەکی دیکەوە سورینی کوڕی لە دایک دەبێ، هەر لە منداڵییەوە لاواز و شەل، ئیتر باوکە داماوە بێ ئومێدەکەی ئەو پارە زۆرەی بەمیرات بۆی ماوەتەوە، لەگەڵ ئەو کوڕەی بە غەزەبی ڕەب دادەنێ! بۆیە زۆرترین کاتی خۆی بە پەروەردەکردنی ئەو کوڕە پاشەبەرەیەوە خەریک دەکات، بەڵام چۆن پەروەردەیەک؟ پەروەردەیەک بەهەموو شێوەیەک بێ ئومێدی و ڕەشبینی پێوە دیارە! بێ ئومێدی لە بەزەیی ڕەب و قیامەت، خۆ ئەگەر خۆی لەبەر بەدکارییەکەی غەزەب کاری تێنەکات، ئەوە ئەو منداڵە (تولفە) ساوایەی قوربانی دەستی کوفر و ناشوکرییەک دەبێ و غەزەبەکە لێی گیرا دەبێ. وەک سورین باسی کردووە باوکی مەسیحیەتێکی خستۆتە مێشک و دڵ و دەروونییەوە تاکە تۆزقاڵێک تروسکەی ڕووناکی تێدا نەبووە! لە ژوورەکەدا بە ئەندێشە و فەنتازی گەشتی سەیر و سەرنج ڕاکێشی پێ کردووە و بۆی باس کردووە.

کە چۆتە قوتابخانە بۆتە مایەی گاڵتەوگەمە پێ کردن لەلایەن قوتابییەکانەوە، ئیتر لەبەر کردار و قسە و ئاخاڤتنی بووبێ، یان لەبەر شەلی و لاوازییەکەی! لە هەموو سات و جێگایەکدا هەستی کردووە کە بیانی و نامۆیە.

- لە زانکۆ، لاهووت (تیۆلۆژی) دەخوێنێ. ساڵی ١٨٤١ز سەرکەوتووانە لە تێزەی «چەمکی گاڵتە پێ کردن Ironie» نازناوی دکتۆری پێ دەبەخشرێ. لە ماڵی دۆستێکی بە ڕێککەوت چاوی بە کچێکی چواردە ساڵ دەکەوێ کە بە «ڕیگینا ئۆڵسن» ناسراوە، شێت و شەیدای دەبێ! پاش ئەم لاو ئەو لایەکی زۆر، دەتوانێ ڕووبەڕوو دەستی بگاتێ و ڕازی بکات شووی پێ بکات! نیشانی دەکات و کاتی گواستنەوە دیاری دەکرێ، کەچی کیرکیگارد لەو کارەی پەشیمان دەبێتەوە و وا هەست دەکات کارێکی چەوت و نالەباری کردووە. سەرگەرمی ڕاست کردنەوەی ئەو چەوتییەی دەبێ، هەموو ڕێگایەک دەگرێتەبەر، ناڕاستی، چاوبەستەکییە و فرتوفێڵ بۆ ئەوەی ڕیگینا ڕازی بکات لە یەکتری جیابینەوە، لە دواییدا هەردووکیان دەستبەرداری یەکدی دەبن.

تێکڕای ئەو دیاردە و ڕووداوانە: ئایینی مەسیحی، باوەڕ، لاهووت، خۆشەویستی و نیگەرانی گوناه، ئازار

و شکست هێنان و بێ ئومێدی دەبن بەسەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو و وشک نەبووی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی. ناوونیشانی کتێب و بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بەڵگەی ڕاستی ئەو بۆچوونەن:
- چەمکی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی.
- نەخۆشی کوشندە.
- دووبارە بوونەوە.
- ڕۆژانەی تەفرە دەرێک
- یان ئەم، یان ئەو.
- چەند قۆناغێک لەسەر ڕێگای ژیاندا.
- ترسان و لێوە لەرزە.

ئەو تایبەتمەندییەی جیهاندیدی کیرکیگارد سروشت و تایبەتمەندییەکی دیکەی لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا بە فەلسەفەکەی بەخشیوە، لە میتودە و کەرەستەی توێژینەوەدا لە فەلسەفەی ئاسایی - پێش خۆی- جیای دەکاتەوە.

## چەمکی بوون و نیگەرانی و گوناح

١- دیکارت بە داهێنەری فەلسەفەی مۆدێرن (نوێ) دانراوە، چونکە لە سەرەتادا، بە پێچەوانەی پێش خۆیەوە، بوونی خودی خۆی ساغ کردووەتەوە و ئەو بوونەشی کرد بە بنەمای پشت ڕاست کردنەوەی بوونی دەوروبەر کە لە فەلسەفەی مۆدێرندا بە «نا من» ناوبراوە. دیکارت وتوویەتی: من بیر دەکەمەوە، ئەگەر گومان لە هەموو شتێک بکەم، ناتوانم گومان لەوە بکەم کە بیر دەکەمەوە، بیرکردنەوە (هزر) پێویستی بە خۆیەک هەیە کە بیرەکە دەکاتەوە، بۆیە دەڵێم(٢):
- من بیر دەکەمەوە.
- ئەوی بیر بکاتەوە هەبووە.
- کەوا بوو من هەم.

دەکرێ پوختەی ئەو بیرۆکەیە بەو جۆرە دەرببڕدرێ: من بیر دەکەمەوە کەوابوو من هەم! ئەگەرچی لەو بنەمایەی دیکارت ڕەنگی ڕشتووە، هزر و بوون توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام یەکێکیان کە بیرە، کراوە بە بنەما و بوونی لێ خراوەتەوە، بوونەکە بەهیچ جۆرە پاساوێک لای لێ نەکراوەتەوە و وا نەخراوەتە بەرچاو کە پرسیار و کێشە بێ و شایستەی ئەوە بێت بکرێت بە پرسیاری فەلسەفە و بابەتی توێژینەوە. دیکارت بەهیچ جۆرێک بەلای سەرچاوەی بوون و هۆکار و واتا و ئامانجەکانیدا نەهاتووە و بیری لەوە نەکردۆتەوە جیاوازی نێوان بوون و نابوون دەبێ چی بێت؟

بۆیە سەیر نییە کە کیرکیگارد وای بۆ چووبێ کە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان بوون و هزردا نەبێت و هیچ کامێکیان ناتوانێ بوون و نابوونی ئەوی دیکەیان ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە. قووڵ بوونەوە لەبیرکردنەوەدا خەمساردی فەرامۆش کردنی بوونە، بەڵام چ بوونێک؟

پرسین لە بارەی ڕاستی و دروستی بوونەوە Dasein و زانینی بوون لەلایەن مرۆڤی تاکەوە، بریتییە لە زانینی واتا و بایەخی بوونی تاک، ئینجا ئەو پرسەی بەدوادا دێت کە ئایا ئامانج و ڕەوایەتی ئەو بوونی تاکەکەسییە چییە و چۆنە؟ ئەمانە گشتیان چ پێوەندییەکیان بە سنوور و ڕادەی برکردنی ئازادی مرۆڤ لە بووندا هەیە؟ پێوەندی بوون ئەگەرچی بە بیرەوە ڕوون و ئاشکرا نەبێ، دەبی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ ماهیەت (چیەتی)و گەوهەردا چۆن بێ و کامیان پاشکۆی ئەوی دیکەیانن؟

ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە کیرکیگاردەوە هەیە، بوون چەمکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی جیهاندیدەکەی. بوونیش لێرەدا بوونی مرۆڤی تاکی دیار و دەستنیشان کراوە، ئەگەر بابەتی بوون لە چوار چێوە گشتییەکەیدا کە مەبەست لە بوونی دەستنیشان کراوبێ، ئەوە لەلایەنی وردەکارییەکەیدا تەمومژاوییە و ڕوون و ئاشکرا نییە، ئەگەر مرۆڤ بڵێ «بوون» باسی چی دەکات و قسە لە چی دەکات؟! ئایا بوون گەوهەرە، یان خەسڵەت و ڕووکەش؟ دەکرێ بوون بە بوونەوەرێک ببەخشرێ و لێی بستێندرێتەوە؟ یان بابەتەکە بۆچوونێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی بەرجەستە دەکات، ناکرێ وا بە ئاسانی بوون و نابوونەکەی ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە؟! یان بابەتەکە خۆی لەخۆیدا بریتییە لە ئاکردن و ناکردن تەنیا لە ئاخاوتن و ڕستە و دەستەواژەدا، چونکە بوون خۆی بابەتێکی ترە؟

٢- ئەگەر مرۆڤ سەرنجی بەرهەمەکانی کیرکیگارد بدات و لەو نووسینانە ئاگادار و شارەزا بێت کە لە بارەی جیهاندیدەکەیەوە نووسراون، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو پرسیارانەی لێرەدا بەو شێوازە کراون، سەرنجی ئەو فەیلەسووفەی دانیمارکیان ڕانەکێشاوە، بەڵکو بە

تەواوەتی بە لایەک و ئاراستەیەکی دیکەدا تەکانی داوە. ئەو لاوە هەڵکەوتەی ڕۆژگاری دانیمارک خەمی شتێکی دیکەی هەبووە، وێڵ و سەرگەردانی بابەتێکی دیکە بووە:

چاوپۆشین لە بیروهزر و ڕووکردنە بوون بۆ بەزاندنی سنووری ئەو ناکۆکییەی لەنێوان بیروبووندا هەیە. بە هیچ جۆرێک ناکرێ بوون لە بیرکردنەوە بکەوێتەوە، چونکە بیروبۆچوون تەنیا هەر لە چوارچێوەی شیاوەکیدا دەمێننەوە، بەڵام بوون گەوهەرە و ناکرێ ببێ بە بار Pradikat ئینجا ببەخشرێ و بخرێتە سەر بیروبۆچوون و بیرۆکە، بۆیە بوون خۆی لەخۆیدا بەهایە و لەجیاتی بگوترێ بیرکردنەوە بنەمای بوونە، دەبێ دەستەواژەکە پێچەوانە بکرێتەوە و بگوترێ: من هەم و بیر لە بوونی خۆم دەکەمەوە(٣). بەو پێیە ژیانی بیروگەشەکردنی بەلاوازبوون و کاڵ بوونەوەی بوون تەواو دەبێت، چەندە مرۆڤ پتر پابەندی بیرو بیرکردنەوە بێ، ئەوەندە گلۆڵەی بوونەکەی لێژ دەبێ و یەکێکیان بەلاوازبوونی ئەوی دیکەیان بەهێز دەبێ، ئەوەندەی بوون لای تەرازوو بەلایدا لاسەنگ ببێ، هزر ڕۆڵەکەی کاڵ دەبێتەوە. بە پێچەوانەی بۆچوونی دیکارتەوە، لێرەدا بیر (هزر) لە بوونەوە دەکەوێتەوە و دەبێ بە خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی بوون، ئەگەر مرۆڤ بیر بکاتەوە، ئەوە بیر لەوە دەکاتەوە کە بوونە و پێوەندی بە بوونەوە هەیە، بۆیە دەگوترێ ڕوون و ئاشکرایی، دڵنیایی ڕەها و ڕەوینەوەی گومان تەنیا هەر لە ڕەوش و هەلومەرجی بووندا دەبێ، نەک لە هزردا، ئەگەر گومان هەموو شتێک بگرێتەوە، بوون لێی بەدەر دەبێ!

ئەگەر ژیانی تایبەتی کەرەستەی سەرەکی فەلسەفەی ئەو لاوەی هەڵکەوتەی ڕۆژگاری کۆپنهاگنی دانیمارکی بووبێ، ئێشو ئازار و نیگەرانی و خەم و پەژارە بابەتی هەرە گرینگی ئەو ژیان و فەلسەفەیە بوون، کەواتە دەبێ ئەو ئازار و پەژارە و نیگەرانییە لە چ مەڵۆیەکی جیهاندیدەکەیدا پۆلێن کرابن؟!

بیروبوون لەو جیهاندیدەدا پێکەوە هەڵناکەن و نایەنەوە. کاتی خۆیشی مارکس گوتبووی «ئێشو ئازار تریاکی گیانە»، دەبێ ئەو ئێشو ئازار و نیگەرانییەی کیرکیگارد چێژتوویەتی تا چەند بووبن بە مایەی هەست کردنی بە بوونی «بوون»؟ هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئازار خۆی لە خۆیدا فاکتەر و دیاردەیەکی نارێ و نالەبار و نیگەتیڤە، بەڵام هۆکارێکە سەرنج بۆ هەندێک لایەن ڕادەکێشێ، جا ئەو لایەنە ژیان بێ، یان بوون.

بەلای هەندێک شارەزاوە، ئەگەر فرەدریک نیتشە دیاردەی ژیانی بە ڕەهەندە هەمەڕەنگییەکەیەوە کردبێ بە کەرەستەی ئەو جیهاندیدەی کە هەندێک توێژەر بە پارێزەوە، بە سڵ کردنەوە ناوی فەلسەفەی لێدەنێن، ئەوە کیرکیگارد بە درێژایی ژیانی وێڵ و سەرگەردان بووە بە دوای کێشەی گەوهەری کێشەکان، ڕاستییەک سەبارەت بەخۆی، بیرۆکەیەک کە لەپێناویدا ویستوویەتی بژی و بمرێ! دەبێ ئەو شتە چی بووبێ؟ ئایا ژیان، یان بوون ئەو ئامرازەیە کە ڕاستی دەردەبڕێ؟ ئەو ڕەهەندە تا چەند پێوەندی بە گوناح و نیگەرانی و باوەڕ (ئیمانەوە) هەیە؟!

چالاکی هزری (بیری) کیرکیگارد، بەپێچەوانەی نیتشە، بەردەوام بێ پسانەوە سەرگەرمی گرێ کوێرەی بوونی تایبەتی خۆی بووە(٤) (Existenz). دەبێ بنەمای پشت ڕاستکردنەوەی ئەو بوونە خۆیەتییە چی بێ و چ پێوەندییەکی بە ئێشو ئازار و نیگەرانییەوە هەیە؟

مرۆڤ لە جیهانێکدا دەژی بە شتی هەمەجۆر دەورە دراوە، ئەو شتانە لەچەند سیمبۆلێک بەولاوە نین، ئەو سیمبۆلانە جۆرە ئازار و ئێش و بێ ئومێدی و نیگەرانییەوە کە ئەو شتانەی دەوروبەر لە دەروون و گیانی مرۆڤدا دەیانورووژێن، پەردە لەسەر بوونی خودی مرۆڤ لادەدەن(٥). لەلایەکی دیکەوە بوون لە خۆیدا هەڵبژاردن و سەرپشک بوونە، گۆڕانە، ژیانی گۆشەگیری و تەنیایی و خەریک بوونە بە خودەوە، هەست کردنە بە گوناح و گوناهباری ئەستۆ ئەمجار هەڵوێست و ڕووبەڕووبوونەوەیە لە بەرانبەر ڕەبدا کە کیرکیگارد بە پێوەندی نێوان «کۆتایی و بێ کۆتایی» و «سنووردار و بێ سنوور» ناوی بردووە، ئەو ڕەوشەی بوون خودی مرۆڤی دیار و دەستنیشان کردووە تاکو تەرا بەهۆی باوەڕهێنانەوە (ئیمان) بە مەسیحییەت دووچاری گرژییەکی هەمیشەیی و سەغڵەت بوون و تەنگەتاوی هەمیشەیی دەکات و لەوپەڕی بێ ئومێدیدا ناچار دەبێ پابەندی بابەتە ترانسندێنتالییەکە بێت، بۆیە کیرکیگارد ناهەقی نەبووە کە گوتوویەتی:

من لە بارەی خەم و پەژارە و ئێشو ئازارمەوە ئەوە

دەڵێم کە ئینگلیز لە بارەی ماڵ و خانووەکانیانەوە دەڵێن: ئێشو ئازار و پەژارەکەم کۆشک و تەلاری منن. هەندێک کەسیش ئەو ئازار و پەژارەیە بە خۆشترین و ئاسوودەترین شتێک دادەنێن کە لە ژیاندا هەیە(٦).

بوونی ئێشو ئازار لە ژیاندا خۆشترین شت بێ، بابەتێکە کێشەی لەسەرەو هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێ. هیچ کەسێک لاری لەوە نییە کە ناکۆکەکان، ئەگەر پێکەوە بێنەوە و سنووری ئاسایی نەبەزێنن، تانوپۆی بوون و گوزەران و بەردەوامی ژین دەستەبەر دەبن، دەبێ ژیان و گوزەرانێکی بێ کێشە و بێ وەی، بێ نەخۆشی و سەریەشە، بێ برسێتی و تینوویەتی و بێ ئاوارەیی و دەربەدەری، بێ خەم و پەژارە چ ژیانێک بێت و بەچی لە ڕەوشی دارودرەختێک جیا بکرێتەوە؟ ئەگەر مرۆڤ ناساغ و نەخۆش نەبێ، چۆن دەزانێ چێژی لەشساغی چییە؟ لەوە دەچێ قۆناغە کورتەکانی ژیانی کیرکیگارد کە لە چل ساڵێک تێنەپەڕیون بەو مەرەیان بردبێ و وایان لێ کردبێ ئازار و خەم و پەژارە بە دۆستی گیانی و نزیک لە دڵ و دڵسۆزترین هاوڕێ دابنێ، بۆیە سەیر نەبووە کە بەبێ دەنگی و بەهێمنی و لەسەرخۆ گوتوویەتی: من تەنیا هەر تاکە دۆستێکم هەیە و لەو بەولاوە کەسی دیکە شک نابەم، ئەویش دەنگدانەوەیە (Echo)، باشە بۆچی ئەو دۆستمە؟ چونکە من خەم و ئازارەکانم خۆش دەوێ و ئەو ئەوانم لێ زەوت ناکات. من تەنیا هەر یەک باوەڕپێکراوم هەیە کە باوەڕم پێیەتی ئەویش ئارامی و بێ دەنگی تاریکی شەوە! بۆچی جێگای بڕوامە و دڵنیام لێی؟ چونکە بێ دەنگە و هیچ شتێک نادرکێنێ(٧). دەبێ تا چەند ئەو بێ دەنگییەی لاوی دانیمارکی شەیدای بووە، پێوەندی بەوەوە هەبێ کە لەلای ڕۆمانتیکییەکان وا باو بووە کە بوونی خودی مرۆڤ ناکرێ وێنا بکرێت و شتی لە بارەوە بگوترێ، بەڵکو ئەو زمانەی شایستەی قسەکردنە لە بارەیەوە زمانی هیچ نەگوتن و نەدرکاندنە؟!.

ئەو بۆچوونە کێشەیەک بەرپا دەکات ئیگزستێنتیالیستەکان ناتوانن یەکلایی بکەنەوە:

ئەگەر خودی مرۆڤ و ژیانەکەی بابەتی سەرەکی فەلسەفە کردن بێت، باشترین زمانیش لە بارەیەوە هیچ نەگوتن و بێ دەنگی بێت، چۆن دەکرێ قسە لە فەلسەفەیەک بکرێت، ئەمە ڕەوش و چارەنووسی بێت؟! گریمان ئەو قسەیەی کیرکیگارد ڕاست بێ، چۆن دەکرێ باسی بڕیاردان و هەڵوێست و ئازادی بکرێت؟ بێ دەنگی ئەگەر لە خۆیدا هەڵوێست بێ، ئەوە نارێ و دوورەپەرێز وەستانە، ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان پەسند کردنی ڕەوش و هەلومەرجی لە ئارادابوو نەبێ! ئیتر چۆن دەکرێ قسە لە خۆشەویستی و دۆستایەتی و پێوەندی و مرۆڤ دۆستی بکرێت؟ دەکرێ ئەو گازندەیە بەوە کاڵ بکرێتەوە کە گوایە ئەو فەلسەفەیە سەرگەرمی بوونە نەک زانین؟

## چەند قۆناغێک لەسەر ڕێگای ژین

لە هەندێک سەرچاوەدا کە قسەیان لە جیهاندیدە جەنجاڵەکەی کیرکیگارد کردووە ئەو بابەتە بە «سێ قۆناغەکەی بوون» ناوبراوە. فەیلەسووفی دانیمارکی کە ژیانی خۆی کردووە بە کەرەستەی فەلسەفەکەی، پشت ئەستوور بە تاقیکردنەوەی ژینی ڕۆژانەی خۆی، بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، بەسەرکەوتن و ژێرکەوتنەوە، بە خۆشەویستی و بێ ئومێدی و ئێشو ئازار و چێژەوە، سێ جۆر ژیان و سێ جۆر مرۆڤ و سێ جۆر قۆناغی لەسەر ڕێگای ژیاندا بەدی کردووە، بە وردی و تێروتەسەلی لە بەرهەمەکانیدا تایبەتمەندی هەر قۆناغێک سەربەخۆ و بە جیا، ئینجا پەیوەست بە قۆناغەکانی دیکەوە، خستۆتە ڕوو و شرۆڤەی کردووە.

- خودی مرۆڤ، کەرەستەی سەرەکی توێژینەوەی ئەو چالاکییەیە کە کیرکیگارد بە فەلسەفە ناوی بردووە. ئەو خودە کە خۆی لەخۆیدا گەوهەری ژیانە پابەندی بزووتنەوەیەکی بەرەوپێش چوون و گۆڕانە کە فەیلەسووفی دانیمارک بە بزاڤی دیالێکتیکی ناوی بردووە. بەپێی ئەو بزاڤە بوون- خود بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ، دەشکرێ لە ژیانیدا تەنیا هەر لە قۆناغێکدا بمێنێتەوە. ئەو قۆناغانە هەریەکە سەربەخۆن و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، بەڵام توندوتۆڵیش بەیەکەوە گرێدراون و نەک هەر ناکرێ دەستبەرداری یەکتری بن، بەڵکو تەواوکەری یەکترین. بۆ تاووتوکردنی ئەو سێ قۆناغە چەند بەرهەمێکی نووسیوە گرنگترینیان شاکاری (ئەم، یان ئەو)ە. ئەو سێ قۆناغانە ئەمانەن:

**یەکەم:** قۆناغی هەستەکی.

**دووەم:** قۆناغی ئاکاری.

**سێیەم:** قۆناغی ئایینی.

ئەو ڕیزبەندی و پۆلێن کردنەی قۆناغەکانی پەرەسەندنی خۆ لەسەر ڕێگای ژیندا، ئەگەر لەلای هەندێک هزرمەند گازندە بکرێت و بە بڕیارێکی هەڕەمەکی دابنرێت، بەوە ئەو گازندە و گلەییە کاڵ دەبێتەوە کە بۆچوونێک دەردەبڕێ کە بە تەواوەتی ژیانی کیرکیگاردی جەنجاڵ ئاسای پڕ لە ڕووداو بەرجەستە دەکات، ئیتر هەر لەسەردەمی ژیانی منداڵییەوە تاوەکو جیابوونەوەی لە دەزگیرانەکەی. جیابوونەوەیەک، ئەگەر لەلای هەندێک کەس بە هیچ جۆرێک پاکانەی بۆ نەکرێ لەلای لاوی دانیمارک بڕیارێک بووە ئەو پەندەی پشت ڕاست کردۆتەوە کە مرۆڤی بوێر و ئازا و ڕاستگۆ، هەمیشە ئامادەی بڕیاری دروستە لە کات و جێگای شیاوی خۆیدا، بڕیاری قوربانیدان بە خۆشەویستترین شت لەژیاندا!

## قۆناغی هەستەکی

یەکەم قۆناغی ژیانە. بەلای فەیلەسووفی دانیمارکەوە جۆرێکە لە ژین و بەسەربردنی ژیان تێیدا مرۆڤ خێروخۆشی و چێژی ڕۆژانە بە ئامانجی سەرەکی ژین دادەنێ بەبێ ئەوەی بیر لە دوارۆژ بکاتەوە و چاوەڕێی بکات، ئەو چێژە کاتییەی ئێستا چی لێ دەکەوێتەوە! لەو قۆناغەدا هەموو ڕێسا و بنەما و ڕێ شوێنەکانی ئایینی مەسیحی پشتگوێ دەخرێن.

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە کیرکیگارد دوو نموونەی هێناوەتەوە، دۆن جوان لە کولتووری ئیسپانیا و موتسارت(٨) لە موزیک. چۆن دەکرێ دوو دیاردەی لە یەکتری جیاواز بەیەکەوە کۆبکرێنەوە و بکرێن بە سیمبۆلێک کرداری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤێک لە قۆناغێکدا نیشان بدرێت؟! ئەو دوو دیاردەیە چین و ئاماژە بەچی دەدەن؟ ئاشکرایە کە دۆن جوان لاوێکی شۆخو شەنگ و دەست ڕۆیشتوو و زیرەک و تەفرەدەر بووە، گوایە پتر لە هەزار کچ (ژن– زەعیفە)ی تەفرەداوە. بە دەگمەن هەبووە کچێک توانیبێتی لەبەرانبەریدا بلێ ناو خۆی پێ بگیرێ و بەربەرەکانی بکات.

قۆناغی هەستەکی کە بەلای لاوی دانیمارکەوە کەسایەتی دۆن جوانی ئیسپانی بخرێتە پارسەنگەوە، لەوەوە هاتووە کە لەو قۆناغەی ژیاندا ئەو جۆرە مرۆڤە تای تەرازوو بەلای چێژ و هەست و پێداویستییەکاتییەکانی لەش لاسەنگ دەکات و لایەنی گیانی پشتگوێ دەخات. ئەو بۆچوونە لەخۆیدا گریمانەی جۆرە ڕکەبەری و ناکۆکی لەنێوان داخوازییەکانی لەش و گیاندا دەکات و لەو قۆناغەی ژیاندا ئەو جۆرە کەسە کە سرووش لە دۆن جوان و کردارەکانییەوە وەردەگرێ، ژیانی چێژ و لەزەت و سێکس و هەڵکەوتی ڕۆژانە وەک چۆن دڵ و دەروون و سۆز دەیانخوازن، بە چاکتر لە پێداویستییەکانی گیان دادەنێ و نەمریی خۆی لە پروسای کاتی لە ئارادا بوودا دەبینێ(٩)، بۆیە دەکرێ بگوترێ دۆن جوان کە نموونەی بەرزی مرۆڤی ئەو قۆناغەیە هەموو پێوەندییەک لەگەڵ ژیانی گیاندا دەپچڕێنێ، بگرە لەو جیهانەی گیاندا خۆی بە بیانی دەزانێ. موتسارت Mozart کۆمپۆنیستێکی (موزیک ژەنیکی) بەناوبانگە و بە بۆچوونی فەیلەسووفی دانیمارک ئاوازەکانی بە باشترین شێوە و شێواز، کەسایەتی دۆن جوانیان بەرجەستە کردووە و دەربڕیوە، چونکە بە جۆرێک کە هەستی پێ دەکرێ، چێژ و هەستی سێکس دەورووژێنن. لەو کایەدا هونەر ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێ، هانی مرۆڤی سەرگەرمی چێژخواز دەدات ڕووبەڕووی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانە ببێتەوە کە پەرچێوی لە بەدیهێنانی ئاوات و نیاز و ئامانجەکانی دەدەن!

## قۆناغی ئاکارەکی

پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگادا، پێوەندی نێوان من و نامن، پێویست دەکات مرۆڤ هەڵوێستی هەبێ و بە ئازادی بڕیار بدات، بۆ ئەوەی لەو بێزاری و وەڕەزییەی لە جۆری یەکەمی قۆناغی ژیان دەکەوێتەوە دەربازی ببێ و خود خۆی ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە. ئەو چەمکانە: هەڵوێست، بڕیار، ئازادی، مرۆڤ لە قۆناغی هەستەکییەوە دەبەن بۆ قۆناغێک کە کیرکیگارد بە ئاکاری ناوی بردووە.

چەمکی بێزاری لە جیهاندیدی کیرکیگارد کە ئەنجام و دەرکەوتەی ژیانی هەستەکی و سێکسییە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ و بەرانبەر بە قوربانیدان و ئازادی بڕیاردان دایدەنێ. بەلای لاوی بلیمەتی کۆپنهاگنەوە بێزاری، وەڕەزی سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و بەدکاری و بەدبەختییەکە. کیرکیگارد گوتوویەتی: بێزاری

ڕەگوریشەی هەموو بەدبەختی و نەهامەتی و بەدکارییەکە. دەکرێ سەرەتا و دەستپێکەکەی لە دەستپێکردنی بوونی جیهانەوە بووبێ. خواوەندەکان بێزار بوون، بۆیە مرۆڤیان دروست کردووە. ئادەم بەهۆی تەنیاییەوە بێزار بووە، بۆیە حەوا دروست کراوە. لەو ساتەوە بێزاری کەوتۆتە دنیاوە، ڕێژەکەی بە ڕادەی پتر بوون و گەشەکردنی خەڵک گەورەتر بووە، ئەگەر پێشتر بەهۆی تەنیاییەوە ئادەم وەڕز بووبێ، ئەم جارەیان لەگەڵ حەوا پێکەوە بێزار بوون. لەوەوە (کاین و ئابل)یان لێ دەبێ (لە کولتووری ئیسلامدا بە قابیل و هابیل ناونراون) ئینجا تێکڕای خێزان دووچاری بێزاری دەبێت. ژمارەی خەڵک لە جیهاندا پتر دەبێت و بێزاری سەرتاپای دنیا دەگرێتەوە و دەبێ بەگشتی (en masse). بۆ ئەوەی دڵی خۆیان خۆش بکەن ئەو بیرۆکەیان بۆ هاتووە، کۆشک و تەلار و قوللەی لووت لە ئاسمان هەڵچوو دروست بکەن، بەڵام بیرۆکەکە خۆی وەک بەرزایی تەلارەکان مایەی بێزاری بووە، بۆیە خەڵک بەسەرانسەری جیهاندا بە بێزاری پەرشوبڵاو بوونەتەوە و بێزارییەکەش هەر یەخەی بەرنەداون(١٠) ڕاستە هاتنی حەواو ئەو کارەی کردی و تەلارەکانی بابل مایەی ئەوەن خەڵک ورد بیربکەنەوە و ڕامێنن، بەڵام ئەو بێزارییە هەڵوێست و بڕیاری ئازادانە و قوربانی دەوێ! ئەو بڕیار و قوربانییە، ئەگەر ئەم قۆناغە لەو قۆناغەی پێشتر جیا بکاتەوە، ئەوە دەروازەی چوونە نێو جیهان و قۆناغی سێیەمی ژیان دەخاتە سەر پشت.

ئەگەر قسەکەی کیرکیگارد بە بۆچوونێک دابنێین کە خودی مرۆڤ دەیەوێ لەو بێزارییە ڕزگاری ببێ و گوایە هەر ئەو ڕەوشە هۆکاری ئەو کارە ئەندازبیاریانە بووبێ کە کراون، دەکرێ پێچەوانەی ئەو بۆچوونەش گریمان بکرێ. بێزاری لە ڕەوشی ئاساییدا پشت سارد دەکاتەوە، هەست و سۆزی خواستی کارکردن کاڵ دەکاتەوە و ڕۆتینێک بەرپا دەکات هەموو جۆرە داهێنان و دەستپێشخەرییەک زیندە بەچاڵ دەکات. کردارێک پێی دەگوترێ خەسڵەتی ئاکاری هەیە کە تایبەتمەندییەکەی سروشتەکەی دیار و دەستنیشان بکات، بۆ نموونە کردارێک بە ئازادانە کرابێ و مەبەستی دیاری کراوی هەبێ و ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە، ئەوکاتە دەکرێ بخرێتە خانەی ئاکارەوە، چونکە کردارەکە بە ئازادانە و بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ و تۆبزی ئەو کارەی کردووە و دەبێ بچێتە ژێر باری ئەنجامی کردارەکەی و ئۆباڵی بگرێتە ئەستۆ، ئەگەر بڕیاری ئازاد مرۆڤ بخاتە نێو قۆناغی ئاکارییانەوە، دەبێ بەلای شۆڕەسواری هەڵکەوتەی ڕۆژگاری دانیمارکی ئاکار بەچ دابنێ؟

خودی مرۆڤ خۆی بریتییە لە خواست، ئەو خواستەش دەکرێ دوو جۆر بێ: کردەکی و هێزەکی، ئەوەی بڕیاری لەسەر دەدا و دەیکات لە بەرانبەر ئەوەدا کە دەشێ بیکات و لە توانایيدا هەیە جێبەجێی بکات، بۆیە دەبێ ئەرکی ئاکار گۆڕینی شیاوەکی و توانایی کرداربێ بەرەو جێبەجێ کردن و کرداری ڕاستەقینە مرۆڤ لەخۆیدا ئەو توانایيەی هەیە و دەتوانێ هەلومەرجی پێویستی ئەو ئەرکە دەستەبەر ببێ(١١) ئیتر دەکرێ لەو بڕیارەی ئەو فەیلەسووفەوە چاکەکاری و بەدکاری سروشتی ڕێژەییان پێ ببڕێ: ڕاستە چاکەکاری لەخۆیدا ئازادی و خواستە، بەڵام بەو پێیە چاکەکاری و بەدکاری بەو جۆرەن، چونکە مرۆڤ خۆی ئەوە دەخوازێ و بڕیار لە بارەیەوە دەدات. ئەو بۆچوونە ئەو قسەیە دووپات دەکاتەوە کە دواتر ڕابەرانی ئەو ڕێبازە بە دوو جۆر دەریان بڕیوە.

**یەکەم:** مرۆڤ ئازادی لە چارە نووسراوە و بە بڕیاری ئازادی ئازادە.

**دووەم:** بوون لە پێش ماهیەتەوە دێت.

## قۆناغی ئایینی

ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ هەڵوێستی ئەو فەیلەسووفەیە کە گوایە پابەندبوون بە بنەماکانی ئاکار ئەرک و فرمانی دیاری کراو دەخاتە ئەستۆی مرۆڤەکەوە و دەبێ پەیڕەوی ڕێوشوێن و ڕێسای تایبەتی بکات، بۆ نموونە بڕوا بوون بە ئایینی مەسیحی و ڕەب و دۆگم و دابونەریتی کڵێسە.

پێوەندی نێوان مرۆڤ، جیهان و ڕەب، قوربانیدان بەخۆشەویستترین شت کە مرۆڤ هەیبێ! کاتێک دەکرێ ئەو جیهاندیدەی ئەو فەیلەسووفە ڕوون بکرێتەوە، ئەگەر سەرنج لەو کێشە هەمەجۆرانە بدرێت کە هەر لە منداڵییەوە بە درێژایی ژیانی گیرۆدەیان بووە و بەدەستیانەوە ناڵاندوویەتی:

– پەروەدەیەکی ئایینی لەلایەن باوکییەوە کە گوناهباری و بەدکاری وەک دۆگمێکی گومان هەڵنەگر لە

دڵ و دەروونیدا جێگیر کردووە.

– بێ ئومێدی و ڕەشبینی

– سەرنەکەوتن و تێکشکان لە زۆربەی ئەو کۆششەی بۆ گەیشتنە ئامانجی دیار و دەستنیشانکراو کردوویەتی.

– لاوازی و ناساغی و شەلی کە بوونەتە مایەی ئەوەی کەسانێک گەمەی پێ بکەن و خۆیشی هەست بە گرێی کەموکوڕی و خۆ بە کەمزانین بکات. ئەو ڕەوشە وای کردووە هەمیشە هەردوو ڕەوش- دیاردە- چەمکی نیگەرانی، بێ ئومێدی، گوناهباری لەبەرچاوی بن و بەشێکی سەرەکی بیرکردنەوە و کرداری ژیانی ڕۆژانەی پێک بهێنن. بۆ ڕزگاربوون لەو ڕەوشە دەروونییە ناچار بووە دەستبەرداری خۆشی هەستییەکانی ژیان ببێ و پەنا بەرێتە بەر بەهاگیانییەکان، ئەمەش پێویستی بەوە کردووە کە دڵ و دەروونی خۆی پڕ بکات لە هەست و سۆز و هێزی خۆشەویستی بەرانبەر بە هەموو شتێک، بەڵام ئەو خۆشەویستییەی لەگەڵ قوربانی دان بەرانبەر بە یەکتری داناوە. بەهۆی پەروەردە ئایینییەکەی ئاگاداری تەوراتی مووسا و ڕووداوی ئیبراهیم و قوربانی دان بە کوڕەکەی ئیسحاق Isaak بووە (کە لە کولتووری ئیسلامدا بە ئیسماعیل ناوبراوە).

خۆشەویستی و باوەڕ (ئیمان) ئەوەیە ئامادەبی قوربانی بە خۆشەویستترین شت بدەی، ئەوەتا ئەو ڕووداوە باس دەکات کە ئیبراهیم ویستوویەتی قوربانی بە کۆرپەکەی بدات(١٢).

بە هەر جۆرێک کیرکیگارد پاساوی ئەو قوربانیدانە بداتەوە، چونکە خۆیشی قوربانی بە خۆشەویستترین کەس داوە کە ڕیگینا ئۆڵسنی دەزگیرانی بووە، ئەو قوربانیدانە بە هیچ بنەمایەکی ئاکاری و ژیری پاساو نادرێ و پشت ڕاست ناکرێتەوە.

دەبێ چ بنەما و قانوون و ڕێسایەک ڕێگا بدات کۆرپەیەکی ساکاری پاکی بێ گوناح سەرببڕدرێ و بکرێ بە قوربانی لەپێناوی ئامانجێک کە ڕاز و نیاز بووە لە دڵ و دەروون و مێشکی باوکەکەیدا. دەبێ ئەوە چ باوکێک بێت ئەوەندە بێ بەزەییانە بڕیار بدات قوربانی بە کۆرپەکەی بدات، لە پێناوی چیدا؟ چۆن توانیویەتی ئەو بڕیارە بدات کوڕە بێ تاوانەکەی سەرببڕێ؟ بە هیچ جۆرێک ئەو کارە ڕەوا نییە و هیچ جۆرە بەڵگە و بیانوویەکیش توزقاڵێک ڕەوای ناکات!.

**سەرچاوە:**


1- Hannah Arendt: Was ist Existenz Philosophie? Anton Hain. Frankfurt am Main. 1990. S.22.

2- Rene Descartes: Meditationen unber die GrundLagen der Philosophie. Flex Meiner. Hamburg. 1954. Zweite Meditation. para. 3. S.18.

٣- د. فوزية ميخائيل: سورين كيركجورد أبو الوجودية. دار المعارف بمصر. القاهرة- ١٩٦٢، ص٥٠ وفي أماكن اخرى. (لە زۆر جێگادا).

4- Karl Lowith: kierkegaard und Nietzsche. Vittorio klostermann. Verlag. Frankfurt am Main. 1933. S.5. ff.

٥- ريجيس جوليفية: المذاهب الوجودية. ت: فؤاد كامل. مراجعة د. محمد عبدالهادي أبو ريدة. الدار المصرية للتاليف واالترجمة ١٩٦٦، ص٤٣، وفي أماكن اخرى.

6- Soren kierkegaard: Entweder- oder. Teil. I. und II. drv. 13382. Munchen 2005. S.30. ff.

7- Soren kierkegaard: Ebenda. S.44. ff.

8- Soren kierkegaard: Ebenda. S.57. ff.

9- Soren kierkegaard: Ebenda. Erster Teil. S.62. ff.

10- Soren kierkegaard: Ebenda. Erster Teil. S.332. ff.

11- Soren kierkegaard: Der Begriff Angst. Europaische VerLagsanstalt. Hamburg 2002. S.19. ff.

12- Soren kierkegaard: Furch und Zittern. Hamburg 2004. S.108. ff.

# ئۆگەست كۆنت
# "داهێنەر"ی سۆسیۆلۆژیا

## (دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم و بانگەشەكەری ئایینێكی نوێ)


**جان فرانسوا دۆرتی**
**لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد**


ئۆگەست كۆنت (١٧٩٨-١٨٥٧)ی مەفتوون بە دروستبوونی كۆمەڵگەی پیشەسازی و عەقلانیەتی زانستی، دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم و بڕوادار بە ئیمپیریسیزم و تۆكمەیی. لەپێناو وێناكردنی ئەم كۆمەڵگە نوێیە تازە هەڵهاتووەدا، دەیویست زانستێك بۆ بواری كۆمەڵایەتی دامەزرێنێت، كە بە سۆسیۆلۆژیا ناوزەدی دەكرد.

بۆ یەكەم جار وشەی "سۆسیۆلۆژیا" ساڵی ١٨٣٩ وەدەركەوت، ئەوەش لە پەرێزی ماوەی وانەی ٤٧ی "وانەكان دەربارەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم"ی ئۆگەست كۆنتدا. ئەم توێژەرە ناچار بوو ئەم وشە نوێیە بێنێتە ناوەوە، لە ڕاستیدا كۆنت لە سەرەتاوە بە توندی خوازیاری ئەوە بوو كە ناوی ئەو زانستە بنێت كە دەروەستی كۆمەڵگە دێت "فیزیای كۆمەڵایەتی"، بەڵام بە چەند مانگێك بەر لەو ئەدۆلف كیتلی Quetelet، بیركاریزان و فەلەكناسی بەلجیكی، پشتگیری گوزارشتی "فیزیای كۆمەڵایەتی" كرد تا بەسەر زانستێكی نوێدا پراكتیزەی بكات، ئەویش توێژینەوەی سەرژمێری لە كۆمەڵە مرۆییەكان بوو. لە گەشتەكەیدا بۆ پاریس، كیتلی بەكارهێنانی شیاوی سەرژمێری لەپێناو ڕاڤەی دیاردەی وەك تاوان و دیاریكردنی نیگەرانییەكانی لەنێو گەلدا دۆزییەوە، بەوەش دەتوانرێت پێشبینی و ئاراستەی وەزیفی كارێكی گشتی بكرێت. كیتلی، پێشەوای ئەو زانستەی كە بووە دیمۆگرافیا (دانیشتووانناسی)، گوزارشتی فیزیای كۆمەڵایەتی بەرز نرخاند و بەكارهێنانیشی لە كتێبەكانیدا بڵاو كردەوە. دەبوو كۆنت بە تووڕەیی و داخەوە دەستبەرداری نیشانەی موڵكایەتی ئەم ناوە ببێت. ناچاریش بوو ناوێكی نوێ بۆ زانستەكەی



**ئۆگەست کۆنت**

بدۆزێتەوە، ئەویش "سۆسیۆلۆژیا" بوو، کە وشەیەکی نوێیە و پێکهاتووە لە ڕیشەی لاتینی socius (واتە کۆمەڵگە) و ڕیشەی یۆنانی logos (واتە زانین).

لەگەڵ ئەوەیشدا گوزارشتی "فیزیای کۆمەڵایەتی" زۆرێک لە مەبەستەکانی خاوەنەکەی ڕادەگەیاند. بەشبەحاڵی ئەو قوتابییە کۆنەی لە قوتابخانەی ئەلبولی تەکنیک بوو، کە ئەویش ئۆگەست کۆنت بوو و ناچار بە بیرکاری و فیزیا ببوو، تەنیا ئەو مەعریفانە زانست بوون کە پشتیان بە عەقڵ و واقیعەکان دەبەست. ئەم ڕەوا نەبوونە بەرەو لای فیزیا ئاماژە دەکات بە خواستی ڕۆنانی زانستێکی ڕاستەقینە، کە بەپشت بەستن بە پێدراوی دڵنیاکەر و بە تۆکمەیی و بە بەڵگەی بێ چەند و چوون، بە تەنگی دۆزینەوەی یاساکانەوە دێت. لێرەدا بنەما بەراییەکانی "فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم" یان ڕێبازی پۆزەتیڤی خۆی مەلاس داوە، کە کۆنت بە یەکەم بانگەشەکەری دادەنرێت. ئامانجی "فیزیای کۆمەڵایەتی" دەبێتە دۆزینەوەی یاساکانی کۆمەڵگە، ئینجا خستنەگەڕی ئەم مەعریفەیە لە خزمەتکردنی دەوڵەت Cité ی لەسەرپێدا.

## ڕێڕەوێکی نامۆ لە حاڵەتی باوەدا

کاتێک کۆنت ساڵی ١٨٣٩ وشەی سۆسیۆلۆژیای "داهێنا" بەتەواوی ناچار بەو کارە نەبوو، ئەو گەیشتبووە تەمەنی ٤١ ساڵی. ئەوەتا چەند ساڵێک، لە ساڵی ١٨٢٦ـەوە، تێپەڕیوە، کاتێک دەستی کرد بە دانان و وتنەوەی لێکچەرەکەی وانەیەک دەربارەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم. ئەم لێکچەرە بەگوێی بیسەرانێکدا درا کە لەسەرەتاوە سنووردار بوون، هاتبوون تا لە ماڵەکەی خۆیدا لە شەقامی فۆبۆرگ- مونمارتر لە پاریس گوێ بیستی بن، پاشان کە ناوبانگی پەیدا کرد هۆڵە گشتییەکان بۆ ئەم مەبەستە، بەکرێ گیران. خولیای ڕۆشنبیریی کۆنت بە باشی لەگەڵ پێگەکەیدا نەدەگونجا. ئەو، وێڕای ئەوەی لە ڕابردوودا قوتابییەکی بلیمەت بوو، کەچی هیچ کورسییەکی زانکۆیی بەدەست نەهێنا و تەنیا لەڕێگەی وانە گوتنەوەی تایبەت و ئەو هاوکارییانەوە دەژیا کە لە هەندێک شوێنکەوتووانییەوە بۆی دەهات، ساڵی ١٧٩٨ لە مۆنبیلییە، لە بنەماڵەیەکی خاکی، لە دایک بوو، لەبیرکاریدا بەهرەی تایبەتی خۆی پیشان دا و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا لە پێشبڕکێی چوونە قوتابخانەی ئەلبولی تەکنیک سەرکەوت، بەڵام ساڵی ١٨١٦ قوتابخانەکە داخرا و کۆنتیش وەکو قوتابییەکانی دیکە دەرکرا. گەڕانەوەی پاشایەتی Restauration(١) بە تەواوی حەوسەڵەی ئەو ڕوانگە شۆڕشگێڕییەی نەبوو، کە قوتابخانەی ئەلبولی تەکنیک لەسەری دەڕۆیشت، کۆنتی لاویش یەکێک بوو لە چالاکە درەوشاوەکانی. دوای ئەمە کۆنت دەگەڕێتەوە بۆ گوتنەوەی هەندێک وانە لە قوتابخانەدا، وەلێ هەرگیز نەیتوانی پۆستێکی وەزیفی بەدەست بهێنێت.

## بەیەکگەیشتنی لەگەڵ سان سیمۆندا

لە ساڵی ١٨١٧دا (کە تەمەنی ١٩ ساڵان بوو) چاوی بە کلۆد هینری دی سان سیمۆن (١٧٦٠- ١٨٢٥) کەوت و بووە یاریدەدەری. وەک کەسایەتییەکی خرۆشێنەر سان سیمۆن لەو ماوەیەدا کاری دەکرد بۆ داڕشتنی بیروباوەڕێکی فەلسەفی- کۆمەڵایەتی، ئەویش -ڕێبازی پیشەسازی(٢) بوو کە دواتر وەک "مەسیحییەتی نوێ" پێشکەشی دەکات. وەک ئەرستۆکراتییەکی یاخی، هەر زوو سان سیمۆن شەیدای

ئایدیالی شۆڕشگێڕی بوو. کە ئەو ئەفسەرێکی گەنج بوو، گەیشتە ئەمریکا بۆ ئەوەی لە هاوشانی لافاییت لە جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکادا بجەنگێت. لەماوەی مانەوەیدا ئەو شۆڕشە پیشەسازییەی بۆ دەرکەوت کە لەوێ ڕووی دەدا. ئەویش هەر وەک ئەلکسی دی تۆکفیل لە دواتر کردی، کە لە ئەمریکا گەڕایەوە بیرۆکەی ئەوەی هەڵگرتبوو کە شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی پیشەسازی بانگەوازی سەردەمێکی نوێی مرۆڤایەتی بە گوێدا دەدەن. کۆتایی کۆمەڵگەی تەقلیدی، کە ئەرستۆکراتییەکان و پیاوە ئایینییەکان پێشەوایەتییان دەکرد، لەسەر ڕێی ئەوەدا بوو شوێنی خۆی بۆ سەردەمی زانا و پیشەسازەکان چۆڵ بکات.

هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ فەرەنسا لە کاروباری ئابووری خۆیەوە دەستی پێکرد. چەند خانوو و زەوی کڕی و دامەزراوەگەلێکی بازرگانی و گواستنەوەی دروست کرد. بە دیاریکراوی لە ماوەی شۆڕشی فەرەنسیدا بیرۆکەی وەشاندنی "کاغەزەکانی یاری"ی کۆماریی بە بیردا هات، کە تێیدا وێنەی ڕەمزیی بلیمەتی Génie و ئازادی Libertie و یەکسانی Egalité جێی وێنەی شا و شاژن و شازادە [پیرەپیاو و کچ و گەنجۆ]یان گرتەوە. لێرەدا ڕەمزی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە نوێیەی کە لە ناخی دڵییەوە خوازیاری بوو، خۆی حەشار دابوو. لە ساڵی ١٧٩٨ دا کە لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا بوو، بڕیاری دا واز لە کارەکانی بهێنێت تا خۆی بۆ توێژینەوە تەرخان بکات. هەر لەو کاتەوە دەیویست بایەخ بە جیهانبینیی فەلسەفەیەکی نوێ و پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە کۆمەڵگەی پیشەسازی بدات، کە وای دەبینی بە بەرچاوییەوە لەدایک دەبێت. لە چیای سانت جەنفییف، لە نزیک قوتابخانەی ئەلبولی تەکنیک، کە وانەی فیزیا و بیرکاری تێیدا خوێندبوو، پاشان لە نزیک قوتابخانەی پزیشکییەوە لەپێناو خوێندنی پزیشکی و فیزیۆلۆژیادا، جێگیر بوو. پرۆژەکەی بریتی بوو لە وێنای زانستێکی نوێ کە بە "فیزیای کۆمەڵایەتی" ناوزەدی دەکرد. ئەم زانستە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هاوپێگەی فیزیۆلۆژیایە بۆ ئەندامە زیندووەکان: مەعریفەیەکی زانستییە کە لێیەوە "چارەسەر" پوختە دەکرێت؛ چونکە زانستی کۆمەڵایەتی لە خزمەت کردندا دەبێت. هەرچی پێوەندی بەوەوە هەبێت کە مۆرکە خرۆشێنەرەکەی تێدەپەڕێنێت، ئەوە سان سیمۆن لەو کاتەدا بەرگری لە بیرۆکەی هاوبەشی نێوان ژمارەیەک بیرمەندی کۆمەڵایەتی دەکرد، کە پێشەنگی سۆسیۆلۆژیا بوون: کۆمەڵەی کۆن لە سەروبەندی ڕووخاندندایە لەلایەن سیستمی کۆمەڵامەتی نوێوە کە تێیدا پیشەسازی و بازرگانی شوێنێکی سەنتەری داگیر دەکەن؛ ئەوەتا کۆمەڵگای نوێی ڕاوەستاو لەسەر "بەرهەمهێنەران" لە سەرەوەختی دەرکەوتندایە. لەکاتێکدا جیهانی کۆن، بۆ بەدەستهێنانی سامان، نەتەوەکانی دەدا بە یەکدا و تووشی جەنگی دەکردن، کەچی پیشەسازی ڕێ بە دەوڵەمەندبوونی هەمووان دەدات، لەسەر ئەمیر و سەربازەکان پێویستە شوێن بۆ بەرهەمهێنەرەکان چۆڵ بکەن. "کارگێڕیی شتەکان جێی حکوومەتی خەڵکی دەگرێتەوە"، ئەوەش دارشتەیەکە سەرلەنوێ مارکس دەیهێنێتەوە سەر خوانی باسکردن. زانستی کۆمەڵایەتی دەبێتە یەدەگی ئەم جیهانە نوێیە و بیر لە بنچینەکانی دەکاتەوە و لە بەڕێوەبردنیدا یارمەتی دەدات. "سان سیمۆنیزم" وەک شێوەیەکی سۆشیالیزم لەسەر پیشەسازی و برایەتییەوە دامەزرا بوو. لە ماوەی بیست ساڵدا سان سیمۆن لە ئارەزووی بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەی لە ڕێگەی کتێب و گۆڤارەکانەوە، سارد نەبووەوە.

کۆنتی گەنج لەژێر کاریگەری ڕێبازەکەی سان سیمۆندا بوو، لە نزیکیشەوە لە جیهانبینییەکەیدا هاوکاری کرد، هەدووکیان پێکەوە بڵاوکراوەگەلێکیان بە واژووی سان سیمۆنەوە دانا، وەلێ ناکۆکی لەسەر واژووکردن بووە مایەی لێک دوورکەوتنەوەی ئەم دوو پیاوە، پاشان ساڵی ١٨٢٤ بە یەکجاری پێوەندییان پچڕا.

کۆنت خۆی بێ کار بینییەوە، هەوڵی دا کورسی زانکۆیی بەدەست بهێنێت، بەڵام قوتابخانەی ئەلبولی تەکنیک ڕەتی کردەوە پۆست بداتە قوتابییە سەرسەختە یاخییەکەی پێشووی. کەواتە دەبوو بە گوتنەوەی هەندێک وانە لە بیرکاری و فیزیادا ڕازی بێت. لەو ماوەیەدا هاوسەرگیری لەگەڵ کارۆلین ماساندا کرد، کە پێشتر سۆزانی بوو و کۆنتیش لەمێژ بوو دەیناسی. دوای "ژمێرکارییەکی درێژ" ئەم دووانە ئومێدیان وابوو کە لەو هاوسەرگیرییە سوودمەند بن: ئەویش لەو سەرمایە کەمەی کە کۆی کردبووەوە و بەوەی کە کارۆلین فێر بکات چۆن بێتە ناو ڕەوایەتی هاوسەرگیرییەوە، بەڵام



سان سیمۆن

بەیەکگەیشتنیان شکستی هێنا؛ کارۆلین چەندین جار لە ماڵ ڕای کرد بۆئەوەی دەست بکاتەوە بە لەشفرۆشی. قەیرانی ئەم ژن و مێردە کۆنتی تووشی قەیرانی شێتی کرد و وای لێ کرد ساڵی ١٨٢٦ هەوڵی خۆکوشتن بدا. بێ توانایی و شەکەتیش لەم قەیرانە دوور نەبوو، چونکە ماوەیەک بوو بە دەمارگرژییەوە ئیشی بۆ ڕوون کردنەوەی کارە تیورییە گرنگەکەی دەکرد: زنجیرە وانەیەک لەبارەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمەوە Le cors de philosophie positive، کە بنەماکانی زانستی نوێی دەخستە ڕوو.

زنجیرە وانەیەک لەبارەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمەوە پرۆژەیەکی هزریی زۆر گرنگ بوو، چ لە ڕووی قەبارەیەوە، کە لەماوەی ١٢ ساڵدا (١٨٣٠-١٨٤٢) حەوت بەشی لێ پێکهات، چ لەڕووی خولیایەوە، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد وەڵامی پرسە فەلسەفییە گەورەکان دەداتەوە: چۆنیەتی ناسینی جیهان؟ مرۆڤ چییە؟ کۆمەڵگە چییە؟ چۆنیەتی ژیانی هاوبەش؟

کۆنت خۆی لە نەوەی گوتار لەبارەی میتودەوە-ی دیکارت، یان ڕوحی یاساکان-ی مۆنتسکیۆ، یان وێنەیەکی مێژوویی بۆ پێشکەوتنی ڕوحی مرۆڤایەتی-ی کۆندۆرسێ دادەنێت. ئەوانە بەرهەمانێک بوون کە کۆنت خوێندبوونییەوە و پێیان سەرسام بوو. دەبێت بوترێت ئەو ماوەیە بە ڕوحی تەباکردن (التولیف) بارگران ببوون. دەکرێت بەراوردی پرۆژە هزرییەکەی کۆنت بەو پرۆژەیە بکرێت کە لە هەمان ماوەدا هیگڵ لە ئەڵمانیا لە کتێبی فینۆمینۆلۆژیای ڕوحدا، دایدەڕشت. کە تێیدا هەمان پێکهێنەر دەبینینەوە: ئینسکلۆپیدیایی و بەراوردی مێژوویی، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت: خەمی گەیشتن بە مەعریفەیەکی نوێ، ئابڵووقەی سەرجەم بازنەکانی مەعریفە دەدات و بەرهەمیان دێنێ و وەک ڕێنمایەکیش بۆ پێشەوایەتیکردنی کۆمەڵگا، سوودی لێ وەردەگیرێت. ئۆگەست کۆنت، تاڕادەیەک، هیگڵی فەرەنسا بوو.

## یاسای سێ دۆخەکە

وانەی یەکەم لە "زنجیرەکە"، "یاسای سێ دۆخەکە" پێشکەش دەکات، کە بەڕای کۆنت، پوختەی پەرەسەندنی هزری مرۆییە. مەعریفە لە پەرەسەندنی خۆیدا بە سێ سەردەمدا دەڕوات (کە هاوشانی سێ قۆناغی مێژوویی و دروستبوونی سێ عەقڵ [هزر]ـە).

– سەردەمی لاهووتی، یان "خەیاڵکاری fictive" کە سەردەمی منداڵێتی ئادەمیزادە. تێیدا زەین بەدوای هۆکاری دیاردەکاندا دەگەڕێت بۆ ئەوەی مەبەستەکان بداتە پاڵ شتەکان و ماددەکان (بتگەرایی)، یان بە گریمانەکردنی بوونی بوونەوەرانێکی سەرووسروشت (فرە خودایی) یان بوونی تاکە خودایەک (یەکتاپەرستی). "زەینی مرۆیی، تاڕادەیەک، دیاردەکان وەک بەرهەمهێنراوی کردەی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی کارکردی ژمارەیەک هێزی سەروو سروشتی دەنوێنێتەوە". ئەمە سەردەمی بیروباوەڕە سیحرییەکان بوو، بتپەرستی، ڕوحەکان، ئایینەکان: "جیهانێک تا دوورترین خاڵ لە واقیع [یان بەرەو ڕۆژی دوایی] دەڕوات و ڕوودەکاتە پەرستنی پێشینان، جیهانێک کە تێیدا مردووەکان فەرمانڕەوایی زیندووەکان دەکەن".

– سەردەمی میتافیزیکی (یان "ئەبستراکت abstrakt")، ئەمەش سەردەمی گەنجایەتی هزرە. تێیدا کارکردە سەروو سروشتییەکان جێی خۆیان بۆ هێزە ئەبستراکتەکان چۆڵ دەکەن، وەکو "سروشت" لای سپینۆزا و "خودای ئەندازە Dieu géomètre" لای دیکارت و "مادە" لای دیدرۆ و "عەقڵ" لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا.

ئەم قۆناغە بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی نیمچە مرۆڤ -anthropomorphiaueی پێشوو، قۆناغێکی پێشکەوتووترە، بەڵام هزر هەر بەندی جیهانبینییە فەلسەفییە ئەبستراکت و گەردوونییەکانە و واقیع دەباتەوە سەر بنەما یەکەمییەکان. ئەمە "میتودی فەیلەسووف"ـە وەک ئەوەی کە کۆنت دەینووسێت.

– لە کۆتاییدا "سەردەمی پۆزەتیڤیزم" هاتە کایەوە کە کۆنت بە "حاڵەتی پیاوەتی عەقڵمان" پەسەندی دەکات. زەینی پۆزەتیڤی گەڕان بەدوای "بۆچی کۆتایی" لەبارەی شتەکانەوە لەپێناو پشکنینی واقیعەکان و "یاسا کردارییەکانیدا، واتە پێوەندییە جێگیرەکانی لە بەدوای یەکدا هاتن و لێکچوونیان"ڕەت دەکاتەوە (وانەی I). پەنابردنەبەر واقیعەکان و ئەزموون و تاقیکردنەوەی واقیع ڕێ دەدات بە دەرچوون لە گوتارە تێڕامانییەکان. ئەمە لە پۆزەتیڤیزمدا بنەمای یەکەمە. لەکاتێکدا زەینی میتافیزیکی پەنادەباتە بەر وێناکردنە سەرمەدی و گەردوونییەکان کە ملکەچی واقیعیان ناکات، ئەوە زەینییەتی پۆزەتیڤی گریمانەکان ڕووبەڕووی جیهانی واقیعی دەکاتەوە. ئەم میتودە دەبێتە مایەی دەستبەرداربوون لە تیورە گشتییەکان لەبەرژەوەندی زانیارییە وردە و کردارەکی و پەیوەستەکان بە ڕیزبەندی هەلومەرج و سیستمی پێدراوەکانەوە. کۆنت، بە سووککردنی تیورە ڕەها و گەردوونییەکان، چونکە وشک و بێ سوودن، ڕایدەگەیەنێت کە "هەموو شتێک ڕێژەییە، ئەمە تاکە شتێکی ڕەهایە" بە کورتی، پۆزەتیڤیزم بەندە لەسەر دەستبەرداربوون لە تێڕامانە بێ کەڵکەکان و وێناکردنە خەیاڵکردەکان، تا کورت ببێتەوە بۆ زانیاری ڕۆنراو لەسەر ئەزموون و تێبینیی واقیع و دادگاییەکی توندی عەقڵی. ئەمەیە بنەمای پۆزەتیڤیزم، ڕێبازی هزری دژە میتافیزیکا، کە لە سەدەی نۆزدەدا دەبێتە تەوژمێکی هزری گرنگ.

عەقڵی پۆزەتیڤی وەک هاتنی سەردەمێکی نوێی هزر دەرکەوت. لە تەواوکردنی "زنجیرەکە"دا کۆنت پۆلێنە گشتییەکەی بۆ زانستەکان دەخاتە ڕوو. ئەم پۆلێنە لەسەر ڕادەی ئاڵۆزی ڕوو لە زیادی بابەتە لێ توێژراوەکان دادەمەزرێت. فەلەکناسی و فیزیا لە بابەتە نازیندووەکان دەکۆڵنەوە و میتودەکەشیان ئەبستراکتی و سادەیە، بەڵام کیمیا و بایۆلۆژیا دوو زانستن کە بایەخ بە شتی زیندوو دەدەن: واتە بە بابەتە ئاڵۆز و ئاڵوگۆڕەکان. ٤٥ وانەی یەکەم تەرخان کراوە بۆ پیشاندانی میتودەکان و بەرەنجامە سەرەکییەکانی ئەم زانستانە: فەلەکناسی و فیزیا و کیمیا و بایۆلۆژیا، کۆمەڵناسیش لە کۆتایی ڕیزبەندی زانستەکاندا دێت. دەبێت کۆمەڵناسی بەرهەمی زانستەکانی تر، تەواو بکات و هەزمیشی بکات، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بابەتێکی ئێجگار ئاڵۆز ببێتەوە، کە ئەویش کۆمەڵگای مرۆییە. فیزیای کۆمەڵایەتی، کە دیسان ناونرایەوە و بە سۆسیۆلۆژیا ناوزەد کرا، دەبوو ئەمیش زانستێکی پۆزەتیڤی بێت، چونکە ڕێ بە زانینی یاساکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا (جێگیری کۆمەڵایەتی) و یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگا (دینامییەتی کۆمەڵایەتی) دەدات، هەروەها کۆنت بیری لەوە کردەوە بە بەکارهێنانی سۆسیۆلۆژیا گرفتە کۆمەڵایەتییەکان شیکار بکات، چونکە ئامانجەکەشی دەبێتە چارەسەرکردنی گرفتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی: "مەعریفە لەپێناو پێشبینیدا، پێشبینی لەپێناو هێزدا". بەم جۆرە لێکچەرێک لەبارەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمەوە کۆتایی دێت. دەستکەوتێکی ڕەوا مایەوە، لێرەشدا وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی کۆنتدا ڕوودەدات.

## کلوتیلد دوڤو و ئایینی مرۆڤ دۆستی

ساڵی ١٨٤٤ چاوپێکەوتنێکی یەکلاییکەرەوە لەگەڵ کلۆتیلد دوڤو de Vaux دا بۆ کۆنت هەڵکەوت، کە ئافرەتێکی گەنجی مێرد دار بوو، بەڵام جیا لە مێردەکەی دەژیا. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە سی ساڵان: جوان و هەست ناسک و ڕۆشنبیر و زیرەک بوو. کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە، یەکتریان دەبینی و هەردووکیان نامەی پڕ گوروتینیان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە، وەلێ خۆشەویستییان هەر ئەفلاتونیانە مایەوە، کلۆتیلد بەدەست نەخۆشی سیلەوە دەیناڵاند و دەیزانی بە مەرگ مەحکوومە. لە یەکێک لە نامەکانیدا ڕاشکاوانە دانی بەوەدا نا کە ناتوانێت "، بێجگە لە خۆشەویستییەکەی، هیچ شتێکی تر" بە کۆنت بدا. دوای ساڵێک لە چاوپێکەوتنیان، کلۆتیلد لە ٥ی نیسانی ١٨٤٦دا مرد، لەو کاتەدا دەستی لەناو دەستی خۆشەویستەکەیدا بوو، کە هاتبوو لە ماڵەکەیدا سەردانی بکات. کۆنت لەم چرکەساتەوە پەرستشێکی تەرخان کرد کە شایەنی

دووربیەکەی بێت و ئێمەش ئەو ڕۆڵە سەیرەی بۆ ئەم ئافرەتەی تایبەت کردبوو، کە تەنانەت دوای مردنیشی لەسەر خۆشەویستییەکەی بەردەوام بوو، دەبینینەوە.

ماوەی ئاشنابوونی بە کلۆتیلد هاوکات بوو لەگەڵ قۆناغێکی نوێ لە هزری خۆی. دوای ڕاگەیاندنی بنەماکانی پۆزەتیڤیزم، بایەخی بە دانانی بناغەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا کە لێیەوە کەوتبوویەوە. بە دەستپێکردنی ١٨٤٥ کۆنت کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ داڕشتنی "سیستمی سیاسی پۆزەتیڤی" کە هەر بەزوویی گۆڕا بۆ "ئایینی نوێ".

ئەگەر کۆنت بە توندی ڕەخنەی لە "هزری لاهووتی" سەردەمە کۆنەکان دەگرت، ئەوە ئەوەشی دەزانی کە ئایین لە یەکگیری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ دەگێڕێت. وەرچەرخانی پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسی ڕژێمی کۆنیان ژێرەو ژوور کرد، بەڵام بەشداریشیان کرد لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێدەرە کۆنانەی کە خەڵکیان لە دووری یەک کۆدەکردەوە (کەنیسە، کۆمەڵە پیشەییەکان، "پلەکانی" ڕژێمی کۆمەڵایەتی کۆن). لەمەشەوە کۆمەڵگەیەکی بێ بەندوبار کەوتەوە کە پێویستی بۆ خڕبوونەوەی تاکەکان بوو، بەڵام ئەوە بۆ کۆنت ڕوون و ئاشکرابوو کە کەڵەکەبوونی تاکەکان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە بەس نین. هیچ کۆمەڵگەیەک نییە بتوانێت بێ "بەستەری ئەندامی" تاکەکان لە "کۆ"ی باڵادا، کۆ بکاتەوە، بۆیە کۆمەڵگە بریتییە لە پەیوەستی نێوان ئەو خەڵکەی کە دەبێت بەرژەوەندییە تایبەتەکانی تاکەکان تێپەڕێنێت.

لەم جیهانە نوێییەدا کە هەڵدێت، دەبێ ئەلتەرناتیڤێک بۆ خواوەندە کۆنەکە بدۆزرێتەوە. دەبێ "بوونەوەرێکی گەورە Grand Etre"ی نوێ جێی ئایینە کۆنەکە بگرێتەوە. ئەمەش ڕێک و ڕەوان مرۆڤ دۆستی بوو، واتە "سەرلەبەری ئەو بوونەوەرە پێشوو و ئێستا و ئایندەییانەی کە بە ئازادی لە پێناو گەیاندنی سیستمی گەردوونی بە کەماڵ، پێشبڕکێ دەکەن". لە ساڵی ١٨٤٧دا کۆنت داهێنانی "ئایینی مرۆڤ دۆستی" ڕاگەیاند، لەم ئایینەدا زانست، بەتایبەت زانستی کۆمەڵایەتی، جێی دۆگماکان، زاناکان جێی کاهینەکان، دەگرنەوە. لێرەدا کۆنت دەستی گەیشتە بیرۆکەیەکی ڕۆژانی گەنجی خۆی، کە ئەوکات بەهۆی ناکۆکییەوە لەگەڵ سان سیمۆندا دروست دەبوو، ئەویش کۆماری زانایان بوو. وەلێ دانەری بیروباوەڕی پۆزەتیڤی، دوای بینینی کلۆتیلد، دەیزانی کە زیرەکی بەس نییە بۆ بەیەک بەستنەوەی خەڵکی، بەڵکو خۆشەویستی و سۆزیش، پێویستە. لەپاڵ زانایانەوە دەبێت شوێنێکی گرنگ بۆ ئافرەتانیش تەرخان بکرێت، دەربڕی سۆز و خۆشەویستی بێت کە بوونەوەرەکان کۆدەکەنەوە. کەواتە کۆنت وای بۆدەچێت کە ئایینەکەی خواوەندێکی مسۆگەرکەر، فریشتەیەکی ئێشکگری بۆ دەڕەخسێنێت، کە ئەویش خواوەندی دایکە: ئەمەش وێنەی کلۆتیلد دوڤویە، ئافرەتی ژیانی و خۆشەویستە لەکیس چووەکەی.

لە ساڵەکانی دواتردا کۆنت سیستمی سیاسی پۆزەتیڤی لە چوار بەرگدا نووسی (لەنێوان ساڵانی ١٨٥١- ١٨٥٤ دەرکەوت) لەژێر ناوونیشانی لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای دروستکەری ئایینی مرۆڤ دۆستی. لەهەمان ماوەشدا ساڵی ١٨٥٢ بیروباوەڕی پۆزەتیڤیزمی نووسی، ئەوەش ئەو ماوەیە بوو کە هەندێک لە شوێنکەوتووانی لێی دوورکەوتنەوە، لەوانە جۆن ستیوارت مل کە پشتیوانی لە بیروباوەڕی پۆزەتیڤی دەکرد. ساڵی ١٨٤٨ کۆنت "کۆمەڵەی پۆزەتیڤی" دامەزراند کە لە لایەنگرانی خۆی پێکدەهات. ئەندامانی کۆمەڵەکە، لەوانە ماکسیمیلیان لیترە، "کۆمەکی دارایی پۆزەتیڤی"یان پێشکەش کرد، تا لە ژیان یارمەتی بدات. ئیدی زنجیرەکانی پۆزەتیڤیزم لەو ناوچەیە و ناوچەکانی تری دەرەوەیدا، بڵاودەبووەوە.

ساڵانی کۆتایی تەمەنی کۆنت گۆڕانێکی ڕوولەزیادی بەرەو مەسیحییەت باوەڕی بەخۆوە بینی. کۆنت خۆی وەک "باڵاترین پاپای مرۆڤ دۆستی" ڕاگەیاند: بۆ پایەدارەکانی ئەم جیهانە -قەیسەر نیکۆلا و سەدری ئەعزەمی عوسمانی- ی نووسی و داوای لێکردن کە بڕوا بە پۆزەتیڤیزم بهێنن. لە ساڵی ١٨٥٦دا هاوپەیمانییەکی خستە بەردەم سەرۆکی ڕەهبانییەتی جزویت [یەسوعییەکان] بە ئامانجی تێهەڵکێشکردنی هەردوو بزووتنەوە تەبشیرییەکەیان. پێش دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ توانی لە کەنیسەی نۆتردامدا موژدەی ئایینی پۆزەتیڤی بدات! لە ساڵی ١٨٥٧دا تووشی شێرپەنجەی گەدە بوو، لەو کاتەدا کە شوێنکەوتووانی لە دەوری کۆبووبوونەوە، گیانی سپارد.

## پارادۆکسەکانی کۆنت

وا دەردەکەوێت ژیان و کارەکانی کۆنت لە زنجیرەیەک پارادۆکس دروست بووە: لە زەینی زانستی و عەقلانییەوە، بەرەو دامەزراندنی ئایین چوو؛ وەک تیورسێنێکی پۆزەتیڤیست پشتیوانی لەوە دەکرد کە دەبێ تەنیا بایەخ بە واقیع بدرێ، کەچی ژیانی خۆی بە دروستکردنی گوتارێکی فەلسەفی دوور لە هەر تەماشاکردنێکی ئیمپیریکی، بردە سەر؛ وەک نووسەری بەرهەمێک کە زەینییەتی ڕێکخراو دەیڕێنێتەوە و نووسینێکی تۆکمە و وەرزکەر، کەچی ژیانی تایبەتی خۆی، بەپێچەوانەوە، نا جێگیر و ڕۆمانسی بوو کە حەز و ئارەزووەکان ئاراستەیان دەکرد.

بەدەر لە لێک دژییە کەسییەکان، بەشداری کۆنت تەنیا لە داهێنانی وشەی سۆسیۆلۆژیادا کورت نابێتەوە، کە داهێنانی ئەم زانستە پشت بە دۆزینەوەیەکی سەرەکی دەبەستێ: ئەویش دەرخستنی سەربەخۆیی کۆمەڵگەیە. کۆمەڵگە "گشتێک" پێکدەهێنێت و لەو تاکانەدا کورت نابێتەوە کە پێکی دەهێنن. لەسەروو ئەوەشەوە لەوە تێگەیشتن کە بەدڵنیاییەوە ئەمە پێویستی بە میتودێکی لێک نزیکی و ئاڵۆزە لەپێناو خستنەڕووی ڕێوشوێنە مرۆییەکان کە وەک ڕێوشوێنە زیندووەکانی تر، خۆی بە دیلی لەنێو یاسا ڕەهاکاندا ناهێڵێتەوە.

ئافراندنی ئایینێکی نوێ لەلایەن کۆنتەوە، هەرچەندە لەمڕۆدا وا دێتە بەرچاو کاسمان دەکات، یەکجار بەو جۆرە سەیر و سەمەرەش نییە کە بۆی دەچین. لەو ماوەیەدا تۆنی وشەی "زانستی کۆمەلایەتی = ساینس سۆسیال science sociale" هاوتای "سۆسیال -co ciale= کۆمەڵایەتی" بوو، ئینجا هاوتای "سۆسیالیزم cocialisme هاوبەشێتی" بوو. سۆسیۆلۆژیای تازەپێگەیشتوو وا دەهاتە بەرچاو ئامرازێکە بۆ چارەسەری "پرسی کۆمەلایەتی" و دامەزراندنی یەکێتی لەنێوان مرۆڤەکاندا. بەر لەوەش سان سیمۆن بیروباوەڕی خۆی بۆ "مەسیحییەتی نوێ" گۆڕی و گرووپە توتۆپییە ئەزموونگەراکانی دروست کرد، مارکسیزمیش دەکەوێتە چارەنووسێکی هاوشێوەوە.

**پەراوێز:**

**١- ماوەی نێوان ١٨١٤- ١٨٣٠ لە مێژووی فەرەنسا، گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆنی بۆ حوکم بەخۆیەوە بینی. و.ع.**

**٢- Industrialisme سیستمێکە کە بایەخێکی کۆمەڵایەتی زۆر دەداتە پاڵ پیشەسازی. لە Hachette© Livre, 1988.**

**سەرچاوە:**

**علم الإجتماع- من النظريات الكبرى الى الشؤون اليومية- أعلام و تواريخ و تيارات، إعداد و تحرير: فيليب كابان و جان فرانسوا دورتية، ترجمة: الدكتور إياس حسن، دار الفرقد للطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة الأولى، ٢٠١٠.**

# چەند وێستگەیەکی درەوشاوەی کورد لە مێژووی میسردا

لە عەرەبییەوە: حەمە ساڵح فەرهادی

(٢ - ٢)

**دکتۆر حەسەن زازا**

دکتۆر حەسەن کوڕی محەمەد تۆفیق زازایە و یەکێکە لە ناودارانی هزر و ئەدەب لە میسر و جیهانی عەرەبیدا.

لە زمانە سامییە کۆنەکاندا زانابوو، زۆر چالاکی لە بواری زمان و مێژوو و کۆمەڵایەتی و ئەدەب ئەنجام داوە، چ بە دانان، چ بە بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکان، چ بە پێشکەشکردنی سیمینار لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا.

بنەچەی دکتۆر حەسەن زازا بۆ هۆزێکی کورد دەگەڕێتەوە کە لە باکووری کوردستان دەژین و هەندێک لەخێزانەکانی ئەو هۆزە چوونەتە میسر و بنەماڵەی ئەو لە شاری (منوف)ی (دەلتا)دا نیشتەجێ بوون.

باپیرەی (باوکی باوکی) بەڕێوەبەری پۆلیس بوو، باوکیشی لە (منوف) لە دایک بووە و لە قوتابخانەیەکی فەرەنساییدا خوێندوویەتی و دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، چووەتە ئینگلتەرا و لەوێ لە زانکۆی (لەندەن) خوێندوویەتی، کە گەڕاوەتەوە بۆ میسر خۆی بە نواندنەوە خەریک کردووە، تاکو لەساڵی ١٩٣١دا کۆچی دوایی کردووە.

دکتۆر حەسەن زازا ساڵی ١٩١٩ لە قاهیرە لە دایک بووە، سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتی، پاشان چووەتە قوتابخانەی مژدەبەخش (مبشر)ـەکانی ئینگلیز و دوو ساڵ لەوێدا ماوەتەوە، ئینجا چووەتە قوتابخانەیەکی دواناوەندی لە ناوچەی (قصر النیل) و لەوێ بە پلەی چواردەمین لەسەر ئاستی میسر دەرچووە.

سەرەتا وەکو وەرگێڕ لە ڕۆژنامەی (البلاغ)ی سەر بە حزبی ئەحراری دەستووری کاری کردووە، لەوکاتەی کە لە ڕۆژنامەکەدا کاری دەکرد؛ پێوەندی بە کۆلێژی ئادابی زانکۆی فوئادی یەکەم (کە پاشان بوو بە زانکۆی قاهیرە)



**مستەفا بارزانی**

کرد و لەوێ لە ساڵی ١٩٤١دا بە پلەی یەکەم و پایەی شەرەف بڕوانامەی لە زمانی عەرەبی و زمانە سامییەکاندا وەرگرت و بۆ ماوەی ساڵێک لەدواناوەندییەکی سەر بە کریستانەکان وانەی گوتووەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٢دا بووەتە موعید لە زانکۆی فارووقی یەکەم (زانکۆی ئەسکەندەرییەی ئێستا)، پاشان نێردرایە زانکۆی عیبری لە قودس و لەوێ لە ساڵی ١٩٤٤دا ماجستێری لە ئەدەبی عیبری و هزری جوولەکە وەرگرت و گەڕایەوە بۆ میسر و لە زانکۆی فارووقی یەکەم بوو بە مامۆستای زمانی عیبری و سریانی، پاشان نێردرایە فەرەنسا و لەوێ لە ساڵی ١٩٥١دا فێری زمانی فەرەنسایی بوو و بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دەوڵەتی لە شوێنەوار و مێژووی هونەردا وەرگرت و لە پەیمانگەی خوێندنی باڵا لە سۆربۆن مێژووی زمانەکان و مێژووی ئایینەکانی خوێند و ساڵی ١٩٥٣ دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرت، تێزی دکتۆراکەی بەناوی (سوێند و سوێند خواردن لای جوولەکە سامییە کۆنەکان) بوو.

دوای ئەوە دکتۆر حەسەن زازا گەڕاوەتەوە بۆ میسر و لەوێ وەکو مامۆستا لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی ئەسکەندەرییە دەست بەکاربوو و پایەی ئەکادیمی بەرز بووەوە، تاکو لە ساڵی ١٩٦٩ بوو بە پرۆفیسۆر لە زانستەکانی زماندا، پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ خانەنشین کرا.

دکتۆر حەسەن وەکو پرۆفیسۆر بۆ ئەم زانکۆیانەش ئینتیداب کراوە: زانکۆی قاهیرە و ئەزهەر و عێن شەمس لە میسر و محەمەدی پێنجەم لە ڕیبات و زانکۆی بەیرووت و مووسڵ و بەغداو بەسرە و ئوم دەرمان. بۆ ماوەی ساڵێکیش لە زانکۆی وەلی عەهد لە ماڵتا وانەی بە زمانی ئینگلیزی گوتووەتەوە، پاشان بۆ ماوەی (١٢) ساڵ، لە (١٩٧٨-١٩٩٠) بووەتە مامۆستا فیقهی زمان و خوێندنی عیبری لە زانکۆی مەلیک سعوود لە ڕیاز، پاشان بووەتە ڕاوێژکاری بنکەی مەلیک فەیسەڵ بۆ لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان، تا لە ڕۆژی هەینی ١٩٩٩/٤/٩ لە تەمەنی (٨٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دکتۆر حەسەن زازا زۆر کتێبی چاپکراو و وتار و موحازەرە و شیعری هەیە، دوو بەرنامەیشی لە ڕادیۆدا هەبووە بەناوی (من قلب اسرائیل) و (أحلى الكلام).

کتێبە چاپکراوەکانی: (اللسان والإنسان: مدخل الى معرفة اللغة- ١٩٩٠) و (الساميون و لغاتهم- ١٩٩٠) و (كلام العرب في اللغويات العامة و السامية - ١٩٩٠) و (الفكر الديني اليهودي- ١٩٩٥) و (الشخصية الأسرائيلية- ١٩٩٠) و (أبحاث في الفكر اليهودي- ١٩٨٧) و الصهيونية العالمية وإسرائيل- ١٩٧١) بەهاوبەشی لەگەڵ دکتۆر فەتحوڵڵا خەتیب و عائیشە ڕاتب و (منهج سيبويه في النحو العبري بين يهود الأندلس) و (سيرة بهلول) کە دیوانێکی شیعرییە و بریتییە لە (١٨) سروود و (٥٠٠) دێڕە شیعری ستوونی و شیعری تەفعیلەیی و (القدس) و (أثر الفكر الإسلامي في الفكر العبري في أسبانيا الإسلامية) بە زمانی عیبری، کە نامەی ماستێرەکەی بوو لە ساڵی ١٩٤٤دا پێشکەش بە زانکۆی عیبری کردبوو لە قودس.

لە کتێبە دەستنووسەکانیشی: (كتاب عام عن تأريخ اليهود) لە (١٠) بەرگداو (العرب على المائدة) و (الحيوان في التوراة) و (فلسفة الفن وتأريخه) کە لە گۆڤاری (الفيصل) و ڕۆژنامەی (الرياض)ی سعوودیدا بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها بەشداری لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەدا کردووە و موحازەرەی تێدا گوتوونەتەوە و

کۆڕی شیعریشی پێشکەش کردووە.

**شێخ محەمەد نەجمەددین کوردی**

محەمەد نەجمەددین کوڕی محەمەد ئەمینی زانای کوردی نەقشبەندییە، زاناو ڕابەر و بانگخوازێکی ئیسلامی بوو. ساڵی ١٩١٩ لە قاهیرە لە دایک بووە، کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەو هێشتا بچووک بووە، بۆیە ڕەوانەی لای خەلیفە شێخ سەلام عەززام کراوە، ئەویش بە باشترین شێوە پەروەردەی کردووە.

لە ئەزهەر خوێندوویەتی و تەواوی کردووە، بەڵام نەبووەتە فەرمانبەری حکوومەت، بەڵکو وەکو باوکی خەریکی بانگخوازی و ڕابەرایەتیکردنی قوتابی و دۆستەکانی بووە لە قاهیرە و دەوروبەر و گوندەکانیدا.

شێخ محەمەد نەجمەددین وەکو سەرچاوەیەک وابوو بۆ خوێندکارانی ئەزهەر و ئەوانەی لە دەرەوە دەهاتن، لە ماڵی خۆیدا خۆی تەرخان کردبوو بۆ وانە گوتنەوە، گرنگیی بە کتێبەکانی باوکی دەدا و بەخۆشی کتێبی (النهایة في الفتن والملاحم)ی ئیبن کەسیری ساخ کردووەتەوە. لە سەردەمی عەبدولناسردا بە زۆری نیشتەجێکردن (الإقامة الجبرية)ی بەسەردا سەپاوە.

ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کرد و چەند کوڕێکی لە پاش بەجێما کە هەموویان ئەزهەریان تەواو کرد.

**دوڕییە عەونی (ڕۆژنامەنووس و نووسەر)**

دوڕییە کچی محەمەد عەلی عەونی سوێرکییە، ڕۆژنامەنووس و نووسەرە، لە قاهیرە لە دایک بووە، باوکی کورد بووە و لەسەردەمی مەلیک فاروقدا وەرگێڕی دیوانی مەلیک بووە.

(دوڕییە لە قوتابخانە فەرەنساییەکاندا خوێندوویەتی و لەوێ خوێندنی تەواو کردووە، وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی لە پاریس کاری کردووە و هەواڵەکانی جیهانی عەرەبی بە زمانی فەرەنسی بۆ نووسیون، هەروەها لە پاریسەوە پەیام و نووسینی بۆ زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری میسر و وڵاتە عەرەبییەکان ناردووە، لەسەرۆکایەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییەکانی فەرەنسا بوو.

دوڕییە عەونی دوو کتێبی چاپ کردووە:

١- عرب و اكراد/ قاهيرە ١٩٩٣.

٢- الاكراد من كمال أتاتورك إلى أوجلان ١٩٩٩.

سەردانی کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیای کردووە و چاوی بە هەندێک سەرکردەی کورد کەوتووە و دیمانەی لەگەڵدا کردوون، وەکو: مەلا مستەفای بارزانی و جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان و دیمانەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

**بەشداریکردنی کوردی میسر لە بواری هونەر و میوزیکدا**

*** میوزیک و دەرهێنانی سینەمایی**

لە بواری هونەری میوزیک لەناو کوردەکانی میسردا؛ خوالێخۆشبوو عومەر خورشیدی گیتارژەن و هەردوو خوشکەکەی شیرین و شەریهان بەدیارکەوتن. لە بواری سینەماشدا دەرهێنەری گەورە (ئەحمەد بەدرخان) و (عەلی بەدرخان)ی کوڕی بەدیارکەوتن، کە زۆر فیلمی وەکو (كرنك) و (شفيقة ومتولي) و (أهل القمة) و (الحب الذي كان) و زۆر کاری دیکەی دەرهێناوە کە گەواهی لەسەر داهێنانەکانی دەدەن، هەروەها کارکردن لەگەڵ نووسەری گەورە (نەجیب مەحفووز) بووە هۆی ئەوەی ناوی زیاتر لە دەرهێناندا بڵاوبێتەوە، بەهۆی ئەو بایەخە زۆرەی کە مەحفووز بەکارەکانی ئەوی دەدا.

*** نواندنی سینەمایی و گۆرانی**

سەندرێلای شاشەی عەرەبی، هونەرمەندی ناسراو (سوعاد حوسنی) کچی محەمەد حوسێن ئەمین بابا (بابانی)ی خۆشنووسە، کە لە سووریاوە هاتووەتە میسر و بەهۆی هونەرە جوانەکەی و کارامەیی لە کارەکەیدا، توانی هونەری خۆشنووسی بۆ میسر بگەڕێنێتەوە. ئەو هونەرمەندە خۆشنووسە لەوکاتەی کە لە کۆشکی مەلیکی سعوودیەدا کاری کردووە؛ هێڵکاری و زەخرەفەی بۆ کەعبەی پیرۆزیش کردووە، پاشان هاتووەتە میسر.

محەمەد حوسێن ئەمین کوڕی گۆرانیبێژی بەناوبانگی سووریا (حوسنی بابا) و برای ئەکتەری کۆمێدی (ئەنوەر بابا)یە، کە لە ڕادیۆی لبناندا بەناوی (أم كامل) ڕۆڵی ئافرەتی بینیوە،

سوعاد حوسنی ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی (بولاق) لە قاهیرە لە دایک بووە، گۆرانیبێژی ناسراو (نەجات سەغیرە) خوشکی ئەو بوو (تەنیا لە باوکییەوە)، لە



دوریە عەونی

شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا شاعیرو هونەرمەند (عەبدولڕەحمان خەمیسی) توانی بەهرەی ئەو هونەرمەندە دەربخات، ئەویش دوای ئەوەی دەستنیشانی کرد و لە شانۆگەریی (شیکسپیر)دا ڕۆڵی (ئۆفیلیا)ی خۆشەویستی (هاملێت)ی پێ سپارد. دوای ئەوەی کە لە فیلمی (حەسەن و نەعیمە)شدا ڕۆڵی ئەکتەری بینی؛ زیاتر ناوبانگی بڵاوبووەوە. ئەو فیلمە ساڵی ١٩٥٨ (بەرەکات) دەری هێنابوو، بێجگە لەمانە لەبەردەم ئەکتەرە هەرە بەناوبانگەکانی میسردا دەیان فیلمی سینەمایی و تەلەڤزیۆنی پێشکەش بە شاشەی عەرەبی کردووە و لەکار و بەرهەمی گەورە نووسەراندا ڕۆڵی بینیوە، وەکو (الحب الضائع)ی تەها حوسێن و (نادیە)ی یووسف سوباعی و (قاهیرە) و (کەرنەک)ی نەجیب مەحفووز و (بئرالحرمان)ی ئیحسان عەبدولقودووس، هەروەها کاری نایابی بۆ کامیل شناوی و ئەحمەد ڕەجەب و ئەحمەد ڕوشدی و هی دیکەش کردووە. بەم جۆرە ناوبانگی لە جیهاندا بڵاوبووەوە و بوو بەناوێکی سەرزاران، ئەویش بەهۆی ئەو بەهرە کەم وێنەیەی بوو کە لە نواندن و گۆرانی گوتندا هەیبوو.

سوعاد حوسنی چەند مێردێکی کردووە، یەکێک لەوانە عەلی بەدرخانی دەرهێنەرە، کە بۆ ماوەی (١١) ساڵ هاوسەری بووە. عەلی بەدرخان لەسەردانێکیدا بۆ نووسینگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاهیرە ئەمەی بە بەڕێز حازم یووسفی گوتووە و کورد بوونی سوعاد حوسنیشی دووپات کردووەتەوە.

سوعاد حوسنی ساڵی ٢٠٠١ لە لەندەن لە بارودۆخێکی نادیاردا گیانی لەدەستدا.

*** هونەری شێوەکاری**

هەردوو هونەرمەندی شێوەکار ئەدهەم و محەمەدی کوڕی سەیفەددین وانلی، کە لەناوی هەردووکیانەوە بەدیاردەکەوێت؛ باپیرانیان لە شاری (وان)ی کوردستانی تورکیاوە هاتوون.

محەمەد سەیفەددین وانلی ساڵی ١٩٠٦ لە خێزانێکی هەبووە و عاشقی ئەدەب و هونەر لە دایک بووە، ئەدیب و شاعیرەکانی میسری وەکو ئەحمەد شەوقی و عەبدە حاموولی و هی دیکەش هاتوچۆی ماڵی ئەوانیان کردووە، ئەویش هەموو جارێک چەند کاتژمێرێک لای ئەوان دادەنیشت و گوێی لە هەڵسەنگاندنی شیعر و باسی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرت. لە ماڵی ئەوانیشدا کتێبخانەیەکی پڕ کتێبی ئەدەبی و شیعر هەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە قووڵی بخوێنێتەوە، بێجگە لە بوونی چەند تابلۆیەکی گەورە هونەرمەندانی جیهان، کە بەرانبەریان ڕادەوەستاو لێیان ورد دەبووەوە.

محەمەد سەیفەددین وانلی لە نیگارخانەکەی خۆیدا؛ خۆی بۆ کاری هونەری تەرخان کرد و ئەدهەم وانلی براشی بەشداری لەگەڵدا دەکرد. ئەو هونەرمەندە دەیان تابلۆی هونەری ڕەسم کردووە و بەڕاستی داهێنەر بووە؛ تا ئەو ڕادەیەی شێوازی ئەو بە (تەجریدیی غینائی) ناسرا.

ئەو هونەرمەندە ڕێزی پێویستی لێنرا، پەیمانگاو مۆزەخانەیەکیشی بەناوی ئەدهەمی برای لە ئەسکەندەرییەدا کردەوە، کە تابلۆ و وێنەی لێ دانابوون.

زۆربەی ژیانی بە ڕەبەنی بەسەر برد، پاشان لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا خانمە هونەرمەندی شێوەکاری (ئیحسان موختار)ی هێنا، کە قوتابییەکی خۆی بوو و زۆر ڕێزی بۆ هونەرەکەی هەبوو، بەڵام ساڵی ١٩٧٦ماڵئاوایی کرد و هیچ منداڵی لە پاش بەجێ نەما.

کارە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندە لەگەڵ ئەدهەم وانلی برای شوێنێکی دیاریان لە مێژووی هونەری نوێی

شێوەکاری میسردا هەیە.
چەند هونەرمەندێکی دیکەش هەن کە بە بنەچە کوردن.

## کورد و شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆ و سەرۆک جەمال عەبدولناسر

پێوەندیی میسر (گەل و دەوڵەت) لەگەڵ کورددا ڕەگێکی قووڵی هەیە. لە مێژووی هاوچەرخیشدا شۆڕشی یۆلیۆ (تەمووز) و سەرکردەکەی پێشەوا جەمال عەبدولناسر، قۆناغێکی نوێی دەست پێکرد کە خۆی لە هاوڕێیەتی و هەڵوێستی مەبدەئی و بەرپرس بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد و ڕۆڵی ئەرێنی لە پاراستنی برایەتی نەتەوەیی کورد و عەرەبدا دەبینییەوە، هەرچەندە هێز و تەوژمە ناحەزەکانی کورد هەوڵی نەهێشتن و لەباربردنی ئەو پێوەندییە مێژوویییەیان دەدا، کە ڕەگی لە قووڵایی مێژوودا داکوتابوو، بەڵام ڕۆڵی وڵاتی میسری هاوچەرخ لە پاڵپشتی کردنی کێشەی کورد، ڕۆڵێکی شارستانی و پێشەنگانە بوو و لەگەڵ مەنتیقی بنەما نیشتمانی و مرۆڤایەتییەکاندا دەگونجا، ئەویش لە ڕێگەی بەیەکەوە ژیانی گەلان و یەکسانی و دیموکراسی و ئاشتیدا.

پێش بەرپابوونی شۆڕشی یۆلیۆ، لە ساڵی ١٩٤٥دا جەماوەری کورد لە بەغدا و ئەندامانی حزبی ڕزگاریی کورد؛ شان بە شانی هێزە نیشتمانییە عەرەبییەکانی عیراق، بەشدارییان لەو خۆپیشاندانانەدا کردووە کە پاڵپشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میسریان دەکرد دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و یاداشتێکی ناڕەزاییان دژی تاوانەکانی هێزەکانی ئیمپریالیزم پێشکەش کرد و لەگەڵ میسرییەکاندا داوای کشانەوەی تەواویان لە دۆڵی نیل و هەموارکردنی پەیمانی میسر- ئینگلیز کرد.

## شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ و کورد

شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆی ١٩٥٢ بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر و ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بوو، کە بێ خوێن ڕشتن کۆتایی بە فەرمانڕەوایی مەلیک فارووق هێناو بووە هۆی ئەوەی سوپایەکی بەهێز پێک بهێنرێت و چاکسازییەکی فراوان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بکرێت و میسری بۆ وڵاتێکی کاریگەر لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی گۆڕی و پشتگیریی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهانی کرد.

ئەو شۆڕشە ڕۆڵێکی باشی هەبوو بۆ پتەوکردنی پێوەندیی کورد و میسر و ساڵی ١٩٥٦ کە هێرشە سێ قۆڵییەکە کرایە سەر میسر؛ کوردی عیراق شان بە شانی برا میسرییەکانیان وەستان و گەلی کورد و هەموو ئەو حزبانەی کە لە عیراقدا هەبوو(٧)؛ لەگەڵ میسردا بوون، تەنانەت سەرۆکی ئێستای عیراق (جەلال تاڵەبانی) لە قوتابخانە دەرکرا، چونکە بەشداریی لەو خۆپیشاندانەدا کرد کە لایەنگیری میسریان دەکرد. هەروەها مەلا مستەفای بارزانی، کە ئەوسا لە یەکێتیی سۆڤیەت بوو، ئامادەباشی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی لەگەڵ جەنگاوەرەکانیدا بێتە میسر، تاکو لەگەڵ میسرییەکاندا دژی فەرەنسا و ئینگلیز و ئیسرائیل بجەنگێت.

## یەکەمین ڕادیۆی کوردی لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٥٧

ساڵی ١٩٥٧ دوای بەیەکگەیشتنی نوێنەرانی شۆڕشی کورد(٨) و بەرپرسانی میسر، بە تایبەتی (کەمال ڕەفعەت)ی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بە هاوهەڵوێستی عەبدولناسر لەگەڵ کورد؛ ڕادیۆی قاهیرە یەکەمین ئێستگەی ڕادیۆی بەزمانی کوردی لە مێژوودا کردەوە(٩) کە ئاراستەی کوردستان کرابوو و ڕۆژانە یەک کاتژمێر بە زمانی کوردی پەخشی بڵاو دەکردەوە.

بەرنامەکانی ئەو ڕادیۆیە لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و مێژوویی بۆ ئاراستەکردنی سیاسی، وەکو زمانحاڵی تێکۆشەرانی کورد بوو.

کردنەوەی ئەو ڕادیۆیە بە زمانی کوردی کاریگەرییەکی باشی لەسەر جەماوەری کورد هەبوو، کە ئەوسا دان بە بوونی نەتەوایەتیدا نەدەنرا، بۆیە لەلایەن کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان (عیراق- ئێران- سووریا- تورکیا)وە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا و لە هەموو لایەکەوە نامەی بۆ دەهات.

ڕۆڵی ئەم ڕادیۆیە خۆی لە پەرەپێدانی هیممەتی کورد و هەستی نەتەوەیی و پتەوکردنی پێوەندیی نەتەوەی عەرەب لەگەڵ نەتەوەی کورددا دەبینییەوە، ئاماژەیەکی بەهێزیش بوو کە میسر بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر لەگەڵ گەلی کورد و کێشە ڕەواکەیدایە و ڕاگەیاندنی سیاسەتی میسر و هاوکاریکردنیشی بوو بۆ کورد.

لەو کەسانەی کە ئەو ڕادیۆیەیان بەڕێوە دەبرد (شێخ عومەر وەجدی)(١٠) بوو، کە کوردێکی ماردین بوو، چەند خوێندکارێکی کوردیش کاریان لەگەڵدا دەکرد، کە پاشان هەندێک لەوانە بوونە بەرپرسی گەورە لە کوردستاندا، وەکو (دکتۆر فوئاد مەعسووم)ی یەکەمین سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٩٢، هەروەها نووسەر (عەبدولوەهاب مەلا) لە گەڕەکی کوردان (تاخا کوردان)ی دیمەشق، کە دەرچووی زانکۆی ئەزهەرە و ئێستا لە سوێد کار دەکات.

دوای کردنەوەی ئەو ڕادیۆیە، شای ئێرانیش ناچار بوو ڕادیۆیەکی کوردی لە شاری کرماشان دابمەزرێنێت، بۆ ئەوەی بەرپەرچی ڕادیۆی قاهیرە بداتەوە.

یەکێک لەو قسە خۆشانەی کە بە بۆنەی ئەو ڕادیۆیەوە کراوە، ئەوەیە کە باڵیۆزی تورکیا لە قاهیرە بەرانبەر بە کردنەوەی ڕادیۆی کوردی لە میسر، نارەزایی دەربڕیبوو، جەمال عەبدولناسریش بانگی کردبوو و لێی پرسیبوو: ئایا کورد لە تورکیا هەیە؟

باڵیۆزیش بە نەخێر وەڵامی دابووەوە.

ئینجا عەبدولناسر بە نارەزاییەوە پێی گوتبوو: کەواتە ئەو نارەزایی دەربڕینە بۆ چییە؟!

ئەو ڕادیۆیە (١٠) ساڵ بەردەوام بوو، تاکو دوای جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ وەکو دەڵێن: بەهۆی ئابوورییەوە داخرا.

## دیداری نێوان مستەفا بارزانی و عەبدولناسر – ١٩٥٨

یەکەمین دیداری ڕاستەوخۆ لەنێوان سەرۆک جەمال عەبدولناسر و پێشەوای بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد مستەفا بارزانی لەوکاتەدا بوو کە بارزانی لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ عیراق ساڵی ١٩٥٨ بە میسردا گەڕایەوە، دوای ئەوەی ماوەی (١١) ساڵ لە یەکێتیی سۆڤیەتی مایەوە.

جەمال عەبدولناسر پێشوازی لە بارزانی کرد، کە چەند ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی لەگەڵدابوو، وەکو میر حاج و نووری ئەحمەد تەها و شێخ سادقی بارزانی و عوبەیدوڵڵا بارزانی. لەو دیدارەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی عیراق و ناوچەکە و کێشەی کورد کراو بیروڕا ئاڵوگۆڕ کرا، هەروەها عەبدولناسر بە درێژی باسی پلانی دەرچوونی بارزانی و هاوەڵەکانی لە بارزانی پرسی؛ کە چۆن توانی لە سنووری سێ وڵاتی ناحەزدا بپەڕێتەوە و بگاتە ڕووسیا.

هەروەها جەمال عەبدولناسر ١٩٦٣ پێشوازیی لە بەڕێز جەلال تاڵەبانی کرد، دوای ئەوەی پێشتر لە ساڵی ١٩٥٦ کوردی عیراق و گەلی عیراق بەگشتی لایەنگیری میسریان کرد لە هەمبەر هێرشە سێ قۆڵییەکەی کرایە سەر میسر.

لەکاتی وتووێژی یەکێتی نێوان میسر و سووریا و عیراقدا لە ١٩٦٣/٢/٢٤ دیدارێک لەنێوان جەمال عەبدولناسر و شاندێکی کوردی بە سەرۆکایەتیی (فوئاد عارف) کرا و ئەو دیدارە کاتژمێر و نیوێکی خایاند و لەم ماوەیەدا عەبدولناسر گوێی لە داواکارییەکانی کوردی عیراق گرت؛ کە لە ڕێگەی شاندەکەوە پێی ڕاگەیەنراو داوای ڕوونکردنەوەی هەندێک لەو مەسەلانەی کرد کە بۆ ئەو ڕوون نەبوون، هەروەها بەیەکەوە باسیان لە ڕێگا چارەکانی کێشەی کوردستانی عیراق کرد.

جەمال عەبدولناسر لە یەکێک لە وتارەکانیدا هەڵوێستی خۆی لە هەمبەر کێشەی کورد دیاری کرد و بەشێوەیەکی ئاشکراتریش هەڵوێستی خۆی لە دیدارێکدا ڕوون کردەوە کە پەیامنێری ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسایی لەگەڵی کرد و ڕایگەیاند: (کورد گەلێکە برای عەرەبە، ئەوان وەکو هەر گەلێکی دیکە مافی خۆیان هەیە لە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی و ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمییەکی تەواو بە کوردی عیراق بدرێت و داوای چارەسەرکردنێکی کردەیی کرد، هەروەکو چۆن وڵاتە سۆشیالیستەکان چارەسەری دەکەن، واتە مافی چارەنووسی دوارۆژی کورد و یەکێتی ئارەزوومەندانەیان لەگەڵ عەرەب و هاوپەیمانی هەردوولا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و داوای زیاتر پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کوردی کرد).

ئەو دیدارە دەنگدانەوەیەکی فراوانی لەلایەن دەستەڵاتدارانی تورکیا و ئێرانەوە هەبوو، ڕۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی لە ڕۆژی ١٩٦٣/٤/٢٤دا وەکو نارەزایی دەربڕینێک نووسیبووی: (ئێستا مەترسییەکی ڕاستەقینە لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە کە لەوانەیە کێشەی کوردی عیراق بۆ دەرەوە بچێت و شێوازێکی نێو دەوڵەتی وەربگرێت. ڕاستییەکان ئەوە دەردەخەن کە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عیراق بە فەرمانی عەبدولناسر

دەبێت، دیارە عەبدولناسریش دەیەوێت ناوەند- بوێرە- یەکی مەترسیدار لەسەر سنووری تورکیا دابنێت و پاشان فراوانی بکات).

ئێرانیش بە هەمان شێوە نیگەران ببوو، بۆیە پەیمانی (ناتۆ) لە ساڵی ١٩٦٣دا لە (ئەزمیر)ی تورکیا کۆبوونەوە و پلانێکیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی ئێران و تورکیا دژی کوردی عیراق بوەستن، ئەم پلانە ناوی (دجلە)ی لێنرا، بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، بەڵام یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٧دا حکوومەتی (عیراق و سووریا و تورکیا و ئێران)ی ئاگادار کردەوە و هۆشداری دانێ لە هەر کردەوەیەک کە دژی کورد ئەنجام بدرێت.

جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر هەموو جارێک دووپاتی دەکردەوە کە دان بە بوونی گەلی کورددا دەنێت و بە پێویستی دەزانی هەردوو بزاڤەکە یەک بگرن دژی دوژمنەکانی نەتەوەی عەرەب و لەگەڵ مافی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کورد؛ بە مەرجێک نەبێتە هۆی لە یەکتر جیابوونەوە، هەروەها هەولی ئەوەی دەدا سەرکردەکانی عیراق (عەبدولسەلام عارف)، پاشان (عەبدولڕەحمان عارف) بگەنە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە کێشەی کورد بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت و جەنگ دژی کورد، بێ هوودە هێزە عیراقییەکان لاواز دەکات.

هەروەها لە جەمال عەبدولناسری سەرۆکی پێشووی میسر دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: (ڕۆژێک دادێت دەوڵەتێکی کوردی لەنێوان عەرەب لە لایەک و فارس و تورک لەلایەکی دیکە دروست دەبێت).

عەبدولناسر دانی بە تایبەتمەندییەکانی کورددا دەناو دەیویست ئەو تایبەتمەندییە لە ڕووی کارگێڕی و ڕۆشنبیرییەوە جێبەجێ بکرێت و لەگەڵ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد بوو لە عیراقدا.

ئەو هەڵوێستی هاوسۆزی و پاڵپشتی کردنی جەمال عەبدولناسر بۆ کێشەی کورد لەوانەیە لە سەرەتاوە بەهۆی ئەو ناتەباییە بووبێت کە لەگەڵ نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی عیراق، پاشانیش لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم هەیبوو، بەڵام دوای ئەوەی سەرکردەکانی کوردی ناسی؛ گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە میسر پاڵپشت بێت. هەندێک لە نیشتمانپەروەرانی کورد لەکاتی یەکێتی نێوان سووریا و میسردا هەڵوێستێکی نەرێنی (سلبی)یان بەرانبەر بە شۆڕشی یۆلیۆ و عەبدولناسر وەرگرت، چونکە دەستەڵاتدارانی سووریا لەو قۆناغەدا دژی کوردی سووریا دەجووڵانەوە و بە کۆمەڵ خەڵکی نیشتمانپەروەریان دەگرت و بەربەرەکانێی داخوازییە نەتەوایەتییەکانیان دەکرد.

(تالیب شەبیب)ی سیاسەتمەداری عیراق لە یادداشتەکانیدا، دان بەوەدا دەنێت کە دوای ئەوەی نەتەوەخواز و بەعسییەکان دەستەڵاتیان گرتە دەست؛ جەمال عەبدولناسر لە کورد هەڵگەڕایەوە و چەک و کەرەستەی جەنگی دەدایە سوپای عیراق دژی مستەفا بارزانی و هێزەکانی.

هەروەها سەرۆک عەبدولناسر لەسەر داوای بەڕێز جەلال تاڵەبانی؛ شەهید شەوکەت ئاکرەیی کردە نوێنەری شۆڕشی کورد لە میسر و دوای ئەوە هەموو ئەو هەوڵانەی ڕەت دەکردەوە کە موشیر عەبدولسەلام عارف و وەزیرە ناسرییەکانی عیراق دەیان دا بۆ دەرکردنی نوێنەری کورد، یان هەر نەبێت سنووردار کردنی چالاکییەکانی لە قاهیرە، هەروەکو لەبەردەم موشیر عەبدولسەلام عارف و سەرکردەکانی دیکەی عیراقدا؛ دژی دەست پێکردنەوەی شەڕ و کوشتار بوو، هەروەها دژی ئەوە بوو کە شەڕ بە تاکە ڕێگە چارەی کێشەی کورد بزانرێت.

دوای ئەوەی لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەنێوان کورد و بەعس لەسەر بنەمای دان پێدانان بە بوونی نەتەوەی کورد و پێدانی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کارگێڕی (ئیداری) لە کوردستان ئیمزا کرا؛ عەبدولناسر پاڵپشتی کرد و بەرگریشی لێ کرد.

بە کورتی لەسەردەمی ناسردا؛ جەمال عەبدولناسر جێ پەنجەیەکی دیاری لە جیهانی عەرەبیدا بەجێ هێشت، سەبارەت بە کێشەی کوردیش ڕۆڵێکی گەشەداری هەبوو و داوای برایەتی نێوان کورد و عەرەبی دەکرد؛ ئەویش لە تێڕوانینێکی ستراتیژی و هەستێکی پاکی نیشتمانپەروەرییەوە بوو.

### تێکچوونی پێوەندیی کورد و عەرەب (١٩٧٥- ١٩٩١)

دەتوانرێت بگوترێت پێوەندییەکانی عەرەب و کورد، بە تایبەتی پێوەندییە توند و تۆڵەکانی لەگەڵ میسر؛ دوای کۆنگرەی شوومی جەزایر لە ساڵی ١٩٧٥دا کە لەنێوان

ئێران و عیراقدا مۆرکراو بەشێوەیەکی تراژیدی بووە هۆی لەناوبردنی شۆڕشی کورد لە عیراق، ئەو پێوەندییە ساردیی تێکەوت؛ پاشان لە کاتی جەنگی عیراق- ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨داو تاکو جەنگی دووەمی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، ئەو ساردییە هەر بەردەوام بوو.

### سەردەمی سەرۆک محەمەد ئەنوەر سادات

دوای نەمانی یارمەتیدەری کێشەی کورد جەمال عەبدولناسر؛ بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە قاهیرە لە چلەکەیدا ئامادە بوو و سەرۆک محەمەد ئەنوەر سادات پێشوازی لێ کرد و پەرۆشیی خۆی دەربڕی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ و یەکڕیزیی نیشتمانپەروەرانی کورد و هەوڵێکی زۆری دا بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی براکوژی لە عیراقدا.

دوای ئەوەش کە کوشتار لە عیراق لەنێوان حکومەت و کورددا دەستی پێ کردەوە، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان(١١) چووە قاهیرە و لەلایەن وەزیری کاروباری عەرەبی لە سەرۆکایەتی کۆماردا بەناوی سەرۆک محەمەد ئەنوەر ساداتەوە پێی ڕاگەیەنرا کە میسر بە توندی ئەوە ڕەت دەکاتەوە شەڕ ببێتە ڕێگایەک بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد و میسر لەسەر ئەوە پێ دادەگرێت کە چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد دابنرێت.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٥دا سەرۆک سادات بەهۆی مامۆستا ئەحمەد بەهادینەوە بە بەڕێز جەلال تاڵەبانیی ڕاگەیاند کە ئەو ئامادەیە لە قاهیرە پێشوازی لە شاندێکی باڵای کورد بکات و ئەو شاندەی لەگەڵ خۆیدا بردە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە مەغریب و داوای چارەسەرکردنێکی عەرەبی کرد بۆ کێشەی کورد لە عیراق.

پاشان پێشوازی لە مامۆستا سامی عەبدولڕەحمان کرد و ڕێککەوتننامەی ئێران و عیراقی پێ ڕاگەیاند، پاشان فەرمانی دا کە دەرگای قاهیرە لەبەردەم سیاسییەکانی کورددا بکرێتەوە، ئەوانەی کە دوای ڕێککەوتننامە شوومەکەی جەزایر دەیانویست لە دەرەوە بمێننەوە.

بەڕێز فوئاد مەعسووم لە ساڵانی ١٩٧٣- ١٩٧٥ لەوکاتەی کە لە زانکۆکانی ئەوێدا دەیخوێند؛ نوێنەری شۆڕشی کورد بوو لە میسر. پێوەندییەکانی کورد و میسر هەر بە ڕواڵەت بوو، تەنانەت دوای ڕێککەوتنی کامپ دێڤید و کۆنگرەی بەغدا لەسەردەمی ڕژێمی پێشووی عیراقدا کە میسری لێ دوورخرایەوە، پێوەندییەکانی میسر لەگەڵ گەلی کورد هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینی، چونکە میسر لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە تاکو ئەوکاتە؛ بە تەواوی سەرقاڵی کێشەی شەڕ و ئاشتی بوو.

لەسەردەمی سەرۆک محەمەد حوسنی موبارەکیشدا پێوەندییەکانی نێوان کورد و میسر تەنیا لەسەر ئاستی دیپلۆماتکارە بچووکەکانی میسر بوو لە دەرەوە لەگەڵ نوێنەرانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا.

پاشان هەوڵی گەڕاندنەوەی پێوەندییەکانی کورد و میسر دەستی پێ کردەوە، ئەویش دوای سەردانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بوو بۆ قاهیرە، لە سەرەتای ئایاری ساڵی ١٩٩٧دا، کە لەسەر داوایەکی فەرمی لە حکومەتی میسرییەوە پێی گەیشتبوو و لە میانەی سەردانەکەیدا چاوی بە وەزیری دەرەوەی میسر بەڕێز عەمرو مووسا و هەندێک لەبەرپرسانی دەوڵەت و پیاوانی خاوەن هزر و ڕۆشنبیری کەوت. لە ئەنجامی ئەو سەردانەدا سەرەتای پێوەندییەکی نوێ و قووڵ لەگەڵ کۆماری میسر دەستی پێ کردەوە، یەکێک لەلایەنەکانی ئەم پێوەندییە ئەوەبوو کە بەڕێز عەدنان موفتی بەشێوەیەکی هەمیشەیی وەکو نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاهیرە بمێنێتەوە.

### دیالۆگی عەرەب- کوردی لە کۆنگرەی قاهیرەدا - ١٩٩٨

پێوەندییەکانی کورد و عەرەبی دوای جەنگی عیراق- ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ و دووەمین جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا تووشی شکستییەکی گەورە بوو و کوردی عیراق ڕووبەڕووی کارەساتی گەورە گەورە بوونەوە، وەکو هەڵمەتەکانی ئەنفال کە (١٨٢) هەزار شەهیدی لێکەوتەوە و کیمیابارانی هەڵەبجە بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، کە ئەنجامەکەی (٥) هەزار شەهید و (١٠) هەزار بریندار بوو، هەروەها (٥) هەزار گوندی کوردیش وێران کران.

لە ئەنجامی تێکچوونی پێوەندییەکانی کورد و عەرەب، هەندێک لە ڕووناکبیرانی میسر، بە تایبەتی مامۆستا (ئەحمەد حەمرووش)ی سەرۆکی لیژنەی میسری بۆ هاوکاری؛ هەوڵیان دا پێوەندییەکان بگەڕێننەوە و

هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد یەک بگرن، هەروەکو چۆن بە درێژایی مێژوو هەروابوونە و دوورکەوتوونەتەوە لە کوشتار و خوێن ڕشتن، بۆ ئەوەی هێزە بیانییەکان نەتوانن بەهۆی ئەو ناکۆکییەوە درزی هاتنە ژوورەوەیان دەست بکەوێت. لەمەوە بیرۆکەی وتووێژی عەرەبی-کوردی هاتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی مەسەلەکان ڕوون بکرێنەوە و ڕاستییەکان دەربکەون و لاپەڕەیەکی نوێ لە یەکگەیشتن و هاوکاری لەنێوان عەرەب و کورددا بکرێتەوە. دوای هەوڵێکی چڕ کە لیژنەی میسری بۆ هاوکاری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کەسایەتییەکانی کورد و عەرەبیدا، یەکەمین سیمیناری وتوویژی عەرەبی - کوردی لە ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ی ئایاری ١٩٩٨ لە قاهیرە لە هۆڵێکی هۆتێل شیراتۆن کە بەناوی (سەلاحەددین)ەوە بوو سازکراو لەم سیمینارەدا زۆر حزب و بنکەی ڕۆشنبیری و کەسایەتیی میسری و عیراقی و عەرەبی بەشدار بوون و هەڵسەنگاندنێکی ڕاستو دروست بوو بۆ ئەو بارودۆخەی ناوچەکەی پێیدا دەڕوات، هەروەها کوردیش پابەندبوونی خۆیان بە یەکێتیی عیراق ڕاگەیاند و چەند بنەمایەکی نوێ دانرا بۆ بەردەوامبوونی پێوەندییەکان لەگەڵ عەرەبی عیراقدا، لە چوارچێوەی نیشتمانێکی فرەیی (تعددي) و دیموکراسی و یەکگرتوودا.

هەروەها بەشدار بووە عەرەبەکانیش ئارەزووی خۆیان بۆ ڕێزگرتنی مافەکانی کورد و ڕۆشنبیرییە نەتەوایەتییەکەی ڕاگەیاند، پاشان بابەتەکانی ئەو کۆنگرەیە لە کتێبێکدا کۆکرایەوە بەناوونیشانی (الحوار العربي الكردي، وثائق مؤتمر القاهرة، مايو ١٩٩٨) و بڵاوکرایەوە.

پێویستە ئاماژەش بەمە بکرێت کە زۆر ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیری میسر هاوسۆز بوون لەگەڵ کێشەی کورد، لە سەرووی هەموویانەوە، بیرمەندی میسری دکتۆر سەعدەدین ئیبراهیم، کە دان بە مافی چارەنووسی کورددا دەنێت و دژی ئەو بەڵگەنامە و دۆکیومێنت و پەیمانە نێو دەوڵەتییانەیە کە بوونە هۆی پارچە پارچە بوونی کورد و دابەشکردنی نیشتمانەکەی، هەروەها داوای یەکێتیی گەلی عەرەب و کورد دەکات لەبەردەم دوژمنی هاوبەشدا.

**پەراوێزەکانی وەرگێڕ:**

**(١) محەمەد تەیموریش برای مەحموود تەیموورە و سەر بە هەمان بنەماڵەیە.**

**(٢) میر ئالای: ڕوتبەیەکی باڵای سەربازییە، لای خۆمان ئێستا پێی دەڵێن (لیوا).**

**(٣) هەندێک لە شاعیرانی ئەوسا نیگەران بوون لەوەی نازناوی (میری شاعیران) دراوەتە ئەحمەد شەوقی، لەوانە جەمیل سدقی زەهاوی، کە لای وابوو ئەو زیاتر شایانی ئەوەیە ئەو نازناوەی بدرێتێ، یان هەر نەبێ شەوقی ببێتە میری شاعیرانی میسر و ئەویش ببێتە میری شاعیرانی عیراق.**

**(٤) عامر عەققاد برازای عەبباس عەققاد بوو.**

**(٥) واتە بلیمەتەکان.**

**(٦) ئەو حەوت جۆری خوێندنە بەناوی ئەو حەوت زانایەوە ناونراون کە شارەزای خوێندن و تەجوید و وردەکارییەکانی خوێندنی قورئان بوون، ئەوانیش: (نافع، إبن كثير، أبي عمرو، إبن عامر، عاصم، كسائي، حمزة)ن.**

**(٧) ئەوسا وەکو حزبی نەتەوەیی کورد، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، هەرچەندە بەشێکی زۆریش لە کوردی عیراق لەگەڵ حزبی شیوعی عیراقی بوون.**

**(٨) ساڵی ١٩٥٧ شۆڕشی کورد هێشتا بەرپا نەببوو، شۆڕشی کورد لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دەستی پێ کرد. لەوانەیە بەرپرسانی میسر لەگەڵ نوێنەرانی کورد بە یەک گەیشتبن، نەک نوێنەرانی شۆڕشی کورد.**

**(٩) یەکەمین ئێستگەی ڕادیۆ بە زمانی کوردی، ڕادیۆی قاهیرە نییە، بەڵکو بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدایە کە لە ساڵی (١٩٣٩)وە کرابووەوە، پاشان بوو بە ئێستگەیەکی سەربەخۆ.**

**(١٠) شێخ عومەر وەجدی ماوەیەکی باش شێخی ڕواقی کورد (رواق الاكراد) بوو لە زانکۆی ئەزهەر.**

**(١١) سکرتێری ئەوسای پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز حەبیب محەمەد کەریم بوو.**

**سەرچاوە:**

**مجلة (إشراقات كردية)، العدد(٢)، القاهرة، ٢٠١١/١١/١، ص١٤-٢٣.**

# بەریەککەوتنی زمانەکان، یان بەریەککەوتنی زمانەوانی؟

پ. ی. سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

**بەشی یەکەم: دەروازە**

لە زمانی کوردیدا باسی زۆر نهێنی زمان نەکراوە، ئەوەندەی قسە لەسەر ڕواڵەتی زمان کراوە، قسە لەسەر ناوەوەی زمان نەکراوە. بەریەککەوتنی زمانەکان، بەریەککەوتنی زارەکان، یان بەریەککەوتنی زمانەوانی لەو دیاردە زمانەوانییەن کە ئەوەندەی توێژەر بزانێت، کەم و زۆر قسەی لەسەر نەکراوە، ئەو بێ دەنگییە لەسەر ئەو بابەتانە، توێژەری هان دا لەسەر ئەو بابەتە توێژینەوەیەک بنووسێت.

**بەریەککەوتنی زمانەکان**

بەریەککەوتنی زمانەکان لە کۆمەڵگا زمانەوانییەکانی فرە زمان بوونی هەیە، لەوەش زیاتر قسە لەسەر ناکۆکی دوو، یان سێ زمان دەکات، بە تایبەتی زمانێک زمانی دەسەڵاتە و بۆتە زمانی نێو پەروەردە، هەرچی زمانی دووەمە هەوڵ دەدات ئەویش ببێتە زمانی پەروەردە. وێڕای ئەوەش، بەریەککەوتنی زمانەکان زیاتر مەسەلەیەکی سیاسییە نەک زمانەوانی.

**بەریەککەوتنی زارەکانی یەک زمان**

ئەو دیاردە زمانەوانییە لە کۆمەڵگایەکی تاک زمانی بوونی هەیە، ئاخێوەرانی هێشتا درکیان بە گرینگی هزری نەتەوەیی، هەستی نەتەوەیی هەتا دەوڵەتی نەتەوەیی نەکردووە. بوونی ئەو دیاردەیەش پابەندە بە لاوازی هەستی نەتەوەیی ئاخێوەران. ئەو دیاردەیەش زیاتر پێوەندی بە سیاسەتەوە هەیە نەک سروشتی زمانەوانی زمانی کوردی.

**بەریەککەوتنی زمانەوانی**

ئەو دیاردە زمانەوانییە لە کۆمەڵگای زمانەوانی فرە

زمـــاندا بـوونـی هەیە. ئەو بەریەککەوتنە لە ئەنجـــامی ڕەوشی زمـانەوانی هەردوو زمـان (زمـانی دەسـەڵات و زمــانی دووەم) دروست دەبێت، چۆن لە هەشـتــاکـانەوە شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت هەیە، لە نێوان هەردوو زمـانیش شـەڕی زمـانەوانی هەیە، کێـشـەکـەش زمانەوانییە نەک سیاسەت. ئەو ئاریشە زمانەوانییە لە ئایندەدا بەرەو کۆکی، یان ناکۆکی دەچێت.

## بەشی دووەم: بەریەککەوتنی زمانەکان زمانی کوردی لەگەڵ زمانی داگیرکەران/ دەروازە

ئەگەر هنتگتۆن لەسەر بەریەککەوتنی ژیارەکان دواوە، کە وا چاوەڕێ دەکرێ لە ئاییندەدا ئەو پرۆسەیە بۆ ئاییندە لە نێـــو ژیارە جـــوداکـــاندا ڕوو بدات. مـــەســـەلەی بەریەککەوتنی ژیارەکان شتێکی نوێ نییە، بەڵکو بەر لە پازدە سەدە پێش هنتگتۆن، محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا پێغەمبەری ئیسلام باسی ئەو بەریەککەوتنەی کردووە، هەروەها گەلانی کۆن هەر شارستانییەکیان بەرهەم هێنا بێت، هەرکە لە بریتی یەزدان، بت، ڕۆژ، یان ئەستێرەیان پەرستبێت، ئەوە خۆیان و شارستانییەکەیان بەر خەشمی یەزدان کەوتوون.

ئەو مـەسـەلەیە زۆری لەسـەر نووسراوە، بۆیە خۆم لەو مەسەلەیە دوور دەگرم، دەمەوێ باسی دیاردەیەک بکەم کـە کـەم و زۆر لە ئەدەبیـــاتی کـــوردیدا باسی ڕەوشی بەریەککەوتنی زمـانی کـوردی لەگـەڵ زمـانی تورکی، فـارسی، عـەرەبیـدا لە هەر سێ بەشی داگیـرکـراوی کوردستان بکەم. ئەم نووسینە، ئەگەر یەکەم نووسینیش نەبێ لەو بارەیەوە، ئەوە لە نووسینە یەکەمەکانە.

## ڕەوشی زمانی کوردی لە باکووری کوردستاندا (دیاردەی بەریەککەوتنی زمـــانی کـــوردی و زمـــانی تورکی)

لە سەردەمی میرنشـینەکاندا زمانی کوردی، شێوەی بۆتانی و هەکـــاری، دەوری خـــۆی لە بیناکـــردنی قوتابخانەیەکی ئەدەبیدا بینی. ئەو میرنشـینە وای کرد چەندین شاعـیـری کوردی لە گۆڕەپانەکە دروست بێن. زمانی کوردی لەو دەڤەرەدا لە بەرەو پێشچووندا بوو هەتا سەرکەوتنی بزاڤی کەمالییەت و دامەزراندنی حکوومەتی ئەنکەرە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ پێش ئەو مـێـژووە، هیچ بەریەککەوتنێک لە نێـوان زمـانی کوردی و زمـانی تورکیدا نەبوو، ئەوەش لە بەر دوو هۆی سەرەکی بوو:

**یەکەم:** زمـانی عـوسـمـانی هەژمـوونی بەسـەر زمـانی تورکی و زمـانی کـوردیدا هەبـوو، هەروەها ئەلفـبـای عوسمانی (ئەلفبای سریانی-عەرەبی) بۆ زمانی تورکی و کوردی وەک یەک بوو و جیاوازییەکی زمانی و ئەلف و بێی لە نێـوان تاکی تورک و تاکی کـورد و گـەلانی دی نەبوو.

**دووەم:** دەوڵـەتی نەتەوەیی دروسـتـکەری جـیـــاوازی نەتەوەیی و ئەلفباییە.

پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ سەعـیـدی پیـران لە ساڵی ١٩٢٥، کـەمالییـەکـان بە سـەرۆکـایەتی کـەمـال مستەفا لە پەروەردە کەوتنە لێدانی زمـانی کوردی و بە جارێک زمانی کـوردی لە هەمـوو قـۆناغـەکـانی خوێندن دوور خـرایەوە، لەوەش زیاتر بە بڕیاری ژمـارە (٨٨)ی دەستووری تورکیا زمانی کوردی لە میدیا و دادگا هەتا ژیانی ڕۆژانە یاسـاغ کـرا. لە سـەردەمی دەسـەڵاتی سـیکیـولەری تورکی ١٩٢٣-٢٠٠٦، شـەڕی زمـانی کـــوردی وەک شـــەڕی دژی نەتەوەی کـــورد دەکـــرا، بە واتایەکی دی لە زەبـن و هزری ناسیۆنالیستی تورکیدا، نەتەوەی کورد و زمـانی کوردی جـێـیـان نەبۆوە و هەرس نەکران.

لە سەردەمی ئیسلامیدا "مۆدێرن"- ئەو ئیسلامەی زۆر شـتی دەرەوەی ئیـسـلام قـبـوڵ دەکـات و باوەڕی بە ڕیفۆرمی بنەڕەتی نییە- نەتەوەی کورد و زمانی کوردی وەک دوو بوونی فـیـزیکی لە کـۆمـەڵگای تورکی قـسـەوباسی توندی لەسـەر دەکـرێت. دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان بەو نیمچە ئازادییەی بە زمانی کوردی داوە: کردنەوەی بەشی کوردی لە ئامەد و کردنەوەی تەلەڤزیۆنی TRT6، پرۆسـەی بەریەککەوتنی زمـــانیی زیاتر کردووەتە واقیع، چونکە زۆربەی تاکی تورکی کۆمەڵگای تورکی بوونی زمـانی کـوردی وەک زمـانێکی ڕەسـمی و زمانێکی جودا لە زمانی تورکی لە نێـو پەروەردە هەرس ناکات، چونکە لە ژێر سایەی سیکیولەر و ناسیۆنالیزمی تورکی پەروەردە کـراوە. لەو لاوەش ناسـیـۆنالیـسـتی مەدەنی کوردی شـەڕی ئەوە دەکات کە زمانی کوردی لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا (باکووری کوردستان) ببێتە ئەلتـەرناتیـڤی زمـانی تورکی لە پەروەردە و دەسـەڵاتی سیاسیدا. ئەو ململانێ- زمانییە لە نێوان پارتی تورکی و پارتی کوردیدا مەترسییەکەی کەمتر نییە لە شەڕی چەکداری نێوان پەکەکە و داد و گەشەپێدان.

لە داهاتوودا بەریەککەوتنی زمانیی لە نێوان زمانی تورکی و زمانی کوردیدا شتێکی حەتمی دەبێت، ئەگەر حزبەکەی ئەردۆگان بە پێچەوانەی حزبەکەی یەلماز و چیللەر و ئەجەوید...تاد دانی بە بوونی زمانی کوردی لە باکووری کوردستاندا ناوە، بەڵام ئەو دانپێدانانە تەواو جێگەی ئومێد و ویستی ناسیۆنالیستی کوردی نییە.

### زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا
### (دیاردەی بەریەککەوتنی زمانی کوردی و زمانی فارسی)

زمانی کوردی (ئەوەی بە هەڵە پێی دەگوترێ سۆرانی و بادینی) لە سەردەمی حوکمی ڕەزا پەهلەوی و کوڕەکەی ۱۹۲۵ -۱۹۷۹، ئەوەندە شانازی هەیە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ۱۹٤٥-۱۹٤٦ هەیەتی، بێجگە لەوەی بە قسەی د. جەمال نەبەز لە ساڵی (۱۹۲۵)ەوە ناسیۆنالیزمی فارسی فۆرمەلە بووە و وشەی "ئێران" لە وڵاتی ئارییەوە "بۆتە وڵاتی فارس، بە واتایەکی دی بە حوکمی هەبوونی کۆمەڵگەیەکی فرە زمان و نەتەوە لە وڵاتی ئێران، ناسیۆنالیزمی فارسی بە نهێنی کاری لەسەر دروشمی" یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئاڵا" دەکرد، ئەگەرنا لە زەین و هزری ناسیۆنالیزمی فارسیدا، کورد و عەجەم و بلووچ وەک نەتەوەی لۆکالی، یان نەتەوەی پەراوێز سەیرکراون، بە تایبەتی کورد و بلووچ دوو نەتەوەی زیاتر سوونی مەزهەبن. کورد توانیویەتی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، زمانی کوردی بگەیەنێتە بوارەکانی پەروەردە و ڕاگەیاندن و سەربازی.

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹، ناسیۆنالیزمی کوردی توانی ساڵێک زمانی کوردی لە پەروەردەی کوردی و ڕاگەیاندنی کوردی بکاتە ئەمری واقیع، بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەتی ئێران بە زەبری هێز هاتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش ماوەیەک لە شەڕی زمان لەگەڵ خەڵکی مەدەنی کورد بەرەو بەریەککەوتنی زمانی فارسی و زمانی کوردی چوو.

### بەریەککەوتنی زمانی فارسی و زمانی کوردی

ئەو بەریەککەوتنە، زادەی عەقڵی ناسیۆنالیزمی کوردی نییە، ئێستاشی لەگەڵدابێ کوردی ڕۆژهەڵات لە هەژموونی کولتووری فارسی دەرنەچوون و لە ڕووی سیاسیشەوە هەتا ئەو سێ چوار ساڵەی دوایی، دروشمی پارتی کوردی ئەو بەشە هەر خودموختاری بووە! لە ماوەی شەڕی عیراق و ئێران ۱۹۸۰-۱۹۸۸، تەنیا چەند گۆڤارێکی کوردی وەک ئاوێنە و سروە بە زمانی کوردی دەرچوون، بەڵام بە هەموو شێوەیەک زمانی کوردی تاکو ئێستاش لە دەرەوەی پەروەردەیە. بە واتای ئێستاش ناسیۆنالیزمی فارسی کار لەسەر زمانی فارسی و مەزهەبی شیعەی فارسی دەکات. ڕاستە تەلەڤزیۆنی سەحەر ماوەیەکە بە کوردی پەخش دەکرێت و لە هەر شارێکی کوردی تەلەڤزیۆنێک ماوەیەکی بۆ پەخشکردن بە زمانی کوردی هەیە، لەمە زیاتر گۆڤارێکی وەک مهاباد بە کوردی دەردەچێت.

ئێستاشی لەگەڵدابێ لە هەموو دەوڵەتی ئێراندا تەنیا زمانی فارسی لە پەروەردە بوونی هەیە، وەک تورکیا دەوڵەت بڕیاری نەداوە بەشی کوردی بکاتەوە و وەک لە دەستووری ئێران بەڵێنی داوە زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسمی بناسێت. لە دەوڵەتی دیموکراتیدا بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی فرە زماندا بە گوێرەی ڕادەی هەبوونی قسەکەری زمان Native speakerی جیاواز، زمانی ڕەسمی لە وڵات هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی تاک زمانیدا، تەنیا زمانێکی ڕەسمی هەیە نەک زمانی ڕەسمی بەقەد هۆز و عەشیرەتی نەتەوەکە بێت. ئەو بەریەککەوتنە ئاشکراتر و ڕوونتر دەبێت ئەو دەمەی سیستمی سیاسی وڵات دەگۆڕدرێت، یان سەرانی ئێران وەک تورکیا بیر بکەنەوە و ناسیۆنالیزمی کوردی هەرس بکەن!

### ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا
### (دیاردەی بەر یەککەوتنی زمانی عەرەبی و زمانی کوردی)

دوای ئەوەی فەرەنسا بە پێی ڕێککەوتنی سان ڕیمۆ-۱۹۲۰، ڕێککەوتنی سنووری ۱۹۲۲، پەیمانی لۆزان ۱۹۲۲-۱۹۲۳، سووریا و ڕۆژئاوای کوردستانی بەرکەوت لە جیاتی باشووری کوردستان، ناسیۆنالیزمی عەرەبی مژولی توندترکردنی پێگەی عەرەب بوو لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، کوردیش هەر پێی دەکرا لە دەسەڵاتی فەرەنسی و دەسەڵاتی عەرەبی یاخی بێت. لە ساڵی ۱۹٤٦ دوا سەربازی فەرەنسی لە سووریا چووە دەر و دەرفەتێکی زێڕینی بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی دا، هەروەها درێکی کوشندەی لە زمان و ئەلفبێی کوردی دا بەوەی ئەلفبای لاتینی-کوردی بەسەر کوردی ئەو بەشەدا

سەپاند!

هاتنە سەر حوکمی بەعسی شیعە مەزهەب لە ٨ ی ئازاری ١٩٦٣ و سەپاندنی بیرۆکەی "دیتنی کورد وەک پەنابەر لە سووریا". دەبێ بە ڕاستی کورد لە ڕۆژئاوا پەنابەر بێ ؟ هەر لە سەرژمێری ساڵی (١٩٢٥)ـەوە باسی ئەو نەتەوانە کراوە کە پەنابەرن: "ژمارەی ئەو پەنابەرانەی کە ئێستا لە وڵاتی سوریا نیشتەجێن لە کانوونی دووەمی ١٩٢٥ دا بەم شێوەیە بووە: ٨٩ هەزار ئەرمەنی، ٤ هەزار کلدانی، ١٨٠٠ یەعقووبی، ٩٠٠ یۆنانی ئەرسەدۆکسی، ٩٥٠ کاسۆلیکی.." بە هیچ جۆرێ ناوی کورد وەک پەنابەر نەهاتووە، بۆیە وەک گوتمان ئەوە تەنیا بانگەشەی ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە، پاش ئەوەی بنەماڵەی ئەسەد لە ١٩٧٠ بە ناوی ڕیفۆرمی ناو بەعس، حافز ئەسەد وەک سەدامی بەعسی سوونني کەوتە قڕکردنی هەڤاڵەکانی خۆی!سەبارەت بە کوردانیش، ئەوە ڕێژەیەکی زۆری لە ڕەگەزنامەی سووری بێ بەشکرد، کوردانی ڕۆژئاواش وەک کوردانی باکوور لە ژێر سایەی سیکیولەری عەرەبی لە خوێندن بە زمانی دایک بێ بەش کران. کوردانی ئەوێ لە دوو ڕووەوە زمانی دایک-کوردی لێ داگیرکرا:

**یەکەم:** فەرەنسا لە ڕێگای بنەماڵەی بەدرخانەوە تاکی کوردی لە ئەلفبای سریانی-کوردی دوور خستەوە.

**دووەم:** ناسیۆنالیستی عەرەبی لە ڕێگای بەعسی شیعی، زمانی کوردی لە پەروەردەوە-خوێندن بە کوردی، تووڕهەڵدا، ناسیۆنالیستی کوردی دەرەقەتی زەبروزەنگی بەعس نەهات، بۆیە بەرانبەر ئەو پرۆسەیە بێ دەنگ بوو، یان گەنجەکانی پێوەندییان بە پەکەکەوە کرد.

### ئۆپۆزسیۆنی سووری و زمانی کوردی

لە سووریادا، دەسەڵاتی سیاسی بەعسی عەلمانییە، بە مەزهەبیش شیعەیە، بۆیە ئێران و حزبوڵڵای لبنانی زۆر بەرگری لە مانەوەی ئەو دەسەڵاتە عەسکەرتاریەتە دەکەن. لەولاوەش ئۆپۆزسیۆن زۆربەی ئیخوانی سوونەیە، بۆیە تورکیا و وڵاتانی کەنداو یارمەتی ماددی و مەعنەوی بە ئاشکرا دەدەن. بە واتای لە ناوچەکەدا شەڕێکی مەزهەبی لەئارادایە.

لەو شار و دێیانەی لە هەژموونی بەعسی سووری و عیراقی ڕزگارکراون، ناسیۆنالیستی کورد بە یارمەتی پەکەکە و کوردی باشوور خەریکی زیندووکردنەوەی زمانی کوردییە لە پەروەردە و ڕاگەیاندندا. ناسیۆنالیستی عەرەبی توندڕەو چ ئەوانەی لەنێو دەسەڵاتدان، یان ئەوانەی لە نێو ئۆپۆزسیۆندان کار بۆ ئەوە دەکەن کە زمانی کوردی لە پەروەردە جێگیر نەکرێ. مەترسییەکە لەوەدایە، زمانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن یەکە، ئەویش عەرەبییە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ زمانی کوردی بەریەک بکەون. بەریەک کەوتنی زمانی لەنێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردیدا لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد بەرپا دەبێت، چونکە لە کۆمەڵگایەکی زمانەوانی فرە زماندا، یان مافی سیاسی و پەروەردەیی بە هەموو زمانەکان دەدرێت، یان شەڕی زمانەکان شتێکی حەتمی دەبێت !!ئومێدەوارم ئیخوانەکان هەڵەی عەرەبە سیکیولەرەکان دووبارە ناکەنەوە بۆ ئەوەی عەرەب و کورد و ئەرمەن وەک گەلانی سویسرا پێکەوە بژین.

### زمانی کوردی لە سەردەمی حوکمی مەلەکی عیراقیدا ١٩٢١ - ١٩٥٨

لە سەردەمی پاشایەتیدا کورد بە سێ شێوە خەباتی کرد:

**یەکەم: خەباتی چەکداری**

لە ساڵی ١٩١٩ دا شێخ مەحموود بەرگەی ئینگلیزی نەگرت و سلێمانی لە هێزەکانی ئینگلیز و ئاڵای ئینگلیز پاک کردەوە، بەڵام ئینگلیز بە زەبری هێزی خۆی و پیاوانی دژە-شێخ مەحموود، توانییان شۆڕشەکەی شێخ مەحموود دەمکوت بکەن و شێخ مەحموود بە دیل بگرن. پاشان شێخ لە ١٩٢٢ دووبارە بگەڕێتەوە سلێمانی و سنوورێک بۆ ئینگلیز و کەمالییەکان دابنێت و هەتا ساڵی ١٩٥٦ بەشێک بێ لە شۆڕشی کورد. لەو لاوەش شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای بارزانی هەتا ساڵی ١٩٤٦ لە شۆڕشی کوردی بەردەوام بوون.

**دووەم: خەباتی پەرلەمانی**

ئەو پازدە پەرلەمانتێرە کوردەی پەرلەمانی عیراقی توانییان زۆر لە ناسیۆنالیستی عەرەبی بکەن، کورد قبووڵ بکەن.

لە نێوان ئەو دوو خەباتەدا، ئینگلیزیش لە ڕێگای لیژنەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵەی گەلانەوە دوو لەمپەری لە بەردەم ناسیۆنالیستی عەرەبی دانا، ئەویش بریتی بوون لە:

**یەکەم:** عیراق لە ساڵی (١٩٢٥) تا (٢٥) ساڵی تر لە ژێر ماندێتی بەریتانیا بێت.

**دووەم:** زمـــانی کـــوردی زمـــانی دادگـــا و پەروەردە- فێرکردن بێ هەتا زمانی کوردی لە عیراقدا ڕەسمی بێ.

ئەو ڕاسپـاردەیەی لیژنەکە لە لایەن ناسیـۆنالیستی عـەرەبی و بەشێـک لە ئینگلیـزەکـانەوە ڕەچاو نەکـرا. ئینگلیزەکان و شا فەیسەڵ و نووری سەعید زۆر گفتیان بە کـورد دا، بەڵام لە ڕێگای زمـانە لۆکـالیـیەکـانەوە، بەندی هەشتەم کە دەڵێت: "لە قەزاکانی لیـوای موصل (ئامێدی، زاخۆ، زێبار، ئاکرێ) کە لەم یاسایەدا (یاسای زمانە ناوچەییەکان) ئاماژەی پێکراوە، ئەوە خەڵکی ئەو دەڤـەرانە ئازادن لەوەی چ شـێـوەیەکی زمـانی کـوردی بەکـاربهـێنن..." ئەو یاسـایە هەوڵی دەسـپـێـکی ناسـیـۆنالیـستی عـەرەب بوو بۆ دابەشکردنی کـوردی باشوور لە ڕێگای زمانەوە. لەو بارەیەوە، تۆفیق وەهبی لە نامەیەکدا بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنووسێت: "ئەم قانوونە ئاژاوەی زمـان دروست دەکـات" هەروەها مـحەمـەد ئەمین زەکی لە یاداشتـێکدا بۆ کـۆمیـساری باڵا دەنووسـێت: "بەندی هەشتەمی یاساکە ماڵی کـورد پەرت دەکـات و یەکێتی زمانی کوردی وێران دەکات."

**سێیەم:** خەباتی میدیایی

عەقڵی مەعریفی کورد توانی بە ڕاگەیاندنی مەعریفی، شـەڕی دەسـەڵاتی عـەرەبی بکـات، ئەو ڕۆژنامـە و گۆڤارانەی لەو بوارە دەری کردوون گەواهی جوامێری بۆ دەدەن، چونکە ئەو ڕۆژنامانە: دیاری کوردستان، ئومێدی ئیـسـتـقـلال، ژین، ژیان، یان گـۆڤـاری وەک هەولـێـر، ڕوناهی، هاوار...تاد بێجگە لە زیندوو ڕاگرتنی زمـانی کـوردی، پەلی بۆ زۆر لایەنی مـەعـریفـەی کـوردی هاویشتووە.

لە سەردەمی پاشایەتیدا بەندی هەشتەم پەیڕەو کرا و کوردی دەڤەرەکەش بەوەی بە پێی یاساکە ئازاد کرابوو، کـرمـانجی ناوەڕاسـتی بۆ خـوێندن هەڵنەبژارد، ناسیۆنالیستی عەرەبیش تەنیا لە سلێمانی و دەڤەری هەولێر خوێندنی کردە کوردی.

## سەردەمی کۆماری
## ١٩٥٨-٢٠٠٣

لە سـەردەمی کـۆماریدا تـەنیا چەند سـاڵێک نەبێت، ئەوی دی هەموو حوکمی بەعسی سوونی بووە.

بێـجگە لە مـاوەی حـوکـمی زاتی ١٩٧٠-١٩٧٤، بەندی هەشتەمی یاسـای زمانە نـاوچەییەکـان جێبەجێ دەکرا. بە هۆی کاریگەری شەڕی عیراق-ئێران، سەرانی بەعس ڕۆژنامەی هاوکاری و پاشکۆی عیـراق و گـۆڤاری بەیان و گـۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ و کاروان -ی بە زمانی کـوردی دەردەکـرد. لە زانکـۆی سـەلاحـەدین بەشی کـوردی هەبوو. ئەو هەمـووە هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی کوردی ئەو دەڤـەرە و ڕەوشی زمـانی کوردی لە بەشـەکانی دی باشـتـر بێت. ژمــارەی کــوردی باشــوور لە کــوردی باکــوور و ڕۆژهەڵات کەمترە، بەڵام لەگەڵ دڕندەترین دوژمن، مـافی سیاسی و مافی زمانی زیاتری بە دەست هێناوە.

لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا، زمانی عەرەبی لە زۆر بـواری وەک ڕەســـــمی بــوون و پـەروەردە هـەتـا ڕاگـەیاندندا لەگـەڵ زمـانی کـوردی شـەڕی زمـانەوانی کردووە و لە زۆر حاڵەتیشدا لەگەڵ زمانی کوردی بەریەک کـەوتووە. ئەو بەریەککەوتنە هیـچی کـەمـتـر نەبووە لە شەڕی چەکداری. ئەو ئازادییەی ناسیـۆنالیستی عەرەبی بە زمــانی کــوردی داوە، ناچاری بووە، ئەگــەرنا کــە دەسـەڵاتی ڕەهای هەبووە، باوەڕی بە بەندی هەشـتـەم هەبووە و کـــاری بۆکـــردووە، هەروەها لە ســـەردەمی کـۆماریشـدا ڕۆژنامـەی (ئاسـۆ و بزاڤ)ی دەرکـردووە بۆ پەرت کردنی دەسەڵاتی مەعریفی کورد.

## لە شەڕی زمانی کوردییەوە بۆ بەریەککەوتنی (زمانی داگیرکەران بە زمانی کوردی)

دامـەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سـەرەتای دەرکـەوتنی ڕقی دەسـەڵاتی تورکی و فـارسی و عـەرەبی بوو بەرانبـەر بە زمانی کوردی. ئەو سێ دەسەڵاتدارە سیکیولەرە کاری لەسـەر هیچ ڕەهەندێکی هاوبەشی کـورد بەو نەتەوە جیاوازانەوە نەدەکرد، تەنیا و تەنیا کاری لەسەر ڕەهەندی نەتەوەییـەوە دەکـرد. هەر سێ لا باوەڕیان بە دروشـمی: "یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک نیشتمان هەتا یەک ئاڵا" دەکرد و دەکەن!

لە هەر چوار بەشی کـوردسـتـاندا، ناسـیـۆنالیـسـتی دەسـەڵاتی تورکی، فـارسی، عـەرەبی، زمـانی کـوردییـان وەک نەتەوەی کورد پێ قبـووڵ نەدەکـرا. وەک بینیـمـان، دەسـەڵاتی تورکی نەک باوەڕی بە زمـانی کـوردی، بەڵکو باوەڕی بە ئەلفبای لاتینی-کوردی نەبوو، ناسیۆنالیستی تورکی هەتا سـەرکـەوتنی داد و گـەشـەپێـدان لە شـەڕی زمانی کوردیدا بوو، بەڵام ئێستا پاش دەرکەوتنی زمانی کـوردی لە مـیدیا، ناسـیـۆنالیسـتی کـوردی دەیەوێ لە باکـووری کـوردسـتـاندا، زمـانی کـوردی بەرەو زمـانی پەروەردە ببات. لێرەوە زمانی تورکی وەبەر زمانی کوردی

دەکەوێت و یەکێ لە ئامانجەکانی ناسیۆنالیستی تورکی هەڵدەوەشێتەوە بەوەی تورکیا لەسەر یەک زمان دامەزراوە. لە عیراق و باشووری کوردستاندا لە (١٩٩١)ـەوە زمانی کوردی لەو بەشەدا لە شەڕی زمان ڕزگاری بووە، بەڵام لە نێو پەرلەمانی عیراقدا زمانی عەرەبی وەبەر زمانی کوردی دەکەوێ. وەک چارەسەرێکی کاتی، نووسەری ئەو چەند لاپەڕەیە پێشنیاری ئەوەیە ئامێری وەرگێڕانی دەسبەجێ لە پەرلەمانی عیراقی دابنرێ، ئەو پرۆسەیەش بەریەککەوتنی عەرەبی و کوردی دوور دەخاتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بە یەکجاری بەریەککەوتنی عەرەبی و کوردی نەمێنێت، دەبێ کورد بیر لە دەوڵەتی سەربەخۆ بکاتەوە. دەسەلاتی عەرەبی لە سووریا هەتا ٢٠١٠ باوەڕی بە هەبوونی کورد لە زەوی و خاکی باب و باپیراندا نەبوو، بۆیە دەسەلاتی عەرەبی چۆن شەڕی بوونی کوردی دەکرد، ئەوهاش شەڕی زمانی کوردی دەکرد. پاش دروست بوونی ئۆپۆزسیۆنی سووری و شەڕی چەکداری نێوان دەسەلاتی شیعی و ئۆپۆزسیۆنی سوونی، زمانی کوردی لەو دەڤەرەش لە شەڕی زمان ڕزگاری بووە و چووەتە قۆناغی بەریەککەوتنی زمانی عەرەبی. ئۆپۆزسیۆنی سووریاش خەریکە هەمان هەڵەی دەسەلاتی عەرەبی دووبارە دەکاتەوە، بەوەی دان بەوەدا نانێت زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا ببێتە زمانی پەروەردە! هەرچی ڕۆژهەلاتی کوردستانیشە هەر لە قۆناغی شەڕی زمانی فارسی بە زمانی کوردی دەژیت، چونکە لە ئیران هیچ خۆپیشاندانێک بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئیران نەکراوە و لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش، حکوومەتێکی کوردی دروست نەبووە تا لەگەڵ فارسی بەریەک بکەون.

## حکوومەتی کوردی و زمانی کوردی

دوای ئەوەی هەردوو میرنشینی سۆران و بادینان، هیچ قوتابخانەیەکی ئەدەبییان لە پاش خۆیان بەجێ نەهێشت، زمانەوانی کورد خەریکە وەک سیاسی و حزبی کوردی، شەڕی زمانەوانی یەکتر بکەن. لێرەدا، ململانێیەکە شەڕی زمان نییە، بەڵکو شەڕی سیاسییە، ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بێ بەبوونی چەند زارێک لە هەر زمانێک، ئەمە سروشتی و ئاساییە، چونکە زمانێکی وەک زمانی ئینگلیزی چەندان دیالێکتی هەیە، کە دیالێکتی لەندەن بووەتە زمانی ستاندەری ئینگلیزی، هۆز و عەشیرەتی ئینگلیز نەچوون شەڕی یەکتر بکەن.

ئەو دیاردەیە هەندەی پێوەندی بە هۆشیاری ڕەگەزی و بە وتەی: "زمان کەسێتی نەتەوەیی تاک بینا دەکات"ـەوە هەیە، پێوەندی بە ڕۆشنبیری ڕووتی بێ بەرهەمەوە نییە، چونکە ئاشکرا بووە ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە بەرهەمی شەهادەیەکی مردووە.

لە ساڵی ١٩٩٢، لە دوای حکوومەتی سلێمانی و حکوومەتی مەهاباد و حکوومەتی خودموختاری، دەسەلاتی سیاسی کورد، چوارەم حکوومەتی کوردی دامەزراند. لەو حکوومەتەدا لە جیاتی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی دی وەک تورکمانی، سریانی، یان عەرەبی بەریەک کەوێت، خەریکە هەندێ دیالێکتی کوردی لە نێو خۆیاندا شەڕی زمانەوانی لەگەڵ یەک دەکەن. ئەو شەڕە قسەیە لە فەزایەکی بۆش دەکرێت، لە کوێوە دەست پێ بکەن، چونکە ئەسیری نێو بازنەیەکی بۆشن، هەر بە لاوازتر بۆ خاڵی دەسپێک دەگەڕێنەوە. ئەو قسانەی ئەوان بە ناوی زمانەوە دەیکەن، بێجگە لە ململانێی سیاسی هەتا حزبی نێو زمان زیاتر نییە. هەندێ لەو شەهادەدارانە دەیانەوێ کورد لە ڕێگای زمانەوە دوو لەت بکرێن، هەروەها بە داخەوە زەمینە خۆش دەکەن کە زارەکانی بەریەک بکەون، ئەمەش دەسەلمێنێ هەندێ کورد بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی هەرس ناکەن و زەین و هزریان هەر لە چوارچێوەی میرنشینیدایە.

## شەڕی زمانەوانی، یان شەڕی وشە (دەروازە)

چۆن ڕۆژئاوا بە "شیر-شمشێر" لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستی، دەرەقەتی هێزی ئیمانی ڕۆژهەلات نەهات، بۆیە لویسی نۆیەم بیری لەوە کردەوە کە بە وشە شەڕی ڕۆژهەلات بکات: گومان دەربارەی دەقی قورئان و ماهیەتی زمانی قورئان و زمانی عەرەبی بلاوبکاتەوە، کەواتە ژێدەری شەڕی وشە، زیاتر سیاسی و دینییە نەک زمانەوانی ڕووت.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین باس لە ڕەوشی زمانی کوردی و تێکستی کوردی بکەین، کە چۆن داگیرکەران و کورد خۆی هەوڵیان داوە خانەی تەسک بۆ زمانی کوردی و دەقی کوردی دابنێن.

زمانی کوردی، کام زمان؟
دەقی کوردی، کام دەق؟
شەڕی زمانەوانی ئایندە

# زمانی شیرین و تەنزی تاڵ لە"پیاوێکی ڕیش خەنەیی"دا

عەبدولخالق یەعقووبی
(زانکۆی جیهان - بەشی زمانی ئینگلیزی)

عەزیز مەحموودپوور لە کۆمەڵە چیرۆکی "پیاوێکی ڕیش خەنەیی"دا بە زمانێکی سادە و بێ گرێوگۆڵ، بەڵام گێڕانەوەیەکی کەم و زۆر بەپێچوپەنا و مەیلەو بازنەیی لە زمان کۆمەڵێک وەگێڕەوە (ڕاوی) چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە کە تا ئێستا لە چیرۆکی کوردیدا کەمتر دەرەتانی خۆدەربڕین و خۆدەرخستنیان بۆ ڕەخساوە. تایبەتمەندی سەرەکی وەگێڕەکانی "پیاوێکی ڕیش خەنەیی" ئەوەیە کە هەموویان کەسانی ئاسایی نێو کۆمەڵگای کوردین؛ بەو مانایە کە هیچ ڕەهەندێکی قارەمانسازی و بە هەڵکەوتەکردن لەو کەسایەتییانەدا بەدی ناکرێت. ئەم کەسانە وەک مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی خۆیان زادەی خەیاڵی چیرۆکنووس نین، بەڵکو لە واقیعی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەن و دەژین کە نووسەر تێیدا ژیان بەسەر دەبات.

دیارە ئەم نەریتە یەکەم جار لە چیرۆکەکانی حەسەنی قزڵجییەوە دەستی پێکرد و لە ڕێگای "پێکەنینی گەدا"وە بوو کە ژیانی ڕۆژانەی کەسانی ئاسایی نێو کۆمەڵگەی کوردی بوو بە بابەتی سەرەکی چیرۆک. لە کۆمەڵە چیرۆکی "پیاوێکی ڕیش خەنەیی"دا چیرۆکنووس کەسایەتی قارەمان ئاسا و سەیروسەمەرە و سوپەرمان و هەڵکەوتە بۆ خوێنەری خۆی چێ ناکات. ئەوەی چیرۆکنووس دەیخوڵقێنێت دید و ڕوانینی نوێ و گێڕانەوەیەکی نائاسایی و جیاوازە بۆ ئەو کەسایەتییە ئاساییانە. لە ئەدەبی جیهانیدا چیرۆکەکانی گۆگۆل هەڵگری ئەم خەسڵەتەن. بۆنموونە، لە چیرۆکی "لووت"ی گۆگۆلدا بابایەکی سەرتاش بە دەست لووتێک کە لە نێو خواردنێکیدا دەیدۆزێتەوە گیر دەخوات، پاشان لە ڕێگای ڕووداوەکانی یەک بە دوای یەکی ئەم چیرۆکەوە پرسی جیاوازی چینایەتی و کاریگەری پێگەی کۆمەڵاتی کەسەکان لەسەر دۆخی ژیانیان دەکەوێتە ژێر زەرەبینی



حەسەن قزڵجی

گێڕانەوەی تەنزئاسای گۆگۆل. "پیاوێکی ڕیش خەنەیی" بە هەمان شێوە قامک لەسەر کەسانی ئاسایی و ژیانی ئاسایی نێو کۆمەڵگەی کوردی دادەنێت، بەڵام لە ڕێگای کۆمەڵێک وەگێڕی پاژبڕ وکونجکۆڵ و لەبزشیرین و زمان پاراو کە خاوەن چەشنێک زمانی مەیلەو تەنزی شاراوەن. بەم چەشنە کەسایەتی ئەو کەسانە لە حاڵەتی ساکار و هێڵی بەرەو فۆرمێکی نیمچە بازنەیی دەگۆڕدرێن. بۆ وێنە، کەسایەتییەکی لە چەشنی "میرزا هاشم" لە چیرۆکی "پیاوێکی ڕیش خەنەیی"دا خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە دەیان میرزا هاشمی دیکەی کۆمەڵگەی ئێمە دەشێت بیانبێت:

"ئەو کە تازە تەمەنی بووەتە سی و هەشت ساڵ و بە ڕواڵەت پیاوێکی دەستەیە، نە زۆر قەڵەوە و نە زۆریش کز. لە خۆی وایە لەم چەن ساڵەدا- مەبەست چوار پێنج ساڵی ڕابردووە کە هێندێک غایلەی ناخۆش کەوتۆتە دڵی میرزا هاشمەوە- ورگی هێندێک زل بووە." (پیاوێکی ڕیش خەنەیی، ل٩).

بەڵام وەگێڕ لە ڕێگای لەنگەرگرتن لەسەر کێشەی ڕیش دانانی میرزا هاشمەوە کەسایەتی میرزا هاشم تایبەتمەند دەکات، لە هەمان کاتدا ڕێگا بۆ تەکنیکی هەڵپەساردنی داستانی خۆش دەکات و خوێنەر وا لێدەکات مەیلی بە دواداچوونی بەسەرهاتەکانی میرزا هاشمی لە پێوەندی دەگەڵ ڕیشی پتر بێت:

"بەڵام ئەوەی چۆناوچۆن بە سەری داهات ڕیش دانێ و پاشان کوتوپڕ و لە ناکاو وەلای بنێ، تەنانەت تەماح بکاتە سمێڵیشی، پێویستی بە شی کردنەوە و لەنگەرێکی زیاترە. بێ گومان ئەم مەسەلەیە پێوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرلەبەری ژیانی میرزا هاشم، بە تایبەت بەو تاکە عەیبەی ئەوەوە هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هێندێک پرسیاری تازە کە بۆی ساز بوون، پاش ئەوەی وەلامێکیان بۆ نەبیندرابۆوە ببوونە تووڕەیی و کەڵەکە ببوونە سەر دڵی." (پیاوێکی ڕیش خەنەیی، ل١٢)

لە "پیاوێکی ڕیش خەنەیی"دا خاڵی شیاوی سەرنج لە جۆری دید و ڕوانگەی چیرۆکنووسە بۆ هەڵبژاردنی ناوەندی قورسایی گێڕانەوەکانی کە پتر بریتین لەو ڕەگەز و ئامرازانەی کە لە ژیانی ئاساییدا کەمتر جێگای سەرنجن و کەمتر دەبنە بابەتی بە سەرکردنەوەی مرۆڤەکان و بەسەرهاتەکانیان. بۆ وێنە، لە چیرۆکی "خولیایەک لە چەشنی سمێڵ"دا وەگێڕ کە یەکەم کەسی تاکە هەر لە سەرەتاوە بەم چەشنە خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت:

"لەوانەیە هەم بۆ من و هەمیش بۆ ئێوە باشتر وا بێ پێش ئەوەی کەسێک من بە ئێوە بناسێنێ بۆ خۆم هێندێک سەبارەت بە خۆم بدوێم. ئەوەی مەعلوومە ئەوەیە کە بڕیارە پاش بێنە و بەرەیەکی زۆر کەسێک بکوژم و پاشان شوێنی قەتڵەکە بەجێ بێڵم."

دواتر و لە ڕەوتی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا وردە وردە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت کە ئەم پیاوکوژییە پێوەندی بە سمێڵی وەگێڕەوە هەیە: "سمێڵم سەیر بە قەوەتە و دوو سووچەکەی لە کۆتاییدا بەرەو یەکتر هەڵبوونەوە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی هەیبەتێکی تایبەتم پێ ببەخشێ" (پیاوێکی ڕیش خەنەیی، ل١٩).

وەگێڕ هەنگاو بە هەنگاو خوێنەر لەگەڵ تاووتەئسیری سمێڵی لەسەر ڕەوتی ژیان و جۆری کەسایەتی خۆی ئاشنا دەکات و دواجار بەو ئەنجامەی دەگەیەنێت کە:

"دوو مانگ پاش ئەوەی سمێڵم دانا، بۆم دەرکەوت ئەم قەڵافەتە نوێیە - یانی بە سمێڵەوە - هەلی تازە و هەر بەم پێیەش دەرفەتی زۆر سەیری بۆ پێک هێناوم" (پیاوێکی ڕیش خەنەیی، ل٢١).

لێرە بە دوا زەمینە خۆش دەبێت بۆ ئەوەی کەسێکی ئاسایی دوابەدوای گۆڕانێک لە بیچم و ڕوخساریدا تووشی ڕووداوێکی نائاسایی بێت کە ئەویش سەرەتا

سەرنجڕاکێشانی ئەو کچە دەبێت کە جاران گرینگی بە وەگێڕ نەدەدا، پاشان بەرە بەرە نیزیکبوونەوە لە ڕوودای کوشتنی مامی ئەو کچە کە سمێڵێکی هاوشێوەی سمێڵی وەگێڕی هەیە.

لەم دوو چیرۆکەی "پیاوێکی ڕیش خەنەیی"دا هەر چەند ئەوەی کە چی ڕوو دەدات گرینگ و شایانی سەرنجە و دەبێتە هۆی ختووکەدانی خوێنەر بۆ پتر و وردتر شوێن پێ هەڵگرتنی تامەزرۆیانەی ڕەوتی ڕووداوەکان، بەڵام خاڵی گرینگتر ئەوەیە کە چۆناوچۆن لەدووتوێی گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا کەسێکی ئاسایی کە لە نێو ڕەوتی ژیانێکی ئاساییدا دەژیت، دوابەدوای گۆڕانێک لە ڕەنگ و ڕوخسار و شێوە و بیچمیدا، ڕووداوێکی نائاسایی دەخوڵقێنێت، دواجاریش چیرۆکەکان بە ئاکامێکی چاوەڕوان نەکراو، بەڵام گونجاو لەگەڵ باری کەسایەتی وەگێڕ و مەنتیقی گێڕانەوەکان کۆتاییان پێ دێت.

خاڵی دووەم لە "پیاوێکی ڕیش خەنەیی"دا ئەو زمانە سادە و ساکارەیە کە هەڵگری تەنزێکی تفتو تاڵە و لەسەر دەستی وەگێڕێکی لەبزشیرین و زمان پاراو خوێنەر بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی ڕەوتی ڕووداوگەلی چیرۆکەکان پەلکێش دەکات. زمانی چیرۆکی عەزیز مەحموودپوور زۆر شەفاف و بێ گرێوگۆڵە و لە هەمان کاتدا ڕێژەی ڕۆشنبیریی زمانەکەی لەگەڵ ڕادەی زانایی وەگێڕەکانی دەخوێنێتەوە و خوێنەر هەست دەکات کەسەکان قسەی خۆیان دەکەن و لە بری بیر و هزری چیرۆکنووس، نوێنەری هەست و نەستی خۆیانن. لەم نێوانەدا ئەوەی چیرۆکنووس زیرەکانە و ئاگادارانە هەوڵی بۆ دەدات گونجاندنی جۆرە تەنزێکی تاڵە لە تانوپۆی گێڕانەوەکانیدا، ئەویش لە دووتوێی لەبزێکی شیرین و ئاخافتنێکی سروشتی و خۆکرددا. بۆ نموونە، لە چیرۆکی "من شتێکم لێ ون بووە" کاتێک ئەندامانی بنەماڵەی وەگێڕ بەوە دەزانن کە باپیری بنەماڵە:

"ئەخلاقی گۆڕاوە و جارجار سست و بێدەنگ دەبێ و بۆ ماوەیەکی زۆر لە خاڵێکی نادیار دەڕوانێ و لە بەر خۆیەوە دەڵێ: "ئەرێ، ئەرێ من شتێکم لێ ون بووە." دوایە ساردوسڕ چاوی پڕ دەبێ لە ئاو و بێدەنگ دەبێ." (پیاوێکی ڕیش خەنەیی، ل٣٠)

چیرۆکنووس لە ڕێگەی باسکردن لەو وەهمەی کە لە زەینی باوک و دایکی وەگێڕدا سەبارەت بەم گۆڕانە دروست دەبێت، تەنزێکی تاڵ دەخوڵقێنێت کە ناڕاستەوخۆ، بەڵام ورد و هونەرمەندانە ئاماژە بە جۆری پێوەندی نێوان باپیر و باوک و دایکی دەکات:

"بابم و دایکم یەکەم کەسانێک بوون کە بیریان بەوە ڕاگەیشت کە دەبێ قسەی باوەگەورەم نەهێنییەکی لە خۆ گرتبێ. پێیان وا بوو باوەگەورە پوڵێکی زۆری هەیە و لە جێیەکی داناوە یان بە کەسێکی داوە بە قەرز و وەبیری نایەتەوە. هەر بۆیەش دایم دەڵێ شتێکم لێ ون بووە. هەتا بەینێک بە دەورووپشتی داهاتن و خوراندیان و بە قەولی دایکم قسەیان لێ داکێشا، بەڵام زۆر زوو بۆیان دەرکەوت کە وەدووی کڵاوی لار کەوتوون." (پیاوێکی ڕیش خەنەیی، ل٣٠-٣١).

ئەم بەشەی چیرۆکی "من شتێکم لێ ون بووە" بۆیە تەنزە، چونکە لە لایەکەوە دایک و باوکی وەگێڕ لەپشت ئەم قسەیەی باپیرە "نەهێنییەک" دەبینن سەرنج بدەن کە وشەی "نەهێنی" زۆر بە ئەنقەست بۆ زەقکردنەوەی ڕێژەی تەماح و ماڵپەرستی دایک و باوکی وەگێڕ بە کار هاتووە. لە لایەکی دیکەوە چیرۆکنووس بۆ نیشاندانی حاڵەتی ڕیاکاری و مەراییکەرانەی دایک و باوکی وەگێڕ لە حاند باپیرە بۆ قسە لێ داکێشانی لە دەستەواژەگەلی "بە دەورووپشت داهاتن" و "خوراندن" کەڵک وەردەگرێت کە تەواو تەنزئاسا و تەنانەت تەوساوین. هۆکاری تاڵ بوونی تەنزەکەش لەوەدایە کە لە دۆخی وا مەترسیدار بۆ سەلامەتی دەروونی باپیرە باوک و دایکی وەگێڕ، دەکەونە بیری ئەوەی کە چۆن دەکرێت لەم هەلەی ژیانی بابەگەورە ئەوپەڕی بەرژەوەندی بقۆزنەوە کە بریتییە لە وەدەست هێنانی برێکی زۆری پارە. تاڵی تەنزەکە ئەو کات دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی کە ئەندامانی بنەماڵە کاتێک بەو ئەنجامە دەگەن چ شتێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە و وەگێڕ وتەنی "دەستیان لە بن هەمبانەی خاڵییەوە دەرچوو"دێنە سەر ئەو ڕایە کە بێت و نەبێت باپیرە لەونی لێ گۆڕاوە و حەد و سەری مردنیەتی. لێرەدا و لە سۆنگەی ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە بەسەر باپیرەدا هاتووە ڕاستی زەین و هەناوی ئەندامانی بنەماڵە ئاشکرا دەبێت و چیرۆکنووس لە ڕێگای ئەو زمانە تەنزاوییەی کە بۆ وەگێڕی هەڵبژاردووە دۆخێکی گاڵتەجارانە لەو مەوقعیەتەی ژیانی بنەماڵەی وەگێڕ وێنا دەکات، بێ ئەوەی بیەوێت ئەنجامگیرییەکی ئەخلاقی و عاتیفی گشتی پەسند بێنێتە گۆڕێ.

# ئەدەبی بەراوردکاری

## (قەیران و قوتابخانەکانی)

هیوا شاربازێڕی
(سلێمانی)

### دەستپێک

لە ڕاستیدا بەهۆی زۆری قوتابخانە ئەدەبییەکانەوە وای کردووە کە هەر قوتابخانە و بەشێوەیەک لە شێوەکان پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاری کردبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە پێناسەکراوە کە بەراوردکاری لقێکە لە لقەکانی مەعریفە، مەعریفەی بەراوردکاری لە نێوان دوو ئەدەب کە هەریەکەیان سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراو بێت، بەشێوەیەکی گشتی کردەی بەراوردکارییەکە لە نێوان یەک ڕەگەز، یان چەند ڕەگەزێکی ئەدەبی هەر میللەتێکدایە، ئەمەش بۆ هەڵوێستەکردنە لەسەر پنتە لەیەکچوو و جیاوازەکانی نێوان ئەو ئەدەبیاتە لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەو فاکتەر و هۆکارانەی لەو پنتانە بەشداری سەرەکی دەبینن.

یەکێک لە ئامانجەکانی بەراوردکارییەکە ئاشکراکردنی ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان ئەو دوو ئەدەبیاتەدا هەیە لەگەڵ بوونی ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر یەکدی هەیانە، سەرەڕای بوونی ئامانج و مەبەستی هاوسەنگی هونەری و ناوەڕۆکی لەنێوانیاندا، یان خستنەڕووی ئەو وێنەیەی کە لە ڕێگەی ئەدەبەوە توانراوە میللەتانی دیکەی، لە میللەتەکەی خۆی پێ ئاشنا بکات.

### قەیران

زۆربەی فەرهەنگە زمانەوانییەکان چەندین مانایان بۆ زاراوەی قەیران بەکارهێناوە لەوانە، داخستن، ئازار، تەسکبوونەوە، ئیدانەکردن بە توندی.

مانای قەیران لە پێوەندی بە ئەدەبی بەراوردکارییەوە بەوە دێت بەشێوەیەکی تەسکبینانە مامەڵە لەگەڵ ئەدەبی بەراوردکاریدا دەکرێت، بەپێچەوانەی ئەو مەبەست و ئامانجەی لە سەرەتای دروستبوونیدا لە پشتییەوە بووە، لەبەر ئەوەی ئامانج لە ئەدەبی بەراوردکاری ئاشکراکردنی هەردوو ڕەهەندی جیهانبینی و هیومانستیەتی ئەدەبە.

### سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکە

دەتوانین بڵێین قەیرانی ئەدەبی بەراوردکاری لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە خودی ئەدەبی بەراوردکاری لە ڕووی چەمک و میتود و پانتایی کارکردنییەوە ڕووی لە گەشەسەندن کرد، تایبەتمەندانی بواری ئەدەب پێیان وایە کە ئەوەندەی فاکتەری سیاسی ڕۆڵی لە ئاڵۆزتربوونی ئەو قەیرانەدا بینیوە، ئەوەندە ئەو بوارە ئەدەبییانە ڕۆڵی نەبینیوە کە ئەدەبی بەراوردکاری کاریان لەسەر دەکات.

بۆ نموونە ئەو قەیرانە ئەدەبییەی کە لە ڕابردوودا سەری هەڵدا لەسەر ئەوەی کە ئەدەبی میللەتان چەندە کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە، وەکو کاریگەریی

ئەدەبی یۆنانییان ئایا ئەدەبی بەراوردکاری زانستە، یان تیورە، یان میتودێکە بۆ لێکۆڵینەوە، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە میللەتان تەنیا گرنگی بە ئەدەبیاتی خۆیان بدەن، یان تەنیا لە خزمەتی پێشخستنی ئەدەبی خۆیاندا بن و لەم قۆناغەدا فاکتەری سیاسی ڕۆڵی ئەوتۆی لە قەیرانەکەدا نەبینیوە.

تەنیا بەوەوە نەوەستا کە میللەتان گرنگی بە ئەدەبیاتی خۆیان بدەن و بەس، بەڵکو ئەم بارودۆخە وای کرد فەزایەکی ململانێ لەسەر ئاستی میللەتەکانیان دروست ببێت بەوەی هەر یەکەیان بەدوای خاڵی جیاوازی بەرانبەرەکەیاندا بگەڕێن بۆ ئەوەی بیر لە جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکدیدا بکەنەوە.

ململانێی نێوان ئەمریکا و فەڕەنسا وەکو دوو قەوارەی سیاسی زۆربەی بوارەکانی گرتبووەوە، بەتایبەتی ململانێی ڕۆشنبیری یەکێک بوو لە خاڵە بەهێزەکان لەبەردەم هێزی سەربازی و تەنانەت چالاکییە ئابوورییەکانیشیاندا، هەر بۆیە ئەمریکا ڕازی نەبوو لەسەر ئەوەی پاریس ببێتە پایتەختی ڕۆشنبیریی ئەوروپا.

یووسف بەککار لە پەرتووکەکەیدا (ئەدبی بەراورد) بە ڕوونی ئاماژەی بەوە داوە کە گرنگترین ئەو بارودۆخەی کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی قەیرانی ئەدەبی بەراوردکاری و لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا بینیوە و گەیشتووەتە ئەم قەیرانەی ئێستا، زاڵبوونی میتودی مێژوویییە لە سەدەی نۆزدەدا و سەربەخۆبوونی فەلسەفەی دانراوە لەلایەن (ئۆگست کۆنت)ـەوە.

## ڕەهەندی ئەدەبی بەراوردکاری

ململانێی سیاسی بەپلەی یەکەم کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاراستە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ئەدەبی بەراوردکاری هەبووە ، هەر ئەمەشە وای کردووە کە بەشێوەیەکی ڕوون بازنەی کارکردنی ئەم جۆرە ئەدەبە دیار نییە.

بەهۆی ئەو ململانێ بەهێزەی لەنێوان میتودی فەڕەنسی و میتودی ئەمریکیدا لە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا هەیە وای کردووە یەکڕیزی لە ئاراستەپێدانی ئەدەبی بەراوردکاریدا نەبێت، هەر ئەمەشە وای کردووە کە ئەو ئامانجەی لەپشت بەمرۆڤگەرایی ئەدەبەوە هەیە ببێتە نامومکین.

## سنووری ئەدەبی بەراوردکاری

هەوڵەکانی دیاریکردنی سەرەتا و کۆتایی ئەدەبی بەراوردکاری سەرکەوتوو نەبوو و شکستی خوارد، (ڤان تیگم) دوو پێوەری بۆ سنووری ئەدەبی بەراوردکاری دەستنیشان کردووە، ئەوانیش ئەو دوو ڕەهەندەی چیرۆک و ئەفسانەیە کە لە ڕێگەی دەربڕینە شیعرییەکانەوە گرنگی پێ دراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دیاریکردنەش سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوەی لێکۆڵەرە ئەدەبییەکان پێیان وایە ئەو بۆچوونە تەنیا کورتە ئاماژەیەکە بە لقوپۆپەکانی دەرەوەی سنووری ئەدەبی بەراوردکاری و بەس.

## ڕزگاربوون لە قەیرانەکە

لە ئەنجامی ئەو ململانێ سەختەی لەنێوان پێشەنگە ئەدەبییانەی فەڕەنسا و ئەمریکا هەبوو، وای کرد تێڕوانینێکی نوێ تایبەت بە ڕزگاربوون لە قەیرانی ئەدەبی بەراوردکاری بێتە کایەوە.

تێڕوانینە نوێیەکەیش لە شێوەی هاوکێشەیەکدا ڕێکخرا بەناوی هاوکێشەی جیهانبینی ئەدەب و فەزای مرۆڤایەتی بوونەکەی، لە بەرانبەر هەموو ئەو هەوڵانەی دەیانویست هەر پێشەنگێکی ئەدەبی لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆی هەنگاو هەڵگرێت.

هاوشانی ململانێی نێوان ئەمریکا و فەڕەنسا، ڕووسیاش هاتە ناو ململانێکەوە و بەم هۆیەوە ئاراستەیەکی دیکەی ڕزگاربوون لە قەیرانەکە سەری هەڵدا، ئەویش کارکردن لەسەر فراوانبوونی بواری ئەدەبی بەراوردکاری بوو بەشێوەیەک بتوانرێت ململانێ سیاسییەکان کار نەکەنە سەر کاریگەرییە ئەدەبییەکان، بەڵام لەبەرئەوەی ململانێ سیفەتی بەردەوامی هەناوی سیاسەتە، بۆیە ئەم تێڕوانینە نوێیەش سەرکەوتوو نەبوو.

## قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری

### یەکەم: قوتابخانەی فەڕەنسی

بنچینەی کارکردنی ئەم قوتابخانەیە نە نیشتمانی بوو، نە بەرەو ئاراستەی زمانی نووسین بوو، بەڵکو تێڕوانینێکی گشتی بوو لەسەرووی نیشتمانیی و لەسەروو زمانەوانییەوە ڕووەو شارستانیەتێکی فراوانتر، یەکێک لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی ئەم قوتابخانەیە کاری لەسەر دەکرد بریتی بوو لە ڕەگەزی مێژوویی و کارتێکەرەکانی نێوان هۆکار و سەرچاوەی

هۆکارەکان و سروشتی ئەو هێزەی لەو نێوانەدا هەیە، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە رۆشنبیری و سیاسییەی کە لەو کاتەدا لە فەرەنسادا هەبوو.

بەهۆی ئەو هەیمەنەیەی کە نووسەرە فەرەنسییەکان هەیانبوو لە ئەنجامی ئەو گەشتە ئەدەبییەی کە دەیانکرد بە ئەدەبی گەلاندا و لەگەڵ ئەو تیۆرانینە نوێیەی کە رۆژهەڵاتناسەکان هەیانبوو، وای کرد بیرکردنەوەی فەرەنسی لە چوارچێوەی زاراوەکانی (وێنەی من و وێنەی بەرانبەر) بوو بە سەرەتای کاری بەراوردکاری لەلای ئەم قوتابخانەیە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم قوتابخانەیە نەیتوانی لەو نەزعە مێژووییەی هەیبوو رزگاری ببێت، نەیتوانی هاوسەنگی راگرێت لەنێوان ئەدەبی نیشتمانی و ئەدەبی جیهانی، ئەمەش وای کردبوو کە لێکۆڵینەوەی رەخنەی ئەکادیمی مەودایەک لەناو ئەدەبی بەراوردکاریدا دوورکەوتبووەوە و یەکلانەبوونەوە لەسەر رەهەندی مەنهەجییەتی ئەدەبی بەراوردکاری جێگەی دوورکەوتنەوەی بۆچوونی بژاردە جیاوازەکانی دەوروبەری قوتابخانەکە بوون.

### دووەم: قوتابخانەی ئەمریکی

کلود بیشوو پێی وایە کە ئەم قوتابخانەیە لەسەر دوو رەهەندی پێوەندیدار کاردەکات ئەوانیش رەهەندێکی ئەخلاقییە لەسەر ئەوەی کە خاوەن میللەتێکی گەورەی جیهانی بێت و بتوانێت بەرووی جیهاندا بکرێتەوە، لەگەڵ رەهەندە رۆشنبیرییەکەی بەوەی کە ئەدەب گەیەنەری ئەدەبی بێگانە بێت بەرووی ئەوانی دیکەدا، وەکو سۆزێکی دیموکراتیانە بەرووی ئەدەبی بەراوردکاریدا، بەڵام رەهەندی دووەمیان تاکو سەدەی بیستەم بری کرد، ئیتر گۆڕانی بەسەردا هات، هەرچەندە توانی بەسەر رۆشنبیری ئەوروپادا زاڵ بێت.

دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین ئەو ئامانجە سەرەکی و بنەرەتییەی کە ئەم قوتابخانەیە کاری لەسەردەکرد کۆکردنەوەی مەعریفە ئەدەبییەکانە بەشێوەیەک گوتارە نوێیەکانیش لەخۆ بگرێت، بەڵام بەپشتبەستن بە رەهەندە مێژووییەکەی ئەدەب لە رووی نەتەوەییەوە.

لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە پەرچەکردارێک لە بۆچوونەکان بەرانبەر بە رای ئەم قوتابخانەیە سەری هەڵدا بەوەی کە پێویستە سوودی تەواو لە گۆڕانکارییە فیکری و میتودییەکان وەربگیرێت و کەمتەرخەمی لەو نوێگەرییە نەکرێت کە پێویستە لە ئامانجی ئەدەبی بەراوردکاریدا هەبێت بەرووی ئەدەبی میللەتانی جیهاندا، ئەمەش وای کرد کە خوێندنەوە ئەدەبییەکان تایبەت بە هەر دیاردەیەک لە روانگەی چەند ئەدەبێکەوە تەماشای بکرێت نەک تەنیا لەیەک ئەدەبەوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی دەبێت کارکردنی ئەم قوتابخانەیە لە پشتبەستنی تەواو بە لایەنە مێژووییەکەی دوورکەوێتەوە و رووە و رەخنەی نوێی ئەدەبی هەنگاو هەڵگرێت.

ئەو قەیران و گرفتە ئەدەبییەی رووی لەم قوتابخانەیە کردبوو ئەوەبوو کە دەیویست هاوسەنگی و رێککارییەک لەنێوان بۆچوونە جیاوازەکانی ئەدەبدا بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، سەرەرای ئەوەی دەیویست لە بازنەیەکدا کاربکات کە بازنەی تەواوکاری کایە مرۆڤایەتییەکەی ناو ئەدەبی بەراوردکاری بێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لەبەر ئەوەی بەراوردکردنی ئەدەبی، هێندەی شایانی گۆڕانکارییە، نیو هێندە بە ئاراستەی نەگۆڕەکاندا نییە.

### سێیەم: قوتابخانەی سلاڤی

لە راستیدا قوتابخانەیەک نییە بەناوی سلاڤی بە هەموو ئەو تایبەتمەندی و رەهەندانەی کە قوتابخانە هەیەتی، بەڵکو بریتییە لە دەرئەنجامێک کە ملکەچی هەندێک باکگراوەندی فیکری و سۆسیۆلۆژی دیاریکراوە، هەروەک دەوترێت گەشەسەندن لە تیۆرانینەکانی هەردوو قوتابخانەی فەرەنسی و ئەمریکی ئەم بەناو قوتابخانەی سلاڤی لێ بەرهەم هات کە جۆرێک لە گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی، لەسەر ئاستی میتودی و لەسەر ئاستی بابەت و لۆکاڵی و بنیادی ئەدەبی.

ماوەیەکی زۆر لەنێوان پێشەنگەکانی ئەم قوتابخانەیەدا مشتومڕ و گفتوگۆ سەری هەڵدا لەسەر ئەوەی کە سیاسەت پێوەندی بە ئەدەبەوە هەیە، بۆیە دەبێت لە روانگەی هۆشیاری و مەعریفەوە بەسەر ئەدەبدا زاڵ بین و سنوورەکانی نەتەوایەتی ببەزێنین و لە رێگەی ئەدەبەوە رووە و ئاڵوگۆڕی نەتەوەکان هەنگاو هەڵگرین.

یەکێکی دیکە لەو پرەنسیپانەی کە ببووە جێگەی مشتومڕی جەوهەری لەم قوتابخانەیەدا، خوێندنەوەی لایەنە سیاسی و جوگرافی و مێژووییەکان بوو بەیەکەوە، نەک تەنیا لایەنی مێژوویی، لە هەمان کاتدا باس لەوەش دەکرا کە دەبێت کار بە رۆشنبیرییەکی گشتگیری

بکرێت.

دوای ئەوەی نوخبەیەکی رووناکبیری ئەدەبی لەناو ئەم قوتابخانەیە دەرکەوتن و توانییان جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە چەندین توێژنەوەی تایبەتی ئەکادیمی لەچوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا ئەنجام درا، بە شێوەیەک شێوە سەربەخۆییەکی وەرگرت و بوو بە پنتی کرانەوە بەدەرەوەی خۆیدا لە ڕوانگەی مەنهەجێکی وردەکاری و فەزایەک بۆ شیتەڵکاری عەقڵە ئەدەبییەکان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم قوتابخانەیە توانیبووی کە هەردوو لایەنی فەلسەفی و مێژوویی تێکەڵ بە ڕوحی سۆسیۆلۆژی بکات و لە چوارچێوەی بیری سۆسیالیدا ئاراستە بەخۆی بدات و شتێکی نوێتر لە چاو هەردوو قوتابخانەکەی پێش خۆی بێنێتە کایەوە کە کارکردن بوو لەسەر تایبەتمەندییەکان بۆ پشت بەستن لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا.

**چوارەم: قوتابخانەی عەرەبی**

سەرەتای ئەم قوتابخانەیە بە ئیشی ڕۆشنبیری هەر یەکە لە (أحمد خاكي و مهدي علام و عبدالرزاق حميده و ابراهيم سلامه) دەست پێدەکات، هەر یەکە لەم بژاردەیە ڕاو سەرنجی تایبەتی خۆیان تایبەت بە ئەدەبی بەراوردکاری هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە لەنێوان هەردوو زانستی (ئەدەبی بەراوردکاری) و (مێژووی ئەدەبی) ئاوێتەی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانیان بکەن کە لە چل و پەنجاکاندا لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوە زانکۆییەکان کاریان لەسەر کردووە، تەنانەت توانییان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تێکەڵ بە لێکۆڵینەوە تایبەتەکانی ناوەندەکانی زانکۆکانی میسر بکەن.

دوایی ئەم قوتابخانەیە توانی لەلایەک لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە مێژووی ئەدەبی و لەلایەکی دیکە تایبەت بە ئەدەبی بەراوردکاری، بوو بەهۆی ئەوەی میتودێکی تایبەتی زانستی بەرجەستە بێت بۆ کارکردنی ئەدەبییانەی قوتابخانەکە، بەشێوەیەک کە ئەدەبی بەراوردکاری تایبەت کرا بە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەدەبە جیاوازەکان لە ڕوانگەی پێوەندی هەندێکیان بە ئەوانی دیکەوە، یان لە ڕوانگەی خاڵە هاوبەشەکانیانەوە لەگەڵ یەکدیدا.

یەکێک لەو قەیرانە ئەدەبییانەی ڕووبەڕووی ئەم قوتابخانەیە بووەوە ئەوەبوو کە مشتومڕێکی توند دروستبوو لەسەر ئەوەی کە چ سەرچاوەیەک بکرێتە فاکتەری سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ئەدەبی بەراوردکاری نەتەوەکان، هەروەها چۆن کار لەسەر هەردوو لایەنی تیوری و پراکتیکی بکرێت و چۆن مامەڵە لەگەڵ لایەنی مێژوویی ئەدەب بکرێت و بتوانرێت زانستی و بایەتییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و تەواو مرۆڤانە بناسرێت، پاشان پێشەنگێکی دیکەی ئەدەبی لەناو ئەم قوتابخانەیەدا سەری هەڵدا بەناوی (محمد عبدالمنعم خفاجه)، کە کورتەی تێڕوانینەکانی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بنیادنرابوو:

* پەیوەستبوونێکی تۆکمە و پتەو بە ئەدەبی نەتەوەییەوە بەرانبەر بە ئەدەبی بێگانە.
* پشت بە بنەما سەرەکییەکانی ناو مێژووی زێڕینی ڕابردووی ئەدەبی نەتەوە ببەسترێت.
* شیکردنەوەی خاڵە لێکچوو و جیاوازەکانی ئەدەب بکرێت.
* کرانەوە بەڕووی ئەدەبی گەلاندا.
* ڕەچاوی تایبەتمەندیەتی نەتەوەیی بکرێت.

خەفاجە لە تێڕوانینەکانیدا سۆزی نەتەوایەتی بەسەریدا زاڵە، بەڵام لەو پێشەنگانەی کە توانیویەتی ڕۆڵی بەرچاو ببینێت بریتییە لە (جاحظ)، کە توانی ئەدەبی نەتەوە تێپەڕێنێت و لەژێر چاودێری لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئەدەبی بێگانەدا مامەڵە لەگەڵ ئەدەبی بەراوردکاریدا بکات.


**سەرچاوەکان:**

**١- يوسف بكار، الادب المقارن، الاردن، ٢٠٠٤.**

**٢- حسام الخطيب، آفاق الأدب المقارن، دار الفكر، ١٩٩٩.**

**٣- محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، بيروت، ١٩٨١.**

**٤- مدارس الأدب المقارن، دراسة منهجية، سعيد علوش.**

**٥- حسام الخطيب، الأدب المقارن بين التزمت والتفح، دمشق، ١٩٧٩.**

# دەقئاوێزانی خودی لە شیعری مەحوی-دا

هەژار فەقێ سلێمان
(کەلار)

ئێستا لە نێوەندە ئەکادیمییەکان و لەو نێوەندانەش کە کار لە ڕەخنە و ڕاڤەی تێکستی ئەدەبی دەکەن، چەمک و زاراوەی دەقئاوێزان و جۆرەکانی و میکانیزمەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، ئەم هەوڵەش کار لە جۆرێک لە جۆرەکانی دەقئاوێزان لە شیعری مەحوی دەکات کە دەقئاوێزانی خودییە، پێش ئەوەی بچینە سەر مەبەستی بابەتەکە، پێویستە هەڵوەستەیەک لەسەر دەقئاوێزان بکەین، لەزمانی کوردیدا زاراوەی دەقئاوێزان بەرانبەر بە (intertextuality)یە لە زمانی ئینگلیزیدا، لە زمانی عەرەبیشدا بەگشتی زاراوەی (التناص) ی بۆ دانراوە، بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە لەسەر دەستی (جولیا کریستیڤیا ) لەچەند توێژینەوەیەکی زانستیدا لەساڵی (١٩٦٦-١٩٦٧ ) وەک زاراوەیەکی ئەدەبی و خاوەن میتود هاتە ناوەوە، هەرچەندە وەک چەمک پێش ئەو مێژووە دەبینرێت وەک لە ساڵی (١٩١٩ ) شاعیری ئینگلیزی (تی. ئێس. ئیلیەت) دەڵێت: (مانا و ناوەرۆکی بەرهەمی هیچ شاعیرێ، یان کاری هونەری هیچ دانەرێ، بەتەواوی هی خۆی نییە، نرخاندنی ئەو لە پێوەندی لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندە مردووەکاندا دیاری دەکرێ) ، ڕاوبۆچوونێکی زۆریش سەبارەت بە پێناسەکانی دەقئاوێزان هەیە، یەک لەوانە دەڵێت: (دەقئاوێزان ئەوەیە کە دەقێکی ئەدەبی، چەند دەقێکی پێش خۆی لە شێوەی وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن و ئاماژە لەخۆ دەگرێت، ئەمانەش لەگەڵ باکگراوندی دانەر و دەقەڕەسەنەکەیدا تێکەڵ دەبن و پێکەوە دەقێکی تازە بەرهەم دەهێنن) ، هەر لەو بارەیەوە (جولیا کریستیڤا ) ئەوە ڕادەگەیەنێت و دەڵێت: (هەموو دەقێک



مەحوی

پێوەندییەکی لێکچوون و وەک یەکیی لەگەڵ دەقەکانی تردا هەیە، یان ڕەنگدانەوەیان لەنێواندا هەیە.)، یان (لیۆن سمفیل) دەڵێت: (هیچ دەقێک لە سێبەری دەقێکی پێشووتری بەولاوە شتێکی دی نییە)، هەروەها (ڕۆلان بارت)یش لەبارەی ئەم باسەوە دەڵێت: (هەموو دەقێک پاشماوەی دەقەکانی پێشووتر و هاوکاتی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە)، هەروەها (بەختیار عەلی) لەبارەی تێکست و پێوەندی بە تێکستی ترەوە دەڵێت: (تێکستێکی سەرکەوتوو لەسەر ئەم ئەستێرەیە نییە لە پێوەندیدا بە ئەدەبیاتەکانی ترەوە نەهاتبێتە دنیاوە)، هەروەها دەڵێت: (هەموو تێکستە جوانەکانی ئێمە، بەرهەمی پێوەندی و کارلێکەری نزیکبوونەوەن لە ئەدەبی دنیا، کاریگەری ئەدەب و کولتووری ئیسلامی و فارسی نەبایە، مەحوی لە دایک نەدەبوو، کاریگەری تەواوی ئەدەبیاتی ئینگلیزی نەبایە گۆران نەدەبوو)، لەو پێناسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەقئاوێزان ئەوەیە کە هەر دەقێک بگرین دەقێکی یەکەمینەو ڕەسەن نییە، بەڵکو دواجار کاریگەری دەقەکانی پێش خۆی لەسەرە، ڕادەی کاریگەرێتییەکەشی لەسەر هۆشیاری دانەرەکەی وەستاوە، خوێنەر و ڕەخنەگری خاوەن پاشخانیشی دەوێ تا ڕادەی ئەو کاریگەرێتییە دەستنیشان بکات.ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت، مەرج نییە هەمیشە دەقی پێشووتر لەو دەقانە باشتر و بەپێزتر و جوانتربێ کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە، بۆ ئەمەش نموونەی دەقی ئەدەبی زۆرە، هەروەها لێکۆڵینەوە لە دەقئاوێزانیش مانای ئەوە نییە کە داهێنان بوەستێت و دەقی نوێ بەرهەم نەیەت .

لە لێکۆڵینەوەکاندا چەند جۆرێکی دەقئاوێزان خراوەتە ڕوو، گرنگترینیان (دەقئاوێزانی دەرەکی و دەقئاوێزانی خودی)ە.

(دەقئاوێزانی دەرەکی) ئەو جۆرە دەقئاوێزانەیە کە نووسەرێک، یان شاعیرێک بابەت، دەقێکی نووسەران و شاعیرانی تر لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت کاریگەریی لەسەری جێ هێشتووە و لە نەستیدا هەڵگیراوە، بێ مەبەست بێت، یان بەمەبەست بەکاری دەهێنێتەوە، دەشێت نزیک بێت، یان دوور لەواتای دەقی پێشووترەوە دایدەڕێژێتەوە.

(دەقئاوێزانی خودی) ئەمەیان مەبەست و چەقی بابەتەکەیە، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە نووسەرێک، یان شاعیرێک لە دەقێکی نووسراوی پێشووی خۆی دالێک، یان وێنەیەک، یان چەند وشەو دەستەواژەیەک یان بیرێک وەردەگرێت و دەقێکی نوێی لێ بەرهەم دەهێنێت، لێرەدا دەشێت ئەو جۆرە وێنەو بیرانە بێت کە لای شاعیر خۆی جێی بایەخەو بەپێی کات جارجارێک لەنەست و ناخی نووسەردا، بەفۆرم و شێوازێکی ترەوە سەرهەڵدەداتەوە.

لێرەوە دەتوانین ئەم جۆرە دەقئاوێزانە (خودی) لە شیعرەکانی مەحوی-دا دەستنیشان بکەین، مەحوی وەکو شاعیرێکی خاوەن پاشخانێکی مەعریفی و سۆفیگەری و شیعری و شارەزا لە شەریعەت و تەریقەتدا، توانیویەتی کۆی ئەو پاشخانانە لە کۆمەڵێک بیری چڕکراوەو وێنەی هونەری بەرز لە شیعردا کە تاکە دەلاقەبووە بۆ هەڵڕشتن و خستەڕووی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی لەو سەردەمەدا بخاتە ڕوو، مەحویش وەک هەر مرۆڤێکی خاوەن چێژ و سەلیقە لە شیعر و وێنەدا چێژی لە کۆمەڵێک تێما و بابەت وەرگرتووە لەچاو کۆمەڵێک تێما و بابەتی تردا کە

بەخوێندنەوەی شیعرەکانی درک بەوە دەکەین کە ئەو دال و بابەتانە جار ناجارێک لە غەزەلێکدا، یان لە قەسیدەیەکدا بەفۆرم و شێوازێکی نزیک، یان دوور دەردەکەونەوە و مەحوی بەشارەزایی خۆی و بەمەبەستەوە هەڵی دەشێلێت و وێنەی نوێتری لێ دروست دەکات و بەهەمان مەبەست دەیهۆنێتەوە، دەشتوانین بڵێین لە هەندێک لە وێنە نوێکاندا هەر جارەی (هێز) سترێسی خستووەتە سەر پارچەیەک لە وێنەکان.

ئەو بابەت و تێما و وێنانەی کە ئێمە لێرەدا دەستنیشانی دەکەین و بە دەقئاوێزانی خودی دەیناسێنین، لە دیوانی مەحوی-دا بیست و هەشت بابەتمان ئاماژە پێداوە، کە هەموویان سێ دێڕیان لەسەر نووسراوە، زۆربەشیان لەسێ دێڕ زیاتر و هەندێکیشیان تا نزیکەی دە دێڕ و چەند بابەتێکیان تاوەکو بیست دێڕی لەسەر نووسراوە، لای مەحوی ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆر وێنەو بابەتی دیکە کە زۆربەیان دوو دێڕیان لەسەر نووسراوە (ئەگەر بوار هەبوو ئەوە لە داهاتوودا کار لەسەر کۆی ئەو وێنەو بابەتانە دەکەین لای مەحوی)، کارکردنی مەحوی لەسەر بابەتێک کە بیست دێڕ شیعری لەسەر نووسرا بێت، بەیەک چەمک و بە شێوازی جۆراوجۆر مایەی قسەکردن و لەسەر وەستانە، کە دەشێت بتوانین لە ڕێگەی ئەم جۆرە دەقئاوێزانەوە بۆ ناخی شاعیر شۆڕببینەوە و کاری لەسەر بکرێت و وەک بابەتێکی نوێ بخرێتە ڕوو.

ئەو بابەتانەش کە وەک ئاماژەمان پێدا کە سێ دێڕ، یان زیاتریان لەسەر نووسراوە ئەمانەن کە دواتر لەبەر درێژی بابەتەکە نموونە بۆ چەند دانەیەکیان دەهێنینەوە، بابەتەکانیش بریتین لە (هیچی و کەم نرخی دنیا، سەر لە پێشی پێ دانان و بەسەر ڕۆیشتن، نامۆیی و بێ هاودەمی شاعیر، نەخۆشی دڵ بەهۆی چاوی بیمارەوە، دڵ و داغی عیشق، خۆری یار و شەونمی عاشق و توانەوەی، هاتنی مەعشووق و هەستانی قیامەت، ڕەقیبی سەگ، زاهید و ڕیش، سۆفی و تەسبیح، حەق بێژی، شاهی یار و گەدایی عاشق، ڕوخسار و باغی سووری ڕوو، حەلاجی سەردار و سەرداری عیشق، شیرین و فەرهاد، لەیل و مەجنوون، ئاو و ئاگر، ڕوح هاتنە سەر لێو، پەروانەو بلبل، خونچە و وەنەوشە، زولفی مارین و گەنجی حوسن، لێو و زولف، دار و بەرد، بوون بەخاکی بەر پێی یار، لێوی لەعلین و ددانی گەوهەرین، بەعەنقابوونی عەهد و وەفا، هەوری نیقاب و مانگی ڕووی، فیتنەیی نێرگزی چاو، زۆر وێنەو تێمای دیاری دیکە)، وا لە خوارەوەش نموونەی شیعریی بۆ حەوت بابەتیان دەهێنینەوە کە وەک دەقئاوێزانی خودی لای مەحوی لێمان ڕوانیوە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو هەم لە بیروتێڕوانینەکاندا دووبارە بوونەتەوە، هەمیش لەو وشانەشدا کە وێنە و بیرەکانی دروست کردووە، نموونەش بۆ ئەمانە وەکو:

**یەکەم:** هیچی و کەم نرخی دنیا:

**١- دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، بڕۆ**
**کێ مایەوە تیا کە نەبووبێ تیا، تڕۆ**
**٢- میسالی وایە بەحرێ گەوهەری دابێ بە خەرموهرێک**
**لەبۆ دنیا، ئەوی عومری عەزیزی کردووە زایع**
**٣- بە پەل پەل کردنی سوبحەی ئەگەر ببوایە باوەڕیان**
**دەبوو قەت بەم حەدە نەبوایە بۆ دنیا پەلەی مەخلووق**
**٤- چیە؟ خوسران، ئەمەندە مەستی لەهو و لەعبی دنیا بوون**
**برا! عومری گیرامی بەس لەڕێی ئەم بادە بەربادە**
**٥- کوری بێ تا سەر، ئەم دایەی زەمانە مەمکی کەس نادا**
**کە صەعبە شیری شەفقەت «مەحویا» لەم شێرە دۆشینە**
**٦- دەزانی جیفەیە دنیا، دە حەیفە**
**وەکو سەگ ئەم شەڕوشۆڕە لەسەر لاک**

**دووەم:** هاتنی مەعشووق و هەستانی قیامەت:

**١- بەجێیە، چونکە ئەو هەستا قیامەت جێبەجێ هەستا**
**لە چەرخ ئەمشەو وەکو ئەشکم لە دیدە داوەری کەوکەب**
**٢- صوبحی مەحشەر بوو، وتت: صوبحەی زووە وادەی ویصاڵ**
**عالەمی کوشت ئینتیزاری هاتی وادەی زوو بەزوو**
**٣-مەحشەرێ هەستا کە هەستا ڕۆیی، ڕۆیی دوو بە دووی**
**(الوداع)ێکی ئەوا ناڵەی هەزاران (الفراق)**
**٤-ئەو سەرووی نازە تەوسەنی هێنایە ناز و تەک**
**هەستا قیامەت و فەلەک ئەستوونیە گەرەک**
**٥-ئەو شۆخە هەر کە نەعشی منی دی، قیامی کرد**
**چی بم منێ؟ ئەم قیامەتە هەستا کە من نەمام**

**سێیەم:** نامۆیی و بێ هاودەمی شاعیر:

**١- بێ کەس منم کەسێ لە زوبانم بگا نییە**
**هەمدەم خودا نەناسن و دەم پڕ لە یاخودا**
**٢- بەهەموو دەم لەصەدەد باس و قسەی ئەو دەمەدام**

کە دەمێ باسی بکەم، کەس نییە، هەم دەم بووەقات
٣- چ کەس نابێ بەکەس دارم، نییە لەو بەردەرە یارم
خودایا تۆ بکەی چارم، کەسێکم بێ کەس و بێ دەر
٤- بە جێ ماوم لە گەل من، حەسرەتا، مەکتم لەسەر بایەک
بەجارێ هاژەبێنم «مەحویا» وەک دارەکەی سەرکەل
٥- بەجێ ماوم لەیاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل! زوو بە
بەمردن لەم قوسوری ژینە ئیستیعفا نەکەم، چ بکەم!

**چوارەم:** دڵ و داغی عیشق:

١- خودا بیدا بەڕەحمەت، داغی دڵ چاوی دڵە «مەحوی»
بەیادی ناکەسان ئازوردە حەیفە خاتیری عاتیر
٢- هەر دڵێ پێوە نەبێ داغ و خەتی جێ دەمی تیغ
دەعویی عیشقی ببێ دەعوییە بێ مۆر و سەنەد
٣- سەنەد بێ مۆر و خەت دەعویی مەحەببەت کردنە «مەحوی»
تەعەشوق، بێ دڵێکی داغدار و سینەیی ڕێشێ
٤- دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق
«مەحویا» دانا دەبێ بەم چاوە بینیایی بکا

**پێنجەم:** سەر لە پێشی پێ دانان و بەسەر ڕۆیشتن:

١- سەرت پێ لازمە، مەیبازە «مەحوی»
دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بەسەر چین
٢- گلەی پێشم لەسەر سەر هەم بووە بار
کە دی من دولبەرم هات و بەسەر چووم
٣- تا نەبووری تۆ لەسەر ڕێ ناخەیە مەیدانی عیشق
سەر لە پێشی پێ دەبێ، لەم ڕێگە دانێی ئەوەلا
٤- بەپێیر ئەو ڕۆژەوە «مەحوی» ئەوەندە
بەسەر چوو بوو، وەکو شەونم لەسەر کەوت

**شەشەم:** خۆری یار و شەونمی عاشق و توانەوەی:

١- بەیانی هاتە باغ ئەو ماهە، ئەم وا تێ گەیی ڕۆژە
لە شەبنم، گوڵ بە دامەن گەوهەری هێنا، نیساری کرد
٢- کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا
کە خۆ دەرخەی وەکو خۆر، دڵ وەکو شەونم لە خۆ بڕوا
٣- تۆ کە دەرکەوتی مەپرسە، چی بەسەر دێ جان و دڵ
حاڵەتی شەونم تەماشاکە، بەوەقتی ڕۆژهەڵات
٤- دەپرسی: بۆچی من دەرکەوتم و دڵ بوو لە تۆ غایب
کە وەختی ڕۆژهەڵات، ئەڵبەت شەونم دەبێ لە خۆ غایب
٥- بەپێیر ئەو ڕۆژەوە «مەحوی» ئەوەندە
بەسەر چوو بوو، وەکو شەونم لەسەر کەوت

**حەوتەم:** ڕەقیبی سەگ

١- ڕەقیبت دەرکە، ئەم بەر دەرکە پاکە پیس ئەکا، فەرمووی
کە بەم بەر قاپییە لازم سەگێکی وایە، بۆ بڕوا
٢- ڕامە حەتتا بۆ سەگێکی وەک ڕەقیب
ئەو جەنابە، هەر لەمنییە ئیجتیناب
٣- لە حینی بوونی ڕەقیبا وتم: کە حەیفە جنێو
وتی: چ حەیفە، دڵی ئەو سەگەش ببێ با خۆش
٤- ڕەقیبە لەعنەتی، عاشق دەکەی ڕەجم
لەباتی سەگ دەکەی شێری سەمەندۆک
٥- وا دڵ بەداغم ئەز لە ڕەقیب، ئەر سەری بڕن
بۆ ئەکلی لەحمی ئەو سەگە من دەبمە حەنبەلی
٦- سەیری سەگ مەرگی ڕەقیبت کە کە غەیری ئەو سەگە
شیری غەمزەت شێر و بەوری ڕوو بەڕوو بێ، دوو قەدە
٧- ڕەقیبی سەگ حەزی بوو، کوشتمت، سەیریکە چۆنی بۆم
دوعا بۆ دەست و تیغت من دەکەم، بڕوانە چۆنم بۆت

سەرچاوە:

١- دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلاکەریم)، انتشارات کردستان، چاپی سێیەم، سنندج، ١٣٨١.

٢- وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، بەختیار عەلی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.

٤- دەقناویزان لە شیعری نوێی کوردیدا (بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت)، د. شنۆ محەمەد محمود، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥- دەقناویزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣) و مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢)، د. ئەنوەر قادر محەمەد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦.

٦- دەقناویزانی لە نێوان چەند دەقێکی نالی و مەحوی-دا، د. عەبدولسەلام سالار، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢١ی ئەیلولی ٢٠٠٧.

# بشێ قانعیش شاعیری دەربار بووبێ؟

**خەسرەوی میهرزاد**
**(سنە)**

لام وا نییە لە کوردەواریدا کەسێ هەبێ قانع نەناسێت، کونوقوژبنی وڵات نییە ناوی قانعی نەبیستبێ. پێچەوانەی زۆرێ لە کەڵە پیاوانی پێشوو ناوبانگی وی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەسێنە. قانع پێویستی بە ناسێنەر نییە، منیش مەبەست و نیازم ناسینی ئەم دانسقە شاعیرە نییە. ئەز کوردێکی ڕەش خوێن، تامەزرۆی ئەدەبیات، بە تاسەوە کاشێل و شوێن هەڵگری بەرهەم و بابەتە کوردییەکانم. لە کتێبی زایەڵەی زرێبار نووسینی مەلای نەزیری شیعرێکی فارسی لە لاپەڕەی (٤٢٧) وەبەرچاوم کەوت، سەرنجی ڕاکێشام، ماتڵی کردم، لێی ورد بوومەوە، تەمی ڕوێز و دوودڵی دایگرتم، گوستی سوبەتم گەست! داخۆ ببێ شیعرێکی ئاوەها سووکی لاوازەی شاعیرێکی بەرزی گەلحەزی دڵسۆزی وەکو قانع بێ؟ بکرێ قانع لە سەرەمەرگدا گۆڕا بێ و سنرا بێ؟ بشێ بەم شیعرە بناغەی ئاخرشەڕی خۆی داڕشتبێ؟ ئەم شیعرە چ لە بواری بوتیقایی و چ لە بواری برووسکە و پەیامەوە هێندە تەوش و تڕووە کە هەر خۆش خوێنەرێ بەرەو دڕکەڵانی گومان ڕادەکێشێ. ئەم شیعرە، بێجگە لە خۆڵتە و خۆش خزمەتی بە نەیار و کلکەسووتێ نەبێ، شتێ ناگەیەنێت. کەڵک و دەسکەوتێکی بۆ خوێنەریش نییە. ڕوونە بە قەد زرێبار ماستاوی گرتووەتەوە و بە سەرشۆڕی لەبەر دەرگەی ئەغیاردا هەڵتووتاوە.

ئەم خاک و ئەم گەلە، قسە خۆش و نوکتەزانی زۆری بەدی هێناوە، بەتایبەت لە بواری شیعرەوە لە قانع هەڵچووتر و بەرزتر بوون، بەڵام بە قەد قانع ناویان دەرنەکردووە. هۆی دەنگاڵی قانع، پتر بیر و دۆزی نەگۆڕاوی بۆ داکۆکی هەژاران و چینی ڕەشوڕووت بووە.



**قانع**

سەیری سۆزی گەلحەزی لە ئەم شیعرەدا بکەن.

**ناتوانم تەرکی میللەت بکەم لەم عەسرەدا**
**چونکە پابەندم بە شەهدی مەنتقی کوردانەوە**

لە ئاستی دەسەڵات و دەست درێژدا فڕبازی کەللەڕەقی تووش و دڕکاوی هاتووەتە نیار. نەداری و کەم دەسی و چەرمەسەری کە خۆی هەڵبژاردووە کۆڵی پێنەداوە! بە هۆی چالاکی لە داچڵەکانی کۆمەڵگا لە لایەن زۆردارانەوە جێی لێژکراوە. هەردەم تاراو و تەریدە و لەم لاو لەولا بینراوە! بۆ دەرباز بوون لە جەری چێر و مۆری کەڵبەی یاسا و دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی، کوردەواری گەڕاوە. دەردەکەوێت هۆی بێ سەقامی و ئوخژەن نەگرتنی چی بووە! دیارە لە دووی خاڵی ونی وێڵ و تەیا بووە، بابای وڵاتێکی سەربەست و سەربەخۆی کوردی بووە. ناشارێتەوە وڵات لەو سەردەمەدا لە ژێر نیڵەی زۆردا چەماوە. زێد و نیشتیمانی ئەویش بە زەبری ئەو زەخت و چەمۆڵە چەوساوەتەوە. دارشتنی شیعری چینی جووتیار و سەپان یەکگرن، یان غایەتان برا بێ....... دەیان شیعری تر درفی دەربڕینی ڕای بەرانبەر بە دۆخی نارێکی ئەو کاتەیە! بۆیە لە بیری هاندان و هەڵخڕانی گشتی بۆ خرپبوونەوە و چارەسەرکردنی کۆسپ و کەموکورتی کۆمەڵگا بووە! لە نووسینەکانی قانع-دا بە زەقی دیارە کە بانگەشەی خەڵکی بۆ هەڵتەزینەوە دژی زڵم و زۆر دەکات. بنۆڕە لە هاواری ئەم شیعرەدا:

**شوان و سەپان و ئاغا، سەردار و میر و گاوان**
**گەر یەک نەگرن هەمووتان، وێرانەحاڵی کوردان**

گەل شاعیری ئەوەندە توندوتیژی بە خۆوە نەدیوە، کە بێ وچان لە کەمتەرخەمی نەتەوەی بناڵێ، دوژمنی بناسێ، بە تارۆس و بە شیعر، بۆ کێشەی نەخوێندنی لاوان، چالاکی و داکۆکی بکات، چین و توێژی کۆمەڵگا نەماوە وەبەر پەلاماری ئامۆژگاری شیعری نەکەوتبێ. بەوەیشەوە نەوێستاوە، بە تاسە بووە خەڵکی تێکڕا ڕێک کەون بە زانینەوە دژی خوێنخۆران هەڵتۆقن. ئەم هەوڵ و تەقالایە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بێ ئاگایی خەڵکی و زیت و شیتی دەسەڵاتی لاساری ئەو دەمە. سەرەڕای ئەوەش قانع هەرکات لە هەلێ گەڕاوە تۆڵەی نەتەوەی لە دوژمنی بسێنێتەوە، لە شیعری چوار کەژی ساڵ دەڵێ:

**وا مەزانە کەوتە ڕۆژی خۆی، وەها بێکارە نیم**
**سەیری مەغزی دوژمنت کە تێکەڵی خوێناوەمە**

دوژمنی قانع، بێجگە لە دەسەڵاتدارانی زۆربێژی لاسار داخۆ کێ بووبێ؟ زافی ئاواتە بەدی نەهاتووەکانی قانع بەخۆ داهاتنی خەڵکی و ڕزگاری وڵاتی بووە، لە هەمان کاتدا قانع شێخ و سۆفی و زۆربەی مەلایانی کوردەواری وەکو پەتایەکی پیس وەبەر چاوان دەخات. ئەم بەشەی لە کۆمەڵگا بە سەرگەرم و خەم نەخۆر و گەل چەوسێن و لە خشتەبەری هەژاران دەناسێ. لە دۆزی قانعدا لە ئاڵکی شێرپەنجە بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن و پێشکەوتن خراپترن، دەفەرمێ:

**بازبووم باڵی شکاندم چوار بەڵای نەحسی خراپ**
**خانەقا یەک، تەکیە دوو، عەمامە سێ، عابا چوار**

سەرەڕای ئەوەش لە ئامۆژگاری بۆ کوڕەکانی، دەردەکەوێت ئیشی برێ مەلا و سەرجەمی شێخ و سۆفی بە دین فرۆشتن و خەڵک خەڵەتاندن دادەنێ. بەوەی گەیشتووە مەبەستی تەکیە و ناوەڕۆکی خانەقا و بیری کورتی کۆلکە مەلایانی کوردەواری، شاڵی سەوزی مامە سەیی و ملق و کلێتەی دەرەبەگی دەبەنگ و کەشیدەی نەشۆراوی حاجی پووڵدار، دیوجامەی بەلاشی هەر

دەسەڵاتێکن، کە لە هەر سەردەمێکدا بوون و دەبن. لەم شیعرەی ورد بنەوە:

**بەڕەنجی شان و باڵ و فیکری خۆت، چاری وەتەن کە**
**کە تەکیە و خانەقا هیچیان، دەوای دەردی وەتەن ناکەن**

بۆیە بە تیژی و ئاژی بە گژیاندا دەهات، بەڵام قانعێکی وەها کە هەمووان دەیناسن، دەبێ و دەگونجێ لەم ئاخرەوە دمڵ و لکی نامۆ پەرستی دەربڕێ و بۆی پاڵ کەوێت و شانی بۆ شل کات!؟ شیعرێکی ئاوەها سووک و قێزەون داڕێژێ. کە پڕە لە کلێپەترە و تەژی لە بێ شەرمی و پاشەکشێ و پاڕانەوە؟ ئەو شیعرە وێڕای هەموو شیعرەکانی تری ئەو کەڵە شاعیرە، جیاوازە و لەگەڵ چەمکی قووڵی بە هێزی قانع ڕێک ناکەوێ. بێ ویژدانی ئەم شیعرە و کەرامەتی ئەو بەڕێزە دوو هێڵی تەریکن.

قانع سۆزی دۆزی خۆی بەرانبەر بە نیشتیمانی بەم جۆرە هەڵدەڕێژێ.

**هەتا ماوم ئەبێ بۆ عیزەتی ئەم خاکە دەعوا کەم**
**خەڵاتی دوژمن و خەرقەی خەیانەت قەت لەبەر ناکەم**

دێڕ بە دێڕ دیوانی قانع هەڵچوڕاو لە گۆمی مەنگی قووڵی هزری خاوێنیەتی. ناوەڕۆکی مەبەستی گەزمەی ژەحرینی بەرەو ڕوحی داگیرکەری وڵات و ڕاسانی هەر وشەیەکی بەرە و شڵقەی ورگی پڕ فرتوفێڵی زۆردارانە. خۆیشی سەبارەت بە شیعرەکانی کە چۆڕاوەی دڵی بە سۆزیەتی دەنووسێت:

**تاکە تاکەی دێڕەکانم جەوهەری فیکری دڵن**
**ئاگری عەشقی بەسۆزی کوردەواری دەرئەخەن**

سەلماوە دەسەڵاتداران لە پەیامی شیعری قەڵس و تەنگەتاو بوون. هەست و هەوەسی قانع هەڵکێشانی پەتۆیەکی ئازاد و بێ خەم، دوور لە تەمومژی سازوبازی نەیاران بووە. گەردەلوولی ڕێککەوتن و برایەتی بە هەتوانی ڕامالینی ئەم هەڵم و بۆقەی دەقرساند. بەس دەسەلمێنێ، ڕێساویاسای بە باوی سەردەمی قانع داڕێژراو لە مەبەستی دڵی پیسی زاڵم بۆ گەشەی زەبر و دەس درێژی ئابووری و ڕامیاری خۆیان و دژی خەڵکی هەژار و داماو بووە، بۆیە قانع لە قەیرانی دەسەڵاتی موسەدیق-دا گوتوویەتی، ئابادان هاودەردین! وەکو یەک ڕەنگ زەردین! من و تۆ لە چنگی شەیتانین! گیرۆدەی داوی سەد ڕشتە قەیتانین! دووپاتی دەکاتەوە تۆ دیلی دەستێکی! منیش زەلیلی دستێکی تر! ڕوونە قانع باسی نەهات و باری گرانی نیشتیمانی دەکات. خۆی بە ژێر چەپۆکەی نەیاران دەزانێ. کەواتە چلۆن و بە چ نیازێ ئەو شیعرە فارسییە دادەنێ و بە پاشگەزی و لارەملییەوە هاوار دەکات لە ڕێگەی هەڵە و دەڵە بابیەنەوە. ئایا گلە و گازندەی لە بێ خەیاڵی کۆمەڵگا بۆ دەرپەڕین و دەرباز بوون نەبووە؟ وشەی بزۆکی هەڵمەت و هێرش و ڕاپەڕین و یەکگرین.... دنە و داکۆکی و داخوازی بۆ ڕزگاری لەژێر هەوری ڕەشی نەزۆکی زوڵمدا نییە؟ قانعێک کە ئەو هەموو دەربەدەرییەی کێشاوە، بە تووڕەیی و پاڕانەوە بۆ داچڵەکانی خەڵکی لە خواتەمیری و خەواڵوویی لە ئاستی دوژمن، هەزاران کەندولەندی بۆ خۆی ساز کردووە، دەکرێ ئەم شیعرەی نووسیبێت؟!

ئایا دەبێت کۆگای تەمەنێکی پڕ لە شانازی و شەرەف بە لێڵاوی چەند دێڕی لاواز و قێزەون ڕامالێ؟ شیعری قانع ئاواتی نەتەوەیە، غەزگاڵ و خەونی وڵاتێکە! ئاوجزی زامی ناسۆری گەلی چەوساوەیە، تەوژمی تۆڵەیە!! ئامۆژگاری دڵسۆزانەیە. هەر وشە و دێڕیکی هەڵقوڵاو لە کانیاوی ڕوونی بیروبڕوای میللەتی کوردی هەژارە کە لە زاری خامەی لاسار بە گەف و گیفی تکاوە. لەم شیعرەی دیارە دەنگی و هاواریشی هەر کوردستان دەچڕێ.

**بۆ سەعادەت تێدەکۆشم تا سەعادەت بێتە ڕێم**
**دەنگی هاژەی قەڵبەزەم هاواری کوردستان ئەکات**

بەڵام ناوەڕۆک و برووسکەی ئەم شیعرە فارسییە وێڕای هاژەی قەڵبەزەی قانع ڕێک ناکەون و یەک ناگرن. سەرنج بدەن.

کاکڵەی کەمکۆڵی ئەو شیعرە دەڵێ من پەشیوانم! لە ئیشی ناحەز و ناڕەوا پاشەکشێ دەکەم! بەهەڵە چووم! ئەگەر هەڵگەڕێمەوە لێم دەبوورن؟ بخزێمە باوەشتان لە ناڵە و فوغان سوورن؟ ئێران نیشتمانی من! تو گوڵشەنی منیش بلبل، لە کاروانی بە هەڵەچوو خۆ دابڕم؟ بێمەوە کۆش و داوێنت بزەی شاوارت دەمگرێت؟ سەتکا لێت دوورم بەڵام گیانبازی سەوداسەرم! لەسەر تا پێ تاسەباری تۆم! گیان لەسەر دەست کڕیاری تۆم! پشت هەڵکردوو لە چینی خۆم. لەسەرەتایشەوە شیعرەکە بەم جۆرە دەست پێدەکات: ئێران ئەی نیشتمانم! ئەی گلێنەی

چاو بەرزتر لە زار. دایکی میدیا شەرگەی پووری نەریمان! تۆ باغ و من شالوور! تۆ شووشەی تەژی لە مەی منیش تۆ پەرست! تۆ کانزای دڵی منیش بی دڵ! لێبڕاوی سەوداسەرم بۆ دیتنت گیان لەسەر دەستم! لە مێژە لێت بێ خەبەرم! لەم دێڕەی بە باشی دیارە شاعیری ئەم شیعرە لە ئێران تەریدە و تاراو بووە؟ لە پاشگەزی ڕێگەی پەستی، هەستی خۆی سەبارەت بە لاساری ڕابردووی بە پاڕانەوە بۆ لێبوردن و تۆبەکردن بەم چەشنە دەردەبڕێ!!

**سرتا به قدم عاشق دیدار تو هستم**
**جان درکف و خودکرده خریدار توهستم**
**برگشته و غمگین سراسیمه و حیران**
**آن دوره که دیدیم چنین بودوچنان**
**می گفتی شب و روز دو صدوای و سیصدداد**
**آیا ز تو باقی است همان ناله وفریاد**
**آن چته نیای که اورا امنیه نام است**
**صد چته کوهی زبرش هم چون غلام است**
**گونید که فاشیستی او جمله تمام است**
**کام دل درویش در این دوره به کام است؟**

دەڵێ: بە ڕوحیش بێ هەرسێنەرم! پشت هەڵکردوو پەشۆکاوم! تۆ پێت گوتم هەزار جار! بەڵام نەمبیست منی لار!!! دەیدرکێنم بەزار! وەها نەبوو کار و بار! دێمە حاڵ منی دەرویش!! دەبووژێمەوە بە دڵی ڕێش!! قانع جگە لە پەشیمانی خۆی بانگەوازی لادەران و هەڤالان بۆ گەڕانەوە بۆ داوێنی ڕژێمی پاشایەتی ئێران بەم جۆرە دەکات!!؟

**ای هموطنان دوری ز یاران دگر بس**
**محرومی از این جنت ایران دگر بس**
**بازمنده از این گردش دوران دگر بس**
**خون خوردن دلهای جوانان دگربس بس**
**هان ای پسر پر خرد چشمەی ناموس**
**امریکی مشو صرینی مشو دورشو از روس**
**اینگلیزی مشو شرم کن از گنبد کاووس**
**برکش همەدم ناله و افغان پرافسوس**

هاوڕێیانم دووری لە یار ئیتر بەس! دووری بەرین نزیکی خار ئیتر بەس! بەجێ ماوی لە ڕۆژگار ئیتر بەس! خوێن خواردنی لاوی هەژار ئیتر بەس! لەگەڵ تۆمە کوڕی کوردی بە نامووس! ئەمریکی فت سینی فت هەڵێ لە ڕووس! ئینگلیس لادە حەیا بکە لە کیکاووس! بناڵێنە و بیدرکێنە پەشیمانم! کوردستان فت زێد فت هەر ئێرانە نیشتمانم! لێرەدا بە ڕاشکاوی و زەقی دیارە، برووسکەی ئەم شیعرە بۆ دانشتووانی ئیسفەهان و شیراز و کرمان نەبووە و نییە! ئاماژە بە تارانی و کەرەجی ناکات، وێڕای کەسانێ دەدوێ کە هاوڕەگەزی خۆیەتی و لە ئێران دوور و هەڵوەدان و تاراون. دۆس و دراوسێ دڕک و پەیکۆڵن و لە گوڵزار و بەهەشتی ئێران بێ بەش و جێماون. سەتکا ئیشارە بە سەرچاوەی ئەم شیعرە نەکراوە. چۆن وەدەستی نووسەر کەوتووە؟ ئەگەر کۆکەر زرە کەواڵ و بەڵگەی سەلماندنی ئەم شیعرەی بنوێنێ، دیسان «پەشێو»ی دەڵێم ئێزدرەم ئەستێرەی کوردستان لە ئەستێرەی هەندەران ناچێ!! ئەم شیعرە قۆشە و بۆشە، لاوازەی بێ ئاوازە لە قانعی لانەواز ناوەشێتەوە؟! قانع بەوپەڕی بێ پەروایی و ڕاشکاوی شیعری داناوە! شاعیرێکی بەزات و جۆربزەداری خولی ڕەزاخانی تەرەس بووە، هەرچی بەزار و دڵیدا هاتووە بەڕاشکاوی و دڵسۆزی بۆ خاک و خۆڵی زێد و خەڵکی خاوێنی خۆماڵی نووسیوە. لەم شیعرەی ڕوونە دەماری مەترسی لە لەشیدا نەفڕیوە.

**بەدەرزی کێوی گۆیژەم پێ بکێڵن**
**ئەوەی هاتووە بە زارمدا هەر ئەیڵێم**

نەچاوەنۆڕی بەراتی ئاغا و مەرز و هوپی زاڵم و چەپڵەی بەگ و کەوا و کراسی ناکەس بووە! نە بە پەتە و پسوڵەی بەلاشی ماڵی خودا هەڵخەڵەتاوە! نە بە تازیاری کانزا بەری هاواری دەگیرا. کە لەم شیعرەیشدا دەبریسکێتەوە:

**لە تۆزی ئاشدا غەرقم، لە تەوقی سەر هەتا ئەژنۆم**
**نەترسی ئەمری ما فەوق و نە مەحکوومی بەراتی تۆم**
**بەڵام چەن خۆشە ئەو تۆزە، کە هەر خۆم ئامیرم بۆ خۆم!**

بەس پێویست نییە کە ئارمانی گەلی لە ژێرەوە بە شوو بدات! خامەی سماخ درواى تاوێرە بەردی هەڵدێری خۆ فرۆشی قاش دەکرد! هاوار و قاڵەی قەڵوەزەی دژی نیشتمان فرۆش گوێ دڕە! شەنگە نەمامی خۆشەویستی قانع لە دڵی خەڵکیدا ڕەگاژۆی کردووە! شەرافەتی قانع بە بۆنەی نیشتمان داری و ڕاستبێژی پتەوە! سەلماوە قانع لە تەواوی مەلاکانی ئایینی سەردەمی خۆی ڕۆشنبیر و چاونەترس و پێشکەوتووتر بووە، بۆیە بە ڕاشکاوی کوڕەکانی لە ئیشوکاری مەلایەتی و خەفیەگری و دوعانووسی ڕادەچڵەکێنێ و دوور دەخاتەوە. قانع وێڕای

داروبەردی سروشتی کوردەواری دەدوێت، بە بیانوویەکەوە دەیباتە سەر خۆشەویستی وڵات و ئاڵا و سەربەستی و خۆفرۆشتن و چارەڕەشی نیشتیمانەکەی. خەمی قانع بۆ سەربەخۆیی و ڕۆشنبیری مرۆڤ چاوگرە، تێبینی قانع بۆ داهاتوو و هەڵسەنگاندنی دۆخی سەردەمی خۆی دەسەلمێنێ پێشکەوتوو و ڕچەشکێنی زانایی ئەو کاتە بووە، بۆیە دەڵی:

**قانعم ئەسپی خەیاڵم چەندێ تر سەرگەرم ئەبێ**
**مشتەری ئەشعارەکانم قەڕنێ تر بێ شەرم ئەبێ**

ئێستە بەم هەموو گەڕیدەیەوە بە کوڵێ جەرب و ئەزموونەوە بە بارێ زانینەوە، ئایا ئەوەی نەزانیوە؟ کە «ڕا» و ڕوانینی خەڵکی سەبارەت بەم شیعرە فارسییە چییە و چی دەڵێن؟ قانعێ کە تەواوی تەمەنی هەوڵی داوە بۆ هۆشیاری و ڕزگاری گەل، بە هەزاران شیعری بزۆک، دڵسۆزی خۆی لە ئاستی نەتەوە و نیشتیمان بە هەستەوە دەربڕیوە، بۆ نموونە دەڵێ:

**چەکی شۆڕشگێڕی من نووسینی بیر و باوەڕە**
**ڕاپەڕینە هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە**

شاعیرێکی بەرزی نەتەوەیی دەکرێ ئەوەندە کاڵ و کورتە بیر بووبێ. ئەو شیعرە بۆ غەنیمی غەدرکەری نەتەوەکەی داڕێژێ؟ کە هەموو دروشمی دۆز و باوەڕی ژیانی پڕ لە کۆلپ و کۆسپی خۆی بۆ ژێر شیری گومان و ڕیسوایی بکێشێ. ئایا قانع بە ڕێکخستنی ئەم شیعرە تەوش و لاوازە، شەرەف و ئابڕووی خۆی لە بازاڕی مەزاددا هەڵڕشتووە؟ شیعرەکە دەنەڕێنێ لە توولە ڕێگەی بە هەڵچووندا بادەینەوە! کەس بە کوشت مەدەن نیشتمان درۆیە! خۆ بەدەستەوە بدەن! وەرنە باوەشی دوژمن! دەستی ئەم شیعرە خوێڕی و بەتاڵ دەکێشێتە سەر دڵسۆزی و کەسایەتی قانع؟ ئاوڕێکیش لە نووسینی سەر کێلی گڵکۆی ئەو بلیمەتە بدەینەوە، کە لە جێی پاڕانەوە و داوای لێبووردن، دوای دوعا کردن، داخ و دووخانی بەدی نەهاتووی بەم جۆرە هەڵدەڕێژێ!

**نەبوو ڕۆژێ لە کوردستان سەرۆکێ یاخۆ خەمخوارێ**
**هەمیشە بۆ ئەبێ کوردان بەڵا و ناسۆری لێ بارێ**
**ئەگەر مردم لەسەر قەبرم بنووسن تو خوا یاران**
**شەهیدی عیشقی میللەت بووی، کەچی نەتدی پەلامارێ**

بەڵام دانەوێڵەی هەڵبەستە فارسییەکە، لەگەڵ بیری قووڵ و ئامانجی نەگۆڕاوی قانعی کوردپەوەر یەک ناگرنەوە و پێکەوە ناکوڵێن!!

لە مێژووی شاعیرانی کورددا تا ئێستە هیچ شاعیرێ بەم جۆرە بایەخی بە نەیار و شاهان نەداوە و وێنەی نیشتمانپەروەری بەناحەزی نەکێشاوە. ئەم شیعرە و فتوای مەلای خەتێ شان لە شانی یەکتر دەدەن، کە مامۆستا خۆی بە تەوس و توانجەوە بە مەلای خەتێ دەڵێ:

**خەتا بارە خەتێ، مێژوو خەتی ئەخلاقی کێشاوە**
**کە دەستی نایە ناو دەستێکی ئاسن، دەستی خوێناوی**

ئەم شیعرە فارسییە لە نێو ئەم کتێبەدا، لە مێژە بۆتە گرێ پووچکەی سەر دڵم، جەفتی تاڵی بێ بارانە کە خواردنی گرفت دێنێ. کەکرەتاڵەیە هەرکەس دەمی بۆ بەرێ هێڵنج دەیشێوێنێ! لە پاش خوێندنەوەی ئەم شیعرە چەند جاری تر بەوردی سەرنجی شیعرەکانی تریم داوە! شتێکی بەدەستەوە نەداوە! پرسیاریشم کردووە، ئەم شیعرەم وەبەر چاوی دەیان نووسەر و شاعیر خستووە؟ هانام بۆ مامۆستایانی شارەزاتر بردووە، پێوەندیم لەگەڵ زۆر کەسدا گرتووە، کەسێ نەیگوت ئەم شیعرە هی قانعە. کەسێکیش هەڵنەکەوت بڵێ ڕەنگ و بۆی ئەم شیعرە لە گوڵشەنی بیر و ئەندێشەی ئەو کەڵە پیاوە دەچێت. سوورە ئەم شیعرە فڕی بە قانعەوە نییە. هەرچەند بەیتێکی لێقرتاوە و خوراوە، ئەگەر کۆکەر مەلایانە لە تەئویلی پیرەژن خەڵەتێنی «قالەقیترە» کەڵکیش وەربگرێ و بیسەپێنێ، هی قانعە، چون لە بواری بوتیقایی شیعریدا لاوازە! برووسکە و پەیامیشی تەوشە و بۆ ئابڕووی پیرۆزی قانع باش نییە. دەبوایە بە بۆنەی حورمەت و شەرافەتی قانعیش بایە لە نێو ئەو دیوانە داینەنایە و نەیهێنابا. چون لای قانع پانتە و خۆڵتە و پاشگەزێ و پاڕانەوە ئیشێکی قەوێح و قێزەونە! قانع دەفەرمێ:

**نەفسی بەرزم سەروەتێکە، لای هەموو دەس ناکەوێ**
**لای کەسێکە، ڕوتەڵ و بۆ نیشتمان دێوانە بێ**

لە مێژووی شیعر و شاعیریدا هەڵکەوتووە، نووسەر شیعر و بەیازی خۆی بە هۆی لاوازییەوە لەناو بردووە. بلیمەتێکی وەکو هەژار موکریانی دەڵی چەند جار کتێبم سووتاندووە. واتە بە لاوازی زانیوە! هێمنیش دەگێڕێتەوە باوکم بەیازێکی سووتاندم وام دەزانی خۆمی سووتاند!

کە گەیشتم تێگەیشتم، ئێستە بایا خۆیشم ئەو بەیازەم لە ناو دڵی گڕ دەهاویشت! لە شیعری «بەندیخانە» بیری ئازاد و پتەوی قانع دیارە، کە بۆ نامۆ دەستەمۆ نابێ! ئەم شیعرەی قانع بە ناوبانگە، خۆشەویستی قانع بە خاتری بڕوامەند بوون بەم جۆرە شیعرە پیرۆزانەیە، لە کاتی نووسینی ئەم شیعرە خۆی دەسبەسەر و دەساخی ئێران بووە، دیارە سووکە سوارانی فینۆی دەسەڵاتی ئەوکاتەی ئێران بیر و دۆزی قانعیان بە شێوارە و فێتکاری خەڵکی بۆ هەڵتەزینەوە دژی خۆیان زانیوە. جا ئەگەر دووپاتی بکەنەوە ئەو شیعرە قانع گوتوویەتی: بەس قانع لە ناخ و لە تێرەوە بیر و بڕوای بە ئامانجی گەلی نەبووە و حەزی بە سەربەستی و سەربەخۆیی وڵات نەکردووە.

کەس بڕوا ناکات! دابێ و دڵنیاشم بنەماڵەی ڕێزداری مامۆستا ئەم شیعرەیان نەدیوە، یان بە هۆی دووری لە کولتوور و زاری فارسی ناوەڕۆکی ئەم شیعرەیان بەباشی هەست نەکردووە، ئەگینا بەرگری لە چاپی ئەو شیعرە دەکرا؟

بەهیوام کۆکەر، بێجگە لە فاست و هەڵە مەبەستێکی تری نەبووبێ؟ ئەم شیعرە بەلامەوە وەکو پەڵە هەورێکی ڕەش و نەزۆکە کە بەری هەتاوی ویژدانی گرتووە! دانانی شیعرێکی سووکی وەها لە دڵی کتێبێکی ئەستوور، بێجگە لە کوڵێ مەخابن و ئاخی سەرد بۆ خوێنەر و سووک کردنی قانعی بێ باڵ نەبێ، چ دەسکەوتێکی بۆ کۆمەڵگا هەیە جەنابی کۆکەر...؟! ئەگەر قانع بۆ ڕەزا خان و لایەنگرانی دەسەڵاتدارانی ئێران شیعر و هەڵبەستی بگوتبایە، دەست بەسەر نەدەکرا و وەبەر شاڵاوی تۆمەت و جیاخوازی نەدەکەوت. نووسەری بەڕێز، بۆچی قانع بەدوای ئەم خوڵتە و پاشگەزییەدا ژیواری نەگۆڕا؟ کە خۆی گلە و بناشت لە چەرخی سپڵە و دۆخی نارێک و تاڵەی لاری دەکات، تەنانەت لە زاری کەر و سەگ و مانگاوە نەداری و دەست تەنگی خۆی دەردەبڕێ. باژ و بەڵگەی نەگۆڕاوی ژیانی قانع بیرەوەرییەکانی هەژاری نەمرە کە لە کتێبی چێشتی مجێور ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ شاعیری شتیاری وام نەدیوە کە ویڕای نیوەتێری و لانەوازی ڕاهاتبێ! بەڕاستی بە ژیواری هەژارانە قانع بووە! لەم شیعرە فارسییەدا بە بەژن و باڵای پاشایانی کەونارای ئێران وەکو نادر شاه، ساسان، پووری نەریمان، داریووش، کاووس گوتراوە و خوێنراوە.

ئەگەر ئاوڕێ لە مێژووی زنجیرەی پاشایانی کۆنی ئێران بدەینەوە، دەزانین هەموویان پاشایانی ملەوڕی خوێنخۆری سەردەمی خۆیان بوون. لە کێبەرکێی زوڵم و زۆردا کورتیان نەهێناوە. ئەم شاهانە هەرچی لە دەستیان هاتووە لە تاڵان و بڕین و کوشتن و خەیانەت و جەنایەت کۆتایان نەکردووە. هیچیان دادپەروەر و ئازادیخواز نەبوون. دڵیان بۆ گەلی لێقەوماوی ڕەشوڕووت دانەچڵەکاوە. بە درێژایی مێژوو ڕوحمیان بە کەس نەکردووە. گرنگتر لە هەموو ژانەسەرێ، ئەم ناوبراوە دوابڕاوانە هیچیان فڕ و پێوەندییان بە کوردەوە نەبووە. لە کوێ گوتراوە؟ لای کێ بیسراوە؟ کەی سەلماوە؟ کە مامۆستا قانع شاعیری دەربار بووبێ؟ بۆ شاهان شیعری دانابێ و چاوەڕێی پیتاک و بارەقەڵا بووبێ؟ هەردەم لەبەر دەرگەی مەتبەقی دەرباردا بۆ پاشماوە هەڵتووتابێ! قانعی نەمر بەم جۆرە پاشا بە توونا چووەکانی کەونارای ئێران بە ئێمە دەناسێنێ.

**شاه پەرەستی بنێرە ژێر پێڵاو**
**دەک بە لەحنەت بێ شاه و تەختی گڵاو**

سەتکا تاکو ئێستە کەسێ هەڵنەکەوتووە بڵێ قانع لە ڕێگەی کورد بووندا خزاوە، یان تووشی دەردی دڵساردی و نائۆمێدی بووبێ!

لە کۆتاییدا هیوادارم بۆ هەمووان بە گشتی و لایەنگران و دڵسۆزانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەت ڕوون بووبێتەوە و سەلمابێ و چەسپابێ، کە لکان و ڕەپاڵی ئەم شیعرە بە قانعەوە نا ئینسافی و بێ ویژدانییە و قانع بە دۆمەی ئاسمان و زەوین ڕوحی پاکی لەم شیعرە گڵاوە دوورە!

من وەکو ئەرکی نەتەوەیی ویڕای ئەم ئابڕووبردنە و سووک کردنەی قانع وەدەنگ هاتووم. چون چووک و سووک کردنی شاعیرێکی کورد وەکو قانع بە سووک و ترۆ کردنی کورد بە گشتی دەبینم، بۆیە پێنووسم بە ساکاری لە جەرگەی بەرگریدا قوت بووەتەوە. چۆن لە نووسینەکانی ڕێزدار مەلا ئەحمەدی نەزیریشدا ئەوەی دەسەلمێ کە خۆی بە ئەدەبیاتی کوردییەوە ماندوو نەکردووە، بە تایبەت لە بواری نووسین و پەخشانی کوردی ڕەسەندا دەستێکی باڵای نەبووە و نییە.

# بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

**ڕووخانی حکوومەتی یەکەمی بەعس**

لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٦٣دا، لە بەغداوە بە تەنیا گەڕامەوە شاری شەترە و دەست بەکاربووم و لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا من و مامۆستا تەقیەددین قادر سەعید کە هەردووکمان هاوبیر و هاوهەڵوێست بووین، خانوویەکی گەورەمان بە ١٣ دینار لە بەزازێک بەناوی جەلیل هوێدی گرت کە دەکەوتە سەر بەری ڕۆژئاوای ڕووباری غەڕاف و لەو بەرەوەش سەرای حکوومەتمان بەرانبەر بوو. مامۆستا محەمەد عەلی دزەیی هاوڕێشمان کە ماوەیەک گیرابوو و دەستی لەکار کێشرابووەوە لە نزیکمانەوە خانوویەکی بەکرێ گرتبوو، بە زۆری ئەو سێیەمان بە یەکەوە هەستان و دانیشتمان دەکرد و محەمەد چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی و ئێمەش زۆر چاودێریمان دەکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە زەبر و زەنگی بەعس تا دەهات توندتر دەبوو. خەڵکێکی زۆر گیران و لەناوبران، تاکو لە ١٨ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵی ١٩٦٣دا (عەبدولسەلام محەمەد عارف)ی سەرۆک کۆمار کە ناکۆک بوو لەگەڵ هەڵسوکەوتی حوکمی بەعس و پاسەوانی نەتەوەیی (حرس قومي) بەکوودەتایەکی سەربازی کۆتایی پێ هێنان و لەگەڵ خوێندنەوەی بەیاننامەی یەکەمی کوودەتاکە پۆلیسەکانی ناو سەرای بەرانبەرمان کە زۆربەیان کورد بوون، ئۆتۆمبیلێکی چەکداریان ئامادە کرد لە دژی پاسەوانی نەتەوەیی ناو شارەکەی شەترە کە دەستیان بەسەر کاروباری شارەکە داگرتبوو، وەستان و ئەو هێزەی پاسەوانی نەتەوەییەش پێوەندییان بە پارێزگاری ناسرییەوە کرد و ئەویش پێی گوتن خۆتان بەدەستەوە مەدەن و بەخۆتان و چەکەکانتانەوە وەرن بۆ ناسرییە و لێرەدا بەرگری لە حکوومەتی بەعس دەکەین، هەستان بە خۆیان و بە سێ

ئۆتۆمبێلی چەکدارەوە و بەهەموو چەکەکانیانەوە بەرەو ناسرییە چوون، بەڵام (مفەوەز مامە کەریم)ی کوردی ئازا و چاونەترس، باوکی هەریەک لە هونەرمەند و شاعیران تەلعەت سامان و مەوجوود سامان و فەرەیدوون سامان، بەخۆی و چەند پۆلیسێکی کوردی چاونەترس چووە سەر شەستیرەکەی (ڕەشاشەکەی) سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتە دوایان و دەنگی دان بوەستن دەنا لەناو دەبرێن. لە ماوەیەکی کەمدا توانی دەست بەسەر هەرسێ ئۆتۆمبێلەکەی هێزی پاسەوانی نەتەوەییدا بگرێت و چەکەکانیان کۆ بکاتەوە و پاسەوانەکانیش لە ترسان هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵاتن.

دوای دوو ڕۆژ بەرگری کردن، پارێزگاری ناسرییە خۆی بەدەستەوە دا و حوکمی یەکەمی بەعسی فاشی ڕما و ئێمەی کوردیش هەناسەیەکی ئازادیمان هەڵکێشا و چووینە لای مفەوەز مامە و دەست خۆشیمان لێ کرد و خەڵکی شارەکەش بە نەمانی حوکمی بەعس گەشانەوە.

ئەوانەی لە کوردستان گیرابوون لەسەردەمی بەعس، فەرمانبەرەکان گەڕانەوە سەر کارەکانیان، بەڵام دوورخرانەوە بۆ خوارووی عیراق، لەوانەی لە کۆیەوە گوێزرابوونەوە بۆ شەترە عەمان حەننا و تەها خورشید بەگ و فەتاح مستەفا سەرِاج و تۆفیق مەغدید بوون و (سائیب محەمەد ڕەفعەت)یش لە هەولێرەوە بۆ شەترە دوور خرابووەوە و فەرەیدوون محەمەدی برازاشم بۆ قەزای (عەفەک)ی سەر بە پارێزگای دیوانییە گوێزرایەوە.

حکوومەتەکەی عەبدولسەلام هەندێک هەنگاوی ئابووری باشی نا وەک خۆماڵی کردنی بانکە ئەهلییەکان، لێرەدا حزبی شیوعی عیراق پشتگیریی ئەم هەنگاوە ئابوورییەی کرد، چونکە بە هەنگاوێکی سۆشیالیستی دەزانی.

عەبدولسەلام عارف لە زۆر ڕووەوە لاسایی جەمال عەبدولناسری پێشەوای میسری دەکردەوە، بە پەلە بوو بۆ یەکگرتنی عیراق لەگەڵ میسر و سووریا، بەڵام عەبدولناسر داوای لێ دەکرد پێویست بەو پەلە کردنە ناکات.

**باری عیراق دوای نەمانی حوکمی یەکەمی بەعس**

حکوومەتەکەی عەبدولسەلام محەمەد عارف بینی لەسەردەمی حوکمی بەعس هەزاران کەس بە تۆمەتی شیوعییەت گیراون و هەندێکیان جووتیار و کاسبکاری سادە بوون، هەستا لە هەموو پارێزگایەک دادگایەکی عورفی دانا بۆ دادگایی کردنی ئەو هەموو ڕاگیراوانە، پێوەری تۆمەت و تاوانەکەشیان ئەوەبوو کە دادوەر لە کابرای بەر گومانی دەپرسی: «ڕات چییە بەرانبەر بە شیوعییەت؟» ئەگەر بەر گومانەکە پارێزگاری لە شیوعییەت کردبا، ئەوە لەنێوان ٣ تاکو ٦ساڵ حوکم دەدرا، ئەگەر گوتباشی (شیوعییەت) لە دین دەرچوون و خوانەناسییە) ئەوە بەردەدرا.

مامۆستای خوالێخۆشبوو حەننا ئەنتوان کە هاوڕێ و دۆستێکی دڵسۆزم بوو بۆی گێڕامەوە و گوتی: من یەکێک بووم لەو گیراوانە لە دادگای ناسرییە دوای ناو و تەمەن پرسینم دادوەر پێی گوتم: «ڕات بەرانبەر بە شیوعییەت چییە؟» منیش گوتم ئەمەش مەبدەئێکی سیاسی و ئابوورییە» دادوەر ٣ ساڵ حوکمی دام و جووتیارێکی سادەش گیرابوو، چونکە لە کۆمەڵەی جووتیاران کاری کردبوو، پێیان گوت: دادوەر گەر لێی پرسی ناوت چییە و تەمەنت چەندە و ڕات بەرانبەر شیوعییەت چییە؟ تۆش لە دوای گوتنی ناو و تەمەنت بڵێ (شیوعییەت کوفرە ئیلحادە!!»، تاکو بەربی. نەکەیت ئەمەت لەبیر بچێت! کابرای جووتیاریش هەر (کوفر و ئیلحادەکەی)لە دڵی خۆیدا دەگوتەوە. کاتێک کە دادوەر بانگی کرد و لێی پرسی ناو و تەمەنت چییە و چەندە؟ یەکسەر گوتی: (کوفر و ئیلحاد!) دادوەر پێکەنی و گوتی: بەختت سووتێ تەنانەت ناوی خۆشت نازانی بڕۆ تۆ ئیفراجی!

حوکمی عەبدولسەلام عارف هەرچەندە لە دژی بەعس بوو، بەڵام خۆیشی لە بارەی دەمارگیریی نەتەوەیی و عرووبەوە چ لە وان کەمتر نەبوو، باوەڕی بە کێشەی کورد نەبوو، لە سەرەتای حوکمەکەیدا ماوەیەک شەڕ لە کوردستان وەستا، بەڵام تەنیا تاکتیک بوو، فەرمانبەرەکانی سەر بە حکوومەتەکەی عەبدولسەلام تەنیا پاشەڕۆژێکی گەشیان بۆ عەرەب دەویست و پرسی کورد و زمانی کوردی و مێژووی نەتەوەی کورد لەلایان ڕەواجی نەبوو.

لێرەدا نموونەیەکی بچووک بۆ هەڵوێستی فەرمانبەری سەردەمی عەبدولسەلام بەرانبەر بە کورد و ناوی کوردی دەهێنینەوە. لە پاییزی ئەو ساڵە ١٩٦٣دا مامۆستایەکی ئافرەتی کورد بۆ باخچەی ساوایانی شەترە گواسترابووەوە و ناسیاریمان لەگەڵیدا هەبوو، ڕۆژێکیان گوتی: بۆ (بارزان)ی تەمەن چوار ساڵەی کوڕت و (ئازاد)ی کوڕی مامۆستا تەقیەددین نانێرن بۆ باخچەکەمان تاکو فێری

سەرەتای پەروەردە و خوێندن و خوو و ڕەوشتی باش بن. ئێمە لەگەڵماندا ناردن تاکو وەربگیرێن لەو باخچەیەی ساوایان، یەک دوو ڕۆژ دەوامیان کرد و لەدواییدا کە بردرانە لای بەڕێوەبەر بۆ تۆمار کردنی ناویان، لە کوڕی منیان پرسی ناوت چییە؟ لە وەڵامدا گوتبووی: (بارزان) و لە کوڕی مامۆستا تەقیەددینیشیان پرسی بوو گوتبووی (ئازاد)، چونکە ناوەکان کوردی بوون و کە گوێیان لە ناوی (بارزان) بوو، بەڕێوەبەر گوتبووی جێگامان نییە و بیانبەنەوە بۆ ماڵەکانیان.

**گەشتێکم بۆ ناحیەی دەوایە**

ناحیەی دەوایە سەر بە قەزای شەترە بوو و کەوتبووە ڕۆخ هۆڕێکی گەورە، ڕۆژێکیان لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان (حمود جاسم) چووین بۆ سەردانی یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانەکەی دەوایە، کە گەیشتین، بەڕێوەبەری ناحییەکە کە ئەوسا جەنابی شەکیب عەقراوی بوو، بەهۆی مامۆستا خورشید شەوکەت ئێمەی ناسی و پێی گوتین ئێوە میوانی منن. بۆ ئێوارە کاک شەکیب گوتی: با بچین بۆ سەر هۆڕ تاکو سزای ئەو ماسیگرانە بدەم، چونکە لە ناحییەکەی من ماسییەکی زۆر دەگرن، کەچی بەشەو بۆ بەغدای دەنێرن تاکو لە گازینۆکانی شەقامی ئەبوو نواس بەنرخێکی گران بیفرۆشن، کەچی خەڵکی ناحییەکە بێ بەشن لەو ماسییانە!!

کە گەیشتینە ڕۆخ هۆڕە زلەکە کە تاکو (هۆڕ ئەلحەممار) درێژ دەبێتەوە، بینیمان بەدەیان تۆڕەوان بە بەلەم خەریکی تۆڕ فڕێدانن و هەر جارە و ماسییەکی زۆر دەگرن لە ڕۆخی هۆڕەکەی دادەنێن بۆ کابرایەکی سەرمایەدار تاکو بیانبژێرێت و گەورەکان ڕەوانەی بەغدا بکات و ئەو تۆڕەوانەش بە ڕۆژانە کاری دەکرد.

لێرەدا کاک شەکیب پێی گوتن لەمڕۆکەوە ماسی گرتن لەم هۆڕەی سەر بە ناحییەکەم قەدەغەیە! کابرای خاوەن ماسی بە ترسێکەوە گوتی جەنابی بەڕێز لەبەرچی؟ کاک شەکیب پێی گوت، چونکە ئێوە ماسی لە هۆڕەکەی ناحییەی من دەگرن، کەچی هیچ ماسییەک لە بازاڕی ناحییەکە دانانێن تاکو خەڵکەکە تێر ماسی بێت، کابرای خاوەن ماسی گوتی: «قوربان لە بازاڕی ئێرەدا نافرۆشرێت و پارە ناکات. ئەویش پێی گوت: دەبێت ڕۆژانە بازاڕی دەوایە پڕ بکەن لە ماسی و بە نرخێکی هەرزان بە خەڵکە هەژارەکەی بفرۆشن. کابرای خاوەن ماسی گوتی: فەرمانی جەنابتان لەسەر سەرم و هەر بەیانی جێبەجێی دەکەین و تاکو چاومان غافڵ کرد چەند ماسییەکی گەورەیان خستە سندووقی پشتەوەی ئۆتۆمبیلی بەڕێوەبەری ناحییەکە. کە گەڕاینەوە ناو ئاوایی بۆ ئێوارە ئەو ماسییانە کرانە (مەسگووف) و بوونە خۆراکی ژەمی ئێوارە و ئەو شەوە لە ماڵی بەڕێوەبەری ناحییە نووستین کە بێ ماڵ و خێزان بوو و بە سەڵتی دەژیا. کە بەیانی سەردانی بازاڕمان کرد بینیمان لە چەند جێگا ماسی بچووک و گەورە دانراون و بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرێن. ئەو گەشتە خۆشەمان بە ناسینی جەنابی شەکیب عەقراوی و ئەو میواندارییە پڕ ڕێزەمان لە مێشکدا چەسپا.

زۆری پێ نەچوو ڕۆژێکیان جەنابی (کاک شەکیب)م لە شەترە لەگەڵ مامۆستا خورشید شەوکەوت بینی، دەچوونە لای قایمقام و جانتایەکی ڕەشیان پێ بوو. لەلای قایمقام گوتبوویان بە کارێکی فەرمی دەچین بۆ بەغدا ئەگەر فەرمانێکت هەبێت تاکو بۆت جێبەجێ بکەین؟

لە وەڵامدا قایمقام گوتبووی هیچ ئیشێکم نییە و بەخێربچن و بەخێریش بێنەوە. ئیدی چوونیان هەر ئەو چوونە بوو و جانتا ڕەشەکەشیان پڕ بوو لە پارەی قاسەی حکوومەت و چوون بۆ ناو پێشمەرگەی کوردستان و ئەو پارە زۆرەشیان بۆ پاڵپشتی دارایی شۆڕشی ئەیلولول بوو، زۆری پێ نەچوو کاک شەکیب بوو بە بەرپرسی دەزگای پاراستنی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد.

**پیشانگای قوتابخانەکانی شەترە و دیدەنی ئیمامی شیعە**

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٤دا، پیشانگای هونەریی قوتابخانەکانی قەزای شەترە لە خوێندنگای ناوەندی کچان کرایەوە و من لە قوتابخانەی (ئەلرەبیع) لە پاڵ وانەی عەرەبی، بەرپرسی سازدانی چالاکی هونەری بووم و هەستام چەند هۆبەکی فێرکردنم بەشێوەیەکی هونەری لە بواری زانستی و مێژوویی لە کارتۆن دروست کرد و بەشێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگی نایاب لە پیشانگاکەم دانان، هەندێکیان لەسەر دوو پارچە کارتۆن بوون، پارچەی سەرەوەیان بەدەست دەسووڕا و لە چەندین جێ زانیاری ڕاستو دروست لە بارەی کەسایەتی، یان نەخۆشی دەردەکەوتن یەکێک لەو هۆبەی فێرکردن لەسەر ژیان و باری کەسایەتی و کاروکردەوەکانی پێغەمبەر (د.خ) و (فاتیمە)ی کچی و ئیمامی عەلی (د.خ) و هەر دوازدە ئیمامەکەی شیعە بوو، کە لیژنەی ناوبژیوان لە ناسرییەوە هاتن و ئەو کارە هونەرییەی منیان بینی، زۆریان

لاپەسەند بوو، کاسی یەکەمیان دابە قوتابخانەکەمان لەسەر هۆیەکانی فێرکردن.

هەواڵی ئەو هۆیەی فێرکردنی زانیارییەکانی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) و فاتیمە و دوازدە ئیمامەکەی شیعەیان گەیاندە ئیمامی گەورەی شیعە لە قەزای شەترە سەماحەتی (شێخ ئیبراهیم کرباسی) ئەویش لە دوای ناردم و منیش لەگەڵ دوو برادەری شیعە چوومە لای و دوای بەخێرهێنانم دەست خۆشی ئەو کارە هونەرییە مێژووییەی لێ کردم، بەڵام گوتی: یەک ئیعتیرازم هەیە لەسەری، ئەویش ئەوەیە نووسیوتە «ئیمامی حەسەن ژمارەیەکی زۆری لە هاوسەر و کەنیزەک هەبووە، تەنانەت ژمارەی کەنیزەکەکانی گەیشتووەتە ٦٤ کەنیزەیەک» تۆ ئەم زانیارییەت لە کوێ هێناوە؟»

لە وەڵامدا گوتم: «لە کتێبخانەکەی ئێوە کە ناوی کتێبخانەی ئیمام جەعفەر ئەلسادقە دەتوانیت ئێستا داوای بکەیت» ئەویش بە مەلایەکی بەردەستی گوت کە ناوی مەلا محەمەد بوو، برۆ ئەو سەرچاوەیەم بۆ بێنە و منیش گوتم کتێبەکە ناوی (نوور ئەلئەبصار)ـە مەلا محەمەد هێنای و گوتی کوا لە کوێ نووسراوە؟ منیش شوێنەکەیم بۆ دەستنیشان کرد و بە چاویلکەکەی خوێندییەوە، ئینجا قەناعەتی هات و پێی گوتم تاکو ئێستاکە من ئەم زانیارییەم نەبیستبوو و داوای تەمەن درێژی بۆ کردم. منیش هەندێک پرسیاری (فیقهی)م لێ کرد، ئەوەی گران بایە وەڵامی دەدامەوە و ئەوەی لەلای سووکیش بوو، دەیگوت: مەلا محەمەد وەڵامی بدەوە، چونکە پرسیارێکی مەلایانەیە!

### نەورۆز لە شەترە

خەڵکی خوارووی عیراق بە تایبەتی شیعەکان بۆ شەوی سەری ساڵی هەتاوی کە لەلای ئێمە نەورۆزی پێ دەڵێن و لەلای ئەوانیش (دخول السنة)ی پێ دەڵێن، واتا لەو ڕۆژەدا گۆی زەوی دەچێتە ناو کەلوویەکی فەلەکی کە هەر ساڵە ناوی گیاندارێکی هەیە. لەو بۆنەیەدا لە دوارۆژی زستاندا واتا ڕۆژی ٢٠ی ئادار، گەڵێک سەوزە و شیر و پەنیر و ماست دەکڕن و بۆ شەو خوانچەیەک دەرازێننەوە، لەگەڵ لێدانی کاتژمێر ١٢ی نیوەشەو خولەکێک چرا دەکوژێننەوە، ئینجا هەڵیدەکەنەوە و ئەو خۆراکە خۆشانەی لە دوارۆژی زستان ئامادەیان کردووە لە یەکەم خولەکی ساڵی نوێدا دەیخۆن و خۆشترین بۆنەیە لەلایان. بۆ ڕۆژیش لەدوای نیوەڕۆکەش لەماڵ نامێنن و هەموو کەسێک چ پیاو چ ژن و منداڵ دەچنە دەرەوەی شار لەسەر گۆڕی پیاوچاکێک بە هەزار کەس کۆ دەبنەوە، ژن لەلایەک و پیاو لەلایەک تاکو ئێوارە دومبک لێدانە و گۆرانی دەڵێن. منیش ئەوکاتە دەمگوت خۆزیا کوردیش ئاوا نەورۆزی دەکرد، نەک بە ئاهەنگ و کۆبوونەوەی سیاسی و وتار خوێندنەوە لەسەر شانۆ کە دەبووە هۆی گرتنی چەند کەسێک لەسەر وتارە سیاسییەکانیان، جا ئێستا دوای چەند ساڵێک لای ئێمەش بەو شێوەیە ڕۆژی نەورۆز هەر خێزانە و لە سەیرانگایەک ڕۆژەکە بەسەر دەبەن.

### سەیرانەکان و سەردانی یەکتری

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٤دا ماڵە کوردە دوور خراوەکانی قەزای شەترە زۆربەی ڕۆژانی هەینی و پشووەکان بەیەکەوە پاسێکی گەورەمان دەگرت و کەلوپەلی خۆراکمان هەڵدەگرت و دەچووینە سەیران، یان بۆ سەر بەنداوی (بەدعە) کە چوار کیلۆمەتر لە باکووری شارەکەیە و ئاوی غەراف دابەش دەکات و بەشێک بۆ شەترە دەچێت و بەشێکیش بۆ خواروو تا دەگاتە هۆرەکانی ناسرییە.

تاکو ئێوارەیەکی درەنگ بە کەیف و ئاهەنگ کاتە خۆشەکەمان بەسەر دەبرد و پیاوەکان گەلێک یاری فۆلکلۆری کوردیمان دەکرد. هەندێک جاریش دەچووینە دوورتر بۆ سەیرانگەیەکی دیکە بەناوی (چەم ئەلعەجەم) کە هەموو دار ئەسپیندار بوون و کاتی خۆی کابرایەکی عەجەم دایچاندبوو، شوێنێکی یەکجار خۆش بوو، زۆر لە باخ و سەیرانگاکانی کوردستان دەچوو. ئێمە سوودمان لەو سەیرانگایانە وەردەگرت، کەچی شیعەکان لەبەر بۆنەی شەهادەتی ئیمامەکانیان، تەنانەت لە ڕۆژی وەفاتی پێغەمبەریش (د.خ) هەر خەریکی لە خۆدان و تازییەدانان بوون.

کاتێک کە لە سەرەتای شەو دەگەڕاینەوە شار، هەندێک جار خێزانە کوردەکان کە ژمارەیان نزیکەی بیست ماڵە کوردی دوورخراوە بوون، بێجگە لە پۆلیس و فەرمانبەرەکانی سەرای حکوومەت بەشەو سەردانی یەکدییان دەکرد و جارێکیان چووبووینە ماڵی خوالێخۆشبوو عەبدولخالق حاجی عەبدوڵلای هەولێری کە لە تەسویە فەرمانبەر بوو، لە قساندا گوتم: ئێمە هەندێک خزمان هەنە سەد ساڵێک پێش ئێستا چوونەتە مووسڵ و ئێستاکە نەوەکانیان بوونەتە عەرەب. عەبدولخالق گوتی: بووەستە تاکو وێنەیەکت بۆ دێنم کە وێنەکەی پیشاندام، بینیم خێزانێکی هیندستانین، ژن و

مێردێک و کوڕ و کچێک به بەرگی هیندی گوتم: ئەوانە هیندین. عەبدولخالق گوتی: نەخێر ئەو پیاوە مامە و برای حەقەتی باوکمە! لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا بە دیل گیراوە و دوورخراوەتەوە بۆ هیندستان، لەوێ لەناو تەلبـــەند نـوێژی کـــردووە، خـــەڵکەکی دەرەوەی تەلبەندەکەش دیویانە و ناسیویانە. کاتێک کە لە دیلی ئازاد دەکرێت خەڵکی شارەکە پێی دەڵێن: «مادامەکی تۆ مـەلایەتی و پێش نوێژی دەزانی، لەلامـان بمێنەوە ئێمە کچت دەدەینێ و ماڵت بۆ دادەنێین. ئەویش قایل دەبێت و دەمێنێتەوە ژنی پێ دەدەن و کوڕ و کچێکی لەو ژنە هیندییە دەبێت و مامم هەمـوو ساڵێک تاکو شەڕەکەی ڕەشید عـالی گەیلانی، لە ساڵی ١٩٤١دا دەهاتەوە هەولێـر و سـەردانی باوکـمی دەکـرد، ئیـدی لەوساوە ئاگامان لە یەکدی نەما، بۆیە دەڵێم بنیادەم ڕەگی بڵاوە!!

## هەندێک دابونەریتی سەیری شەترە

لە شاری شەترە هەندێک دابونەریتی سەیر هەبوو کە ئەوە لەلای ئێمە نییە، وەک ئەوەی کە خانوویەکی نوێ دروست دەکرا نەدەبوایە کەس خـۆی لە گەرماوەکـەیدا نەشوات تاکو ئافرەتێکی سەید زادە کە پێی دەگوترێ (عـولویە) خۆی تێدا دەشوات بۆ ئەوەی ماڵەکە پیرۆز بکات و خاوەنەکەی خێری لێ ببینێت. من خانوویەکم لە ساڵی یەکەمی دوورخستنەوەکەم لە سەیدێک گرتبوو جارێ کەسێکی نەچووبووە ناو، خاوەن خانووەکە گوتی: خـۆتان لە گـەرمـاوەکـە مـەشـۆن تاکـو سـەید زادە (عـولویە)یەک دەنێرم خـۆی تێدا بشوات، ئینجا ئێوە خۆتانی تێدا بشۆن!!

لە مـەسـەلەی جەژنانیش کـاتێک حکومـەت بەشـەو ڕایدەگەیاند سبەی جەژنی ڕەمەزانە، یان قوربانە، کە منداڵەکانم پشـتیـوان و کـامەران و بارزان جلی نوێیان لەبەر دەکـرد دەچوون بۆ بازاڕ و دەرەوەی مـاڵ، منداڵە عارەبەکان بەرد بارانیان دەکردن و پێیان دەگوتن: ئەمڕۆ ڕۆژی جەژنی حکوومـەتە، جەژنی ئێمـە نییـە و تاکو ئیمام فتوا نەدات نایکەینە جەژن! منداڵەکانیش ناچار خۆیان دەکوتایەوە ماڵ و جلەکانیان دەگۆڕی.

لە شـەترە و خـواروی عـیـراق مـاسی بچـووک وەک بامیە لە داوی دەدەن وەک ڕسـتە هەڵی دەخەن و دوایی چەند مـانگێک بەچێـشـتی لێی دەنێن و پێی دەڵێن «مەسموتە» و گۆشتی مار ماسی (جوڕی)یشیان لەلا حەرامە.

## وەستانی بەرزکردنەوە و سەر مووچەم

هەمـوو سـاڵێک لە ٢٢ی شوباتدا وادەی بەرزکردنەوە، یان وەرگرتنی سەر مووچەم دەهات، کەچی نەیاندەدامێ و دەیانگوت تۆ لە حاکـمی عـەسکەرییـەوە دوورخـرایتـەوە بەرز کـردنەوە و سـەرمـووچە ناتگرێتـەوە. منیش لە دڵی خۆمدا گوتم: وا باشە بچمە لای پارێزگار جەنابی (شێخ مـــارفی شـــێخ حـــەمـــە غـــەریب)ی خـوشکەزای شـــێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان و سکاڵای حاڵی خۆمی پێـشـکەش بکەم. هەسـتـام چوومـە لای بەڕێوەبەری مەکتەبی پارێزگا و پێم گوت دەمەوێت بچمە لای جەنابی پارێزگـار، گـوتی نابێت مـیـوانی لەلایە، گـوتم: کـێن مـیـوانەکـانی؟ گـوتی کـوردی خەڵکی سلێمانین. منیش گـوتم منیش خـزمی جـەنابی پارێزگـارم و دەمـەوێت بۆ مـاوەی پێنج خـولەک بیبـینم. ناوونیـشـانی ناردمـە ژوورەوە. جەنابی پارێزگـار داوای کـردم و پێی گـوتم: چ کێشـەیەکت هەیە؟ لە وەڵامدا گوتم: من هەمـوو سـاڵێک داوا دەکەم سەرمووچەم بدەنێ و ئەم ساڵیش وا دوو ساڵە بەرزکـردنەوەیان ڕاگـرتووم بە بیـانووی ئەوەی من لە کـوردستـانەوە گـوێزراومـەتەوە بۆ ئەم پارێزگایە. جـەنابی پارێزگـــار فـــەرمـــووی ناوی تەواو و ناوونیـــشـــانی قـوتابخـانەکـەتم بۆ بنووسـە تا فـەرمـان بە بەڕێوەبەری پەروەردە بدەم مـــامـــەڵەکـــەت بڕوێنرێت و چی دیکە نەوەسـتـێت. وابوو دوای چەند ڕۆژێک فـەرمـانبـەری بەرپرسی بەرزکـردنەوە و سـەرمـووچەم چاوپێکەوت، پێی گـوتم: تۆ چۆن خـۆت گەیاندە جـەنابی پارێزگـار، چونکە لەسـەر فەرمانی ئەو بەڕێوەبەری پەروەردە بانگی کردم و پێی گوتم: هەر ئێستا مامەڵەی دەڕوێنیت و منیش ناردم بۆ بەغـداو بەم زووانە خوا یاربێت ئەنجامەکەی دێتەوە. وابوو دوای هەفتـەیەک بەرزکردنەوەکەم بوو و مووچەکەم بووە ٥٤ دیناری ئەسڵی و ٢٠ دیناریش دەرماڵە.

## تەنسیب کردنم بۆ ناوەندیی شەترە

لە مـانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا سەرپەرشتیاری پەروەردە (جومعە فەتحی) لە قوتابخانەی (ئەلرەبیع) لە پۆلی شـەشـەم هاتە سـەردانم، منیش وانەیەکی نموونەیی عـەرەبیم بەرەو ڕووی ئەو گوتەوە. زۆر ڕای لە زانیاری و بنچـینەی گـوتنەوەی وانەکـە بوو، لەلای بەڕێوەبەری ناوەندی شـەترە باسی توانایی منی کـردبوو، ئەوانیش مامۆستای زمانی عەرەبییان نەبوو، منیان دەستنیشان کـرد بۆ گـوتنەوەی زمـان و ئەدەبی عـەرەبی لە پۆلی سێیـەمی ناوەندی و بە فـەرمـانی بەڕێوەبەرایەتی لیـوای

ناسرییه ژماره ۲۳۸۷٦ له ڕۆژی ۱۹٦٤/۱۲/۷ کرامه وانەبێژ له ئامادەیی شەتره بۆ گوتنەوەی زمانی عەرەبی له پۆلی سێیەمی ناوەندیی کە لەگەڵ ئامادەیی شەتره دەوامی دەکرد. منیش زۆر بەجددی ئەو ئەرکەم چەند مانگێک گرته ئەستۆ تاکو دوو مامۆستای عەرەبی زنجباری دەرچووی زانکۆی ئەزهەر هاتن و جێی منیان گرتەوە. منیش وەک نووسەر له قوتابخانەکە مامەوە کە بەڕێوەبەرمان دەمێک (مەهدی یاسری) و دەمێکیش (نەجمەددین جەلال)ی لاوچاکی کەرکووکی بوو و کاروباری قوتابییانم گرته ئەستۆ، ئەم کارەم باشتر بوو لەوەی ڕۆژانه بە سواری پایسکل چوار کیلۆمەتر بچم بۆ گوندی (ئال حامی) و قوتابخانەی (ئەلڕەبیع).

**نامەیەکی شیعریم له شەترەوە بۆ کوردستان**

هەرچەنده گەلێک دۆست و هاوڕێی خۆشەویستم له ماوەی دوورخستنەوەکەم بۆ خوارووی عیراق لەگەڵدا بوون، بەڵام گیانم هەر لەلای هاوڕێ و کەسوکار و دیمەنه دڵڕفێنەکانی کوردستان بوو، بە سرووشی ئەو خۆشەویستییەم نامەیەکی شیعریم داناو ناردم بۆ گۆڤاری (هیوا) و بەناوونیشانی (نامەیەک له شەترەوە) بڵاوکرایەوه و لەدواییشدا له ساڵی ۱۹۷۱دا له دیوانی (ڕێگەی دوور)م بڵاوکردەوه، ئەمەش دەقەکەیەتی:

**نامەیەک له شەترەوە**<br>
**هەرچەنده ئێرەش خاکی دۆستانه**<br>
**جەرگەی خەبات و جێی سەربەستانه**<br>
**بەڵام خۆم لێرەو گیانم لەلاتان**<br>
**دەسووڕێتەوه مات و سەرگەردان!**<br>
**بەسەر قەندیل و هەیبەسوڵتانت**<br>
**بەناو سەیرانگای باخ و ڕەزانت**<br>
**دەمژی پاکیەتی لالەزارانت**<br>
**بۆن دەکا بۆنی گوڵ و ڕەیحانت!**<br>
**تا تێر تێر دەبێ له گوڵزارانت،**<br>
**له سروەی نەرمی ناو نزارانت!**<br>
**شاد و مەست دەبێ بەخۆشی خاکت**<br>
**بەمەی ئاونگی گوڵشەنی پاکت**<br>
**زوو زوو بۆی دەکا گەشتی لەناکاو**<br>
**خێرا له ماوەی جووڵەی نیگای چاو**<br>
**وەک گەشتەکانی (یووری گەگارین)**<br>
**(جێرمان تیتۆف) و (کۆلۆنتل گلین)(*)**<br>
شەتره/ ۱۹٦۲/۲/۲٥

**گەڕانەوەم بۆ پارێزگای هەولێر**

له بەهاری ساڵی ۱۹٦٦دا نموونەیەکی فۆرمی گواستنەوەی مامۆستایان بۆ قوتابخانەکانی خوارووی عیراق هاتبوو، خاڵێکی تێدا بوو، هەر کەسێک دەیەوێ بچێتەوه پارێزگاکەی خۆی دەبێ پاکانه له حزبی شیووعی، یان پارتی دیموکراتی کوردستان هەریەکه بەپێی تۆمەتەکەی خۆی بدات. زۆربەی مامۆستا دوورخراوەکان فۆرمەکەیان پڕ کردەوه، تەنیا من و مامۆستایان تەقیەددین قادر و محەمەد عەلی دزەیی و واحید قادر خۆشناو و ئەمین محەمەد ئەمین زەنگەنه و دنحا فرنسی عیسا پرمان نەکردەوه. بۆ پاییز ئەوانی دیکه گوێزرانەوه، تەنیا ئێمه ئەم چەند کەسه مانەوه و لەنێوان خۆماندا ڕێککەوتین بچینه لای بەڕێوەبەری پەروەرده له ناسرییه بۆ داواکردنی گواستنەوەمان بۆ پارێزگای خۆمان وەک ئەوانەی گوێزرانەوه.

که چووین بۆ لای بەڕێوەبەری پەروەرده، سکرتێرەکەی گوتی سەرپەرشتیاری کارگێڕی له وەزارەتەوه هاتووەته لای و نابێت هەمووتان لێی بچنه ژوورەوه، تەنیا با یەکێکتان بچێت و داواکانتانی پێ ڕابگەیەنێت، ئەوانیش منیان کرده دەمڕاستی خۆیان و منیش چوومه ژوورەوه، بەڕێوەبەر پێی گوتم: داواتان چییه؟

منیش پێم گوت ئێمه هەموو ساڵێک داوای گواستنەوه دەکەین، کەچی ئێوه گوێمان پێ نادەن. وا ئەم ساڵ ڕێککەوتننامەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز لەگەڵ سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کوردی دەرچووه و کێشەی کورد نەماوه، بۆیه مانەوەمان لێره کارێکی ستەمه. لێرەدا سەرپەرشتیاری وەزارەت گوتی ڕاست دەکەیت پشتی گرتین، بەڕێوەبەری پەروەردەش گوتی: داواکاری پێشکەش بکەن، من دەیبڕوێنم و بزانین هەڵوێستی وەزارەت چی دەبێت؟ ئیدی من سوپاسم کرد و هاتمه دەرەوه و بەهاوڕێکانم گوت: بەڕێوەبەری پەروەرده دەڵێت داواکاری پێشکەش بکەن. ئیدی سەرو سکاڵای خۆمان پێشکەش کرد و دوای هەفتەیەک ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردەمان بۆ هاتەوه کە لەسەر کیسەی خۆمان بگوێزرێینەوه بۆ پارێزگاکانی خۆمان.

*** ئەم سێ کەسه وەختی خۆی بە کەشتی ئاسمانی له دەرەوەی زەوی سووڕانەوه.**

# بازەکەی جەنگیزخان

**پاولۆ کۆیلۆ**
**لە ئینگلیزییەوە: د. فەیسەڵ عارەب بلّباس**

لە سەردانێکی ئەم دواییەمدا بۆ کازاخستان کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئاسیا، بواری ئەوەم بۆ ڕەخسا کە لەگەڵ هەندێک لەو ڕاوچییانە بمێنمەوە کە تا ئێستاش باز وەکو چەک بەکار دێنن. من نامەوێ لێرەدا بچمە ناو بابەتی "ڕاوکردن" تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە لەم بارەیەوە سروشت ڕێچکەی خۆی بەرنەداوە.

هیچ وەرگێڕێکم لەگەڵدا نەبوو، بەڵام ئەوەی کە بەگرفتم دەزانی بۆم بەباش گەڕایەوە. لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی لەگەڵیاندا بدوێم، زۆر هەستم لەوە ڕادەگرت کە چۆن کاردەکەن و چ دەکەن. ئەو چەند کەسە کەمەی پێکەوە بووین ڕاوەستاین و ئەو پیاوەی کە بازێکی لەسەر شان بوو کەمێک لەئێمە دوورتر وەستا و کڵاوە زیوینییەکەی لەسەری باڵندەکە لادا. من تێنەگەیشتم بۆ ئەو بڕیارەی دا لەوێ بوەستێت و نەشمدەزانی لێیان بپرسم.

بازەکە هەڵفڕی و چەند جارێک سووڕایەوە ئەوجا یەکسەر شۆڕبووەوە ناو دۆڵێک و لەوێ مایەوە. کە نزیکی بووینەوە، بینیمان ڕێوییەکی بە چڕنووکەکانی گرتووە. هەمان دیمەن جارێکی دیکە لەگەڵ بەیانی دووبارە بووەوە.

کە گەڕاینەوە گوندەکەیان، چاوم بەو کەسانە کەوت کە چاوەڕێیان دەکردین و لێم پرسین چۆن توانیویانە ئەوها باز ڕابێنن کە ئەو هەموو شتەیان بۆ بکات کە من بینیمن، تەنانەت بەهێمنی ڕاوەستانی لەسەر شان و باسکی خاوەنەکەی (لەسەر شان و باڵی منیش، پارچە پێستەیەکیان لەباسکم ئاڵاند و زۆر لەنزیکەوە توانیم چڕنووکە تیژەکانی ببینم).

پرسیارەکەم لەجێی خۆی نەبوو، چونکە کەسیان

ڕوونکردنەوەیەکی پێ نەبوو. ئەوان گوتیان ئەو هونەرەیان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بۆ ماوەتەوە، باوک کوڕ فێر دەکات و بەم شێوەیە، بەڵام ئەوەی کە تا مردن لەناو مێشکمدا ناسڕێتەوە ئەو چیا بەفراوانەی پشتمان، ئەو دەشتە پڕ لە ڕەوە ئەسپ و ئەسپسوارانە بوو، بازەکان سەرشانی سوارییەکانیان بەجێ دەهێشت و بەناو دۆڵەکاندا شۆڕدەبوونەوە، ئەوەش کە هەر لەیادمدا دەمێنێتەوە ئەو چیرۆکە بوو کە یەکێک لەو کەسانە لەکاتی نانی نیوەڕۆدا بۆی گێڕامەوە:

بەیانییەک، جەنگاوەری مۆنگۆلی، جەنگیزخان، بەخۆی و دارودەستەکەی دەچنە ڕاوێ، ئەوانەی لەگەڵی بوون تیروکەوان هەڵدەگرن، بەڵام جەنگیزخان لەسەر شانی خۆی بازە خۆشەویستەکەی هەڵدەگرێت، کە لە هەموو تیرێک باشتر و پتر جێی متمانەی بوو، چونکە دەیتوانی بەئاسماندا بەرزبێتەوە و هەموو ئەو شتانە ببینێت کە مرۆڤ چاوی بڕیان ناکات.

بەهەر شێوەیەک بێت، هەرچەندە دارودەستەکەی هەوڵێکی زۆر دەدەن، بەڵام هیچیان دەست ناکەوێت. جەنگیزخان بەهیوابڕاوییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو هۆبە ڕەشماڵەکەی بۆ ئەوەی بێ ئومێدییەکەی بەدارودەستەکەی نیشان نەدات، بەجێیان دیڵێت و بەتەنیا سوار دەبێت و لێ دەدات و دەڕوات. دیارە ماوەیەکی زۆر لەناو ئەو چەمە ماوەتەوە، بۆیە خان ماندوو دەبێت و تینوێتی زۆری بۆ دەهێنێت. لەو هاوینە گەرمەشدا جۆگەلە ئاوەکان هەموو وشکیان کردووە و هیچ نادۆزێتەوە بۆ خواردنەوە، پاشان بەسەرسووڕمانەوە دەبینێت وا چۆڕە ئاوێک لە گاشە بەردێکەوە دێتە خوارێ و بە پێشیدا دەڕوات.

بازەکەی لەسەر شانی لادەدات و جامە زیوینەکەی دەردێنێت کە هەمیشە بەقەدیەوە بوو. ئاوەکە زۆر هێواش بووە، بۆیە درەنگ جامەکە پڕ دەبێت، لەو کاتەی کە دەیەوێت بۆ دەمی ببات، بازەکە دەفڕێ و خۆی بە جامەکەی دەستیدا دەدات و ئاوەکەی لێ دەڕێژێت.

جەنگیزخان زۆر توورە دەبێت، بەڵام بازەکەی لەلا زۆر خۆشەویستە، لەوانەیە ئەویش تینووی بووبێت. جامەکە هەڵدەگرێتەوە و لەتۆز و خۆڵەکەی پاکی دەکاتەوە و دیسان پڕ ئاوی دەکاتەوە. ئەو جارە هێشتا جامەکە نیوەیە کاتێک کە بازەکە تاوی دەداتێ و لێی دەڕژێنێت.

جەنگیزخان عاشقی ئەو باڵندەیە بووە، بەڵام کە دەبینێت بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت بەو بێ ڕێزییەی قایل بێت، لەوانەشە کەسانێک لەدوورەوە ئەو دیمەنە ببینن و بە جەنگاوەرەکانی بڵێن کە ئەو سەرکردە مەزنەی کەس خۆی لەبەر نەگرتووە، ناتوانێت باڵندەیەک تەمبێ بکات.

ئەو جارە شیرەکەی (شمشێرەکەی) لە کالان دەردێنێت و جامەکەی بۆ پڕکردن دەداتە بەر ئاوەکە. چاوێکی لەسەر چۆڕە ئاوەکە و چاوەکەی دیکەشی لەلای بازەکە دەبێت. کاتێک بڕێکی باش لەئاو دێتە ناو جامەکە و دەیەوێت بیخواتەوە، بازەکە دووبارە هەڵدەفڕێت و ڕووی تێدەکات. خان بەیەک شیروەشاندن سینگی باز دوولەت دەکات و دەیکوژێت...

لێرەدا، چۆڕە ئاوەکەش وشک دەکات، بەڵام خان هەر مکوڕە لەسەر ئەوەی چۆڕە ئاوێک بۆ خواردنەوە پەیدا بکات. بۆ دۆزینەوەی کانییەکە بەسەر گاشەبەردەکە دەکەوێت. سەری سووڕدەمێنێت کە دەبینێت بەڕاستی گۆمە ئاوێک هەیە، بەڵام لەناو ئاوەکەدا مارێکی زۆر ژەهرتیژی بەمردوویی تێدا ڕاکشاوە. دڵنیا دەبێت کە ئەگەر لەو ئاوەی بخواردبایەوە، ئەوە ئەویش بێ گومان دەمرد.

خان بەخۆی و بازە مردووەکەی دەستییەوە بۆ ڕەشماڵەکەی دەگەڕێتەوە. یەکسەر فەرمان دەدات کە پەیکەرێکی زێڕینی بۆ دروست بکەن و لەسەر لاباڵێکی بنووسن:

ئەگەر برادەرێکت کارێکی بۆ کردی کە پێشت خۆش نەبوو، ئەوە هەر بە برادەرێتیت دەمێنێتەوە.

لەسەر لاباڵەکەی دیکەشی ئەو وشانە هەڵکەنن:

هەر کارێکی کە لەکاتی توورەییدا دەیکەیت، بەدڵنیاییەوە ئەنجامەکەی باش نابێت.

**سەرچاوە:**

**کتێبی:**

**Like the flowing river, by Paulo Coelho**

# باسێک لەبارەی وێنە و نووسراوەی منداڵان

سەید یاسین قورەیشی
(بۆکان)

زۆربەی منداڵان سروشتێکی ڕەوان و زیهنێکی ساکار و ڕوونیان هەیە، هەر بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەوە لە ناو جوغزی واقیعییەتدا نامێننەوە و تێدەکۆشن سنوورە ئاساییەکان تێک بشکێنن.

وێنەگەری لە هەموو دەورەکانی ژیاندا، تەنانەت لە تەمەنی گەورە ساڵیشدا، دەتوانێ وەها ئامرازێ بێ کە کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر مرۆڤ دابنێ. لە بارەی منداڵاندا دەتوانین بڵێین بۆ بارهێنانی ڕەوانی و پەرەپێدان بە بیر و ئەندێشەی ئەوان ئامرازێکی زۆر بە کەڵک و بە نرخە، هەر جۆرە فێرکارییەک لە بارەی وێنەگەری لە لایەن هەر کەسێکەوە بێ، پێوەندییەکی بە دنیای منداڵانەوە نییە و لەگەڵ سروشتی ئەوان جۆر دەرنایەت.

مەبەست لە وێنەگەری منداڵان فێرکردنی وێنە و هێڵکاری بە منداڵ نییە، بەڵکو تەنیا دەبێ فێرکاران لە بواری بارهێنان و خوڵقاندن و ڕەوانناسییەوە بۆی بچن.

لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بەرهەمی منداڵان و گەورەساڵان، دەبێ تەوەری باسەکە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوان بێ، چونکە تەنیا لەو ڕێیەوە دەتوانین دیاری بکەین کە ژیانی ڕۆژانە چ کاریگەرییەکی لەسەر زیهن و ئاکاری ئەوان بەجێ هێشتووە

منداڵ خۆی سانسۆر ناکات و هەرچی بە زیهنی بگات بە ڕاستی هەر ئەوە بەیان دەکات، ئەوە گەورەکانن کە سانسۆر دێننە ناو دنیای ئەوەوە. هەڵە دۆزینەوەی بە دواوەیە و مەترسی لە هەڵە کردن، سەربەخۆیی منداڵ دەخاتە ژێر مەترسییەوە و دەبێتە بەربەستێک لە مەڕ بیر و ئەندێشەی ئەوەوە.

دۆزینەوەی عەیب و هەڵە لە وێنەی منداڵدا دەبێتە

هۆی ئەوەی لە هەموو بواری ژیانی، تەنانەت کاتی گەورە ساڵی، خۆسانسۆری بەشێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو بێت. گەورەکان تێدەکۆشن ئەزموونەکانی خۆیان بەسەر منداڵەکان داسەپێنن، بەڵام منداڵان بە ئەزموونەکانی خۆیان، ئەو یاسایانە تێکدەشکێنن کاتێ کە منداڵ بیر و ئەندێشەی ئامادەی وەرگرتنی کێشەگەلێکی دەرەوەی زیهنی خۆی نییە، ماندووکردنی فیکری بۆ ئەو گران تەواو دەبێ.

کۆپیکردنەوە لاساییکردنەوەی سروشت و بۆچوونە واقعییەکان لە وێنەگەری منداڵاندا لە لایەن گەورەکانەوە کە بەسەر ئەواندا دادەسەپێندرێت، هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ کەسایەتی دەروونی منداڵدا نییە. شوێن هەڵگرتنی ڕەنگەکان لە ژیانی منداڵاندا پێویستی و پێوەندی بە بارودۆخی ژیان و ژینگەی جۆراوجۆری ئەوانەوە هەیە.

منداڵان دەبێ ئازاد بن هەر ڕەنگێکی خۆیان حەزی پێ دەکەن لە وێنە و شێوەکارییەکانی خۆیاندا کەڵکی لێ وەرگرن. فێربوون، خوڵقاندن، دۆزینەوە و ئەزموون بەکەڵک وەرگرتن لە هێڵ و ڕەنگ لە ژیانی منداڵدا ڕوو دەدات.

هیچ کاتێ نابێت لە خەت خەتی کردنی منداڵەکان لە هەر شوێنێ بەرگری بکەین، چونکە ئەوان بەو کارە و بە زمانی وێنە پەیامەکانی خۆیان بە ئێمە ڕادەگەیەنن. هەر بەرهەمێکی منداڵ نیشاندەری تێگەیشتنێکی تازەی ئەوە لە چلۆنایەتی ژیانی ڕۆژانەی.

هەر منداڵێک کە نەتوانێ بە ڕاحەتی هەستی ناخی خۆی دەربڕێ و لەگەڵ دەوروبەری خۆی نەدوێ، لە وتەکانیدا هەست بە دوودڵی و شەرمێونی دەکات و بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەوان تێناکۆشێ و لە ئاکامدا کەم ڕوو و گۆشەگیر بار دێت.

سەربەخۆیی لە کار کردن و ئازاد بیرکردنەوە، پڕ بایەخترین و جوانترین ڕێوشوێنە بۆ گەشەدان بە بیر و ئەندێشەی منداڵ. وێنەکانی منداڵ کاتێ بۆ ئێمە جێی سەرنجە کە منداڵ خۆی لەو بابەتەوە بدوێ، یان ڕووداو و بەسەرهاتەکەی ناو وێنەکەمان بۆ بگێڕێتەوە

منداڵ نیازە دەروونییەکانی جێبەجێ دەکات، هێندێ جار بە تاکەکەسێ و برێ جاریش لە گرووپدا.

ئاگادارکردنەوەی منداڵ لە هەڵەی وشەی ناو نووسراوەکان و ژمارەکان هەڵبەت زۆر پێویستی هەیە، بەڵام ئاگادارکردنەوەی لە هەڵەی ناو وێنەکانی هیچ پێویستییەکی نییە. ئەوانەی بە ڕۆشنی، لە ڕێنوێنی شێوەکاری وێنەگەری منداڵاندا شارەزا نین. باشترە ئەوان بە حاڵی خۆیان ڕەها کەن.

لە فەرهەنگی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو منداڵانەی کە ئارام و بێ دەنگ و بێ ئەرکن و لە باری زیهنییەوە دواکەوتوون و بە دوای جموجوولێکی نوێوە نین وەک منداڵێکی بە ئەدەب، هێدی و لێهاتوو و نموونەیەک بۆ منداڵەکانی دی دەناسرێن. منداڵەکان لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بژین حەز دەکەن لە جێژنەکان دابونەریتەکان و...تاد ئاگاداربن و ئاگاداربوونی ئەوان لە ئوستوورەکان و قارەمانانی نەتەوەیی کە بە هۆی سروشتی پاک و ئینسانی خۆیانەوە هەمیشە لە مێژینەی نەتەوەکاندا دژ بە زوڵم و زۆر وێستاون لەسەر ڕوح و ڕەوانی ئەوان کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە.

لە وێنەگەری منداڵاندا، نە یاساکانی وێنەگەری و نەکارکردنی ئەوان، بەڵکو تەنیا سروشتی لێکۆڵەرانە لە کاری ئەواندایە دەتوانێ چارەساز بێ، ئەگەر گەورەکان لێ بگەڕێن، منداڵان قەت لە پاککون (مەساحە) کەڵک وەرناگرن. باب و دایک یەکەم کەسانێکن کە ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتیان لە پێکهاتنی کەسایەتی داهاتووی منداڵاندا هەیە، ڕوحی کچان لە کێشەگەلی ڕۆژانەی ژیانیاندا پتر لە کوڕەکان شوێن هەڵگرن و ئەوە لە ئاسەوارەکانیدا زۆر بەرچاوە، ئەزموونەکان نیشانیان داوە کە ڕەوشتی ئامۆژگاری بۆ منداڵان هەست بزوێن نییە، بە تایبەت ئەو ئامۆژگاریانەی کە بە شێوەی پێشینیان، ئەمڕۆ کەڵکی لێ وەردەگیردرێ ئەسڵەن حەزی پێ ناکەن.

داسەپاندنی ئەو فەرهەنگانەی بە لاوە نراوە ڕەوشتی ملهوڕانە و ناچارکردنی منداڵ بەسەر دانەواندن و پەسەندکردنی کوێر کوێرانە ڕوحی ئازادیخوازی و سەربەخۆیی ئەوان دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

لە قوتابخانەکاندا بە داخەوە بە جێی دۆزینەوەی هۆی گیروگرفتەکانی بارهێنان و فێرکاری منداڵان و چارەسەرکردنی، بەرپرسانی قوتابخانە و دایک و بابی منداڵان تاوانی ئەو کەموکوڕیانە دەخەنە ئەستۆی یەکتری. بە داخەوە مەشقی شەو حاڵەتی سزادانی پەیدا کردووە و نمرەی (٢٠) بەجێی ئەوەی بووبێتە هاندەرێ بۆ

هاوفیکری و هاوکاری نێوان قوتابییەکان، ئەوان بەرەو چاوچنۆکی و بەرچاوتەنگی و چاولێکەرییەکی نا دروست هان دەدات.

بە داخەوە زۆربەی بنەماڵەکان بەبێ ئەوەی ڕادەی لێهاتوویی منداڵان و تامەزرۆیی و پێوەندی ئەوان بە پیشە و بەشە جۆراجۆرەکانی بزانن، تەنیا بە هۆی پارەهێنەری پیشەی پزیشکی ئەوان بۆ ئەو بەشە هان دەدەن. منداڵان لە سنووری ژیانیاندا یاسا و مەنتیقێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و بە دوای جیهانێکی نوێ وەن و هەمیشە قسەیان بۆ کوتن هەیە و لە ڕێگەی وێنە و حەقایەت و...تاد حەز بە پێوەندی گرتن لەگەڵ گەورەساڵان دەکەن و گەورەساڵانیش دەبێ بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەوان ئەو خاڵانە لەبەرچاو بگرن.

* باس لەسەر لێکۆڵینەوەی ئاسەواری شێوەکاری منداڵان لەگەڵ ئەوان و هاندانیان بەرەو "واقیعگەرایی" لە وێنەگەریدا شێوەیەکی نادروستە.

* بابەتەکانی شێوەکاری ئەوان دەبێ سادە و ساکار بێت و منداڵ حەزی پێ بکات.

* کەسایەتیی منداڵ لە ڕێگەی وێنەگەری و حەقایەت و... تاد بیچم دەگرێ.

* منداڵەکان پەلەوەرەکانیان خۆش دەوێ و حەز دەکەن وێنەی ئەوان لە شێوەکاری و لە حەقایەتەکاندا ڕەنگ بداتەوە.

* ڕەنگ و وێنە دەتوانێ بۆ منداڵانی نەحەواوە جۆرێ ڕەوان دەرمانی بێت.

* وێنەگەری لە ڕووی مۆدێلەوە بۆ منداڵان زەرەر و زیانی هەیە و هەستی خولقێنەری لەواندا دەکوژێ.

* پێویستە بە خەت خەتی کردن و کێشانەوەی جەغز لە لایەن منداڵانەوە گرینگی بدەین و منداڵ بەو بیانووە و هیچ بیانوویەکی دی تەمبێ نەکرێ.

* منداڵ حەز بە دۆزینەوە و دروست کردن دەکات.

* پێویستە بە بردنی منداڵان بۆ موزەکان و ئاشنا کردنیان بە دابونەریت، ئوستوورەکان و مەسەلەکان هونەری نەتەوەیی بە ئەوان بناسێنین.

* دیداری منداڵان لە پێشانگاکانی بەرهەمی هونەری گەورەساڵ کە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەواندا نییە هیچ پێویستییەکی نییە.

**سەرچاوە:**
**نقاشی و نوشتەهای کودکان.**

# لە ئاسۆی زامستانەوە

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**




**تووڕەیی من**
**دەریایەکی بێ سنوورە**
**ئارام و مەنگ!**
**دڵی سەبرم**
**گڕکانێکی ئامادەیە**
**پڕ و بێدەنگ!**
**خنکا ئۆقرەم**
**سووتا سەبرم**
**دەڵێم گەڕێن با هەڵنەچم!**
ل:٢٨

ڕەوتی شیعر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە لە حاڵی گەشانەوە و بەرەوپێش چووندا بووە و لە هەموو قۆناغەکاندا شاعیرانی بەهەست و بیر ورد و دەروەست سەریان هەڵداوە. ئەو شاعیرانە نەیانهێشتووە ئەو بزاڤە تووشی ڕاوەستان و چەق بەستن بێ و بەردەوام و بەرە لە دوای بەرە و قۆناغ لە دوای قۆناغ گوڵە شیعریان لە بەرۆکی ئەدەبی کوردی داوە. یەکێک لەو قۆناغە گرینگ و پڕ بەرهەمانە بەرەی سێیەمە کە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە و زۆر کەمی لەسەر نووسراوە. ئەو بەرە شیعرییە کە بە بەرەی دوای سوارەی ئێلخانیزادە و عەلی حەسەنیانی و فاتح شێخولئیسلامی (چاوە) و قاسم مۆئەیەد زادە (هەڵۆ) دێتە ئەژمار، هەوڵ و چالاکی و دڵگەرمییەکی زۆری پێوە دیارە و نکوڵی لێ ناکرێ. ئەو بەرەیەش، چونکە لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و سەردەمێکی ئاڵۆز و پڕ شەڕ و کێشە و خوێن و مەرگ و ماڵوێرانیدا سەری هەڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا هیوای ئازادی و بیری سەربەستی لە مێشکی خەڵکیدا کەوتبووە جموجووڵ و ببووە تاسە و ئاواتێکی گەورە و گشتیگیر، بۆیە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا شاعیرانیش ناتوانن بێ دەنگ بن و لە ڕاستیدا هەر دەبێ واش بێ، چونکە شیعر ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی و ئەو قەڵەمانە بە بەرزی و نەمری دەمێننەوە کە دەربڕی خەم و ئازار و ئاوات و هیواکانی سەردەمی خۆیان بن.

لەو بەرەیەدا شاعیرانێکی وەک جەلال مەلەکشا، سەعید نەجاڕی «ئاسۆ»، ڕەحیم لوقمانی، ڕەسووڵ ڕەش ئەحمەدی، ڕەسووڵ کەریمی «سووتاو»، شەریف حوسێن پەناهی، ژیلا حوسێنی، ک.د. ئازاد، عەبدولخالق نەقیب، ناسر

حیسامی، ئەحمەد بازگر، حەمە ساڵح سووزەنی و...تاد هەڵکەوتن کە بە ڕاستی دەتوانین چەند کەسێکیان وەک بەرەیەکی خاوەن هەڵوێست و خەمخۆر و نیشتمانپەروەر چاو لێ بکەین.

یەکێک لەو شاعیرانە کە دەمەوێ لەم وتارەدا ئاوڕێک لە شیعرەکانی بدەمەوە و سەر بەماڵی پڕ شکۆی شیعرەکانی، واتە کتێبی «زامستان»دا بکەم، بەڕێز «ڕەحیم لوقمانی»یە. ڕەحیم لوقمانی شاعیرێکی بیر ورد و خاوەن هەڵوێستە و ڕوحی لەگەڵ خەم و ئازارەکانی خاک و گەلەکەی لێک گرێدراوە و شیعرەکانی ئاوێنەی باڵانوێنی داخ و زام و ناکامییەکانی خەڵک و نیشتمانەکەیەتی و هەتا سەر ئێسقان ئاشق و خەمخۆری وڵاتەکەیەتی.

**من پشکۆیەک لەو ئاگرەم کە**
**ئاسنیش دەتاوێنێ**
**من دڵۆپێک لەو بارانەم کە**
**دەریایەک بەدی دێنێ**
**من شەماڵم ئەو شەماڵە پڕ لە**
**شنەی بەسۆز و تاو**
**دەمەو بەهار بەفری داگیرکەری**
**وڵات دەکەم بە ئاو**
**من ژیلەمۆم ئەو ژیلەمۆی دوای**
**هەزاران ئاو لێ پژان**
**دیسانەوە گڕ دەهاوێم، دەیڵێمەوە**
**گۆرانیی ژیان**
**کاتێ ساوای باوک کوژراو**
**فرمێسک ئەڕژێنێ بە تاسە**
**من بە سۆزتر لەو ئەسرینەم بە**
**قینترم لەو هەناسە**
**من باوەڕم، بوومەلەرزەم، دڵی**
**زەوی دەلەرزێنم**
**کێو و تەلان لە بن دێنم، هەموو**
**جیهان دەهەژێنم**
**من ڕووناکیی ئاسۆی ژینم وەک**
**تاو هەڵدێم بۆ ژێردەستان**
**من شۆڕشم، ئاگرە سوورەم، ئاگرە**
**سوورەکەی کوردستان** ل:٤٠

ئەم شیعرە لەگەڵ ئەوەی بە زمانێکی ساکار و خۆماڵی نووسراوە، بیرێکی ورد و ناسکی تێدایە و لە ڕاستیدا ئەو ڕق و قینەی باسی دەکا، ڕقی دڵی خەڵک و زمانی چینی هەژاری کۆمەڵگایە و هەست دەکەی ئەو شیعرە لە گەرووی پڕ لە کەفوکوڵ و قوڵپی خوێنی کرێکارێکی برسی و بێ دەرەتان و ماڵبەکۆڵەوە هەڵقوڵیوە و لەگەڵ ئەو خەمە قورسەدا ئاوێتە بووە کە چنگی ناوەتە ئەوکی شاعیر و خەریکە دەیخنکێنێ. هاوار بۆ ئازادی و ڕووناکی دەکات و گوڵی هیوا لە بەرۆکی دایکی نیشتمانەکەی دەدا و بە وشەی گەش و پرشنگدار دەیلاوێنێتەوە و دڵخۆشی دەداتەوە.

شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانیدا دژی شەو و تاریکی و بێدادییە و بانگەواز بۆ ڕووناکی و ژیانەوە دەکات و ئەشق بە ژیان و سروشت و جوانی لە هەستیدا شەپۆل دەدات.

**لە ئاسمانا ئەستێرەیەک**
**لە شەوەزەنگ هاتبووە دەنگ**
**ئەهریمەنان بە زۆر گرتیان**
**لەت لەتیان کرد.**
**بەڵام هەر پارچەی بە تەنیا**
**بوو بە گڕکان**
**گڕیان بەردا شەوی دنیا.**

لە شیعری دەلاقەشدا بە گژ تاریکیدا دەچێتەوە و دەڵێ:

**ئەی ئاسمانی شەو پەرەست**
**ئەی نەزمی نزمی بێ هەدا**
**دە لاکەوە بە لامەوە**
**لە مێژە من هەسارەیەکی هەڵوەدام**
**بەرەو ژوانی یەک نیگای هەتاوی**
**تۆم**
**منێ کە ژان و ژاری ژین دەخۆم**
**ئەسیری دەستی بێ بەزەی**
**شەوانی داسەپاوی تۆم**
**تەنێ لە زێدی مەرگەزێی**
**شەوی شەوەی خەماژنا**
**گڕی سەرم بە مۆمی ڕێی ژیان**
**ئەکەم**
**بە پێی گوڵووکی زامەوە**
**لە نێو زەبەنگی مەرگەساتەوە**
**دەڕۆم و بانگی بەر بەیان ئەکەم...**

هەستی ڕەحیم لوقمانی خۆی بەهارێکی گەش و پاراوە و کەلاوڕێژە لە جوانی و پاکی و بێگەردی. ئەو هەستە پاکە و ئەو بیرە ڕووناکە ئەگەر بە لێڵاوی خەم و دڵتەنگی شلوێ نەبوایە و ناچار نەبوایە شیعر بۆ خەم و کۆسپ و ئاریشە و مەرگ و خوێن بڵێ، بڵێی چ تابلۆیەکی بە وشەی ئەشق و جوانی و خۆشەویستی بنەخشاندبایە؟ چونکە ئەو لە شیعری تاقەداردا سکاڵا دەکات کە لەو کاتەوە چاوی بە ژیان هەڵێناوە خەم بەرۆکی گرتووە و دەستی لە کۆڵ ناکاتەوە. ئەو دەردی خۆخۆری لە ناخیدا ڕیشەی داکوتاوە و لە دەست ئەو درم و پەتا ماڵوێرانکەرە سکاڵا دەکات.

**تاقە داری بێ بەهارم پەلک و بارم**
**هەر خەمە**
**لەو دەمەی چاوم هەڵێنا ئاسمانی**
**من تەمە**
**لەو دەمەی ڕیشەم بە جەرگی**
**شاخی بەرزا ڕۆچووە**
**هەر هەرەس بەشمە و نەهاتی باری**
**شانی من بووە...**

**ئارەزوومە بۆ هەڵۆی شاخانی خۆم هێلانە بم**
**نەک مەکۆی قالاو و ڕێوی و قشقەڕەی بێگانە بم**
**کۆنە داری سەر بە شینم من لە خاک و ئاوی خۆم**
**ساڵەهایە لێم حەرامە چاوگە ئەسری چاوی خۆم**
**من لەشێکی پڕ برینی کۆن و تازەی پڕ بە سۆم**
**نەبووە دەرمانم دەبۆیە گۆشت و خوێنی خۆم دەخۆم...**
**تۆف و ئاگر تەور و هۆرە زامی پشت و جەرگمن**
**دەور و پشتیان لێ تەنیوم بانگەوازی مەرگمن**
**ساڵەهایە بێخ و ڕیشەم هەڵدەکۆڵن وەک هەرێز**
**توو بڵاو و لانەواز و بێ خودان و بێ پەرێز**
**ڕۆژێ دابێ دێتە گۆڕێ بۆ لە ڕەگ هاوردنم**
**ساتێ ژاراو، ساتێ بیور دەس دەنێنە گەردنم**
**چی نەما کردیان بە حاڵم بۆ ئەوەی بتوێمەوە**
**هەر دەژیم و هەر لە پێشوو چاکتریش دەڕوێمەوە**

ڕەحیم لوقمانی لە ڕاستیدا شیعرێکی نییە بۆنی خەم و ئازار و ژانی لێ نەیەت. خوێنەر بە خوێندنەوەیان تێدەگا کە شاعیر ڕوح و گیانی لەگەڵ خاک و خەڵکدا بووە بە یەک و ناتوانێ لێکیان هەڵبڕێ؛ بۆیە کاتێک هەست بەو دەردانە دەکات لە ناخی گیانەوە هاواری لێ هەڵدەستێ. ئەو شاعیرێکی ئاشقە، ئەویندارێکی دڵ سووتاوە، ئەویندارێک کە گڕی خەمی خاک و گەلەکەی جەرگی هەڵقرچاندووە، کە هەناسە هەڵدەکێشێ و کە دەم دەکاتەوە و پەپوولەی وشە لە لێو و زمانی هەڵدەفڕن باڵیان ئاگرینە و هەر وشەی کۆڵێکی خەم و گڕی دەروونی ئەو لە گەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

**لە هەر بستێکی هەوارگەکەتا**
**تۆوم ڕوابێ**
**بە پەنجەی داسێک هەڵیان پساندووم**
**لە ڕێی بەردینی پڕ فریزووتا**
**ڕیشەم کوتابێ**
**بە دەستی ئاگر گیانیان خەملاندووم**

وشەی خەمبار و زامار و خوێناوی زامستانێکیان کردۆتە شیوەنگا و چەمەرچۆپی تێدا دەگێڕن. هەر لاپەڕەیەک لە کتێبی «زامستان» هەڵدەدەیتەوە و هەر شیعرێکی دەخوێنیتەوە، خەمێکی تازەتر و زامێکی تەشەنا کردوو دەرگای دڵیت بۆ دەکاتەوە و لە گەڵ خۆیدا دەتگریێنێ و موچڕک و تەزوو بە لەشتدا دێنێ.

**لە سەر زبڵی قەسابێکدا**
**چەند منداڵێک چنگاوەشی یەکتر دەبن**
**سادەژنێک**
**بۆ قوتوویەک شیری مناڵ**
**شووشەی ناموسی دەشکێنێ!**
**شاعیرێکیش، لە خوانی میر**
**گەرووی شیعری**
**وشەی بۆژۆی بەرماوی شا دەچاپێنێ.**

ڕەحیم لوقمانی لەگەڵ ئەوەی خەم بۆ خاک و وڵاتەکەی خۆی دەخوا، ناتوانێ لە هەمبەر خەم و نەهامەتی و ئازارەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هەموو دنیادا بێ دەنگ بێ، بۆیە خەمی ئەوانیش بە خەمی خۆی دەزانێ و بەو گڕی ژانە ناخی هەڵدەچۆقێ. ئەو لەگەڵ ئەوەدا بۆ خەمی ئەوان بە پەرۆشە، گلەییشیان لێ دەکا کە ئەوان ئاوڕ لە خەم و چارەڕەشی و لێ قەومانی گەلەکەی ئەم نادەنەوە.

**لە هەر گوندێکی دنیادا**
**ئەگەر دارێک**
**گەڵایەکی هەڵوەریبێ**
**چڵووکێکی لێ شکابێ**
**ئەمن لێرە گەڵای بێشەی دارستانم**
**بۆی گریاوە و**
**دەستی نزای چۆتە ئاسمان.**
**لە هەر چیایەک چاوگەیەک**
**هەر شاعیرێک وشەیەک و**
**هەر ئاسمانێک ئەستێرەیەکی کوژرابێ**
**من ڕووبار و کانی و ئاسمان**
**دیوانی گشت شاعیرانم**
**بۆتە زاری سکاڵایان**
**کچی شیعرم**
**لۆرەی شین و**
**خەمی گوڵگوڵیان کردووە**
**بۆ ئاوێزانی باڵایان.**
**بەڵام ئەمن ئاسمانم، دارستانم،**
**چیام، شیعرم**
**لە نێو کڵپەی گڕدا دەژین**
**کەچی جارێک بەدی نەکرا**
**نەیستانی هەموو دنیا هەر هەوایەک،**
**گەڵای قەڵەمزاری جیهان**
**تەنیا وشەی خوناوەیەک،**
**ئۆقیانووس و چاوگی ئاسمان**
**هەر تنۆکی هۆنراوەیەک،**
**بە سەر بۆ سۆی هەستیماندا هەڵپڕژێنن!**

ئەو لە شیعرەکانیدا زۆر کەم لە

وشـەی «من» بە مـانای تـاک، واتە خـۆی کـەڵک وەدەگـرێ و «من» لە شـیـعـری ئەودا نـیـشـتـمـانێکە بە داروبەرد و خـۆڵ و ئـاو و مـرۆڤ و هەموو زیندەوەرەکانییەوە. شیعری ئەو شیعری بەرەنگارییە و ڕەخنە لە کـۆمـەڵگا و یاسـا و سـیـسـتـمی داسەپاو دەگرێ و نووکی تیژی قەڵەم لە چاوی ئەو یاسـا و ڕێسـایانە ڕادەکـا کـە بوونەتە خـۆرەی گـیـانی خـەڵک و هەژاران و لێ قـەومـاوان دەچەوسێننەوە.

**لە سەر دەروازەی دادگای شارا**
**ڕەمزی عەداڵەت**
**وەک نامەیەکی هەڵپچڕاوم دی**
**لە تای تەرازوو**
**لانەی شێواو و**
**لاشەی کۆترێکی سەربڕاوم دی!**

لە شـیـعـری تاوانـیـشـدا هێـرش دەکـــاتە ســـەر ئەو چنگە ڕەش و چەپەڵانەی کـە لە گـەرووی ئەشق و ژیان گـــیـــر بوون و دەیـانەوێ بیخنکێنن.

**لەو کـاتەوە چنگی ڕەش و قـینی شەوگار**
**گـیـر بوو لە نێـو گـەرووی ئەشق و سینگی هەستیم**
**یاسای کوند و قاقای گورگ و**
**قارەی قالاوی چوار تەنیشت**
**داوەتگێڕی چەمەرچۆپین**
**لە سەر کۆتەڵی سەربەستیم.**
**لەو کـاتەوە لۆرەی مـەرگ و بزەی خەنجەر**
**دەستیان نایە بینی شادی و**
**سۆزەی شالووری بەهەشتیم**
**هەتا ئێستەش تاوان دەژی**
**لە جـێـی بیـر و وتە و کـرداری زەردەشتیم.**

هـەروەها ڕەخنە لـەو حـــــاکم و دەسەڵاتدارانە دەگرێ کە بۆ مانەوە و پاراستنی کورسییەکانیان بەزەییان بە کـەســدا نایە و وەک زەروو دەم دەنێـنە خـــوێـنی خـــەڵـکەوە و بەرژەوەندی و مـەقـامی خـۆیان لە خـەڵک و خـاک و ئاوەکـەیان پێ گرینگترە.

**دیومە قشقەڕە**
**کاتێ کە ئاگر بەربێتە لانی**
**هاشاوڵ دەبا بە گەرووی مەرگا**
**ڕزگاری دەکا بێچوولەکانی**
**هەندێ حاکمان**
**بەو مـــەرجـەی مـێـــزی بەزم و شادییان ڕازاوەتر بێ**
**حەز دەکەن باڵای بووکی وڵاتیان**
**زێڕوەشانی نێو خوێن و ئاگر بێ!**

ئەگەر بمەوێ نموونەی جوان و پڕ لە جـەوهەری شـیـعـری لە کـتـێـبی زامستـان بهێـنمـەوە، دەبێ وتارێک چەند هێندەی قـەبارەی کـتـێـبـەکـە بنووسم و یەک بە یەکی شیعرەکان وەک نموونە بێنمـــەوە، چونکە لەو کتێبەدا چاوت بە شیعرێک ناکەوێ کە هەڵگری خەمێک نەبێ و وێنە و پەیامێکی جوانی شاعـیرانەی لە باوەشی خـــۆیدا هەڵـنەگـــرتبێ، ئەگـەرچی جـوانکاری و هونەری شیعری لە هەموو شیعرەکاندا شەپۆل دەدا، بەڵام ناوەرۆک ئەوەندە پڕبەپڕ و بەرچاوە کـە وات ڕادەکـێـشێ لە یەکـەم خـوێندنەوەدا بیـر لە هونەری شــیـــعـــری و خـــوازە و وێنەکـــان نەکـەیتـەوە. کـتـێـبی زامـســتـــان کتێبێکە کە تاقە شیعرێکی لاوازی تێـدا نییـە و لە دوای خوێندنەوەی هیچ شـیـعـرێک هەست بەوە ناکـەی شاعـیرەکەی لە کـاتی نووسینیدا گوشاری بۆ خۆی هێنابێ و بە زۆری نووسیبێتی.

**لەنێــو دارســتــانا ویســتــیــان داربەروویەک ببڕنەوە**
**دەمی بیور هەر نەیتوانی زامداری کا**
**مــشــارێکی تازە ســوویان هێنا سەری**
**ئەویش گیرگەی تێیدا شکا**
**کـــە شـــەو داهات داربەڕوو بە شەمچەی هەور**
**ئاگــرێکی بەردا خــۆی و بوو بە خۆری ناو دارستان**
**بۆ بەیانی**
**نووســـــراوێکی بۆ یارانی جێ هێشتبوو**
**لێی نووسیبوو:**
**وا من گڕی ئەشقم بەردایە گیـانی خۆم**
**چونکە نەمـویست ببـمـە هۆرە و دەسکی بیور**
**بۆ جەستەی هاوڕێیانی خۆم.**

**سەرچاوە:**
**زامستان، ڕەحیم لوقمانی، چاپی دووەم ۱۳۸۲ پەخشانگای پەرتەوی بەیان سنە.**

# کازیوە بەسەر باڵی شنۆوە

سەلاح نیساری
(بۆکان)

ئەگەر شیعر گوڵەباخە، پەخشانیش سروەیە و بەرامەی ئەم گوڵە لە دڵ دەپژێنێت.

شەماڵ بەشنەشن بەسەر شانی کێلەشینەوە خزی و سنگی شەوەزنگی بڕی و لەگەڵ کازیوەی بەیاندا خۆی کرد بە سنگ و بەرۆی «شنۆ»دا. بەدوای شەوڕنی شەودا بۆنی خەونی گوڵاڵە سوورەی لە تاکی پەنجەرەی شارەوە کرد بە ماڵە تاسە بارەکاندا، کەوتە ختۆکەدانی هەستی ناسکە کچان و گەنجە کوڕان.

«عومەر محەممەدی» ناوێکی ناسراوی خەڵکی شاری شنۆیە و خامە ڕەنگین و کەسایەتی ئەدەبی و بەدەیان وتاری لە مەڕ ڕەهەندەکانی تۆرەی کوردییەوە نووسیوە و تائێستا دوو کتێبە پەخشانی بە ناوەکانی «ئاسۆی قەڵەم و کازیوە» بڵاوکردۆتەوە، کەوا هاوڕێ لەگەڵ خوێنەری هێژادا سووکە سەفەرێک بەرەو هەوای پڕ لە ڕەمزوڕازی «کازیوە» دەکەین و لەژێر ساباتی ئەم هاوینە هەوارەدا وچانێک دەگرین و پشوویەک تازە دەکەینەوە.

بێ گومان لەم چاخەدا کەمتا کورتێک نامیلکە و کتێبی نازدار و لەبەردڵان بەناوی «پەخشان» سەری لە کتێبخانەی کوردی هەڵێناوە و خوێنەری خۆی دۆزیوەتەوە با وەکو ئەم لقە لەئەدەبیات هەروەک لە ناوەکەی ڕا دەردەکەوێ نەسرە «پەخشان» ناچێتە خانەی شیعرەوە، بەڵام پەخشانیش تەواو گوڵێکی بۆن خۆشە لە گوڵجاڕی وێژەوانیدا، کێ بێ و نکوڵی لەوەبکات، درەختی ئەدەبیات یەکێ لە لق و چڵەکانی پەخشانە و ئەم پەخشانەش لەچاو شیعر پەلێکی بێ بەروسێبەر بێت. پەخشان لەجوانیدا خەرقە، یان هەمان باڵاپۆشی شاهانەیە بەسەرشانی ئەدەبیاتەوە. خۆ ئەگەر شان بەشانی شیعر نەچووبێتە پێش، دەتوانین وەکو خوشکەچکۆلەی غەزەل و چوارینە حیسابی بۆ بکەین. ئەمە بێجگە لەوەی هەستیار و تەونگەری ئەم مافوورە پڕ گوڵە ئازادانە بەکەیفی خۆی تانوپۆی لێ هەڵخستووە و ئیلمەی داناوە و گوڵوشەی پڕ بەرامەی لەبەرۆیدا چنیوە. تەژییە لەسەربوهردە و دڵشکان و کارەسات و خەون و خەیاڵ و حەزەکانی مرۆڤ.



ئەوەتا، لەبەرایی ئەم خەرمانە پەخشانەدا نووسەری کازیوە بەم چەشنە دێتە پەیڤین: «پەخشان دەتوانێ ڕووداوێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینی و... بخاتە ناو پلاتفۆرمێکی زمانی و ڕووداوی زمانی بخوڵقێنێ. ئەم جۆرە پەخشانە دەتوانێ لەسۆز و عاتیفە و خەیاڵ بەکەڵک وەرگرتن لەماددەکان بیر و دەنگێکی سەربەخۆ دروست بکا. پەخشانی ئەدەبی لەشێوازی ئیستێتیکی، یان جوانیناسیدا ئەم جیاوازییەی لەگەڵ شیعردا هەیە کە پەخشان مەیدانی دەربڕینی بیر و هەستی بەرفرەتر و جیاوازترە.» کازیوە ل٢.

عومەر محەمەدی کە خاوەنی خامەیەکی بەهێزوپێزە لەبواری پەخشان نووسیندا بۆ تاووتوی پەخشان و شیعری سەردەم، بەتایبەت شیعری نوێ بەم چەشنە دەکەوێتە شیکاری: «جیاوازییەکی تر کە لەنێوان پەخشان و شیعردا جێگەی لێ وردبوونەوەیە، ئەمەیە کە هێندێ فاکتی هاوبەش هەن سنووری نێوان شیعروپەخشان لێک نزیک دەکاتەوە، وەک دەربڕینی سۆز و عاتیفە، کایە زمانییەکان و... بەتایبەت لە شیعری نوێ، یان شیعری سپیدا...»ل٣

هەروەها چەند دێڕ خوارتر بانگی سکاڵا هەڵدەبڕێ و دەڵێ: «پەخشان میکانیزمێکە بۆ چالاکی و بزاڤی ئەندێشە لە بەشەکانی تری ئەدەبیدا، بەڵام بەداخەوە پەخشانی ئەدەبی لە ئاستی سەربەخۆییدا ترازاوە و ئەوانەی تاکوتەرایەک ماون دەگمەنن، بایەخ پێدان بە شیعر و چیرۆک ئەویش بەشێوازی تەقلید نەک داهێنەرانە سەربەخۆیی پەخشانی ئەدەبی کوردی شێواندووە.»ل٥

نووسەری کازیوە هەروەک خۆی لەپێشەکی ئەم پەخشانەدا ئاماژەی پێدەکا، تەواو سەربەخۆیی پەخشانی پاراستووە و نەهاتووە پڕاوپڕ پەخشان بۆ کەسایەتییەکی تایبەت بنووسێ، نووسەر چرا بەدەست سەری کردووە بەهەموو ڕەهەندەکاندا و لە سووتانی پەپوولەوە بگرە تا دەگا بەخەونی زارۆکان و تاسەی دڵداران و حەزوئاواتی پیرە باب و پیرە دایکان، چڵ بەچڵ گوڵوشەی چنیوە و زەردەی سەرلێوی دڵداران و زەردەپەڕی لەهەگبەی بیر و زەینیدا ڕاگرتووە و لەچەشنی هەنگ هەڵاڵەی وەسەر یەک ناوە و شانە بە شانە هەنگوینی زەرد و زۆڵی داوە بە تامزرۆیانی فەرهەنگ و وێژەی کوردی. با لێرەدا بەسەرنجەوە ئەم کۆپلەیە بەسەر پەڕوباڵی کازیوەوە بخوێنینەوە کە لاپەڕە ٨ی ئەم کتاوەی ڕازاندۆتەوە:

«لە بەرەبەیانێکی سەدەی بیستەمدا هەوای بوولێل و گزنگ لەناو ڕەوە هەورێکی چەمووش و ژان گرتوودا بەلەز بەرەو ئاسۆ دەچوون سەریان وەسەر سینگی کێوێکی تووڕە و نامۆ دەکرد. لەمەڵبەندی وڵاتێکی بێ باران و بێرونی گڵمرکی بێ ئاودا، ڕێبەندان و پووکە بەفری کرێوە کەوانەی بەسەر ڕێ و بان دەکێشا. خرمەخرمی بەستەڵەک و سەهۆڵی ئاوتێزاو سەرسمی بەئەسپی خۆشبەزی هەنگاوەکان دەدا».

پەخشان بە بارێکدا دڵدانەوەی نامـوراد و دڵشکاوانە، لایەلایەی دایکە بۆ خەواندنی کۆرپەلە و زارۆکان، هاواری ئەویندارانە لە ئەوکی پەڕ پەڕۆکاندا قەتیس ماوە، ئاوات و حەزی مرۆڤە بەسەر شانی کرێوە و لێزمە بارانەوە تینوویەتی لێوی شەقار شەقاری زەوی دەشکێنێ، دەلاقەی بیری هەستیارە و ئەویندارە ڕووبەڕووی ئاسۆ چاوناترووکێنێ و دڵدارانە بەتاسەی کرانەوەی بەرۆکی گوڵ لەقەد و لاپاڵ و نسار و زەنوێران دەڕوانێ و دەڵێ:

«لەجەنگەی نیوەڕۆدا بەڕاشکاوی ئەنگوست لەچاوی هەتاو ڕۆ دەکا و دەڵێ: ئەوە خودای شەوە! بەقەتارەی پۆلێ قورینگی سپی دەڵێ: ئەوە خێڵی شەم شەمەکوێرەیە! دوو چاوی زەق و ساغ ئاسمان ساو و ئەنگوستی تاوان! ئەی خودا کاتی جوولانەوەیە! ئەدی سروشت بۆ کڕوماتە؟» ل١٠

نووسەری ئەم خەونەسەوزانە لەچەشنی لاولاو بەبەژنی زراڤی ئافرەتاندا لوول دەبێ و نەمام ئاسا ڕوو بە ترۆپکی ئارەزووەکان هەڵدەچێ و لەگەڵ گوڵ خەندەیان زەردە دەیگرێ و لەتەک حەزە سەر براوەکانیاندا قاقادەگرێ! دەبا لەم دەلاقەیەوە سەربکەین بەلاپەڕەی ١٦دا هەروەک سەردەرانەی ماڵی ئەم پەخشانە بەم ڕستەیە ناودێرکراوە، (ژن و ئازاری ژیان) عومەر محەمەدی ئاوێنەی خەونەکانی هەر ساتەی ڕووی لە ئاقارێکە وەک دایک شنە ئاسا بەچاوێک بەسەر گەنم جاڕی ئاواتەکانیدا کەروێشکە دەکات و بەبزەی زارۆکانی ئۆخژنی بەدڵدا دێت. بەو چاوەی دیکەی بۆ نامورادی و ڕوحی برینداریان ئەسرین

هەڵدەوەرێنێ:

«ئافرەتانی شەوانی بێ موتاڵاو بێ خەوی، خاوەن ڕایانی بێ کورسی و پرسی، ئاوێنە شکاوەکانی جەژنی قوربانی و سەربڕین سەروقژ کفن کراوانی ساتەکانی لەبیرچوون، ژانی دەست و پەنجە قەڵەشیوەکانی لادێیی و بەشدانی سەردەمی بێ بەشی و ڕۆژڕەشی، نازدارە ڕسکاوەکانی ناو کێڵگەو کوێرەوەری، ئێوە مامزەکانی تەقەقە لێ کراوی ڕاونراوی بنار و پێدەشتی چیای ڕژدی چارەنووسی ئەم وڵاتە شاخاوییەن، ئێوە چاوە زیتەکانی قەڵبەزەی ئاوی کانیاون لەچاوگەی ژیانەوە هەڵدە قوڵێن، دەبنە سەمای گۆرانی تاڤگە و زریکەی پیرۆزی ئاسمانی بەسەر هەوارگەی گوڵ و مەزرای ئەم خاکەدا دەپژێن؛ ئێوە گلێنەکانی دایکی ٨ی مارسن لە چراخانی سەدەی٢١وە دەدرەوشێنەوە.»

پەخشان ناسنامەی ڕوحی سروشتە لە دەڤەری بووندا، ئیلهامی یەزدان و دەستی خودای جوانییە بەچڵە تیشکی زێڕینەوە نەبزی زەوی دەبزوێنێ و بەدەم بای بسکانەوە کاکۆڵی گەنجی ژیان شانە دەکا، لەگوڵە گەنم دەدوێ و باسی ئەنفال دەکاو بووکی مەرگ لەئێوارەیەکی ئەرخەوانیدا بەسەر شانی کەژاوەی مەڵکە مووتەوە دەبا بۆ گۆرستانی (چراکان) بەگرەپێچەی نەورۆزدا هەڵدەچێ و لەبەر قاپی ئاهوورایيدا سروودی زەردەشت دەڵێتەوە: «ئێرە قاپگەی نزایە و شوێن پێغەمبەری ئاگر و ئاشتییە!»ل٤٨

خۆشەویستی ئەگەر هەناسەی یەزدان و نەفەسی عیسای تێدابێ ئەوە بەشەپۆلی ئەوینی ڕاستەقینە هەموو سیحرێک دادەپۆشێ! بەسەر پشتی شەودێزی (یاخی بوونی خەونەکان)ەوە بەگەوە و لاپاڵ و لەند دا بێنەوە خوارێ و خدرئاسا بە دەشتی کاکی بە کاکی ڕوحدا هەنگاو بنێن، بابزانین بەرامەی ئەم خەونانە بەرەو کوێمان دەبەن:

«تووش هەنگاوم ناوە، لەخاکی وڵاتێکەوە دێم، پێڵاوەکانم قورسایی قوڕیان گرتووە، لەخۆڵی ئەم ئێسقانانەی کە هەرگیز نەیاندەویست بمرن؛ پانتۆڵم بێ نوێژە، ڕاست لەم شوێنەی کە کۆترێک باڵی بەیان دەگرێ، چاوی قامکم بریندار دەبێ، کاتێک کە برینێک دەچنم ئەوکاتەی برین دەڕوێنم... گەرمەبرینێ پاڵم پێوە دەنێ، بەرەو سێبەر... لەژوانی ئەستێرەدا زمان ساماڵ و سرتەی شەوە... لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بگەڕێن، پەڕەکانی ڕۆژژمێر هەڵدەنەوە، ڕووداوەکان لەچرکە و زەمەندا تەعبیر بکەن، لەمێژە ڕۆژژمێرمان هەیە و ڕووداوەکان دەخوێنینەوە ئەم جارە شەوژمێر دروست کەن، ... تۆ ئەکتەری چیرۆکی ژانی گەلەکەتی، ڕووداوەکانت لە هەگبەناوە و سەخت و دژوار بە مەڵبەندی برینەکانتدا هەنگاو دەنێی...»ل٥٦

ئەم ژانرە ئەدەبییە لە کۆنەوە لەنێو تۆرەوانانی فارسی زماندا بە ناوبانگ بووە بەناوی «نەسر» پەخشان، لەنێو خۆشماندا، بە پەخشانەکانی مامۆستا هێمن و هەژار و سوارە، سەر جەلە دەگرێ و بەدوای ئەوانیشدا نووری و ڕاوچی هەر لەم دەڤەرە شەونمی ڕوونی پەخشانیان لە ڕووی گوڵی تۆرەی کوردی پژاندووە... گوڵیان بەگوڵ پەرژین کردەوە بە دوای غەزەل و چوارینەدا.... هەرچەند ئەم ڕایەڵە خاو نەبۆتەوە، بەڵام کەمتر نووسەر و ئەدیبێک خۆی لە قەرەی پەخشاننووسی داوە، سا بۆیە منیش ڕوو دەکەمە ئەو خامە نەخشینە و بە ئاشکرا دەڵێم: ئەگەر دەتەوێ زامی هۆزانڤانان سارێژ بێت، لە چەشنی زارۆکان بزەی سەر لێوت، قەت مەشارەوە.

کازیوەی «عومەر محەمەدی» هەرچەندە کۆپەخشانێکی ٦٩ لاپەڕەیە و کاڵای پەخشانی بەباڵا بڕیوە، نەیهێشتووە لە کتێبخانەی کوردیدا، ئەم کەلەبەرە بەچۆڵی بمێنێتەوە، بەڵام بەجەسارەتەوە دەڵێم ئەگەر نەتوانێ لەنێو شیعری کلاسیکی کوردیدا خۆ بنوێنێ، ئەوە بەژن و باڵایەک لەچاو ئەم شیعرانە بەرزترە کە بەناوی شیعری «نوێ»وە ناوکیان بڕیون، هێندەش لەخۆبایین وا دەزانن ئاشی گەردوون بە فووی ئەوان دەسووڕێت، کەوابوو دڵێک ڕوحی ئەشقی تێدا نەبێ، کۆتەرە داری وشک و ڕزیوە.

ئیتر حەز ناکەم چیدی درێژدادڕی بکەم و خوێندنەوەی ئەم پەخشانە بەخوێنەران دەسپێرم.

**سەرچاوە: کتاب کازیوە.**

**نووسەر: عومەر محەمەدی.**

**ناشر: انتشارات حسینی اسل.**

**ساڵی چاپی: ١٣٨٩/ (٢٠١٠ز).**

# نامەی شێخ بابا عەلی بێدار بۆ مەلا ئەحمەدی دەککەیی

ئا: کاروان عوسمان خەیات
(کەلار)

لە نامـەی ئەم جـارەمـانەدا پێـویست دەکـات، یان وا ڕێکەوتووە کــە پارچەیەک هۆنراوە، یان نامـــەیەکی شیعریی ناوچەی گەرمیان بخەمە ڕوو، ئەم پارچە شیعرە کە نامەیەکی شیعرییە و لە لایەن شێخ بابا عەلی بێداری شاعیرەوە نووسراوە بۆ مەلا ئەحمەدی دەککەیی کە داوای بینین و تەعـاودێکی لێ دەکـات کـە لەلای شـێـخـێکە، بەڵکو ئەو شـێـخـە هیـمـەت بکات ئەو دیارییـەی بۆ بنێرێت.

ئەم نامـە شـیـعـرییـەی بێـدار لە کـەشکۆڵی مـەلا (ئەحـمـەدی دەککەیی)یەوە وەرگـیـراوە، شـاعـیـر دوای ئەوەی نامـەکـەی بۆ دەنێـرێت، مـەلا ئەحـمـەدیش لە دەفـتــەرەکــەی خــۆی، یان کــەشکۆڵەکــەی خــۆیدا دەینووسێتەوە، ئەم کەشکۆڵە پڕیەتی لە دوعا و شیعری کوردی و فـارسی و...تاد هۆنراوەی شاعـیـرانی کـورد و فـارسی تێدا دەبینرێت، شیعری شاعیرانی کۆن و نوێی تێـدایە، لەوانە پیـرەمـێـرد و بێـدار و بێـخـود و خـانای قوبادی و تاهیر بەگی جاف و...تاد

کەشکۆڵەکە زۆر شپرزە بووە و باش هەڵنەگیـراوە، لە زۆر جێگەدا ئەوەندە مـۆرانە خـواردوویەتی، یان دڕاوە، ئەو پارچە شـیـعـرە، یان ئەو نووسـراوە بە کـەڵکی ئەوە نایەت ســـوودی لێ وەربگیـــرێت، هەر بۆیە ناوبەناو و ئەوەی پێـویست بکات بە سـاغکردنەوە بەپێی توانایی لێی ساغ دەکەمەوە و بڵاو دەکەمەوە.

دانەیەکی وێنەگیـراوی ئەم کـەشکۆڵەم لە مـامـۆسـتـا مـحـەممەد عـەلی قـەرەداغی وەرگـرتووە بە سـوپاسـەوە، مامۆستا حەمەبۆری بەڕێزیش ئەم کەشکۆڵەی ماوەیەک لەلا بووە و جزوبەندی کردووە و پێشـەکییـەکی دوور و درێژی بۆ نووسـیــوە، مـامـۆسـتـا قـەرەداغی لە لاپەڕە (١٧٨)ی ئەلبـوومی کـەشکۆڵدا باسـێکی کـردووە و وێنەی مامۆستا مەلا ئەحمەدی هێناوە لەگەڵ وێنەیەکی دەستنووسەکەدا.

ئەم دەسـتـنووسـە پێـوانەکەی (١٢×٢٠سم)ە، ئەوەی مـاوەتەوە لە لاپەڕەکـانی (٣٠٠) لاپەڕەیە، لە سـاڵانی ١٣٤٦ بەرانبـەر بە سـاڵی ١٩٢٧ی زایینی لە شـاری هەڵەبجە دەسـتی کردووە بە نووسینی ئەم کەشکۆڵە، هەروەها کــاک ســاڵح هەلاجی بەڕێزیش خــەریکی بابەتێکی دوور و درێژە لە ســەر کــەشکۆڵی مــەلا ئەحـمـەدی دەککە، هەر بۆیە من لە سەر ئەم کەشکۆڵە شــتـێکی تێـروتەسـەل نانووسم و لێـرەدا دەسـتـی لێ هەڵدەگرم.

### بێدار کێیە؟

بێــدار ناوی (بابا عـەلی)، یان (شـێخ بابا عـەلی) کوڕی مەلا شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ سەلیمی هەنجیرانە، نازناوی شــاعــیــر (بێـدار)ـە، یان (بابا)ی لە هۆنراوەکـانیـدا بەکـارهێناوە و لە سـاڵی ١٣١١ کـۆچی، بەرانبـەر بە سـاڵی ١٨٩٣ زایینی(١) لە ئاوایی (گـەورە)ی بنکوورە لە ناو هۆزی باجەڵاندا لە دایک بووە.

دەسـتـپـێکی خـوێندنی هەر لەوێ دەست پێ دەکـات،

پاشـان ڕوو دەكـاتە شـاری (خـانەقین) و لە لای زانای گـەورەی ئەو سـەردەمـە لە شـاری خـانەقین کـە (مـەلا سـالّحی مـودەڕیس) بووە، دەست دەكـات بە خـوێندن و کەسایەتی مـەلا سالّحیش کـاریگەری زۆر دەکاتە سەر شـاعـیـر و ئاشنایەتییـەکی باشی لە شـیـعـر و مـێژوو و زانستەكانی ئایینی ئیسلامدا هەبووە و پێی بەخشیوە، بێداری شاعیریش، یان بابا عەلی بێدار پەروەردەی ناو گوند بووە و دووره شاریش بووە، بێدار لە ناو کـێلّگەی جووتیاریدا گەورە بووە و لە ناو دیوەخان و سۆزی شوان و مـێگەلی بەهارە هەوار و شـەوەکـەژی بناری شـاخی مـرواری و بناری بەمـۆ، ناخی گـرتووەتەوە و پێـچکەلی ڕێگەکـانی ئەم دێ و ئەو گـوندی هاوزمـان و هەسـتی، هەستی بە ئازاری ژیانی کـولەمـەرگی دەور و بەرەکـەی دەکـات و لە هۆنراوە پڕ سـۆزەکـانیـدا بە وشـەگـەلی ناوچەکـەی خـۆی، بۆ نەوەکـانی ئەمـڕۆ دەیخـاتە سـەر کاغەز.

هەر بۆیە لە سـەردەمی لاوێتـیـدا دەست دەبات بۆ خامەکەی و دەبێتە شاعیرێکی گەورەی سەردەمەکەی خۆی و ئێستاشی، ئەو هەموو ئەندێشە و ئازارانە دەکات بە هۆنراوەیەک کە پڕیەتی لە وشەگەلی جوان و بەنرخ، وەکو وێنەگرێک بە وشە جوانەکانی وێنەگەلێکی ئەو دەمـەمـان بۆ دەکێشێت، ئەگەر چاوێک بە دیوانە خنجیلانەکەی ئەم شاعیرەدا بگێڕین و ئاوڕێکی لێ بدەینەوە، چەندین وێنەی تراژیدی و دلّداری و نەتەوایەتی و ئابووری دەبینین چۆن بە خامە ڕەنگینەکەی شێخ بابا عەلی بێدار کێشراوە.



بێدار دۆستایەتی لەگەلّ هەندێک لە زانایان و مامۆستایانی ئایینی ئەو سەردەمە هەبووە و ئەندامی (کۆمەلّەی هیوا)ی کوردستان و دۆستی نزیکی خوالێخۆشبوو (ڕەفیق حیلمی) سکرتێری حزب بووە، هەر ئەویش نازناوی (بێداری) پێ بەخشیوە. شاعیر لە پاشماوەی دیوانە شیعرییەکەیدا شیعرێک، یان نامەیەکی شیعری دەبینین کە بۆ مەلا ئەحمەدی دەککەیی نووسیوە، لەم دەرفەتەشدا شیعرێکی، یان نامەیەکی دیکەی بێدار پێشکەش بە خوێنەرانی ئەدەبی کوردی دەکەین، ئەم نامە شیعرییەی بێدار بۆ مەلا ئەحمەدی دەککەیی نووسراوە و بلاّو نەکراوەتەوە.

ئەم نامە شیعرییە لە کەشکۆلّی مەلا ئەحمەدی دەککەییدا هاتووە و تاکو ئێستاش نەبلاّوکراوەتەوە و نە بینراویشە، چونکە شاعیر لە دوای وەفاتی خۆی هەموو شوێنەوارەکانی لەناو سندووقێکی گەورەدا بووە و فڕێ دراوەتە ئاوی سیروانەوە، ئەمەش لەبەر خۆشەویستی بووە، چونکە شاعیر لەناو بنەمالّەکەیدا زۆر خۆشەویست بووە، مانەوەی شوێنەوارەکەیان بە ئازارێکی گەورە زانیوە لەنێو مالّەکەدا. بێداری شاعیر لە سالّی ١٩٤٩ لە تەمەنی پەنجاو شەش سالّیدا کۆچی دوایی کردووە.(٢)

## مەلا ئەحمەدی دەککەیی کێیە؟

ناوی ئەحمەدی کوڕی عەبدوللاّی کوڕی ئیبراهیمە، لە سالّی ١٨٨٠ی زایینی لە گوندی (پریسی) سەر بە شارۆچکەی هەلّەبجە هاتووەتە دنیاوە، لە زۆر جێگەدا خوێندوویەتی، بەتایبەتی لە (بیارە) و (کەرکووک) و (هەلّەبجە)، لە شاری کەرکووکدا زیاتر خوێندنی لەلای مامۆستا (مەلا مەحموودی مەزناوی) بووە.

بیست سالّ لە شاری (کەلار) وەک (قازی جاف) و

(مـــەلا) و (مـــودەڕیس) مـــاوەتەوە، دوایی چووەتە (دەککە)ی حاجی برایم بەگی جاف، تا ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لەوێ ماوەتەوە.

لە ســاڵی ١٩٥٩دا چووەتە شــاری خــانەقین و هەر لەمانگی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستـانی (پاشا کۆپری) لە نزیکی گۆڕی مامـۆستا و خۆشەویستی (حاجی مەلا- محەممەد مەهدی) بە خاک سپێردراوە.(٣)

ڕۆژێک لە خزمـەتی مـامـۆسـتـا ئیـبـراهیم باجـەلانی خۆشـەویسـتدا بـووم لە ماڵەکـەی خۆی کە نزیکی گۆڕی مەلا (ئەحمەدی دەککەیی)یە، باسی ئەم زانایەمان کرد و وتی: ڕۆژێک بە سەردان ڕۆیشتمە ناو گۆڕستانەکەوە بۆ ئەوەی سەر لە هەندێک گۆڕ بدەم و سوورەتی فاتیحایان لە سەر بخوێنم، وتی: چوومە سەر گۆڕی مامۆستا مەلا ئەحـمـەدی دەککەیی، وتی: وەڵلاهی بۆنێکی زۆر خـۆش لە گـۆڕەکـەیەوە دەهات، وتی منیش پڕ بەدڵ بۆنم کـرد و فاتیحایەکم لە سەر خوێند.

لە پاشـماوەکانی ئەم زانایە کە تاکـو ئێسـتـا زانرابێت ئەم کەشکۆڵەیە کە بەداخەوە باش هەڵنەگیراوە و شپرزە بووە، هەروەها ڕۆژێکی دیکە لەگـەڵ مـام سـابیـری قسـە خۆشی ناوچەی گەرمیان کە پیاوێکی بەتەمەنە و بۆ قسە دانامـێنێت، خـاوەنی کـۆمـەڵێـک قسـە و بەسـەرهات و داستانی خۆش و گاڵتە ئامێزە، بۆی گێڕامەوە و وتی: ئەم قسەیەم لە مەلا ئەحمەدی دەککەیی خۆی بیستووە، لە کـاتێکدا لە گـوندی دەککە بوو، هەندێک دۆست و برادەری خـۆی لەگـەڵی دانیـشـتـبوون و منیش لەگـەڵیـدا دانیشتبووم ئەم قسەی بۆ کردین.

وتی: کـاتێـک لە ئێـران تەلەبە بووین، ڕابیـتــەی فەقێیەتیم دەکرد، وتی: ڕۆژێک فەقێکان زۆر برسییان بوو، فـەقـێـیەک ڕۆی بۆ نان، بەڵام درەنگ هاتەوە، وتمان بۆ درەنگ هاتیــتــەوە، وتی: سنووقــێکم دی گــۆرانی دەوت، وتمان سنووقـەکـە چەندێک بوو، وتی: یەک نیـو مەتر، وتمان چەنێک: وتی مەترێک، وتی ژێری چاڵ بووە و دانراوە و قسەی دەکرد.

مـەلا وتی نـامـەیەکم بۆ (شـێـر خـان) نووسی و وتم: تەلەبەی دینی دوای نان خـواردن مـیـوانتـانە، ئەویش بە هاوەڵەکـەدا هەواڵی ناردبووەوە کـە پێش نان خـواردن مـیــوانمانە. وتی: ڕۆیمان دوای نـان خــواردن و واجـبی فـەقـێـیـەتی خـۆمـان تەواو کـرد، ئینجـا هەواڵی سنووقـەکـەمـان پرسی لە بەینی خۆمانا، شێر خان وتی: شتێک ها لە نێوانتانا، وتی: ئەم فەقێیەمان وتوویەتی: سنووقـێکیـان هەیە قسـە دەکـات، ئەویش وتی: بەڵێ هەیە. کاتێک سنووقەکەیان هێنا و شریتێکی قورئانیان لێدا و دەیخوێندەوە، قورئانەکەش بە دەنگی عەبدولباسط بوو. مـەلاش وتبووی: سەنعـاتە. شێر خـانیش وتبووی بەڵێ سـەنعـاتە، ئەم ڕادیۆیەش قـەوان بوو، مـەلا وتی: گـەڕامـەوە و دەسـتـنوێژێکم گـرت، قـورئانم هەڵگرت و بیـسـمللام کـرد و وتم: (خلقـا من حـدید...)، وتم فـەقـێکان: ئەوەی خـوا باسی کـردووە و ئەوەی خـەڵک دروستی دەکات، لە قورئاندا باسی کراوە.(٤)

ئەمەش نامە شیعرییەکەی بێداری شاعیرە کە بۆ مەلا ئەحمەدی دەککەیی ناردووە:

گفتەی بابا عەلی ئاوایی گەورەی بنکوورە
قاترەی زەردم دێ لە خۆ، هەر چەندە مەدحی کەم کەمە
(....)(٥) پاکی باخەبەر لەو زیکرە مـەجلیسی ئەو دەمە
عەرزێ بوو بۆ چ لە تەئریخی وەفاتم غافڵی؟!
عەللامە،(٦) یادگاری موخلیسی دێرینمە
(....أ) بۆم لە ئەحواڵ و مەقامێ هاتە جواب:
(....ت) (سـەیید سـولەیمان)(٧) زۆر ئەنیس و هاودەمە
وامئەزانی ئێستەکەش مەئمووری ئەغنامە لەوێ
(بۆمی!) مەلاس کرد و وتی: مەئمووری (عۆجە)(٨) و (سەرچەم)ە(٩)
موقتەزا تەفسیلە، ئەمما موختەسەر خۆشە کەلام
یەک ئیشارەیێ کافییە، هەڵناگرێ زیاتر لەمە
وەرە مـەراقە، مـەرسـیـیـەی قـەرسـیل(١٠) خـەبەت ئاشیان
سەیرکە وەعدەیێ بنێری، چاوەڕێی ئەو وەعدەمە
شـێـخ ئەو تەعـــاوەدە، ئەگـــەر هیـــمـــەت بکا بۆ ناردنی(١١)
هێندە مـــەمنوونم، لەلای من وەک عـــەتیـــەی(١٢) خاتەمە

پەراوێزەکان:

١- لە دیوانی بێداردا ئەم ساڵە بە ساڵی ١٨٩٤ لە قەڵەم دراوە، بەڵام بەپێی ئەو بەرنامە ئۆتۆماتیکییەی کە دروستکراوە و لە کۆمپیوتەردا کاری پێ دەکرێت و ساڵەکان بەرانبەر بەیەک بە روونی و راستی دەخاتە روو، هەروەها رۆژ و مانگ و ساڵ و تەنانەت چ رۆژێک بێت لە رۆژەکانی هەفتە دەیخاتە روو، ساڵەکە بە ساڵی ١٨٩٣ بە دروست دەخاتە روو، بەم پێیەش بێدار پەنجاو پێنج ساڵ تەمەنی نەکردووە، بەڵکو لە پەنجاو شەش ساڵیدا وەفاتی کردووە.

٢- بەشێک لە دیوانی شێخ بابا عەلی (بێدار): کۆکردنەوە و لێکدانەوە و فەرهەنگۆک- ئیبرایم باجەڵان، ئامادەکردن و نووسینەوەی هیدایەت ئەحمەد، پێشەکی و پێداچوونەوەی ئەحمەد محەمەد قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەهەند، ٢٠٠٣.

تێبینی: ئەم ژیاننامەیە بە دەستکارییەوە لە دیوانەکەوە وەرگیراوە.

٣- ئەلبومی کەشکۆڵ: دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٤٣، چاپخانەی خانی- دهۆک، هەولێر- ٢٠٠٨، لاپەرە (١٧٩-١٨٠).

٤- ئەم چیرۆکەم لە کاک سابیر شەریف ئەمین وەرگرتووە، ئەویش لە خزمەتی مەلا ئەحمەدی دەککەییدا دانیشتووە و بیستوویەتی لە گوندی دەککەی حاجی برایم بەگی جاف لە خانەقین.

٥- ئەم وشەیە بەر فەوتان کەوتووە، هەروەها هەرچی وشەی بەم شێوەیە هەیە کە خراوەتە نێو کرۆشەوە لە دەستنووسەکەدا بەر پتروکانی لێواری دەستنووسەکە کەوتووە و پتروکاوە و فەوتاوە، بۆیە منیش خستوومەتە نێو کەوانەوە.

٦- مەبەست لە مەلا (ئەحمەدی دەککەیی)یە.

٧- مەبەست لە سەیید سولەیمانی نەقیبی شاعیرە.

٨- عۆجە: چەمێکی چرە لە دار و دەوەن و درک لە نزیک دێی کانی ماسی لە ناوچەی بنکوورەی سەر بەناحیەی قۆرەتوو، عەرەبەکانی دێی دەباتەکان ناویان ناوە عۆجە، رێگەیەکی چەوت و چێڵی زۆری تێدایە، ئەم جێگەیە توورکی زۆرە، هەر جێگەیەکیش توورکی زۆر بێت بەرازیشی زۆرە، بەراز و ئاژەڵی درندەی زۆر لەم جێگەیەدایە هەیە.

٩- سەرچەم: مەبەست لە دەککەی سەرچەمە، نزیک کانی ماسییە و بە سی تا چوار کیلۆمەتر لێیەوە دوورە.

١٠- خەلە کاتێک نزیکەی بستێک بەرز دەبێتەوە، پێی دەڵێن: قەسیل، یان قەرسیل، خەلەی سەوز.

١١- بەپێی ئەم نیوە بەیتە بێدار تەعاودێکی لەگەڵ شێخێکدا کردووە و ماوەیەکی بەسەردا چووە، شێخیش ئەو تەعاودەی دوا خستووە، بۆیە بێداری شاعیریش ئەم نامەیەی بۆ مەلا ئەحمەدی دەککە نووسیوە و داوای لێ دەکات کە سەردانی بکات و بە شێخیش بڵێت: بەڵکو ئەو تەعاودەمان بۆ بنێرێت و سوپاسی دەکەین، ئەگەر زوو بینێرێت وەکو ئەو بەخشش و پاداشت و دیارییەیە کە لەلایەن پێغەمبەرەوە (د. خ) پێی بەخشرابێت.

١٢- بەخشش، یان بەخشی.

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# هەڵسەنگاندنێکی ڕاستگۆیانەی گۆڤاری ڕامان

**عەبدولکەریم شێخانی**
**(سلێمانی)**

لە ژیانی ئەدەبی و سیاسی میللەتی کورددا بەپێی (پێویستخوازی) گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، هەندێکیان چەند ژمارەیەکی کەمیان لێ دەرچووە و هەندێکی دیکەشیان، ژمارەی زیاتریان لێ دەرچووە، لەو گۆڤارانەی کە ژمارەکەیان زۆرە، بۆ نموونە، «زاری کرمانجی»یە کە لە ماوەی شەش ساڵدا، (٢٤) دانەی لێ دەرچووە، ئەمەش تاڕادەیەک باشە ئەگەر ئەرکی تاکەکەسی و دارایی کەم لەبەرچاو بگیرێ. پێم وایە بۆ بەردەوامیی دەرچوون، گۆڤاری «گەلاوێژ» دێت کە (١٠) ساڵی ڕەبەق دەرچوو، بە گیران و حوکمدانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، ئەو گۆڤارەش داخرا. لە پاڵ ئەو گۆڤارە، گۆڤاری «دەنگی گێتی تازە» دێ کە باڵیۆزخانەی بەریتانیا بۆ مەبەستی پرۆپاگەندەی خۆیان لە بەغدا دەری دەکرد. لە دوای ئەمانە گەلێک گۆڤاری دیکە دەرچووە، بەڵام هیچ کامێکیان بەردەوامییەکی دەرچوونی دڵخۆشکەرانەیان بەخۆوە نەدیوە، تەنانەت گۆڤاری «ڕزگاری» کە لە شاری سلێمانی دەردەچوو، پێم وایە (١٠)، یان (١١) ژمارەی لێ دەرچوو، دوای ئەوە لە دەرچوون کەوت.

گۆڤاری (ڕامان) یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان، یان با وردتر بڵێم لە ١٩٩٦/٦/١١ یەکەم ژمارەی دەرچوو و تا ئێستا ١٨٩ ژمارەی لێ دەرچووە. ئەم گۆڤارە کە ئێستا پێی ناوەتە حەڤدەمین ساڵی تەمەنی، هەموو مانگێک بە بەردەوامی دەردەچێت و کۆمەڵێک ئەدیبی ناسراو کاری تێدا دەکەن.

(ڕامان) کە هەموو مانگێک بە ڕێکوپێکی و بەردەوامی دەردەچێت، لە (٥)ی مانگەوە دەخرێتە ئینتەرنێتەوە و لەو ڕێگەیەوە دەگاتە دەستی خوێندەوارانی و نزیکەی (٦-٧) هەزار خوێنەر دەیخوێننەوە، ئەمە بێجگە لەوانەی گۆڤارەکەیان بە دەست دەگات و دەیخوێننەوە. ئەم گۆڤارە، بۆتە مایەی کۆکردنەوەی قەڵەمی ئەدیبانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران بە جیاوازیی بیروڕای سیاسییان، هەموو ئەدیبێکی کوردیش تێیدا دەنووسێت، لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەدەب و هونەر موڵکی میللەتی کوردن نەک دەستەیەک، یان کۆمەڵێک. بەپێی ئەو ئامارەی کە سەبارەت بە نووسەرانی (ڕامان) کراوە، تا ئێستا (٦) شەش هەزار نووسەر نووسینیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، بێ گومان ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نووسەرانی کورد گۆڤارەکەیان بەدڵە، بۆیە وەک ئەستێرە لە دەوری کۆبوونەتەوە. لە کۆتایی ئەم کورتە وتارەدا دەڵێم: ئەوەی من نووسیومە کالآیەکە بە قەد ئەو بالآیە و هیوای سەرکەوتنی زۆرتر و بەردەوامیی بۆ دەخوازم.






# لاپەڕەی ڕۆشنبیری ڕۆژنامە

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
(سلێمانی)



لاپەڕەی ڕۆشنبیری، له لاپەڕە گرنگەکانی ڕۆژنامەیە. پێم وایە ئەو ڕۆژنامانەی لاپەڕەی ڕۆشنبیرییان نییە، بۆچوون و دیدی وەهایان بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری نییە. یان کەسی خاوەن توانایی و شارەزایان بۆ بەڕێوەبردنی نییە، چونکە وەک دەزانین، بەڕێوەبردنی ئەم لاپەڕەیە لە زۆر لاپەڕەی دیکە قورسترە و بەئاسانی بابەتەکانی نایەنە دەست.

لێرەدا مەبەستمان لە لاپەڕەی ڕۆشنبیری هەر تەنیا ئەو لاپەڕانە نییە، کە بەناوونیشانی جۆراوجۆرەوە دەردەکرێن، بەڵکو مەبەستمان پاشکۆ تایبەتییەکانیشە، کە هەفتانە لەتەک ڕۆژنامەکاندا دەردەکرێن. دیارە ئاستی ئەو لاپەڕانە لە ڕۆژنامەیەکەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی دیکە دەگۆڕێت، چ لە ڕووی بابەتەکانەوە بێت، یان لە ڕووی توانایی و شارەزایی ئەو کەسانەوە بێت کە ئەو لاپەڕە ڕۆشنبیرییانە بەڕێوەدەبەن.

جارێ هەندێک نووسینی زۆری ئەو لاپەڕانە، شێوازی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەیان لەخۆ نەگرتووە، چونکە زۆر درێژن، بۆ گۆڤارێک دەشێن نەک بۆ ڕۆژنامە. دەکرێت هەر جارەی لەو جۆرە لاپەڕانەدا، بابەتێکی درێژ، یان دوو بابەتی درێژی تێدا بێت، بەڵام ناشێت هەمووی ببێت بە بابەتی درێژ.

یان لە ڕووی دیکەوە هەست بەنەبوونی هۆشیاری و شارەزایی لە ڕێکخستنی بابەتەکاندا دەکەیت. زۆر جار لە تەنیا ژمارەیەکدا، لەپاڵ پێنج بابەتی وەرگێڕراودا، یەک نووسینی خۆماڵی دەخوێنینەوە، یان چوار پێنج چاوپێکەوتنمان بەرچاو دەکەون، وەک ئەوەی لاپەڕەکە لاپەڕەیەکی تایبەت بێت بە چاوپێکەوتن. لێرەدا بێ توانایی لەوەدا دەردەکەوێت کە ئامادەکاران هەر چاوەڕوانی بابەتی ئامادەن. بەڕاستی تەنیا چاوپێکەوتنێک، یان دووان بۆ ژمارەیەک بەسن، جگە لەمە چاوپێکەوتنی وا هەیە دەبێت بە پێنج حەوت ئەڵقە.

هەندێک لەو لاپەڕانە خەسڵەتی پروپاگەندەیان بۆ تەنیا کتێبێک، یان چەند کەسێک پێوە دیارە، لەتەک فەرامۆشکردنی هەواڵ و کتێبی دیکەدا کە گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە.. ئەمە بووە بەدیاردە، تەلەڤزیۆنیشی گرتووەتەوە. تیمێک دەنێرن تا هەواڵ و ڕووداوی فیستیڤاڵێک، یان دیدارێک بخاتە بەر دیدەی بینەرانەوە، بەڵام لە هەموو ڕۆژ و کۆڕ و دیدارەکە، تەنیا کەسێک، یان ڕووداوێک دەردەخەن و زەقی دەکەنەوە. ئەوانەی کە وا دەکەن پێ بزانن، یان نەزانن، دڵسۆزی کاری خۆیان نین، بەڵکو خیانەتیش لە پیشەکەیان دەکەن.

ڕاپەڕاندنی کاری لاپەڕەی ڕۆشنبیری شتێکی گرنگە، دەبێت بە کەسانێک بسپێردرێت خاوەن ئەزموون بن و ئاگایان لەدنیای ڕۆشنبیری بێت، نەک تەنیا ئیشەکەیان ببێت بە لاپەڕە پڕکردنەوە.

لاپەڕەی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەی (النهار)ی لبنانی، بیست و پێنج ساڵ بەدەست شاعیری داهێنەر و خاوەن توانایی ئونسی ئەلحاجەوە بوو، کە وەک ئەدۆنیس یەکێکە لەپێشەنگەکانی نوێگەریی قۆناغی دووەمی شیعری عەرەبی، یان ڕۆژنامەی (السفیر) کە لاپەڕە ڕۆشنبیرییەکەی بەدەستی شاعیری خاوەن توانایی (عەباس بەیزوون)ـەوە بوو. بەداخەوە لای ئێمە، هەندێک جار دەدرێتە کەسانێک، لە پیداهەڵدان زیاتر هیچی دیکەیان پێ ناکرێت. پێویستیان بەوەیە خۆیان پێ بگەیەنن، چونکە نەگەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی حوکم بەسەر ئەوانی دیکەدا بدەن و بابەتەکانیان هەڵسەنگێنن. حوکمدان و هەڵسەنگاندنیش لە ئەزموون و قووڵبوونەوە و ماندووبوونەوە دێ.

بە بۆچوونی ئێمە ئەرکی لێپرسراوی لاپەڕەی ڕۆشنبیری لە ئەرکی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە کەمتر نییە. ڕێزم بۆ هەندێک لەو برادەرانەیش کە بە دڵسۆزییەوە کار بۆ پێشخستنی لاپەڕەی ڕۆشنبیری دەکەن.